شەشەم: ئایا دەکرێ ئایەتەکانی خواو فەرموودەکانی پێغەمبەریش وەک یاسا داڕێژراوەکانی دەستی پەرپرسێ گەندەڵەکانی عێراق کوردوستان کەڵکنیان تەدا پێیدا بکرێ بە دزی و فڵە و ساختەکاری کە نێ یاساکەی ئەوەی مەبستەو نێ ئایات و فەرموودەکانیش ئەوەیان مەبستە؟
دەتوانرێت زەر شت و پرسیاری تریش بگوترێت و بەدەدا بێت بەڵام با لەرەدا بەس بێت ….
بەڵام من دەنیام هەندەک کەسی دەرەوەی ئایین هەتا بۆی بکرێت فڵە لە هەموو یاسایەک دەکا بۆ بەرژەوەندی وهەندەک کەسی ئایینیش کە بەواڵەت خۆی بە وەکیلی خواوپێغەمبەرەکانی دەزانێت بەڵام لە ناوەڕۆکدا هەک خواو پێغەمبەر بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆی بەکاردەنێت و دەڵێت: کوڕە خوا خۆی گوریە!!! هەروەها دیەوێت لە کۆتاییدا بۆ دروستکردنی یەک دوو مزگەوت و حەج و عەمرەکردنەک و مەولودەک خوا لە هەموو مەژووی خۆش بێت..

هەر بە خۆشی بژین
حەسەن ڕازانی

تێبینی: بە بڕگەکان و ناو هێنانی کەسەکان لێو نووسینەدا پشتم بەو دوو سەرچاوەیە بەستووە
https://m.facebook.com/1054839224692809/posts/1635302386646487/
https://web.facebook.com/100045599417656/posts/pfbid0gNT15kc3GybCzUxbAc9DCxQsva3eJRmUtKcdmWq6Ehm9SQqtf4NqSEoA6Ehfrrpbl/

هەڵکانی کورد لە ئینجامی جەنگی یەکەمی جیهانیدا.. ڕەسوڵ بەسکێنی

دەوڵەتە زلهێزە ئەوروپاییەکان لەکۆتایی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی عوسمانی چاویان بڕیە خاکی ژێردەسەڵاتی عوسمانیەوە، هەر لەسەرەتای سەدەی هەژدەوە کۆتنە خزین بەرەو ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی عوسمانی، ئەمەش بۆچەند قۆناغێکدا تێپەڕی، بەکردنەوەی باڵیۆز و کۆنسوڵەکان و ناردنی مسیۆنەرەکان لەڕواڵەتدا بە بانەمایی ئاینی بە مەسیحیەکان و لەبنەڕەتدا بە چاودێری و کەکردنەوەی زانیاری لەسەر دەوڵەتی عوسمانی، دواتر گەیشتە جەنگ و شەڕی یەکەمی جیهانی هەڵگیرسا، زۆر لەنەتەوەکانی باڵکان و ئەوروپای ڕۆژهەڵات ئەوانەی لەژێر دەسەڵاتی عوسمانی دابوون، هەوەی ڕزگابوونیاندا لەدەست حوکمی دەوڵەتی عوسمانی، عەرەبەکانیش هەستیان بەم بارودۆخە تازەیەکرد و لەساڵی 1910ەوە کۆتنە هەوڵی پەیمان و بەیەکەوەگرتن لەبەریتانیای زلهێزی ئەو سەردەم، کەبەشێلگیریەوە هەوڵی ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی دەدا، زۆربەی ئەو نەتەوانەی لەژێر دەسەڵاتی عوسمانی دابوون، لەدژی دەوڵەتی عوسمانی ڕاپەڕین، ئیتر عەرەب بوون بەخاوەن دەوڵەت و کورد و ئەرمەن و فەلەستین زۆرەمەندی یەکەم بوون و بەسەرگەردانی مانەوە.

کوردی سادە و موسڵمان لەبەر نەبوونی هوشیاری نەتەوەیی و بەناوی ئایین و پارێزگاری لەدینی پیرۆزی ئیسلام، تاکۆتایی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی مایەوە، لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانیش لەژێر ڕاگەیاندنی دروشمی جیهادی پیرۆز دژی کافران، شێخ مەحمودی حەفید و

زەر لەشخ و پیاوانی ئایینی لەگەڵ هەزار تا سێ هەزار چەکدار چوونە بەرایی شەڕ بە بەرگری لەدەوڵەتی عوسمانی، لەشوعەبەی نزیك بەسەرۆکایەتی بەرامبەر بەریتانیای زلهێزی ئەو کاتە کەوتنە شەڕەوە، دوای کوژراو و بریندارێکی زۆر کەزانیان ئەم شەڕە دەبێتە هۆی دەستهەڵگرتنی عوسمانی، نەیانویست خۆیان بکوشت بدەن و بەرەی شەڕیان چۆڵ کرد و هاتنەوە شوێنەکانی خۆیان، لەو کاتەدا شێخ مەحمود لەسلێمانی کەبینی هێووسیا لە سنووری پێنجوێن هێرشی هێناوە، بەهێزێکی زۆرەوە بەرەو هێووی سوپای هێووس بووەوە و شەڕی خوێناوی لەگەڵ کردن.
لەلایەکی دیکەوە لە باکووری کوردستان، کوردەکان دوور لەنیشتمانی خۆیان و لەئێستەمبوڵ، چەند کەمێک و هێکخراویان دروست کردن، هەر لەئێستەمبوڵیشەوە لەگەڵ هاوپەیمانان لەجەنگای دیبلۆماسیەوە کەوتنە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی مافی سەربەخۆیی، لەکاتێکدا کە دەوڵەتی عوسمانی بەرەو هێووی هەوڵشانەوە دەبووەوە مستەفاکەمال ئەتاتورك لەناوجەرگەی کوردستانەوە کەوتە خۆبات و شەڕش کردن بۆ هەستانەوەی تورکی تێکشکاو و لوت شکاو.
مستەفا کەمال دەرفەتی لە غیابی کورد وەرگرت و بەچەك و شەڕش و بەهاوکاری سەرۆك خێڵە کوردەکان بەخۆیان و چەکەکانیانەوە چوونە ناو لەشکری مستەفا کەمالەوە، لەخاکی کوردانەوە گەشەی کردو بەهێزی کوردەکان ئەرمەن و یۆنانی لەخاکی تورکیا کردە دەرەوە، لەناو جەرگەی وڵاتی کوردا دەستی دابووە ئەم کارە، بە ڕزگاری تورك سەری بەرز دەکردەوە، کەمالیەکان هەوڵیاندا کوردەکان بخەڵەتێنن و چەواشەیان بکەن، بەناوی خۆباتی هاوبەشەوە لەدژی داگیرکەران و دوژمنان، وای دەبرد مەشکیانەوە سەربەخۆیی کورد مافێکی خۆیانە، بەهاوکاری کورد مستەفا کەمال سەرکەوت و یەکەم داوای ئەوە بوو پەیمانی سیڤەر پوچەڵ بکرێتەوە. کەمەک و هێکخراوەکانی کوردیش لەئێستەمبوڵ و دەرەوەی کوردستان لەجەنگای ئاشتی و دیپلۆماسیەوە هەوڵیان لەگەڵ هاوپەیمانان دەدا، بەسەربەخۆیی کوردستان، بیریان لەیەکگرتن و لەبەرکارهێنانی هێز نەدەکردەوە، تا مستەفاکەمال لاواز بوو، ئەوان خەریکی هەوڵی دیپلۆماسی بوون، کاتێك ئەوانیش وریابوونەوە، تازە کار لەکار ترازابوو، مستەفاکەمال ئامادەنەبوو دان بەهەقی کوردا بێت.
لەئەنجامی سەرکەوتنی لەشکری هاوپەیمانان ڕزابوونە ئێستەمبوڵی پایتەختی عوسمانیەوە، خەلیفەی عوسمانی لوتشکاو و شەرمەزار لەوڵاتەکەی خۆیدا ببووە دەستبەسەر، لەو کاتەدا بیری کردەوە، لیژنەیەکی دروست کرد بچن لەگەڵ برا کوردەکان قسە بکەن و بڕۆن سەربەخۆییان ناوێت و لەگەڵ خەلیفە بمێننەوە مافی ئەتەنەمی بکورد دەبەخشێ، لەکاتێکدا فێڵی جیهانی بۆ لەناوبردنی یەکجارەکی خیلافەتی

عوسمانی وای دەخواست بانگەشە بۆ دروست کردنی پاڕەوانێك (مستەفاکەمال) بکەن، لەبەردەمی سوپا بۆ شومارەکەی هاوپەیمانەندا ببزەنێت، ئۆگرچی کورد دەبووایە شەڵگیرانە داوای سەربەخۆیی بکردایە، بەڵام لەبەردەم ئەم داوایەی خەلیفەی عوسمانیدا سەرکەکوردەکان بوونە دووەستە دەستێکیان شێخ عەبدولقادر شەمزینی و هەڤاڵەکانی پێیان باش بوو لەگەڵ عوسمانی بمێننەوە و ئێتێنەمی بدەست بهێنن، لەلایەکی دیکەش عەبدولڕەزاق بەدرخان و هەڤاڵەکانی داوای سەربەخۆیی کوردیان دەکرد، لەم نێوەدا هەردوولا هیچیان دەستگیرنەبوو.
شەریف پاشای خەندان لەسەر ئاسپەری کەمەڵ و ڕەکخراوەکانی کورد، کەوتە هەوڵدان لەکەنگرەی ئاشتی بۆ دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کورد، شەریف پاشا بەهەوڵە دیپلۆماسیەکانی توانی مادەکانی (62، 63، 64) لەپەیمانی سیڤر بچەسپێنێ بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد لەباکووری کوردستان، لەدوایيدا سەرکەکورەکان لەبەر کێشە و ململانێی نێوخۆیان بوونە دووەستەو هەندێکیان ئایان گەیاند شەریف پاشا نوێنەری کورد نییە، هەرچەند سەرەتا شەریف پاشا گوێی بەقسەکەیان نەداو بەردەوام، بەڵام دواجار زیزبوو وازی لەکارەکەی هێنا.
عەبدولڕەحمان نەقیب گەیلانی سەرۆکی ئەو حکومەتەی لەلایەن ئینگلیزەکان لە عیراق بۆ عەرەب دروست کرابوو، بیرۆڕای بەرامبەر(شەریف حوسێن) و کۆمەکانی باش نەبوو، هەربۆیە زەرجار بەئاشکرا ئایگەیاندبوو، گەلانۆی عوسمانییەکانی پێ باشترە، لە حوکمەانی کۆمەکانی (شەریف حوسێن)، کەچی دواتریش لەگەڵ هاتنی (فەیسەڵ) و دەست بەکاربوونی وەکو پاشای عیراق، لەبەرژەوەندی خۆی و نەتەوەکەی بەبێ دەنگی و کێشە و بێ ململانێ کابینەی دووەمی خۆی لە (10ی ئەیلولی 1921) دامەزراند، فەیسەڵیش بووە مەلیکی عیراق، کەچی لەبەدبەختی کورد دوای دامەزراندنی حکومەتی کوردستان لەسلێمانی بەحوکمداری شێخ مەحمود، کاتێك (ویلسن)ی حاکمی گشتی بەریتانیا لەعیراق، دەتە سلێمانی بێ ئاوەژکردن، دەربارەی هاوکاری شێخ مەحمود و حکومەتی کوردستان، بەقسەی ویلسن بەشێك لە سەرکەکوردەکان دەچنە لای و بەدزییەوە پەی دەبەن ئەمە بەسەرکایەتی شێخ مەحمود ئازی نین.
لەباشووری کوردستانیش لەگەڵ دروست بوونی حکومەتی کوردستان بەحوکمداریەتی شێخ مەحمود، کێشە و ململانێی زەرپەیدابوو لەنێوان کوردەکانی ناوچەی سلێمانیدا، وەك ئەفیق حیلمی دەڵێت: خزمانی شێخ مەحمود و دارودەستەکەی هەموویان پێست و مووچەی باشیان بە بابەوە و لەم حکومەتەدا خەیان بەهەمکارە دەزانی، تورکخواکانیش لەبەر

لایەنگیری تورك، خەڵك ناویان لێنابوون (جلخوار)، ئەوانیش بەهەموو هێزی خۆیان هەوڵی لەخشتەبردنی شێخ مەحمود و هێنانەوەی تورکیان دەدا، بە باشووری کوردستان، خوێندەوار و ئەفسەر و دەرەجەدارەکانی کوردیش پێیان باش بوو، شێخ مەحمود لەگەڵ ئینگلیز ڕێك بکەوێ، بەشکیش لەنیشتمان پەروەرەکان، شۆڕشگێڕانە هەوڵیان دەدا لەپێناوی سەربەخۆیی نیشتمان، لای دار و دەستەی شێخان و بەرەی جلخوارەکان خۆشەویست نەبوون و پێیان دەوتن: (فەرمەسن) واتە کافر و لەدین دەچوو، هیچ لایەك لەگەڵ یەکتر تێبا نەبوون، لەبەر ئەم هەموو کێشە و ململانێیانە هەر کەس بە لای خۆی ڕادەکێشا، شێخ مەحمودیش لەم ناوەدا سەری سوڕمابوو، نەیدەزانی چی بکات، کەمەکێ و ڕێکخراوەکانی کوردیش لەئێستەمبوڵ قەتیس مابوون، لەبەر هەوڵێ دیپلۆماسی و بەرهەمهێنانی نەپێژانەی سەرئەوەی هاوکاری شێخ مەحمود بکەن، تەنانەت ئەو ئەندامانەی لە کەمەکێ و ڕێکخراوەکاندا خزمکی سلێمانی بوون، ئەوانیشیان نەنارد بۆ هاوکاری و دەستگیریی شێخ مەحمود، لەئەنجامدا بارودۆخەکە لەگرژیدا نەچوو، شێخ مەحمود لەگەڵ ئینگلیزەکان تێکیدا و حکومەت و شۆڕشگێڕی لەناوچوو.
دواتر شێخ مەحمود پشتی کردە ئینگلیز و لەگەڵ تورکی تێکشکاو و دەڕاو ڕێك کەوت، لەکاتێکدا بەریتانیای مەزن براوەی شەڕی یەکەمی جیهانی و خاوەن هێزی سەربازی و ئابووری و سیاسەتی سەرکەوتو، حکومداریێك بەکورد و شێخ مەحمود دەبەخشێت، کەچی شێخ مەحمود دەچێ، لەگەڵ تورکی تێکشکاوی شەڕ و ئوزدەمیری سەرلەشکر و پشگوێ خراو ڕێکدەکەوێت و فەیسەل لە ئینگلیزەکانی براوەی شەڕ و سەرداری عیراق دەکات و ئینگلیزەکانیش بەهەموو کەین و بەینەکانی دەزانن و حکومەتەکەی لە تێکدەدەن.
دوای بەهێزبوونی مستەفاکەمال ئاتاتورك، حکومەتی کورد لەباشووری کوردستان بەسەرکایەتی شێخ مەحمود، کوردستان دەکەکی تیژ و کوشندە بوو، لەژێر پێی مستەفا کەمال، بەهەی شەڕی نەوان شێخ مەحمود و بەریتانیا شێخ مەحمودی حوکداری کورد گیرا و دوورخرایەوە بۆ هیندستان، کوردەکانی تورکیاش هەلیان لەدەست دابوو، خەیان لایەنی مستەفا کەمالیان گرتبوو، هەوڵ و تەقەلای پەرش و بڵاوی کەمەکان و نیشتمانپەروەرانی کوردیش بۆ سوود مایەوە، ئیتر لەناو ئەو هەموو هەڵە و لەدەستدانی ئەو هەموو دەرفەتە زێڕینانە لەلایەن سەرکەکوردەکانەوە، هەڵەکی لەبار بۆ مستەفاکەمال هاتبووە پێشەوە، کاتی پوچەڵ کردنەوەی (پەیمانی سیڤەر) بوو. سوێندخۆرەکان لە (لۆزان) کەبوونەوە، بۆ ڕازی کردنی مستەفاکەمال باسی پەیمانی سیڤر نەکرا، باسی مافی کورد و سەربەخۆیش نەکرا، مستەفاکەمال کەبەردەوام داوای ویلایەتی موسڵی دەکردەوە، لەبەرامبەردا دەستی لەولایەتی موسڵ

هەگرت و ئینگلیزەکانیش مافەکانی کورد و حکومەتی سەربەخۆی کوردیان زیندەبەچاڵ کرد.
هەرچەندە سەدساڵ بەسەر کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانیدا تێپەڕیوە، بەڵام تائێستاش شوێنەوارە خراپەکانی هەرماون، شێوە و پیلانگێڕانی لەهەرچوار پارچەی کوردستان بەردەوامە، ئەمساڵ لەفەرمانسای سەرکەوتوی جەنگدا یادی پەیماننامەی لۆزان بەئاهەنگ و خۆشی کرایەوە، هەروەکو ئەوەی ئەوان هیچ دەستیان لەو ماوەرانیەی مرۆڤایەتی و بەدبەختیەی کوردا نەبووبێت، وەك ئەوەی پەیمانی لۆزان کاری ئەوان نەبووبێت، بگومان بە هەموو کەموکوڕی و نەهامەتیەکان بەریتانیا و فەرمانسا دەبە ئەباڵەکەی هەڵگرن.
زلهێزەکان تائێستاش دیموکراسی و مافی مرۆڤ و چارەنووسی گەلان دەکەنە پێشبارکێیان، ئەوەی مایەی نیگەرانی و لەسەر وەستانە، تائێستاش کورد هیچ پەند و وانەیەکی لێم ەوودا و کارەساتە مێژوویانە وەرنەگرتووە، لەئاست هوشیارە نەتەوەیی کەمتەرخەم و لەسەر مافی نەتەوەیی شڵگیرنین، تائێستاش کێشە و ململانێ لەناو سەرکەکوردەکان بەردەوامە، هەر یەکە بەشێوەیەك بیردەکاتەوە و بەڵایەکدا دایدەشکێنێ، یەکناگرن و نابنەیەك، بۆیە تائێستاش کورد بەمافە ڕەواکانی خۆی و سەربەخۆیی نەگەیشتووە.

ڕەسوڵ بەسکێنی

خوێندنەوە نەبووە بە کولتووری تاکی کورد.. ڕزا شوان

خوێندنەوە ئارەزوو نییە، بەڵکو یەکێکە لە پێویستیە سەرەکییەکانی ڕۆژانەمان. لە دوای هەمەژینی هەوای پاك و خواردن و خواردنەوە و پۆشاك و جێی حەسانەوە و نووستن و یاریکردن، ریزبەندی دەتە سەر خوێندنەوە. خوێندنەوە خۆراکی مێشك و ڕۆحمانە. پێویستییەکی گرنگە بە زاخاودان و گۆشەکردنی هۆش و هزر و بیر و زەینمان. خوێندنەوە کلیلی

دەروازەی وەرگرتنی زانست و زانیاری و هەموو بەرنامەی ئاکادیمییەکانی تر. هەکارەکی سەرەکی و گرنگ بۆ فێربوون و خوێندنبیریکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی گشتی و هۆشیاریمان. خوێندنەوە دەلاقەیەکە لە میانەیەوە دەتوانین زانستی و ڕۆشنبیری و داهێنان و زادەی ئەندێشە و بیری کەسان و گەلانی تر ببینین. خوێندنەوە پلیتەکی هەرزانە و دەتوانیین لە میانەیەوە گشت و گوزار بە هەرشوێنەک بکەین.

(فرانسە ڤێتەر) دەڵێت:"جەستە بەبێ خەرای گۆشەی ناکات.. ئەقڵیش بەبێ خوێندنەوە و بیرکردنەوە گۆشەی ناکات".
(سوکرات) دەڵێت:"کەمەڵگایەک دەبێت بە کەمەڵگایەکی دەخواز، کە خوێندنەوە بشک بێت لە ژیانی تاکەکانی ئەو کەمەڵگایە".
(گابرێل فرانک) یش دەڵێت:"ئەگەر پارەت نییە و دەتەوێت گشت بە جیهاندا بکەیت، هەر لاپەڕەی پەرتووکەک کەڵانەکی وەاتەکە".
(گیم رون) دەڵێت:"خوێندنەوە پێویستە، بۆ ئەو کەسانەی هەوڵی ئەوە دەدەن کە باباتربن لەباو".
(مارگرێت فولەر) دەڵێت:" ئەمە خوێنەریت و.. بەیانی سەرکردەیت".
لە ئەمەدا لە هەموو کاتەکانی ڕابردوو، زیاتر پێویستیمان بە خوێندنەوەی پەرتووک و بە خوێنبیریکردن هەیە. لە ڕاستیشدا تەکنەلۆژیا، زەر کەسمانی تەمەڵ کردووە، چونکە زەر شت و زانیاری بە ئاسانی و بە بیرکردنەوە و بە ماندووبوون و گیان بە دوایانەدا لەبەرستمان دان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستیمان بە خوێندنەوەی پەرتووک هەیە، چونکە هەموو شتەک بە شێوەیەکی دیجیتاڵی لە بەردەستماندا نییە.
(ڕەزفێت) دەڵێت:"کەڵەکەی پشکۆتنی نوێ.. پەرتووک و ڕۆژنامەیە".

گرنگی و سوودەکانی خوێندنەوە هێندە زەرن، بە نووسینەک و دە نووسین دیاری ناکرێن. بۆیە لەم نووسینەمدا زەر بە کورتی و بە چەی باسی هەندێک لە سوودە گرنگەکانی خوێندنەوە بە خوێنەران دەکەین:
١ــ خوێندنەوەی ڕەکوپەک پرسیەکی بایەلۆژی دەماریە، ڕاهێنانکی زەر باش بە ماسوولکەکانی مشک. چالاکییەکانی مشک

بەهێزتر و باشتر دەکات. خوێندنەوە وا لە خوێنەر دەکات کە مەشکی لە بوارە جیاوازەکاندا کار بکات. خوێندنەوە وەرزشی مەشک و رەحمانە، پارێزگاری لە تەندروستی ئەقڵمان دەکات، هەروەکو چۆن بە وەرزش پارێزگاری لە هێز و جەستە و بژنمان دەکەین. هەر بەشکی لە بەشەکانی جەستە و دەروونمان بە ئاوەی بە تەندروستییەکی باشەوە بمێنێتەوە، پێویستی بە وەرزش و راهێنان هەیە.
٢ــ خوێندنەوە هاوبەشە لە دروستکردنی کەسایەتی دروست و هاوسەنگی خوێنەر. ئاوەی حەز بە خوێندنەوە بکات هەموو شتێکی لە بەردەست دایە. دەتوانێت لەڕێی خوێندنەوە زیانت بە باشتر بگۆڕێت. هەمیشەش گەشبین و هیواخوازبێت. بەوا و متمانەیەکی زیاتریشت بە خۆت هەبێت. دان بە ئەستەمیشدا نانێیت.
(ئەرهان بامۆک) دەڵێت:"ڕۆژێک پارتووکێکم خوێندنەوە.. هەموو ژیانم گۆڕا".
٣ــ خوێندنەوە چالاکییەکی خەشیە و هەکاری خەشنوودیە. ئاو چێژ و خەشییەی کە لە خوێندنەوەدا هەیە، لە هیچ شتێکی تردا نییە. خوێندنەوەی پارتووک یارمەتی دەروونی خوێنەر دەدات، لە کاتی خوێندنەوەدا هەست بە خەشی و بە شادییەکی زەر دەکات. هەست بە تەنیایی ناکات و وادەزانێت لەگەڵ نووسەری پارتووکەکە دایە.

(ماری بەسون) دەڵێت:"کە فەری خوێندنەوە بووم، هەموو جیهان بە ڕوومدا کرایەوە".
(گین هامیلتۆن) دەڵێت:"پارتووک کلیلی جیهانی بەرینە. گەر ناتوانیت هیچ کارێکی تر بکەیت تا دەتوانیت بخوێنەوە".
(یوسف کۆنراد) دەڵێت:"نووسەر تەنها نیوەی پارتووکەکەی دەنووسێت، نیوەکەی تری خوێنەر دەینووسێت".
٤ــ خوێندنەوە ئارامی و هەوری بە خوێنەر دەبەخشێت. خوێندنەوە ڕێگەی گرنگ و سەرنجڕاکێشی لە کەمکردنەوە و لە چارەسەرکردنی تەکچوونی باری دەروونی و جەستەییدا هەیە. کاریگەریی لە کەمکردنەوە و خاوکردنەوەی پەستانی خوێن و فشاری دەروونی و دڵەاوکی و سترەسی و بێزاری و بە هیوایی و خەمۆکی و تەنیاییدا هەیە. خوێندنەوە سوودێکی گرنگی تری هەیە، ڕێگری لە تووشبوون بە نەخۆشییە مەدەرنەکانی وەک لەبیرکردنەوە (زەهایمەر) دەکات. ئاو کەسانەش کە لەپێش نووستندا خوێندنەوە بوو بە نەریتیان، بە شێوەیەکی باش

جەستەیان بە نووستنەکی تەندروست و خۆش ئامادە دەبێت.
(ناتالی بابیت) دەڵێت:"خوێندران بەختەوەرن.. هەرگیز هەست بە بێزاری و تەنیایی ناکەن"
٥ـ خوێندنەر لە رێی خوێندنەوە، زانست و زانیاری زیاتر بەدەست دەهێنێت. شتێک لە هەموو شتێک فێردەبێت، هەموو شتێکیش لە شتێک فێردەبێت. ئاسۆی بیرکردنەوە و خەیاڵ و توانای شیکردنەوە و لێکدانەوە و ڕاخنەی لێژیکی و سەرنج و ڕوانینین و تێگەیشتنی فراوانتر دەبن. تا بابەتی هەمەڕەنگی زیاتر بخوێنێتەوە، زەرزانتر و کراوەتر دەبیت و بانگگراوەندێکی ڕاشنبیریی دەوڵەمەندتری دەبێت. ئاست و ڕێژەی زرنگی و زیرەکی و هۆشیاری و سەرنج وردی و هەستەکانت بەرزتر دەکاتەوە.
(ئەبرەهام لینکۆڵن) دەڵێت:" ئەو شتانەی کە دەمەوێت بیانزانم لە پەرتووکدا هەیە، خۆشەویسترین هاوڕێم، ئەو هاوڕێیە پەرتووکەکم بە بێنەت کە نەمخوێندتەوە".
٦ـ دەشێت خوێندنەوە، خوێنەر بەرەو جیهانێکی نوێ پاڵکێش بکات، بەرەو داهێنان و ئافراندن و بە بیرکردنەوەیەکی قووڵتری بەرێت. پەرە بە خەیاڵ و داهێنانی بدات.
٧ـ لەرێی خوێندنەوە، فەرهەنگی وشەکانی خوێنەر بە وشە و بە زاراوەی تازە دەوڵەمەنتر دەبێت، توانایەکی زمانی باشتری پێدەبەخشێت. پەرە بە وشەسازییەکانی دەدات. باشتر دەتوانێت گوزارشت لە بیر و هزر و ئەندێشەی خۆی بکات. ئەو هەڵشی بە دەخسەنێت کە بیر و را و زانستییەکانی بە کەسانی تر بگەیەنێت.
٨ـ خوێنەری هەمیشەیی، شان بە شانی خوێندنەوە، شارەزاییەکی باشتر و زیاتری لە نووسیندا دەبێت. چونکە لەگەڵی خوێندنەوە، ئاشنای ڕێباز و شێواز و تەکنیکی جیاوازی نووسەران دەبێت. بە دەنیاییەوە سوود لەم ڕێباز و شێوازانە وەردەگرێت.
ئاگەر بە ژیانامەی کەسە نووسەراندا بچینەوە، زەربەیان لە پێشا خووگرتووی خوێندنەوەی پەرتووک بوونە. بە سەدان پەرتووکیان خوێندووەتەوە.
(شا ستیفن) دەڵێت:" ئاگەر دەتوانێت ببیت بە نووسەر، پێویستە لەپێش هەموو شتێکدا، دوو شت بکەیت: زۆر بخوێنەوە و زۆریش بنووسە".
٩ـ خوێندنەوە و نووسین، توانای پەیوەندی تاکی خوێنەر، بە کەسانی تر و کەمەگاوە باشتر دەکات. زانیاریان دەربارەی کولتوور و شێوازی ژیانی کەسان و گەلانی تر دەبێت.
١٠ـ خوێندنەوە هاندەر و یارمەتیدەرە بە چارەسەرکردنی

هەندە لە کەشکانی خوێندنەر. لە جێنجاڵی و مشتومڕ و قاوەقاو و کات بە فیڕدان دووری دەخاتەوە.
١١ــ خوێندنەوە هەکارێکە بۆ خۆناسی و خۆهەڵسەنگاندن. خۆناسینیش ئامانجێکی گرنگی خوێندنەوەیە. خوێنەر بە دەرکەوت کە لە چ ئاستێک دایە.
١٢ــ خوێندنەوە روانینی خوێنەر بە ژیان فراوانتر دەکات. ئارەزوو و بەهرەکانی باشتر گەشە دەکەن. خوێندنەوەش تەنیا بۆ خوێندنەوە نەبێت. بەڵکو ئاوەڵی دەیخوێنێنەوە، بە پراکتیکی پێویی بکەین.
(ڤیکتەر هوگۆ) دەڵێت:"خوێندنەوە و پراکتیز نەکردن.. وەک کەڵان و تاو نەکردن وایە".

١٣ــ تێگەیشتن لە خوێندنەوە، هێزێکی زۆری مەشکی دەوێت. خوێندنەوەش بە بیرکردنەوە و لێکدانەوە و تێگەیشتن، وەکو خواردنی بۆ هەرسکردن وایە.
١٤ــ خوێندنەوە یارمەتیی هاوسۆزی خوێنەر دەدات. هاوسۆزیش خەسڵەتێکی گرنگی کەسایەتییە. یارمەتیی خوێنەر دەدات بە ئاوەڵی پێوەندیی ئەرێنی لەگەڵ کەسانی تردا هەبێت. هانی خوێنەر دەدات میهرەبان بێت و ڕێچاوی هەستەکانی کەسانی تر بکات.
١٥ــ خوێندنەوە کەمەڵگایەکی هۆشیار و ڕۆشنبیر پێکدەهێنێت، باوەڕی بە جیاوازی دەبەخشێت. دەبێتە یارمەتیدەر بۆ ئاوەڵی تاکەکانی ئەم کەمەڵگایە، زیاتر لێبووردەبن و جیاوازییەکانی یەکتری قبووڵ بکەن.
تا ئەمڕۆ پەرتووک نەبووە بە هاوڕێی تاکی کورد، خوێندنەوەش نەبووە بە کولتوور و نەریت و بە پێویستییەکی ڕۆژانە و بە بەشێک لە ژیانیان. نەخێر تا ئەمڕۆش تاکی کوردمان خوویان بە خوێندنەوە نەگرتووە. ڕۆژی خوێنەرانی خووگرتوومان لەچاو نەخوێنەرانەوە زۆر کەمن. بەگومان چەند هەکارێک هەیە، بە ئاوەڵی کە تاکی کورد خەی سەرقاڵی خوێندنەوە نەکردووە. هەندە لە هەیکان بە خودی تاکی کورد و بە خەزان و کومەڵگا دەگەنەوە. چەند هەکارێکی تریش بە دەسەڵات دەگەنەوە یا بە بارودۆخی سیاسی و ناسەقامگیری. هەندە هەکاریش بە هۆزاری و سەختی گوزەرانی ژیانی تاکی کورد و نا ئاسوودەیی دەروونییان دەگەڕێتەوە. هەیکان زۆرن کە وایان کردووە تاکی کوردمان نەپەرژێنە سەر خوێندنەوە. بەڵام لەگەڵ ئاوەشدا نابێت ئەم هەیانە بکرێن بە بیانوو و بە پاساو بە پشتکردن لە خوێندنەوە و خەڵکشنبیریکردن. چونکە کەمەڵگای

کەم خوێندەران، بە کەمەرگایەکی دواکەوتوو هەژمار دەکرێت. بە ئاوەژوی خوێندنەوە ببێت بە کولتوور و نەریت و بە خووی رۆژانە و بە بەشێکی پێویست لە ژیانی تاکی کوردمان. پێویستە لە منداڵانی ئەمڕۆماندا دەست پێبکەین. هەر لە منداڵییەوە بیانکەین بە هاویەشی پەرتووک و گۆڤاری منداڵان، تامەزرۆ و هەگری خوێندنەوەی رۆژانەیان بکەین، تا دڵ بە خوێندنەوە بگرن. کە گەورەبن خوێندنەوە دەبێت بە پێویستییەکی گرنگ و بە کولتوور و بەشێک لە ژیانیان.
هەر یەکە لە خەزان و قوتابخانە و میدیا و راگەیاندنەکان، ڕۆڵێکی گرنگیان لە هاندانی منداڵکانیاندا هەیە بە چاندنی حەز و ئارەزووی خوێندنەوە و بە هاوڕێ بوونی هەمیشەی پەرتووک. پێویستیشە دایکان و باوکان و مامۆستاکان پشتگیر و نموونەی باشبن لە خوێندنەوەدا، تا منداڵکانیان و قوتابییەکانیان چاویان لێبکەن. بە ئاوەژوی خوێندنەوە ببێت بە کولتووری تاکی کوردمان و بە پێویستی و بە بەشێک لە ژیانیان.
پێتان سەیر نەبێت و نەبێتە مایەی پێکەنین. لە وڵاتانی ئەورووپا، زۆر لە ژنانی دووگیان، لە مانگی هەشت و نۆی دووگیانیاندا، بە دەنگەکی نەرم و ناسک، بە ئاوازێکی شیرین گۆرانی بە کەرپۆلەکانی ناوسکیان دەڵێن. یا لایلایەیان بۆ دەکەن. یا کورتە چیرۆکی ئاسانیان بۆ دەخوێننەوە و دەگەڵیانەوە. یا موزیکی خاو و خۆشیان بۆ لێدەدەن. زانایانی دەروونناسی منداڵان جەخت لەسەر سوود و گرنگی ئەم کارەی ژنانی دووگیان دەکەن و بە کارێکی دروست و بەسوودی دەزانن.
لە زۆر پەرتووکخانە گشتییەکانی نەرویج و سویەد، زور بینیوومە و دەبینم، دایکان منداڵانی تەمەن هەشت و نۆ مانگیان بۆ بەشی منداڵانی پەرتووکخانەکان هێناون و دەهێنن، کە گاگەکیان دەکرد و هەشتا پێیان نەگرتبوو، پەرتووکی وێنەداریان پیشان دەدان. دیانووت لە کەرپێیەوە منداڵکانیان ئاشنا و هەگری پەرتووکیان بکەن.
خەزگەی ئەوە دەخوازم، کە ئەم کار و نەریتە ئەرێنی و جوانانە، لە لای دایکانی کوردیشمان سەریان هەڵبداید و لە منداڵییەوە، منداڵەکانیان دەکرد بە هاوڕێی پەرتووک و گۆڤاری منداڵان.

ڕزا شوان
نەرویج: ۲۰۲۳

پێگەی بزوتنەوەی کوردایەتی دوای ڕفراندنم.. عوسمانی حاجی مارف

سەربازانی عێراق لە ١٦ی ئۆکتۆبەر توانیان کەرکوک لە ژێردەستی پێشمەرگە دەربهێنن، ئەو ڕۆژەی کە پاشکۆو شکستێکی گەورەی لە مێژووی بزوتنەوەی کوردایەتیدا تۆمارکرد.
ناسیۆنالستی کورد ئەو هەراو هاژوهوژەی پێش ١٦ ئۆکتۆبەر پێخشیان دەکرد، ئەو ئومێدەی ڕایان دەگەیاند بە "دەوڵەتی کوردی"، لە بەیانێکی زودا لایەن سەربازانی عێراقەوە بە هەرشیان بە سەر شاری کەرکوک و بە هاوکاری هێزی یەکێتی نیشتمانی,کوردستان، پوچەڵ کرایەوە.
گەڕانی هاوکێشەی سیاسی بەشێوەیکی وەها نەرێنی بە زیانی بزوتنەوەی کوردایەتی داشکا، کە نەیانتوانی هەڵسنوەڕێنەوە. هەر بۆ ئاراستەیە هەنگاو بەهەنگاو خۆنەکان و ئومێدو چاوەڕوانیەکانیان، تەنها لە چاویلکەی گەڕانەوە بە بەغداد پێشبینی دەکرا. تا ئەو ئاستەی ئێستا کەوتونەتە ژێر گۆڕاوی فشاری بچوکبوونەوە یا کەتایی قۆناغی هەرەم.
ئەوەی شایانی باسە ئەم ووداوەی لەدەستدانی شاری کەرکوک و ناوچە کێشەلەسەرەکان، وەک ووداوێک بڵای زەرینەی خەڵکیەوە کاردانەوەیەکی وەهای نەبو کە جێگای نیگەرانی و بئومێدیەکی قورس بێت، چونکە زەربەی خەڵکی کوردستان بەخێیان زیاتر لە بەرامبەر دەستکاتی بنەماڵەی بارزانی و بنەماڵەی تاڵەبانیدا بئومێدن و خوازیاری کەتایی دەستکاتکەیانن.
پرسەی ئێنجامدانی ڕیفراندەم بە دەورو نەخشەی مەسعود بارزانی لاوازیەکی کوشندەی لە پێکهاتەی سیستەمی سیاسی بزوتنەوەی کوردایەتی ئاشکرا کرد. لایەکی پێگەی بەتوانایی پارتی و یەکێتی، لەنێو هاوکێشە سیاسیەکانی ناوچەکەدا دا بەدەستەوە، لایەکی تریش بەیەکجاری بونە کەرەستەی یاریکردن بەدەست حکومەتی عێراق و تورکیاو ئێرانەوە. ئەوەی جێگای باسە لەهەمانکاتدا ئاستی باڵادەستی بنەماڵە لە هەردوو زنەکەدا بەسەر دامودەزگاو

دامەزراوەکاندا بەکاربردنی سیستەمێکی لە سەداسەد پاوانخوازی و زۆرەملێیە، کە ئامانجێکی تەواوی لە کارو بارودانی دامەزراوەکاندا پێکهێناوەو ئایندەو چارەنوسێکی تەواو ناڕوشنیان بۆ کوردستان چێسپاندووە. لێرەستاشدا ئەوە دەبینین کەحکومەتێکی بەناو هاوپەیمانی بخاوەن لێوناوەدا کەوتوە، لەجێی ئەو کابینەیە، بنەماڵەی بارزانی حکومەتن، پەرلەمانن، دادگان...
هاوڕاکانی ئەو ڕایاندەم، حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتەی عێراقی باش تاقیکردەوە، کە ویستی وەک لاوازیەک، مانای جیایی کوردستان لە عێراق نیشانبدات، بۆیە بەخێرایی ڕووشوێنی سزای لەدژی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند و جێبەجێیکرد. کە بە پشتبەستن بە گۆڕەپانی سەوزی نێودەوڵەتی و دەوری ئێران و تورکیا ئەو ڕێگایەی گرتەبەر کە بریاریدا دەبێت بارزانی باجی ڕایفراندەمەکەی بدات. عەبادی فشارەکانی بەرزکردەوە، هێزی کەرکوک بەتەنێ دەرەوە.
واپەدەچێت لەکاتی خۆیدا بارزانی بیری لەوەنەکردبێوە کە حساب بۆ جدیەتی هەرشی سەربازی عێراق و ڕێکەوتنی یەکێتی لەگەڵ ئێران و حکومەتەکەی عەبادی کردبێت. پلانی پشتیوانیەکەی ئەوە بوو کە گوایە پێشمەرگە بە ماوەیەکی زۆر ئەتوانێ بەرەنگاری بەرامبەر سەربازە عێراقیەکان بکات، بەم ڕێگەیەش سەرنجی نێودەوڵەتی ڕادەکێشێت و دیپلۆماتیزەبێت. کە داوتر ئەمریکا ناچار دەبێت، فشار بۆ عەبادی بهێنێت کە ئەپەراسیۆنەکەی ڕاگرێت. بەڵام قاسم سولەیمانی بەرپرسی باڵای ئێران لە عێراق دڵنیای کردەوە کە ئەوە ڕووندات و دەبێت بارزانی دەستبەرداری پلانەکانی بێت.
ئاشکرابونی ئەم ئاراستەیە ترس و پەرشوبڵاوی خستە نێو ڕیزی هێزەکانی بارزانیەوە و ئامادەیی بەرەنگاری تیا کوشتن و لەشەڕدوور کەوتنەوەو ناچار بە هەڵاتن بون. ئەو پێشمەرگانەش کە مابونەوەو شکێیان کرد، بەرگەی ئاگری هێزەکی باڵای عێراقیان نەگرت، بەزویی تێکشکان و عەبادیش سەرکەوتنی ڕاگەیاند.
دەخێکی تایبەتی دوای ڕایفراندەم، دابەزینی ئاستێکی زۆری پێگەی بزوتنەوەی کوردایەتیە، کە تەواو بەدەستهات مایەوە لە بەرامبەر قەبوڵکردنی گەلانەوەی حەتمی بە ناوەند، بەهەر بەهاو ملکەچیەک بێت. بەتایبەتی بنەماڵەی تاڵەبانی لەڕێگەی مامەڵەکردن لەگەڵ بەغداد بوونە بەشێک لە هاوکێشەدان بە خۆگونجاندن لەگەڵ نەخشەو سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق و کەماری ئیسلامی ئێراندا. دواتریش بارزانی بایدایەوە و زۆبونانە مەرجەکانی بەغدادی قەبوڵ کرد.
ڕاستیەکی ئاشکرا ئەوەی نیشاندین کە باسکردن لەسەر حکومەتی هەرێم وەک دامەزراوەیەکی یەکگرتوو، ئیتر بەهیچ جۆرێک مانای نیەو بوونی

نییە؛ واتە پاشکشەو ڕەسمیەتدانە بە مانەوەی مەدلی دوو ئیدارەیی و هەوەدان بە جیگیرکردنی ئەو مەدلە. لەلایەکی تریشەوە حکومەتی هەرێم هەر هێژە لقێکی دارکەی دەشکێت و خەریکە تەنها دارکی وشکی بە لق دەمێنێتەوە. بەیە خە هەواسین بەوەی لەدەستگەی هەبژاردن و کورسی پەرلەمانەوە دەتوانرێت ئاوگۆڕێک بکرێت، ئەوە بیرکردنەوەو کارکی ئەوپەڕی گەوجانەو ئابووبرانەیە.
بەغداد لەلایەک خاوە لاوازکانی حکومەتی هەرێم و پارتی و یەکێتی و تەواوی لایەنگانی هەرێمی بەدەستەوەیەو شارەزایانە. لەلایەکی تریشەوە بە پشتیوانی ئێران، هەروەها چنیەتی خەرکخستن لەگەڵ تورکیا، یاری مشک و پشیلە لەگەڵ بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی دەکات. بەردەوام یاری بە چنیەتی ناردنی بودجە دەکات، لەدەستگەی دادگای فیدرالی و فشاری سیاسیەوە هەرجارە بە کێشەیکەوە سەرقاڵیان دەکات، تا تەواو ملکەچی سیاست و پلانەکانی حکومەتی عەراقیان دەکات.
بزوتنەوەی کوردایەتی لەم دەخە نالەبارەی ئستادا کە مەترسی بە سەر دەسەاتەکەیان لە ئارادایە، تەنها شانسکیان لەبەردەمدایە، ئەویش ئەو گۆڕاوە سیاسییە کە لەنێوان لایەنە شیعەکاندایە، کەتایەکەی دیار نیە. بەیە لەم بارییەوە ئەو پرسیارە دەتە پێشەوە کە ئایا بەغداد دەتوانێت لەسەر تەحەداکانی بەروی حکومەتی هەرێم بەردەوام بێت و جڵەجڵی بکات؟.

بەیە دەستکاریکردن و داشتنەوەی حکومەتی هەرێم بە خواست و ئارەزووی حکومەتی عەراق کە بەخشیان لەدەخکی نائارامدان، بە هیچکیەکی درێژخایەندا تەدەپەڕێت و کارەسات بەدوای خیدا دەهێنێت، ڕێگای بەرگرتن بەم کارەساتانە هاتنەمیدانی خەڵک و هەڵکخستنی ناڕازایەتیەکانە.

بە هەندە زانیاری سود لە وتارکی عەقیل عەباس وەرگیراوە کە لە ساڵی ٢٠١٧ دەربارەی رفراندەم نوسیویەتی، عەقیل عەباس کەسایەتیەکی ئاکادمی و هێژنامەوانی عەراقیە

سەلام محەمەدی شاعیر و سێ دەقی نیو سەدە لەمەوپێش. عەبدوڵا سەرمان(مەشخەڵ)

لەچەند مانگی ڕابردووداو، دوای گەڕانەوەم لە سەفەری کوردستان، سەرقاڵی خوێندنەوە و بەدواداچوون بووم سەبارەت بە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی. بە ئەم مەبەستەش کەوتمە خوێندنەوە و هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (هاوکاری) هەر لەسەرەتای دەرچوونیانەوە تا کۆتایی دەیەی هەشتاکان. لەم گەشتە خوێندنەوەیەمدا گەلێ دەق و وتار و ڕەخنە و نووسینم بەرچاو کەوت کە شایانی هەڵوەستە لەسەرکردنن. لەڕەدا سێ لەو دەقانەی کە بینیمن، شیعری کاک سەلام محەمەدی شاعیرن، کە ئەوکات لە هەڵەتی گەنجی خۆیدا بووە کە ئەم دەقانەی نووسیوە. پەمخەش بوو هەر لەبەر جوانی داهێنانی کاک سەلامی شاعیر و ئەوەی هێڵا جارێکی تر شیعرەکان تایپ بکەمەوە و بیانخەمە بەر دیدەی ئەوەی خۆشەویست.

عەبدوڵا سەرمان(مەشخەڵ)
کۆنەدا ٧ ی ئایاری ٢٠٢٣

تاڤگەی وشە تەقیوەکان

شیعری : سەلام محەمەد

شیرینەکەم
لەناخی دڵا حەز ئەکەم
خەم لەگەڵ تەشکی چاوی تۆ
لەگەڵ گزنگی
نەخۆشکی سەرگەردانێ
تارمایی زوڵفت
بپێچمەوە ژینم لوول بدەم
لەگەڵ وشەی بۆن و تۆ
خامەی لەوی
سەر سینەی ئاهەزکانت
شێدا بکەم
بەنام چونکە ئەم خەزانە
نایەڵێ من

منی ئازاد

بە سەربەستی خۆم بنووسم
نرخی ئەمە بە هەرزانە
ئەم قەڵایە
وەک باسی ئەکەن پڕایە!
بڕیە بە شەوە و جنۆکە
بەقسەی زل..خەڵکەکەشان
خۆپیشاندان
داپڕشرایە
شیرینەکەم
بەر لەوەی وەک تیکەی خواردن
قووتم بدەن
بە گەردولوولی هەناسەت
هەڵم مایی
خەزگە ئەمدی
تیری راستی
ئەم قەڵایەی وێران ئەکرد
مناڵەکانیشم ئەدی
تەنانەرگس بەدەستەوە
بەنی وشەی (سەربەستی)یان
بفڕشتایە
ئەوسا منیش
لەسایەی سەبەری هەژا
لە تیشکی خۆری نەورۆزا
لە کوردستان
نەخشەی خەزانی ئاوارەم
بەتکە خوەن
بکەشایە...

سەرچاوە : ئەم دەقە لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە ٤٤ لە ڕۆژی ٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٧١ لاپەڕە ٦دا، بەاوکراوەتەوە.

دوا بەدوای کۆشتییەکەی رامبۆ
شیعری : سەلام محەمەد
ئەوکاتەی ئەستێرەکانی بارانی هەست
دەریا پەنگدراوەکانی ئەخواتەوە
گەی مەبەست

زنجیری یەزدانەکانی ژەرزەمینی..
لەک ئەترازان.
ئەوکاتەی فرمێسکی تاڵی زەردەخانە
لەگەڵ بتە جەماوەکان لەک ئەخزان
لەڕی ئاسەی بەخوێن گیراو
ئەتوایەوە لەناو ئێنی دەمی هەتاو
ئەوکاتەی کە فێکەی خەم
دەشتی سەزی بە تەپ و تەز ئەنەخشان
لاستیکی دار بەووەکانی ئەلەستەوە
بە شیری دایکەکی کەستکەوتووی
گەرمی خەبات
نەچووە ناو شانەی هەنگوێ؟
بە رووبارە بەتەم گیراوەکان نەسووتان؟
ئەگەر بەدوای گوڵاو وێن
ئاسمان بە ڕەش وەرگەڕاوە؟
گەر هەڵەی پەستی باوەڕی ناشادیمان
بەدوای خوایەکی چاوەڕوان نەکراو مەستە
بە دەرگای خەشەویستی پەوە دراوە؟
بە دەرگای خەشەویستی پەوە دراوە؟

سەرچاوە : ئەم دەقە لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە ٤٦ لە ڕۆژی ١٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٧١ لەلاپەڕە ٣دا، بڵاوکراوەتەوە.

خەونی چاو

شیعری : سەلام محەمەد
بەرەو ونبوون..بەرەو ونبوون
بەرەو ئاوازی تەداچوون
بەرەو جیهانی شاراوەی
چەرخی نەبوون
ئەم چاوانەی من ئەڤانە
ئاخ ..نازانە
ونبوون بارانەکی سوورە
لەناو شەپەلی بەوادا
لە خەونی ناو شووشەی ساردی گەرادا..
بە ژیانی
سەر شانەیەتر ئەڤانە
لە زستانا..وەرزی بە بەفر و بارانا..

لە بەهەشتی پە سووتانا
لە جاوم گرت.. راستیم بینی
لەناو ناشرینی جوانا
بەرەو ونبوون ئەم چاوانەی من ئەوانە
ئاخ نازانە
ونبوون بارانەکی سوورە
هەر ئەوانە
هەر ئەوانە.

سەرچاوە : ئەم دەقە لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە ٣ لە ڕۆژی ٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩٧١ لاپەڕە ٣دا، بڵاوکراوەتەوە.

تێبینی عەبدوڵا سەمان(مەشخەڵ) : لەکاتی دووبارە تایپکردنەوەی ئەم دەقانەدا هەناومنەتە سەر ڕێنووسی ئەمڕۆ.

دەقی تەمەن / ٣٥.. ناڕۆ حەسەن

١
من ئەو شاعیرەم
گەچانەکەی دەستم لە تریفە و
چاویلکەکەم لە گیا و
قەڵەمەکەم لە ئاگرە
پایز ماڵە خنجیلانەکەم و
دەزخیش نیشتیمانی ئەبەدیمە
من نامەم بە گەردوون و
ژیانیش ناتبا بە من
کە دەشمەم
چەند کتێبکی چاو بە فرمێسک و
نیگایەک لە نائومێدی و
میلدیەک لە خەشویستی
لە دوای خەمدا جێدەهێم
٢
سەردەمانێک

خۆنی فێبیایی و ناخۆشم دێبینی
زەرجاران
لەنێو خۆنکانم دا دەمردم
بەهام دواجار
مردن وەک بوونێکی هەها
هاتە نێو ژیانم و
وەک گەردەلوولێکی هەشباو
هەموو هەژە لەنێو خۆیدا / لووڵمدەدا
٣
من لە باوەشی
ئەو خەزانە چاوم هەڵناوەو گەورەبووم
کە / تێگەیشتن و تەفسیرکردنی دونیا
تەنانەت گەڵینیشی
یان / خەمی نان و ململانێیە چینایەتییەکان
بەر لە مارکس
لەنێو خەمە سپییەکانی سەر ڕوخساری دایکم و
لەنێو تەزی سەرشان و ئارەقەی نێوچاوانی باوکمەوە
فێری بووم
٤
تە ئەو وەهمە گەورەی
هەموو تاسە و
بیرکردنەوەت لە بیر بردووەتەوە
خۆنکانمت کردوون بە خەیاڵ
عەشقیش وەک عەنکەبووتێکی عەفریت
جەستە و دڵ و مەشکمی کەڵەر کردووە
٥
من لە هەژانی یەکەمی لە دایکبوونم
وەک ئیبلیسێک
ناویان خستمە نێو لەوحەی هەشەوە
بە هەشترین کاتژمێریش
چرکەکانی تەمەنم خوێندرانەوە
تابلۆی خۆنکانیشم
بە هەنگەهەشکانی نائومێدی هەنگ کران
بەهام سەیرەکە لەوەدایە
کە گەورە بووم / بووم بە شاعیرێک
شیعرەکانیشم
لەنێو باخچە سۆزەکانی ژیان

پشکۆ سپییەکانی عەشق دەردەکەن
٦
سەردەمانێک
بە وردە ماسییەکانی نێو خوێنکانی تۆ
ڕووبارێک بووم پڕ لە ئاوی ژوون
لەنێو نیگای کەترە شینکەکانی عەشق و ئەوینیشت
هەڵانەیەک بووم بۆ حەوانەوە
کەچی ئێستا / ڕەشەبای قەدەر وەپەشخەی داوم و
نازانم لەبەردەم کام ئێشکەوتی نائومێدی و
کام جەنگەستانە تاریکەکەی دەزخ و
کام بیابانە بۆ مرۆتکەی ژیان / دەگیرسمەوە
٧
لەوبەر پردە شینەکە
چیتر چاوەڕێم مەکە
من هەموودەم ڕێگاکەم دەگۆڕم
لەدوای جەنگەکانیش
لەنێو تەرمەکاندا
بەدوای مندا مەگەڕە
من لەنێو ونبوون و ناشونداا
بووم بە چیڕۆکێک لە وەهم
٨
وەکچێن لە عەشق
هەمیشە ڕێگایەک هەیە
بمانباتەوە نێو
دەزەخی سووتان و مەستبوون
بۆیە من
گەر لەدەرەوەی ژیانیش بم
هەمیشە دوای نیوەڕۆیەک دەبە
بەم و وەک سواکەرێکی دەوانە و شێدا
لە دەرگای ماڵەکەت بدەم و
داوای تیلە نانێک و
چەند وردە ماچێکت لێبکەم
٩
من ئەو کەسەم
لەوتەی هەم
لەگەڵ ژیان لە ململانێ دام
ماندووم ماندووم

هەندێ ماندوو
هەندجار هەر بە مەبەست
دەست لە بیرکردنەوە و نووسینەکانم
هەڵدەگرم
هەر لەسەر قەنەفەکە کەمێک ڕادەکشێم
بەڵام / خەمەکانی تۆ و
بڕینەکانی نیشتیمان و
وەسوەسەی تەنیاییم
لەنێو پشیە خەوەکانیشم
لەناگەڵمن پشوو بدەم
١٠
ئازادی لە کوێ بێت / من لەوێم
شکۆمەندی لە کوێ بێت / من لەوێم
پایز و فڕین و خڵی هەژاران لە کوێ بن / من لەوێم
بەڵام / هەڵاجکردنی نیشتیمان و
کوشتنی ئۆیتر و
کێلەبوون و
چەمانەوە و بێدەنگی لە کوێ بن / من لەوێ نیم
١١
نە درەخت سێبەری خۆی جێدەهێڵێ
نە دەریا لە شەپۆلەکانی یاخی دەبێ
نە ئاسمانیش ئەستێرەکانی خۆی
دەکوژێنێتەوە
بەڵام تۆ
لەنێو تاریکستانی تاریکی
لەم یاخی بوویت و
منت لەنێو خۆتدا کوژاندەوە و
بە جێتهێشتم ..!
١٢
من ئێو گەریدەیەم
دەمەوێت بە زمانی گوێ
گەرانیێ گەردونییەکانم بەمەوێ
بە زمانی هەتاو
هەرچی تاتووی سەر جەستەی خاک هەیە
بیسەمەوێ
بە زمانی شیعریش
مرۆڤ و دەزەخ

ماسی و وشکایی
خەرەتاو و شەو
لەگەڵ یەکدا ئاشت کەموە
١٣
لە دووری دووڕوە هاتووم
بۆ پێخاوسی
بەسەر ڕێگا بزمارەژەکاندا ڕەم کردووە
شوێن پێیەکانم سووز دەچنەوە
بووم بە سووکی بەڵەمی نائومێدان
لەنێو نیگای نەوەسەکانیش ئەوەم خوێندەوە
ڕەژ بە ڕەژ فڕین سەختتر و
ئاسمانیش بچووکتر دەبێتەوە
١٤
هیچ شتێک هێندەی
سەمای گەڵاکان و
ڕووتبوونەوەی گیا و
گرانییەکانی ڕووبار
مانگ و ئەستێرەکان و هەور
بۆ سەما ناهێنن
عەشقی تەش بەمن
شێتبوونێکە لەنێو لە مردن و لە دایکبوونەوە
ناو لێپ و دەمارەکانی عاتیفەم پڕ دەکەن لە ئارامی و
چاوەکان و نیگاکان و ڕوخساریشم پڕ لە خەندە و ڕووناکی
١٥
من لەنێو نەبوونەوە بەدوای تۆدا دەگەڕام
تا بەهەی بوونی تۆ
مانایەکیش بە بوونی خۆم ببەخشم
من لەنێو گەڕەکە تاریکەکانی ڕەژەهێاتۆ هاتووم
ترس و شەرم
مۆتەکەی ژێر لێفە شەکەی شۆکانم بوون
ترس لە دەزێخ و لە پرسیارە گۆڕەکان
شەرمیش لە خۆنەکانم و
لە حەزەکانم و لە هەستە شاراوەکانم
وەک باڵندەیەکی باڵشکاو و
ڕەبوارەکی ونی ڕەنگ هەڵبزرکاو
ڕەژەکانی تەمەنم بەدەکرد
تا دواجار / قەدەر دەرگای ماڵی شیعری

بۆ ووەدا کردوە
شیعر بوو بۆ هەزە ئەفسووناویيە و بۆ فریادڕەسی
قوفلە داخراوە ژەنگاویيەکانی
زمانم و خوونەکانم و هەستەکانمی بۆم کردوە …!

تەموزی ۲۰۲۳

مرۆڤە مردن.. فەرهاد کەریم

ماوەیەکە لەگەل مردن دەژیم ، ژیان لەگەل مردن نامۆ نیە بۆم، سەبەرمە مردن، جار جارەش گەر بمەوێ لە بینینم لە بیستنم لە زمانم دەیخەوێنم، خۆش نیە لە گەل مردن ڕێبشتن، لە گەل مردن خەوتن، لە گەل مردن ژیان، مردن لە گەل مردن،
تۆ نەژیاوی نازانی ژیان چەند بە بەهایە، دەزانم هەزی خۆاگریم باڵایە بەرانبەر مردن، گەر بە خواستی خۆم بێت لە نێوان ژیان و مردن هەڵبەت لە بەرەی ژیانم، بەڵام کە سەیر دەکەی ژیان لە مردن ئاڵۆزتر و بە ئازارترە تژیە لە خەمی تاریک، پڕ لە خەمی کەر و ئەسک سووک، ڕەزا گران و خوێن تاڵ و خراپ و شکاو و هەرزان، پڕ مردن بووە مرۆڤ،
تۆ سەیری زەوییکە، مرۆڤ بێتە کەڵەشەر و کەر و شەر، بێ بەهاو بێ نرخ بووە، نە کەر بەو نەشەر و کەڵەشەر، لە ناو مردن وەرە دەرێ، هاوڕێی بوونەوەر و گیانلەبەر و پەڕەوەر و زیندەوەر بە، بەها بدە بە گیان، میهرەبان و بەخشندە بە بێ ژیان، پێش ئەوەی بمریت پشت لە مردنکە رووکە ژیان،
ژیان ئاوێنەیە و ماسی و مەڕ و مراوی و ماری لێدەبینی، مرۆڤ دەبینی، مرۆڤ بینین مرۆڤ بوونە و ژیانە و دوور لە مردن،
مردن هاڕینی ژیانە، مردن هاوارێکی بێدەنگە نەک هەر مرۆڤ مەشیش گوێی لێدەبێ، مردن جوانی نیە، مردن هەمیشە ناشرین، ڕۆژت دەکاتە شەوی تاریک، وەک ئەمڕۆی مرۆڤ گوو دەکاتە ژیان،
باڵەکانت هەڵدەورن، فڕین ئاسمان نابێ بێت
بۆنی گوڵ ناکەیت، خونچە نابینی و باخ نابیت
دەریا بە خێتەوە ناگرێ باران تەڕت ناکا ئاو نابیت

گۆ لە گەرانی ناگری و ئاشق نابیت، لەرە نیت بگری بۆ ژیان، خەفەت لە مرۆڤی ژەهر بخۆیت،
مردوو رەگات نیشاندا، کەر خۆی نابینێ باسی بەهەشتت بۆ بکا
خراپ وەک پەپووە خۆی نمایشکا، مردن ژیانت بگۆ، ژیان مردنت ببا
لە نێوان ژیان و مردن مرۆڤبە، لە نێوان مردن و ژیان جوانبە، مردن بخەونە ژیانبە
گەرانیەک فەربە مردن دزە نەکاتە سەبەرت لە ژیان بگە،
گەرانی بۆ ژیان بخونە نامریت لە مردن بگە دەژیت.

پیاوێک و شارایێک بەرهەمی دستنووس. هەمەر نەریاوی

(پێیغێک بۆ سدیق بەرکەیی)

کە ئاوێک لە دونێی ژین دەدەوێ،دەچمەوێ بۆ قۆناخێکی ژیان و ساڵانی خەبات و کارکردن لە نێو ئادیۆ کوردیی تاران و سەدان یادەوەری ئەو ڕۆژگارەی تەمەن.
دەتەوێ یادم بۆ ساڵانێک نووسەر و توێژەر"سدیق بەرکەیی"(سەفیزادە)چەندان بەرنامەی لەسەر ناوداران و وێژەی کوردی بۆ ئادیۆ دنووسی. بەرنامەکانی دەهێنا بۆ ئادیۆ و بۆ چەندان کاتژمێر لە ئادیۆ دەمایەوێ. ئەرکی پێداچوونەوێ و هەڵچنیی بەرنامەکان لە بەشی کوردیی نێوەڕاست وێستەی هاوڕێی زمانناس و توێژەرم،"ئێیووب گازرانی"بوو کە بۆ شەوێکی گشتی،زەر جاران مشتومڕێک لە نێوان نووسەری دڕق و تێکستەکان و هەڵچندا لەسەر زمان دروست دەبوو. تا ئەرکی پێداچوونەوێ و هەڵچنییەکێ کۆتایی پێ دەهات،دەرفەتێک دەڵخسا و بەرکەیی دەگۆ خەباتکارانی ئادیۆ لەسەر زەر پرسی ئەدەبیی و ڕۆشنبیری قسەی دەکرد. پاشان بۆ خۆی دەچوو بۆ نێو ستودیۆی ئادیۆ و هەر بۆ خۆیشی بۆژەر و پێشکێشکاری بەرنامەکان بوو.
سدیق بەرکەیی کە سەردەمی خۆی لە نێو ئەرتەش(سوپا)دا کەسێکی پلەدار و دەستەیشتوو بووبوو و سەدان شوێن گەڕابوو،لە هەر گەشت و گەڕانێکدا بۆ سەرپاک ناوچە و دەڤەرە کوردستانییەکانیش،بۆ سەدان

کۆنەپەیازیان بۆ واتایەکی ڕاستتر، بەرهەمی دەستنووسی دەست کوتبوو و دواتر بە خەی و بە ناوی خۆیەوە ئەو بەرهەمە بە بایەخ و ناوازانەی لە چاپ دەدا. بۆیە دەتوانین بڵێین سدیق بەرەکەیی هەنووکەیش خاوەنی کتێبخانەیەکی دانسقە و گرانبایی کە پێیتی لە سەدان کتێبی بەپێزی دەستنووس.
سدیق بەرەکەیی ڕاستە لەو پەناوەدا ئەرک و زەحمەتێکی فرەی بەر دەکەوت بەڵام لەو لایشەوە هەر بە پاڵپشتی ئەو سامانە دەوڵەمەندە،خەی دوو هەندە لە نەو ووبەری فەرهەنگیی کورددا دەردەخات. هەشتاکەیش کتێبخانەکەی پێیتی لە دیان بەرهەمی دەستنووسی ناوازە لەسەر ئەدەب،مێژوو و چاندی کوردی و لەسەر کەسانی خەمخۆری نەو ئەم ماڵباتیە ئەو سامانە گرانبایی پاش تاوتوە و هەڵسەنگاندن و ڕاستکردنەوە،ڕەوانەی بازاڕی چاپ بکەن و بەرهەمکان بخرێنە بەردیدەی خوێنەر و نەهێن چیدی ئەو کتێبە بەپێزانە گەرد و تەزی زەمانیان لە بنیشێت.

وەبیرم دێتەوە جارێکیان لە سەردانێکی بە ڕادیۆ،دیوانێکی دەستنووسی "میرزا شەفیع پاویی(1888-1819)کە لەسەر پێستی ئاسک نووسرابوو،دەگەڵ خەی هەنابوو بە ڕادیۆ و لەسەر نرخ و بایەخی ئەو دیوانە قسەی دەکرد. هەفتەیەکی پێ نەچوو گەڕایەوە بە ڕادیۆ و هاواری لە بەرز بوونەوە کە دیوانەکەی هەر لە ڕادیۆدا لە بەزر بوو،ئیدی نازانم بەڕاست دیوانەکەی میرزا شەفیع لە ڕادیۆ ون بووبوو یان لە شوێنکی دی و چارنووسی دیوانەکە بە کوێ گەییشت. کە هەوالی کەچی دوایی "سدیق بەرەکەیی"م بەرگوێ کەوت،ڕاست ئەو دەمانی ڕادیۆم بیر کەوتەوە.
ئەوەی ئێستاکە ووڕە و نکۆیشی لێوە ناکرێت ئەوەیە کە "سدیق بەرەکەیی"،کەسایەتییەکی دیاری نەو ووبەری ڕۆشنبیریی کوردی نێک لە ڕۆژهەڵات بگرە لە هەر هەموو کوردستان بوو کە بە پاڵپشتی سامانە زەنگین و دەوڵەمەندەکەی لە باری بەرهەمی دەستنووسەوە لە نەو هەر هەموو کورددا بە کەسکی ناسراو دادنرا. ئەرچی قسە و باس لەم نەوانەدا زەرە و وەختی خەی بەرەووی ڕۆخنەیەکی فرەیش بووەوە کە وەک پێویست خەی بەو بەرهەمە پەبایەخانەوە خەریک نەکردووە و فرەتر چاوی لە چاپکردنی کتێب بێیە.
بە نموونە یەک لە دیوانە گرانبایی دەستنووسەکانی شاعیری ناوداری کورد،مەولەویی تاوگەزی لە بەردەستدا بوو کە بەداخەوە لەبەر نەبوونی شارەزایەتی بەتەواوەتی لەسەر دیالێکتی هەورامی،دیوانەکە بە هەڵە و پڕیەکی زەرەوە کوتە بەردیدەی خوێنەر و لە چاپ درا. یاخە وەختی خەی بەرەووی ڕۆخنەیەکی زەری مامستا هەژار بووەوە

کە جارێک وتبووی"زۆر کەس کتێب دەکات". بۆرکەیی لە وتارێکدا لە بن ناونیشانی"پێخنە لەسەر هەنبانە بۆرینە"هەرشەکی توندی کردە سەر مامۆستا هێژار(1920-1991). لە بەشێکی وتارەکەیدا نووسیبووی"زیانی هەنبانە بۆرینە لە سوودی زۆرترە".

وتارەکە وەختێ خۆی لە گۆڤاری ئاوێنە،ژمارە 12،ساڵی 1372ی هەتاوی(1993)چاپ بووبوو. ئەم هەرشەیش بێ وەڵام نەمایەوە. سدیق بۆرکەیی تا مامۆستا هێژار لە ژیاندا بوو هیچی نەگوت بەڵام پاش مەرگی هێژار،کەوتە پێخنەگرتنەکی توند کە گوایە مامۆستا هێژار زمانناس و چی و چی نەبووە و قامووسەکی هەڵە و پڕی زۆری تێدایە. هەر ئەو سەردەمە لە بیرمە ئەم پەلامارە تونديی سدیق بۆرکەیی بە سەر مامۆستا هێژار،بۆوەوی پێخنەیەکی فرەی پێشنبیران بووە. لە هەمان قۆناخدا لە شارچکەی "عەزیمیە"ی سەر بە گۆرە شاری کەرج،لە لایەن کۆمەڵە لاوێکی گەلپەروەرەوە،نامیلکەیەک بە ناوی "وەامنامە"لە بەرسڤی هەرشەکەی سدیق بۆرکەیی بە سەر مام هێژار لە چاپ درا کە هەڵگری خودی وتارەکەی سدیق بۆرکەیی و وەامی نووسەرانی تر بە پێخنەکەی بۆرکەیی بوو.
ئێستا کە نە مامۆستا هێژار و نەیش سدیق بۆرکەیی هیچیان لە ژیاندا نەماون،لەسەر ڕووناکبیرانە بە ویژدانەوە بڕیڤن. چونکە سەرەنجام ئەوەی دەمێنێتەوە و هەرگیزیش لە بیر ناکرێت،هاژە و خزمەت بە زمان و کولتووری کوردییە کە هەر کام لەم دوو کەسایەتییە،هەر یەکە و بە گوێرەی توانای خۆ،خزمەتێکی فرەوانیان بە سامانی فەرهەنگیی نەتەوەکەیان کردووە. ئەرچی بە لای منەوە خودی کەسایەتی و بگرە بەرهەمەکانی مامۆستا هێژار خاوەن سەنگ و قورسایی سەد هێندەن.
وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا مرۆڤ گەرەک هەمیشە بە ویژدانەوە ڕاستییەکان بخاتە ڕوو. هەر بۆیە وەک خودی خۆم،بە نووسینی دێران بەرنامەی ڕادیۆیی،وەکوو ژمێدەر و سەرچاوەیەکی گرینگ،پێنام بە چەندان بەرهەم و کتێبی بۆرکەیی بردووە بۆیە لێم سەنگەوە خۆم بە قەرزبار دادەنێم.
سدیق بۆرکەیی بە لێچاپدانی دێران کتێبی وەک فەرهەنگی ماد،مژووی وێژەی کوردی، ناودارانی یارسان،پێشبینییەکانی ئێل بەگی جاف،نامەی سەرەنجام و هتد،خزمەتێکی بەرچاوی کورد و کولتوورەکەی کردووە و سەرباری هەموو پێخنەکان،لەم پەوەندییەدا ئەرکی سەرشانی خۆی جێبەجێ کردووە.
بە وتن دەشێت سدیق بۆرکەیی(سەفیزادە)ساڵی 1322ی هەتاوی (1943)لە

گوندی "زینە"ی سەر بە ناوچەی هەوشار و شارچکەی دیواندەرە،چاوی لە ڕووی ژیان هەڵهێناوە و تەژی 4ی گەلاوێژی 2723(2023)یش لە تەمەنی 80 ساڵی، لە تاران کۆچی دوایی کرد و لەسەر وەسیەتی خۆی، تەرمەکەی ڕەوانەی شاری مەهاباد کرا و تەژی پێنج شەممەیش، 5ی گەلاوێژی 2723،لە بەشی ناوداران و هونەرمەندانی گۆڕستانی مەهابادا ئیسپێردەی خاکی نیشتمان کرا.



ژێدەر:

1 – وەامنامە،دەقی ڕاخنەی سدیق بۆرەکەیی لەسەر هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هێژار و وەامی نووسەرانی تر،کۆکردنەوەی ساڵح هەرکی(ڕێبوار)،چاپی گزنگ(لقی ئاوارەی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان)،ساڵی 1995

2 – دیوانووو میرزا شەفیعی پاوەئی،کۆکردنەوە و ئامادەکردنی محەممەد خالیدیی مەکی،چاپی یەکەم،دەزگەی چاپ و پەخشی ئارە،1401ی هەتاوی(2022)

3 – مێژووی ئەدەبی کوردی،دوکتۆر مارف خەزنەدار،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس،چاپی یەکەم، بەرگی حەوتەم،هەولێر،2006

بیروڕیی کانی فەقێکی گوماڵ.. بەشی(٧٢).. شەماڵ بارەوانی

کاکە شەماڵ، ئەوە هەشتا ئاسایشتیان نەگرتووە؟

لە بەشی پێشوودا گوتم، لە کۆڵێژ ئیسلامییەکی زۆر چاڵاکبووم.

کۆمکی تریشمان لەگەڵدابوو، هی دەک بوو. وەک خۆم لە قوتابخانەی ئیسلامی و فەقێیاتی هاتبوو بۆ کۆڵێژی شەریعەی هەولێر. ئەو پێشووتر یەکگرتوو بوو.

وەڵێ دوای ئەوەی ڕۆژێک لەسەرمینبەر، لەکاتی دەنگدان، ناڕاستەوخۆ دەرکەت: دەنگ بدەن بە یەکگرتووی ئیسلامی. ئاسایش لەپێچینەوەی لەگەڵ دەکەن. لەوکاتەوە ئەو واز لە یەکگرتوو دەنێت و دەبێتە جێگای گومانی یەکگرتووەکان و وەک سیخوڕێک لێی دەڕوانرێت.

ئەو دوو هاوپێڵی ترم لە کۆڵێژی شەریعە، کە ئەوانیش خۆمکی دەک بوون و لە فەقێیاتی و خوێندنی ئیسلامی هاتبوونە کۆڵێژی شەریعە و هاوسەزی یەکگرتوو و هاوڕێی ئەو کۆمەش بوون. وایان پێ گوتم سەبارەت بەو کۆمە.

جا کە وایان پێ گوتم، بە هەمان شێوەی دوو کۆمکەی تر، ڕق و قینەکم لەو کۆمەش هەڵگرتبوو و لێی کەوتبوومە گومان.

لەڕاستیدا کۆمکی تەبیعات نەرم و فەقیر و بەزیان دیاربوو.

بەڵام من کە گوتیان قسە و گومانی لەسەر، لێی کەوتمە گومان.

گەرنا، تا کۆڵێژیش تەواوبوو، هیچم لێی نەبینی.

بیرمە ڕۆژێک لە کۆڵێژی شەریعە هەڵبژاردن کرا بۆ ئەوەی نوێنەر دیاربکرێت.

کاندیدێکی ئەوان(یەکێتی قوتابییانی کوردستان) و کاندیدێکی ئێمە(ڕەکخراوی گۆڕپێدانی قوتابییانی کوردستان)خۆیان هەڵبژارد. ئێمە بردمانەوە و بەوینە یەکەم، ڕەکخراوی قوتابییان گوتیان قبووڵی ناکەین، یەکگرتوو ببێتە نوێنەر. نوێنەرکەی ئێمیان لابرد.

دواتر و دوای ماوەیەک جارێکی تر هەڵبژاردن کرایەوە. ئەوجارە ئەو کوڕە کۆنەپەکگرتووە دەکیەی کە گوتم دەیانگوت: جێگای گومانە، خۆی کاندید کرد.

من گوتمە هاوڕێ ئیسلامیەکانم ئەمە بایکۆتی ئەو دەنگدانە دەکەین و دانیشی پێدانانێن. ئەوانە نوێنەری هەڵبژێردراو و براوەی ئەمەیان لابردووە، چۆن ئەمە ئەوە قبووە کەین؟

ئەوڕۆژە من و دادە(ژیان) خەزانی مامۆستا مەلا ئەنوەر، هەڵکە و هەڵبژاردنەکەمان جێ هێشت و ڕێیشتینە دەرەوە.

ئەوندە هاوڕێیانمان(ئیسلامیەکانی تر و هاوسەزانمان)گوتیان کاکە دەنگ بەو کوڕە دەدەین. مەبەستیان کۆنە یەکگرتووەکەی دهەک بوو.

گوتیان دڵێت: من هەڵبژێرن زۆرناکەن و کار بۆ ئەو(یەکگرتوو)دەکەم. گوتم: نەخێر، درێی دەکات و جێگای متمانە نییە.

ڕۆژی دواتر کە هاتینەوە کۆڵێژ، خاتوو ژیان پێکەنی و پێی گوتم: کاکە شەماڵ، ئەوە تۆ هێشتا ئاسایش نەیانگرتووە؟

گوتم: نانا هێشتا سڵامەتم. کە وام گوت، هەردووکمان زۆر پێکەنین.

گوتی: وڵڵاهی خەم نا، بەڵام لە دونەوە زۆر خەمی تەم بوو. دەمگوت، دەبێ ئاسایش ئەو کوڕیان نەگرتبێت؟

من تەحەدایەکی زۆر گەورەم دەکرد و ئەوڕۆژە من و دادە ژیان زۆر بەمنەتانە ڕێیشتین و بایکۆتی دەنگدانمان کرد.

ڕۆژەکی تریش لەناو کولێژ دژی دواکەوتنی دەرماڵە گردبوونەوەیەکمان ڕێکخست.

من و هاوڕێیترم خوێندکارەکانمان هاندا و گوتمان دەی با ناڕازایەتی دەربڕین و نەڕێنەوە هەڵی خوێندن. نەڕێیشتنەوە هەڵ.

ڕاگری کۆڵێژ(د.محمد شاکر)گوتی حەزدەکەم بڕنەوە پاڵ و داواکەتان جێبەجێ دەکەین.

ڕاستی ئەو دواکەتنی دەرماڵەیە تەنها بیانوویەک بوو و هیچی تر.

ئەوکات هەر دەمانویست دنیای هەستی ناڕازایەتیبوونی خوێندکارەکان

بدەین و نازانم شتێکی تربوو و لەژێر پەردەی دواکەوتنی دەرماڵە نەوزایەتی خەمان دەربڕی و گردبوونەوەکەمان بکخست.

ئەوەژە ئاگری کەلەژ هاتە حەوشە و زەر گوتی با قسە بکەین. من و دووسێ خوێندکاری تر بەتمان کردەوە.

لە حەوشەکە بەیشتینە بەردەم کەلەژەکە و هیچ نەبەم ویستمان سی مەتریەکە داخەین.

لەپڕ و چەند زوو، یەک دنیا ئاسایش و پۆلیسی مەدەنی و عەسکەری و شت هاتن.

دیقەتم دا، وەک دوژمنێک لێیان دەڕوانیم.

دەتگوت پێیان گوتراوە سەری هەموو ئاژاوەیەک و شتێک لەو کەلەژەیە، ئەو شەماڵەیە.هاهاها.

ترسم لە گرتن، هەر لە خەیاڵدا نەبوو.

بەڕام لە دەی خەمدا دەمگوت: ئێستا پۆلامارم دەدەن و دەمخەنە ناو سەیارە و دەمبەن. هاهاها.

هیچ نەبەم ئەوکات یەکگرتوو نەمابووم، بەڕام هەر کوڕە یاخی و بوێر و ئەپۆزسیۆنەکەی جاران بووم. وەک ئێستا ترسنۆک نەبووم.هاهاها.

د.محەمەد شاکریش ئەوکات ئاگری کەلەژی شەریعەبوو.(ئێستا پەڵەمانتارە لە پەڵەمانی عێراق، لەسەر لیستی: پارتی دیموکراتی کوردستان) حەقەت گەنجێکی خاوەن و چاکسازیخوازبوو.

بەر لەو، کاکە دکتەر مەلافایز ئاگربوو. مەلافایز ئاستە کەسێکی هێمن و لەسەرخەبوو. وەڵە بە کارکردن لە کەلەژ و دەسەزی، هیچ بەراورد نەدەکرا بە دکتەر محەمەد شاکر.

مەلافایز کە پێشووتر ئاگربوو، ئەمەی بە بزن بەراورد دەکرد.

سەردەمی ئاگرێتی ئەو، کەلەژەکە زەر بەسەروبەربوو.

کیلەن و قفل و شتی دەرگاکان و دەرگا و پەنجەرەکان زەر وەرانبوون. دکتەر محەمەد شاکر هات، زەر شتی کرد.

ئەژێک بە دکتەر مەلافایزمان گوت: ئەو کیلەن و شتی دەرگا هەمووی

خراپبوون.

گوتی ئەوجە من چیبکەم؟ دەبەختەتان چاکی کەن. بزن بەشوەک لە شونک بێت، جگای مانوەی خی تەرتیب دکات.

ئەمە بەو قسەیی زەر قەسبووین و دەمانگوت: چن دەبێت اگری کەلژ ئەوە ئاستی ەشنبیری و شوازی قسکردنی بێت!؟

لە استیدا مەلافایز کەسکی خراپ نەبوو، بەام ئەو قسەی ئەوەژی(بەراوردکاریکردنی خوندکاری کەلژ بە بزن) شک بوو بە ئەمە.

سیرە! کابرا لەبری ئەوی بدەم داواکانمانوە بێت، بە بزنمان دچونێت.

لەو دیو دیواری قیستقاەکەوە.. شیعری نەوزاد بەندی

زەر جار ئەەم ،
شیعر لەگەە کلنکسکا
فەدەم ..
بیخەمە تەنکەی خەەکی
پشتگوخراو …
لەسەر بەردە داینەم و
بە منااانی گەەک بەەم ،
ئادەی کامتان دەستان استە ..
ئەو نیشانەیە ئەشکنن ..
وەک لاپەەیەکی یکلام ،
بیکەم بە دەسکی دەرگایەکەوە و نەزانم چند جار پەی پیادا نراوە ..
ئەەم نیشتمان و شیعر ،
کامیان زیاتر لەوی تر هەاج کراوە ..؟

لۆزانچییەکان لۆزانییەکانی دونیا و ئەمڕۆ.. ئازاد حەمە

سەرەتا: دەمەکۆ وتومە، ئەم ژینگەیەی هەنوکەمان بیریار دروستناکات، گرنگن و هیچگرایNihilismی دروستدەکات. ئەستا پەموایە، ژینگەکە، رۆژانە لۆزانچیش، لە زربەی کایەکان(پەروەردە، روناکبیریی، نووندی ئەکادەمی، میدیای ئەستا و بواری سیاسیش) دروستدەکات. لۆزانچییەکان، دژە کوردەکان، جێگای داخ و برینە، بەجۆرێک لە زەدی خەیان سیاستدەکەن، کە زەدەکە، نەبەتە شوێنێک بۆ دروستبوونی روناکبیر/ بیرمەند، بەکو ببەتە شوێنێک بۆ ژیانژیان و پاڵنان بۆ کاتەو. لۆزانچییەکان، ئەوانەی رقییان لە کوردە، حەیف، ژینگەی ئەریان والەکردووە ئەنتی روناکبیریی و کارگەی بەرهەمهێنانی هیچیی Nihilبەت. ئەمە وادەکات جیاوازییەکی گەورەش بوونی نەمێنێت، لەنێوان لۆزانییەکانی دونیا و ئەمڕۆ.

تۆ بەدوای لۆزانییەکنەکان دەگەڕێیت، من ئەدرەسی لۆزانچییە تازەکانت دەدەمێ. لۆزانییە تازەکان، وان لەرە. ئەمە لە کوبین لۆزانچییەکان لەوەدەرن. لۆزانییەکان، لە ئێستادا لە گشت جێگایەک دەخولێنەوە، کە ئەمەی لێین. لۆزانچییەنوێکان، ئەوانەن، کە چاڵی سیاسی بە یەکتری کورد هەدەکەنن. لۆزانییە نوێکان ماڵباتەکانن، ئەوانەن، کە زەمینە خۆشدەکەن بۆ لۆزانەکانی تر، بۆ مەهابادەکانی تر، بۆ هەڵەبجە و ئەنفالەکانی تر. لۆزانییەکان لە دەروبەرمان دەخولێنەوە، ئەوانەن، کە بەهاری گشت جوانەوێکی سیاسیمان دەکەن بۆ لۆزانەکی دی. وەرە مەرە بۆ شاری لۆزان، لۆزانی تازە وا لای خۆت. لەو جێگایەی ئێستای لێیدۆزیت.

لۆزانچییە نوێکان زەڵەکانی ناو سیاسەتی کوردین. ئەمانە

بەوفاکانی ناو مژووی سیاسیشمانن. چونکە زۆرکانی ناو سیاسەتی ئەمە، ئەوان بوون وایان لە ئەمە کرد پەمانوانبەت سیاسەت هزرە، سیاسەت دەتوانێت گۆرانکاریی گەورەکان بکات. ئەمانە، لەزانچییەنوکان، بەمتمانەیی و سەکردنەوەیان کرد بە بەشێک لە ژیانی سیاسی نوێی ئەمە. مخابن، خەریکن ئەم زۆرسیاسییانە دەبن بە بەختی سیاسییمان، گەر ئەمە ئاوا بروات لە داهاتوودا یادی لەزان بەجۆرێکیتر دەبەت. بۆیە لەزانچییەکان سیاسییە هیچگۆراکانن، ئەوانن، کە هیچییان خستە ناو ژیانی کەمایەتی و بەگشتیش مرۆیمانەوە. لەزانییەکانن ئەمەیان کردە هاودەمی هیچگۆرایی سیاسیی، رۆژانە هیچی لە پەروردە(پەروردەی لەزانی)، لە خوەندنی باڵا (ئای لەم خوەندنە باڵایە!) بەرهەمدەنن. لەزانچییەکان پەروەردەی سیاسییمانیان کردە پەروەردەیەکی لەزانی. هەنووکە دابەشکردن و دەڤەرچییەتی بەشکە لەم پەروەردەیەمان.

**

لەزانییەکان وان لەرە، لە تەک خەتن. گشت ئەوانەن، کە بەرپرسیارن بەرامبەر بە نادادی و گەندەڵیەکانی ئێستای هەرێم، ئەمانە تەواوکەری پرۆژەی لەزانن، هەڵگری هەمان توخمی روناکبیریی سیاسیی لەزانن. لەزانییەکان، ئەوانەن، کە نەدەخوازن شایستانە یادی سەد ساڵەی کەنگرەی لەزان بکرێتەوە، نەش لە لەزانیەتی خەیان دەکەون. لەبەرئەوە کردەی سیسییمان وا گوزەرکات، بیرکردنەوەی سیاسییمان ئەمە کرەکی بەت، لەگەڵ کات هەموو دەبینە لەزانی. لەزانیبوون چارەنوسمانە. ئەم پەروەردە سیاسییە بەردەوامبەت هەموو لەزانیمان لەدەردەچێت. بۆیە سەیرە، لەزانچییەتی شەرم نییە! لەزانچییەتی بەشەوازی رۆژنامەوانی و روناکبیریی و ئەکادەمیی جیاجیا وبەردەهەنرێتەوە. وبەرهەنانەوەی وتاری سیاسی لەزانییەکان چارەنوسی مژوویمان بەرەو خراپترین شێوەی سیاسی و بەگشتیش مرۆیی دەبات.

خوەندکاری لەزانییەکان لەرەوە بە جلی کوردییەوە دەچن بە لەزان، لەوە بە کوردی بە یەکتر باسی مەترسییەکانی لەزان دەکەن. غەدردەکەیت دەچیت بە لەزان، لەزان وا لە تەک خەت. لەزان وا لە سلەمانی و هەولێر، ئێوە تا بریقەدەداتەوە لە کەرکوک و دهۆک و هەڵەبجە. لەزانییەکان گشت بستێکی ئەم هەرەمیان کردوە بە لەزان، بە نموونەیەک لە پرۆژەی لەزان. تە گەر بیردەکەیتەوە و خاوەنی ئاگایی سیاسی خەتیت مەڵە بە لەزان، بڕە ئێو شار و گەڕەک و

ماڵانەی هیوای سیاسییان نەماوە. لەو شوێنانە دەبینیت، کە هیواکانی کۆنگرەی لەزان چەند وەک خەی هاتوتە دی! تەماشا ئەو نگبەتییە سیاسییە، هەندەکیش لە لەزانییەکان لە دانیشتن و پێکەوەبوونەکانیاندا فرمێسک بە لەزان دەژن. ئەمانە هەموو ناراستەوخۆ پڕۆژەی لەزان زیندوو ەدەگرن و ئاواتەکانی شەریف پاشا(1) هەرەس پێدەنن.

لەزانییەکان حەزدەکەن قسەکردن لە لەزان بکرێتە بابەتێکی وەرزی. ببێتە مەد. ئەوە لەزانییەکانن قسەکردنیان لە لەزان وەک گشت شتەکانیتر(ئەنفال، کیمیابارانی هەڵەبجە، یادی راپەڕین،کۆماری مەهاباد و.....) بەوەرزیکردوە. ئێستا یادی سەد ساڵەی کۆنگرەی لەزانە، بۆیە هەموو قسە لە لەزان دەکەن. هەموو لەو بارەوە چەنەلێدەدەن. پاش ماوەیەکیتر لەزان لەبیردەکرێت چەنەش لەوبارەوە دەوەستێت. لەزانییەکان ژیرن لە کارکردن لەسەر سرینەوەی یادەوەرییەکانمان. لە دروستکردنی جۆرێک لە رونەکبیری سیاسی، کە ناکاریگەرە، کە هیچ ناگەڕێت.

لەزانچییەکان دەخوازن کورد بە کورد باسی مەترسییەکانی لەزان بکات. لەزانچییەکان هەندە ساویلکەن گروپ گروپ بە کوردی بە یەکتر، بە گروپەکانی خۆیان باسی مەترسییەکانی لەزان دەکەن. لەکاتێکا ئەو پارچەپارچەییە لە قسەکردن لە مەترسییەکانی لەزان بەشێکە لە خودی پڕۆژەی لەزان. گشت وتاری سیاسی لەزانیش هەر ئەوە بوو، کە ئێستا ئەمان پڕەی پێدەدەن. هەریەکە و لەگەڵ تاقم و ناسیاو و ڕەنکخراو و یانە و حیزبی خۆی قسە لە لەزان دەکات. ئەمە خۆنی لەزانیکانە، هیوای باوباپیرانی لەزانییەکانی ئێستایە، کە ئێوە، بەناوی سەمینار و لێدوان، بیان دەهێننەدی.

لەوی وترا سەیتر، وەک هەمیشە چەنەبازەکان باس لە لەزان دەکەن. قسە لە لەزان وەک قسەکردن لە گشت دیاردەکانیتر کەوتووەتە دەست چەنەبازەکانەوە(سیاسی، ژورنالیست، ئەکادەمی، نوسەر و...). هەرکاتیش چەنەبازەکان قسەکردنیان لەسەر هیچ دیاردەیەک قڕخکرد، ئەوە بزانە لە هیچی لە وتن زیاتر لەوبارەیەوە بڕەهەمنایەت. چەنەبازەکان خوەندکارە فاشیلەکانی لەزانییەکانن، کە لەناو کایەی

ئەکادەمی و سیاسی و روناکبیریماندا بەاوبوونەتەوە(2).
چەنەبازەکان چەنەیان لەبووە بە هەزراندن. چونکە چەنەبازەکان، کە دارددەستەی لەزانیینەکانن، خۆو بە تراژیدیاوە دەبینن. بە ئەوان رووداوێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی باشترین دەرفەتە بە چەنەلێدان. چەنەلێدان کە نەوتنی لەوبەردەت بەمانای و بەفیریش لە تێگەیشتنمان دا دروستدەکات.

لەزانیینەکان، ئینەنەکانی(3) کورد، ناخوازن ئەو کارەساتە مرۆییەی کە نگرێی لەزان لەپاش خۆی بەجێیهێشت لە "سەنتەرێکی توێژینەوەی لەزاننناسی نەبوونەتیدا " کەکرێتەوە. ئەوتا شوێنێک لە ئێستادا بوونی نییە بەناو "سەنتەری توێژینەوەی لەزاننناسی"، ئێگەر بەراستی ئەم کەنگرێیە بەشێکە لە بریندە سیاسییەکانی مرۆڤی کورد، دەبو لەماوەی ئەم سەد ساڵە سەنتەرێکی لەوجۆرە دروستکرایە و نەوندێکیش بوایە بە تراژیدیاناسی و ئەرشیفکردنی مێژووی بوونی کوردیی. کە ئەم سەنتەرە هەبێت ئەو کات دەکرا لەزاننناس(لەزانەلێگ)مان هەبێت، دەشکرا خوێندنی باڵا و پەروەردە پشکی شەریان بەرکەوێت بە بردنەوە و کارگێڕی ئەرشیفکردن و تێکەکردنی دەکومێنت و یادەوەری سیاسیی.
لەبەرئەوە، لە بەرژەوەندی لەزانچییەکانە یادی سەد ساڵەی کەنگرێی لەزان بەلەکالیکرێت. ئەو شتە بەلەکالیکرێت، کە باس لە هەنووکەمان دەکات؛ هەنووکەی نایەکانگیر و پڕت و پارچەپارچەمان. بە لەزانچییەکان ئەوپەری بەکێکە، کە ئەم جارە یادانە، رووداوانە، لەکالیکرێن. بەلەکالیبوونی ئەم بریندە سیاسییانە رێگایەکە بە شاردنەوەی تراژیدیاکانی ئێستا و خۆش و نادادییەکانیش.

لەزانییەکان کردەی سیاسییان قەزەوێن کردووە. وایان لە نەوەی تازەی ئێستا (خوێندکارانی زانکە، لاوانی ناو کەمپەگە، لەپێش هەمویانەوە رێگەزی مێی کوردستانی ئەمڕە) کردووە سیاست بگرێتەوە بە بەهەرزانترین شت. هەموو شتەکیان لا خۆشویستە سیاست نەبێت، کورداێتی نەبێت، باس لە دیرەکی کورد و کوردپەروەری نەبێت. رقی جیلی تازە لە سیاست بەرهەمی خراپبەکاربردنی سیاستە لەلایەن لەزانچییە نوکانی کوردستانەوە.
بەیە دەپرسین: کە لە سیاست دەترسێت؟ ئەبەتە لەزانییەکان. چونکە ئەمان دەزانن سیاست دەکارێت گەرانە گەورەکان بکات، بەیە

ناشرینکردنی سیاسەت دەبێتە هۆکارێک ئەوانەی لە تەمەنی 18 بۆ 25 ساڵ پشت لە سیاسەت بکەن، گاڵتە بە هەڵبژاردن بکەن. ئەم جیلە پێیانوایە دەنگ هیچناگۆڕێت، هەڵبژاردن درۆی سیاسییەکانە بۆ گرینی دەموچاوەکان. بەدنیاییەوە ئەم بۆچونەش بە سودی لەزانیە نوێکانی ئەمریکان دەگەڕێتەوە. چونکە لەزانیە تازەکان دەزانن کورسییەکان چۆن و بۆ کێ پردەکێنەوە.

حەمید تەقوایی: پێویستە لە چوارچێوەیەکی گشتیتردا ئەم هێزەستەی ناسیۆنالیستەکان هەڵسەنگاندنی بکرێت. ئەمە هەمیشە گوتاری هێزە ڕاستڕەوەکانی ئۆپۆزسیۆن و شاهانە و تەنانەت کۆماریخوازەکان بووە، کە وا دیارە کۆماری ئیسلامی پابەند نییە بە "بەرژەوەندی نەتەوەیی"وە، سنووری بۆی گرنگ نییە و ئێران و ئێرانیبوونی بە گشتی بۆی گرنگ نین. تەنانەت هەندێک لە شاخوازەکان پێیان وایە کە ئەمە حکومەتێکی عەرەبییە، خومەینی لە هیندستان لەدایک بووە و هتد. ئەمە بە تەواوی بە بنەمایە. بۆ ئەوەی من کۆماری ئیسلامی لە پاشایەتیخوازەکان کەمتر ناسیۆنالیستی نییە. بە هەمان شێوە جەخت لەسەر پاراستنی سنووری ئێران دەکاتەوە. سەبارەت بەو سێ دووگەیە، هەمیشە ڕایگەیاندووە کە خاوەندارێتی ئێران لەسەر سێ جەزیرەکە جێگای باسکردن نیە. لەم حاڵەتەدا بەم دواییانە هەمان هێزەستیان گرتەبەر، هەرچەندە زۆر بە نەرمی مامەڵەی لەگەڵ ڕووسیا دەکەن. ئەگەر وا دابنێین ئەم هێزەستە لایەن ئەمریکاوە پێشنیار بکرایە، دڵنیابن کە هەرشی زۆر بەهێزترمان لە بەرپرسانی حکومەتەوە دەبینی. لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووسیادا زۆر بە وریایی ورەبینیەوە مامەڵەیان کرد، ئەمەش لەبەر بە بایەخی سنوور و سنووریکان بە ئێم نییە، بەڵکو وەک ڕوونم کردەوە، لەبەر پێویستییان بە بڵەکی ڕووسیا-چین. لە هەر حاڵەتێکدایە، تا ئەو شوێنەی پێیوەندی بەو سێ دووگەیەوە هەیە، حکومەت هەمیشە ڕایگەیاندووە کە ئەو دووگانە هی ئێرانن و لە دەسپێی ئەم دواییەشدا جەختیان لەسەر هەمان شت کردووەتەوە.

هەربۆیە ئەو هەڵە جیاکارەوەی کە هێزە ڕاستڕەوەکان هەوڵی کەشانی لە نێوان خۆیان و کۆماری ئیسلامیدا دەدەن، وەک ئەوەی کۆماری ئیسلامی بەباکانە بەرامبەر بە پیرۆزییە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی، خاک و سنووریکان، هیچ بنەمایەکی نییە. کۆماری ئیسلامی حکوومەتێکی ئایینییە، بەڵام لە هەمان کاتدا لە هەر شوێنێک پێویست بکات، تەپڵی ناسیۆنالیزم و بەرگری لە سنوور و نیشتیمانی لەداوە. بە نموونە لە شەڕی ئێران و عێراقدا، شەڕێک کە لە نێوان دوو "وڵاتانی ئیسلامی"دا ڕوویدا، تێزیم لە بنەڕەتدا بە پشتبەستن بە دەزی

"ئیسلام" جگە لە دەماری میللی و میللەت چەتی و ئەرانیبوونی شتی بردە پێشەوە،. تەنانەت ئەوکاتەش شاخوازەکان لە شکڵدا پشتیوانییان لە کەماری ئیسلامی دەکرد و تا ئێستاش بە شکڵکی نەتەوەیی – نیشتمانی ناوی دەبەن. چەند ساڵک لەمەوبەر ڕەزا پەهلەوی ڕایگەیاند کە ئامادەیە وەک فەکەوانێک بەشداری لەم شکڵدا بکات. بەیە تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە پیرەزیەی ناسیۆنالیستیەکانەوە هەیە، جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان کەماری ئیسلامی و ناسیۆنالیستە ئێپزسیۆنکاندا نییە.
خاڵی بنچینەیی ئەوەیە کە لە ڕوانگەی جەماوەری خەکەوە و لە ڕوانگەی هەزە ڕادیکاڵکانەوە، پیرەزی نەتەوەیی- نیشتمانیکان وەک شکڵ نین، هەروەها پیرەزیەکانی ئایینیش نین. هەم خورافاتی ئایینی و هەم پیرەزی نەتەوەیی هیچ پەیوەندیەکیان بە خواستەکانی خەکەوە نییە. خەڵک، وەک شکڵشی ژن ژیان ئازادی ڕایگەیاندووە، لە ڕووی خۆشگوزەرانی و ئازادیە مەدەنیەکان و هتدەوە داوای مافە ڕەواو ئینسانیەکانی خۆیان دەکەن و هەمیشە لە ژێر ئاڵای ناسیۆنالیزم و ئایینداە، بە دروشمی "خودا پاشا نیشتمان" سەرکوت کراون. لە ڕاستیدا دەکرێ بڵین لە ڕووی پیرەزی و تابۆی نەتەوەیی ئایینی- نیشتمانیەوە، کەماری ئیسلامی و دەسەاتی پاشایەتی شان بە شانی یەکترن و هەرچەند جەختکردنەوەیکی جیاوازیان هەیە، بەڵام یەکگیان زیاتر جەخت لەسەر ئایین دەکاتەوە و ئەوی دیکەیان لەسەر ناسیۆنالیزم، بەڵام لە بنەڕەتدا نوێنەرایەتی هەمان هەڵە دەکەن. ئەو هەڵە و سیاسەتی کە حکومەتکان هەمیشە پەیڕەویان کردووە، و ئایدیاڵ و بەها ئازادیخوازەکانی خەڵک هەمیشە لە خاڵی پێچەوانەی ئەم هەڵە و سیاسەتی حکومەتدا بووە.
خەلیل کەیوان: لە دوو مانگی ڕابردوودا کەماری ئیسلامی هەوڵی داوە پەیوەندیی نزیکتر لەگەڵ سعودیە و ئیماراتدا هەبێت. ئەم هەوڵستی ئەم دوایەی ڕووسیا چ کاریگەرییەکی لەسەر ئەم پەیوەندییانە دەبێت؟
حەمید تەقوایی: پەموانییە کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبێت چونکە ئیمارات و وڵاتانی عەرەبی کەنداو هەمیشە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەم سێ دوورگەیە هی خۆیانن. بەم مانایە هیچ شتکی نوێ ڕووی نەداوە.
خاڵکی دیکە ئەوەیە کە نزیکیی کەماری ئیسلامی لەو وڵاتانە بە گەشگیریی کەماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا دەگەڵتەوە. وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێدا، لەگەڵ ئەو شکڵشەی کە لە ئێراندا دەگوزەرێت، ڕژیم لە ژێر گوشاری تونددا بووە و لە جیهاندا ڕیسوا و بەناوبانگ کراوە. نزیکیی کەماری ئیسلامی لە سعودیە و ئیمارات لەم

هوانگەیەوەیە؛ هێزیم بە نزیکبوونەوە لەم وڵاتانە هەوە دەدات پێگەیەک لە ناوچەکەدا بەدەستهێنێتەوە. هەروەها وڵاتانی عەرەبی دەیانەوێت پەیوەندییەکانیان بەو ئیمتیازاتانە دەستپێبکەنەوە کە بەدەستیان هێناوە. بەیە هیچ کام لە لایەنەکانی ناکۆکی لەسەر ئاو سە دوورگەیە بە بڕیارەست نازانرێت.

خەلیل کەیوان: بە بۆچوونی ئێوە چارەسەری ناکۆکی لەسەر سە دوورگەکە چییە؟

حەمید تەقوایی: ئەم پرسە، هاوشێوەی ناکۆکی سنووریيەکانی نێوان هەردوو وڵات، دواجار دەبێ بە دەستوەردانی لایەنی سێهەم چارەسەر بکرێت. چونکە ئێگەر بە ئەم حکومەتانە جێبهێڵیت، کێشەکە چارەسەر نابێت و تەنانەت هێنگە شێ و ململانێی سەربازیشی لێبکەوێتەوە. زۆرێک لە شارەکان بە لێدانی تێپەڕی ناسیۆنالیزم و ئیدیعای سنوور دەست پێدەکات. چارەسەری کۆتایی ئێوەیە کە لە هێگەی میتەدی دیپلۆماسیی ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و نێتێوە یەکگرتووەکان و هتد بەدواداچوون بە ئاو پرسە بکرێت و تەماری مژووویی و بۆچوون و خواستی خەڵک لەبەرچاو بگیرێت و لەسەر ئاو بنەمایە بیار بدرێت. ئەم دوورگانە زۆر دانیشتوویان نییە. گەورەترین دوورگەی ئێبو موسا کە کەمتر لە پێنج هەزار کەسی تێدایە و هەزاران و سەدان کەس لە تونبی گەورە دەژین و تونبی بچووک بە هیچ شێوەیەک نیشتەجێی تێدا نییە. بەڵام لە هەمان کاتدا بۆچوونی خەڵکی دانیشتووی ئاو دوورگانە و لە کۆدا خەڵک خەی دیاوێت هاوڵاتی بێت، فاکتەرێکی گرنگە کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێت.

بەڵای من کەمکەی ئەم فاکتەرانە دەتوانێت کێشەکە بە شێوەیەکی دیموکراسی و پرانسیپی چارەسەر بکات. گوتارگەلێکی وەک ئاوەی ئەمە لە هێگای ئەم سە دوورگەیەدا خەمان بەخت دەکەین و هتد، کە ئەمە لە سەشیال میدیادا نموونەیان دەبینین، بەنی بەاوکردنەوەی ڕق و کینە و شەیان لێدێت. دەبێت ماملە لەگەڵ ئەم مەیلانەدا بکرێت. حکومەتکان دەبێ پابەندبن بە قبوڵکردنی بۆچوونی دەسەاتە نێودەوڵەتییە خاوەن ڕایکان. بەگومان پێشبینی ئاوە ناکرێت کە لە سەردەمی کەماری ئیسلامیدا کێشەکە چارەسەر ببێت، بەڵام دوای ڕووخانی حکومەت، کاتێک حکومەتێکی خەڵکی پشت بەستوو بە دەنگی خەڵک و دیموکراتی دێتە سەر کار، بە شێوەیەکی سروشتی ئەمە دەتوانێت چارەسەری کێشەکە بێت.

١٩ی تەممووزی ٢٠٢٣، ٢٨ی تیری ١٤٠٢

گفتوگۆ لەگەڵ هونەرمەند ڕزگار خۆشناو.. سازدانی : عەبدوڵا سەرمان(مەشخەڵ)

گفتوگۆ لەگەڵ هونەرمەند ڕزگار خۆشناو
لە هەولێر بە ئاهەنگی ژنهێنان و بەزم و هەراکەی دەرەبەگ ئەکلەنجە

هونەرمەند ڕزگار خۆشناو

- لە ١٠ ی شوباتی ١٩٥٢ لە شاری شەقڵاوە لە دایک بووە.
- لە ساڵی ١٩٦٨ لە (معهد الدراسات النغمیە العراقی) دەستی کردووە بە خوێندنی (عود) نەزەریاتی شەرقی کوردی.
- لەساڵی ١٩٨١ عێراقی بەجێهێشتووە و لەساڵی ١٩٨٢ دەستی کردووە بە خوێندنی کومیو ستیونی-کلاسیک و لە ساڵی ١٩٨٩ دا تەواوی کردووە بەدەرجەی دبلۆم. وەساڵێک پاشتر بەوانامەی ماجستێری وەرگرت لە تالیف و ئێندامی دائمی کۆمیسیۆنی نەمساویە.
- لەساڵی ١٩٩١-١٩٩٥ لەگەڵ گروپێکی تیاتەری نەمساوی ئیشی کردووە هەم موزیکژەن و هەم ئەکتەر بووە. چوونەتە پەرەنیا و ڕۆمانیا و ئەڵمانیا. دوو کاسێت لە ١٩٨٣ و ١٩٨٥ وە سیدییەک لەگەڵ گروپێکەی کەهەر هەموویان مامۆستای دانشگان لە نەمسا (ڤینەاو گرامش)لە ١٩٩٥ دەرهات و ٢٥٠٠ دانەی لە فرۆشرا. ئێستاش خەریکی سید یەکی تازەن لەگەڵ چەند کۆنسەرتێک کە.تەنها زیاتر بە خێکی ئەوروپایە کە زەر تاموچۆژ لە موزیک و کۆنسەرتی ئەوان وەردەگرن و زیاتر لە (٩٠٠ تا ١١٠٠) کەس ئامادەی ئاهەنگکانیان دەبن. هەروەها لەگەڵ هونەرمەندان مەرزیە وناسری ڕەزازی و حەمە جەزا و ئەردەڵان...تاد زەر کۆنسەرت و ئاهەنگیان لە ئەوروپا و ئەمریکا و کەنەدا و ئوسترالیا سازداوە.

لە میانی ئەوسەردانە کورتەی هونەرمەند ڕزگار خۆشناو بە شاری

باراناوی ڤانکۆڤەر ، ئەم دەرفەتمان قەستەوە و ئەم پرسیارانەمان ئاراستە کرد و ئەویش بەوپەڕی خۆشحالییەوە وەڵامی پرسیارەکانی دایندەوە.

عەبدوڵا سەمان (مەشخەڵ) : گەڕیدەکانی بەردەم گۆشەی مۆسیقای کوردی بە شۆفێکی گشتی چین؟

ئەزگار خۆشناو : تەنها ئەم پرسیارە دە تا پانزە لاپەڕەی دەوێ تاکو بتوانی وەڵامی بدەیتەوە. بەڵام من بە کورتی ئەو خاڵانەی کە دەبنە هۆی دواکەوتنی ئاستی مۆسیقای کوردی باس دەکەم:

١- نەبوونی وەاتەکی کوردی و نەبوونی دام و دەزگای گۆشەبیری و پێیمانگای مۆسیقی هونەری تەواو و بە ئیمکاناتی باش.

٢- بندەستی میللەتی کورد و نیازی پیس و چەپەڵی دەوروپشتی کورد بە گۆرینی کولتووری کورد بە عەرەبی و تورکی وفارسی بەتایبەتی فۆلکلۆری کوردی کە ئەمە بەتە نەچیرەکی ئاسان و نزیک بە ئەوان.

٣- نەبوونی هاندانی تەواو لەلایەن گەکخراوە سیاسییەکانی کورد و پشتگیری هونەرمەندان لە ڕووی مادی و مەعنەویەوە.

٤- میللەتی کورد بەگشتی میللەتەکی وا گۆشنبیر نییە کەوەکو هونەرمەندان لەوان تێدەگەن ، لە ئەمە بگەن. بۆیە لەلایەن خەڵکی کوردەوە هونەرمەند زۆر هان نادرێت. دەپرسن کوا کاسێتی تازە یان کوا سیدی تازە؟ بەڵام کە هونەرمەند مەسرەفکی زۆری کرد و ئەویش ئەگەر پێی قەرز بکرێ، ئەوا نیوەی پارەکەی نایەتەوە. تە باسی قازانج هەر مەکە. کورد وا فێر بووە کاسێت تەسجیل بکات و نایکڕێت!

٥- نەبوونی گروپی مۆسیقی باش و بەرهەمی باشیش پێوەندی بە ئیمکاناتی هونەری و ماددییەوە هەیە.

عەبدوڵا سەمان (مەشخەڵ) : کاریگەری مۆسیقای گۆژاوا لەسەر مۆسیقای کوردی چییە؟

ئەزگار خۆشناو : مۆزیکی گۆژاوا دوورە لە مۆزیکی کوردی (ئەگەر باسی کوردستان بکەین)، بەڵام لە ئەوروپا و ئەمریکا و کەنەدا ئەوا مۆزیکی گۆژاوا کارەکی زۆر ئەوتەی نەکردەتە سەر موزیکی کوردی یان تەئسیری لەسەر موزیکی کوردی نەبووە . هەوڵی زۆر دراوە سوود لە تەکنیکی گۆژاوایی و لە هەندەک ستایڵی گۆژاوا وەکو"پۆپ ، جاز ، ڕۆک ، بلوز ، کلاسیک …تاد" وەربگرێت. لەو مۆجالەش هونەرمەندی

گۆرەی کورد خوالێخۆشبوو قادر دیلان و هونەرمەندان عومەر دزەیی و جوان حاجو چەند نموونەیەکن لەو هونەرمەندانەی کە توانیویانە لەم بارەیەوە سوود وەربگرن.
بەڕای من ئەتوانین پرسیارەکە پێچەوانە بکەینەوە : ئایا موزیکی کوردی چ کارەکی لەسەر موزیکی ڕۆژئاوا کردووە؟ هەموومان موزیکی فلامینکۆ(Flamingo)ی ئەسپانی ، یان موزیکی قەڕەجی ئەسپانیامان گوێ لێبووە کە بەزەبر دەلیل کاتی خۆی واتە کاتی هەڵاتنی موزیکوان و عودژەنی گۆرە و بەناوبانگی کورد (زریاب) بۆغدای بۆجەهێشت و بەرەو ئەندەلوس ڕۆیشت و بناغەی ئەم مۆزیکەی داناوە، یان زۆر گەرانی پۆپی(pop)ی جیهانی بەناوبانگ کە میللوودییەکەی پێوەندییەکی زۆری لەگەڵ میللەدی کوردی کۆن و هەورامی و شوانەواری تریەوە هەیە.

عەبدوڵا سەڵمان (مەشخەڵ) : ئایا بەبۆچوونی جەنابت مەسیقای فۆلکلۆر دەتوانێت ببێتە بناغەی مەسیقای ئەم سەردەمە و بۆچی؟

ڕزگار خۆشناو : ئەمەی کورد ئەبێ یەک شت بزانین کە ئێویش جیاوازی نێوان موزیکی فۆلکلۆری وەکو کەڵەپوری ڕەسەنی کوردی و مایەی شانازی و هەبوونی میللەتێک و پێوەندی بە دیرەک و داب ونەریتی کوردەواری و هەروەها مۆزیکی هونەری بەهەموو جۆر و بەشەکانیەوە کە ئێویش پێوەندی هەیە تا ڕادەیەک بە بارودۆخی کورد و ئاوەنێیەکی ڕاستەقینە و دەنگدانەوەیەکی بارودۆخی کەمەڵە. بەڵام ئەوە مانای وا نییە کە فۆلکلۆری کوردی نابێ ببێتە بناغەی دروست بوونی گشتی موزیکی کوردی. هەتا زۆر لە کەمپۆسیوری جیهانی وەکو ئارام خاجاتوریان، چایکۆفسکی و زۆرانی تری جیهان بە تایبەتی (ئەنتەنیە دڤۆرژاک)ی چیکی. نەوەک تەنها موزیکی کلاسیک ، بەڵکو ئەمان Jazz وBlues کەهی ڕەشەکانی ئەمریکایەو دەرد و موعاناتی میللەتێک باس دەکات و بە موزیکژەنی جیهانی بۆتە ڕەبازێکی موزیکی گرنگ و بناغەکەشی لەسەر موزیکی فۆلکلۆرە و نەک تەنها ئەمە، بەڵکو Blues هەر بە کلتوری ڕەش لەقەڵەم دەدرێت،کە بە ڕاستی بۆتە موزیکی کۆن و کلتوری ڕەشەکانی ئەمریکا و ئێویش بووە بە بناغەیەکی تر بە موزیکی تری پاش هاتوو. یاخود Country موزیک کە پێیدەڵێن موزیکی(رعاة البقر) هی جووتیارە سپییەکانی ئەمریکایە و بۆتە فۆلکلۆر و کولتووری کۆنی ئەم میللەتە و زۆر گەرانی تازەی Pop و Rock بناغەیان لەسەر (Country Music) داناوە.
ئەمەش ئەبێ بە تایبەتی کاتێ مرۆڤ بە وەڵات بێ و بە مۆزیک بێ و بە (Identity) هەویە بێ، ئەوا دەبێ ببێتە بناغەی تەواوی هەموو

دامەزراندنی موزیکی ئەم میللەتە.چۆن؟
مامۆستاکەم کەبەداخەوە دە ساڵ پێش ئێستا مرد، زیاتر لە شەش ساڵ لە کاتی حوکمی مەلەکی لە ئەفغانستان بووە و لەلایەن حکومەتی نەمساوە کەکردنەوەی فەلکلەر و گۆرانی ئەفغانی پێ سپێردرابوو کە زۆر بە پوختە وجوانی کەی کردەتەوە دەڵێ"کاتێ مرۆڤ توانی لە فەلکلەر تێ بگات، ئینجا موزیکی هەستانی تازە دروست دەکات".
بەگومان من باسی ئەوە ناکەم کە وەکو چەند کەسانێک دەڵن مۆزیک و گۆرانی فەلکلۆری دەگۆڕن و یان بە ئامۆری هەژئاوایی لێی دەدەن یان میلۆدی گۆرانییەکە تۆزێ دەگۆڕن یا هۆزمی یا دابەشکردنی موزیک، بەڵم جۆرە مامەڵەگەڵ فەلکلەر ناکرێ، بەڵکو ئەبێ ئەمە گۆرانی تازە دابنێین کە بناغەکەی لەسەر فەلکلەرە یانی (Melodiznge) زۆر میللودی فەلکلۆری کورت دەگرێ بە خێرایەوە هۆزمی فەلکلۆری..تامی فەلکلۆری وەک گۆرانی Pop(ئۆرلەندە) بە وێنە یان یابانی، هیندی، عەرەبی، فارسی. بەڵام هەموو کەسێک ناتوانێ ئەم شتە دروست بکات چونکە شارەزاییەکی چەند ساڵانەی باشی دەوێت و موزیکزانی لێهاتوو کە سەریان لە موزیکی کۆن و تازە دەردەچێت، بیکۆن.

عەبدوڵا سەڵمان (مەشخەڵ) : دیاردەی شەوی کوردی و شایی کوردی چۆن دەبینن؟

هۆزگار خۆشناو : بەداخەوە لەم چەند ساڵەی دوایی دیاردەیەکی زۆر خراپ بەسەر بەتەوە ئەویش ئاهەنگی کوردی سیاسی بەتە ئۆکلەنجەی کوردی(لە هەولێر بە ئاهەنگی ژن هێنان و بۆزم وهەراکەی دەڵێن ئۆکلەنجە) هەشتا سرووەی"ئەی ڕەقیب" تەواو نەبووە دەستی یەک دەگرن و لە زەوقی موزیکوان و گۆرانیبێژ دەدەن.
ئاستە ئەو ئاهەنگانەی کورد دەیکات لەسەدا نەوەد و نۆ پێی دەڵێن (پارتی-Party) یان شەوێک کە خواردن و دانس و سەما و شایی و …تاد تێدایە و کۆنسێرتیش کە منالی تیا قەدەغەیە و هەروەها خواردنەوەشی تێدا نافرۆشرێت ، کەسیش بە "ئەی ڕەقیب" هەڵناسە.
بەڵام بە نۆکرە هێز لە برای گۆرانیبێژ و هونەرمەندانی سەر شانە بگرین کە ئاهەنگەکە دەکەنە دوو بەش. بەشی یەکەم بە گۆرانی خاو و مەقام و ئاهلی زەوق، دووەمیش بە شان بادان! من ئەم دیاردەیەم لای هیچ میللەتێکی دی وە هەتا لەنەو خودی کوردستانیش خۆک ئاگەر زۆر هەستی جوانیەوە کاتی ئاهەنگ ئەوا چەپڵە لە دەدات و لەشوێنی خۆی دێتە پێش. بەڵاستی من یەک بە باری خەم کاتە خۆک شایی دەکات حەزدەکەم زوونایەک یا دەهۆڵم پێ بێت چونکە هەست ئەکەم ئامۆرەکەم زووەی لە دەکرێت و شیاوی ئەو ئەزیەت و زۆغتکردنە نییە. زۆر جاریش

چ میللەدی لە بدەم بە عود یا دەهۆل لە بدەم ئەوا کەس هەر فەرقیشی پێ ناکات چونکە ئەوەندە گەرم بوون کە ئاگایان لە موزیک هەر نییە. شایی کوردی تا بەڵی جوانە و لەبارە و پیاو حەز دەکات تەماشای بکات بەڵام نەک وەکو هەندێک کە شایی کوردی نازانن و بەنەوعێک خەیان دەجوڵێنن کە زیاتر لە (Techno) و دانسی مەدەرن دەکات و تیایا جلوبەرگی مەدەلی تازە نیشان دەدرێت. هەتا ئەم شایییە کوردییە بەردەوام بێت، ئەوا موزیکی کوردی هەر لەو حاڵەتە دەمێنێ کە تەنها شایی گەرم بکات و بەس نەوەک شتی هونەری دروست بکرێت کە ڕەکوپێک بێت و نەک تەنها کورد بەڵکو خەڵکی غەیرە کوردیش بتوانێ زەوقی لەوەربگرێت. ئەوەندەی نەماوە کە خەڵک دڵ وزوونا بێننە نەو هەڵ و موزیک وگەرانی کوردی هەر لە بەین بدات.

عەبدوڵا سەمان (مەشخەڵ) : دەڵێن تە یەکەمین کەسی کە وتەرەکت بە عود زیاد کردووە؟

ڕزگار خۆشناو : ئەم وتەرە یان تەڵە تەکمیلەی تەڵەکانی تر، یانی جیاوازە لەوەی (جمیل و میرشیر)ەڵەحمەتی کە ئەوان پێیان دەگووت (قەبە دوگاڵ). ئەوەی من زیادم کردووە ئەستا نەک تەنها لە کوردستان و عەراق، بەڵکو لە زۆر شوێنی تریش بەکاری دێنن. ڕەنگە ئەگەر عود لای پیانۆ نەسب بکرێت یانی دەکاتە(سۆڵ – Sol)

عەبدوڵا سەمان (مەشخەڵ) : ئەستا زۆربەی زۆری ئەوانەی دەست بە فەربوونی عود دەکەن لاسایی ئەوە دەکەنەوە ، ئایا ئەمە چۆن دەبینن؟

ڕزگار خۆشناو : من هەرچەندێک دەستم پێکردبێ و خەم فۆری ئامۆری عود کردبێ ئەوا گرنگ نییە ، بەڵکو ئەوە گرنگە کە من هەر لە ساڵانی پەیمانگاوە واتا ١٩٦٨ وە تاکو ئەستا زۆر تەئکیدم لەسەر ڕوحییەت و تاموچێژی کوردی ڕەسەن کردووە. وە لە کوردستان زۆر گروپ عودیان لە نەو گروپەکەیان بەکار نەدەهێنا بە دەلیلی ئەوەی گوایە عود ئامۆرێکی عەرەبییە و بە کەڵکی کوردی نایەت.
ڕاستە ئەمە لەبەر ئەوەی موزیکی عەرەبیمان زۆر گوێ لێبووە کە بە ئامۆری عود لێدراوە و چونکە هەموو ئاوازدانەر و دابەشکەر و فەربوون لە ڕێژەیەکات بە تایبەتی لای میللەتی عەرەب بە عود دەکرێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەێنێ کە من هەستم ئامۆرێکی جوانی تەختی ڕێژەیەکاتی هەیە بگرم و خۆی لە دوور کەم. چونکە ئەگەر موزیکژەن ڕوحیەتی عەرەبی یا فارسی یا تورکی بێت ئەوا باڵەبان، ساز، سنتوور، ڤیولون، چەڵو هەمووی بە ڕوحیەتی ئەم میللەتانەی کە باسم کرد لێدەدات. واتە گرنگ نییە چ ئامۆرێک، بەڵکو کە لێی دەدات و

چۆن ئێستا من شانازی بەوە دەکەم کە زۆر موزیکژانی کوردی ناسراویش تەقلیدی من دەکەن و ھەر و ھەچکەی نزیک بە منیان گرتۆتە بەر و ئەوەش باشی زیاترە لە خراپی بە تایبەتی دوای زیادکردنی تێلی شەشەم عود دەنگی بە گۆرەی عودی عەرەبی و فارسی یەکجار گەرا و زیاتر بوو بە دەنگێکی زیاتر کوردی ودوور بوو لە میللەتانی تر. ئیتر بە ھیوام بتوانین سوود لە ئامێری دیکەی میللەتان وەربگرین و ھیچ ئامێرێک فڕێ نەدەین.
ڤیولون : ھەم عەرەب بە عەرەبی لێی دەدات.فارس بە فارسی وتورک بە تورکی و کوردیش بە کوردی ئەبە لێیبدات.

عەبدوڵا سەمان (مەشخەڵ) : لە کۆتاییدا چ ھێنوونیەکتان ھەیە بە مۆسیقارە کوردەکان؟

ڕزگار خۆشناو : ھیوام وایە کە ئەوانەی ئێیانەوە فێری موزیک ببن یان ئامێرێکی موزیک فێر بن، ئەوا زۆر گوێ بگرن بە موزیکی فولکلۆری کوردی و دوای دوو سێ ساڵ نەبن من تازە بوومە موزیکژن و ئیتر بچینە سەر شانۆ و خۆیان بە موزیکوان دانێن. چونکە لە ئەوروپا خەڵک لەتەمەنی چوار پێنج ساڵیدا دەست پێدەکەن و ھەتا دە پانزە ساڵیش ناچنە سەر شانۆی حیرفەیی یان پرۆفیشیناڵی چونکە بڕوایانەوە ھەیە!. ئەبە موزیکوانی کورد بە فڕیوونی دوو جومڵەی موزیک و گۆرانیبێژ بە سێ – چوار گۆرانی نیشانە سەر شانۆ و پێش ئەوەی ھونەرمەند ڕەسەنەی ھونەریان دەست پێبکات کۆتایی دێت. بەداخەوە کورد تەنھا میلەتێکە کە مامۆستا و قوتابی لێک دەرناکات. ڕەنگە یەکێک کە تازە ھاتۆتە مەیدانی ھونەر بەقەدەر یەکێک دەگیرێت کە زیاتر لە سی ساڵ خزمەت دەکات و چەندەھا جیلی پێگەیاندووە. من ناڕەزام ھونەرمەندی گەنج ھان نەدرێت، بەپێچەوانەوە ئەبە ئێمە ھەموو گەنجەکان و ئەوانەی تازە دەست پێدەکەن ھان بدەین. بەڵام ئەبێت بزانین چۆن و بۆچی؟ نموونەک وابێت کە کابرا بڕۆت ئەوە منم وا گەیشتمە ئەو پلە بەرزە و ئیتر خۆی و ئاستی ھونەری خۆی لەبیر بچێت. لە کۆتایشدا ھیوای سەرکەوتن بە (ڕەنگاڕەنگ) ئەو ڕۆژنامە خنجیلانە تازەیتان دەخوازم و ھیوادارم بتوانن بەم ڕەیە خزمەتی وشەی کوردی ڕەسەن و کولتوری کوردی و زمانی کوردی بکەن کە ئێمە پێویستی بە ھەموو جۆرە بزووتنەوەیەکی کولتوری و کەمەڵایەتی ھەیە بە تایبەتی بە جیلی ئەستای گەنجکانی دەرەوەی کوردستان. ھەر بژین وزۆر سوپاس.

٥ ی نیسانی ١٩٩٩
ڤانکۆڤەر-کەنەدا

تێبینییەکی پێویست : ئەم چاوپێکەوتنەم لە ٥ ی نیسانی ١٩٩٩ لە شاری ڤانکۆڤەر لەگەڵ هونەرمەند ڕزگار خۆشناو لە ماڵەکەی بەڕێز کاک "سەڵمان ساڵح"دا سازداوە و وا بڵاوی بووەتەوە لە ڕۆژنامەی "ڕۆژهەڵات"دا بەناو بکرێتەوە، بەڵام لەبەر چەند هۆیەک ڕۆژنامەی "ڕۆژهەڵات" چاوی نەپشکوت و ئەم چاوپێکەوتنش هەروەکی نەبینی. ڕۆژهەڵات وەکو ڕۆژنامەیەکی ڕۆشنبیری و هونەری عەبدوڵا سەڵمان (مەشخەڵ) و گەلان عەبدوڵا بە نیاز بوون لەسەر ئاستی کۆنەدا چاپ و بڵاوی بکەنەوە. لەرەوە داوای لێبوردن لە کاک ڕزگار خۆشناو و کاک سەڵمان ساڵح دەکەم.

ئایا نیل ئارمسترونگ تاکە کەسە چۆتە سەرمانگ ؟!.. هەرگیز عمر کاکل

ڕەنگە بە هەی جەنجاڵی خەمانەوە بێت یاخود هەندی جار بە هەی کەمتەرخەمی بێت بە ئەوەی نەمانەوێت شارەزابین و شارەزایمان هەبیت کە زۆریک لە ئێمە لەم کەمەلگایەی کوردیە پەمان وابێت کە تاکە کەس تا ئێستاکە چوبێتە سەرمانگ کەشتیوانی ئەمریکی (نیل ئارمسترۆنگ) بێت و تەواو . بەڵام ئایا هەوڵتداوە ئەوە بزانیت کە دوانزە کەشتیوانی بەشایگەری بە 6 کەشتی بەشایگەری بە مانگ چوون و چوونەتە سەر ڕووی مانگ . لەڕەوە ئەم زانیاریە ڕاستقینەیە و بەڵام ئێمە ئاشنا نەبووین و شارەزایمان نەبووە لەسەری . لە سالانی 1969 تا ساڵی 1972 زنجیرە گەشتی (ئەپۆلۆ) لەلایەن دەزگای ناسا ی ئەمریکیەکانەوە بەڕێو مانگ هەڵدرا بۆ ئەوەی بتوانرێت مرۆف بگات بەسەر ڕووی مانگ بەم شێوەی خوارەوە :

- ئەپۆلۆ 11 لە16یۆلیو 1969 / دوو کەشتیوان لەسەر ڕووی خاکی مانگ دابەزین . نیل ئارمسترۆنگ و باز ئالدرین .
- ئەپۆلۆ 12 لە14 نوفمبر 1969 / هەردوو کەشتیوانی بەشایگەری بیتی کۆنراد و ئالان بین لەسەر مانگ دابەزین .
- ئەپۆلۆ 14 لە11 ئەپریل 1971 / کەشتیوانان ئالان شیبارد و

ئیدجار میتشیل .

- ئەبەلە 15 لە31 یناير 1971 / کەشتیوانانی بەشایيگەری دافید سکوت و جیمیس ئاروین .
- ئەبەلە 16 لە26 یولیو 1972 / هەردوو کەشتیوان جون یانج و تشارلز دوک بوون .
- ئەبەلە 17 لە16 ئەبریل 1972 / کەشتیوانان یوجین سیرنان و هاریسەن شمیت .

هەرچی کەشتی ئەبەلە 13 یە لە7 دیسمبری 1970 هەدرا بە مانگ و هەرسی کەشتیوانی بەشایيگەری (جیم لوفل و فرید هایس و جاک سویجارت) دووری 250 هەزار کم لە رووی زەوی بەهای تەقینەوەی کەگای ئەکسجینی کەشتیەکە نەتوانرا کارەکە بەسەرکەوتووی بە رووی مانگ ئەنجام بدەن و ناجار بەدووری مانگ سورانەوە و گەرانەوە بە هەسارەی زەوی .

هەنگە لیرەوە ئاشنایەتیمان پەیدا کردبەت لەسەر چونی مرەف بە سەر مانگ . بەڵام لەوە کارساتبار تر ئەوەیە دوای ئەو هەموو کەشتە بەشایيگەریانە و چونە سەر مانگ و ماندوو بوونی مرەف بە بە ئەنجام گەیاندنی ئەم ئەرکە مرەفایەتیەی زانیاریە ، کەچی زەر بەداخەوە تا ئەستا (مرەفانک هەن بەوایان بە چوونە سەر مانگ نیە و بە سیناریەی دەزانن) ئیتر لەرەوە عەقلی مرەفکان دادخرەت و فراوان بوونیان نیە بە وەرگرتنی زانیاریەکان لە پشکەوتنی زانست لەسەر ئەم هەساریە !!!!!؟

هەرەم عمر کاکل

١٣حزب لە لیستەکدا چیان پەدەکرەت؟.. عوسمان حاجی مارف

یەکەتی نیشتمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆران، لەگەڵ 11 حزب و لایەنی سیاسی دیکە پەکهەنانی هاوپەیمانیەتکی فراوانیان ڕاگەیاندوە بە، بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عەراق لە ناوچەکانی دەرەوەی بەڕێوەبەرایەتی هەرەمی کوردستاندا.

گوایە ئەم لیستە بە ئاوایە تابتوانن لەو هەڵبژاردنەدا "زەرترین دەنگ بەدەست بهێنن و مافیکانی خەڵکی کوردستان بپارێزن". هەروەها داوا لە هەموو حزبە کوردستانیەکانی تریش دەکەن هاوبەدەن لە زووترین کاتدا یەک لیستی کوردستانی پێکبهێنن.

ئەو هەڵوەرجە سیاسیە نالەبارەی کوردستان و ئەو قەیرانەی دەسەڵاتی بنەماڵەی بارزانی و بنەماڵەی تاڵەبانی، لە پێکهێنانی حکومەتی هەرێمدا بەدەستیەوە دەشداماون، ئەتوانین بڵێین؛ یەکەم: ئەم جارە لیستانە بە هانایانەوە نایەت و قەیرانەکیان زیاتر دەبات، چونکە ناتوانن پێگەی نفوزی سیاسیان لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمدا، بەدوای ئەو شکستەی لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا تێیکەوتن، بە پێکهێنانی لیست بە هەڵبژاردن قەرەبو کەنەوە، چونکە ئەوان لە مانەی هەزی سەربازیدا دەڵاندنی خەیان ئابەوبەرانە نمایشکرد، بۆیە بەم لیستەو بەم هەڵبژاردنە جێگای ئەو شکستە پەناکەنەوە. دووەم: پارتی ئامادەنیە بچێتە ناولیستەکەوە گەر دابینی تەواوی ئەو نەکات، کە خاوەنی ئەسڵی ئەو لیستە دەبات هەر خۆی بات و بەشی شەریش هەر مافی خۆی بات. سێیەم، حزبە کوردیەکان بەخەیان لەبەردەم هەڵبژاردنی هەرێمدا تیا ماون، چونکە هیچ هەڵشناییەک ئەوە نیشان نادات، بەوەی کە ئایا دەتوانن هەڵبژاردنی هەرێم ئەنجام بدەن؟. چوارەم: هەڵەکانی ناو حکومەتی عێراق لەباری بەڕێوەبردنی ئەوناوچانەدا هەنگاوە زیاتر لەپێش هەڵە کوردیەکانەوەن، بەمەش تاادەیەک دەتوانن لایەنە کوردیەکان تاریک کەنەوە.

گەر لەمانەش گەڕێین، ئەو بەشە لە ئاگەیاندنی ئەو ١٣حزبە کە دەڵێن بەئەوەی زەرترین دەنگ بەدەست بهێنین و "مافیکانی خەڵکی کوردستان بپارێزین"، ئەم پاساو هێنانەوەیە بە ناوی پاراستنی مافیکانی خەڵکی کوردستانەوە، جێگای تەرامان و سەرسوهێنەرانەی جدیە، بەدوای سی ساڵ زیاتر لە سایەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی، کام ماف، کام شکە، کام خواستی خەڵکی کوردستان پارێزراوە؟ گەر وایە فەرمون با بەمان بژمێرن، ئاخە لە ئێستادا و بە لیستێکی ١٣حزبی ملکەچ و بەدەسەڵات لەبەردەم دەرگای حکومەتی عیراقدا، ئەبە چی گەدرابێت و چی ڕویداوە؟، تا ئومێد بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، ببەستن.

ئەم جارە لیستانە، جگە لە نمونەی سەوداو مامەڵەیکی بازرگانی کە ئەو حزبانە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا دەیکەن، شتێکی تر نیە، تەنها بە دەستکەوتێکە بەکو لە ناو بازاڕی بەڕێوەبەرایەتی ئەنجومەنی پارێزگادا بەدەستی بهێنن، کە جگە لە شراکەت لە گەندەیدا هیچ سودێکی بە دانیشتوانی ئەو ناوچانە تیا بەدی ناکرێت.

ئەو حزبانەی چونەتە ناو ئەو لیستەوە بەگشتی پاشکۆ بوون و پشتیوانیانە بە سیاسەتێک کە یەکێتی نیشتمانی پێیوای دەکات و لەهەوڵی ئەودایە ئاستی هاوسەنگی هێز بەم دوایانە بە خەی بگەڕێنێتەوە، بەڵام دەخی ئێستای کوردستان و قەیران و گۆڕاوێک کە یەکێتی بەسەری دەبات، بەم جۆرە یاری و مامەڵەیە هەرگیز ناتوانێت هەڵسێتەوە، بۆیە لەوەش سەیرتر ڕووی کاری ئەو دوانزە حزبەی تر، کەچونەتە گەمەی ناو ئەم لیستەی یەکێتیەوە، دیارە ناتوانن یا نایانەوێت دەستبەرداری ئەو واقعە شکستخواردووەی پارتی و یەکێتی بن، کە لە ناوچە کۆنەپارێزگاکان بەسەریاندا سەپێنرا، بۆیە وا بۆئاسانی و بەپەردە و دوای ئەزمونی سێ ساڵ زیاتر، بەدوای فەرمانڕەوایی یەکێتیەوەن، واتە ئەو حزبانە بەهەر ئاگەرو قەیران و گۆڕاوێک ڕوبدەوبن، تەنها لەهەوڵی ئەودان دوکانەکەیان دانەخرێت.
هەبەتە با چاوەڕوان بین بزانین پارتی لەم کەین و بەیندا چ مامەڵەیەکی تر دەکات، ئەو پارتیەی کە تائێستا نەیتوانیوە شکڵی شکستخواردنی خەی لە بەرامبەر حکومەتی عێراقدا بگەڕێنێتەوە. ئەوەی ئاشکرایە کە پارتیش شتێکی پشەوتر لە لیستی ئەو ١٣حزبە، ناتوانێ ئامادەبکات.

فیستیڤاڵی بەهاری نوێ و دەستپێکی جوان.. عەلی حەمەشید

فیستیڤاڵی بەهاری نوێ کارێکی گرنگ و چالاکییەکی پێویست بوو کە بەڕاوبۆرتی چالاکی هونەری قوتابخانە و خوێندنگەکانی سلێمانی وەک ئەرکێکی گرنگی سەرشانیان ئەنجامیان دا..کە خەی دەبینییەوە لە نمایشکردنی کەمێک شانۆیی تایبەت دا کە لایەن قوتابیان و خوێندکارانەوە لە چند پەروەردەیەکی سەربە بەڕاوبۆرتی گشتی پەروەردەی سلێمانییەوە پێشکەش کران.من ئاستی دەق و نمایش و دەرهێنان و هەموو ئەو کارانەی کە پێویستن بە ساما و شانۆییکانەوە بۆجێ دەهێم بە کەسانی شارەزا و پسپۆڕی بوارەکە،ئەوەی لای من گرنگ و جێگای دەستخۆشییە کە توانرا ئەو

ڕۆچکە هونەریيە بەرزەی کە لە سەلەمانی و لەلایەن چالاکی قوتابخانکانەوە پشکش دەکرا بەردەوامی پێبدرێت و لەسانی داهاتوودا هەوێبدرێت کە کاری زەرتر و جوان تر و باشتر ئەنجام بدرێت و هەموو ئەو توانا و بەهرە جوانانەی قوتابیان و خوەندکاران و شارەزایی و سەلیقەی مامەستایانی بوارەکە بەهەند وەربگیرەن و لەو ڕۆگەیشەوە بتوانن قوتابخانە و خوەندن زیاتر لای قوتابی و خوەندکار شیرین بکەن ،تا وا نەزانن هەر وانە خوەندن و پەل و وایت بەرد و داتاشە ،ئەوانە لە خوەندندا هەن بەکو شانە و شوەکاری و مەزیک و گەرانی و سرود و سەما لە پاڵ ئەواندا کە باسمان کردن هەن و منداڵ دەتوانێت بە خەشیەوە پەرە بە حەز و خولیا و توانا و بەهرە شاراوەکانی خەی بدات.شانە وەک هەموان دەیزانین کە کەکەڕەوەی گشت هونەرەکانی تر،لەشانەدا دەق و هەنراوە وەک ئەدەب ئاوەزانی نواندن و جوڵە و سەماو دەنگ و مەزیک و گەرانی و شوەکاری دەبن و پەکەوە ئەو پیامە پەروەردەیی و مرۆڤدۆستی و ژیان دۆستی و ژینگە دۆستییە دەگەیەنن و جوانییەکی تر بە ژیان و خوەندن و قوتابخانە و پەل و مامەستا دەدەن.ئارایشتەکی ئازاوە و جوان دەبەخشن بە پرسەی پەروەردە و دەبنە تەواوکەری بەشوەیەکی دروست و گونجاو.بەهرەکان دەردەکەون و بە شێوەیەکی دروست و زانستیانە لەلایەن مامەستایانی بوارەکەوە پەریان پەدەرێت و زەر بەجوانی گشە دەکەن.ئیتر گوێی حەزەکانی منداڵان ناژاکەن و دەگەشنەوە، بەشنەی زەردەخەنە و ئافەرینی مامەستا دەسەزکانیان،منداڵ خەشویستییەکی زەری بە قوتابخانە لادروست دەبەتەوە و ڕۆژانە بەپەرەشەوە ڕوو لە قوتابخانەکەی دەکات و دەیکاتە مەبەندی بەدیهەنانی خولیاکانی و بەگەڕخسنی توانا کانی ، خونچەی باوەڕ بەخۆ بوونیشی باشتر دەگەشتەوە و نەشونما دەکات بە بەوایەکی پتەوەوە کاروچالاکییەکانی ئەنجام دەدات و بە ترس و دوو دڵی بوونی خەی دەسەلمەنێت.دەستخەشیمان بە هەموو ئەوانەی کە بەشداربوون لە بەڕێوەچوون و سەرخستنی چالاکییەکاندا..

عەلی حەمەڕەشید
نوسەر و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی

شەوی بیست و یەکی حەوت شار خوێناوی کرا!.. گەردەنامەحەمە

ئەو شەوەی ڕەحمی (سەران)یان لە سندیندەوە !شەوەکی زۆرتر لەمێژووی شەوکانی تری زۆرەمێری تەمەنماندا تامارکرا، هەر بەدەستی جەلادەکانی شاخ و مافیاکانی ئێستای شار،ئەو شەوەی هەرگیز لەخەیاڵدانی ئەمەدا لەبیرناکرێت،وەکوو مەتەکە بەدەورماندا دەسوڕێتەوە.
هەرگیز بیرمان لە کارەساتی ئاوا جەرگبڕە نەکردبووە ،بەبیرماندا نەدەهات ئەوە بەو شێوەیە ڕووبدات.
لەبارودۆخێکدا ڕوحی ئازادی لەهزری سەراندا دروست بوو کە تروسکایی ئازادی ئادەربەین و ئازادی بەتەسقاڵ بەدیارکەوتووبوو لەدوای پرسەی ئازادی عێراق!سەرانیش خەی کرد بەسەرەشقی ئەو ئازادیەی کەپێنوسەکەی وەاپێرت و وتارەکانی بوون بەمشخێسی. وەک(مۆنتسیکۆ)دەڵێت:"هەندە جار هەوای پاک بە سیەکانی ئەو کەسانەی لە زەلکاودا دەژین زیانبەخشە"، بۆیە ڕەگای ئازادی بەسەران و سەرانەکان لەشاری کەرکوک زەحمەتبوو لەهەمووڵایەکەوە، وەک هاوپێشەکانی دیانگوت قەناسەکە لەسەر سەری بوو!وەکوو ئەوەی شەهید(سەران) خەی گووتی ئەگەر لەنزیک ئاگردان دانیشیت پرسکت بەر دەکەوێت،ڕەنگ وا بوو بە شەهید"سەران". نەمەزانی جەلادەکان ئەندازیارن لە داهێنانی تیرەرو کوشتندا.ئەوەندە ڕق ئەستورن بەرامبەر قەڵەمەکەی شەهید (سەران)، لەپێناوماناوەی خەیاندا لولەی تفەنگەکەیان کردە "سەران"و تیرەریان کرد. بەخەیاڵی پیسیان وایان دەزانی بەتیرەرکردنی سەران،هیچ سەرانەکی تر بوێری ئەوە ناکات دەست بە مەلەفەبڤەکانیان بەرن.بەڵام خەیاڵیان لەگەڵیان دا ڕاستی نەکردو درۆی کرد، ئەوان دەڵان چونکە دوای بیرکردنەوەیەکی نادروست و تارکستان کەوتن!،خەیاڵیان خاوە سەدان لاو جەسورتربوون لەسەر خوێنی سەران سازش ناکەن و کەنادەن بەقەڵەمەکەی..نەترستربوون و ئەو مەشخەڵەی سەران دایگیرساند هەڵیان گرتووەو ناهێڵن بکوژێتەوە بەردەوامی پێ دەدەن..لەکاتێکدا دەسەڵات کەیلایەتی زاڵ کردوە بەسەر هەموو شتێکدا، ئازادیش تا دێت بەیاسا ڕەگری لە دەکرێت،ڕەگری لەماهامەتی دەکرێت.ئەو دەسەڵاتە خوی بەتیرەرو خوێنشتن و زیندانی و ناچارکردنی خەڵک تا ڕووە لە تاراوگەبکەن و زوڵم و ستەمکاریەوە گرتوە، لەهەمان کاتدا هەموو ئازادیخوازان چاوەڕوانی بەسزاگەیاندنی تاوانبارانن..بەڵام ئەو دەسەڵاتەفیرعەونیە

زیندانەکانی پەکردوە لەچالاکەوان وەرزنامەنوس وئازادیخواز!
ئەگەرچی ناسینەوەی جەلادە خوێنڕژکان لەئێستادا ئەستەم بێت!ئەوە
لەبیرگـــاری داهـــاتوودا رووون دەبێتەوە، وەک بینیمـــان نەوەی
پێشمەرگەیەکی شەهید لەدوای زیاتر لەسی ساڵ بەی رووون و ئاشکرابوو
کە باوکی شەهیدکردوە..لە دوای ئەو مەودا زۆری ساڵ و تێپەڕبوونی
کاتێکی زۆر بەسەرشەهیدکردنی باوکیدا،تەنیا باوکی لەبکوژ
کـــردەوە!ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە پەنـــادانی بکـــوژان لەلایەن
حزبەکانەوە،وە بە باکی و لاوازی لایەنـی پەیوەندیدار و یاساو
سیســتەمی دادوەری لەهەرێمـی کوردســتان..وە زاڵبـــوونی حـــزب و
دەســـەڵاتداران وقەڵەمـــڕەویـــانی هەرێمـــی کوردســـتان بەســـەر
یاساودادوەرانـــدا،بۆئەمری حـــزب دادگاکـــان کـــاردەکەن و
بڕیاردەرن!،لەزۆربەی کێسەکانی تیرۆربۆ تایبەتی تیرۆری سیاسی
وفکریـدا نەیـانتوانیوە تاوانبـاران بەسـزا بگەیـنـن ولەسـزا
ڕزگارکراون! وەکوبەرزەکی بانان بە دەرچوون،لەکاتێکدا خەڵک هەر
چاوی لە دەزگاکانی ئەمنیەکان و دادگاکـان بـوو، بە یەک لای کردنەوەی
کێسەیەکانیان..بەڵام دەیان کێسی تیرۆرکردن لە هەردوو ڕەگەزی
نەرەمە تا ئێستاکە یەکلای نەکراوەتەوە بە دادگا، یاسا لەقازانجی
میللەت نەبووە بە بەرژەوەندی دەسەڵات وحکومەت وسستمی سەرمایەداری
بـــووە، ،هەرچەنـــدە متمـــانەلەنەوان زۆرینەی میللەت و لایەنـــی
پەیوەندیدار ودەزگاکانی ویاسادا نەماوە،لەبەر ئەوەی لەهەر
شارێک یان زانێک تاکێک لەکەمەڵگەدا تیرۆربکرێت یان بکوژرێت ئەوە
بکوژ خۆی دەخزێنێتە باوشی یەکێک لەحزبە فەرمانەواکانەوەو دەیگرنە
خەیان تا بەکاری بهێنن بە مەبەست و مەرامی شەخسی یان حزبی،
دادەستی یاسایان ناکەن تا یاسا سەروەری خۆی بۆجێ بگەیەنێت، ئەمەش
وای خۆش کردوەو کوشتن لای تاکەکانی کەمەڵگای کوردی بووەتە ئاو
خواردنەوە! لەم کاتەدا ناچار خاوەن حەق پەنابەئەوە دەبات خۆی
تەرەبکاتەوە! ئەمە ئەوەمان پێ دەڵێت ناهەژن سیستمی دادوەریویاسا
وەک پێوست بەئەرکی خۆی هەڵسەڵت، هەربۆیە کێشەکەمەڵایەتیەکان
لەزیادبوون دان و هێزێک نیە گوێ بیستی هەوالی تەڵسەندنەوە
نەبین!ئەم جۆرە بە باکی و نەهاتن بە دەنگ خانەوادەی
شەهیدەتیرۆرکراوەکان،دەسەڵات و لایەنی ئەمنی ویاسایی خستەتە بەر
بەرپرسیارێتیەوە لای ڕەخکراوە نەودەوەتیەکان!ئەرکی سەر دەزگا
ئەمنیەکانە کاتێک ڕووداوێکی کوشتن ڕووبدا،دەست بەجێ بەئەرکی
خەیان هەڵسن و بچنەشوێنی ڕووداوەکە، نەک دوای چەند هەفتێک تەپەڵی
بەسەر کوشتنەکەدا ئینجا پەلاوە بکەنەوەو پشکنین بە شوێنی
ڕووداوەکەو تەختەڵی بە بکەن،هەر بەنموونەئوکاتی شەهید(سەڵان)
یان تیرۆرکرد دوای هەشت هەفتە دوای تیرۆرکردنەکەی پۆلیس هات بە

شـــۆنی ڕووداوەکەو وەرگرتنـــی وتەی خانەوادەکەمان، ئەوســـاتەی کەشهیدسەران تیرەرکرا منی لەگەڵبووم و شایەتحاڵم کەچۆن شەهید (سەران)ی برام تیرەرکرا ،تا ئێم ساتەوەختە پۆلیسم نەدیوەو وتەم لە وەرنەگیراوە! لەهەمان کاتیش دا براکەم خەی پەی گوتووبووم کە چ لایەن و حزبێک هەڵەشەی تیرەرکردنی لێدەکەن!
ئەمە هەڵەیەکی گەورەبووە کە دەزگا پەیوەندیدارەکان لە کەیسی شەهید(سەران) دا کردویانە! بەیە بەردەوام لایەنی پەیوەندیدار بەکەمتەرخەم نـــاو دەبەم و بوونەهەکـــاری ڕزگـــاربوونی بکـــوژان لەسزا.هەروەها یاساودادگاکان دەبێت ڕۆڵی سەرەکی ببینن بە سزادانی تاوانبـــاران و ئەوان دەتـــوانن بەپـــی مـــادەی یاسایەکـــان داوای دەستگیرکردنی تاوانبـــاران بکەن و سزایان بـــدەن، بەیە پەیوستە و ئەرکی خەیـــان ئەرکـــداربکەن، ڕێگەنەدەن ببـــن بەدەســـتەمەی حزبـــی و بەرپرســـەکان،چونکە ڕۆژ ڕۆژی لەدوایەو دەخـــرێنە مـــژوی نەفـــرەت لەکراوانەوە. بەرپرســـیارێتیەکی گەورەیە، ئەگەر یاسا ســـەروەری خەی پاراســـت و بەئەرکـــی پیـــرۆزی خەی هەســـاو مـــاەڵەی کـــرد، ئەوە کەشەکەمەڵەیەتیەکان ڕوو لەکەمبوونەوە دەکات و وەڵات و شارەکان ئارامیـــان بە دەگەڕێتەوە..وەبە پێچەوانەشەوە ئەوە کەشەکـــان وەک لەئێســـتادا لەهەڵکشانـــدایە زیـــاتر دەبێت.ئەوکـــاتە کەس حسابیـــان بەناکـــات! خـــاوەن حەق وابیـــر دەکـــاتەوە کە حەقـــی خەی بســـەنێت و ئامادەش دەبێت چەندساڵێک زیندانی بکرێت، بەم جۆرەش لە کەمەگەدا شیرازەی کەمەگەوکەمەڵەیەتی وخەزانیش تێکدەچێت و تەک دەشکەن.وە کەشەکانیش بەردەوامی پە دەدرێت و لەساڵانێکی دیکەدا سەر لەنوێ سەرهەڵدەداتەوە،کوشتنی تاکی تری ماڵپاتەکانیان لە دەکەوێتەوە. ئەو کاتە لایەنی پەیوەندیدار لەکوێیا خەدەبینێتەوە؟ ئەرکی چارەسەری قورستر دەبێت!لەکاروانی سەقامگیرو هاوسەنگی وئارامیو پێشکەوتندا هەرس دەهێنێت.
بەیە لەم یادە خەمناکەو لە پانزەهەمین ساڵڕۆژی تیرەرکردنی شەهیدی قەڵەم و ڕۆژنامەنوس(سەران مامەحەمە)ی بـــرام دا،وەکـــوو ماڵپـــاتی شەهیـــدی قەڵەم داوا دووبـــارە دەکەینەوە بـــا چیتـــر لەچاوەڕوانیـــدا نەمێنینەوە لە نادیاری وبەسزا نەگەیاندنی تاوانباران و پشت گوێ خستنی کەیسی تیرەرکردنی شەهید “سەران”، دوای پانزەساڵ هەشتا بکوژ دەست نیشان نەکراوەو لەسزا ڕزگارکراوەو نە دراوەتە دادگا. هەر وەک دەوترێت هەر بکوژێک نادیاربوو ولەسزا ڕزگارکرا ئەوە دەسەڵات ڕۆی بەرپرسەو دەکەوێتە ئەستەی دەسەڵات.
سەری ڕێزو وەفابوون بە شەهیدسەران مامەحەمەو شەهیدانی تیرەرکراون دادنەوێنم لەم ڕۆژە جەرگ بڕێدا..نەمـــری بە شەهیـــدانی قەڵەم و ڕسوایی بە بکوژان و تاوانباران.

گەردە مامەحەمە

18/7/2

سانامەی سەرانامە.. ژمارە سفر

بە خوەندنەوەی ئەم سانامەیە کلیکی ئێرە بکەن..

soran-namaDownload

لە ەودا خەی وەک بەزووتنەوەی ئیسلامەی پیشان دەدام و لەژێرەوە پیش سیخوەی بەسەرەوەدەکردم!.. شەمە بارەوانی

هەرسەبارەت بەو شەشووواتییە، لە کەلەژی شەریعەش خوەندکارەکمان لەگەدابوو، ەک وەک ئەو فەقە شەشووەی کە باسم کرد وابوو. مرۆقکی زەر ناخپیس بوو. بەاستی کەسکی گران و سەنگین نەبوو. ئەویش بە هەمان شەوەی فەقە شەشووەکە، زەر بە ئەین و نازبوو. دەتگوت لەشیان هەمووی هەرمەناتی مەینەیە. هاهاها.
ئەو خوەندکارەی کە لە تەمەن زەر لە من گەورەتربوو.
ئەو پیاوەی لە ەووت خەندەی دەکرد و لە پشتەویش خەنجەری لەدەدایت.
من ئەوەم باشە تەزەک سەرناسم و زوو بەرامبەر دەناسم. واتا بە

ئاسانی ناخرێمە فاقوە.
ئەو پیاوەم زوو ناسی و هاوڕێ ئیسلامییەکانم(کچ و ژن و کوڕ خوێندکارەهاوپۆلەکان)مم زوو لە ئاگادارکردەوە کە ئەو پیاوە سیخوڕە و شتێ.
من ئۆکاتێ بەرپرسی لێژنەی(ڕێکخراوی گۆشەپێدانی قوتابییانی کوردستان)ی یەکگرتوو-شۆڕیعە بووم. قەناغی یەکەمی کۆلێژی(زانستە ئیسلامییەکان) شۆڕیعە دەرم.

ئەو پیاوە لە ڕووداخێی وەک بزووتنەوەی ئیسلامی پیشان دەدام و بە منی دەگوت: من کۆنەبزووتنەوەی ئیسلامیم. وا خێی پیشان دەدا، کە ئەستاش هەر مەیلی بە بزووتنەوە و جیهاد و شت هەیە. (ئەو پێشووتر بزووتنەوە بوو).
جا عەلاساس ئەمە و ئەوە(بزووتنەوە-یەکگرتوو) براین و دەبە ئاگامان لێکتری بێت. کەچی دواتر بۆیان باس کردم(سیخوڕیم بەسەرەوە دەکات).
خۆشم هەستم پێ دەکرد، کە سیخوڕیم لەسەر دەکات و دەیەوێت نهێنی و شتم پێ دەربهێنێت و بیبات بۆ ڕێکخراوی(یەکێتی قوتابییانی کوردستان)ی سەربە پارتی دیموکراتی کوردستان، کە بنکەیەکیان لەناو کۆلێژەکە هەبوو.
سەرەتا هەرکەسێک لە خوێندکارەکان سەردانی ئەو ژوورەی (ڕێکخراوی قوتابییانی کوردستان)ی بکردبوایە، من گومانم لەبەرامبەریدا لە دەروست دەبوو. زۆر ڕقم لەو ڕێکخراوەیە دەبووەوە.
بە ئەندامەکانی خۆمان(ڕێکخراوی گۆشەپێدانی قوتابییانی کوردستان)م دەگوت: نەڕۆن بۆ ئەو شوێنە.
من ئۆکاتێ ئیسلامییەکی توند و زۆر چاڵاک و دەسەزیش بووم بە یەکگرتووی ئیسلامی.
دواتر و قەناغی چواری کۆلێژ، بەراورد بە قەناغی یەکی کۆلێژ زۆر گۆڕابووم لە ڕووی فیکر و تێواینەوە و وازم لە ئیسلامییەکان و زۆر شتی تری ئایینیش هێنابوو و لەڕووی حیزب و شتەوەش بەڵایەن بووم.
ڕۆژێک زیاتر سەردانیان، وابزانم کاکە(ئەحمەد سندی) ئۆکات بەرپرسی ڕێکخراوەکەبوو. کاکە ئەحمەد لەو بەشەی من و لە هەمان هەبەی منیش بوو. کوێکی بەڕێز و هەمن بوو. هەڕەنەبم ئەوەڕۆ لە کافتریاکە دەهاتمە دەرەوە. دەرگای کافتریاکە و ژوورەکەی(ڕێکخراوی قوتابییانی کوردستان) لە تەنیشت یەکتری بوو. کاکە ئەحمەد گوتی: کاکە شەماڵ هەر سڵاوەکمان لە ناکات! بە پێکەنینەوە وای گوت.
کە وای گوت، زیاتر ژوورەوە و سڵاوەکم لە کردن و هەندێک دانیشتم و کەمێک قسەمان کرد وگوتیان هەرکاتێک بێیت دەرگا لەسەر پشتێ.

زریان کێف هات و زریان ەنزڵ گرتم.
بینێو سەر باسی پیاوێ دووووکە. کە ئەم زانیێو(سیخوێکردنی لە دژی من) وەک گوتم، هەموو هاوڕێیسلامیێکانم لە ئاگادارکردێو و ئیتر لەوەژێو تا کەڵەژیشم تەواوکرد، ئەو پیاوەم ووشکەن دکردێو و بە ەقی قسەم لەگەڵ دکرد و زانیبوویێو کە من گوتووم: ئاگاداری بن، سیخوڕێ.
دووسێ جار خەی گوناح کرد و پەی دگوتم: وەڵاهی من وا خراپ نیم، وەک تۆ لەم حاڵی بوویتی. بەڵام درۆی دکرد و من یەک تەز متمانەم پەی نەبوو.

لەو ماوەیێ خوارزاکەم کەوتە نەخۆشخانەی ئیمیرجێنسی(ەژئاوا)لە هەولێر، پێویستی بە خوێن بوو. من و دوو خوارزای ترم ەیشتین بە بانکی خوێنبەخشین لە(نەخۆشخانەی ەزگاری)، بە ەکەوت ئەویش لەوێ بوو. دوای دەساێ لە تەواوکردنی زانکۆ، جارێکی تر ئەو پیاوەم بینیێو. ئەو پیاوەی کە خوازیاربووم لە دەزخیش نەیبینمێو. کەچی ئەستا و لە نەخۆشخانەی ەزگاری دەیبینم!
هیچ خەم تێنەگەیاند و لەپاێ یەکتری بووین، نەمن سەاو و چاکوچێنیم لەگەڵدا کرد، نەئەویش.
هەرسەبارەت بەو پیاوە، لەکاتی تیرەرکردنی کاکە(خواناس) لە لایێن داعشبیرەکەوە، ئەو پیاوە بە فەیسبووکی خەی کەمەنتێی بە هاوڕێم(د.ئادەم بەدار)ی مامەستای زانکۆ و پێشکەشکار لە کەناەی(ووداو)کردبوو و لەبارەی تیرەرکردنی کاکە (خواناس)نووسیبووی(کلیپەکی زەر خراپی هەیە، مستەحەقی بەت) واتا پشتگیری ئەو کارە تیرەرستیەی دکرد و لە کەمەنتەکی تریش نووسیبووی(خوایە ئیسلام بکەیتە حاکم). ئای لەوێ! هاهاها.
ئای لەوێ، خە دووبارە ئەوپیاوە لە فەیسبووک دتەوە بەرچاوکانم و لە فەیسبووکەکی تر، کە بەرلەوەی بیسووتێنن ئەو پیاوە فرێندم بوو. ئادی ناردبوو، گوتم دەی با ئەو بە کەکە وەرگرم.
جا ئەوەژەی لە کەمەنت پشتگیری ئەو کردوە تیرەرستی و کوشتنەی کاکە خواناسی کردبوو، گوتم با بەمە ناو فەیسبووکەکەی بزانم ئەو پیاوە چی پەست کردیە و چیە ئەستا؟
سەیری پرۆفایلەکەیم کرد، لە ادیەی حیزبەکی ئیسلامی پێشکەشکارە و بەرنامەیەکی ئایینی هەیە و وەک پیاوەکی ەحانی و ئیمانی و واعیز و شت قسە دکات و وەنەی قاید و قیادەی ئەو حیزبەی داناوە و پەستی ئیسلامیەکی شەر کردووە لە دژی هەدەپە و بە پشتگیری(هودا)پارتی ئیسلامی و لە پەستەکیش نووسیبووی(هەرسەگەک بە ئیسلام بوو و بەردی تەگرین، ئیتر بەرد لە زە بە نرختردەبێت).

هەبەت ئەو پیاوە بە بەرماڵەوە بفڕێت بۆ کۆشکەکانی ئاسمان یان کورد گوتەنی: بەواتە ئاش و بەتەوە و سەری هەموو ئارد بێت، من بەوای پێ ناکەم و ساختەچییەک زیاتر نییە.
مرۆڤی سیخوڕ، جا سیخوڕی ئیسلامی یان عەلمانی، چەپ یان نەتەوەیی و هەرکەسێک و لایەنێک بێت، جێگای متمانە نییە و مادام ئامادەبێت بۆ دوو پوولی حیز، سیخوڕی بەسەر هاوڕێی خۆی و مرۆڤکانەوە بکات، بۆ دەنیایییەوە مرۆڤی ئاوا، مرۆڤی مەبدەئی نین و بۆ هیچ کەسێک مایە نین و هەردەم و سەعاتە و ڕۆژی بۆپەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان ڕەنگ و ڕووی خۆیان دەگۆڕن و خۆیان دەفرۆشنە ئەم و ئەو.

گیرفانە مرۆڤ*.. فەرهاد کەریم

شەو و ڕۆژ بیست و چوار دەمژمێرە،
نوستن و کارکردن،
گوو کردن و دەم شوشتن،
ئەو دەمەی هەرگیز خاوەن نابتەوە وەک قوون،
چەقییە بۆ بین،
تۆ کاتژمێریت،
چەند دەمژمێر دەدەی بە کوشتن و مردن، بە خوێن و ژیان،
چەند دەمژمێر دەدەی بە جەنگ و سوتان بە ورگ و گیرفان،
دەمژمێرێک نادەی بە مێرات و مێشک و ئاکار،
جەنگ گەرم دەکەی لە پێناوی گیرفان،
ئاوەدانی و خۆشەویستی وێران دەکەی بۆ گەورەکردنی گیرفان،
ورگت گیرفانی برسیەتییە،
سەرت گیرفانی وێرانەیی، ماڵی ماسی و مارو مرۆڤ وێران دەکەی،
سێزو وێژدان و بینینت گیرفانە،
لە پێناوی سەوزی گیرفانت، ژیان پێ گریان و مردن دەکەی
لە ناو مردن دەژیم
دەژیم لە گەل مردن
بەیانیان ڕۆژ پێ دەبێ لە تاریکی
ڕۆژ پێ دەبێ لە تاریکی نیوەڕۆیان
ئێواران ڕۆژ پێ دەبێ لە تاریکی
ڕۆژ پێ دەبێ لە تاریکی شەوان

مرۆڤ تۆ بخەوە بە خەوتنت ژیان رونا‌ک دەبتەوە
بەیانیان ،نیوەڕۆیان، ئێوارە، شەوان ڕونا‌ک
باڵندە، ماسی، ئاژەڵ بە چاوێکەی ڕەشەوە مالئاوا لە مردن و لە
ژیان دێ،
کاتژمێرەکت ماوە بۆ مردن مرۆڤ،
،شەڕەکی گەورە داگیرساوە،
دەم و قوونت وەکو یەکن بە فریای شووشتن ناکەوی،
زمانت پڕ پەیقی خراپ،
ویژدانت پڕ جەنگ، گیرفانی ناخت پڕ ژەهر،
ژەهر پڕژێن دەکەی ژیان، ژەهرت ڕواند لە ژیان،
سەگ و کێتر و ماسی و هەنار لە ناو ئاوەدانی و ئەڤین و خەندەی تێ
ژەهردان لە ناو ژەهر و مردنداین،
مرۆڤ لە ناو گیرفاندا گەشە ناکا
جوانی لە کۆانەکانی گیرفان بار دەکا
گیرفان باڵی نیە بۆ فڕین
ژوان نیە بۆ ئەڤین
لە ناو گیرڤان وەرە دەرێ، مردن ڕاگرە
ژیان بانگت دەکا
لە گەڵ ژیان ئاشتبەوە
گیرڤان مردنی ژیانە
جەنگەکان، پژمینی کەش و هەوا
ئاسمان هەمیشە گریان
مرۆڤی بۆ گیرفان جوانە
گیرفانە مرۆڤ لە خۆت پرسیووە بۆ زەوی پێبووە لە پەپووەی کێر،
لە باڵندەی بریندار،
لە ئاژەڵی خوودار،
لە ماسی گۆڕ،
لە درەختی خەمبار،
لە مرۆڤی گیرفان،
کاتژمێرکت ماوە بۆ مردن مرۆڤە گیرفان،
کە مردیشیت گیرفانە مرۆڤ قووتت دەدا،
مرۆڤە گیرفان بمرە، ژیان پێویستی بە هەناسە دانە،
مرۆڤ حەزی لە غاردانە وەک ئەسپ
وەک کێتر حەزی لە فڕینە
ئەشقی ئاوە وەک ماسی
وەک درەختێکی هەمیشە سەوز ئاشق
وەک سەگ وەفا

بمرە یان وەرە دەرێ لە گیرفان.

*کاتژمێر9 ماڵئاوا لە سەگەکەم بە نەخۆشی بە هۆی دکتۆری بۆوانامەی باڵای گیرفان

2023-7-20

مـاف.. شیعـر: نـزار قبـانی.. وەرگێـڕانی: پشکۆ ناکام

پێش ئەوەی،
فەرمانێکی فاشیستانە دەرچێت
ئەمەوێ خۆشم بوێیت
و
ئەمەوێ کوپێ قاوەت لەگەڵا
بخەمەوێ
و
ئەمەوێ دوو دەقیقێ
دانیشم لەگەڵتا
پێش ئەوەی پۆلیسی نهێنی
کورسییەکان لێ ژەرمانا
داکۆشێ…
و
ئەمەوێ پێش ئەوەی
دەم و قۆم بگرن ،
باوەشت پیاکەم…
و
ئەمەوێ پێش ئەوەی
گومرگ بخەنە سەر فرمێسکەکانم
لە ناو دەستەکانتا…بگریم
ئەمەوێ خانمەکەم
خۆشم بوێیت

و
ڕۆژ ژمێر بگرم
و
ناوی مانگ و ڕۆژکان بگۆڕێ
ئەوە لەسەر ریتمی هەناوکانت
و
بە نیی عەترکەت
کە پێش خەت ئەگاتە قاوخانەکە
سەعاتەکانی دونیا ڕەک بخەم
بە داکەکی لە مافی ئەسپ سواریی
خەشم ئەوێیت ، خانمەکەم
و
بە مافی ژن کە " سوارەکەی " خێی
بەدەی خێی هەبژێرێ
و
بە مافی درەخت
کە گۆڕاکانی بگۆڕێ
و
بە مافی گەل کەی ویستی
فەرمانڕەواکان بگۆڕێ
خەشم ئەوێیت...خانمەکەم

ڕۆژنامەگەریی تەنزئامێز بە کوردی.. نەژاد عزیز سورمێ

گەلێ داخەی چی بە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی ، تا پاش ڕاپەڕین ڕۆژنامەگەریی تەنزئامێزی بە خۆوە نەدیبێ..؟
بۆی ئەگەری باری دەروونی و کارەساتە یەك بەدوایەکەکان وایان کردبێ ، کورد هەمیشە نیگەران و خەمۆکی هەڵکەوتبن و یادەوەرێکی ئەوەندە بەهێزیان هەبێت کەهەمیشە بەئاوڕدانەوە و بەهەندگرتنی ڕابردوو و پەند و عیبرەتەکانی تەماشای دوا ڕۆژیان کردبێ!
ئەمەیان زۆر لەڕاستیدا نزیك نییە ، چونکە هەر بە نموونە ، زۆر

لەگەڵ و ڕۆژهەڵاتناسانیش هەروایان دیوە ، دڵ و زۆنایەك بەسە بۆ کورد لەناو لاشەی مردووان شایت بۆ دابەستێت!!
مەگەر هەر کورد نییە وتوویەتی ! (هینی ئەمڕۆ بەوانەکی سبەی) یا (لەناو جەنازان دەگەڵا دەیگووت خوایە فتنەیەك نەقەومێ).
ئەدی باشە لەناو ئەو هەموو نووکتەباز و سەرچاوەی قسەی نەستەق و حیکایەتە تەنز ئامێزەکانی کۆ و دانیشتنی شەوان ، بۆچی ڕۆژنامەگەریی تەنزئامێزی نەبووە؟.. لە حاڵکدا لەوەتەی ئەم دەوڵەتی عێراقە دروست بووە و پێشتریش لەزەمانی حوکمی عوسمانلی ڕۆژنامەگەریی لەوچەشنە بەعەرەبی و تورکی هەبووە…
سەیریش نییەڕ یەکێك لە پێشەنگەکانی ڕۆژنامەگەریی تەنزئامێز لەعێراقدا کورد بووە (بەڕام بەعەرەبی) ئەویش ڕۆژنامەنووس (نوری ثابت)ـــە کە خەڵکی شاری سلێمانیە و لە بەغدا ژیاوە ، باوکی ئەفسەر بووە لەسوپای عوسمانی …

ڕۆژنامەی (حەبزبوز)ی ساڵی 1931 دەرچووانـدووە ، وەك مـژووی ڕۆژنامەگەریی لە عێراق دا دەیگێڕێتەوە ڕۆژنامەیەکی تەنزئامێزی ئەفسانەیی بووە لای خەڵکی سادە و عاممەی خەڵك ، وەکات تێقێنەریش بووە بۆ هەندێ هەمزی سیاسی و هەمیشە لە زمانی (حبزبوز) ترساون .
کەواتـە مەسـەلەکە پەیوەنـدی بـەدوو لایـەن هەبـووە لـەوەی کـورد ڕۆژنامەگەریی تەنزئامێزی نەبووە ، یەکیان هەر لە بەراییدا ئاقڵ پێنەشکـانە بەڕۆـی ئـەو چەشنـە ڕۆژنـامەگەرییە لـە کۆمەڵگـەدا دووەمیشیان ، نەبوونی ئازادی دەربڕین کەسەردەم و ڕۆژگاری وا هەبووە بەتەنیا بیرکردنەوە لە پڕۆژەیەکی لەو جۆرە ،
ەنگە سەرئێشەی زۆری بەدواوە بووبێت ، جگە لەوەی نووسین بەکوردی ئەگەر نانبڕانی تێدا نەبووبێ ئەوا بڵگومان هیچ دەسکەوتی لێ وەگیر نەهاتووە…
بۆ ڕۆژنامەگەریی تەنزئامێزیش دیارە وێوەتر بووە ، بەوەی هەر لە خۆیدا تەنز شێوازی لاتەرگی و ەخنەئامێزی ئاستەوخۆی تێدا دەبێ کە لە کێشە و خواستی بازاڕ و جادە و کوچە و کۆڵانان سەرچاوە دەگرێ ، ئەمەش دیارە لەدونیای دەسەڵات و سیاسەتدا کارێکی بڤە و نزیك لەبڤەیە و سەر ئێشەی بەدواوەیە…

لەسەرێکی تڕەوە سانسەر و هێنان و بردنی سانسەریش ئەگەرێکی دیکە بووە کە زۆر ڕۆژنامەنووس ئەگەر ئەو بەهرەیەشیان لەخۆ دا دیبێ ، خۆیان لێ پاراستووە…
توانایی دارایش لەولاوە بوەستێ ، بەوەی نە ڕۆژنامەنووسی کورد لەو پایەیەدا بووە بتوانێ پڕۆژەیەکی لەو ەنگە وەبەر بێنێ ، نە خوا

یا ڕۆژگارپەداو و سەرمایەدارانی کورد ڕۆژ لەڕۆژان عاقڵیان بەوە شکاوە و بیریان لەوە کردووەتەوە بچنە ناو وەبەرهێنانی پڕۆژەیەکی کولتووری ئاسایی ، چ جای پڕۆژەی لەو جۆرە کە بگومان لێپرسینەوە و حەفت و هەشتی بەدواوەیە …
ئەمانە هەمووی لەواقیعدا تاك تاك و پێکەوە فاکتەری سەرهەڵنەدانی ڕۆژنامەگەریی تەنزئامێزن ، بەتایبەتی مەسەلەی ئازادی دەربڕین ، بۆیە دەبینین دوای ڕاپەڕین ، ئەگەر کاڵا لەقەد باڵایش نەبووبێ ، ئەو جۆرە ڕۆژنامەگەریە سەرەتایەکی شایانی دەست پێکردووە…

خۆی ئەوی نابێ لەبەرچاو نەگیرێ ڕۆژنامەگەریی کوردی هەر بەدوایی خاڵی نەبووە لە بابەتی تەنزئامێز ، بە پێچەوانەوە سەیر دەکەی هەرکاتێك هەلومەرجێکی لە بار هاتبێتە گۆڕێ ، ئەو چەشنە نووسینانە بڕەویان هەبووە و زۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤارە سیاسی و گشتییەکان لێرە ولەوێ نووسینی تەنزئامێزیان بۆ کردووەتەوە.
لەپاڵ ئەوەشدا تەنزو ەخنەی توانچپێشیان لە شێوەی وێنەی کاریکاتیریان تێدا بووە.
ئەو نووسین و کاریکاتێرانەیش باوەکو جۆگای ڕۆژنامەگەرییەکی تایبەت بەتەنزیان نەگرتبێتەوە بەڵام بەڕادەیەك بوون ، ئەگەر بچینەوە سەریان دەتوانین ئاست و کۆرڤی ئەو ئازادیە هەسەنگێنین لە هەلومەرجی سەردەمی خۆیاندا ، کە ەنگە بێ لێتۆزانی مۆژووی ڕۆژنامەگەریی و تەنانەت لێتۆزانی سیاسی و کۆمەڵایەتیش بێ سوود نەبێ.

بەڵام ئایا ڕۆژنامەگەریی تەنزئامێز وەکو خۆی کەپێویستە ببێ ، مەدارێکە بێ خەم بەبادان و پێکەنین ، یا هەکەوتکە پێویست لەوەی دەچێتەوە ناو ئەو چەشنە ڕۆژنامەگەرییەی لەهەردوو جەوسەریدا لە قاوخی توانچپێشی و ەخنە دەگەنەوەیەك..
ئەوەش دیارە وا دەخوازێ لە پرس و ڕوانینەکانی شەقام سەرچاوە بگرێت ، کەئەو پرس وڕوانینانەیش زۆربەیان لە کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییە لە پێشەکان دەردەکەون کەجارانی زوو ، کاتێ هێشتا ڕۆژمی پێشوو ، گوندەکانی کوردستانی ڕانەگواستبوو ، ئەوانەی لە گوند و دێهاتەکان ژیاون دەزانن لە لادێدا ، بۆپیاوان (کانی پیاوان) یامزگەوت بنکەی ئاوگۆڕی هەواڵ ودەنگوباس بوو ، دەدی زۆربەی جار شێوەی تەنزئامێز و زیادەڕۆیی بە خۆوە دەگرت..
لەبەرامبەریشدا بێ ئافرەتان (کانی ژنان) وەك ئاژانسی دەنگوباس وابوو ، تەنانەت زۆر نهێنی تایبەتیشی تێدا دەرچوو ، ئەو هەواڵانەیش زۆربەیان شێوازی تەنزوپلارو توانجی تێدا دەبوو.

لێرەدا دیسان دەگەڕێینەوە سەر ئەوەی ڕۆژنامەگەریی تەنزئامێز بەهۆی بەرهەستیی شۆوەی دەرچووون و چارەسەرکردنی بابەتە ڕۆژنامەنووسیەکان بەختی ئەوەی نەبووە لەناو ڕۆژنامەگەریی کوردیدا ئەو پێشینەیەی هەبێت..

ئەوەی هەیە پاش ڕاپەڕین سەری هەڵداوە ئەویش بەداخەوە ، بەو هەنگە بڵایەن نەبووە ، خاڵی بێت لەوەی دەچێتەوە ناو ئەو تێکهەڵاییەی لە زێر بواری کوردستاندا هەیە..
کە باس لەبڵایەنیش دەکەین مەبەست ئەوە نییە ڕۆژنامەی لەو چەشنە سەر بەهیچ لایەنێك نەبێ ، ئەمەیان کە لەهەلومەرج ناوەشێتەوە بەقەد ئەوەی لە زەوینەیەکی بڵایەنەوە سەیری کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بکات.
پاش ڕاپەڕین هەندێ لەو بۆاوکراوانە دەرچوون کەدەچنەوە ناو ڕۆژنامەگەریی تەنزئامێزی کوردی کە زۆربەشیان لە شۆوەی گۆڤاردا بوون..
لەوانە گۆڤاری (مەلای مەشهور) لەهەولێر ، هەروەها گۆڤاری (سیخورمە) لەسلێمانی و گۆڤاری (دەهۆ تایمز) لەهەولێر و گۆڤاری (مێروولە) ئەویش هەر لە هەولێر..
وەك دەبینین ژمارەی ئەوبۆاوکراوانە ناگەنە پەنجەی یەك دەست! سەرەڕای ئەوەش زۆربەیان بە بەردەوامی دەرنەچوون.
بۆگومان ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەریە ، بە هۆی شێوازی چارەسەرکردنی بابەتە ڕۆژنامەنووسیەکانی و تایبەتایەتی شایەد ئەگەر لایەنگیشی لە پشت بێت لە ڕووی پشتیوانی ماددی پەسند تر بە شێوەیەك دەربچێ لەوەی دەچێتەوە ناو پرۆژەیەکی بە ئستیلاح ئەهلی .. بەوەی کەشوهەوای ئازادی لە پێشدا فراوانتر دەبێ.
دیارە ئێستا تەکانی ئینتەرنێت و ئەو ئازادییەی تێیاندا فەراهەمە جێی زێر سەکێی تری گرتووەتەوە لەو سەکیانەش تەنزە ، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵکی جیددیم تا ئێستا نەبینیوە (دوور لە تەشهیر و لێك لە هەڵادان) .

چەند کورتە شیعرێک.. زانا کوردستانی

(١)

هەرکاتێک کە بێت

مانگێشەو یا خەرتاو؛

من شەعرەکانم

بە ئەو شەمعانە دەنووسم کە

لە شەی تێک تاریکی شەهید کران.

(٢)

وشانی زەر نەو دەمم تلەقە کرانە

بەنام،

تەنانەت نەوی تەس

کە لەگەڵ هەر شەعرێک دا

دیتە دەر.

(٣)

قشقەڵە کە باڵی گر تەوە

سەر ڕووم تەکانی داهەڵە

بە بەنەی تەنیاییەوە تەڵ بوو!

(٤)

خەمباریەکانم هەڵواسیوە!

کاتە تە هەیت

ئەم دە تەنگیەم کە وەکوو جلەکی

هەراو وایە دەر دەنم...

(٥)

هەموو شەو

شەعرەکانم ماچ ئەکەم!

بەو هیوایە

کە لە بەر خەتەوە بیەە یتەوە!

(٦)

دەمم وەک چەکەک

ئامادەیە بە

لەسەریەک ماچ کردنت...

تا ماچت نەکەم چەکەم دانانم!

(٧)

تە کە نیت،

مەشکم وەکوو ژنەکی نەزەکە!

ناخی شەعرەکانم

پەە وشەگەلەکی نیوەچە.

(٨)

شاعرەکی بەدەسەەاتم،

کە شەعرەکانم

شیاوی خەشەویستی تە نیە!

(٩)

هەست ئەکەم

خەم باندی لکی تەنیایە،

لە خەمی جووتکەی،

[ماتەمبار]

کە نەوانی دوو کەچ،

بالی بەهەز کردووە.

(١٠)

عەقرەبی کاتژمێرکەم

لە ژێر ژەنگی زەر

خەوی لێکەوتووە…

لە ماڵێکدا کە چاوی تە هەڵنایت

تەپڵەبوونی کات واتایەکی نییە؟!

زانا_کوردستانی

لە شاری بروجرد لە پایزگای لەرستان لە ئێراندا

چیرۆکنووسی منداڵان ئەنگەڵ کرالیچیف.. ڕزا شوان

لەو باوەڕدام، بەشێک لە خوێنەران، بە تایبەتیش خوێنەرانی و نووسەرانی بواری وێژەی منداڵان، نووسەری بەناوبانگی بولگاری (ئەنگەڵ کرالیچیف) دەناسن و بە کورتە چیرۆکە خۆشکانی بە منداڵان ئاشنا بوونە. ئەمە کورتە باسێکە دەربارەی کرالیچیف. کە ماوەیەکی زۆرە لە خیاڵمدا بوو،

هەواداری ئەو بووم، کە لە کورتە نووسینەکدا ئەم نووسەرەی وەژەی منداڵان بە خوێنەرانی کوردمان ئاشنا بکەم.
(ئەنگەل ئیڤانۆف کرالیچیف) نووسەر و وەرگێڕکی بەلگاریە، بەکو یەکێکە لە هەرە نووسەرە بەناوبگانگەکانی بولگاریا. کە تا ئەمەش منداڵانکی زۆر لە بولگاریا و لە وڵاتانی جیهاندا، هەگری خوێندنەوەی کورتە چیرۆکە خیاڵییە خۆشەکانین.
ئەنگەل کرالیچیف. لە ڕۆژی (٢١/ شوبات/ ١٩٠٢) لە شارچکەی (ستراژیستا) لە دەڤەری (قەڵکە تارنەڤا) لە بولگاریا، لە خێزانکئ جووتیاری هەژار لەدایک بووە. دایک و باوکی خزمکی کشتوکاڵ بوون. دایکی ژنکی نەخوێندەوار بوو. کرالیچیف لە تەمەنی هەرزەکاریدا، لە کشتوکاڵدا یارمەتیی دایک و باوکی دەدا.
کرالیچیف قوتابیەکی زیرەک و وریا بوو. لە ساڵی (١٩٢١) دا، لە قوتابخانەی ئامادەیی (تارنەڤە) دەچوو. بەڵام بە دەستی هەژاریەوە دەینااند. ناچاربوو کە بە ماوەیەک لە کشتوکاڵ و لە شارەوانیدا کاربکات، بە ئەوەی پارەی خوێندنی زانکۆ دابین بکات.
لە ساڵی (١٩٢٢) دا، لە (بەشی کیمیا) لە زانکۆی (سۆفیا) وەرگیرا. بەڵام ئەم بەشە لەگەڵ ئارەزوویدا نەبوو. بۆیە لە سێیەم ساڵی خوێندندا، وازی لێم بەشە هێنا.
لە ساڵی (١٩٢٨) دا، بەوانامەی بەکالۆریۆسی لە (دیپلۆماتی) دا، لە (زانکۆی ئازاد) لە (سۆفیا) ی پایتەختی بولگاریا وەرگرت.
کرالیچیف کاتکی زۆری بە خوێندنەوەی پەرتووک بەسەردەبرد. داپیرەشی چەندین چیرۆکی خەڵکی فۆلکلۆری و ئەفسانەیی بە گوێیدا دەدا. لە دایکیشیەوە چەندین گۆرانیی فۆلکلۆری فێربوو. لە تەمەنکی بچووکدا بە فۆلکلۆری گەلەکەی ئاشنابوو. هەر ئەو چیرۆکانەی کە داپیرەی بۆی گێڕایەوە، بوون بە ئیلهام و هەوێنی نووسینی چیرۆکەکانی بە منداڵان. کرالیچیف خۆی دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: تەنیا دوو پەرتووک لە ماڵماندا هەبوون، ئەوانیش (سروودی سلاڤیکەڤا) و (مەژووی ئەسکەندەری مەکدەنی) بوون. ئەم دوو پەرتووکەشی لە تەمەنی منداڵیدا لە پەرتووکفرۆشکی گەڕەک کەی، کە بە سەبەتە پەرتووکی بە گوندەکاندا گەڕدا. دواتر ئاشنای پەرتووکخانەی گشتی دەبێت و پەرتووککی زۆر دەخوێنێتەوە.
کرالیچیف لە تەمەنی (١٧) ساڵیدا لە ساڵی (١٩١٩) دا بە یەکەم جار هێنراوەیەکی بە ناوی (هەڵۆ) وە، لە گۆڤاری (بیری قوتابیان) دا بڵاوکردەوە.

کرالیچیف لە ساڵی (١٩٢٣) دا، یەکەم پەرتووکی بە ناونیشانی (ماونا لـوا) کە بـریتیـیە چـنـد هـنـراوەیـەکی شـەشگـۆشـانـە، چـاپـیـکـردن و بـڵاوی کـردەوە. ئـیـلـهـامی ئـەم هـنـراوانـەشی لە رووداوەکانی ئـیـلـوولی وڵـاتـەکـەی بە هـاتبوون. هـنـراوەکانیشی نوە بـوون و بە پـێـچـوانـەی هـنـراوە کلاسیکیـیـەکـانـەوە بـوون. پـێش ئـەوەی چاپیـان بکات بـەشـکیانی لە گـۆڤاری (رۆگای نـوێ) دا، بـڵاویانی کـردەوە.

کرالیچـیـف، نووسـەرێکی نوێخواز و داهـێـنـەرێکی رەسـەنە. خاوەنی هـوونـەر و شـێـوازی نووسـیـنی تـایبـەت بە خـۆیـەتـی. بە پـێـچـوانـەی نووسـەرانی دیکـەوە کە بە مـاوەیـەکی زۆر لە گـۆڕانـدا، بە دوای خـۆیـانـدا سـەرگـەردان بـوون.

کـرالـیـچـیـف کە پـەرتـووکی (رای) بـڵاوکـردەوە، لە لایـەن رەخـنـەگـرانی وەڵـێـیـەوە، پـێشوازیـیـەکی باشـیان لێکـرد. دەکـرێـت ئـەم پـەرتـووکـەی، بە لـووتکە و بە شاکاری نووسینـەکانی کـرالـیـچـیـف هـەژمـاربکـرێـت.

کرالیچیف لە ساڵانی (١٩٣٢ ـ١٩٤٤) وەک سـەرنووسـەر و دەرهـێـنـەر لە رۆژنـامـەی (فـەربوونی هاریکاری) دا کاری دەکرد. چـەند کارێکی (تـەسـتـەی) و (چـیـخـۆف) یشـی لە رووسـیـیـەوە وەرگـێـڕاون بە بولـگاری.

ئـەو کـەسـەی جـێـپـەنجە و کـاریگـەریی لـەسـەر ژیـانی کرالیچـیـف بـەجـێـهـێـشت، نووسـەری بـەناوبـانگی بولگـاری لە بـواری وەڵـەی منـداڵـان (ران بـەسـیلک) بوو. کە لـەو کاتـەدا سـەرنووسـەری گـۆڤاری (شادی منـداڵـان) بوو. بـەسـیلک بە کـرالـیـچیفی وت: پـێـمـوایە کە دەبیت، بە نووسـەرێکی گـەورە و بە تـوانـای بـواری چـیـرۆکنووسـین بـە منـداڵـان. ئـەم هـانـدانـەی بـەسـیـلک، کاریگـەریـیـەکی ئـەرێـنـیی لە ژیـانی کـرالـیـچـیـف هـەبـوو.

کرالـیـچیف لە دوای جـەنگـی جیهـانی دووەمـەوە، رووی لە جیهـانی چـیـرۆکنووسین بە منـداڵـان کـرد و هـەمـوو توانـایـەکی بە ئـەم بـوارە بـەکـارهـێـنا. زیـاتـر لە (٤٠) ساڵ، سـەرقـاڵی نووسـینی کورتە چـیـرۆک و چـیـرۆکی ئـەفسانـەیی و رۆمـانی منـداڵـان بووە.

سوودێکی زۆری لە فـەلکلـۆری بولگاری و بیانی وەرگرتووە. لە ساڵی (١٩٢٥) دا، یەکـەم پـەرتـووکی رۆمانی بە ناوی (میچـۆ) وە بە منـداڵـان نووسـی و چـاپـیکرد و بـڵاوی کـردەوە. سـەرجـەم (١٥) پـەرتـووکی چـیـرۆکی بـە منـداڵـان چـاپکـردووە. بە شـێـوە و شـێـوازێکی ساکار و ئاسـان دایـشتـوون، هـەریـەکـەش لە چـیـرۆکـەکانی مـەبـەست و پـەنـد وانـەیـەکی جـوانیـان لـەخـۆگـرتـوون. چـیـرۆکـەکـانی بـە منـداڵـان

بە زیاتر لە (٥٠) زمان لە سەرانسەری جیهاندا وەرگەدراون. بە زمانی کوردیشەوە. تا ئەمڕۆش چیرۆکانی بەشکن لە بابەتکانی پەرتووکی خوێندنەوەی قوتابخانەی بنەڕەتی لە بولگاریا. چەندین نموونەی بولگاریا بەو چیرۆکانەی کرالیچیف، پەروەردە و ڕەشنبیر کراون. بەشکی زۆری کارکانی، بریتین لە تکەیەک لە هەنراوە و لە پەخشان و لە چیرۆک و دیالۆگ. بە زۆری بریتین لە کورتە چیرۆکی ئەندێشەیی.
نووسەر و وەرگێڕ و زمانزانی لێهاتووی ناسراوی کوردمان، ڕەوانشاد مامۆستا (شوکر مستەفا: ١٩٢٦ـ ٢٠٠٣) چەند چیرۆکێکی هەڵبژاردەی ئینگلیل کرالیچیفی لە زمانی تورکییەوە وەرگێڕاوە بە سەر زمانی کوردی و لە پەرتووکێکدا چاپی کردوون. دووان لەو چیرۆکانە (گوندرێز و مەرگ) و (ئامۆژگاریی گوندرێز) ن.
ئینگیل کرالیچیف دەڵێت:"ئەوەم بە خۆیادا دێت، کە ژیانی خەڵکی بابەتی منداڵ و بابەتی هەنراوە، چەند خەمناك و مات دەبوو".
ئینگیل کرالیچیف، خاتوو (ڤیلا شیڤا) ی ناسی، کە کچێ ئەکتەرێکی شانۆیی بەناوبانگ بوو. لە شانۆی نیشتمانی بولگاری لە شاری سۆفیا کاری دەکرد. ڤیلا زۆر بەهرەمەند بوو، هەودارانێکی زۆری هەبوو. نیازی ئەوەی نەبوو کە هاوسەرگیری بکات، بەڵکو نیازی وابوو کە بە تەواوی هەموو ژیانی خۆی بە شانۆ تەرخان بکات. بەڵام دایکی و هەردوو خوشکەکەی ئەم نیازیان پێ باش نەبوو. بە ڕەکەوت دیدارێکیان لە نێوان کرالیچیف و ڤیلا ڕێکخست. بەم شێوەیە خۆشویستی لە نێوان ئەم نووسەرە و ئەم هونەرمەندە ئەکتەرەدا دەستی پێکرد. ڤیلا شیڤا خانمە ئەکتەرێکی جێی ڕێز و خۆشویستی و سەرنجاکێشانی زۆر لە بینەرانی بوو. ئەمەش وایکرد کە کرالیچیف ئیرەیی پێ ببات و غیرەش لێ هەوادارانی بکات. هەندێ ئیرەیی بە ڤیلا شیڤای خۆشویستی برد. نایدوێست هاندەرکانی لەی نزیک ببنەوە. ڤیلای خستە بەردەم یەکێک لەم دوو هەڵبژاردە: یا کرالیچیف یان پیشکەی هەڵبژێرێت. کاتێک کە ڤیلا شیڤا ویستبووی پیشکەی هەڵبژێرێت، کرالیچیف لە بەردەم شانۆی نیشتمانی بولگاری لە سۆفیادا، فیشکێک بە سنگی خۆیەوە دانێت. خۆشبەختانە فیشکەکە بەر دڵی نەکەوت و لە ژێر پێستیدا جێگیربوو. لە نەخۆشخانە بیان دەرهێنا و چاکبەوە.
ڤیلا بە تەواوی کرالیچیفی هەڵبژارد و کاری شانۆیی وەکو پاشخوانێک بوو. دوای ساڵێک هاوسەر گیریان کرد، تا مردن پێکەوە ژیان. بەڵام ژیانی ئەم ژن و مێردە بە هیچ شێوەیێک ئاسان نەبوو. ڕەنگدانەوەی ئەمەش لە تێبینییە خەمناکەکانی ناو

بەرهەمەکانی کرالیچیف دا، رەنگیداوەتەوە و هەستی پێدەکرێت.
کرالیچیف لە ساڵی (١٩٢٩) دا، بە پەرتووکی (جیهانی چیرۆکەکان) لە لایەن (ئەنجوومەنی نوودوەتی بە وێژەی منداڵان و لاوان) مەدالیای زێڕ و بەوانامەی دیپلۆمی (خاتی هانز کریستیان ئەندەرسین) یان پێبەخشی.
ئەنگەل کرالیچیف، لە ڕۆژی (١٤/ دەسەمبەر/ ١٩٧٢) لە شاری (سۆفیا) لە بولگاریا کۆچی دوایی کرد.
ئەمانە ناوی بەشێک لە چیرۆکەکانی کرالیچیفن بە منداڵان: شایەک بە گوێیەکانی گوەدرێژەوە، درۆکان قاچکانیان کورتن، شوانەکە و ژنەکەی، گورگ و قوربانییەکانی، ئاو کووەی ویستی هەموو شتێک بزانێت، ئەنجوومەنی کەران، داپیرە و ورچەکە، دوو برای قارەمان، کچە زێرینەکە، پاسەوانی دەسەز، شێر و ڕەوی، گوەدرێژ و مەرگ، خوشک و برا، گورگ گورگە، کەتایی جیهان، خەونی گەچان،... هتد.
ئەم کورتە چیرۆکەی ئەنگەل کرالیچیف بە ناونیشانی (دارستان و تۆرەکان) وەک نموونەیەک لە چیرۆکەکانی لە زمانی نەرویجییەوە وەرمگێڕایە سەر زمانی کوردی.
دارستان و تۆرەکان
لەریەکی پێ لە تۆری تازە، کە تازە لە کارگەدا دروست کرابوون. لەسەر ڕێگای ناو دارستانەکەدا وەستا. دارە بچووکەکان، کە بە درێژایی ڕێگاکە لە ئەمبەر و ئەوبەرەوە ڕووابوون، زۆر ترسان و لەرزیان لێهات. گیاکانیان کەوتنە جووڵە و بە چرپە لەگەڵ یەکتریدا دەدوان.
پیرە داربڕوویەکی ئەستوور و بەرز (کە لە ناوەاستی دارستانەکەدا بوو) پرسی: چی ڕووێداوە؟
دارەکان وەاڵامیان دایەوە: کەتایمان هاتووە.
داربڕوویەکە: بۆچی؟!
دارەکان: چونکە تۆرەکان گەیشتنە ناو دارستانەکە.
داربڕوویەکە، داوای لێکردن: باش سەیریان بکەن.. ئایا هیچ لە ئەمیان لەگەڵدایە؟
دارەکان: نەخێر.. هیچ دارەکیان لەگەڵدا نییە.
داربڕوویەکە: کەوابێت مەترسن. گەر هیچ دارەکیان لەگەڵدا نەبێت، هیچیان پێناکرێت و ناتوانن لقیکیشتان لە هەڵپاچن. ترسەکە لەوەدایە گەر کلکی تۆرەکان لە ئەمەی داربێت.
مەبەستی ئەم چیرۆکە ڕەک ئەو پەندە کوردییەمانە:" دار دەڵێت: ئاگەر تۆر کلکی لە خەم نەبوایە نەی دەبەیمەوە". واتا

ئەگەر کەسانی هاوتاوکات یارمەتیی دوژمن نەدەن و نەبنە چاوساغیان، دوژمن ناتوانێت بە کامی خۆی بگات.

(*) بە نووسینی ئەم باسە سوودم لە چەند سایتکی ئینگلیزی و نەرویجی وەرگرتووە.

لە یادی تیرۆری هاوڕێیانی ئازیزدا، هەکار و لۆتکەی درامایەک.. موئەیەد ئەحمەد

هەژی (١٤ی تەموزی٢٠٠٠) هەزە چەکدارکانی "یەکێتی نیشتمانی کوردستان" بەگەیەرەی پلانێکی پێشتر داڕێژراو لە لایەن سەرکردایەتییانەوە تاوانێکی تیرۆریستییان لەناو جەرگەی شاری سلێمانیدا، ئەنجامدا، کە بووە هۆی گیان لەدەستدانی پێنج هاوڕێ: عەبدول باست موحسن، محەمەد موستەفا (کەریم) و ئیبراهیم موحەمەد (هاوکار) و هاوڕێی لەتیف وئومەد نیکبین) کە ئەندامانی (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق) بوون.
یادی ئەو هاوڕێی ئازیزانەم هەمیشە بەرز ڕائەگرم و قەت لە یادم ناچن.
ئەم یادە هەمیشە چرکە ساتێکی دەتەزێنێ بەم کە ئەو هاوڕێیانە بوونە قوربانیی، هەروەها پێ لە هەست و بیرۆڕیەکی تایبەت، نەک تەنها لەبەرئەوەی کە لەگەڵ ئەو هاوڕێ ئازیزانەدا بووم ئەو ڕۆژە، و هەریەک لەو ئەندامانەی (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق) و (لیژنە مەرکەزی)ەکەی، کە لەو بووین، لەناو مەقەر یان ئەفیسی ڕادیکەدا، لە بەردەم ئەگەری تێرۆردا بووین لە لایەن ئەو هیزانەی (یەکێتی)یەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە لۆتکەی درامایەک بوو کە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و کۆمۆنیزمی ئەو نەوەیەی ئێمە لە کوردستاندا تیا چالاکبووین و لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی پێشووەوە شکێگرتبوو، بەم ساتە خەیناوییە گەیشت.
ئەم دەاما خەیناوییە ساتێک بوو لە مەژوویەکی بەردەوامی جەنگی چینایەتی کۆمەڵگەی کوردستان، و ڕووندی ململانێی بزووتنەوە و ڕووت

و تادسینە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فیکری و یەکخراوەییەکانی نیە ئەم کۆمەڵگایە، کە ئەمە لە هەرکات زیاتر تونـد و تیـژ و هەڵاینەتر بووتەوە.
بە بۆای مـن، (یەکێتـی) تەنهـا لەبەر سیاسـەتی جیـابوونەوەی کوردستان، کە ئەو کات (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق) بەرزی کردبووەوە و ئێستاش (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان) بەردەوامە لەسەری، ئەم تیرۆرەی ئەنجام نەدا، و تەنانەت لەبەر بانگەوازی ئەو حزبەش نەبوو بە یەکسانی ژن و پیاو، وە یان هەموو ئەو مەسەلانەی کە (یەکێتی) لە دەعوانامەکەیدا بە داداگا بەرزیکردبووە بە داخستنی مقەرەکانی ئەو حزبە. تەنانەت فشاری ئەرانیش فاکتەری سەرەکی نەبـوو، لەگەڵ ئەوەشـدا کە ئەوە لە تەرادسـیۆنی هیزەکـانی ناسیونالیزمی کوردا بووە و هەیە کە ئەو کارە تیرۆریستیانە ئەنجام ئەدەن بەرامبەر نێیارانیـان بە جۆرێشکردنـی خەیـان لە گەمەی جیۆپۆلیتیکس ودابینکردنی پێداویستیەکانی ئاسایشی دەوڵەتانی ناوچەکەدا. هەموو ئەمانە ئەتوانن تەنها فاکتەری لاوەکی یا هاوکێش بن، بەڵام ناتوانن جەوهەری ئەم کارە تیرۆریستیە بەیان بکەن، چونکە بەسادیی سەرچاوەی ئەو تیرۆرە، سیاسەتی دژە کۆمۆنیستیی و تاکتیکی فاشیستانەی سەرکردەکانی (یەکێتـی) بـوو وەک هیزەکـی میلیشیای ناسیۆنالیزمی کورد.
ناسیونالیزم بەبێ دوورخستنەوەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لە دەستاگەیشتنیان بە سیاسەتی سەربەخۆی چینایەتی خەیان ناتوانێ ئایدیا و ئاسۆی سیاسیی ناسیۆنالیستی خۆی گشتگیر بکات لە ئاستی کۆمەڵگەدا. کێشمەکێشی ناسیونالیزم و هێز و حزبەکانی و دژایەتیان لەبەرامبەر بزوتنەوەی کۆمۆنیستیدا مەسەلەیەکی ستراتیژیە بەیان و لەسەر بەرگرتنە بەووودانی ئەم ئاوگەیـیە لە هاوسەنگی هێزی چینایەتی لە ئاستی کۆمەڵگەدا.
ئاڵای سوور و شۆڕشگێڕی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بەسەر مقەرەکانی ئۆوسای (یەکێتی کۆمۆنیست) لە ڕانیە و سلێمانی و هەڵەبجە و ئاکری وهەولێر لە ئازاری (١٩٩١) و دواتردا، و گۆشەسەندنی بزوتنەوەی شۆڕایی کرێکاران و زەحمەتکێشان و دەور و کاریگەریی یەکخراوەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و (حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق)، جگە لەوەی کە هەر لە سەرتاوە پارتی هەراسانکردبوو، سەرکردەکانی (یەکێتی) ئێش دەمەک بوو سۆغەتکردبوو و هەردەم لە فرسەت ئەگەڕان ئەو تیرە بهاوون لە بزوتنەوەکە و ئەو تاوانە ئەنجام بدەن بەرامبەری کە کردیان.
کەمکردنەوەی نووکی تیژی ڕەخنە، هوشیارانە یان بەبێ قەسد، لە بەرامبەر (یەکێتی) و ناسیۆنالیزم و حزبەکانی دەربارەی ئەو تاوانە

تیرۆریستییە ئۆویش بووی کە (یەکێتی) دژی سەربەخۆیی کوردستان بووە یان فشاری ژەمی ئیسلامی ئیرانی لەسەربووە، خولانەوەیە لەنێو بازنەی ئاسەی زالە ناسیونالیستیدا، وە ئەگەر زەر دریژە بکێشیت ئەبی بە باوەشینی ناسیونالیزم و پاساو بە (یەکێتی) و دیارە ئەمەش پێچەوانەی ڕەخنەی پرۆلیتاریای سۆشیالیستە بەرامبەر ئەم تاوانە کە جەختی لەسەر ململانیی نیوان کۆمۆنیزم و ناسیۆنالیزمە وەک دوو بزوتنەوەی چینایەتی و کۆمەڵایەتی.
ئەوەی کە ئێستا حزب و ریکخراوە کۆمۆنیستیەکان لە هەرێمی کوردستاندا لە چ جۆگەوەگێیەکدان لە ڕووندی خەباتی چینایەتی و بزوتنەوەی کۆمۆنیستیدا جێگەی باسم نییە لێرەدا، بەڵام ئەو کارە تیرۆریستییەی هەزەکانی (یەکێتی) بەدژمان لە (١٤)ی تەموزی (٢٠٠٠)دا، (ئەوکات من ئەندامی لیژنەی مەرکەزی ئەو حزبە بووم) سەروکاری بە مژووی چەندین ساڵەی کەشمەکەشی نیوان ناسیونالیزم و کۆمۆنیزمەوە بوو لە کوردستاندا.
یادی هاوریانی گیانبەختکردوو هەمیشە زیندووە لە لام و وەفاداری پەیان دریژدانە بەخەبات و تیکۆشان لە پیناوی فەرهەامهینانی دینایەکی بە چین و دڵوڕەت، و کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی ئازاد و پە لە خۆشگوزاران بە هەموو ئینسانەکان.

٢٠٢٣-٧-١٤

ئەو نووسەرانەی کە خیانەتی نەبەیان وەرنەگرتووە.. ئەردەڵان عەبدوڵا

خیانەتی نەبە یەکەکە لە خیانەتە ناسراوەکانی جیهان، ماوەی 113 ساڵە، ئەم خیانەتە دابەش دەکرێت، بەشێکی زەری ئەو کەسانەی کە ئەم خیانەتیان وەرگرتووە، ڕەیان لە بواری سیاسی و ئەدەبی و زانستیدا هەبووە. بەڵام مەرجیش نییە هەموو ئەو کەسانەی کە لیژنەی خیانەتکە دیاریی دەکات، باشترین نووسەر یان زانا و ئەکادیمی و سیاسی جیهان بن. زەرجار ئەکادیمیای سویدی بەر ڕەخنە دەکەوێت لەبەرئەوەی

زەرجار ئەو کەسانەی کە بە خەباتەکە هەدەبژێرن، شایستەی ئەو خەباتە نین یان خەکانی تر لەوان باشتر هەیە بۆئەوەی خەباتەکەیان پێ ببەخشرێت.

خەباتی نۆبێل کە لەلایەن ئەکادیمیای سویدیەوە دیاریی دەکرێت و دەبەخشرێت، بۆی ئەم خەباتەش 8 ملیۆن کرۆنی سویدیە واتە نزیکەی 1.1 ملیۆن دۆلار، ئەمەش بە چەند بوارێکە لەوانە: سیاسیی و ئەدەبی و زانستی، من لەم وتارەدا زیاتر قسە لەبارەی ئەدەبەوە دەکەم.

ئەگەر سەیری مێژووی ئەدەبی جیهانی بکەین، خەمان لەبەردەم کەمەک نووسەری مەزنی جیهان دەبینینەوە کە ئەو خەباتیان وەرنەگرتووە، لەکاتێکدا لە تەواوی جیهاندا هەتاوەکو ئەمەش بە یەکێک لە باشترین نووسەری جیهان دادەنرێت، لەرە من تەنها باس هەندێکیان دەکەم لەپێش هەموویانەوە (تێستەی، ئەمیل زۆلا، مارک تووین، ڤەرجینا ڤۆڤ) هەرچەندە زۆری تریش هەن کە نووسەری ناسراو و دیاری جیهان بوون، بەڵام خەباتەکەیان وەرنەگرتووە.

تێستەی

نووسەری ناوداری روسیا و جیهان (لیە تێستەی) کە ساڵی 1828 لەدایک بووە و ساڵی 1910 کۆچی دواییکردووە. بۆپی راپۆرتێکی گۆڤاری نیوزویک، لە لیستی باشترین 100 نووسەری جیهان دادەنرێت. خاوەنی کەمەک رەمانی مەزنە لە پێش هەموویانەوە (جەنگ و ئاشتی، ئانا کارنینا). جگە لەوەش لە بواری رەبازی هومانیستیدا بە یەکێک لە مامۆستاکانی بواری فیکری هومانیستی دادەنرێت. کاتێک ساڵی 1901 لیژنەی ئەکادیمی سویدی ئاویان خستە ناو ئەو لیستەی کە بە خەباتەکە هەبژێرێت، بەڵام دواجار ئاویان هەڵنەبژارد و خەباتەکەیان دا بە نووسەری فەرەنسی رینە سولی برودهەم. ئەمەش بووە مایەی ناڕەزایی نووسەرانی جیهان. لە هەمووی سەیر تر هەواڵستی تێستەی خۆی بوو، لە جیاتی ئەوەی پێی ناخۆش بێت کە خەباتەکەی وەرنەگرتووە کۆچی پێی خۆش بوو، تەنانەت وتوێتی: ئەمە باشترین شانس بوو بە من، چونکە نەمدەزانی چی لەو پارەیە بکەم کە خەباتەکە پێی دەبەخشیم.

ئەمیل زۆلا

ئەمیل زۆلا یەکێکە لە نووسەرە مەزنەکانی جیهان و خاوەنی کەمەک رەمانی ناسراوە لە پێش هەموویانەوە(نانا، گێرمینا…هتد) زۆلا ساڵی 1840 لەدایکبووە و ساڵی 1902 کۆچی دواییکردووە. جگە لەوەش

داهێنەری قوتابخانەیەکی ئەدەبی و هونەری گرنگە کە ئەویش سروشتگرایی. هەتاوەکو ئەمڕۆش لە لیستی نووسەرە باشەکانی جیهان دادەنرێت. بەڵام ئەمیش خاتای نەبەی پێ نەبەخشرا، هەندێک مژوونوس هەکاری ئەم دەگمەنانەوە بە هەڵوەستی سیاسی زۆلا کە لەو ماوەیدا بەهەی داکۆیکردنی لە ئەفسەرێکی جوو بە ناوی دریفوس، دژی حکومەتی فەرەنسا وەستایەوە ناچاریش وات بەجێهێشت، لەوکاتەشدا حکومەتی سوید نۆبڵیستووە دژی حکومەتی فەرەنسا بوستەتەوە.

ڤێرجینا وۆف

ژنە نووسەری ئینگلیزی ڤێرجینا ڤۆف ساڵی 1882 لەدایکبووەو ساڵی 1940 کۆچی دوایی کردووە، کە باسی ئەدەبی ژنان بکەین، ناتوانین باسی ئەم ژنە نووسەرە نەکەین، لە بواری داهێنانی ڕەمانی نوێی ئینگلیزییدا، ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە. هەروەها لە بواری بزوتنەوەی ژنانیشدا چالاکوانێکی زۆر دیار بووە و خاوەنی کەمێک ڕەمانی مەزنە لەوانە (شەو ڕۆژ، ژوورەکەی یاکوب…هتد) هەرچەندە ڤێرجینا یەکێک بووە لە ناوە ناسراوەکانی ئەدەبی جیهانی بە گشتی ژنان بەتایبەتی، بەڵام ئەکادیمیای سویدیش، ئەمیشی نەخستە ناو لیستی وەرگرانی خەاتەکەوە.

مارک توین

زۆرجار مارک توین بە باوکی ئەدەبی ئەمریکی دەناسرێت، ساڵی 1835 لەدایکبووەو ساڵی 1910 کۆچی دواییکردووە، خاوەنی کەمێک ڕەمان و چیرۆکی مەزنە، لەپێش هەموویانەوە:(سەرکەشیەکانی تۆم سویری، هەکلبەری فین) جگە لەوەش خاوەنی شێوازیکی تایبەتی نووسین بووە. مارک توین ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە پێشخستنی ڕەمان و چیرۆک و کۆرتە چیرۆکی ئەمریکی، کەچی سەیر دەکەین ئەمیش لە لایەن ئەکادیمیای سویدیەوە خەاتەکەی پێ نەبەخشراوە. لەکاتێکدا هەتاوەکو ئەمڕۆ، کتێبەکانی بە زۆربەی زمانەکانی جیهان وەرگێڕاوە.

دەرەنجام

بەدڵنیاییەوە مەرج نیە ئەو نووسەرەی خەاتی نۆبڵی پێ نەبەخشرابێت، ئیتر نووسەری باش نیە یان خاوەنی داهێنان نیە، ئەگەر سەیری مژووی ئەدەبی جیهانی بکەین، زۆر ناوی گەورە دەبینین کە ئەم خەاتەیان وەرنەگرتووە . جگە لەمانەی سەرەوە کەمێک نووسەر و ڕەماننووسی ناوداری جیهان خەاتەکەیان وەرنەگرتووە لە

پێش هەموویانەوە: (مارسێل برۆست، لوویس بۆرخیست، نیکۆلاس کازانتزاکی، جیمس جویس)کەمکی تر.
هەروەها زۆرجاریش هەنبژاردنی ئەو نووسەرانە، پێوەندی بە هەوەستی سیاسیی ئەو کەسانە یان حکومەتی سویدییەوە هەبووە. بە نموونە نیکۆ کازانتزاکی نووسەری ناسراوی یۆنانی، بەهۆی نزیکی لە حزبە چەپەکانەوە هەنبژێرا. ئەگەر سەیری لیستی ناوی ئەو کەسانەش بکەین کە خاتکیان پێ بەخشراوە، زیاتر ئەوروپین، رێژەی نووسەرانی ئاسیاویی و ئەفریقایی زۆر کەمە، لەکاتێکدا چ لە ئاسیا یان ئەفریقا، نووسەری ئەجگار مەزنی تێدابووە.

سەرچاوە:
أدباء و شعراء و مٶلفون عظماء لم يحصلوا على جائزة نوبل

www.albawaba.com/ar

ئاو ناخواتەوە مردوو.. فەرهاد کەریم

سەگەکەم لە هاوژینەکەم زیاتر خۆشیدەوێم
لە سەگ فێرە خۆشەویستییبە مرۆڤ
ئاوێنە و ئەوینە خۆشەویستی و ژیان
ببە بە ماسی و باڵندە ببە بە درەخت و سەگ
فێربە فێربوون جوانیە مرۆڤ
ژیان بازاڕێکی هەشە بۆ سپیکردنەوەی ڕۆح
بارانبە لە روبارێکی درژ وغەمگین بۆ خاکی وشک ئاو
ژیان هەرزان فرۆش مەکە بۆ ڕۆژێکی خنکاو
بەو ڕۆگایە بڵێت دەگەیتە هیچ
لەی تێپەیووم هەنگاوە ونبووکانم بزر
کاڵ بومەتەوە هێندەی لە ئاسمان بڕوانم
ڕۆگایەک تاقیکەوە کە من پێیدا نەڕۆیشتبم
بە گۆرانیەکانی خۆت دۆ خۆشبە

ڕەمەدە دەست بە گیرفانی فرمێسکەکانت بگێڕن
بە مردۆ بوون سزا
ڕۆژی تاریکت لە ناو شەوی ڕوناک فڕێدە
زووتر ئەستێرەکان مردۆ بوون بە ڕێیەکی خواردا ڕێشتن
ونبوونی ئەوانیدی ئاوێنەنیە و نابینی خۆت
لە ناو ئاوێنەی خۆت بگری باشترە لە پێکەنینی ساردی مردۆ
ئاوەدانیەکی شیرینە پەیڕەوە لە خەمی تاریک
فڕێنکی نزمە برین
خەوی گران قەفەز
لە ئاسمان بچووک دیارە مردۆ
لە خۆی نزمتر خەونی
خۆرایە بێ مردن
نە خۆشخانە هوتێڵە بێ ژیان خەواندن
بانقە و ژیانی لێدادەنێین بێ مردن
لە دەرەوەی خۆتبە
مردوو تەڕ نابێت بە باران
ئاو ناخواتەوە تینووە مردوو بێ دەرەوەی ژیان
ژیان مردووە بە دەمامک
ماندووە بە پێکەنینی درۆی سارد
بە چەقۆی ئاگر و سوتانی ماچ
ئەوینی بریندارو مردنی ژیان
لە تۆ فڕە خۆشەویستی نەبووم
چەقۆی درۆ و سوتانی سارد
سەگ ئازا بوو خۆشتبوێم
تۆش مار و ماسی و مەڕ و مراویت خۆشبوێ مردۆ
بە خۆشەویستی دەژیت و نامریت
ئاسانە وەک من نەمریت و بژیت
هەرزانە ژیان
مردن گران

سنووری ئازادی دەربڕین لە کوێدایە؟.. وەرگێرانی: کاوە عومەر

دیمانەی خەلیل کێوان لەبارەنامەی وێنام لەگەڵ حەمید تەقوایيدا

بۆ پشتبەستن بە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ کەناڵ جەدید کە مانتاژ کراوە

خەلیل کێوان: ئایا ئازادی ئادەربڕین سنووری هەیە؟ ئایا پێویستە لەگەڵ بڵاوپێدانی بیرکەی خورافات و دژە زانستی و دژە مرۆڤایەتی بدرێت؟ ئایا پێویستە ڕێز لە هەموو بۆچوونێک بگیرێت؟ پێوەندی نێوان ئازادی دەربڕین و ئازادی ئایین چیيە؟ ئایا لەخنەگرتن لە تابو و خورافات و پیرۆزباوەڕ و دگما و هەزرە نەتەوەیی و ئایینیەکان وروژێنەر نیيە؟ ئایا نابەتە هەی دروستبوونی گرژی لە کۆمەڵگادا؟ ئایا نابێت هێندێک ڕێزی لە بگیرێت؟ و لە کوێدایە، کێنتەکستە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئابووریيەکانی ململانێ لەسەر ئازادی ئادەربڕین چین؟

ناوبەناو پرسی ئازادی دەربڕین دەبێتە پرسێکی گەرم لە کۆمەڵگە و لە میدیا و ئای گشتیدا. لەم دواییانەدا کاتێک پەنابەرێکی عێراقی لە سوید ئاگری لە قورئان بەردا، جارێکی دیکە ئەم مشتومڕە وروژێنرایەوە. پێشتر لە بۆنە جیاوازەکاندا، لەوانە کارتۆنەکانی چارلی ئیبدۆ لە فەرەنسا، هەروەها لە دانیمارک و وڵاتانی دیکە، هەڵوێستی حکومەتە ئیسلامیيەکان و کۆشتنی ئیسلامیيەکانمان بینی. لەگەڵ هەر دەرئەنجامێکی ئەم جۆرە پرسیارە کۆنەکان دووبارە سەرهەڵدەدەن. لە بەرنامەی ئەمڕۆدا ئەو پرسیارانە لەگەڵ حەمید تەقواییدا دەخێنە بەرباس.

حەمید تەقوایی ئایا ئازادی ئادەربڕین بە مانای گشتی خۆی، وەک ئەوەی لە زمانی ئینگلیزیدا پێی دەوترێت freedom of expression ، حەد وحدودێکی هەیە؟ ئایا ئەبێت پەرپێدان و بڵاوکردنەوەی بیرکەی خورافات و دژە زانستی و دژە مرۆڤایەتی ئازاد بێت؟

حەمید تەقوایی: بەڵای من نابێت دانانی هیچ سنوور و بەربەستێک بە ئازادی ئادەربڕین قبوڵ بکرێت. چونکە هەر مرۆڤ و کێت وبەندێک دابنێیت ئەوە خودی ئازادیت پشێلت کردووە. ئینکاری ئازادی ئادەربڕین هەمیشە بە هەکار یان باشتر بڵێین بیانوویەکدا

ڕواییی پێدەدەن، وەک سوکایەتیکردن بە پیرۆزییە ئایینی و نەتەوەیی- نیشتمانیەکان، سوکایەتیکردن بە بیروڕای جەماوەری خەڵک، مەترسی خستنە سەر ئاسایشی نەتەوەیی، شکاندنی نەرمەکان، پشێلکردنی داب و نەریتی کۆن و هتد..هتد . بەم جۆرە پاساوانە، هەمیشە ئازادی ئادرێبینیان سنووردار و پشێل کردووە. بەتایبەت ئایین و دۆگمای ئایینی هەمیشە بەربەست بووە لەبەردەم دەربڕینی ئازادی بیر و بۆچوندا. ئەگەر کەسێک بەداستی باوەڕی بە ئازادی دەربڕین هەبێت، نابێت هیچ مەرجێک قبوڵ بکات چونکە ئازادی مەرجدار ئازادی نییە.

هەڵە وەڕامی پرسیاری دووەمتدا، ئایا دەربڕینی هەر بۆچوونێک ئازادە، وەڵامەکەی بەڵێیە. ئەبێت هەموو بۆچوونێک ئازاد بێت کە خەڵکی دەرببێت. دژە زانستی یان خورافات و نامرۆڤانە بوونی هەر بۆچوونێک نابێت ببێتە هۆکارێک بۆ قەدەغەکردنی دەربڕینی ئەو بۆچوونانە. هەڵگای مامەڵەکردن لەگەڵ باوەڕی هەڵە، هەڵخەڵگرتنە لەیان و نێک قەدەغەکردنی دەربڕینیان. ئەگەر ئەم پێوەرێت دانا کە بۆ نمونە بیروڕای دژە زانستی یان خورافات و دژە ئینسانی مافی دەربڕینیان نییە، ئەوا هەڵگات کردەتوە بۆ ئەوەی هەر جۆرە دەربڕین وڵەکدانەوەیەک بێتە مەیدانەکە و هەڵگری لە دەربڕینی هەر جۆرە باوەڕێک بکات. هەموو دامەزراوەکانی لەکەڵینەوە و وردبینی، "ئیرشاد" و "دیاریکردنی گونجاوی" و هاوشێوەکانی لەسەر ئەم بنەمایە کاردەکەن.

هەکاتێک ئەمە بەرگری لە ئازادی بیروڕا و دەربڕینی بیروڕا دەکەین مەبەستمان ئازادی بە کۆت وبەندە بە هەر جۆرە باوەڕ و بە هەر بۆچوونێک. کەهەڵگا دەبێت هەموو بۆچوونەکان ببیستێت و چاک لە خراپ جیا بکاتەوە و بە خۆی بیار بدات کام بۆچوون هەڵە و خورافات و دژە مرۆڤ و کام بۆچوون ڕاست و ڕاستقینە و ئینسانییە. هەر جۆرە سنووردارکردنێک بە ئازادی ئادرێبین، هەر جۆرە مەرجێک بە ئازادی ئادرێبین، بە بەوای من نکۆییەکی تەواوەتی ئازادی ئادرێبینە.

خەلیل کێوان: بۆچی زۆرێک لە هەزکان بە لیبراڵکانیشەوە کە بانگەشەی ئازادیخوازی دەکەن، بەدانانی سنوور و بەربەست بە ئازادی ڕازی دەبن؟ بە نمونە دەڵێن نابێ سوکایەتی بە بیروباوەڕ و پیرۆزییە ئایینی و کولتووری نەتەوەییەکان بکرێت. بۆچونی ئەوە لەم بارەیەوە چییە؟

حەمید تەقوایی: هەندێک بەرژوەندی تایبەت وا دەخوازن کەئەو

هەزانە بەم شێوەیە قسە بکەن. جگە لە ئایین، هەزە لیبرالەکان لە هەموو بەشەکانی جیهاندا جەخت لەسەر دەگما و بیروباوەڕ و پیرۆزییە نەتەوەییە نیشتمانیەکان دەکەنەوە. لە ئەراندا ئایین حوکم دەکات و لە هەموو شوێنێک سەبارەت بەشی ئایین دەبینین. بە بیانووی سوکایەتی کردن بە شتە پیرۆزەکان یان پێغەمبەری ئیسلام یان سەبولنەبی و پاساوەکانی تری لەو جۆرە زمانیان دەبڕن. بەڵام لە وڵاتانی تر جگە لە ئایین و ناسیۆنالیزم و نیشتمان پەرستی و خاک پەرستی – لەژێر ناونیشانی نەریتی مێژوویی و شانازی وڵاتێک یان نەتەوەیەک، بە بیانووی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، کە هاوکات یەکێکە لە گەپاڵەکانی سەرکوتکردنی کەماری ئیسلامیش، لە ژێر ناونیشانی پاراستنی سنوور و هتد – هەمیشە بەربەستێک بووە لە بەرامبەر ئازادی ئادەربەین. ئەم سنووردارکردنانە ئاستەوخۆ خزمەت بە چینی دەسەڵاتدار و ئەو کەمینەیە دەکەن کە دەسەڵاتی سیاسی و زەربەی سەروەت و سامانی کەمەگەیان لەبەردەستدایە. لە واقیعدا ئەوەی بە حکومەتکان و چینە دەسەڵاتدارەکان پیرۆز، پاراستنی دەسەڵات و سەروەت و سامانە و هەکاری هەبوون و بەهای بەکارهێنانی پیرۆزی نەتەوەیی-نیشتمانپەروەری-ئاینی هیچی تر نییە جگە لە پاراستنی نەزمی هەبوو و دەسەڵاتی چینی دەسەڵاتدار.

کەمەگە پەویستی بە ئازادی دەربەین هەیە هەک بە ئەوەی هەخنە لەم جۆرە پیرۆزییە نەتەوەیی-نیشتمانی-ئاینییە بگرێت. بنەمای ئازادی دەربەین، یان باشتر بڵێین ئامانج و پەویستی ئازادی دەربەین، تەکشکاندنی ئەو دەگما و پیرۆزییانەیە. هەخنە لەمانە بگرێ، ئەمانە فەق بدە. هەر لەبەر ئەم هەکارە ئاگەر کەسێک بەڵێ من دان بە ئازادی دەنێم دەنێم، بەڵام نابێت بە نمونە سوکایەتی بە پیرۆزییە نەتەوەیی و نیشتمانی یان ئاینییەکان یان بیروباوەڕی خەڵک بکات، لە ڕاستیدا هەگای کردەتەوە بە پاساوهێنانەوە بە سنووردارکردن و قەدەغەکردن و زمانبەین

بەڵای من سوکایەتیکردن بە بیروباوەڕەکان هیچ مانایەکی نییە. نابێت سوکایەتی بە تاک بکرێت، بەڵام هەموو باوەڕێک جێی هەز نییە، ناتوانین بەیەن چونکە باوەڕەکان لەلایەن جەماوەری خەڵکەوە قبوڵکراون و لە مێژە بەشێک بوون لە بیروباوەڕی گشتی و هتد، بۆیە لە هەخنە پارێزراون. ئازادی بیروڕا و ئادەربەین بەو مانایەشەکە هەر بەچوونێک چەندە باو بێت و جەماوەری هەبێت لە کەمەگەدا ، دەتوانرێت هەخنەی لە بگیرێت و بە شێوەکی سروشتی لایەنگرانی هەر بەچوونێک مافی خۆیانە بەرگری لە بەچوونەکانیان بکەن. ئازادی

دەربڕین نیک بۆ مانای دەت، ئەم دیالۆگ و ئەم گفتوگۆیە و ئەم ئاوەڕۆیانەی ئازادانەی بیروڕا و بیرکردنەوە. ئەم ئازادییە دەبێت لە کەمپەینگادا بوونی هەبێت بۆ ئەوەی کەمپەینگا بزڕ بێت، بارەو پشکۆتن بۆات و کەمپەینگایەکی مرۆیی زیندوو بێت.

خەلیل کێوان:لۆگۆی ئەم ڕاقێدا چ پێوەندییەک دەبینیت لە نێوان ئازادی ئایین و پەیوەندی ئایینی و مافی ئازادیدەربڕیندا؟

حەمید تەقوایی: دیاری ئازادی دین بەشکە لە ئازادی باوەڕ. هەرکەسێک ئازادە هەر ئایینێکی هەبێت یان هیچ ئایینێکی نەبێت و ئازادە لە دەربڕین و پەیوەندکردنی بەچوونی ئایینی یان نائایینی و دژە ئایینی خۆی.

لە جیهاندا هەزاران ئایینی جیاواز هەن و پەیڕەوانی هەر ئایینێک هەمیشە ئازاد بوون لە بانگەشەکردنی بیروباوەڕی خۆیان. بەڵام ئەوەی گرەنتی ئازادی ئادەربڕین دەکات، ئازادی ڕەخنەگرتنە لە ئایینەکان. لە کاتێکدا ئەمە پەیمان وایە پەیڕەوانی هەر ئایینێک ئازادن لە پەرەپێدانی بیروباوەڕی خۆیان و نووسینی کتێب و وتاردان و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانیان، هەروەها جێخت لەوە دەکەنەوە کەبۆ خوداکانیش، ئەوانەی باوەڕیان بە هیچ خوداێک نییە، ئەوانەی کە نادینن و دژە ئایینییەکانن، بە تەواوی ئازادن لە ڕەخنەگرتن لە ئایین و تەنانەت نوکتە و تەنز و ڕۆگەی دیکەی دەربڕینی بەچوون لە ڕەخنەگرتن لە ئایینەدا بەکاربهێنن. ئازادی دەربڕین و ئازادی بیروڕا نەک هەر پێچەوانەی ئازادی ئایین نییە، بەڵکو گرەنتی ئازادی ئایینیش دەکات.

ڕەاستییەکە ئەوەیە کە هەکاری سنووردارکردن و ڕەگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ئایین بەزەری ئایینەکانی دیکەیە. بە نموونە بەهاییەکان لە کەماری ئیسلامیدا ئازاد نین. وە بە گشتی هەموو ئایینە غەیرە شیعەکان لە ژێر هەموو جۆرە فشارێکدان. مەژووی کۆنیسەی کاسۆلیکی پڕ لە هەرش بە سەر ئایینەکانی تر. ئەو فاکتەرەی کە هەمیشە ئازادیی ئایینی پشێل کردووە، ئایینی باڵادەستە لە هەموو کەمپەینگایەکدا. ئازادی هەموو ئایینەکان بە ڕاستی تەنیا لە کەمپەینگا سکۆلار و عەلمانیەکاندا دەتوانێ بوونی هەبێت. ئەمانە ئەو ئایینانەن کە تیغ بەرامبەر یەکتر ڕادەکشن، بەڵام ئاتەئیست و بە خوداکان پەیوەستیان بە پشێلکردنی ئازادی دین نییە. ئەوان ئایین بە خورافات دەزانن و پێیان وایە ئەگەر کەمپەینگا

ئازاد بێت و هیچ سنوورێک بۆ دەربڕینی بیروڕای دژە ئایینی و نائایینی نەبێت، ئەوا دەکرێت بۆ تەواوی ڕۆژنەی لە ئایین بگیرێت و ئاشکرا بکرێت.

خەلیل کەیوان:زۆرێک پێیان وایە گاڵتەکردن و تەنزکردن بەرامبەر بە ئایین، پێڕەوانی ئایین هاندەدات و دەبێتە هۆی نائارامی و گرژی و کردەوەی توندوتیژی. ئایا نابێت ڕۆژ لە بیروباوەڕ و هەستی جەماوەر بگرین یان لانیکەم ئیستفزازییان نەکەین؟

حەمید تەقوایی: دەبینیت نوکتەو گاڵتەو گەپ یەکێکە لە فەرهەنگانی دەربڕین. جارێکە لە دەربڕین کە دەتوانێت زۆر کاریگەر بێت لە کەمپەینگادا. دەتوانێت گۆڕانکاری زۆری هەبێت، دەتوانێت سەرنج ڕابکێشێت. بەشێکی گرنگی ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی گوتار و کتێب و شانۆنامە و فیلمی تەنزئامێزی دژ بە پیرۆز و دگما و بیروباوەڕی خورافیی خۆیەکە.

ئەوەی کە خۆیک ئیستفزاز دەکرێن، بابەتێکی ڕۆژیە و. تا ئێم ئازادییانە فراوانتر بن، هەستی گشتی کەمتر وروژێنراون. دەبینیت لە کەمپەینگاکانی ڕۆژئاوادا ئایین یەکێکە لە بابەتە هاوبەشکانی کەمپەینگادا. دەتوانێت گۆڕانکاری زۆری هەبێت، دەتوانێت سەرنج ڕابکێشێت. بەشێکی گرنگی ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی گوتار و کتێب و شانۆنامە و فیلمی تەنزئامێزی دژ بە پیرۆز و دگما و بیروباوەڕی خورافیی خۆیەکە.

ئەوەی کە خۆیک ئیستفزاز دەکرێن، بابەتێکی ڕۆژیە و. تا ئێم ئازادییانە فراوانتر بن، هەستی گشتی کەمتر وروژێنراون. دەبینیت لە کەمپەینگاکانی ڕۆژئاوادا ئایین یەکێکە لە بابەتە هاوبەشکانی کەمپەینگادا. دەتوانێت گۆڕانکاری زۆری هەبێت، دەتوانێت سەرنج ڕابکێشێت. بەشێکی گرنگی ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی گوتار و کتێب و شانۆنامە و فیلمی تەنزئامێزی دژ بە پیرۆز و دگما و بیروباوەڕی خورافیی خۆیەکە.

ئەوەی کە خۆیک ئیستفزاز دەکرێن، بابەتێکی ڕۆژیە و. تا ئێم ئازادییانە فراوانتر بن، هەستی گشتی کەمتر وروژێنراون. دەبینیت لە کەمپەینگاکانی ڕۆژئاوادا ئایین یەکێکە لە بابەتە هاوبەشکانی کەمپەینگادا. دەتوانێت گۆڕانکاری زۆری هەبێت، دەتوانێت سەرنج ڕابکێشێت. بەشێکی گرنگی ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی گوتار و کتێب و شانۆنامە و فیلمی تەنزئامێزی دژ بە پیرۆز و دگما و بیروباوەڕی خورافیی خۆیەکە.

ئەوەی کە خۆیک ئیستفزاز دەکرێن، بابەتێکی ڕۆژیە و. تا ئێم ئازادییانە فراوانتر بن، هەستی گشتی کەمتر وروژێنراون. دەبینیت لە کەمپەینگاکانی ڕۆژئاوادا ئایین یەکێکە لە بابەتە هاوبەشکانی کەمپەینگادا. دەتوانێت گۆڕانکاری زۆری هەبێت، دەتوانێت سەرنج ڕابکێشێت. بەشێکی گرنگی ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی گوتار و کتێب و شانۆنامە و فیلمی تەنزئامێزی دژ بە پیرۆز و دگما و بیروباوەڕی خورافیی خۆیەکە.

ئەوەی کە خۆیک ئیستفزاز دەکرێن، بابەتێکی ڕۆژیە و. تا ئێم ئازادییانە فراوانتر بن، هەستی گشتی کەمتر وروژێنراون. دەبینیت لە کەمپەینگاکانی ڕۆژئاوادا ئایین یەکێکە لە بابەتە هاوبەشکانی کەمپەینگادا. دەتوانێت گۆڕانکاری زۆری هەبێت، دەتوانێت سەرنج ڕابکێشێت. بەشێکی گرنگی ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی گوتار و کتێب و شانۆنامە و فیلمی تەنزئامێزی دژ بە پیرۆز و دگما و بیروباوەڕی خورافیی خۆیەکە.

ئەوەی کە خۆیک ئیستفزاز دەکرێن، بابەتێکی ڕۆژیە و. تا ئێم ئازادییانە فراوانتر بن، هەستی گشتی کەمتر وروژێنراون. دەبینیت لە کەمپەینگاکانی ڕۆژئاوادا ئایین یەکێکە لە بابەتە هاوبەشکانی کەمپەینگادا. دەتوانێت گۆڕانکاری زۆری هەبێت، دەتوانێت سەرنج ڕابکێشێت. بەشێکی گرنگی ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی گوتار و کتێب و شانۆنامە و فیلمی تەنزئامێزی دژ بە پیرۆز و دگما و بیروباوەڕی خورافیی خۆیەکە.

ئەوەی کە خۆیک ئیستفزاز دەکرێن، بابەتێکی ڕۆژیە و. تا ئێم ئازادییانە فراوانتر بن، هەستی گشتی کەمتر وروژێنراون. دەبینیت لە کەمپەینگاکانی ڕۆژئاوادا ئایین یەکێکە لە بابەتە هاوبەشکانی کەمپەینگادا. دەتوانێت گۆڕانکاری زۆری هەبێت، دەتوانێت سەرنج ڕابکێشێت. بەشێکی گرنگی ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی گوتار و کتێب و شانۆنامە و فیلمی تەنزئامێزی دژ بە پیرۆز و دگما و بیروباوەڕی خورافیی خۆیەکە.

ئەوەی کە خۆیک ئیستفزاز دەکرێن، بابەتێکی ڕۆژیە و. تا ئێم ئازادییانە فراوانتر بن، هەستی گشتی کەمتر وروژێنراون. دەبینیت لە کەمپەینگاکانی ڕۆژئاوادا ئایین یەکێکە لە بابەتە هاوبەشکانی کەمپەینگادا. دەتوانێت گۆڕانکاری زۆری هەبێت، دەتوانێت سەرنج ڕابکێشێت. بەشێکی گرنگی ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی گوتار و کتێب و شانۆنامە و فیلمی تەنزئامێزی دژ بە پیرۆز و دگما و بیروباوەڕی خورافیی خۆیەکە.

خەڵکی وڵاتانی ئیسلامی بۆنە سەر شەقام و دەست بکەن بە ئاژاوەگێڕی و تووندوتیژی و هتد. چەند کەسێک کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە حکومەت و ناوەندە ئیسلامییەکانەوە هەیە، جێنجاڵی دروست دەکەن و بابەتەکە دەخەوێت.

ڕاخاڵکی تر ئەوەیە کە ڕەگای ڕەگریکردن لە هاندانی هەست و سۆزی ئایینی (چ لەلایەن حکومەت و هێزە ئاینییەکان یان بەشێک لە کەمڕەگاوە) ڕەخنە و تێنزکردنی ئایین تا ئەو جێگایەی کە دەکرێت. تا زیاتر ڕەخنەی تێنزئامێز لە ئایین بکاوبکەیتەوە، کەمڕەگا زیاتر بە بوێری و نەرم و نیانییەوە مامەڵە لەگەڵ کێشەکەدا دەکات و هیچ گرژییەک دروست نابێت. ڕەگاکەی ئەوەیە کە نەریتی ڕەخنە لە ئایین درێژە پێ بدەین وفروانی بکەینەوە.

ڕاخەلیل کەیوان:من کەمڕەگایەکی ناناسم کە تابۆ و شتی پیرۆزی تێدا نەبێت. نزیکەی لە هەموو شوێنێک ڕووبەرووی ئەم کێشەیە دەبینەوە. بیروباوەڕی ئایینی نەتەوەیی لە ڕیزی ئەو تابۆ و پیرۆزانەدایە. بۆیە ئەو تەنها بە ئازادی ڕادەربڕین و ڕەخنە مامەڵە لەگەڵ ئەو بیروباوەڕە و دەگمایانە دەکرێت و نەهێن؟ ئایا ڕەگای مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانەدا لەناوبردنی زەمینە و هۆکارە کەمڕەگایەتی و ئابووریەکانیان نییە؟

ڕحەمید تەقوایی: ڕوونە کە هەموو باوەڕێک زەمینەی کەمڕەگایەتی و بابەتیی هەیە. بە ئایینیشەوە، کە ڕەگ و ڕیشەی بووەنی هەژاری و جیاکاری و نایەکسانی و ئازار و بەدبەختییەکانی جەماوەرە. لە ڕاستیدا ئایین بووەتە پێویستی بە شیاویکردنی بڕگەگرتنی ئەم جیهانە نایەکسان و نامرۆڤانەیە. ڕەگی ئایین ناردنی دادپەروەری و یەکسانی و چارەسەرکردنی هەموو بەبەشی و ئەو ئازارانەیەکە هەن بە دونیایەکی تر و جەماوەری خەڵک گوڕایەڕ و هەمن بکاتەوە. ئەم بەکارهێنانەی ئایین بە درێژایی مێژوو بە چینی دەوڵەمەند و دەسەڵاتدار بووە.کەڵک وەرگرتن لە پیرۆزییە نەتەوەیی-نیشتمانیەکان، هەروەها بەرگریکردنە لە بەرژەوەندییەکانی چینی دەسەڵاتدار لە ژێر ناوی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکاندا. هەموو شێوەکان لەژێر ناونیشانی بەرگریکردن لە نیشتمان و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان ئەنجام دەدرێن، بەڵام لەڕاستیدا مەبەست و هۆکاری ڕاستەقینەیان پاراستن یان فراوانکردنی بەرژەوەندی چینی دەسەڵاتدارە-لە سەردەمی ئەمەدا چینی سەرمایەداری- لە وڵاتێکدا کە لە کەبەکەدایە لەگەڵیدا فەرمانڕەواکانی وڵاتانی دیکەدا.
بەبێ گومانی تێدا نییە کە مەرجی کەمڕەگایەتی بە بنبڕکردنی ئایین و

ناسیۆنالیزم، لێناوبردنی کۆمەڵگای چینایەتییە. بە ئاوەژوو کردنی شتە پیرۆز و تابۆیانە بنبڕ بکرێت، پێویستە ئەو هەلومەرجە بابەتییانەی کە پێویستیان بەم خورافاتانە هەیە، لێناو ببرێت و بنەمای ئەم هەلومەرجە بابەتیانە نایەکسانی چینایەتییە. بەڵام خەبات لە دژی ئەم هەلومەرجە بابەتیانە لە بەشایستەدا ڕووبەڕووناداتەوە. ئاخر هەموو ئازارەکانی کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆ، لە هەژاری و بێ مافی، نایەکسانی و چەوساندنەوە تا هەڵاواردن لە دژی ژنان و دەسەڵاتی حکومەتە تاوانکارەکانی وەک کۆماری ئیسلامی، هەکاری دەسەڵاتی پیوەندییەکانی سەرمایەداریدایە. وەک چۆن خەبات لە هەرکام لەو بوارانەدا بەشێکی دانەبڕاوە لە خەبات دژی چینی دەسەڵاتدار، تێکۆشان لە دژی پیرۆزیە نەتەوەیی-ئاینییەکانیش بەشێکی گرنگی خەباتی گشتی دژ بە دەسەڵاتی سەرمایە. بە واتایەکی تر خەبات لە دژی تابۆی نەتەوەیی ـ ئایینی و پیرۆزیەکان جیا نییە لە خەبات لە دژی ئەو هەلومەرجە بابەتییانەی هەبوونی ئەم پیرۆزیانە.

ڕەخنەگرە بەناوبانگەکەی دووڵایەنە لە نێوان ئازادیخوازەکان، ئازادیی دەربڕین، ئازادی بیروڕا و هتد و هەلومەرجە بابەتییەکانی سنووردارکردنی ئازادیدا هەیە. تا زیاتر لە بواری ئازادیدا پێشبکەویت، زیاتر لە پێشەی بابەتیی ئەو سنووردارکردنانە دەدەیت.

خەلیل کەیوان: دەینێ سەر دوا پرسیار. گرنگی تێکۆشان بۆ ئازادی ئادەربڕین چۆن دەبینن؟ پەگەی کۆمەڵایەتی مێژوویی چینەکە چییە؟

حەمید تەقوایی: لە ڕووی مێژوویەوە باسی ئازادی دەربڕین لە خەبات دژی ئایینەدا کراوە. لە شەڕشی گەورەی فەرەنسا و پێش ئەویش لە سەردەمی ڕێنەسانس لە ئیتالیا و دوای ئەوەش لە ڕووی فیکری و فەلسەفیەوە لە بزووتنەوەی ڕەشنگریدا، ئازادی قسەکردن ڕووبەڕووی هێزمووەنی کڵێسە بووەوە. ئامانجی بیرمەندانی ئازاد و ئازادیخوازانی ئەو قۆناغە لە خەباتیاندا بۆ ئازادیی دەربڕین، یەکەمیان دوورخستنەوەی ئایین بوو لە حکومەت و دووەمیش زەمینە خۆشکردن بوو بۆ پێشکەوتن و گەشەسەندنی زانست و هونەر کە لایەنە کۆنیسەوە بە دیل گیرابوو. دەزانن کە ئایین پایەیەکی بنەڕەتی هەموو سیستەمە ئەرستۆکراتییە دەسەڵاتدارەکانی ئەوروپا بووە لەو سەردەمەدا و بە هەر پێشکەوتنێک دەبوو ئەم بەربەستە لابەرێت. هەر لەبەر ئەم هەکارە، ئازادیخوازانی ئەو قۆناغە ڕووبەڕووی ئایین وەک پایەیەکی بنەڕەتی ستەمکاری، ستەم، بێ مافی، بێستوویی و چەقبەستوویی فیکری لە کۆمەڵگای سەدەکانی ناوەڕاستدا ڕووبەڕوو بووەوە. هەر لەبەر ئەمەش بوو خەبات بۆ ئازادی بیروڕا لە ئازادی

ڕاخنەگرتن لە ئایین دەستی پێکرد و قوربانی زۆری هەبوو. جیەردانە بڕنەیان لە ئاگردا سووتاند، گالیلەش دادگایی کرا و ڕەگری لە چالاکیی زانستی کرا و هەزاران ئازادیخواز لە دادگا ئاینییەکانی هاوشێوەی کەماری ئیسلامیی ئەمڕۆدا سزای لە سێدارەدان و لە خاچدان و لە ئاگردا سوتاندنیان بەسەردا سەپینرا.

لە ڕاستیدا مەژووی بەرگریکردن لە ئازادیی دەربڕین، مەژووی بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی ئایینییە. تەنانەت ئەمڕۆش وەک ڕووەکراوەتێوە، یەکێک لە ئاستەنگە سەرەکییەکانی لەسەر ڕێی دابینکردنی ئازادی دەربڕین پیرۆزی و بیرۆباوەڕە ئایینییە. ئەمە لە کەماری ئیسلامیدا بە ڕوونی دەبینن. وەلێ زۆرێک لە وڵاتان ئایین بە پلەی جیاواز هەمان ڕۆڵ دەگێڕێت. لە هەموو شوێنێکدا لەسەدا نەوەد سنووردارکردنی ئازادی ڕادەربڕین و بیروڕا لەلایەن خاوەن کلیلەکان و ناوەندە ئایینییەکانەوە جێبەجێ دەکرێت.

دەکرێ بگوترێ لەمەشدا خراپ بە ئازادی ڕادەربڕین درۆژێی هەمان ئەو خەباتەیە کە لە سەردەمی ڕێنەسانس و دواتر لە سەردەمی ڕۆشنگەری و لەگەڵ شکۆشی گەورەی فەرەنسەدا دەستی پێکرد. ئەو ڕۆژەی کە مەسیحیەت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هەیبوو، ئەمڕۆ ئیسلامی سیاسی لە ئێران و لە ڕەژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقادا دەیگێڕێت. بەیەکەوە پێویستە ئەمڕۆ جەخت لەوە بکرێتەوە کە ئازادی ڕادەربڕین بە واتای ئازادی ڕاخنەگرتن لە ئایینێ. ئەگەر بە هەر بیانوویەک ڕاخنە لە ئایین سنووردار بکرێت، ئازادی دەربڕینت زەر نەماوە. بە درۆژایی مەژوو بەم شێوەیە بووە و ئەمڕۆش هەر بەو شێوەیە.

تەنها لە سەردەمی ئەمەدا پێویستە بیرۆباوەڕ و پیرۆزیە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانیش زیاد بکرێن بە تابۆ خورافاتە ئایینییەکان. چینە دەسەڵاتدارەکان هەم ئایین و هەم ناسیۆنالیزمیان لەدژی ئازادیخواز بەکارهێناوە و لە هەموو شوێنکدا ڕەگەزپەرستی و ناسیۆنالیزم و سنوور و خاک و ئاپارستی و دژە بیگانەیی و هتدیان کردووە بەگەپاڵێک دژ بە ئازادیخواز. ئازادی ڕادەربڕین لە ڕاستیدا ڕووبەڕووی ئەم دوو بەربەستە بنچینەییە و دەبێت لە بەرگریکردن لە ئازادییە بە مەرجەکانەدا جەخت لەوە بکەینەوە کە ئازادی ڕاخنەگرتن لە تابۆ و پیرۆزیە ئایینی و نەتەوەیی-نیشتمانیەکان، پایەی بنەڕەتی ئازادی ڕادەربڕینە.

١٢ی جوڵای ٢٠٢٣، ٢١ی تیری ١٤٠٢

دوای عاجز بوون.. نەوزاد بەندی

چی هەوەم دا عاجزنەبی ، بە سوود دەرچوون ..
هەر عاجز بووی ..
لە ناوەڕاستی ئەو هەموو بەکەسیەدا ،
بەجێت هێشتم ..
هەر چەندە تۆ ، لە تاریکستانی ڕەحما ،
خەرێ نەبووی ..
مەمکی تواوە و کز بووی ..
هەر عاجز بووی ..
من ئەمزانی عاجز ئەبی ،
بەیە زەر جار لەگەڵ تۆدا ،
تەنیاییشم بانگهێشت ئەکرد ..!
بەیە کاتێ قسەت ئەکرد ،
هەندەکیانم ئەدایە دەستی بەدەنگیی ..
کاتێ هەواڵت ئەپرسیم ،
من ڕەجیمی تەنیایی وشکی کردبووم ..
لە قاعەی جیمی بەکەسی ،
عارەق لە گیانم ئەچڕا ..
من ئەمزانی عاجز ئەبی ..
بەیە کاتێ قردەڵەی کەلارەی خەونت ،
بە ئەچنیم بە ڕەنگا و ڕەنگیی ..
ڕەحم لێت دوور ئەکەوتەوە بە بە دەنگیی ..
من ئەمزانی بە بە هێ ، لێم عاجز ئەبی ..
چونکە گەشتیاری دوو کەشتی ..
دوو فەڕکێ ..
دوو ئەتەبیسی جیا بە جیا..
گەر تەرمیناڵەکیش ڕەژێ ،
بە کاتێ کەیانکاتەوە ..
گەر چەشتخانەیەک ..
وەستگەیەک ،
بە یەکتریان بناسنەوە ..
ئەو کاتێ زەر خەرا ئەڕوا و ..

بە ماڵئاوایی ، نامێنێ ..
هەوڵم زۆر دا کات ڕاوەستێ ..
هەوڵم زۆر دا لە کۆشتیەکان دابەزین و
بەیەنە ناو شەپۆلەکان ..
فڕۆکەکان بە جەبەڵین ،
پێکەوە بەیەنە ئاسمان …
هەوڵم دا ئاوەی هەمانێ ،
بیگەیەنەوە بە قومە خۆنی
سازگار و پەمەیی ..
پێ خۆدانێ دنیای شیعریی ،
ئاوەی گۆران ئاڤووت فرمێسکی تیا نییە و
زۆرتریش لە فرمێسک ئاگری ..
من ئەمزانی عاجز ئەبی و
چەند ساڵێ هەرچی فرمێسکم شاردەتەوە ،
هەموویم پێ ئەدەڵێنی .. چاک ئەمزانی ..
چەند ساڵێ گۆر بەشی پیاسەیەک ، دوو زۆردخانم ، خوێندبێ ..
پەلیان ئاگری و
لە هەتیوخانەیەکی خەم ،
ناونوسیان ئەکەی .. ئەمزانی..
ئەمزانی ئەم گفت و گۆیە ،
لەنێوان دوو تابلۆدایە ، بە دوو دیواری
جیاوازی .. دوو ماڵی جیای ..دوو تەمەنی جیاوازەوە ..
لە نێوان دوو پەلەوەری ..دوو ئاسمانی تەنگ و قوڵی .. لەک دووری
بە ئەندازەوە ..
دوو ماسی ناو دوو بەندەری ..دوو زەریای ..قەت یەکناگرتوو ..
دوو سەرسەری .. دوو شەقامی ، شارەکی بە سەر و بەری .. بێ یاسا و
پێ دەردەسەریی ..
من ئەمزانی عاجز ئەبی ،
بەیە کاتێ خەت ئەکرد بە دڵەکانما ،
من دڵنوسم لە تەک ئەچوو ..
ئەیشتم لە پەرگرافێ ، کە هیچی لە من نەئەچوو ، پێ زەرفێ حەرفم
قەرز ئەکرد ..
ئەچووم بە یادی منالیی ،
لە پەیڤی فریکەنەکی لاپەیەک ،
پێ گیرفانم دڵی نامە و سەیرم ئەدزی ..
تا دوورتری بخەوە هەوری تاریکیی عاجزیی ،
چونکە گۆر ناخی تاریک و پێ تابلۆی نیوە سووتاوی تەمەنمت بەرچاو

کۆتایی ،
ئەو چەند ساتەیش ، دەت لام دانەئەبەزی ..
تا دەڵێ و وشەی گفت و گۆی
تەی لێ بچنم ، هەزار جار خەمم ئەگۆڕی ، بووم بە ئەکتەر ..بە حەربا .. تاوێ سەوزبووم ، تاوێ ئەبووم بە دەکەزی ..
دەنیا بووم عاجز ئەبی ،
بەیەکاتێ لەگەڵ تەدا بە دنیای هزرا ئەگەڕام ،
دایکم ئەیووت : لەگەڵ کێ بووی ؟
ئەمووت :هەر خەم بووم بە تەنها ..!

کوندەرا و سووکیی بوون..
ئەحمەد هەسوێ

هەماننووس لە پشتی کاراکتەرانی هەمانکەیەوە خەی حەشاردەدات. "گەستاڤ فلەبەر- هەماننووسی گەورەی فەڕانسیی، نووسەری هەمانی بەنەوبانگی مادام بۆڤاری"
ژیانی کاراکتەرانی هەمان، ئەگەری هەشتا بەدینەهاتووی ژیانی هەماننووسن." میلان کوندەرا"
...
لەسەر هەزنەگرتنی تەواوی بە شەمەی پیرەز، سەرزەنشتیان کرد. شەمەی پیرەزیان بە مرۆڤ دروستکردووە نەوەکو مرۆڤ بە شەمەی پیرەز. "هەمانی ئاهەنگی مائاوایی"
هیچ شتێک لەوە ناخەشتر و غەمهێنەرتر نییە کە شەو بەدار دەبیتەوە و دەبینیت کەسێک لە تەنیشتت بە ئەوپەڕی بێباکییەوە خەوتووە. "تەماس، پاڕەوانی هەمانی سووکەڵەیی لە تاقەت بەدەری بوون"
...
هەمانی "سووکەڵەیی لەتاقەت بەدەری بوون"

تاتالیتاریانیزم، نادەنیاییەکی بەردەوام
تەتالیتاریانیزم لە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانیدا ئەوەیە کە بە دیوێکدا جەڕک لە ژیان زاڵ دەکات بەسەر مرۆڤکاندا لە فەزای گشتییدا کە هەمیشە هەست بە نادەنیایی بکەن و ئەمەش نائارامیی و

ترس لە ژیانیاندا دەکاتە دۆخێکی بەردەوام. لە ئاستیدا مرۆڤەکان بەیەک لە نادڵنیایی بەردەوامدان چونکە بەردەوام دژیانەوەت دژنیایی لە پێیوەند بە دەوڵەتەوە بەدەستبهێنن، واتا بەردەوام دژیانەوەت دژنیا بن لەوەی دەوڵەت هیچ گومانێکی لەیان نییە، نەوەکو گومانی لەیان نەبێت، بەڵکو دژیانەوەت لەوە دژنیا بن کە دەوڵەت لە دەسەزیی و ئاستگرییی ئەوان لە ئاست دەوڵەتدا دژنیایە، کە دەوڵەت، تەنها کەمەڵێک دژگا نییە، بەڵکو هەر کەسێک، کەسێک ئاگەر بیناسیت و نیناسیت، کەسێک تەنانەت ئاگەر مندااڵکیش بێت کە لە ئاڵوی باڵخانەکەتدا کە تیایدا نیشتەجێی ڤکۆوتی بکەیت، یان تەنانەت ئەو بەدەنگیی و تەنیاییەی لە ژوورەکی ئاپارتمانەکەتدا دەروی داویت هەندجار هەندەی دەسەزانە نوێنەرایەتیی دەسەاتەکان و دژگا و سەرکەکانی دژکات هەندە ڕەنگدانەوەی تاینەتمەندیی ژیانی خێت و خواست و بیرکردنەوە و ئارەزووکانی خێت نییە. لە کورتیدا دەوڵەت لە هەموو شوێنێک و هەموو کاتێک و هەر کەسێکە.

تەماس، پزیشکەکە، لە کەمەڵگایەکدا دژی کە تیدا دەسەاتدارێتییەکی تەتالیتار پایدارە و ڕەچووتە هەموو کونج و کەلەبەرێکی نەوکو فەزای گشتیی و دژگا دەوڵەتییەکانەوە بەڵکو ژیانی تایبەتیی مرۆڤەکانیشەوە. تەماس دوای ئەوەی هاوسەرگیریی کردووە تەدگات، کە جەری کەسێتیی ئەو بە هاوسەرگیریی و ژیانێکی پابەند و سەزدارانەی هەمیشەیی نابێت، بەیە لە هاوسەرەکەی جیادەبێتەوە. لە ئاستیدا تەماس ئارەزووی ژیانێکی ناپابەند دژکات و دژیاوەت ژیانێکی زەر تایبەتیی هەبێت بە پێچەوانەی شێوە ژیانی داسەپێنراوی کەمەڵگاکەیەوە کە هیچ نهێنییەک و گرشەیەکی نادیاری لە ژیانی تاکەکەسەکاندا نەهێشتووەتەوە.

تەماس، تاکگرا و ناپابەند

تەماس دێت: هیچ شتێک لەوە ناخشتر و غەمهێنەرتر نییە کە شەو بەدار دەبیتەوە و دەبینیت کەسێک لە تەنیشتت بە ئەوپەڕی بەباکیی خەوتووە. یان ئەوەی کاتێک سەرتناوە بەسەر کتێبکەوە و بە ماوەیەکی درێژ بە دنیای نەو کتێبەکە ئاوێتە بوویت و لە ناکاوێک سەر هەڵدەبڕیت و دەبینی کەسێک لە ژوورەکەتدا بە لاموبالاتییەوە دانیشتووە. لەو دۆخانەدا پرسیارێک، کە غەمگینیی و تووڕەیی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، بە مەشکی تەماسدا بێت ئەوەیە کە ئەم کەسە لە کوێوە لەم ژوورەدا دانیشتووە یان خەوتووە و من ئاگام لێی نەبووە؟!، یان پرسیاری ئەوەی کە ئایا بە بەبێ مەڵێتی من و بە ئاگای خەم هاتووە لە ژوورەکەم دانیشتووە یان خەوتووە؟! هەمیشە لەو دۆخانەدا تەماس هەستی بە غەریبیی خۆی دەکرد لەو ماڵە و لەو

ژوورە. لە ماڵەکدا و لە ژوورەکدا ئەگەر بەردەوام کەسێکی غەریب بە تەنیشتمانەوە و لە نزیکمانەوە بوو ئەوا خەمان دەبینە غەریب، بە ئەو ماڵە غەریب دەبین و ژیانێکی غەریبانە دەژین.
تەماس خانمێک بە نەوی سابیناوە دەناسێت و پەیوەندیی ئیرەتیکی و سەزداریان بە دروست دەبێت. شەوێک تەماس لە ماڵەکەی خۆی لە دوای خواردنەوەی، شوشەی بوتڵە شەرابەکە دەکشێت بە زەوی ژوورەکەدا و داوا لە سابینا دەکات بەسەر پارچە شکاوە تیژەکانیدا بە پەخواسی بڕوات. سابینا کە خۆی عاشق بە تەماسە، وای لێکدەداتەوە ئەم داواکارییە ئاماژەیە بە ئەوەی کە تەماسیش عاشقی ئەو بووە و دەیەوێت بە ئەم داواکارییە سەختە خۆی لەو پەیوەندییە عاشقانەیە، کە کۆتوبەندەکە، ئازاد بکات یان ئەوەبێت ئاددەی عاشقبوونی سابینا تاقیبکاتەوە، بە دیوەکەیتریشدا لەوانەیە لە بەزاریی و ڕقی تەماسەوە بێت لە سابینا.

وەفاداریی ڕەشنایی و خیانەت تاریکیی

سابینا سەرسامە بە ناپاکیی. واتا ئارەزوو دەکات هەر کەسێک کە خەشیدەوێت و ئارەزووی لەگەڵدابوونی دەکات، ئەم خیانەتی لەبکات، دەزانێت کە تەماس بەردەوام لە پەیوەندیدایە لەگەڵ کچان و ژنانی دیکەش. شەوێک کە دەزانێت تەماس ئاگادارە، سابینا لەگەڵ یەکێک لەو پیاوانەدا دەخەوێت کە لە نەوەندی ڕەژنامەگەرییدا کاردەکات بەڵام لە ڕاستییدا ئەندامی دەزگا نهێنیی و سیخوڕیەکانی دەوڵەتە بە سیخوڕیکردن بەسەر هاونیشتمانییانەوە. ئیتر دواتر کە دەگەڕێتەوە بە لای تەماس لە ماڵەکەی خۆی، تەماس تووڕە دەبێت و داوادەکات پەیوەندییەکیان کۆتایی پێ بهێنن و چیتر یەکدی نەبینەوە. سابینا وا تێدەگات کە تەماس هێندە ئەقیداری بووە نەیتوانیوە بەرگەی خیانەتەکەی بگرێت و لەی جیابووەتەوە، بەڵام لە ڕاستییدا تەماس بەو هەڵکارە پەیوەندییەکەی لەگەڵ سابینا پچڕاند، چونکە هەستیکرد ئەو پیاوە سیخوڕەی دەوڵەت بەهەی سابیناوە هاتووەتە نەو ژیانی تەماسەوە و سیخوڕی بەسەرەوە کردووە. واتا سابینا بووە بە ئەو درزەی کە دەزگاکانی دەوڵەت و پیاوە سیخوڕەکانیان لێیەوە بهێنە نەو ژیانی تایبەتیی تەماسەوە و نهێنییەکانی بزانن.
سابینا لە باسکردنی پەرەشیی خۆی بە ناپاکیی و قەزهاتنەوەی لە وەفاداریی، ئەوە دەگەڕێتەوە کاتێک تەمەنی چواردە ساڵان بووە عاشق بە کوڕێک بووە، باوکی کە بە پەیوەندییەکە دەزانێت چیدی لە ماڵەوە ناهێڵێت بێتە دەرەوە و هەر کاتێکیش بهاتبایەتە دەرەوە لە ژێر چاودێرییەکی تونڈی باوکیدا بوو. واتا ژیانی تایبەتیی و نهێنی بە نامابووەوە و هەمووی ئاسکرا و زانراو بووە لەلای باوکیی و هەمیشە چاودێر بووە بەسەریەوە. هەبەت گوایا باوکی زەری خۆشویستووە و

نەیویستووە تووشی دڵشکان و هەڵەی کوشندە ببێت بە ئەو تەمەنیەوە کە بە هەموو ژیانی کاریگەریی خراپی لەسەر دابنێت. باوکی ئێندامێکی حزبی کۆمۆنیست و هاونیشتمانییەکی دڵسۆزی دەوڵەت بووە. ئەویش کە هەر لە منداڵییەوە بەهرەی نیگارکێشانی تێدا بووە، بڕدەوام وێنەی گوڵەکانی لەسەر مەدێلی کوبیزم و لەسەر شەوازی پابلۆ پیکاسۆ کێشاوەتەوە. بەڵام دواترچێتە پڕاگ بۆ خوێندنی هونەری جوانەکان، لەوێش ڕێگای لێدەگرن بۆ دڵخوازی خۆی لەسەر مەدێلی کوبیزم و لەسەر شەوازی پیکاسۆ نیگاربکێشێت، بەڵکو دەبێت لەسەر مەدێلی ڕیالیزمی سۆشیالیستی وێنەبکێشێت. لەڕەوە دواجار دەبێتەوە بە نموونەی باوکی لە ڕەگریکردن لەوەی بە وێنەکێشانی دڵخوازانەی خۆی هەروەکو چۆن باوکیشی ڕەگربوو لەبەردەمیدا بە عاشق و دڵخوازێکی. دایکی سابینا دەمرێت و باوکی لە قەهر و خەمی لەدەستدانی هاوژینەکەی خۆی دەکوژێت، کە ئەمەش نیشانەی وەفاداریی باوکی سابینایە بۆ هاوسەرەکەی، کە نەیتوانی بەبێ ئەو هەڵبکات و بژی. بەیە لەڕەوە لە داخی باوکی، قەزهاتنەوە لە وەفاداریی و پەرۆشیی بۆ خیانەت لە ناخیدا چەکەرەی کرد و ڕەگی داکوتا. بۆ خیانەت لە دەوڵەت، بۆ دزیەوە وێنەی گوڵەکان و گومدانەکانی لەسەر مەدێلی کوبیزم و لەسەر شەوازی پیکاسۆ دەکێشا. دواتر هاوسەرگیریی کرد و کە زانیی مەردەکەی خەشیدەوێت، خیانەتی لێکرد و لەی جیابووەوە. لە قەناغێکدا تەماس دەناسێت و پەیوەندییان بە دروست دەبێت بەو شەوەیەی پێشتر باسکرا.

دواتر پیاوێک بەناوی فرانز دەناسێت، کە پیاوێکی شان و قۆڵ ئەستور و بەهێز و ماسولکە گەورە و هەروەها پێشتر پاڵەوانێکی کاراتێی و تایکواندۆ بوو. پەیوەندییەکی سەزداریان بە دروست دەبێت، کە لە ڕاستییدا ئەوە فرانز زێتر عاشق بە سابینایە و سابینا ئەسڵەن هیچ خۆشی ناوێت و بەڵام ڕقیشی لێی نییە. بەڵام ئەو فرانز هەندە تووند عاشق بە سابینایە، سابینا ئەمە بە هەڵەکی باش دەزانێت تا پەیوەندیی لەگەڵ دروست بکات و زێتر وابەستەی بکات بە خۆیەوە و فرانز بخاتە نەو خیانەتکی درێژ مەوداوە لە بڕامبەر ژنەکەیدا، ماری کلود کە زۆر فرانزی خۆشدەوێت. سابینا چێژ لەوە وەردەگرێت کە فرانز ناپاکیی لە هاوسەرە باش و ئەفیندارەکەی خۆی بکات و لە پێناوی ئەمدا و بە فشاری سابینا فرانز لە ژنەکەی، ماری کلود جیابێتەوە. دواتر لە یەکێک لە گفتوگۆکانیاندا سابینا بە فرانز دەڵێت تە کە ئەو هەموو ماسولکە بەهێزێت هەیە، هێزەکەی تە ڕووی لە دڕۆیە نەوەکو ناوەوە، لە ناوەوە کەسێکی بەهێزی و لاوازیت. فرانزیش دەڵێت لە ڕاستییدا ئەم هێزەی کە من هەمە چۆن ڕووە لە ناوەوە نییە، ڕووە لە دڕۆش نییە، چونکە هەتاوەکو ئێستا نەشم

لەگەڵ کەس بووە و نە دەمولوتی کەسکەم شکاندووە، بۆیە ئەم هەڵەی من بوون و نەبوونی وەکو یەکە و لە ئاستیدا ئەوەی من هەمە هەڵ نییە. لە درێژەی گفتوگۆکەیاندا سابینا دڵنیایی تەنانەت لە پێوەندیی نێوانیشماندا ئەو هەڵەی تە هیچ سوودێکت پێنانەبەخشێت. فەانز دڵنیایی، خۆشەویستی ئەوێیە چاوپۆشیی لە هەڵەی خەمان بکەین. فەانز زەرەر سەرسامە بە چەمکی وەفاداریی لە ژیانی مرۆڤدا. فەانز کاتێک پێش هاوسەرگیرییەکەیان لە پێوەندییدا بووە لەگەڵ ماری کلود، ویستوێتی ماری کلود بجێبهێڵێت، بەڵام ماری کلود هەڵەشەی خۆکوشتنی لێدەکات ئەگەر بجێیبهێڵێت. بۆیە لە ئاست ئەو عەشقە توند و قووڵەی ماری خۆی پێناگیرێت و دادەنوێتە سەر ئەژنۆکانی و دەستەکانی ماچ دەکات و دواتر هاوسەرگیری لەگەڵ دەکات. هەرچەندە تەنها ئەو جارە بوو دەربڕینی ئەو سەز و خۆشەویستییە زەرە لایەن ماری کلودەوە بە فەانز و هەرگیز جارێکی تر دووبارەینەکردەوە و سەز و خۆشەویستییەکی ئەوتۆی بە دەرنەبڕیوە.

سابینا، بوون وەکو نادیاریی و خەوەت

فەانز ئەو پرسیار و وەڵامە ستەییەی کافکای هەردەم لە یادە کە دڵنیایت مانای ژیان چییە؟ درەنەکردن و نەشاردنەوە لە ئاستیدا ژیانە. بەردەوام ئەو ئەنجامگیرییەش کە ئاستەوخۆ بە دوای ئەمەدا بە مەشکیدا دەهات ئەوە بوو کە لەو کاتەوەی بە سابینا ئاشنا بووە لە درەدا دەژی. بەڵام سابینا بەچوونکی پەچەوانەی هەبوو، هەر کات و بە هەر شێوەیەکی جیاواز و لە گۆشەی جیاوجیاوە بیانی دەکرد و بە تووندی داکۆکی لێدەکرد و ئارگیومێنتەکانیشی بۆ گۆڵەک بەهەز و پتەو بوون. بەبەچوونی سابینا. لەگەڵ خە و خەکیتر درەنەکردن، تەنیا کاتێک دەکرێ کە مرۆڤ لەگەڵ خەک نەژی. هەر کە زانیمان کەسێک ئاگاداری کارەکانمانە، بمانەوێت و نەمانەوێت لەگەڵ ئەو چاوە بینەر و چاودێرانەدا ناکدەکەوین، ئیتر لەو ساتەوە هیچ کام لە کارەکانمان ئاسستگیانە نین. سابینا، ئەدەب و هونەرێکی بە سووک و ئاستنزم دەزانی کە هەموو کون و کەلەبەری ژیانی تایبەتیی و تەنیایی ئەدیب و هونەرمەندی ئاشکرا بکردایە. سابینا باوەڕی تەواوی بەوە هەبوو کە هەر کەس خەوەتی خۆی بدەنگەت، هەموو شتێکی دەڕاندووە. هەمیشە دەیگووت: کەسێک بە خواستی خۆی واز لە خەوەتەکەی بهێنێت و بە بە فشار و ئاسان دەستبەرداریی تەنیایی خۆی ببێت، لە ئاستیدا غوولێ، یان شتێکی کەمتر لە ئینسانە.

پیریی و لاوازیی، دڵنیایی لە پێکەوەبووندا

تەماس کە چەند جارێک هاوڕەگەزەکانە شارچکەیەکی باشوری ووڵاتەکە کە

هەندێ گەڕاوی لەیڵا و خەڵکی بۆ چارەسەری پزیشکی ڕوویتەدەکەن. لەو کچێکی گەنج بانوی تەریزا، کە کارمەندێ، دەناسێت و لە درێژەی چەند جار سەردانکردنەوەی بۆ ئەو شارۆچکەیە، پەیوەندی لەنێوانیاندا دروست دەبێت. ئیدی بەردەوام لە گرفتی قووڵی ناپابەندیی و بێهەستیی تەماس و پابەندیی و هەستوەریی تەریزادا پەیوەندییەکیان درێژە دەکێشێت و تا لە شوێنێکدا کە بۆ هیچ مۆبەستێک و نائاگایانە لە ئاهەنگێکدا تەریزا لەگەڵ کەسێکی دیکە بە ماوەیەکی کەم سەما دەکات. دواتر و لە ماڵەوە تەماس پێی دەڵێت کە هەستی بە غیرە و ئیرەیی کردووە کاتێک تەریزا لەگەڵ هاوکارێکیدا سەمای کردووە. تەریزا کە ئەمە دەبیستێت زۆر دڵخۆش بێت و بڕشووەیەکی سەرسوڕهێنەر لێشی سووک دەبێت و باری ژیانی هێندە سووک دەبێت کە خەرکە بفڕێت. باوەش بە تەماسدا دەکات و بە سەمایەکی شێتانە و کۆیانە بە هەر چوار سووچی ژوورەکەی دەبات. بەڵام تەماس نەوەکو بە غیرە و ئیرەیی پێبردنەکانی تەریزا لە بەرامبەر خۆیدا دڵخۆش نابێت بەڵکو هەستدەکات باری ژیانی قورس دەبێت و لێشی هێندە قورس دەبێت کە تەنانەت توانای جووڵەی بە پاکەوتنیشەوە نامێنێت.
لە قۆناغێکدا تەماس لە کاری پزیشکیی دەردەکرێت و لەگەڵ تەریزا دەچنە گوندێک لەوە سەرقاڵی کشتوکاڵ دەبن و لەوێ تەریزا هەواش هەواش هەستی دڵنیایی بە پەکەوتێکی گەورە تا ئەو کاتەی ڕۆژێک تەماس دەبینێت کە خەریکی گەینەی تایەی ئۆتۆمبێلەکەیەتی، کە ئۆتۆمبێلێکی کۆنە، و دەستەکانی دەلەرزێت و لە دوورەوە لاوازیی و پیربوونی تەماس دەبینێت و هەست پێدەکات و ئەمەش خاڵی دڵنیایی تەواوەتیی تەریزایە لە پەکەوتبوونی تاهەتایی لەگەڵ تەماس.
پیربوون و لاوازیی دەبێتە دڵنیایی لە پەکەوتێکی خاڵی هاوبەش و کەکێڕەوەی تەماس و تەریزا و دەکرێت هەمان شت، بە ژیان و مردنەکانی تریش بە گشتیی ڕاست بێت.
...
ئەوەی سەرەوە هێندە سەرنج و گوزارش بوو بە هێندە بچووک، وەستگە و کاراکتەری سەرنجڕاکێشی نەو ڕۆمانی "سووکەڵەیی لە تاقەت بەدەری بوون" ی "ڕۆمانێوسی بانوبانگی چیکی-فەڕانسی، میلان کوندێرا"، کە لەلایەن "عەتا ئەهایی" ەوە وەرگێڕدراوە بە زمانی کوردیی، ئاگەر هێندە لە گوزارشکان جیاوازییەکیان هەبێت لەگەڵ ڕۆمانەکە بە ئەوە دەگەڕێتەوە کە دە ساڵ زیاتر دەبێت ڕۆمانەکەم خوێندووەتەوە و لە نووسینی ئەم سەرنجانە تەنها بە خوێرایی ڕۆمانەکەم چاوپێداخشاندەوە. جگە لەم ڕۆمانەی میلان کوندێرا، هەردوو ڕۆمانی "نەمریی" و "ئاهەنگی ماڵئاوایی" شم خوێندووەتەوە.

…
میلان کوندێرا، ڕۆمانووسێکی بەناوبانگی چیکی-فەڕەنسیی، لە ساڵی ١٩٢٩ لە شاری برنێی لە چیکوسلۆڤاکیا "جاران" لەدایکبووە. باوکی "لودڤیک کوندێرا" پیانۆژەن و میوزیسیانێکی بەناوبانگ بووە. کوندێرا سەرەتا میوزیکی خوێندووە و دواتریش لە زانکۆ سینەمای خوێندووە. چەندین نووسینی فیکریی هەیە سەرباری بەرهەمەکانی لە بواری شیعر و چیرۆکدا، هەروەها ڕۆمانەکانی لەوانە "نەمریی"، "سووکەیی لەتاقەت بەدەری بوون"، ئاهەنگی ماڵئاوایی"، "هەواشیی"، "نەزانیی"، "گاڵتە"، "ژیان لە شوێنکی تر" و …هتد. تا ساڵی ١٩٧٠ دوو جار دەبێتە ئەندامی حزبی کۆمۆنیست و دوو جار دەردەکرێت و پاشان لە ساڵی ١٩٧٥ وەاتی چیک بەجێدەهێڵێت و لە فەڕەنسا نیشتەجێ دەبێت. لە بەشێک لە ڕۆمان و نووسینەکانیدا ڕەخنەگرێکی وورد و قووڵی سیستەمە تۆتالیتارەکانە کە وەاتەکەی خێی بەدەستی وەها سیستەمکەوە بە زەمەنێکی درێژ دەیناناند. ڕۆمانەکانی کوندێرا ڕووبەرێکی فراوانن بە گفتوگۆیەکی فەلسەفیی قووڵ لە نێوان کاراکتەرەکاندا. خاوەنی چەندین خەاتە بە ڕۆمانەکانی. ڕۆکەوتی ٢٠٢٣-٧-١٢ ڕۆژی چوارشەممە بە دواجار ماڵئاوایی لە ژیان، نوسین و ڕۆمان کرد و بە هەتایە وەکو ناوەکی درەوشاوەی دنیای ئەدەبیات لە جیهاندا دەمێنێتەوە.

بەبۆنەی کۆچی دوایی جەمال شارباژێریەوە.. سەباح رەنجدەر

لە ئەلبوومی یادگارا

ئەفسوونی شیعر، (کرۆکیجوانی – ئەستێتیکا)، ئاشتی لە دەروونی کەمێگای زیندوو و دەستەمۆ نەبوو ئادگایەنێت. وەفا بە شیعر تێپەاندنی قۆناغی بەر لە خۆیەتی. تێپەاندن وەک جیاکاری نەک ڕەتکردنەوە. ڕەتکردنەوە لە ئەدەبدا هیچ کاتێک بنەمای نەبووە، چونکە لە ڕەتکردنەوەدا بەهای گفتوگۆ دادەمەزرێنێت و پێوەندییە کلتووریەکان دەپچڕێن.

جوانی کۆشکی ڕوون و باوەڕپێکراوە. کاریگەری لەسەر هەموو بوونەوەرێك جێ دەهێڵێت، هەستکان لە دڕبڕین لە جوانیدا بە باشترین شێوە ئەرکی خۆیان بۆجێ دەهێنن، توانایان پاراوە و بە دیواری ژیانەوە دەلکێن.

شیعر دیاردەیەکی سیاسی نییە، دیاردەی سیاسی دەخێکی هەیە بەر. دڕبڕین لەناوەرکی واقیع وەك خۆی ناکات. واقیع لە بوونی خۆیدا لە ڕەکخستنەکی جواندا جێگای کراوەتەوە. سیاسەت دەستی لەداوە و ڕەکخستنەکەی بەملاو ئەولادا بردووە. ئەم بۆیار و بڕچوون و پەوەرێکی شیاوە، سیاسیبوونی ئەدەب لادان و خەدزینەوەیە لە ئامانجی ئەدەب، ئامانجی ئەدەب دامەزراندنی بەوا و بنەمای جوانییە بە ژیانێکی نەشێڕاو، تا ئارامی هێزی خۆی تێدا وەرگرێت و جوانیبەخش بیکات بە کەرەستە و وزەی دڕبڕینی، بە پلە و ئاست پێیامی تایبەتکاریی خۆی بەڕەوبەبات. هەر شاعیرەك پشتی دا بە پشتی دەسەڵات، نەك جێگای باوەڕی گوتنی جوان، بگرێ جێگای باوەڕی هونەریش نییە.

ئەم شاعیرە لە ڕووی پێکهاتەوە، شیعرکانی پڕ سەز و دیمەنی هەستدارن. زەرتر بەرهەمی خەیاڵن لەوەی بەرهەمی هێزی بیرکردنەوە و کە زانیاری بن. جەرەك داهێنانی لە نەوان شەستکان و سەرەتای حەفتاکاندا پێشکەش کرد، بووە بەخشندە و ناوەندێکی کراوە بە شاعیرانی دەوروبەری و لە هەڵی پەرەسەندنیدا کاریگەریی خۆی زاڵ کرد، بەڵام لەم ماوە دیاریکراوەدا زیاتری تێ نەپەڕاند و کەتایی پێدێت. تواناکانی لە ئەزموونی قووڵ و دەوڵەمەندتردا، کەش و دەخێکی تاکە کەسی پێك نەهێنا، کەواتە: کاریگەرییەکەی لە یەك قۆناغدا دەرکەوت و وەستا و نەبووە گیانێکی چالاك و بەرهەمهێن لە جەستەی بەردەوام بە گوتوێنی شیعری کوردیدا.

ئەگەر شیعر جوان لەبارەی ژیانەوە بنووسرێت، لە ژیان خۆی جوانترە. شیعری ئەم شاعیرە لەسەر بنەمای هەست و سەز و ئاسکانی خەیاڵەوە شێوەی خۆی وەرگرتووە. توانیشی تێنیا لەم بوارەدا بەهرە بە باشی بەکاربهێنێت، ساتی شیعری بە دوای بەهرەی دادەت و لەگەڵ خۆیدا دەیبات بۆ ناوچەکانی شیعر. لە دەقی ئەدەبیدا خەم و خورپە وەردەچڕخێنن بۆ ئەستێتیکا. لەو کەشە هەستی و سەزداریدا شاعیر دڕوە بۆجێ دەهێڵێت و لەناوەوەی نیشتەجێ دەبێت، لە ژیانی ڕەوانەی کەمەگا و خۆی یاخییە. خەمکی و دەڵاوکێ و شاگەشکەیی و هێزقینەوە هەسووڕێنەری کردە و کردەوەی دەبن. لەو پێودانگەوە بە زمانی ناوەوە مانا بە بوونی مرۆڤی و ختووکە تایبەتییەکانی

دەدزێتەوە، هەروەها ئاو و ترپە و ئاوازە خرایەی ژیانی ڕۆژانە بەلاوە دەنێت، ترپە و ئاوازی ناوەوەی خۆی وەک سەرچاوە کار پێدەکات، ئاو و ترپە و ئاوازەش خاو دەبێتەوە وەک ئاو بارە دڕوونی، یان دڕبڕینە دڕوونییانەی، کە ژیانی بەرەو دەبەن و دووچاری یاخیبوونیان کردووە. نموونە: وەک لە شیعری: (خەشم ویستی)، یان لە شیعری: (چەند هەناسەیەک)، یان لە شیعری: (بەناوەکی تەرەو گەڵایەوە)، یان لە شیعری: (چەند تاڵە بیرەکی ئاڵۆزکاو) دەردەکەوێت.

لەبارەی تێگەیشتنەوە شیعرەکانی وەک ئاوریشم و خاکی تێ نەرمن. وەک گەرانی فەلکلۆری و بەیت و داستان ڕوون و سادەن، بەڵام لەباری مانای شاراوە و چینەکانی بنیاد و داڕشتندا پڕ و فراوانن، خاوەن ئاسۆی دوور و بواری قووڵن. پەیوەندییان بە کلتووری تاکە کەسییەوە هەیە. لە هەڵی گشتیی ئەزموونکردندا یەک ئازاری ئەزموون کردوو و خەیاڵی دیارە، ئاو ئەزموونی نێگەیاندووەتە خەیاڵی نادیار و یادەوەری ڕانچڵەکاندووە، واتە: مەودای پەیوەندی لێگەڵ (خەیاڵی دیار)دا بەهێزترە لەوەی لێگەڵ (خەیاڵی نادیار).

هەستیاریی زمانی خۆی نیشانداوە، پێش ئەوەی ترپە و ئاواز لە وشەدا وەرنەگرێت، نایهێنێتە ناوەوە، یان بەسەریدا خول ناخوات، یان بەسەریدا باز نادات، هەروەها لە ڕووی بەکارهێنانی وشەوە تووشی بەد بەکارهێنان نایەت. وشە ئاراستەی باش بەکارهێنانی خۆی وەردەگرێت.

سوودی لە شەوازی بەر لە خۆی وەرگرتووە، بەڵام پەیڕەوی نەکردوون. لە نەوەی خەشی لە شەوازدا لە زۆرینەیان ئەندازیارترە. لە مۆسیقاشدا کاری بە مۆسیقا و پیت و وشە و دەستواژە و هێستی شاعیرانی بەر لە خۆی نەکردووە. هەرەمەکی بە دابەشکردنی هێستە و مۆسیقا لە شیعردا بنیاد ناوە، بەڵام بە تێگەیشتن و بنیادنان، وزە و هێزی لە ئەزموونی بەر لەخۆی وەرگرتووە، بە تایبەتی لە شیعری: (لەدایکبوونی ئینسانێک)ی کامەران موکری و شیعری: (گوربە)ی محەمەد ساڵح دیلان.

لەبەر ئەوەی ئەم دابەشکردن و مۆسیقایەی زۆر هونەری و زاڵ بوو، شاعیرانی دوای خۆی نەیانتوانی لاسایی بکەنەوە، یان کاری لەسەر بکەن و لە زیادبوونی بە بکەن، بگرە وەک دەست وەشاندن و داهێنانێکی تاکانە، هەڵی بە کەشا و دایمەزراند. داهێنانی سادە بە ئاسانی و زۆر زوو دەتە دەست و دەتواندرێت لاسایی بکرێتەوە و کاری

لە زیادبوونی لەسەر بکرێت.

جیاکارییەکی بنەڕەتی هەیە. بەتایبەتی لە گۆشەنیگای شاعیرانەوە و ئیستێتیکییەکی هوون و ئاشکرادا. پشت ئەستوورە بە سروشت و پێکهاتەی خەسڵەت و دەست لە نەدراوی سروشت. لەسەر ترپە و ئاوازی پێکهاتەی سروشت وێنە دادەهێنێت. نموونە: پەیوەندی دروست دەکات لە نێوان با و درەخت و مۆسیقای جووڵاندنەوە. لە هەمان کاتدا هەی پێتاندنی درەخت بە یارمەتی باوە دەکاتە دیاردەیەکی کرێکی و ناوکیی سروشت.

واتە: بە تەنیا لەسەر (زەینی سروشت) کاری نەکردووە، بگرە لەسەر (منداڵدانی سروشت) کاری کردووە، پێکەوە ژیان و پێکەوە هەڵکردنی پێکهاتەکانی لە ئێستە دیار دەکات، لە شیعرییەتی دیمەن دەیاندرۆشنێتەوە. سروشتی پەیوەندییەکانیش بە واقیعەکەوە هوون دەکاتەوە، ئەو هوونکردنەوەیش توانایمان بە خوێندنەوە پە دەبەخشێت، یان هارمەنییەت و هاوئاهانگییەك لە نێوان دەنگەکاندا، وەك خەسڵەتی وەرز لە وێنە و فۆرمی جیا جیادا گۆشە و کەنار و ناسنامەی لە یەك نەچوویان دەداتێ.

شوێنی لەدایکبوون و گەورەبوون، پەناسەی زەینی شاعیر دەکات بە ئیستێتیکا و گەڵانەوە بۆرە یەکەم ناسینی شوێن، هەروەها هەوەدان بە ناسینی شوێنە نەناسراوەکانیش، کە بەشێك لە ئیستێتیکای یەکەم شوێن دێتە ناوییەوە و هە و پاپشتکە بە خەیان و کرانەوەی بیر، بە سەر شوێنەکانی دیکە و ناسینی. شاعیر ئەگەر نەتوانێت لە ئیستێتیکای سروشت تێبگات، بە هیچ گومانێکیش ناتوانێت ئیستێتیکایەك بە تەگەیشتن و بەکاربردن لە زەین و هەستی خەیدا پێکبهێنێت.

گۆشەنیگای بیناسازی و کەشانی پەوانە لە هاوسەنگی و شکڵی سروشت وەردەگرێت، بەڵام نەیتوانیوە کار لەسەر بیری سەرهەڵدانی سروشت بکات، یان ئەم لایەنە، کە گۆشەنیگای بایەخە لەناو شیعرەکانیدا بزرە و دەستی بە نەبردراوە، هەموو دیاردە و داهێنانێك پەیوەستە بە هەشارییە تایبەتییەکانی شاعیر و جەکردنەوەی فەنتازیا و ئیستێتیکا لەناو زماندا.

(لە ئەلبووومی یادگارا) ناونیشانی کتێبکی شیعریی: (جەمال شارباژێری)یە، ساڵی 1983 لە دووتوێی 175 لاپەڕەدا لە چاپخانەی (ئۆفسێتی سەرکەوتن) لە سلێمانی چاپ کراوە، ئەم شیعرانەی تێدایە:

(کسپێك، بۆ، هەستێك، لە سەیرانگدا، ئەگەر، نەکەی، تاکە شیعر و بۆس، درکاندنێك، گوندێك و کچێك و یادێك و شیعرێك، ئارام، پرسیارێك وەرامەکەی لە خەیدایە، نامەیەکی کراوە، دانیشتن لەگەڵ تەدا، لە جەژندا، دیسانەوە خەم، هەژدەی سە، چەی نەرگز، لەجیاتی کارت، خەشم ویستی، بۆ مەرگی پەشنگ، ئەگەر تۆ بۆ من بوویتایە، لەسەر سە گەکەدا، چەند هەناسەیەك، لەسەر بەردە نووسك، بەناوەکی تەوە گەڵایەوە، گەرانیەك بۆ شیرین، ئاخك، خەمکی تر، چاکتر بمناسە، چاوچاو، چەند تاڵە بیرکی ئاڵزکاو، دوای دە سا، پشیلە، ئازکی نەوە، نەوزاد، وەنەیك، کتێی کەر پیاو، بۆ جوانك، ئەمشەو، وەرە جوانە، دایکی دەسز، بۆ ناونیشان، ئای ئای، لەسەر تۆ، باوکایەتی، مەڵت، بۆ کچکی جوان، تازە من و تۆ، بۆهەستکی خاوننەوە.)

وەنەیك

ئەم وەنەیە

بۆچ زویرە؟

بۆچی بۆ زەردەخەنەیە؟

لەبەر نیگای کامەرادا

کە وەستاوە

چی لەبیرە؟

چی لە دەدا حەشار داوە؟

وا دەگیرە.

* * *

ئەم وەنەیە

چاوی نازی کردووەتەوە و نایتروکنە

جوانییەکەی بۆ وەنەیە

گەنجینەیە

هەر دەمنە.

* * *

ئەم وێنەیە

لە ئەلبوومی یادگاردا.. سەیرە

بزەی خۆش و کزەی ناخۆش دەهێنە

خاوەنەکەی سات و کاتە

تەمەنی پیری دەیگاتە

خەم و خەزگە ئایدۆزێنە

یادەکانی دەوروووژێنە

فرمێسك و خەندەی دەداتە.

* * *

ئەم وێنەیە.

لەو شوێنەیە

کە بیلبیلەی گلێنەیە

سەرنجمی ڕاکێشاوە

لە نوێنی نەرمی هەستمدا

ڕاکشاوە

ئێستا لە ژووری میوانی هەڵبەستمدا

خەی بە دیوانەکەم ناسی

بە دیوارێك

لە دیوارە بەگەرد و سپییەکانیدا

خەی هەڵواسی.

شیعر، وێنەی شاعیرە لە ئاو و ئاوێنەی بوون و بیرکردنەوەیدا، شاعیر لە ئەنجامی خراپیی بارودۆخ و زەبروزەنگی دەسەڵات و

دەوروبەردا، لە واقیعی دەرەوە یاخی دەبێت و بەجێی دەهێنێت، لەناوەوەی خۆیدا واقیعێکی شیاو بە نووسین و پێوەندییەکانی ژیان و مانەوە دادەمەزرێنێت، لەگەڵ دیاردە بنەڕەتی و ناوەکییەکانی سروشتدا تەبایییەکی گیانی دەهێنێتە ئاراوە. نەک لەگەڵ ئەو دیاردانەی لە ڕۆگای دەستاتەوە کار لە ژیانی کەمەگا دەکەن و بارودۆخ دەگۆڕن، سروشت لە پێکهاتەی ناوەوەی خۆیدا گیانەکی پڕ لە ناکۆکی هەیە، لەبەر ئەوەی زوو زوو دەگۆڕێ و جووڵە و پێداویستییەکانی وەرزێك تەواو جیاکارە لەگەڵ ئەو وەرزی بە دوای دادێ و پلە بە پلە چاودێری یەکتر دەکەن.

مامەڵەکردنی ئەم شاعیرە لەگەڵ سروشتدا، کرانەوەیەکی تازە بەخش نییە، پێشتر زۆر ئەندازیارانەتر مامەڵەی لەگەڵ سروشت و پێکهاتەی سروشت کراوە، هارمۆنییەتێکی گشتیشی تێدا دەزراوەتەوە، بە تایبەتی: (مەولەوی و گۆران). لەگەڵ ئەمەش جارێ جیاکارییەکی تێدا بەکارهێناوە. سروشتی کردووە بە جێگرەوەی خۆشەویستەکەی و بەشێك خۆشبەختی بە بەدەست هێناوە، کە بەهەی خۆشەویستەکەشییەوە لە سروشت دەدوێ، سەیر خوێنەر دەرووژێنێ و ڕۆگایەکی بە دەدەزێتەوە تێدا بەرەو پێشەوە بڕوات، تا دوا ئادەی توانەوە و ڕووداو چێژ لە سروشت وەردەگرێت. لە ئەنجامدا هەموومان بە لای دەگۆڕێنێتەوە و شێدای سروشتمان دەکات، بەڵام لە ڕۆگای سروشتەوە بیرمان پێ ناکاتەوە، سروشت دەکاتە بەشێك لە ئەمە بە بیرکردنەوە و چێژ وەرگرتن. سروشت سەرچاوەیەکی سەرسوڕهێنەرە بە ئەم شاعیرە و تێیدا شتە بچووکەکانی خۆشدەوێت و سەرسامان دەکات بە ئاوینەی خۆی بە (سروشت) و (ئافرێت).

شیعر ئەوی لە دەرخستنی جیهان نییە، شاعیریش لە چەقی کەمەگادا ناژیێت، تا باری کەمەایەتی و سیاسی و ئابووری و ئایینی … تاد، ڕابگرێت، لە گۆشەیەکی ئەستێتیکییەوە باری سەرنج دەنووسێت. ئەو باری سەرنجانە کاریگەریی بنەڕەتییان بە گۆران نییە. ئەگەر بشیبێت زۆر لابەلا و لاوەکی دەبێت، ئەدەبی ئەم شاعیرە جارێ ئەدەبەکی نائومێدانەیە و ژیانێکی دیکەی تێدا ئاشکرا نابێت.

لە هەموو شوێکاندا واقیع کاریگەریی خۆی دەبێت، شیعری هەستی، دوورە لە زیادەڕۆیی واقیع و بە دوا دەمدان. لەناو بەرهەمی هەستیدا دەتوانین ئەو توخمە سەرکیبانە بدۆزینەوە و دەستنیشانی بکەین، کە دەبێتە یارمەتیدەر بە ڕاوەندنەوەی خەمەکی و دەڕاوکێ، یان بە تەخکردنەوە و بەرزبوونەوەی باری هەڵزەقینەوە.

واقیع جەستە و شوێنکی نووسراوە، بە شاعیری هەستی، بایەخی سەرکی نییە، چونکە شاعیری هەستی، ناگەتەوە سەر نووسراو و دووبارەی ناکاتەوە. تەنیا بیر لە بنیادی مەژوویی جەنگ گەورە و بچووکەکان دەکاتەوە، هەشناییەکە بە پرسیارکردن و ئەزموون. ئایا پێکهاتەی ئەو بارودۆخە چییە، کە پاڵنەر و هەڵگرشکار بووە بە ئەوەی شاعیر لە واقیع هەڵبەت و لە ناخی خۆی نیشتەجێ ببێتەوە، یان بە ناتوانێت لەگەڵ ناهەمواریەکانی واقیع بگونجێت، یان ئەو بارە بە دروست بوو. ئەمە پرسیارێکە چارنووسی وەك هەگبەی پێکهێنەرەکانی سروشت: خۆڵ، ئاگر، با، ئاو. نادیارە و بەردەوامیش ئەو نادیاریە بووەتە خولیا و هەی نیگەرانیی مرۆڤی هەستپێرەر.

قەڵەمکێشی جەمال شارباژێری بە وشە

شیعر پێویستە هەمیشە لە سەرەتاوە تەماشا بکرێت و باس بکرێتەوە. دوو دیوی بەرجەستە نەکراوی هەیە، ئەم شاعیرە ئەمە لەگەڵماندایە و شاعیرێکی زیندوو و داهێنەرە، سبەینێش نەمرە و لەگەڵماندا دەمێنێتەوە. ئەوەی لە ئەمەی نزیك دەکاتەوە خەیاڵی تایبەتی دەقکانییەتی، داهێنانیش دواخستن قبووڵ ناکات، هەمیشە دەخی گونجاندنەوە بە خۆی دروست دەکاتەوە و دەبێتە شکۆداریی شیعری بگەڕد، سەردەمکان لە خەیدا بەرهەم دەهێنێتەوە. تەنیا ئەو شیعرە وێران و بەدبەخت دەمێنێتەوە، کە ئایدەاڵژیا تووخم و دەخی پێکهێنەری بووە. دەخی گیان لە دەست دەدات و دەخی چەقبەستن وەردەگرێت. خانەوەران: ئەو شاعیرەی ژەهری ئایدەاڵژیا هەڵدەاڵووشێت.

مرۆڤی هەستپێرەر، کە هەستی ئەستێتیکیی شیعری لا دروست دەبێت، لە کرانەوە و تەوانینەوە دەکەوێتە ناو خەمەوە، شوێنەواری خەمیش لە بیرکردنەوەیدا بنبڕ ناکرێت، وەك بەخشینی پەیامەك جێی خۆی دەگرێت و دەبێتە هەما بە مانا و مەبەست. کردەی شیعری ئاسایی کردنەوەی بارە خەمگینییەکەی و پەشنگ هاوشتنێتی، تا بارەی خەمین و پەیوەندیداربوونی بەو هەستەوە، دوای ئەو پەیوەندداربوونەی تووشی تاراوگەی ناخ دەبێت، لەناو خەیدا هەست بە نامۆیی و هاودەمی هەمیشەیی خەم دەکات. خەم نەك گۆشەگیربوون. لەم بارشدا پەنا بە دەزینەوەی شوێنکی وەك شاری پاکزاد، دەستبژێر، یان بەهەشت نابات، تا ئاسوودەیی گیانی تێدا دەست بکەوێت. شوێنی ئاسوودەیی بە ئەمی هەستپێرەر تەنیا شیعری ئاستەقینەیە. لە شوێنی ئازار و ئەشکەنجەدەر کەچ دەکات بە شوێنی ویست و هەزی وشە و ئاستە دەنگییەکان، هەست و بینینی دەگەڵ لە دەربڕین لە سروشت و کارکردن

لە کۆستەکانیەوە بە دۆربەین لە ژیان و مرۆڤ و پەیوەندی دروستکردن لە نەوانیاندا. شیعر دەبێتە چاوگی نایابی جۆشکی بکوە، بەڵام نابێتە هەسوونەری شتەکان، تا هەست و هۆز و شۆڕی پەیوەندیەکانی نێوان مرۆڤ و سروشت بگۆڕێت و جۆرە هەست و گوە و تینێکی بە ئەندازە بخوڕقێنێ.

ئەم شاعیرە لە بنەڕەتدا خاوەنی تەوانینێکی مانسیی هەستیەر. هەست لە شیعرەکانیدا هەگزێکی زۆر گرینگ و سەرکیەر، بە هەیەوە خودی خۆی دەهێنێتە دی و بە کردەی لەدایکبوونی شاد دەکات و خودی خۆی دادەهێنێتەوە. بە بۆچوونێکی ژیرانەوە ماموستا لەگەڵ زمانی مانسیی هەستی دەکات هۆزی تیشکدانەوەی تەدا بەرهەم دەهێنێ، بەڵام تۆپێ و ئاوازە بنەڕەتیەکانی زمانی نەدزیوەتەوە، دۆزینەوەی تۆپێ و ئاوازە بنەڕەتیەکانی زمان، شایەنی سەرکۆشی بکردنن. تۆپێ و ئاوازی زمانی کوردی لە شوێنێ نەناسراوەکاندا نەهاتووە، هەگی لەناو گەرمی و نەرمیی خاکدا بەهۆز بووە، پەیوەستێ بە کلتوور و ئەو نیمچە شارستانیەی دروستی کردووە. لە مانسیی هەستیدا تەوانینی تەواو باڵا و پە: بە ناوەندی ووداو و ژیان و جیهان و بوون نیە، بگرە وێناکردنی تاکە کەسی و گیانی بەهۆزی هونەرمەندێتی هەیە، کۆششی بە ئەمەیە: ئەم وێناکردنە وەك ئەزموونێك لە فۆرمەکی شیعریدا گەاڵە بکات، دیدەکی مانسیی قووە لە هەگای هەستەکانەوە بخەمڵێنێ، پاشان وەك نموونەیەکی نوێبەخش نیشانی بدات، مانسیەت دەربەینێ لە هەوەستەکی ویژدانی، کە بوون هەنگ و شەواز و وێنەیەکی تازەی پەدەدا، پەیوەندیی بەردەوامی لەگەڵ ژیان و جیهان و بوون نیە، بگرە پەیوەندیی پچڕ پچڕ و هەوەستە لە ژیان و جیهان و بوون وەریدەگرێت. لەگەڵ دەخەکی کارساتباردا ووبەووی دەکاتەوە. هیچ هونەرێکیش لە واقیع جیا نابێتەوە. چاوگی ئەفسوون و هونەرە سەرسوهێنەرەکان قووایی واقیعن و کرانەوە و جووانەوەن بەسەر ژیانی دەستەمێنبووداو.

ئەو جوانییانەی ئەدەب دۆزیوەتیەوە و لێی دواوە، زۆر کەمترە لەوەی لە واقیعدا بوونی هەیە. ووبەوو دێنە ناو ژیانمان و کاریگەری دەبێت. جوانیبەخش لە ئاستی توانایدا بەهرە و سرووش و هەڵە پەیامدارەکان هەنوێنی دەکەن.

مانسیەت لە یەك سەرچاوەوە هۆز وەردەگرێت. ئەمیش چاوگی خەمە، دواتر دەپەێتەوە بە تاراوگەی ناخ و بەردەوام لەناو وێناکردنی ابردووداو دۆژی، وێناکردنی ابردوو هەکارەکی بنچینەیی و زاە. پاڵ بە پاڵەش ئەم هەستەی الە قووە و بەهۆز بووەتەوە، تا خاڵی

دامەزراندن، بەڵام مانەوە لەناو ئابردووەدا دەربڕین لە ژیان و هەست و بینینی تازە ناکات، چەشنەکی دیاریکراوی مرۆڤ و سروشت دەخولێنێتەوە. هەر لەسەر ئەم بنەما و بنچینەیەشەوە بەردەوامی بە توانای ئاستەقینەی خۆی داوە، هەستەکی قووڵی هاوسانسی لە قووڵیی بیرکردنەوەی دەدەزینەوە.

ئەو خاڵەی جێگای سەرنجە، کلتووری خەمڵی ئەم شاعیرەی شێدا و هەگبری خۆی کردووە، ئەم کلتوورەی بەشەك لە شاعیرانی کوردی پێگەیاندووە. ئەو کەش و بۆگە و سەروا و ترپە و ئاوازەی: (مەولەوی و گۆران) هێنایانە ناو شیعری کوردییەوە. ئەم خۆی لە لانەدا و پەڕەی بە پیتی پەدا، کردییەوە کەرستەیەکی خاو و لەبار، بۆجۆرێکی نوێبەخش و هاوچەرخانە بەکاری هێناوە. لە بواری ترپە و ئاوازدا کەمەڵەك هەما و نیشانەی دیکەی پەدا و هاوتەکی دیاریکراوی دەزییەوە. لە کاتی ئەم هاوودان و دەزینەوەیەدا لە هاواڵت و کرمك و ناوکی وشە و ئیدیەم و دەستواژە و پەند … تاد، ورد بووەتەوە. لەگەڵ نوێبەخشی لەتەنیشت یەکتری وەستاندنی دوای تەواوان و ناسینی دووری و ئاسکانی تەکەڵی کردوون. لەم هاووە وەك نوێبەخشەك خۆی لەناوەندی ئەدەبیدا ناساند و لەناوەندیش پەسند کرا. دوای ئەم شاعیرەش دەخی ترپە و ئاواز لە شیعری نوێبەخشی کوردیدا بە گوێتر پەڕەی سەند. تەگەیشتن و وریایی بەرانبەر ئەم تەکەڵکردنە هەبوو، واقیعی ترپە و ئاوازی قەناغی دووەمی نوێبەخشی شیعری کوردی بە جۆرێکی دیکە دەرکەوت و هەستەکانی هاهەنا.

ترپە و ئاواز لەگەڵ زماندا دێتە بوون، وێنەش هاوناکییەکە لە وشەوە هەڵدێت و تەواو هەستیار، شیعری کوردی لە شەستەکاندا لەگەڵ دەرکەوتنی: (جەمال شارباژێری) شەواز و ترپە و ئاواز و وێنا و هەڵەکی وێنەیی دەگمەنی بەخۆوە بینی، کە پەش ئەم بەخێوەی نەبینیبوو. دەقی: (کردگار – فرمێسکی نهێنی، کە شیعر – چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ساڵی 1968، ل: 63 تا 67) لە ئەزموونی سەرەتاکانیەتی. مامەڵەیەکی نائومێدانەی لەگەڵ پرسیارەکانی بوون و نەبوون کردووە، تەهەڵکەشی یەکتریان دەکات و لەسەر بنەڕەت و چەنیەتیی بیرکردنەوەدا لێکیشیان جیا دەکاتەوە. گرینگیی شیعرەکە لە ئایەڵ و هەستووانەندنی پرسیارەکانیدایە، هاوداوەکانیشی لە دەرەوەی کات و شوێنێکی دیاریکراودا هاوونادەن. لە دەرەوەی کات و شوێنیشدا هاوتاییەك بە خۆی لەگەڵ خێیامدا دەهێنتە بەر دید، پاشان گفتوگۆ و هاوەدان بە لەك تێگەیشتن، یان پرسیارەکانی خۆی لەسەر هەڵەکی درامیدا دەباتەوە ناو پرسیارەکانی خێیام و درێژەی

پەدەدات، (خەیام) و (ئەو) هەردووکیان ئاماژە بە یەک خەسڵەت و نیشانە و سەرچاوە دەدەن، لە خاڵکی وروژێنەر و گرینگدا بە یەک دەگەن. گومان لە پرسیاری بوون و جیهاننناسی دەکەن. پرسیارەکانیش کاریگەرییان بەسەر سەزەوە هەیە، بەهەی سەزەوەش دەیباتە ناو هایەڵە و تانوپۆی هەش و هەستەکان و دەیخەمەنە. داڕژان و ئاوازەکەشی لە بارانی نمە دەچێت، کاریگەریی زۆرە بە ئارامبووندەوەی دەروونی خەمبار. شەوازیشی بە قەناغی سەرەتایی شەوازەکی لەبار و گونجاو و داهێنەرانەیە، جۆرێک تەوی نوێبەخشی تێدا وەشاندووە. تاکو ئێستاش ئەم شەوازە ماوە و لەملا و لەولای شیعری کوردیدا کاری پێدەکرێت. ئەم بزاوت و جووڵە و مانەوەیش لە سروشتی داهێناندا بەهایەکی ئێستێتیکییە، جوانی و شەوازی بەرهەم هێناوە. بەهای ئێستێتیکیی بەهرە و سرووش دەبەخشێتە مرۆڤی نموونەیی و کاریگەری دەبێت لەسەر پەروەردەکردنی ئاگایی کەمەگا و کەسایەتی دەخەمەنە.

شیعری ئەم شاعیرە: لە وەرگێڕاندا بەهای شیعرییەتی لە دەست دەچێت. وەرگێڕان ناتوانێت کرێک و ناوەرۆکی شیعر بتەواوەتی نیشان بدات. شیعرێک وەردەگێڕدرێت، نازاندرێت ئەم شیعرە وەرگێڕدراوە چەند ئەم شیعرەیە، کە لە زمانەکەی خۆیدا وشەسازی و خوازە و لێکچووواندنی تێدا بەکارهاتووە. ئەو توانا زمانییە و ئەفسوونە زمانییەی دەگوازرێتەوە، یان لەدەست دەچێت و مانا دەگوازرێتەوە. هەنگە وردەکاریی شەواز و هوانینی گشتی، تا هادەیەکی باش بگوازرێتەوە، بەڵام هوانینی خوازەیی، ئەگەر مەحاڵ نەبێت نزیکە لە مەحاڵ. بە جۆرێک بە ئەفسوونی زمانی دەقەوە موتوربە کراوە، لە وەرگێڕاندا ئەفسوونەکە بزر دەبێت و نزیک دەبێتەوە لە مانای هووکار و هواڵەتی. لەگەڵ ئەم پەزانینەشدا شیعر تەنیا بە زمانی دایک، واتە: زمانی دەق نانووسرێت، ئەی کەناڵی وەرگێڕان، زمانی دووەم: چەن دروست دەبێت. پەیوەندیی نێوان توانا زمانی و ئەفسوونی زمانی دەق، لەگەڵ زمانی دووەم: لە چ بارێکیدا وردەکارییەکان بەهێز دەبن.

نیسانی 2008 هەولێر

مەحوی لە نێوان دڵی وەك بەردی یارو تیغی ڕەخنەی خەڵکدا لە شیعـــــری (عەجیبـــــم دڵ)دا.. نووسینی/ عەتا قەرەداخی

-١-
شیعری(عەجیبم دڵ) یەکێکە لە شیعرەکانی مەحوی کە لە لاپەڕەی 270-272 ی دیوانەکەیدا بەناوکراوەتەوەو لە یانزە دێڕ پێکهاتووە. شیعرەکە هەمان شێوەی شیعرەکانی تری مەحویو زۆربەی شیعری کلاسیکی کوردی ناونیشانی نییە. لە کاتێکدا ئەوە ئاشکرایە کە ئەو ڕێبازە ڕەخنەییانەی کە کار لە ناو دەقدا دەکەن بایەخێکی زۆر بە ناونیشانی دەق دەدەن چونکە پێیان وایە ناونیشانی دەق وەکو کلیل وایە بۆ کردنەوەی دەرگای دەق، ئەمەش ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە دەق جەستەیەکی سەربەخۆیەو دەرگای تایبەتی خۆیی هەیەو ڕەخنەگریش لە هەنگاوی یەکەمدا پێویستی بەوەیە کە ئەو دەرگایە بکاتەوە بۆ ئەوەی بچێتە ناو دنیای دەقەوەو لەوێوە بە زاراوەی نەرسەرن فرای هەوڵی توێکاری دەق بدات، یان بە زاراوەی بارت هەوڵی شیکردنەوەی دەق بدات لە ڕوانگەی بنیادی پێکهێنەری زمانی دەقەوەو لەوێوە لە دوای پرسیارەکانی دەقو شێوازی ئاراستەکردنیان بگەڕێت و لەپاڵ ئەوەشدا هەوڵی ئاشکراکردنی جیهانبینی دەق بدات.
بەهەرحاڵ ئێمە لە شیکردنەوەی شیعری کلاسیکی کوردیدا بەگشتی ئەو کلیلەمان لەبەردەستدا نییە کە دەرگای دنیای دەقەکەی پێ بکەینەوە ئەوەش ڕەنگە تا ئەندازەیەك ڕێگری هەبێت لە گرانترکردنی شیکردنەوە یان توێکاری دەقی کلاسیکدا، بەڵام دەبێ ئەو ڕاستیەش بڵێین ڕێگری ناونیشان تا ئەو کاتە گرنگە کە ڕەخنەگر دەگاتە جەستەی دەقو دەکەوێتە کاکردن لە ناو ئەو پێکهاتە زمانیەدا.
-٢-
ئێمە دەزانین کە مەحوی هەمان شێوەی زۆرێك لە شاعیرانی کلاسیکی کوردی هەم خوێندنگای ئایینی خوێندویەتیو هەم بووە بە مەلایەکی شارەزاو پایەبەرز لە زانستە ئیسلامیەکانداو هەم شارەزا لە زمانەکانی عەرەبیو فارسیو هەم بە ئاگاو سەردەرچوو لە شیعری ئەو دوو نەتەوەو لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە مەحوی ڕێبازی تەسەوفی نەقشبەندی وەرگرتووەو لەو بوارەشدا شوێنو پێگەی خۆیی هەبووەو

لەگەڵ ئەوەدا کە شاعیرێکی پایەبەرزە، ئەو عاریفو زاهیدێکی دیارو لەبەرچاوەو بۆجگە لە شیعرە ئاینییەکانی، بەرهەمەکانی تریشی کە لە رووکەشدا زیاتر وەکو شیعری دڵداری دەردەکەون، بەگشتی رەگو ریشەی دڵداریو عیشقێکی مەودا قووتریان هەیە کە ئەویش عیشقی خودایی‌و گەڵانو سەوداسەری نەفسێکە کە وازی لە دنیاپەرستی هێناوەو سەرگەرمی گەڵانە بەدوای گەیشتن بە ڕەحمی باڵاو توانەوە لەو ڕەحمە باڵایەدا. هەموو ئەو وێنەو دەربڕینو ئایەتی قورئانو فەرمودانەی پێغەمبەریش کە بوون بە سەرچاوەی دەقەکانی مەحوی بە مەبەستی ئامادەکردنی زەمینەو فەزایەکە کە تێیدا وێنەی سۆفی یان زاهیدو عارفێك بەرجەستە بکات کە چۆن تێدەکۆشێت بگات بە ڕەحمی باڵاو لەو ڕەحمە باڵایەدا بتوێتەوە کە ئەوەش بەرزترین پلەیە کە سۆفی یان زاهید لە ژیانی خۆیدا بیگاتێ. تەنانەت ئەو شیعرانەشی کە باسی عیشقو دڵداری لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر دەکەن بنەماو فەزای عیشقی خودایی‌و تەسەوفیان هەیە.

ئەوە ئاشکرایە کە مەحویش وەکو شاعیرانی تری کلاسیکی کوردی‌و بە تایبەتیش شاعیرانی بابان بە کۆشی شیعری کلاسیکی عەرەبی یان باشتر بڵێین بە کۆشەکانی فەراهیدی نووسیوێتی کە لە ڕوانگەی ئەدەبی تەنەوایەتیەوە هەرچۆن ڕەخنە لە نالی‌و سالم‌و کوردی دەگیرێت لەبەرئەوەی کە پشتیان لە کۆشە کوردییەکان کردووە کە کۆشی پەنجەیە، هەمان ڕەخنەش بەر مەحوی دەکەوێت بەڵام دیارە کودەتا کردن بەسەر کۆشەکانی پەنجەدا کە شێوازی ڕەسەنی نووسینی شیعری کوردیە لە لایەن نالی‌و شاعیرانی تری سنووری میرنشینی بابانەوە کراوەو مەحوی ئەو کودەتایەی نەکردووە بەکو شوێن پێی ئەوانەی هەگرتووە کە کودەتاکەیان بەرپا کردووە، هەرچەندە دەبێ ئەو ڕاستیەش بدرکێنین کە هاوکاتی مەحوی، شاعیرێکی دیاری تری ئیمە کە مەولەویە بە کۆشی ڕەسەنی کوردی شیعری نووسیووەو نەهاتۆتە سەر ڕێگای نالی‌و هاوڕێیانی. واتە دەستەبەرداری کۆشی پەنجە نەبووە لە نووسینی شیعردا کە کۆشی گاتاکانی ئایینی زەردەشتی‌و کۆشی فۆلکلۆری کوردییە، ڕەنگە هۆکاری سەرەکیش بۆ ئەوەی کە مەولەوی شوێن پێی شاعیرانی بابانی هەڵنەگرتبێت ئەوە بێت کە مەولەوی لە دەرەوەی قەڵەمڕەوی بابان ژیاوەو ئەوەندەی پەیوەست بووە بە زاری گۆرانی‌و جوگرافیای جوان‌و قەشەنگی هەورامان‌و ڕەسەنایەتی کوردی‌و ئیشراقاتی زەردەشتی‌و ڕۆژهەڵاتی‌و تەنانەت نەقشبەندییەوە، ئەوەندە نەکەوتبێتە ژێرکاریگەری ئەزموونی شیعری بابان‌و کەلتووری عەرەبی‌و ئیسلامیەوە سەباری پەیوەستبوون‌و شارەزابوونی زۆریشی لە ئایینی ئیسلامدا.

دیارە ئەگەر بە وردی سەیری بنیادی زمانی شیعری مەحوی بکەین جارە پەرەسەندنێکی زمانی پێوە دیارە کە لە ڕووی زمانەوە کە زمان

بنەمای سەرەکی بەرهەم هێنانی گوتارە زیاتر رەگەزی کوردی بوونی پێوە دەبینرێت کە ئەم قسەیە بۆ شاعیرێکی وەکو مەولەوی کە زمانو کێشی شیعری بنیادی نووسینیشی کوردیە قۆناغێك دەیباتە پێشتر لە رووی گوتاری نەتەوەییەوە، هەروەك شوێنی مەحویش ئەگەر تەنیا لەسەربنەمای روکەشی زمان سەیری بکەین دەکەوێتە پێش زۆرینەی شاعیرانی تری کلاسیکی ئێمەوە لەو روانگەیەوە کە زمانی نووسینی مەحوی بە پێی قۆناغە مێژووییەکەی خۆی سیاقێکی کوردیتری هەیە لە چاو زۆرێك لە شاعیرانی پێش خۆی ئەمەش لە ئاستێکی قوڵتردا لە رووی پەیوەندی زمانو فیکرەوە ئەوە دەردەخات کە بیرکردنەوەیەکی کوردی ئەگەر زۆر بەهێزیش نەبووبێت لە پشتی ئەو سیاقەی نووسینەوە هەیە، بەڵام ئەگەر ئەم زمانەی مەحوی بەراورد بکەین بە زمانی نالیو سالم لە رووی بارگاوی بوونیەوە بە مەعریفەو جیهانبینیو نەتەوەیی کوردی ئەوا گوتاری مەحوی لە رووی بارگاوی بوونەوە بە رەگەزە نەتەوەییەکانی وەکو فیکرو مەعریفەو جیهانبینی لە ئاستێکی دواتردایە.

-٣-

عەجیبم دێ لە عەقڵی ئەو کەسە وا تێ دەگا مەردە
کەچی وەك خان خانم دائیما دێ خۆشو بێ دەردە

مەحوی لە دەستپێکی شیعرەکەیدا لە بارەی جۆرە کەسێتیەکەوە دەدوێت کە وای نیشان دەدەن باش لە خۆیان تێگەیشتوونو بەباشی خۆیان دەناسن واتە کەسانێکن بە بۆچوونی خۆیان لە پلەی کەمانداں. مەحوی بە لایەوە سەیرە کەسێك خۆی بە مەرد، یان بە مرۆڤی تەواو بزانێت، کەچی هەمیشە ئاسوودەو دڵخۆش بێت. هەرچەندە ئەوە ئاشکرایە کە ئاسوودەیی پەیوەندی بە کەسێتی مرۆڤەوە نییە، یان باشتر بڵێین ئاسوودەیی پەیوەندی بە ئاستی ڕۆشنبیریو هوشیاریەوە نییە. لە راستیدا مەحوی پێی وایە کەمەڵك بنەما هەن بۆ ئەوەی بە کەسێك بگوترێت کەسی تەواو یان کەسی مەرد، ئەویش ئەوەیە ئەو کەسە پلەی کەمانی هەبێت، هەرچەندە چەمکی "کەمان" چەمکێکی تەواو رەهایەو تەنیا لە سنووری ئایینداا جێگای دەبێتەوەو ئەو خاسێتەش تەنیا بە خودا دەبەخشرێتو خاسێتی مرۆڤ نییە، چونکە شتێك نییە بە ناوی مرۆڤی تەواو. بەهەرحاڵ کەسێك کە بە دەربڕینی مەحوی بە مەرد دابنرێت دەبێ کەسێکی ژیرو هوشیار بێتو لەو ئاستەدا بێت بە باشی لە دنیا تێبگات. دیارە کەسێکیش کە بە باشی لە دنیا تێ بگات ئەوە گومانی تێدا نییە گومانی تێدا نییە کێشەی لە هەمووان زۆرتر دەبێت چونکە ئاشکرایە ئەوەی کە لە هەمووان باشتر تێ دەگات زووتر هەست بە کێشەو گرفتەکانی ژیان دەکات، چ کێشەی تایبەتی خۆی بێت، یان کێشەو گرفتی ئەوانی تر، یان لە ئاستێکی تردا دەتوانین بڵێین بێ

کەسی هوشیار رووبەرڕك هەیە بۆ بیرکردنەوەو تۆامان لە کێشەکانی ژیانو مردن کە ئەوەش بەسە بۆ ئەوەی کە وابکات لە مرۆڤ ئاسوودە نەبێت، لەبەرئەوەی لەبەردەم ترسێکدا راوەستاوە کە ترسە لە مردن، مانای وایە رووبەری ئاسوودەیی بۆ ئەم جۆرە کەسە رووبەرڕکی یەکجار تەسکەو تەنانەت ئەگەر هەشبێت ئەوە شتێکی کاتییەو ناشێت هەتا سەر بەردەوام بێت.

مەحوی پێوانەیەکی تایبەتی خۆیی هەیە بۆ مرۆڤی مەرد ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤی مەرد کەسێکە لە هەموو رووبەکەوە تەواوو تێگەیشتوو، پێگەیشتوو، هەر ئەوەش وای لێدەکات کە ئاسوودەو دڵخۆش نەبێت چونکە مرۆڤی مەرد ئەگەر خۆیشی کێشەو گرفتی نەبێت ئەوە ناتوانێت چاو لە کێشەو گرفتەکانی خەڵکی بنووقێنێتو لەگەڵ ئازارەکانیاندا نەژی. لێرەدا مەحوی وێنەی جۆرێك لە مرۆڤمان بۆ بەرجەستە دەکات کە تەنیا لە روانگەی خۆیەوە سەیری ژیان ناکاتو تەنیا بۆ خۆی ناژی، بەڵکو دەیەوێت پێمان بڵێت لە چوارچێوەی کۆمەڵگەداو بە پێی کۆمەڵێ بنەمای کۆمەڵایەتی، بۆیار لەسەر کەسێتی هەر کەسێك دەدرێتو کەسێتی هەر کەسێکیش لە روانگەی کۆمەڵایەتی بوونی ئەوکەسەو ئامادەبوونی لە نێو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا بۆیار دەدرێت. کەسێك کە تەنیا لە سنووری بوونی خۆیداو بە پێی پێوانەی تایبەتی خۆی شوناسی مەردایەتی، یان مرۆڤی تەواو، یان باڵای هەیەو بە جۆرێك لە جۆرەکان خاسێتەکانی کەماڵ بوون بەخۆی دەبڵێتو، خاوەنی هەستو عەقڵێکی لەوجۆرەشە کە بەبۆ بیرکردنەوە لە کۆمەڵگاو بە بۆ بیرکردنەوە لە مرۆڤایەتیو لە ئازارەکانی ئەوانی تر خۆی بە ژیر دەزانێتو لە ئەنجامی ئەوەشدا دنیایەکی پەرتکراو لە کۆمەڵگا بۆ خۆی دروست دەکاتو لەو دنیا تایبەتیەی خۆیدا فەزایەکی پێ لە ئاسوودەیی بۆ خۆی دەخوڵقێنێو مرۆڤایەتی بە هەموو ئازارەکانییەوە فڕێ دەداتە ئەودیوی ئەو حەسارەوە کە بەدەوری دنیا تایبەتیەکەی خۆیدا هەڵچنیووە، ئەوە کەسێکی خۆپارێزو خۆپەرستەو لە رووی کۆمەڵایەتیو ئایینیشەوە بە وێنەیەکی نێگەتیف دادەنرێت، دیارە بە هیچ پێوانەیەکیش وێنەی مرۆڤی نێگەتیف یان پاسیڤ نابێتە کەسی مەرد یان کەسی تەواو.

لێرەدا ئەگەر ژیرێتی خاسێتی مرۆڤی مەرد بێت ئەوە بگومان لە بەرامبەریدا نامەرد کەسێکە لە دەرەوەی ژیریو عەقڵ، کاتێك کە عەقڵو تێگەیشتن ئامادەبوونیان هەبێت ئەوا سەنگینیو بەهاداریش بوونیان دەبێت، هەرکاتێکیش کە سەنگینیو بەهاداری بوونیان هەبێت، ئەوە بگومان سادەییو خاکی بوونیش ئامادەبوونیان دەبێت. هەروەك ئاشکرایە مرۆڤی ژیرو پێ وەکو خانو خانم رەفتار ناکاتو مرۆڤێکی خاوەن بیرکردنەوەو تۆامان دەبێتو ئەوەش وای لێدەکات کە کەمتر

ئاسوودەیی پێوە دیار بێتو هەرگیز مرۆڤی تێگەیشتوو یان بە روانینی مەحویانە مرۆڤی تەواو خۆی لەسەرووی ئەوانی ترەوە نابینێت.

-٤-

بە پیری مەرگەوە فرسەخ بە فرسەخ رۆیون مەردان

ئەوی باکی لە مردن بێ دیارە بێحو نامەردە

مەحوی لێرەدا وێنای مرۆڤی مەردمان بێ دەکات لە رابردوودا بەوەی کە مرۆڤێك بووە هەرگیز باکی لە مردن نەبووەو لە پێناوی ئەوەی کە بۆوای پێی هەبووە نەك لە مردن نەترساوە بەڵکو بە پیری مردنیشەوە چووە، لەبەرامبەر ئەم جۆرە کەسێتیەدا ئەوی شاعیر وێنەی جۆرێکی تر لە کەسێتیمان بێ دەکێشێت کە لە مردن دەترسێتو خۆی دەشارێتەوە، ئەو وای نیشان دەدات کە ئەم جۆرە کەسێتیە نەك هەر لاوازو بێبنەمان بەڵکو ناکاراو ناشیرینو نامەردن. ئەگەر مەبەست لە مەرد کەسی خاوەن کەسێتی بەهێز بێت ئەوا لەبەرامبەردا کەسی نامەرد کەسێکی لاوازەو خاوەنی کەسێتیەکی بێ تواناو بێ گەوهەرە. بێگومان شاعیر پێوانەیەکی دانەوە بێ دیاری کردنی مەردو نامەرد کە ئەویش ئەوەیە ئەگەر کەسێك بەپیری مەرگەوە بچێت ئەوە کەسێکی مەردەو ئەگەر لە مردنیش بترسێت ئەوە نامەردە، بەبێ ئەوەی هۆکار بێ چوون بەپیری مەرگەوە یان بێ ترسان لە مردن دابنێت. دیارە ئەوە ئاشکرایە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کەسانێکی زۆر قوربانیان بە ژیانی خۆیان داوەو لە پێناوی بیرو باوەڕ، یان هەر شتێکدا کە بۆوایان پێی هەبووە ژیانی خۆیانیان بەخشیووە, مەبەستمان لەم قسەیەش ئەوەیە دەبێ ئامانجێك هەبێت شایانی ئەوە بێت مرۆڤ خۆیی لە پێناودا بەخت بکات، یان لە پێناویدا بەرەو پیری مەرگ بچێت، بۆیە لێرودا دەتوانین بڵێین بەهای ژیانو مرۆڤ زۆر لەوە گەورەترن کە بەخۆایی لە دەست بدرێن، هەر بۆیە هەتا ئەو ئامانجە دیاری نەکرێت کە مرۆڤ لە پێناویدا بەرەو پیری مەرگ بچێت، پێموایە ئەو دادوەری کردنە لە جۆی خۆیدا نابێت، ئەگەر بۆوامان بەوە هەبێت کە مرۆڤ گەورەترینو پێبەهاترین سەرمایەی سەرگۆی زەوییەو تەنیا لە پێناوی ئامانجە بەرزەکانی وەکو ئازادیو سەربەستیو لە پێناوی مرۆڤایەتیو بە مرۆڤبووندا رەوایە قوربانی بداتو بچێت بە پیری مەرگەوە. کاتێ مەحوی ئەوکەسانە بە بێحو نامەرد ناودەبات لە پای ئەوەی لە مردن دەترسن، پێمان نالێت کام مردنو لە پێناوی چیدا، ئەمانە شایەنی ئەوەن کە بمرن، یان بە دەربڕینێکی تر ئامانجێك دەستنیشان ناکات تا پێمان بڵێت ئەو کەسەی ئامادە نەبێت لە پێناوی ئەو ئامانجەدا قوریانی بدات تا دەگاتە ئاستی ژیان بەخشینیش، ئەوە کەسێکی نامەردە. لێرەوە بە ئاشکرا جۆرێك لە نائاشکرایی لە تێوانینی مەحویدا هەیە بێ چەمکی ژیانو مردنو، پێدەچێت ئەو تەنیا لەو تیشکە

نیگایەوە سەیر بکات، مرۆڤی مەرد ئەو مرۆڤە خۆنەویستەیە کە هەمیشە گیانی قوربانی دان تیایدا باوادەستە، بەبێ ئەوەی پێمان بڵێت قوربانیدان لە پێناوی چیداو بۆچی؟ واتە بە پێچەوانەکردنەوەی چەمکی میکاڤیلیانەی " ئامانج پاساوی ئامراز دەدات" دەبێ ئامانجێکی ئەوتۆ هەبێت کە شایانی ئەوە بێت مرۆڤ لە پێناویدا بمرێت. لە کاتێکی وەهاشدا ژیان دەبێتە ئامراز لە پێناوی ئامانجێکدا کە بگومان دەبێ ئەو ئامانجە لەو ئاستەدا بێت ژیانی لە پێناودا بەخت بکرێت.

-٥-

لەبەر قاپی مەحەببەت ئەو خودا پێ داوەیە رووسوور
حەزینە، دیدە پێ ئەسرینە، دڵ خوێنینە، روو زەردە

مەحوی وەکو چاودێرێك راوەستاوەو لە سەرەوە سەیر دەکاتو هەر لەوێشەوە بۆیاری ئەوە دەدات کە کێ رووسوورە، واتە ئەوە کێیە شوونەناسی خۆیی بەدەست هێناوەو هیچ ترسێکی لە رووبەووبوونەوە، یان لە بەرەو پیری چوونی مەرگ نەماوە؟ ئەو پێی وایە کەسی رووسوور تەنیا ئەو کەسەیە لە بەردەم دەرگای خۆشەویستەکەیدا شانی لێداداوەو گەیشتووە بە جۆرێك لە یەقین، کە ئەوەش لوتکەی ئاسوودەییەو رزگاربوونی مرۆڤە لە ترس یان لە هەر گومانو دوو دڵیەك بەرامبەر بە ئایندەی خۆی. هەرچەندە لێرەدا مەحوی باسی ئەوە دەکات ئەو کەسەی دەگاتە بەردەرگای دڵدارەکەی هەرچەندە خەمبارێو چاوی پێ لە فرمێسكو دڵی شەقارو رووی زەردو لێوبەباریش بێت، ئەویش لە ئەنجامی ئەوەدا کە رەنگە دڵدارەکەی بێ مەیل بێتو لای لێنەکاتەوە، ئەوە هێشتا ئەو کەسە رووسوورە، مادەم گەیشتۆتە مەرتەبەیەك کە کە نزیکبوونەوەو گەیشتنێتی بێ بەردەرگای دڵدارەکەی.

جارێکی تر هەمان شێوەی ئەوەی لە ئەزموونی شیعری مەحویدا هەستی پێدەکرێتو دەبینرێت، ئایا مەبەست لە دڵدار لێرەدا کێیە؟ ئەی دەلالەتی عیشق بوون لێرەدا چییە؟ ئەی بەرقاپی دڵدار چی دەگەیەنێت؟ ئایا ئەگەر ئەم دڵدارە بوویەکی مەجازی نییە، ئەوە چی دەگەیەنێت کە عاشق بگاتە بەرقاپی دڵدارەکەیو، کەچی لەوێدا خەمبارو زەردو چاو پێ لە فرمێسكو دڵپڕخوێنین بێتو کەچی بەسەرکەوتووش ناوببرێت؟ لێرەدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت ئەوەی مەحوی باسی دەکات فەزای بوونی دوو دڵدار نییە، واتە نێرو مێ، بەڵکو بە ئاشکرا دیارە ئەو زەمینەیەی ئەو بەرجەستەی دەکات، زەمینەی خوداپەرستێكو خودای خۆیەیەتی، یان زەمینەی سۆفییەكو خودای خۆیەتی، کە نزیك بووەتەوە لەوەی بگات بە دیداری ڕاحی باڵا. کەواتە لێرەدا ئەوە ئاشکرا دەبێت ئەوی سۆفی مادەم گەیشتۆتە بەرقاپی خودای خۆیی و هەڵی ئەو

نزیکبوونەوەیەی بۆ رەخساوە با لە بارودۆخێکی ئاڵوزو خراپیشدا بێت بەڵام بۆ ئەو سەرکەوتنو روسوریییە چونکە لەبەردەم قاپی ئەوی بەرزو بادایە کە ئەوەش وای لێدەکات لە ئاواتی هەرە گەورەی خۆی نزیك بووبێتەوە کە گەیشتن بە ڕۆحی باڵاو توانینەوەیە لەو ڕۆحەدا. دیارە بۆ کەسی سۆفیش سەرباری هەستکردن بە روسووریو بەسەرکەوتنیش کەسێکی سادەو خاکیو لە خوداترسەو، هەمیشە ماتو خەمگینو چاو پڕلە فرمێسك دیارە، ئەوەش دیسان وەکو خاسێتە دەرەکییەکان یان روکەشەکانی سۆفی وایە چونکە ترس لە خوداو ڕاوەستان لەبەردەم گەورەیی ئەودا هەمیشە ئەوە لەلای کەسی سۆفی یان زاهیدو دەست لە دنیاشردو دروست دەکات کە هەمیشە بە لاوازی لە بەردەمی ئەو هێزە باڵایەدا ڕاوەستابێتو چاوەڕوانی سۆزو بەزەیی ئەو بکاتو، وەهاش تێبگات هەر خۆنمایشکردنێك کە بۆنی دۆخۆشیو ئاسوودەییو خۆبەشتزانینی لێ بێت دەشێ ببێتە هۆی ڕەنجاندنی خوداو سەرئەنجام ئەوەی تاکو ئێستا پێی باوەو پێی گەیشتووە، کە گەشتنە بەرقاپی ئەوە لە دەستی بچێت. ئەمە سەرباری ئەوەی کە دەشێ بۆ کەسی لەم جۆرە شتێك نەبێت کە مایەی دۆخۆشیو ئاسوودەیی بێت مادەم لەبەردەم مەترسی مردنو لێپرسینەوەی ئەو دنیادایە. دەشێ ئەو ڕەنگ زەردیو خەمگینیو چاوی پڕفرمێسکەشی دەرئەنجامی بیرکردنەوو تێڕامان بێت لەو چارەنووسە نادیارەی لە بەردەمیدایەو ترس بێت لەوەی کە هەر دڵبەدنیاخۆشبوونو ئاسوودەییو پێکەنینێك ببێتە هۆی ڕەنجاندنی خوداو سەرئەنجام ئەگەری گەیشتن بە ڕۆحی باڵای ئەوی لە دەست بچێتو سەرگەردانو بێچارە بمێنێتەوە، بەواتا لە ترسی ڕەنجاندنی خوداو لەدەستچوونی سۆزو بەزەیی ئەو بەوشێوەیە خۆی نیشان بدات ئەویش لە ترسی ئەوەی نەوەکو ئەو دنیای بۆ کۆتایی لەدەست بچێت. لێرەدا مەحوی بەرجەستەی کەسێتی روسوورو سەرکەوتوومان وەها بۆ دەکات کە کەسێکە سەرباری نزیکی لە خوداوە، لەبەر ڕازیکردنی خودا لە خۆی هەمیشە بەسادەییو گەدایانە خۆی نیشان دەداتو لاوازو بۆ دەسەڵات خۆی دەنووێنێتو لەبەر توانا دەسەڵاتی خودادا ئەم هەمیشە لاوازو بۆ تواناو ناکارایەو، تاکە شتێك کە دەتوانێت بیکات ئەوەیە کە هەوڵبدات خودا لە خۆی ڕازی بکات بەو ئومێدەی بە دیداری ڕوحی باڵای ئەو بگات، دیارە لە ڕوانگەی تەسەوفیشەوە بەرزترین ئامانجی سۆفی ئەوەیە بگات بە ڕۆحی باڵای خوداو لەو ڕۆحە باڵایەدا بتوێتەوە.

-٦-

لە ئەحبابی قەدیمی بەزمی ئولفەت ماوەتن دوو تەن
یەکێ پەروانە هەم دەردە، یەکێ بولبول کە هەم فەردە

مەحوی لە دەربێنێکی ناڕاستەوخۆدا باس لەوە دەکات شتەکان لە

جێگای خۆیاندا نەماونو گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، لەو نێوەندەشدا سەرجەمی ئەوانەی کە ئاشناو هاگری ئەم بوون واتە ئەمی عاشق هیچیان وەکو خۆیان نەماون تەنیا دووانیان نەبێت کە ئەوانیش پەروانەو بولبولن. لێرەدا ئەوە ئاشکرا دەبێت مەحوی لە روانگەی بەردەوامیو جێگیری هەرکەسێك لەسەر ئەوەی بۆای پێی بووە، یان وای نیشان داوە کە لەو بوارەدا کاردەکات، دەڤانتە ژیانو دەورو بەرو کەی هەڤستو جوڕەی کەسەکان. ئەو پێی وایە کەسانێکی زۆر ئیدیعای عیشقو عاشقبوونیان کردووە، دیارە مەبەست لە عیشقو لە عاشقبوونیش هەروا شتێکی رووکەش نییە لە تێڤانینی مەحوییەوە، بەکو عیشق مەسەلەیەکی گرنگەو بریتیە لە قوربانی دان، کە ئەوەش تەنیاو بەس تەنیا بە کەسی خانەویستو زاهیدو سۆفی دەکرێت واتە کەسێك کە دەستی لەهەموو شتێك شۆردبێتو تەنیاو بەس تەنیا لە پێناوی عیشقەکەیدا بژیو تەنیا کەسی لەوجۆرە دەتوانێت قوربانی بدات. بگومان لێرەوە دەشێ چەمکی عیشق زۆر فراوانو گشتگر بێتو تەنیا هەر عیشقی نێوان دوو رەگەزەکە نەبێت، بەکو عیشق بێت لە هەموو ئاستێکدا واتە لێرەدا عیشق دەلالەتی ئەو مۆتیڤە هەڵدەگرێت کە مرۆڤ بۆ خۆبەخت کردنو خانەویستی دەجوڵێنێت. بە هەرحاڵ مەحوی دەیەوێت بڵێت لە ناو هەموو ئەو واقیعەی کە ئەمی تیادا ژیاوەو لە کاتێکیشدا ئەم بە بۆچوونی خۆی نوێنەرایەتی مرۆڤایەتی دەکات لەسەردەمی خۆیدا، عیشقبوون تەنیا وەکو مەسەلەیەکی رۆژ وابووە، ناتوانرێت کەسێك بدۆزرێتەوە کە عاشقی راستەقینە بووبێت بۆجگە لە پەروانەو بولبول. ئەوە ئاشکرایە مەسەلەی عیشقبوونی پەروانە کە لێرەدا مەبەست پەپولەیە، چیرۆکێکی ئەفسانەییە لە مۆژووی مرۆڤایەتیداو وەها لێکدەدرێتەوە کە پەپولە ئەوەندە رووناکی خۆش دەوێتو ئەوەندە عەشقی رووناکیە کاتێ لە شەودا تیشکی مۆم دەبینێت لێی نزیك دەبێتەوەو بەردەوام بە دەوریدا دەخولێتەوەو لەگەڵ ڕیشتنی کاتیشدا نیوەتیرەی ئەو بازنەی کە پەپولە بە دەوری مۆمەکەدا پێی دەخولێتەوە کورتتر دەبێتەوەو بەو پێیەش پەپولەکە زیاتر لە گەی مۆمەکە نزیك دەبێتەوە تا باڵەکانی گەدەگرنو دەسووتێن، بەوەش پەپولەکە توانای فڕینی نامێنێتو دەکەوێتە خوارەوەو بە سووتاوی دەمرێت. ئەمەش جوانترین نموونەی قوربانی دانە لە پێناوی خۆشوویستنی شتێکدا، پەپولەیەك کە عیشقی رووناکی مۆمە سەرئەنجام گەی ئەو مۆمە دەیسووتێنێت، ئەمەش بەرزترین شێوازی عیشقبوونە کە لە پێناوی خۆشەویستیو عیشقبووندا ئەوەندە نزیك دەبێتەوە تا گەی ئەو عیشقە بیسووتێنێت، لێرەدا دەشێ وەها لێکبدرێتەوە کە عیشق بۆ خۆی سەرباری ئەوەی قوربانیدانە دیسان بریتیە لە دنیایەك کە سەرتاپای خاوێنیو بگەردیو خانەویستیە.

به گوڕەی بولبول ئەوە ئاشکرایە کە باڵندەیەکە لە فڕلکڵرو ئەدەبی گەلاندا وەکو هاوتای دڵدارانی راستەقینەو عیشقی هەمیشەیی گوڵ باس دەکرێتو زۆربەی کات کراوە بە ناوەند بۆ ئەوەی باشترین عاشقو بەختەوەرترین عاشقی پێ بەراورد بکرێت. مەحوی پێی وایە هەر ئەو دووانە لەسەر پەیمانو بەڵێنی خۆیان ماونو هەر ئەوان ڕێگاو ڕەوتی خۆیانیان نەگۆڕیووە، ئەمش ئەوە دەگەیەنێت بەلای ئەوی شاعیرەوە هەر ئەمان نموونەی ڕاستەقینەی عیشقو دڵدارین چونکە لەو بەڵێنو پەیمانانەی کە داویانە پەشیمانو پاشگەز نەبوونەتەوەو نابنەوە. دیارە ئەوەش خاسێتی سەرەکی عاشقە کە هیچ کەسپو بەربەستێك ناتوانێت لە ڕێگای ڕاستەقینەی عەشق لایبدات. بۆگومان ئەوەی لێرەدا ئاشکرا دەبێت ئەوەیە مەحوی باسی زەمینەو بارودۆخێك دەکات کە تیایدا بنەماکانی عیشق هەرەسیان هێناوە، بۆیە لەو هاوەڵانو هاوخەمانەی کە ئەو باسیان دەکاتو ئێستا بەجۆرێك لە گلەییو گازەندەوە لە بارەی خۆیانو عیشقبوونیانەوە دەدوێت تەنیا پەروانەو بولبول ماونەتەوە.
دیارە ئەوە ئاشکرایە عیشقو خۆشەویستی مۆتیفو جوڵانەری ژیانن، ئیتر ئەو عیشقو خۆشەویستیە هەر جۆرو هەر شێوەیەك بێت واتە عیشقو خۆشەویستی نێوان دوو ڕەگەزەکە بێت، یان عیشقی خودایی بێت، یان خۆشەویستیو عیشقی خاكو زێدو نیشتیمانو نەتەوەو مرۆڤایەتی بێت، یان عیشقی کارو پیشەو ئارەزووە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ بێت. گرنگ ئەوەیە ناشێت بە جیدیو بە دڵسۆزی مرۆڤ لەسەر هیچ شتێك بەردەوام بێت ئەگەر جۆرێك لە عیشقبووونی بۆ ئەو بوارە نەبێت. بە پێچەوانەکردنەوەی ئەم بۆچوونە، مەحوی دەیەوێت بڵێت ئێستا کە کار ڕووی لە هەورازەو شتەکان گەوهەرو جوانی خۆیانیان لە دەست داوەو تەنانەت بەهای مرۆییەکانیش وەکو پێشتر گرنگو پۆ بایەخ نەماونەتەوە، لەبەر ئەوەیە ڕۆحو گەوهەری عیشقبوونی مرۆڤ بۆ شتەکانو بۆ خودی خۆیشی گۆڕانی بەسەردا هاتووەو وەکو ئەو شێوە خاوێنو ماناڕەی پێشتری نەماوە. کەواتە لێرەدا دەتوانین بڵێین عیشق کە جوڵانەرو بزوێنەرو پاڵنەری مرۆڤە بۆ ئەوەی لە بەرزترین ئاستی مرۆڤایەتدا بێتو بۆ ئەوەی بجوڵێتو بینابکاتو جوانی و ڕاستی مرۆڤایەتیەکی باڵاترو پڕبەهاتر بەرهەم بهێنێت، ئێستا ئەو مۆتیفە خۆی لە شکستو هەرەسدایە، بۆیە هەموو شتەکانی تریش شێواونو ڕووی گەشیان تەڵخو ناشیرین بووە. دیارە ئەمە بۆچوونی مەحویە سەبارەت بەو قەیرانەی کە ڕۆحی عیشقو خۆشەویستی لە هەموو ئاستەکاندا دووچاری بووە، بەڵام دیارە ئەوەش ئاشکرایە کە زۆرجار گۆڕانکارییەکانی ژیان کاریگەری ڕاستەخۆی لەسەر نەك هەر ڕەفتارو هەڵسو کەوتی مرۆڤ دەبێت بەڵکو کاریگەری لەسەر گەوهەرو ماهیەتی

مرۆڤ خۆیشی دەبێت.
-٧-
برالە! ئەم هەموو ئێبالەیە بۆ بەو گەردنە حەیفە
بنیشۆ بەم حەدە ئەم گەردە لەو مینایی بۆ گەردە
مەحوی لە دوای ئەوەی کە باس لە گ[illegible]انی خەڵکو بەردەوامنەبوونیان لە سەر عیشقو خۆشەویستی دەکاتو ئەوەش بە هۆکاری بێبەهابوونو بۆ گەوهەربوونی ژیان دەزانێت چونکە بنەماو پێوانەیەك نەماوە بۆ بەرهەم هێنانی جوانیو بۆ ئەوەی کە قوربانی لە پێناودا بدرێت، ئێستا روو دەکاتە دەرەوەی خۆی کە پێدەچێت هەموو خەڵکی مەبەست بێتو داوایان لێ دەکات کە ناشێت (ئەو) تاوانبار بکرێتو کەمەڵك گوناهی بدرێتە پاڵ لە کاتێکدا ئەو کەسێکی نەناسراوە لە چوارچێوەی دەقەکەداو مەگەر تەنیا لە رێگای وەسفەکانی ئەوی شاعیرەوە لەم دۆخەدا بتوانرێت شووناسێك بۆ ئەو بدەزرێتەوە، وەسفەکانی شاعیر بۆ ئەو کەسەی کە تا ئێستا نازانین کێیە، دەری دەخات مەبەست لە (ئەو) کەسێکی گەردن هاوشێوەی مینای بەگەردە کە ئەمەش لە ئاستێکدا کە تەنیا رووە فیسیۆلۆجیەکەیەتی دەری دەخات کە مەبەست لە (ئەو) ئافرەتە، هەرچەندە دەشێ لە رووی مەعنەوییەوە ئەوی گەردن بەگەرد مەبەست لە ئەوێکی خاوێنو پایەبەرزی دوور لە هەر گوناەو کەمو کورتیەك بێت.
لێرەدا جێگای خۆیەتی ئەو پرسیارە بکەین کە مەبەستی مەحوی لەو هەموو ئێبالەیە واتە ئەو هەموو گوناە یان تاوانبار کردنە چییە؟ ئەی ئەو گەردنە گەردنی کێیە؟ بەهەرحاڵ ئەو پەراوێزەی کە پایەبەرزان مامۆستا مەلا کەریمی مودەڕیسو کاکە حەمەی کوێی بۆ ئەم دۆخەیان نووسیووە ئەوەمان پێ دەڵێت ئەو گەردنە بەگەردە گەردنی یارەو تاوانی کوشتنی دڵدارانی دراوەتە پاڵ. دەشێ ئەمە بەچوونێك بێت بەڵام لە هیچ شوێنێکی تری ئەم دەقەدا بە ئاشکرا باسی ئەوە نەکراوە کە یارێك هەیە لەبەر گوێنەگرتنی، یان لەبەر وەڵام نەدانەوەی بۆ سازو خۆشەویستی کەسانی تر بووبێتە هۆی مردن یان دڵشکاندنی ئەوانی تر، لێرەدا هەمان بەچوونی شکسپیر لە بازرگانی ڤینیسیادا دووبارە دەبێتەوە کاتێ کە پۆرشیا قسە بۆ نێریسای کارەکەری دەکاتو دەڵێت "بۆ ئەوەی وابکەم لە پیاوان بڕوا بهێنن بەوەی کە من پیاوم باسی ئەوەیان بۆ دەکەم کە چۆن چەندەها ئافرەت داوای خۆشەویستیان لێکردووموو لەبەرئەوەی من وەڵامم نەداونەتەوەو رەفزم کردوون لە داخدا نەخۆش کەوتوونو مردوون" .
بۆیە لێرەوە دەشێ وای بۆبچین مەحوی باسی شێخەکەی بکات کە کەسێکی خاوێنو بەگەردە یان تەنانەت رەنگە مەحوی باسی خۆی بکات کە چۆن خۆی بە خاوێنو بۆ گوناە دەزانێت بەڵام چۆن لەو بارودۆخەی ئەوسای

سلێمانیدا هەندێ جار دژیان شکاندووەو ئازاری ڕۆحیان داوە بە تایبەتی لە دوو ڕووەوە کە یەکەمیان ئەو ئازارەیە کە ڕۆبازەکەی مەحوی کە ڕۆبازی تەسەوفی نەقشبەندییە لە پێش لە دایکبوونی مەحویو لە دوای ئەوەش لە سنووری میرنشینی بابانـدا پێی گەیشتووە. دووەمیشیان ئەو ئازارە بێت کە لە ئەنجامی هەڵوێستو ڕوانینی نوخبەیەك لە خەڵکی سلێمانیەوە بەرامبەر بە هەڵوێستی دژستانەی مەحوی بۆ سوڵتان عەبدوحەمیدو دەوڵەتی ئیسلامی دڕووست بووە، کە پێدەچێت مەحوی سەرباری هەستێکی ناکامڵی کوردایەتی بۆای وابووبێت کە تەنیا دەسەڵاتی دەوڵەت یان لوتکەی هەرەمی دەوڵەتی عوسمانی بتوانێت پارێزەرو دابینکەری ژیانی خەڵکی بێت. ئەم هەڵوێستەی خەڵك وای لە مەحوی کردبێت بە ڕاستی هەست بکات غەدری لێدەکرێتو ڕۆحی ئەم خاوێنەو گەردنی وەکو مینای بگەردەڵو شایانی ئەوە نییە کە ئەو هەموو تاوانو گوناهەی بخرێتە ئەستۆ.

-٨-

لە دەورمدا حەصار: ئافەت ، لە سەر سەر خەیمە:درێی ئاە
لە سایەی عیشقەوە بوومە شەهی صاحیب سەراپەردە

دەشێ مانای ئەم دێرە زۆر پەیوەست بێت بە دۆخی پێشترەوەو ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە دۆخی پێشترمان لێکدایەوە کە مەحوی مەبەستی لەو کەسەی کە ئۆباڵی تاوانکردنو گوناە کردنی دەخرێتە پاڵ خۆی بێت ئەوا لێکدانەوەی ئەم دێرەش زیاتر دەبێتە دەروازەیەك بۆ لێکدانەوەی ئەو بارە ناهەمواوەی کە مەحوی خۆیی تێدابووەو باسی خۆی دەکات لەو بارو دۆخە ناهەمواوەدا کە وەکو گوتمان دەشێ بڕازاربوونی مەحوی بەهۆی هەڵوێستی توندو بڕبەزەییانەی خەڵکەوە بەرامبەری دڕووست بووبێت.

مەحوی باسی شۆڕنو جێگاو بارودۆخی خۆی دەکات کە چۆنەو بە چ شێوەیەکە. لەوە دەدوێت کە دەوری بە حەسار یان شورایەك گیراوە کە ئەوەش ئەگەر ڕووە مادییەکەی سەیر بکەین مانای ئەوەیە کە مەحوی لە نێو چوار دیوارێکدایە کە ئەوەش جۆرێك لە خاستی زیندانی بوون یان دەستو پێبەستنی هەیەڵو لە پشتی ئەم وەسفەشەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە بەجۆرێ لە جۆرەکان ئەو باس لەوە دەکات کە ئازادی ئەو سنووردار کراوە، یان لێی داگیر کراوە. هەر لە پاڵ ئەوەدا باسی ئافات دەکاتو لەوەش دەدوێت لەسەر سەریشی خەمە هەیەڵو دووکەڵی ئاەوخەفەتیش سەری خەیمەکەو ئاسمانی گرتووە. ئەگەر بەوردی سەیری ئەم فەزایە بکەین ئەوا تێدەگەین ئەمە فەزای پێوەندکردنو داگیرکردنی ئازادی کەسێکە کە تەنانەت ئەگەر بە خەیاڵیش بێت هەست دەکات لە چوارچێوەیەکدا لە قاڵب دراوەو ئافاتو بەڵا یەخەیان گرتووەو تەنانەت ڕووناکی ئاسمانیش نابینێت چونکە ئاەو ناڵینی بە

جڕکە ناخی دەسووتێنێتو دووکەڵی ناخی بەرزدەبێتەوەو رووی ئاسمانی لێ دەتەنێتو نایەڵێت هیچ ببینێت..
مەحوی باسی ئەم بارەی خۆی دەکاتو دەڵێت ئەوێك کە عاشقی جوانیو خاوێنیو بەها باڵاکانەو عاشقی گەیشتن بە ڕۆحی باڵای خوداو تواندنەوەیە لەو ڕۆحە باڵایەداو بێ ئەو مەبەستەش بەلای ئەوەوە نموونەی بەرزو باڵا بێ جێبەجێ کردنی پەیامی ڕووندو بەرزی ئایینو زوهدو خاوێنی تەسەوف دەوڵەتی ئیسلامیو دەسەڵاتی ئیسلامیە کە ئەویش لە کەسێتی سوڵتان عەبدولحەمیدو خەلافەتەکەیدا بەرجەستە دەبێت، بێتە مایەی سەرزەنشتکردنی ئەم لە لایەن خەڵکەوەو بەم هەڵوێستەش ئەم بووەتە مایەی ڕەخنە لێگرتن لە کاتێکدا ئەو خۆی بە پاشای ڕێگای ئەو عیشقە دەزانێت. کەچی ئەو عیشقە بێ دەبێتە مایەی سەرئێشەو قسەو ڕەخنەو لە ئەنجامی ئەوەشدا خەمو خەفەت دەوری دەدەن، هەرچێن دەواری سەردەمی کۆچی گەرمیانو کوێستانی خەڵکان بە پەردەیەکی گەورە دەورە دەدراو ئەو پەردەیەش دەوری دیواری دەبینی، دیارە ئاشکرایە کە دیوار بەربەستێکە بێ جیاکردنەوەو پاراستنو تایبەتمەندکردنی شوێن بێ ئەو کەسەی لە ناویدا دەژی. بەهەمان شێوە دیواری خەفەتو ئازار ئەمی شاعیر لەوانی تر پەرت دەکاتواتە لێرەدا ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت ئەوەی کە بەشی خەفەتو مەینەتە تەنیا هەر ئەوی شاعیرە. ئەم ئێستا لە ئەنجامی عەشقبوونیەوە بێ جوانیو بێ زوهدو بێ ڕاستیو بێ دڵسۆزی، چواردەوری گیراوەو دووکەڵی خەمو ئازار سەرسەری گرتووەو دنیای لێ بچووك کراوەتەوەو وەکو ئەوە وایە لە نێو دەوارێکدا دیل کرابێت، ئەمەش هەمووی لە سایەی عیشقدایەو لە پێناوی عیشقدا دووچاری ئەم دەردە سەرییە بووە. هەروەك ئەگەرێکی لاوازیش هەیە کە وەها لێکبدرێتەوە ئەم لە سایەی عیشقدا بووبێتە خاوەنی دەوارو ئەو دەوارەش سەرتاپای بە خەمو خەفەتو بەدبەختیو دووکەڵی ئاەو ناڵین دەوری گیرابێت. بەڵام ئەگەر ئەم بۆچوونەی دووەم ڕاست بێت ئەوا تەنیا خۆی بەرپرسیارە لەو بارەی تێیکەوتووە چونکە ئەوە ئەنجامی عیشقە، کەواتە لە بارێکی وەهادا پێویست ناکات باسی کەسی تر بکاتو بە دەنگی بەرز بە گوێی خەڵکی تردا بچڕێنێتو بڵێت (برالە ئەم هەموو ئێبالە بێ بەو گەردنە حەیفە). لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە دەشێ مرۆڤ ڕۆگایەك هەبژێرێت یان تێوانینێکی هەبێتو لە هەموو ڕۆگاو تێوانینێکی تری بەلاوە ڕاستترو دروستتر بێت، ئەمەش شتێکی سرووشتیە، بەڵام دەبێ ئەو بۆچوونەشی هەبێت کە مەرج نییە هەموو خەڵکی تر ئەو ڕۆگاو تێوانینەی ئەمیان بەلاوە ڕاستو دروست بێت، هەر بۆیە دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بکات کەسانێکی تر هەبن نەك لەگەڵ ڕۆگاو تێوانینی ئەمدا ناکۆك بن بەڵکو دەشێ دژیشی بن. بۆگومان ئەگەر مرۆڤ بەم

شێوەیە سەیری دنیای کرد ئەوا هەموو شتەکان بە ئاسایی وەردەگرێتو بەوجۆرەی مەحوی تووشی هەڵچوون یان کاردانەوەی تووند نابێت.

-٩-

چڵن ئەو دێتە چاوی من کە یەکسەر عونصوری ئاوە
مەحاڵە من کە بچمە دڵیەوە، دڵ کیشوەری بەردە

مەحوی باسی خۆی و یار دەکات و ئاشکرای دەکات کە ئەمو یار لە دوو توخمی جیاوازن، ئەم لەو وەسفەیدا کە بۆ خۆیی دەکات وەکو مرۆڤکی ئاسایی وەسفی خۆی دەکات. بەڵام ئەوی یار بە دوو جۆر وەسف دەکات لە یەکەمیاندا وای نیشان دەدات یار لە توخمی ئاوە، لە دووەمیشیاندا وەکو مرۆڤ نیشانی دەدات کە دڵی هەیەو ئەو دەهش سەرباری رەقی هەشتا دڵی مرۆڤە چونکە دەشێ ئەم بچێتە دڵیەوە. سەرەتا مەحوی ئەوی یار دەباتەوە سەر رەگەزی ئاو کە ئاویش چەند خاسێتکی هەیە وەکو ئەوەی ناگیرێتو تەنیا بەهۆی شتێکی ترەوە دەتوانرێت بەرجەستە بکرێت کە ئەمەش رۆگرە لەوەی کە چاوی ئەم بتوانێت وێنەی ئەم بەرجەستە بکات، لێرەشەوە مەحوی دەمان گێڕێتەوە بۆ ئەو بڕچوونەی کە باسی بینینو بەرجەستەکردنی وێنەی شتەکان دەکات، کە گوایە چاو تیشکێك ئاراستەی ئەو شتە دەکاتو بەوەش وێنەی ئەو شتە لە چاودا بەرجەستە دەبێت. بەڵام لێرەدا وێنەی ئەوی یار لە چاوی ئەمی شاعیردا بەرجەستە نابێت هۆکەشی ئەوەیە ئەوی یار لە توخمی ئاوەو وێنەو رەنگی ئاویش بەرجەستە نابن لە چاوی ئەمدا. لێرەدا رەگەزی ئاو ئەو دەلالەتە بەرهەم دەهێنێت کە ئەوی یار تەنیا لە خەیاڵدا بوونی هەیەو پێناچێت بوونکی واقیعی هەبێت مادەم نە لە چاوی ئەمدا دەبێتە وێنەیەکی بەرجەستەو نە رەنگیشی جێگیریشی دەبێت. ئەم بڕچوونەش لە نیوەی دووەمی ئەم دێرەدا زیاتر ئاشکرا دەبێت کاتێ شاعیر باسی ئەوە دەکات کە هەرچۆن وێنەی یار لە چاوی ئەمدا بەرجەستە نابێت بەهەمان شێوە ئەمیش ناتوانێت لە دڵی ئەودا جێگا بگرێت چونکە ئەوێك کە وێنەیەکی بەرجەستەی نەبێت مانای وایە تەنیا لە خەیاڵو وەهمدا بوونی هەیەو ناشێت دڵی هەبێت هەتا ئەم بچێتە دڵیەوە. کەواتە لێرەدا ئەوی شاعیر جۆرێك لە یێتێپیا درووست دەکات کە ئەویش یێتێپیای بە ئاوبوونی یارە، ئاویش توخمکی بێهەنگو بێ بۆنو بێ تامو بێ شێوەیە.

لە رووی زانستیەوە بوونی مرۆڤ دابەش دەبێت لە نێوان دنیای (مشك)عەقڵو دنیای (دڵ) واتە دنیای حەزوو ئارەزووە دنیایی و غەریزەییەکانی مرۆڤ. دنیای عەقڵ، دنیای کۆنترۆڵ کردنو دیسپلین کردنو جوڵەیە بە پێی بەرنامەو نەخشە. دنیای دڵیش دنیای حەزوو ئارەزووە غەریزیو دنیاییەکانی مرۆڤە کە تا ئەندازەیەکی ئاشکرا دەشێ پێیان بگوترێت دنیای غەریزە ئاژەڵییەکانی مرۆڤ. دیارە ئەوەش

ئاشکرایە کە باوەڕبوونی ئەم دنیایە واتە دنیای غەریزە ئاژەڵیەکانی مرۆڤ ئەگەر عەقڵ لەو ئاستەدا نەبێت کە دیسپلینو کۆنترۆڵی ئەو رووبەرە لە بوونی مرۆڤدا بکات ئەوا خاستە دەندەییەکانی مرۆڤ لەسەر لاوازبوونی خاستە مرۆییەکانی مرۆڤ باوەڕدەست دەبێت. دڵ کە هەستیارترین بەشە لە پێکهاتەی مرۆڤدا چ لە رووی فیسیۆلۆجیو چ لە رووی حەزوو ئارەزووە دنیاییەکانەوە، کەچی ئەوی شاعیر بە کیشوەری بەرد ناوی دەبات. بەردیش هێمای وشکیو رەقیو بێبەرهەمیە کە ئەوەش نەك لە گەڵ خاستەکانی دنیای دڵدا ناگونجێت بەڵکو ناکۆك دژیشە لە گەڵیدا.
دیارە ئەوە ئاشکرایە ئاو بۆجگە لەوەی کە یەکێکە لەو چوار توخمە سەرەکییەی کە بەپێی لێکدانەوە کلاسیکییەکان بۆ دروستبوونی گەردوون، گەردوونیان پێکهێناوە، دیسان سەرچاوەی ژیانیشەو ناتوانرێت بە بێ بوونی ئاو تەسەوری بوونی ژیان بکرێت. جگە لەوەی کە هیچ زیندەوەرێك نییە بە بێ ئاو بژی، بە گوێرەی هەموو زیندەوەرانیش کە زۆربوون بەرهەمی جووتبوونی نێوان نێرو مێیە، پیتاندن لە ناو ئاودا رووەدات چونکە هێلکەو کرۆمۆسۆمەکان لە کاتی جووتبووندا لە ناو ئاودا بەیەك دەگەنو هەر لە ناو ئاویشدا پیتاندن رووەداتو لە زۆربەی زیندەوەرانیشدا کۆرپەلە تا ئەو کاتەی لە دایك دەبێت هەر لە ناو ئاودا دەمێنێتەوەو گەشە دەکات.
ئەوی یار لە توخمی ئاوە، ئەمەش لێکچوونێکی جوانە چونکە هەر چۆن ئاو سەرچاوەی ژیانە بە هەمان شێوە ئەوی یاریش کە لە رەگەزی مێینەیە سەرچاوەی ژیانو بەرهەمهێنانە، هەرچۆن ئاو سیمبوڵی خاوێنیو جوانیو ناسکیە بەهەمان شێوە ئەوی یاریش کە لە رەگەزی مێینەیە سیمبوڵی خاوێنیو بگەردیو جوانیو ناسکیە. هەموو ئەم خاستانەی ئاو یان یار کە وەسف دەکرێن تەنیا دەبینرێنو هەستیان پێدەکرێتو ئەوی شاعیر نیگەرانە لەوەی کە ناتوانێت بەرجەستەیان بکات یان بیانگرێتو گازەندەی ئەوەش دەکات ئەوەك کە لە توخمی ئاو بێت ناشێت چاوی ئەم وێنای بکاتو وەکو بوویەکی بەرجەستە رامی بکات. لێرەشەوە ئاماژەیەك بۆ ئەوە دەکرێت ئەو کەسەی کە ئەمی شاعیر بە ناوی یار وەسفی دەکات تەنیا بوویەك بێت لە خەیاڵدا وێنەی کۆشابێتو بوویەکی مادیانەی نەبێت.
لە وەسفەکەی شاعیردا جۆرێك لە دژیەك هەیە کاتێ کە ئەوی یار خۆی لە رەگەزی ئاو بێت بۆچی دەبێ دێی بەرد بێت؟ دڵ لەرووی فیسیۆلۆجیەوە لە ماسولکەو گۆشت پێکهاتووەو لە هەستیار ترین بەشەکانی جەستەی زیندەوەرانەو سەرچاوەی ژیانو لە هەمان کاتدا دڵ لەبەرامبەر عەقڵدا دادەنرێت کە ئەوی دووەمیان بە مانای مێشك دێت کە لەگەڵ دڵدا جۆرێك لە رکەوتن لە نێواندا هەیە بۆ ڕکخستنی

ژیانی تاکە کەس، خۆ ئەگەر هەر کام لەم دووانە باڵادەست بێت بەسەر ئەوی تریاندا ئەوا جۆرێك لە ناهاوسەنگی لە بوونی ئەو کەسەدا دروست دەبێت. بەهەرحاڵ مەحوی دڵی ئەوی هاوشێوەکراو لەگەڵ ئاودا هاوشێوە دەکات بە بەردو پێیشی وایە دەڵێك کە وەکو بەرد رەق بێت ناشێت جێگای خۆشەویستی تێدا بێتەوەو ئەوەش وای لێدەکات کە واهەست بکات ئەو دڵە لەرووی ئەمدا داخراوە، بۆیە دەگات بە جۆرێك لە بێ ئومێدبوون بێ خۆشەویستی ئەوی یاری لە رەگەزی ئاو. جگە لەوەش دەشێ مەحوی لەوەدا مافی خۆی بێت کە دڵی ئەوی یار بە بەرد هاوشێوە بکات چونکە لە ئاستیدا ناکرێتەوە بەڵام ئەوەی جێگای پرسیارە ئەوەیە مەحوی بە گشتی دێ بە رەقو بێبەزەیی وەسف دەکات کاتێ دەڵێت: دڵ کیشوەری بەردە. لە پشتی ئەم بۆچوونەوە ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە جیاوازییەك لە رەگەزی پێکهێنەری ئەوی یارو ئەمی شاعیردا هەیە، ئەو لە رەگەزی ئاوەو ئەمیش مرۆڤە کە لە کەمەڵك رەگەز پێکهاتووە کە تەنیا یەکێکیان ئاوەو لەو بەراوردکردنەشدا دەلالەتی هەست بە بەرزی کردنی ئەوی یار لەبەرامبەر ئەمی شاعیردا بەرهەم دێتو ناراستەوخۆش لە ئاستێکی قوڵتری دەقەکەدا ئەوە دەبینرێت کاتێ کە ئەوی یار نایەتە ناو چاوی ئەمەوەو دەرگای دێیشی بێ ناکاتەوە لەبەر ئەوەیە کە یار لە توخمی ئاوەو ئەوەش وای لێدەکات کە خۆی بە بەرزتر بزانێتو دەرگای وڵاتی دڵی لە رووی ئەمدا نەکاتەوە کە بە هاوشانی خۆیی نازانێت، هەرچەندە ئەوە ئاشکرایە کە خۆشەویستی نە سنوور دەناسێتو نە جیاوازی کەمەڵایەتیو نەهیچ بنەمایەکی عەقڵی دەتوانێت رێگای لێبگرێت چونکە خۆشەویستیو عیشق "هەست" دروستکەرو رێکخەریانە نەك عەقڵو ئەو پێودانگانەی تر کە عەقڵو هوشیاری رێکیان دەخەنو دەیان جوێننو بەڵوەیان دەبەن.

-١٠-

تەپو تۆزی غوباری دیمو رێگەی گڵیو دەیوت
دەترسم دامەنم ئاخر ببێ ئالودە بەم گەردە

ئەگەر لە ئاستی بینراوی دەقەکەدا سەیر بکەین ئەوا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەم بۆچوونەی لەم دێرەدا مەحوی لێی دەدوێت پەیوەستە بەو بۆچوونەی کە لە دڵی پێشتردا لێی دوابوو، پێشتر باسی لەوە کرد کە ئەوی یار لە رەگەزی ئاوەو هەرگیز نایەتە چاوی ئەمەوەو هەروەها باسی ئەوەش دەکات کە دڵی یار بەردەو هەرگیز دەرگا بۆ خۆشەوێستی ئەم ناکاتەوە. لێرەدا جارێکی تر باسی ئەوە دەکات کە ئەوی یار کاتێ تەپو تۆزی غوباری ئەمی بینیووە رێگای خۆیی گڵیووەو گوتوویەتی دەترسێت گەردی ئەم بئاڵێت لە دامێنیەوە واتە بەبێ ویستی خۆی سەرئەنجام ناچاربێت بچێتە چاوی ئەمەوەو دەرگای دێیشی بێ بکاتەوە. لێرەدا لەسەر زمانی شاعیرەوە

دەردەکەوێت کە ئەوی یار بە جۆرێك لە گومانەوە سەیری هەڵوەستو خۆاگری خۆی دەکات لەبەرامبەر ئەمی شاعیرداو دەترسێت سەرئەنجام بکەوێتە ژێر کاریگەری ئەمەوەو هەم بچێتە ناو چاوییەوەو هەم دەرگای دڵیشی بۆ بخاتە سەرپشت.
دەشێ لە ئاستێکی تردا بەوجۆرە ڕاڤەی ئەم دۆخە بکەین کە ئەوی یار وای ببینێت کە ئەم کەسێکی نائاسایییەو هەمیشە کێشەو تەنگو چەڵەمە دەوری داوە، کاتێ ئەویش بەم شێوەیە دەیبینێت پشتی تێ دەکاتو نایەوێت بئاڕاستەی کێشەو گرفتەکانی ئەمەوە. ئەمەش لە ئاستێکی قوڵتردا ئەو دەلالەتە بەرهەم دێنێت کە ئەوی یار کەسێکی خۆپارێزو خۆویستەو نایەوێت تەنانەت لە کێشەو گرفتی کەسێکیشەوە بئاڕاستەی خۆشی دەوێت. هەرچەندە هیچ بەڵگەیەك لە ئاستی بینراوو نەبینراوی دەقەکەدا نابینرێت کە بیسەلمێنێت ئەو کە شاعیر بە یار ناوی دەبات ئەمی خۆش بوێت، بەڵام دیارە ئەوە ئاشکرایە کە وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد هیچ سنوورو بەربەستێك ناتوانێت ڕێگا لە خۆشەویستی بگرێت کەواتە ئەگەر بەراستی ئەوی یار ئەمی خۆشبوویستایە ئەوە نە دەرگای دڵی لێ دادەخست، نە ڕووی لێ وەردەگێڕاو نە لەوەش دەترسا کە دامەنی بە گەردی تۆزی ئەو ئالودە بێت. کەواتە لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە مەحوی باسی خۆشەویستیەك دەکات کە ئەم لە لای خۆیەوە دڕووستی کردووە بە بێ ئەوەی ئەوی یار هەست بە بوونی ئەم بکات.
لە لایەکی ترەوە ئەمی شاعیر باسی ئەوە دەکات کە ئەوی یار تەپو تۆزی غوباری ئەمی دیووەو ڕووی لێ وەرگێڕاوە. بێگومان لێرەدا دەبێ لەسەر وشەی غوبار ڕابووەستینو بزانین ئایا ئەم وشەیە کە ناوەو بە هۆی وەسفکردنیەوە لە ڕێگای وشەکانی تەپو تۆزەوە چی دەگەیەنێتو چ ماناو چ دەلالەتێك بەرهەم دێنێت. لە ڕاستیدا تەپو تۆزو غوبار ئەگەر لە ڕووکەشدا سەیریان بکەین ئەوا دەشێ هەمان مانای غوبار خۆی بگەیەنن بەڵام لێرەدا بێ وەسفکردنی غوبار بەکار هاتوونو ئەوەشمان لەلا ئاشکرایە کە تەپو تۆز وەکو فەزای پێش یان پاش ڕووداوی ترسناك، یان زریانو گەردەلول بەکار دێن کە خۆرایی، یان ترسناکیو نائاسایی ڕووداوەکە نیشان دەدەن، غوبار خۆیشی دەشێ وەکو داڵێك دەلالەتی تەمومژاوی بوونو نائاشکرایی هەبگرێت. کاتێکیش کە ئەمی شاعیر خۆی بە غوبار ناودەبات لە ئاستی قوڵتردا ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە ئەم بوونێکی وەهمی هەیە لە ڕوانینی ئەوی یارداو ئەو ناتوانێت وەکو بوونەکی بەرجەستە بیبینێت بەکو وەکو غوبار دەیبینێت کە دەشێ لێرەدا غوبار وەکو تارمایی یان تەنانەت وەکو گەردی پەرش بوو لێکبدرێتەوە کە ئەوی یار نایەوێت تەنانەت گەردی ئەم بئاڕاستە لە دامێنبەوە. هەر لێرەشەوە دەشێ وەها لێکبدرێتەوە کە

ئەوی یار وەها سەیری بکات کە ئەم گەردو تەپو تۆزی خاکەو جۆرێکە لەغوبارو کاتێ ئەم خەریکە بکەوێتە ناو تەپوتۆزی ئەو غوبارەوە رێگای خۆی دەگۆڕێت نەوەکو گەردی ئەو تەپوتۆزو غوبارە بئاڵێت لە دامێنیەوەو پیس یان ناشیرینی بکات. هەموو ئەمانەش ئەو بۆچوونەی پێشتر بەهێز دەکات کە یار دڵی لە ئاستی ئەمدا بەردەو دەرگای داخراوە.

-١١-

دەبینم ئەهلی دڵ یا سەنگەسارە، یا لەسەر دارە
دیاری عیشق، ئەگەر ساغت دەوێ، هەر دارە هەر بەردە

لێرەدا مەحوی خۆی لە دەقەکە دێتە دەرەوەو وەکو چاودێر قسە دەکاتو لە بارەی ئەهلی دڵو دیاری عیشقەوە دوێتو لەسەر هەریەکەیان قسەی خۆیی هەیە. رەنگە جۆگەی خۆی بێت وەهایشی لێکبدەینەوە ئەو هەوڵستەی کە مەحوی لێرەدا وەری گرتووەو هاتێتە دەرەوەی ئەهلی دڵو نایشیەوێت دیاری عیشقی بەر بکەوێت ئەویش لەبەر ئەوە بێت کە نەیەوێت رووبەڕووی ئەو دەرئەنجامانە بێتەوە کە ئەهلی دڵ دەبێ چاوەڕوانیان بکات، یان نەیەوێت دیاری عیشقی بەر بکەوێت. ئەم هەوڵستەشی لە ئەنجامی تێگەیشتنەوە وەرگرتووە لە کاتێکدا ئەگەر سەیری کۆی ئەزموونی شیعری مەحوی بکەین ئەوا دەبینین عیشقو دڵداری هاوشانن لەگەڵ ئازارو دەردەسەریو ئەگەر خۆشیو ئاسوودەییەکیشی لە عیشق وەرگرتبێت ئەوە لە عیشقی خودایی‌و لە تەسەوفو زوهد وەریگرتووە نەك لە عیشقی ئەوی یار واتە ئەوی ئافرەت.

ئەم ئاستا باس لەوە دەکات کە چارەنووسێکی باش نییە، دیارە مەبەستیش لە ئەهلی دڵ لە لایەك ئەو کەسانەیە خەریکی عیشقو دڵدارین، لە لایەکی تریشەوە کاتێ دڵ وەکو سەرچاوەی حەزو ئارەزووە دنیاییەکان دادەنرێت، ئەوا ئەهلی دڵ ئەوانەن کە هەمیشە بە دوای حەزووە ئارزووە دنیاییەکانیاندا دەڕۆن واتە مەبەست لەو کەسانەیە کە بڕوایان بە دنیاپەرستی هەیەو ژیانو هەموو شتێکیان لە پێناوی خۆشیەکانی ئەم دنیادا دەوێتو، تەنیا بۆ ئەم دنیا دەژین. ئەم جۆرە کەسانەش چارەنووسێکی باش چاوەڕوانیان ناکات چونکە بە روانینی مەحوی، یان سەنگەسار دەکرێن، یان لە سێدارە دەدرێن، کە هەردوو حاڵەتەکەش هەر بریتین لە جۆرێك لە سزادان، دیارە ئاشکرایە سزا لە بەرامبەر تاواندا دادەنرێت، کەواتە لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات، ئایا دەشێ مەحوی وای بڕبچێت، چوونە ریزی ئەهلی دڵ، یان چوونە ریزی عاشقان تاوان بێت؟ یان مەبەستی مەحوی ئەوەیە کە خۆدانە دەستی ئارەزووە دنیاییەکانو عاشق بوون جگە لە ئازارو کوڵەوەریو بەدبەختی زیاتر هیچی تر بۆ مرۆڤ بەرهەم ناهێنن.

هەروەك دەشێ لە روانگەیەکی ئایینیشەوە راڤەی بۆچوونی مەحوی لەم دەقەدا سەبارەت بە ئەهلی دێ بکرێت. بۆگومان لەم روانگەیەوە ویستە دنیاییەکان تەنیا لە سنووری حەماڵدا جێگایان دەبێتەوەو هەر شتێك لە دەرەوەی حەماڵ بێت قەدەغەو ڕێگا پێنەدراوەو لە تاوانینی ئاینیانەوە بە تایبەتی ئایینی ئیسلام تاوانەو بە پێی جۆری تاوانەکەش سزای لەبەرامبەردا دانراوە بە تایبەتی سزای ڕۆژی دواین. هەر بۆیە دەشێ مەبەستی مەحوی لەوەی کە ئەهلی دێ سەنگەسار بێت یان لە سێدارە بدرێت، سزای ڕۆژی دواین بێت. هەروەك پێیشی وابێت ئەوەی عیشق پێشکەشی دەکات جگە لە ئازارو دەردەسەری هیچی تر نەبێت چونکە وەاتێکی وشکو بێبەرهەمەو کەشش کردن تیایدا هیچ بەرهەمێك مسۆگەر ناکات بۆجگە لە دەردەسەری.

بەڵام ئەگەر لە روانگەیەکی تەرەوە سەیر بکەین ئەوا وای لێکدەدەینەوە کە ناشێت مرۆڤ بە بێ ماندووبوونو هەروا بە ئاسانی بتوانێت هەموو حەزو ویستە دنیاییەکانی جێبەجێ بکاتو هەروا بە ئاسانی بگاتە لوتکەی دنیا پەرستیو وەکو پاشای ئەو تەختە شانی لێدابداتو بە ئارامی چۆن دڵی ئارەزوو دەکات بەو شێوەیە ڕەفتار بکات. بۆگومان ئەوە ئاشکرایە کە هەروا بە ئاسانیو بێ گرمەو کەشە لە نێو ئەو واقیعە کەمەایەتیو کەلتووریییەدا کە دەقەکەی تێدا بەرهەم هاتووە، کەس ناتوانێت ئازادانەو بێ بەربەست چۆنی دەوێت بەوجۆرە دنیاپەرستی خۆی بکات. دیارە لە بەرامبەر ئەوەشدا دیسان ئەگەر دنیاپەرستی و شێوەن کەوتنی ئارەزووەکانی دێ بە ئازارو دەردەسەری نەبێت، دەبێ بە باشی ئەوە بزانین کە عیشق لە خۆیدا بریتیە لە وازهێنان لە خۆ لە پێناوی ئەوی تردا، واتە کارێك لەسەر بنەمای خۆنەویستیو دنیا نەویستیو قوربانیدان بینا کراوە، ئەوەش ناشێت بە بێ ماندووبوونو ئازارو زەحمەت بگاتە ئەنجام. کاتێ مەحوی لەسەرەوە دەوەستێتو بەوجۆرە باسی دنیاپەرستیو دیاری عیشق دەکاتو دەیەوێت پێمان بڵێت ئەو بە دوای دنیاییەکدا ناگوات کە کۆتاییەکەی دیارەو نایەوێت لە پێناوی ئەو دنیاییەدا لە سێدارە بدرێت، هەروەك ناشیەوێت بە عیشقێکەوە خەریك بێت کە مایەی سەرئێشەیەو ئەوی یاریش جارێك ئاوەو لە چاوی ئەمدا بەرجەستە نابێتو جارێکی تریش دەرگای دڵی خۆی بۆ ئەم ناکاتەوە چونکە دڵی لە توخمی بەردەو هەستو سۆزی خۆشەویستیو عیشق ناناسێت. لێرەدا مەحوی لە ئاستی نەگوتراوی دەقەکەدا دەیەوێت لایەنگری خۆی بۆ دنیاپەرستیو عیشقێکی تر ڕابگەیەنێت کە عیشقی خوداو ڕۆحی باڵایە کە دنیایەکی خاوێنو بەرزەو ئومێدی ئایندەیەکی بۆ کۆتای پێ لە ئاسوودەیش دەبەخشێت.

-١٢-

لە باغی سۆو و بەی دا باسی ڕوخسارو چەنەی کەی بوو

خەڵ ما سۆو، بەی ترسا، کەوا ئەو سووڕە، ئەم زەردە
شاعیر خۆی لە دەستەی ئەهلی دڵ پەرت دەکاتو لە هەمان کاتیشدا لە وەسفکردنی دیاری عیشقدا خۆی لە عاشقبوونیش دوور دەخاتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی سەرنجراکێش دێتەوە سەر وەسفکردنی ئەوی یار، هەرچەندە ڕاستەخۆ ئەوە نادرکێنێت کە تا چ ئاستێك پەڕشی ئەوی یارە، بەڵام بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت کە بە سەرسامبوونو جۆرێك لە پەڕش بوونەوە باسی دەکات. هەروەك لەو سەروبەندەشدا ڕووخسارو چەناگەی یار بەراورد دەکات بە سێوو بە بەیو لەو بەراورد کردنەشدا، دیارە ڕووخسارو چەناگەی ئەو دەیبەنەوە چونکە لە ئاستی ڕووخساری جوانی ئەودا سێو لە ناو باخدا شەرمەزار بوو، ڕووی سوور هەڵگەڕا، هەروەك بەی کاتێ کە بەراورد دەکرێت بە چەناگەی ئەو کە هاوشێوەن لە بەرامبەر جوانی چەناگەی ئەودا، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا.
ئەوەی ئاشکرایە لە بەراوردکردنی توخمو ڕەگەزەکانی سرووشتدا لەگەڵ جوانی ئافرەتدا، زۆربەی کات بەشەکانی جەستەی ئافرەت بەراورد یان هاوشێوە کراون بە ڕەگەزەکانی سرووشت بۆئەوەی ئاستی جوانی بەشەکانی جەستەی ئافرەت دەربکەوێت، یان نیشان بدرێت، بەڵام هەمیشە توخمو ڕەگەزەکانی سرووشت کراون بە پێتی جێگیرو بەشەکانی جەستەی ئافرەت لەگەڵ ئەوان هاوشێوە کراون، کەواتە ڕەگەزەکانی سرووشت وەکو سەرچاوە سەیر کراونو یەشەکانی جەستەی ئافرەتیش لە ڕێگای هاوشێوەکردنیانەوە بەو ڕەگەزانەی سرووشت جوانیەکانیان نیشان دراوە. بەڵام لێرەدا سێوو، بەی کە دوو ڕەگەزی جوانی سرووشتن کاتێ بەراورد دەکرێن لەگەڵ ڕووخسارو چەناگەی یاردا ئەوا توخمەکانی سرووشت لە چاو جوانی ڕووخسارو چەناگەی یاردا هیچ ئامادەبوونێکیان نابَێت. ئەمەش لە ڕاستیدا دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو بۆچوونەی کە کامیان ئەسڵو کامیان وەناکردنەوەن، واتە بە ڕوانینی ئەفلاتونیانە جوانی مرۆڤ لاسای کردنەوە، یان وەناکردنەوەی جوانی سرووشتە، یان بە پێچەوانەوە؟ دیارە جوانیو هارمۆنیای سرووشت هەمیشە ئەسڵن و هەموو جوانیو هارمۆنیاکانی تر لەوەوە وەرگیراون، بەڵام مەحوی ئەم لۆجیکە پێچەوانە دەکاتەوەو جوانی ئافرەت دەکات بە یەکەمو ڕەگەزو توخمەکانی سرووشتیش لە دوای ئەوەوە دێن.
ئەوە ئاشکرایە، سێو ئەو میوەیە کە حەوا توانی ئادەمی پێ فریوبداتو سەرئەنجام بووە هۆی ئەوەی کە لە بەهەشت بخرێنە دەرەوەون بە پێی ئەو چەمکە ئەفسانەیەش دروست بوونی مرۆڤایەتیش بەرهەمی ئەو فریودانە، یان ئەو گوناهەیە. هەروەك سێو لە لێکدانەوەی هەماکاندا ئاماژە بە ئەندامی جووتبوونی مێینە دەکات، دەشێ لە ڕووی بەئاگاییەوە مەحوی بۆچوونێکی لەم جۆرەی نەبووبێت تا لە دەقەکەدا بەرجەستەی بکات، هەروەك نەیتوانیووە پەیوەندی سێوو

ئەفسانەی فریودانی ئادەم بکاتە رەگەزی بەرهەمهێنانی دەقەکەی کە دەشیا ببوایەتە بنەمایەك بۆ زیاتر فراوانکردنی مەودای خەیاڵ لە دەقەکەداو هەروەها فەزای ئەفسانەیی ڕۆمانی دیاری ببینیایە لە بەرهەمهێنانی جیهانبینی دەقەکەو بەرهەمهێنانی شیعریەتدا. بەڵام دەشڵە لە ڕووبەری نەست یان نائاگای ئەودا جێرە دژایەتی کردنێك یان خۆش نەویستنێك بۆ سۆو هەبوو بێت کە هۆکاری ئەوە بووە باپیرەو داپیرەمان یەکەمین گوناە بکەنو بەرهەمی ئەو گوناهەش لە دەستچوونی بەهەشتو دڕووستبوونی هەموو مرۆڤایەتی بێت، سۆوێك کە بوو بێت بە هۆکاری فریودان دەشڵ ئێستا لە لای زاهیدو سۆفیەکی وەکو مەحوی هەمیشە شەرمەزارو سوورهەڵگەڕاو بێتو هەمیشەش لە دوای جوانیو ڕووخساری یارەوە بێت، دەشڵ لێرەدا وشەی بەی تەنیا بۆ مەرامی کۆشو پێداویستی بەرهەمهێنانی شیعریەت و بۆ جوانی بەخشینی زیاتر هاتبێت، ئەگینا تەنیا لە ڕێگای بەکارهێنانی سۆوەوە مەبەستە شیعریەکەو بەراوردی جوانی ڕووخساری یارو سۆو ئاشکرا دەبێت کە جوانی ڕووخساری یار یەکەمەو جوانی توخمەکانی سڕووشتیش وێناکردنەوەی ئەون.

-١٣-

ئەگەرچی من گەدام، ئەو شا، لە عورفی عیشقدا "مەحوی"
بەسە نیسبەت لە بەینا، من سیابەخت، ئەو سیاچەردە

مەحوی باسی جیاوازی ئاستی کۆمەڵایەتی نێوان خێو یار دەکاتو وای نیشان دەدات کە ئەم خێی لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی زۆر نزمدایەو ئەوی یاریش لە بەرزترین ئاستدایە. بەڵام دیارە ئەوەشی لەلا ڕوونە کە لە ئادابی عیشقدا وەکو پێشتریش باسمان کرد شتێك نییە بە ناوی ئاستی کۆمەڵایەتیو ئاستی چینایەتی چونکە یاساکانی عیشق ئەو یاسایانە نین کە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیو تەنانەت عەقڵ ڕێکیان دەخات و خۆشەویستی پشت بە هەست دەبەستێت نەك بە عەقڵو هیچ پێوانەیەکی تر. بەڵام مەحوی بەم جێرە سەیری خۆشەویستی ناکات بەکو بە دوای ئەوەدا دەگەڕێت کە ڕووبەرێکی تر بۆ دڕووستکردنی خۆشەویستیو پەیوەندی لە نێوان خێو یاردا بدزێتەوە کە تیایدا جیاوازی کۆمەڵایەتی بە هێند وەرنەگیرێت. بۆگومان پێدەچێت ئەو جیاوازییەش تەنیا مەحوی لە خەیاڵیدا دڕووستی کردبێت، هەر بۆیە بە خێی دەڕێت بەسە نیسبەت لە بەینا.

بەهەرحاڵ مەحوی دەیەوێت یەکسانیو هاوشانی لە نێوان خێو یاردا دڕووست بکات بەو ئومێدەی زەمینە بۆ عیشقبوون لە نێوان خێو یاردا بسازێنێت. ئەویش بە هاوشێوەکردنی بەختی خێو پێستی یار کە هاردووکیان سیان واتە ڕەشن. دیارە لێرەدا مەحوی نارەزایی لە بەختی خێی دەردەبڕێت کاتێ بە ڕەش وەسفی دەکات. لە هەمان کاتیشدا

لە بری ئەوەی پێستو رووخساری یار بە هەر رەنگێکی تر وەسف بکات، بە رەنگی رەش وەسفی دەکات، لە کاتێکدا ئەمە دەزانین رەنگی رەش لەو زەمینە کەمەایەتیەدا کە دەقەکەی تێدا بەرهەم هاتووە رەنگێکی زۆر دڵگیر نییە. دیارە ئەوە ئاشکرایە لە گۆرانیو لە فرلکلۆری کوردیدا رەنگی ئەسمەر بایەخێکی زۆری پێدراوە، بەڵام رەنگی رەش لە کەلتوری ئێمەدا تەنیا بۆ جوانی وەسفکردنی خاڵ یان باشتر بڵێین خاڵی سەر رووومەتی یار بەکارهاتووەو بۆجگە لەوە بۆ وەسف جوانی ئەو رەنگە بەکار نایەت.

بە هەرحاڵ دەشیا مەحوی سەرباری ئەوەی کە باسی جیاوازی ئاستو پێگەی کەمەایەتی خۆی و یار دەکاتو رەنگە هەر ئەوەش بێت کە لە روانینی مەحوییەوە یاری لە مرۆڤی ئاساییەوە کردبێتە یەکێك لە توخمە سەرەکیەکانی پێکهاتنی گەردوون کە ئاوە، هەر ئەو جیاوازییەش هۆکار بووبێت بۆ ئەوەی کە وێنەی یار لە چاوی ئەمدا بەرجەستە نەبێتو دەرگای دڵی یار لە رووی ئەمدا داخرابێتو ڤیزەی چوونە ناو ئەو وێاتەی پێنەدرێت کە وێاتی دڵی یارەو لەوێشدا دەبۆ بە پێی رێساو ئادابی عیشقو خۆشەویستی هەموو شتێك رێك بخرێت، دەشیا مەحوی لە بری باسی خودی ئەو جیاوازییە کەمەایەتیەو لە بری ئەو تاکە بنەمایەش کە بە هۆکاری لێکتر نزیکبوونەوەی خۆی و یاری دادەنێت کە هاوشێوەبوونی بەختی خۆی و پێستی یارە کە هەردووکیان رەشن، دەشیا چەندین بنەمای تری ئینسانی بدزیایەیەتەوە بۆ دروستبوونی خۆشەویستی لە نێوان خۆی و یاردا کە وەکو دوو مرۆڤ چەندین پەیوەندی گرنگ لە نێوانیاندا هەیە، کە دەشێ خۆشەویستیش لە سنووری ئەو پەیوەندییە مرۆییانەدا سەرهەڵبداتو دروست ببێت کە بزوێنەرو دروستکەرەکەی هەستو سۆزەو پەیەوەی هیچ بنەمایەکی عەقڵو بەرنامە بۆ دانانو خۆ بۆ ئامادەکردن ناکاتو مل کەچی هیچ یاسایەکیش نابێت کەواتە لەم روانگەیەوە دەتوانین بڵێین هەستی خۆشەویستی راستترینو خاوێنترین هەستی مرۆییە کە بۆ گوێدانە هیچ بەربەستێکو دوور لە دیسپلینو رێکخستنو بەرنامە بۆ دانان دروست دەبێتو دەجوڵێتو دەسەڵات بەسەر مرۆڤدا دەکاتو بە پێی یاسا تایبەتیەکانی خۆی دەیجوڵێنێت کە لە راستیدا ئەو یاسایانەش تەنیا لە سنووری عیشقو ئادابی عیشقدا شوێنیان دەبێتەوە.

شیعری شرابی لای لی بای.. پشوا کاکەیی

لەم گوتارەدا باس لە شیعرەکانی تایبەت بە شراب دەکەین کە لە لایەن [لی بای]ـەوە نووسراوە. ئەو شاعیرە ژمارەیەکی زۆر شیعری لەبارەی شرابەوە وەک تەوەر و ناوەرۆک خۆقاندووە. ئەم شیعرانە بریتین لە: [ستایشکردنی باری دەروونی شاعیر، هۆنکردنەوەی ئایدیاڵی سیاسییەکانی شاعیر، لێکدانەوەی بیروباوەڕی ئایینی شاعیر]، لە ڕێگەی «شیعرە شرابییەکان»ـەوە کە شاعیر نووسیویەتی، دەتوانین تێگەیشتن لە شەوازی هونەری و هونەری شاعیر و تایبەتمەندییەکانی و هتد... بە دەسی بهێنین.
لی بای، نزیکەی (٢٤٣) شیعری پەیوەندیدار بە شرابەوە نووسیوە، وەک [«شراب»، «خواردنەوەی شراب»، «خواردنەوە» و «سەرخۆشی/ مەستی» کە نزیکەی ١/٤ شیعری لی بای پێک دەهێنن. شیعرەکانی وەک «دڵچێتە ناو شراب» و «خواردنەوە بە تەنیا لەژێر مانگدا» باس لە هەستی دڵەڕاوکێ و ئازووە فراوانەکانی خەیدا دەگێڕێت لە ڕێگەی شرابەوە.
لی بای، ڕۆحی جوانیناسی شیعرەکانی جێگای ستایشە. لە دەستکەوتە هەبووەکاندا، لە شیعری ئەو شاعیرەدا، «شرابی باش»ـی خۆش ویستووە، هەروەها شیعری خواردنەوەی زۆر نووسیوە. لەڕەدا لە لایەنی لیریکی ڕۆمانسی و شەوازی هونەری و تایبەتمەندییە مۆسیقییەکانی شیعری شرابی لی بای بەر باس دەدەم کە لە ڕێگەی وێنەسازی شرابەوە دەگەیەنرێت.

شەوازی هونەریی «شیعری شراب»ـی لی بای
لی بای نوێنەری شاعیری لیریکە، سەرنجی لەسەر شیعری لیریکییە، بەتایبەتی شیعرە شرابییەکانی هەشتا سیفەتی ناوازەی سرووشتی خۆی هەیە؛
شیعرە شرابییەکانی لی بای بە شەوازی هەمیشە گۆاو دەربڕاوە. کارەکتەری لی بای بوێر و بە ڕێگریە، بە دەگمەن شیعری شراب بە پێی مەرجی بابەتە ئاساییەکان درووست دەکات، ژمارەی شیعری ڕۆکخراو لە بارەمەکانیدا زۆر سنووردارە، دیاردەی دژە ڕۆکخستنیش زۆر باو و ئاساییە. لی بای زۆرتر حەزی لە درووستکردنی شیعری یوفوو و شیعری شەوازی کەنە، چونکە نەخشی ستەکانیان بەقەد چوارگۆشەی شیعرە ڕۆکخراوەکان ڕۆکوپێکی داڕژراو نین و درێژی شیعرەکان

دەتوانن یان درێژ یان کورت بن. لەناو بەرهەمەکانی لی بایدا، ژمارەی شیعرەکانی یوفوو لە هادبەدەر زەرن و دەستکەوتەکانیشی گەورەترینن. گرنگ نییە لە شێوە و ناوەرۆکدا، شیعرەکانی یوفووی لی بای بە ناونیشان و وشەکانی هەسەن سنووردارن، بەڵام لە هەوا/ یەتم و بارودۆخ و زمان و هتد... داهێنانی هەیە، بەتایبەت لە هەوا/ یەتمدا، شوێن پێویستییەکانی هەست و سۆزی ناوەوە دەکەوێت بە ئاوەڵی هەواکە بە وردی هەک بخات. بیرۆکەکە هەمانە کە زۆر لەگەڵ پەیوەرە جوانکارییەکانی شیعردا دەگونجێت. بە نموونە لە «جیانجیووەدا سەرەتا سێ وشە بە پێشنگایەتی و حەوت وشە بە پێیوستکردن بە کار دەهێنرێت و حەوت وشەکەیش هەوای چوار و سێ بە کار دەهێنن بە دەنگدانەوە بە پێش و دواوە لەگەڵ سێ وشەی یەکەمدا، ئەمەیش هەستێکی گشتی بە گەورەیی بە مرۆڤەکان دەبەخشێت. دواتر چەند هەستێکی حەوت بزوێنی پەیەو دەکرێت بە ئاوەڵی دەقی تەواو هەستێکی بەهێزی هەوایی هەبێت و بە وردی هەستەکان دەربەڕێت، لە کۆتاییدا تەکەیەک لە هەستەی [سێ و پێنج و حەوت] بزوێن بە کار دەهێنرێت بە ئاوەڵی بە ئاسانی بخوێنرێتەوە و هەستێکی بەهێزی هەبێت بە نەخشەی ئەم هەستە جیاوازەی کە لە شیعرەکانی تری یوفوو ناتوانرێت بەراورد بکرێت.

زمانی شیعرە شەرابییەکانی لی بای گرنگی بە لێهاتوویی زانستی هەوانبێژی دەدات و هونەرییە هەوانبێژییە زیادەڕۆییەکان تا هادەیەک لای باون. لی بای، زۆر زیادەڕۆیی لە زمانی هەسەنتییدا دەکات لە ساتییشی مەیدا. چەندین جار هەستەی هەوانبێژی بە کار دەهێنێت بە بەهێزکردنی هەستەکان. بە نموونە خەم و تووڕەیی ئاو شاعیرە بەرجەستە دەکات کە چەندین جار لێی دراوە و وێران بووە. شیعری «خەم دێت» جارێک لە جوانییەکی تراژیدی و تاریکی نیشان دەدات.

تایبەتمەندییە مۆسیقییەکانی شیعری شەرابی لی بای

جۆری مۆسیقای شاعیر کاریگەرییەکی قووڵی هەیە لەسەر ئاوەڵی کە ئایا ئاو شیعرانەی دەینووسێت ئاسانن بە چێژوەرگرتن یان نا. لی بای لە زەدەی گەرانی و سەماکردندا ژیاوە، کە هەنگە بنەمایەک بە تایبەتمەندییە مۆسیقییەکانی شیعری شەرابی شاعیرەکە دابین کردبێت. شیعرەکانی لی بای هەموویان لە شیعرە شەرابییەکانیدا هەنگ دەدەنەوە و ئەم تایبەتمەندییانەیش بە تەواوی هەمان تایبەتمەندییەکانی مۆسیقان، بەیە چێژوەرگرتن لە شیعرەکانی لی بای ئاسانترە. شیعر مەیلی ئاخاوتنی هەیە، ئەمەیش وادەکات مرۆڤی ئاسایی تێبگەن و فێربن و بیگوازنەوە، جگە لەوەیش شیعرەکانی لی

بای کورت و پوختن، بە جۆرێک گرنگ نییە مۆسیقاژەنەکانی خزمەتی دەربار یان حوکوومەت یان مۆسیقاژەنەکانی ژیان لەناو خەڵکدا هەموویان حەز دەکەن شیعرەکانی لی بای هەڵبژێرن دەنە سەر دەنگی و دەگوترێنەوە. جگە لەوەیش زمانی شیعرەکانی لی بای لە دروستکردنی هەڵکوپەکی زمانی ناوازە لە هەوا جۆراوجۆرەکانی وەک هەڵکوپەکی و پشووی، پوختی و دووبارەکردنەوە، خاوبوونەوە و خرایی، کە شیعرەکانی لی بای جگەر و ئاسانن بە خوێندنەوە، باشە؛ ئەمەیش دەبێتە هۆی دابینکردنی هەگبەکی گونجاو بۆ ئاوەی شیعرەکانی لی بای بچنە ناو مۆسیقاوە.

شیعری شرابی لی بای موزیکییە و دەتوانرێت بخوێنرێتەوە و بگوترێتەوە، کەواتە چۆن ئەم شێوازەی خوێندنەوە و گرانی گوتنە بەاو کردەوە؟ شیعر و موزیکەکانی لی بای لە سەردەمی شانشینی تانگدا بە دوو شێوە بەاو بوونەوە؛ یەکەکیان لە هەگبەی خوێندنەوە و گرانی گوتنەکەی شاعیرەوە بوو، ئاوی دیکەیان لە هەگبەی هاوکاری لەگەڵ گەیشا (ئاماژە بە مۆسیقاژەنە فەرمی و فەلکلۆرییەکان کە لەو سەردەمەدا خەریکی مۆسیقای دەنگی بوون). بەرهەمهێنانەوەی شیعرە کۆنەکان بە شێوەی مۆسیقا بە کەی دەنگ لە لایەن مامۆستایان و قوتابیانی قوتابخانەکان و هەرەهاوزا و زانیانی پەیوەندیدارەوە ستایشی کراوە، ئەم شێوە لەبارە بە قبوڵکردنی ئەنجامدەران و قەدرزانان، تەگەیشتنەکی قووڵتر لە کولتووری شیعری درێژخایەنی نەتەوەی چین هەیە کی گرنگ دەگەڵت لە میراتگرتنی کۆکی کولتووری چینی. لە تایبەتمەندییە مۆسیقییەکانی شیعری لی بای دەردەکەوێت کە ئەو شاعیرە لە زەدی هەمانسی مۆسیقا و شیعردا ژیاوە، لە خوێنی شاعیراندا، تایبەتمەندی مۆسیقای ئەنتەلەژیی ئەو شاعیرە، شیعرەکانی شراب دیارە. جگە لەوەیش شیعرەکانی بوونەتە بابەتی خوێندنەوەی خەڵک و نەخشەی مۆسیقاژەنان بۆ ئاوازدانان بە مۆسیقا لە سەردەمی بوونی شاعیر و نەوەکانی دواتردا، بە شێوەیکی بەرفراوان لەناو خەڵکی ئاسایدا سووڕاوەتەوە.

شوێنپێ: قەادزێ
تەممووزی ۲۰۲۳

هەڵگرتنی ئاگرتنی گەشتی ئاسمانی سلێمانی بۆ تورکیا.. عوسانی حاجی مارف

تورکیا لایەکی گوشارەکانی لەسەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان زیاد دەکات و لایەکی ترەوە پەیوەندییەکانی یەکێتی لەگەڵ هەسەدە ئیدانە دەکات. هەروەها دوای ئاوڕی هەلیکۆپتەرێکی هەڵگری چەکدارانی کوردی سوریا لە ٢٦ی ئازار لە شاری دهۆک کوتە خوارەوە، تورکیا سەرجەم گەشتە ئاسمانیەکانی لە سلێمانیەوە بۆ تورکیاو بۆ ئاسمانی تورکیا بە دەرەوە قەدەغەکرد، بەهەڵکاری ئاوڕی یەکێتی لەگەڵ بۆ ئەندامانی (هەسەدە) دەدات کە فڕۆکەخانەکانی بکاربهێنن.

ئەم پەیوەندیی نێوان یەکێتی و هەسەدە، بۆتە مایەی پەرچەکرداری حکومەتی تورکیا بۆ ڕاخساندنی دەخی بارگرژی لە سەر ناوچەکانی سلێمانی. ئاوڕی جەگای بیر هەناناوەیە، کاتی خۆی لە ساڵی ٢٠١٧ تا ٢٠١٩ تورکیا گەشتە ئاسمانیەکانی بۆ سلێمانی قەدەغە کرد بۆ گومانێی کە یەکێتی پشتیوانی پەکەکە دەکات، بەڵام دوای ئاوڕی یەکێتی هەماهەنگی بەرفراوانی دژ بە چالاکییەکانی پەکەکە نیشانداو نووسینگەیەکی داخست، تورکیاش دەرگای گەشتەکانی بکردنەوە. ئەم پەیوەندیی یەکێتی لەگەڵ پەکەکە و هێزە کوردیەکانی سوریا زیاتر بەدووری لاهور جەنگی، کە پەشتر بەهاوبەری هێزەکانی دژە تیرۆری یەکێتی و دەزگای زانیاری بوو، دەناسرایەوە. ناوبراو کاتی خۆی سەردانی هێزە کوردیەکانی سووریای کردبوو و لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆیانەوە بە ئاشکرا لاهور پشتیوانی خۆی بە ئاو هێزانە نیشان دەدا. هەربۆیە دەنگی ئاوە باوکرایەوە کە ئاردۆغان بەدوای کوشتنی لاهورەویە! بەڵام پەیوەندی نێوان یەکێتی و هەسەدە، پەیوەندیەکی شەخسی لاهور جەنگی نەبوو، بەڵکو پەیوەندی نێوان یەکێتی و هەسەدە بوو. بافل تاڵەبانیش لە مانگی کانوونی دووەمی٢٠٢٢دا یەکەم سەردانی بۆ لای لایەنە کوردیەکانی سوریا ئەنجام داو چاوی بە بەرپرسانی باڵای هەسەدە کەوت. پاش ئاوڕی لاهوریش لە سەرکردایەتی یەکێتی وڵاخرا، بۆ تورکیا ئاشکرابوو کە بافل و سەرکردایەتی یەکێتی بەردەوامی بەهەمان پەیوەندی لەگەڵ هەسەدا دەدەن!

تورکیا بۆ گەیاندنی پەیامەکەی بۆ یەکێتی نیشتمانی لە ٧ی نیسانی ئەمساڵ لە دەروبەری فڕۆکەخانەی سلێمانی بۆ فڕۆکەی بەفڕۆکەوان

هەرشی کردە سەر کاروانێک کە بەرپرسانی سەربازی ئەمریکی و یەکێتی و بەرپرسانی هەسەدی تێدابوو. بیانوی تورکیا بۆ ئەو هێرشی ئەوەبوو کە یەکێتی ڕێگایداوە بەهەسەدە بۆ بەکارهێنانی فڕۆکەخانەی سلێمانی بۆ کاروبارە سیاسی و سەربازیەکانی وەکو پردێکی ئاسمانی بۆ بەستنەوەی ناوچەکانی ژێردەستی هەسەدە بە دەرەوە. بەڵام سەرباری ئەو ئاگادارکردنەوەیەی تورکیا، یەکێتی بەردەوام بوو لە هاوکاریکردنی هێزەکانی هەسەدە کە تورکیا بە درێژکراوەی پەکەکەیان دەزانێت. لەم دواییانەداشدا مەزلوم کۆبانی لەگەڵ باقیدا سەردانی ئیماراتیان کرد و جگە لەوەش بەرپرسانی دیکەی هەسەدە لەگەڵ فڕۆکەخانەی سلێمانیەوە سەردانی ئەوروپایان کردوە و سلێمانی بەتەوەستگەیەکی گرنگی تایبەتی و دیپلۆماسی بە هەسەدە.
هەڵوێستێکی دەسەزانە یا "کوردپەروەرانە" بە یەکێتی پێناسە بکرێت، چونکە یەکێتی ناتوانێ یان نایەوێت بەتەنگ دانیشتوانی ناوچەی ژێردەسەڵاتی خۆیەوە بێت، خێرە وا ئێستا پەیوەندیەکانی لە گەڵ لایەنە کوردیەکانی سوریا بەهێزدەکات، کە واوترە لە هەرهاوکارێک، ئەگەر مەبەستی یەکێتی تەنها هاوکاری بێت!؟
بەو مانایەی یەکێتی نیشتمانی کە وەک بەیارەک تەواوی چارەنوس و بەرژەوەندیەکانی خۆی گرێداوە بە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، ئاکامەکەی خەرتنە ژێر باری فشارو هێرشەکانی تورکیای لەدەکەوێتەوە، بەیەک دەرگای گشتە ئاسمانیەکانی بە ناکۆنەوە. هەروەها ئەتوانین بە جۆرێکی تریش بڵێین ئەم جۆرە پەیوەندیانەی یەکێتی بەشێکە لەو شەڕو سیاسەتانەی کە بە کۆبرکە و وەستانەوەیە لەبەرامبەر بنەماڵەی بارزانی و پارتیدا ئەنجامی ئەدات. دەنا بە یەکێتی لە ناوچەی خۆیدا دەکەوێتە ژێر فشاری ئێرانەوە بە چەککردنی لایەنە کوردیەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی، لەملاشەوە نێک هاوکاری، بەکۆ پەیوەندی تایبەت لەگەڵ ئەو لایەنە کوردییانەی سوریا بەهێزدەکات، کە وەک ئۆپۆزسیۆنی تورکیا دەناسرێن!؟ کێشەکە ئەوەیە یەکێتی ناتوانێ ئەو هاوسەنگیە ڕابگیرێت کە لە پشتیەوە بەرژەوەندیەکی سیاسی پابەندبون بە ئێران و حکومەتی عێراقەوە وەستاوە، نەک مەبەست هاوکاری و دەسەزیە بە لایەنە کوردیەکانی سوریا. بەگشتی ئەتوانین بڵێین یەکێتی نیشتمانی خۆی خزاندۆتە ناو دووڵێیان و گەمەیەکەوە، هەوڵەدات بە سوتاندنی دواین وەرەقەی قوماری دەستی، خۆی لەو قەیرانە دەربهێنێت کەبەرەو بچوکبونەوەو هەڵوەرینی زیاتری دەبات. ئیتر لەگەڵ ئەم وەرەق سوتاندنە دانیشتوانی کوردستانیشی پەوە بسوتێ لە ئاجندای بنەماڵەی تاڵەبانیدا بایەخێکی نیە.

جاشزادەکانی کورد و کۆی چەکفرۆشە ئەمانیەکە.. عەلی مەحمود محەمەد

ماوە ماوە کە جاشێك دەمرێت بەهەر هۆکارێك بێت, منداڵاکانیان کە پێشتر هەندێکیان خۆیان وەك مرۆڤی سەردەمی و باش دەناسانەد, تەنانەت زۆریشیان ئەپڕسیەنن, دەکەونە پیاهەڵدان و پاککردنەوەو جوان نیشاندانی باوکیان, بەمەش خۆیان دەکەنە شەریکە بەشی تاوانەکانی باوك و کەسەکانیان, چونکە بڕگری لە تاوان بە خۆی تاوانە, هەوڵدان بە سینەوەی تاوانیش تاوانە, چ لە ڕوانگە یاسایی و ڕوانگە ئەخلاقییەکەی وە چ وەك مەژوو و سیاسەتیش, بەکاروانی دوورو درێژی زۆرو ئالای گۆڕی کوردستانەوە لە گەیان دەنێن, لە کاتێدا مرۆڤە تیکۆشەرو ڕەشنبیرەکان بە بەدەنگی و ڕووت و قوتی لە گەڵ دەنرێن. لە ژیانم تەنها یەکەکم بینییوە جیا بووە باوکی جاشیش نەبووە, بەکەڵ موختار بووە لە لایەن پێشمەرگەوە کوژرا, کوەکەی ئازایانە زوو ڕایگەیاند باوکم تاوانبارەو کۆشم لە گەڵ لایەنی بکوژی باوکم نییە, تەنانەت چووە ئیزی پارتی بکوژی باوکییەوە, پەستی بالاشی وەرگرت, لەو بوارە نموونەی جوانی پێشکەش کرد, کەچی ئێستا هەندێك حیزب و ڕاگەیاندن تەنها پێلاماری ئەو دەدەن چاو لە هەموو نموونە ناشرینەکان دی دەپێشن, بەمەش دەکەونە ناو تاوانە بە پاککردنەوەو جوانکردنیان.

سەرەك جاشەکان هەموو بە خەفیفەو سەقیلەوە تاوانبارن, جارە ئامر مەفرەزە خاسە هەموو بە ئیمتیاز تاوانبارن, دەرچوونی مەفرەزەی تایبەتی بەخۆی پاداشتی تاوان بوو دەدرا بە تاوانباران و نەکەران, کەس بە یانەسیب مەفرەزەی بە دەرنەچووە, بگرە جاشی مەفرەزە خاسەکانیش کەمیان هەیە نەگلابەتنە تاوانەوە, دیارە حەشاماتەکەی ژمارەی فەوجەکان کە نزیك 400000 کەسبوون ناڵێم, فەوجەکانیش بەرپرسانی سەرەویان هەموو گلاونەتە تاوانەوە, لەوانەشە بەرامبەر حیزبەك یان کەسانەك هاوکارییان کردبێت, وەلە بەرامبەر پارتی دیکەو لە ناوچەی دیکە تاوانیان کردووە, ئامری فەوج و مەفرەزە نییە لە دوای ڕەکەوتی 8-9-1987 ەوە تا 6-9-1988و واتا بە درێژایی

363 ڕۆژ لەناو تاوانا نەبووبێت, ساڵ و مانگ و ڕۆژکان دیکە باس ناکەم, نەبوون لەو ماوەیە بەردەوام بەشداری تاوانی نەکردبێت, ئەوە بەیار بووە, بەیاری بیری باکووری پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی ژمارە 5731, واتا بەیاری عەلی حەسەن مەجید, کە ناوی مەجید هات, کەواتا پیاویان نەبووە جەبەجێی نەکردبێت .
کاك ئارەز داراپوور تەکشارکی سنەیی, فەرماندەو کەنە چریك و ئێستا دیموکراتە, جارێك سەرتای دوو هەزارکان داوای لەمکرد کەسێك کوێی خاوەند کەمپانیایەکی ئەمانی بەرهەمهێنەری چەکی کیمیاویی دەیەوێت بەوات بە هەڵەبجەو داوای لەبوردن لە خەڵکەکەی بکات, بە داخەوە ڕۆژی خێی نەمانتوانی دەعوەتی بکەین و وەلامیشمان نەدرایەوە, لە کاتێدا نمووونەیی باڵا بووە بە دان نان بە ڕاستییەکان.
ئێستا لەم نموونە جوانەوە, هەقی وایە بچکە جاشکان فێر بن و ئەزموونی لەوربگرن ئەم ڕێگایە بگرنە بەر, داوای لەبوردن لە قوربانیان و خەڵك بکەن, لە پای تاوان و خیانەتی باوکیان, بزانن باوکیان بە کاروانی ئەتەمبەڵ و ئاڵای کوردستان لە سایەی دەسەڵاتکی بکەرامەتدا لە تاوان پاك نابنەوە, جوان نیشاندانی باوکیان بەشداریی لە تاوان, درۆژە دانە بە تاوانی باوکیان.
ئەوان بەرپرس نین لە تاوانی باوکیان, بەڵام هەوەدان بە سێنەوەی تاوانکای باوکیان و جوانکردنیان ڕاستەوخۆ دەیانکاتە شەریکە بەشی تاوان, ئەمەش جارە جاشیەتییەکە بەخەی, چاکترە و ڕێگا دروستکەی ئەوەیە خەیان لە تاوان و مەژووی باوکیان پاك بکەنەوەو باوەڕ بە ڕاستییەکان بهێنن کە باوکیان خیانەتکارو تاوانبار بوونە, نە لەبوردنی بەڕەی کوردستانی, نە گەرمکردنەی شەڕی ناوخەیی, نە کاروانی دووەو درۆژی پرسکەرانی گەستان , نە ئاڵا 10 هەزاریە چینییەکانی سەر تابووتکانیان نایانشواتەوە لە تاوان و خیانەت, ئەوە خانەنشینییەکشیان گەندەییەو لە دڕەوەی یاسای خانەنشینییە, چونکە ئەوەی ڕۆژەك جاشێتی کردبێت دووای پشمەرگایەتی خانەنشینی نایگرێتەوە. ئەوان بە داکەکیکردن لە باوکیان درۆژە بە جاشێتی و تاوان دەدەن و دەچنە سەر ڕێگاکەی باوکیان, قایڕەسی جاشێتی لە جێستیان دەچنن, داکەکیکردن لە تاوان هەوەدان بە پەردە پشکردنی تاوان بە خەی تاوانە و پێویستە سزای بە دابندرێت و ڕێگای لە بگرترێت, نەخوازڵا تەمەت هەنینەوش بە شەهیدان و بەڵادا بردنی ڕوداوکان بە خەی خیانەتە لە مەژوو و هەیبەتی قوربانیدەران و ناشرینکردنی شەهیدان.
پێویستە یاسایەك دەربکرێت بە تاوانباران, ڕێگا بگرێت لەوەی جوان نیشان بدرێن وە قەدەغەی ئەوش بکرێت ئاڵای کوردستان لە سەر گەڵ و

تابوتیان دابندرێت, ئەگەر ڕزی ئاماکەتان دەگرن.

ئێران .. گوللەیەکی دڕچووی بە گەانەوە لە دژی دیکتاتۆرییەت!.. عەبدولڕەحمان گەورکی

لە گۆشە نیگایەکدا.. بەدیلی دیموکراتیک لە ئێران و تێپەڕبوون بە ناو پیلانەکاندا!
عەبدولڕەحمان گەورکی، نووسەر و لێکۆڵەری سیاسی

بە نزیکبوونەوە لە خێپشاندان و گردبوونەوەی ساناێی موقاومەتی ئێران کە دەست و دوژمن لێی ئاگادار بوو، ئەم نیگەرانییە لە ئامادا بوو کە چ چارنووسێک لە بەردەم موقاومەتی ئێراندا چاوەڕوان دەکرێت! حکومەتی فەانسە خێپشاندانەکەی ڕۆژی یەکەمی ژوئیە(10ی پووشپەڕ)ی بە قەدەغە راگەیاند! پۆلیسی ئاسایشی ڕۆژی 20ی ژوئەن (30ی جۆزەردان) هێرشی کردە سەر ئۆشڤی3 و دەستی بەسەر شت و مەکی دانیشتووانداگرت! بە پێی هەواڵەک کە هێشتا باسکەی گەرمە و لەسەر مێزە و لە هێنگاوێکی کتوپڕ و شک هێنەردا، پۆلیسی ئاسایشی زیات لە (200) کامپیەتەری ئۆشڤی3ی ڕادەستی ڕژەمی ئێران کردووە! وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکایش بە کاوێژکردنی هەوەستی قەزوونانەی هەمیشەیی خۆی، وەک ئەوەی پشتیوانیکردنی لەم هێنگاوەی پۆلیسی ئاسایشی، تیشکی سووزی بە ڕژەمی ئێران لێدا! هەموو ئەو شتانە نیگەرانییەکانی بەسەر یەکدا کۆکە کردبوو!
ئەم کێش و هەوایە، جیا لە میکانیزم و هێندێک ڕەهێندی، زۆر لە گۆڕانکارییەکانی بەهاری 2003 دەچوو کە لەو ڕۆژانەدا فۆکەکانی هاوپەیمانان، بنکە و بارەگاکانی موقاومەتی ئێران لە ناو خاکی عێراقیان بەمباران کرد! لە فەانسیش هەزاران پۆلیسی ئەو وڵاتە لە هێنگاوێکی نایاساییدا هێرشیان کردبووە سەر بارەگای ئەنجوومەنی نیشتمانیی موقاومەتی ئێران و … هتد.

هەروەک ڕۆژانە یەکەمی گەلانکاریەکانی ئەمدواییە، دەسەلاتی دیکتاتۆریی مەزهەبیی ئێران، دابووی لە قاقای پێکەنین و هەڵپەڕکێ و هەڵبەز و دابەزکردن! بەڵام لە هەردوو ئێم کەش و هەوایەدا و بە مەودای زەمانیی بیست ساڵ، شایی و هەڵپەڕکێی دەسەلاتی ئاخوندی زۆری پێنەچوو کە لەسی بووە بە (شیعن) و (ڕەوتی گەلانکاریەکان بە جۆرێک گەدار و بۆرو ئاقارێک چوو کە لە دەسەلاتی ئاخوندی بوو بە (ژار) و تاڵی زیاتریشی بە دواوەیە! لەم دوو پشهاتەیەدا، دوو هێزی دژ بە یەک و نزیار لە دژی یەکتر ڕیزیان بەستووە. خەڵکی و بۆرخدانی ئێران لە لایەک و، دیکتاتۆریەت و پشتیوانانی دیکتاتۆریەت لە لایەکیترەوە!
سازان لەگەڵ دەسەلاتی دیکتاتۆریەتی ئێران!
ئاگۆرچی بە درێژایی مێژووی چەند دەیان ساڵەی ئەمدواییەی تایبەت بە ئێران، سیاسەتی سازان لەگەڵ دیکتاتۆریەتی مەزهەبی بەردەوام لە کاردا بووە، بەڵام ئەوەی سازانی ئەمجارەمان بە جیا دەکاتەوە، ڕاپەڕینی ئەمدواییەی خەڵکی ئێران و ڕەتی ناوازەی بەدیلی ڕاستەقینە و دیموکراتیکی خەڵکی ئێرانە!
لەم ڕاپەڕینەدا، لە لایەک، گەلانی جیهان بە چاوی خۆیان بینییان کە خەڵکی ئێران خوازیاری ڕووخاندن و نەمانی دیکتاتۆریەتن لە وەاتەکەیان و لە پێناویدا و لە مێژوودا تێچوویەکی زۆری گیانی و ماڵییان بە داوە! لە لایەکیترەوە، ئەم ڕاستییە بە جارێکیتر دەرکەوت کە بەرانبەر بە دیکتاتۆریەت لە ئێران، لە (بەدیلی دیموکراتیکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی موقاومەتی ئێران) بە دەر، هیچ بەدیلێکیتر بوونی نیە و ئەوەی لەم ڕاپەڕینەی دواییدا و لە لایەن هەندێک لایەنی ناوچەیی و نوێنەرایەتیەوە زۆق کرایەوە، بە بنەما و وابەستە و هەڵقوڵای دیکتاتۆریەت بوون لە ئێران و لە ناو کەمەڵگای ئێراندا بە ڕەگ و ریشەن!
وتەی نوێ!
خەپیشاندان و گردبوونەوەی ئەمساڵی ڕەوەندی ئێرانی لە پاریس، کە دیمەنێک بوو لە چالاکوانان و هەگرانی ئازادی لە سەرتاسەری جیهان، بەر لە هەر شتێکیتر، هەڵقوڵاوی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی مێژوویی و نایەکسان بوون لە نێوان ئەم دوو هێزە دژ بە یەکە، کە لە ڕاپەڕینی ئەمجارەی خەڵکی ئێراندا، چوونە ناو دواقۆناغی خۆیەوە!
(ڕاپەڕینێکی سەرکەوتوو) کە دەسەلاتی دیکتاتۆریەت لە ئێرانی گۆیاندە لەواری ڕووخاندن و (بەدیلێکی بەهێز) کە پوتانسیەل و ناوازەبوونی خۆی لە ناوخۆی ئێران و دەرەوەی ئێران بە تەواوی سەلماند. بە واتایەکیتر، ئەوەی ئێستا کەوتووەتە بەر دیدی هەمووان، پەلەقاژەی کۆنەپەرستی و کەلەنیالیزم (ئیستیعمار)ە کە

نیزیک بوونەوە لە کەتایی خەیان. بە وتەی مایک پێنس، پاڵەوراوی سەرکایەتیی کۆمار لە ئەمریکا کە لە وتارێکی خۆیدا لە گردبوونەوەی پاریس رایگەیاند، نە رژێمی ئێران ئەوەندەی ئێستا (لاواز) بووە و نە موقاومەتی ئێران ئەوەندەی ئێستا (بەهێز) و (ڕوا) دەرکەوتووە!

ئەگەر سیاسەتی سازان لەگەڵ دیکتاتۆریەتی مەزهەبی لە ئێران لە فڕانسە، بە ڕەگەی قەدەغەکردنی خەپیشاندان و بە پاساوی نەبوونی ئاسایشی خەپیشاندەران هاتە مەیدان، موقاومەتی ئێران بە ڕەگەی (یاسا و دادگا)وە تووشی شکستی کرد! ئەگەر ئەم سیاسەتە، ویستی جل و بەرگی یاسا و داد، بە بەر هەرشکردنی پلیس بە سەر (ئەشڕەفی3)دا بکات، موقاومەتی ئێران بە ڕەگەی (دادگا و یاسا)وە بەرەنگاری بووەوە و تەنانەت بەر لە سەرکەوتنی داد، بە خەرایی پێناسەی نادادگەری و دژە یاسایەکەی ئەم هەرشکردنەیش دەرکەوت!

دوو ڕەیانی مەژوو!

پرسی ئێران و بەرخەدانی ئێران کە ئێستا لەسەر مێزی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدایە، لە سەرووی بەرنامە و سیاسەت و تەنانەت ستراتیژیی یەک یان چەند وڵاتی پەیوەندیدارە لە پەیوەند لەگەڵ ئێران. ئایا دەوڵەتانی جیهان، دەنە تەنیشت خەڵک و بەرخەدانی ئێران، یان دەچنە تەنیشت دەسەڵاتی دیکتاتۆریەت لەو وڵاتە؟! لەژیکی مرۆیی و واقیعبینی و پشکەوتووانە پەمان دەڵێت کە لە وەرچەرخانکی مەژووییدا ناچار دەبن لە بەرژەوەندیی خەڵک و موقاومەتی ئێراندا هەنگاو بنێن!

هێز و بەهێزبوونی بەدیل!

موقاومەتی ئێران لە ڕەوەی پشهاتە جەرگبڕکانی سەردەمدا، زەرجار وەک قەقنەس لە خۆسووزی خۆیدا باڵی گرتووە و ڕوایەتیی خۆی سەلماندووە. وەک چۆن ڕوتی کۆنەپەرستی و کەلەنیالیزم، بە تایبەت لە چەند دەیەی ڕابردوودا، هەوڵی ئەویان داوە ئەم موقاومەتە لە ناو بەرن. بەڵام هەموو جاریک لوتیان شکاوە و تووشی شکستی گەورە بوونەتەوە!

هەموو گەلانی جیهان بە چاوی خۆیان بینیان کە لە ڕاپەڕینی ئەمدواییەدا، پاشماوەکانی دیکتاتۆریەتی شا، چۆناوچۆن بە هانای دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی مەزهەبییەوە چوون تا دەستکەوتەکانی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران و موقاومەتی ئێران بە تاڵان ببەن هەتا دیکتاتۆریەت لە ئێران لە سەر پێ و لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە!

هەموو گەلانی جیهان بە چاوی خۆیان بینیان کە چۆناوچۆن (کەلەنیالیزم) بە هانای (دەسەڵاتی کۆنەپەرستی)یەوە چوو بە یارمەتیدانی مالی و میدیایی و پەوپاگەندەیی دیکتاتۆریەتی ئایینی

و جارەکیتر، هەندێک (بووکە شووشە)یان قوت کردەوە بە مەبەستی (رفاندنی سەرکردایەتیی شۆش) و خستنە پاڵاوەزی (بەدیلی دیموکراتیک)!
هەموو گەلانی جیهان بە چاوی خۆیان بینیان کە ئەگەر موقاومەتی ئێران، ئامادەی شەقام و گۆڕەپانی سیاسی نەبوایە و لە بەرانبەر دیکتاتۆریەتدا نەوەستایە، چارەنووسی هەموو تاک و لایەنە ئێرانیەکان، بە تایبەتی لە راپەڕینی ئەمدواییانەدا چی بەسەر دەهات و بەرەو کوێ دەچوو! موقاومەتێکی کە بەر لە هەر شتێک، گەنجینە و سەرمایەیەکی مەزووینی و نیشتمانییە بە هەموو ئاو ئێرانیانەی هەگری ئازادی و رزگاریی ئێرانن!
هەموو گەلانی جیهان بە چاوی خۆیان بینیان کە (خۆاگری لە بەرانبەر سازان لەگەڵ دیکتاتۆریەتدا) و (خۆاگری بەرانبەر بە پیلانگێڕیەکانی کۆنەپەرستی و کۆلۆنیالیزمدا) تەنیا لە توانا و توانستی ئەم بەدیلەدا بووە کە هەم خەپیشاندان و گردبوونەوەکەی لە پاریس بخاتەوە برد و هەم بەدیلە دەستکرد و بە بنەما و وابەستەکانی پووچەڵ کردەوە و هەمیش پیلانگێڕیە سیاسی و بە رواڵەت دادوەریەکانی سازشتکارانی کردە بەقی سەر ئاو و ڕەگای خۆی و گەلەکەی بەرەوسەرکەوتن لە ئێران کردەوە!
گەشەسەندنی موقاومەتی ئێران!
گردبوونەوەی ساڵانەی موقاومەتی ئیران، جارەکیتر ئەم راستیەی سەلماند کە (ئەشڕەف دووبارە ئەشڕەف) وەک (ڕەمزی سەرکەوتن)ی بەدیلی دیموکراتیک بەسەر کۆنەپەرستی و کۆلۆنیالیزمدا دووبارە گەشەی سەند و جیهانی لە دژی دیکتاتۆریەت لە ئێران بە هاندراوی و گرژی هەشتەوە!
لە خۆا و بە هۆ نیە کە هەزاران پارلەمانتاری جیهان، سەدان کاربەدەست و کەسایەتیی بەرجەستەی نودەوڵەتی و لەوانە مایک پێنس، پاڵەوراوی سەرکایەتیی کۆمار لە ئەمریکا و خاتوو لیز تراس، سەرۆک وەزیرانی بریتانیا(2022) و …هتد لە ریزی ئامادەبووانی ئەم گردبوونەوەیدا بوون و پشتیوانیکردنی خۆیان لە راپەڕین و موقاومەتی ئێران و بە دیاریکراوی، پلاتفۆمی خانمی مریەم ڕەجەوی بە ئێرانی ئازادی دواڕۆژ ڕاگەیاند. دیمەنێک کە نەک تایبەت بە وڵاتیکی دیاریکراوی وەک ئێران، بەڵکو باس لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەزووینی جیهان دژ بە دیکتاتۆریەتی مەزهەبی دەکات و ئاسۆواری ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە، تەنانەت بەر لە ڕووخاندنی دیکتاتۆریەت لە ئێران، هەموو جیهانی گرتەوە!
کۆتایی

فەقێی شەشووە، نامەی دەداری بە خوشکی فەقێیەکی هاوڕێم دەنارد.. شەماڵ بارەوانی

ئەو فەقێ شەشووە، گوتم هەر هەژە و هووک بوو.
بەسەرهاتێکی تر هەیە، لەو بەشەی بیرەوەرییەکانی فەقێیکی گومڕا دەمەوێت بۆتانی باس بکەم.
فەقێیەکمان لەگەڵ بوو لە حوجرەکەی(محەمەدییە)، خەڵکی لای(چەمچەماڵ) بوو. خوشکێکی لە زانکۆی سەڵاحەدین خوێندکاربوو و لە بەشەناوخەیی(١٨ی شوبات) دەمایەوە.
کچەکە زووزوو دەهات بۆ حوجرە، بۆ سەردانی برا فەقێیەکەی.
هەژەک کچە بۆ براکەی دەڵێت: لەبەر زانکۆ و تاقیکردنەوە و شت لەوانەیە نەتوانم زووزوو بێم بۆ سەردانیت، ئەگەر ژمارەی تەلەفۆنی فەقێیەکی هاوڕێتم بدەیتێ تا لە ڕێگەی ئەوە تەلەت بۆ بکەم.(فەقێیەکە تەلەفۆنی نەبوو) ئەو فەقێیش دەڵێت زۆر باشە، فەقێیکمان لەگەڵ زۆرکەسێکی ئەمین و جێگای متمانە و باشە، ها ژمارەکەی ئەو.
داماوەی بە ژمارەی ئەو(فەقێی شەشووە)ە نادات بە خوشکەکەی.
ماوەیەک خوشکەکەی هەر لە ڕێگەی ئەو ژمارە و تەلەفۆنەی فەقێی عەلەساس فوول(ڕەحانی و ئەمین و جێگای متمانە)، خوشکی فەقێی هاوڕێم، تەلەفۆن بۆ برا فەقێیەکەی دەکات و چاک و چۆنی دەکات و هەواڵی دەپرسێت.
فەقێی شەشووە، بۆ ئەوە ناقەزێتەوە و مرخ لە خوشکی فەقێ خوش ناکات! دەست بەناردنی نامەی دەداری و ڕەمانسی دەکات و دەیەوێت کچە بخاتە داوی دەداری خۆیەوە.
کچە ڕێک مەعدەنی ئەو فەقێ شەشووەی بۆ ئاشکرا دەبێت و ئەو بابەتی نامە ناردنە بۆ فەقێی برای باس دەکات و نامەکانیشی هەموو پیشان دەدات و پێی دەڵێت: تۆ فەقێی تر نەبوو تا ژمارەی ئەو فەقێ خوێیەم بدەیتێ؟ هاهاها.
کاکە ئەو فەقێیە بەتامی کردووە و تەواو بێزاری کردووم هەندەی نامەم بۆ بنێرێت.

ئەو بەسەرهاتی نامە ناردن و شتە، فەقێیەکە کە لە حوجرە زەر هاوڕێ و هەگری من و فەقێیەکی تربوو، بە من و فەقێیەکی تر(فەقە هەیاس)ی باس کرد. دواتر فەقەکانی تر هەمووی بەو نامە و شتەی فەقێی شەشوویان زانی.
کاتێک بەهەی پیلانی ئەو فەقە شەشووە من بە سلەمانی گواستراومەوە و فەقە هەیاسیش کە ئەمە نەماندەتوانی دوور لە یەکتری بین، مەلاکان لەبەر ئەوە لەگەڵ من نەقلی سلەمانییان کرد.
ئەو فەقێیەش گوتی: من ناتوانم بە ئەوە لەربەم، ئەوە بە دەزخیش بەەن، من هەر لەگەڵتان دەم. ئەویش لەگەڵ من و فەقە هەیاسی هاوڕێم هات بۆ سلەمانی.
دواتر کە ئەمەهاتینەوە بەهەولەر ئەو فەقێیە زەر بەمان گریا و دەیگوت: ئەوە لەربە بەەن ناتوانم فەقێیاتی بخوێنم. زەر تکای کرد کە نەەین و جێی نەهێین. ماوەیەک دوای ئەوە(ەیشتنی ئەمە لە سلەمانی) فەقێیاتی جێ هەشت.
ئەو فەقە شەشووە دوای ئەوەی لە حوجرە دەرکرا، ەژێک تەڵی بە کردم. ئەوکات لە حوجرە و مزگەوتکی تر دەماێوە و هەشتا نگەڵابووەوە شوێنکەی خەی لەو مزگەوت و حوجرێی ئەمە.
کە تەڵی بە کردم، گوتی: مەلاشەماە، حەزدەکەم بتبینم. مەوعیدەکمان دانا و ەیشتم لەناو بازاە و لە شوێنکی نزیکی شەقامی باتە دانیشتین.
فەقێیەکیش(بە داخەوە کە بیرم نەماوە کامە فەقە بوو) لەگەڵم هات و لە دوورەوە چاودێری دەکردین. گوتمان کە نەەت مەبەستکی خراپی هەیە و دەیەوێت زەربی خێم لە بووشێنەت؟
دەمزانی کە زەر ەق و غەرەزی لە منە، بەهەی ئاشکراکردنی ەووی ەاستەقینە و مەعدەنی بە هەمووان و دەرکردنی لە حوجرە.
ئەوەژە وەک سیفەتی پشووی، زەر مەکر و نازی کچانەی کرد و دەیگوت: مەلاشەماە، با ئەمە چیتر دژایەتی یەکتری نەکەین. من و تە پشووتر وەک دوو برا وابووین. تە حافیزولقورئانیت و زەرم خۆش دەوێیت، بەڵابکە هیچ مەبەستکی خراپم نییە.
بە زمانێ نەرم و درێژکەی، زەر قسەی لەو جۆرەی بەکردم. من کەم قسەم کرد، هیچ باوەڕم بە بەەن و قسەکانی نەبوو و دەم پێی دەگوتم کە ئەو فەقە شەشووە لەژەرەوە خەریکی یارییەکی ترە و وا بەئاسانی یەخەم بەرنادات و بگومان تەەی خەی دەکاتەوە و لەو داوای بینینەی من مەبەستکی هەیە.
هەبەت دەیویست لە دژی حوجرەکە هانم بدات و خەی وەک مەزووەک پیشان بدات و دەویست گرووپ و هەوادار لەناو فەقێیەکان دروست بکات.

هەبەت بە جیا بانگی فەقێی تریشی کردبوو و دیداری لەگەڵ کردبوو، بۆئەوەی ئەمە هەردووک فەقێ کە زۆر هاوڕێ بووین ئاگاداری ئەو پیلان و تاکتیکەی فەقێی شڕشووە بین(ئەو فەقێیە خۆی باسی ئەو دیدارەی خۆی و فەقێی شڕشووی بۆکردم)
ماوەیەک ئەو فەقێیە و چەند فەقێیەکی تریشی لەخشتە برد و کردنی بە هاوئاوازی خۆی و سەرەنجام دوو فەقێ لەو چەند فەقێیەش لە حوجرەی دەرکران(لەبەشی تر بەدرێژی باسی ئەو دەرکردنەی ئەو دوو فەقێیەی هاوڕێم دەکەم، کە دانیشتوانی بە پاساوی مەیل بە کەمەڵی ئیسلامی و عەلی باپیر دەرکرا و فەقێی شڕشووە وای حاڵی کردبوو کە لە قوتابخانەی حوجرەی محەمەدیە لەسەر ئینتیمای بە کەمەڵی ئیسلامی و عەلی باپیری دەرکراوە و زانیبووی ئەو فەقێیە مەیلی بە کەمەڵە هەیە، لەو ڕۆگایە بۆی چووبوو و گوتبووی ئەها لەسەر عەلی باپیر چیبان بەسەرهەنام و بەو فەڕە عاتیفە و مەیل و سۆزی ئەو فەقە سادە و دڵپاکەی جووتاندبوو و دژی حوجرەکەی ئەمە هانی دەدا. کە لە حەقیقەتدا وەک پشووتر باسم کرد، کە ئەو فەقە شڕشووە لەسەر شڕشوویاتی و هەبوونی ناسنامەی حیزبی تر و بە تەمەت و گومانی سیخوڕی و شت بە حیزبی تر دەرکرا. بەڵام هی ئەو هاوڕێ فەقێیەی ترم، کە شڕشوو تێکی دا، لەسەر عەلی باپیر و کەمەڵە بوو).
سێ فەقێی تریش کە هەر ئەو فەقە شڕشووە هەنابوونی بەحوجرە و خێکی دەڤەر و شوێنەکەی خۆی بوون لای موسا. ماوەیەک ئەوانیشی تێکدا و لەگەڵ دوو فەقێیەکەی تر کە دەرکران، کردبوونی بە گرووپێک و خۆیان لە ئەمە جیاکردبووەوە و بە قسەی مەلاکان و ئیدارەیان نەدەکرد و بە نهێنی تێکەڵی فەقێی شڕشوویان دەکرد و دەستیان لەگەڵ تێکەڵ کردبوو.
مەلاکان و ئیدارەی قوتابخانە ئینزاریان دانە و ئاگادریان کردن کە ئەگەر لەو فەقە شڕشووە و دوو فەقە دەرکراوەکەی تر دوورنەکەونەوە و پەیوەندییان لەگەڵ نەپچڕێنن و واز لەو گرووپ و گرووپکارییە نهێنن، هەمان شێوەی فەقێی شڕشوو و دوو فەقێیەکەی تر لە حوجرە دەردەکرێن.
باوکی فەقێکانیشیان بانگ کرد و باوکی فەقێکان بە کۆکانی خۆیان گوت: بە گوێی ئیدارە و مەلاکانتان
بکەن و لە و فەقێیە دوورکەونەوە.
ئەوانیش وایان کرد و فەقێی شڕشوو لە پیلانەکە(دوای تێکدانی دوو فەقە و بوون بە هەکاری دەرکردنیان لە حوجرە) شکستی هێنا و نەیتوانی من و سێ فەقەکەی تر و هیچ فەقێیەکی تر بباتە ژێر باڵی خۆی.

فەقێی شەشووو بەو شەوازە دەیویست لەناو حوجرە گرووپ لە فەقێکان دروست بکات و بە بەرژەوەندی خۆی بەکاریان بهێنێت.
فەلبازی لەسەرەوە هەکەوتنی لەگەڵ دەکردم و لە ژێرەوەیش خەریکی پیلان بوو لە دژم و لای(ح. تورکمان) دەیگوت: ئەو فەقێ شەماڵە سەری هەموو ئاژاوەیەکە و ئەو منی گەیاند بەم هەژە(ماسکی سەر ڕووی ئاماژەیم).
دوای ماوەیەک لەوەی کە گوتی: هیچ خراپەیەکم بەتێ نییە. هەک من وەک باسم کرد لە هەولێر و لە حوجرە و قوتابخانەی(محەمەدییە) و مزگەوتی(حاجی قادرەک) گواستراموە بۆ سلێمانی و بۆ حوجرە و قوتابخانەی(غەزالی) و مزگەوتەکەی حەمەی (حاجی ڕەشید).
ئەو فەقێ شەشووە، بیرمە دوای چەندین ساڵ و لە قەناغی چواری کۆلێژ و لە کۆتاییەکانی دەوام بووم، هەژەک لەگەڵ فەقێیەکی تری هاوڕێم(یەکێک لەو دوو فەقێیەی باسم کرد کە کاتی خۆی فەقێی شەشووو کردبووی بە گرووپی خۆی و بووە هەکاری دەرکردنی لە حوجرە) کە دەهات بۆ ئاکرە و منیش لەگەڵی گەڕامەوە بۆ بەردەڕەش بۆ کۆرگەسک داهاتین. ئەو فەقێ شەشووە، ئەوکات ماڵی لەوێ بوو و لە مزگەوتێک مەلا بوو. فەقێیەکە گوتی نازانم چی کارێکی بەمنێ و تۆزێک لا دەدەین بۆ لای. گوتم: کاکە من نامەوێ چاکوچێنی ئەو کەسە بکەم و با نازانێت من لەگەڵە تەم.
فەقێیەکەی هاوڕێم هاتە خوارەوە و چاکوچێنی لەگەڵە کرد(ئەوان هەردووکیان خەڵکی یەک دۆڵەر و شۆن بوون).
من لەناو ئەتەمبێلەکە خەم نزم کردبووەوە و نەمهێشت ئەو فەقێ شەشووە بمبینێت.
ئەو فەقێیەی کە لە بەشی تر گوتم: نازانم ئێستا لە کوێیە.
ماوەیەک لەماوبەر لەگەڵە فەقێیەکەی هاوڕێم کە ئێستا مەلایە لە دۆڵەری ئاکرە، پێشتێن بە موسۆ و باسی ئەو فەقێ شەشووەی بۆ کردم و گوتی: کورە مەلاشماڵ، ئاگات لێی نییە؟ ئێستا لەڕە(موسۆ)خۆی لە خەڵک کردووە بە عەللامە و شێخ و خەڵکی وەک شێخ و مەلایەکی زەر موهیم سەیری دەکەن.
کە ئەو مەلایەی هاوڕێم وای گوت، دامانێ قاقا.

شیعر/ ئەوارانە- ٤٢.. سەردار جاف

دیسانەوە ئەوارە هات
سیحر دەبەتە میوان و
چراخانمان فوو لە دەکرێ
ئەم ئەوارە لە ئامێزی دوو ئەوارە ئاماوە
باوەش بە یەکدی دەکەنەوە
خەون بە کراسە رەنگاڕەنگەوە دەبینین
هەڵدێرکی ئەفسوناوی
ڕاڕەوێک تاریک و ڕوون
داماننە پەپە لە خەو
خەو ختوکەی خەیاڵە خرابا تەکان دەدا
لەو لایشەوە
ئەفسانە گرێی لە باخچە و گڵا ڕەشکان داوە
کەمانە تەنگەبەرەکە سامناک
قوتووبەندە کریستاڵییەکە
بە خانمکی شڵەبی
پە لە خەیاڵ
لە نەو جمە و ئاپەڕادا لەنگەرگرتوو
خانمە بە سترەسەوە
سەراپا بیری ئاڵەز
ترس لە بەیان لە ئەدەب، شنەی شەماڵ
کپ کپ تەم تەم
هەنگاوەکان بە ئاستەم و لە سەرخۆن
لە بانەڕۆی تەنیشت
حەشاماتەکی خەکییە
دیقەتدانەکی ورد بینین
ئەرێیش جمەی دە لە خەوان
خەو خەو دەبا
بوون و نەبوون دەووخێنە
ڕەحمان دەبا و
خەو لە کەاورەزنەوە دەت و
لە دارستانەکی تاریک تووەمان دەدا
نەبوو جارە

جنەکە وەک کیژەکی جوان و ناسک بە
بە من و بیری شەیدا
قەت قەت نەبوو بە کوڕە شەخ
یان شەڕسواری میرنشینەکەی شەهلا
ئەمستا خەو
لە نەوانی پەنجە تووتەی من و ئەوا
پیاسەی دابەان دەکا
لە قەزاخەی بای ئەدنا
نووزە خەوی تروسکەمان
بە ئەودیوی با و هەناسەی ژیان دەبا
پەکەوە بین
چەن بە کەسی چەن بەکەسم
خەشم دەوەی خەشەویستەرین کەسم

٢٨ / ٦ / ٢٠٢٣

پەرتووکی خەزان (لە نەوان چەقبەستوویی، هەوەشاندنەوە و دیموکراتیزەکردن) کەوتە بەردیدی خوێنەران

کتێبی خەزان لە نەوان چەقبەستوویی، هەوەشانەوە و دیموکراتیزەکردن، لەبەاوکراوەکانی ئەکادیمیای ژنلەژییە.
لەم کتێبەدا حەقدە ژن هزر و بۆچوونیان گەیاندۆتە یەک، هەندەک لە کوردستان و هەندەکی تر لەوپەڕی دونیا.
ئایا ئاسانە تێگەیشتن لە یەکەمین دیواری مێژوو؟ یەکەمین تەلارسازیی کە ژیانمانی لە چوار دیواری بینا گەورەکاندا قەتیس کرد. ئەمە هەوە دەدەین ژیان لەو چوار دیوارەدا شرۆڤە بکەین. چی بکەین و چی نەکەین بەدرێژایی مێژ،لە کۆتاییەکەیدا دەگەینەوە ناو ئەو چوار دیوارە؛ واتە ماڵەکانمان. دەوەستین و بیردەکەینەوە

و دەپرسین، ئایا هەمیشە هەر وا بووە؟ ئایا هەمیشە ئەو دیوارانە زیندان بووە بۆ ژن، کاتێک بمانەوێ لەی هەڵبەین دەبێ قوربانی بدەین، بۆ ئەوەی بچینە ئەو دیوی دەرگاکەیەوە؟
ئایا دەکرێت خەزان لە فەرهەنگی دژە کەڵەگەوە وەرچەرخێ بۆ بەرگری کەڵەگەت؟
ئایا دەکرێت خەزان لە واتا باوەکانی دەربێنینەوە و بیگەڕێنین؟"
ئەی چی دەربارەی ئەو پەندەی دەڵێت "بۆ بەخۆوکردنی منداڵێک، گوندێکی پێ لە خەڵک پێویستە"
ئایا هاوژیانی ئازاد لەسەر چ ڕەخنە و دیدێک گشە دەکات؟
وەڵامی ئەمانە و چەندین پرسیاری گرنگ لەم پەرتووکەدا.

کەمپانیای بلاق پێیک ئەم کتێبەی دابەشی سەر کشک و کتێبخانەکانی کوردستان کردوە

چاپکراوی نوێ
خەزان
لێنەوان چەقبەستوویی،هەوڵشاندنەوە و دیموکراتیزەکردن
ئامادەکردنی ئەکادیمیای ژنلەژی
نوسەر کەمەک نوسەر
بابەت: فکری
نرخ: ۵۰۰۰ دینار

بە دەستخستنی ئەم کتێبە سەردانی ئەم ناوەندانەی فرشی کتێب بکە
ناوەندی سلێمانی
کتێبخانەی غەزەلنوس – ناوبازاڕی وشیار قەفتان
کتێبخانەی وشە – جادەی مەولەوی
کەشکی ملا محسین – بەردەم شە مە
کەشکی ڕەبین – بەردەرکی سەرا
کەشکی سەردەم – بەردەم باخی گشتی
کەشکی سەرچنار – ناوبازاڕی سەرچنار
کتێبخانەی ڕەهەند -کاسە مە نهەمی دووەم دووکانی ژمارە ٤١
کتێبخانەی ڕەمان – تەلاری سیروانی نوێ نهەمی سێیەم
قەزاوناحیەکانی سلێمانی
کتێبخانەی ئەحمەد کەیی – ڕانیە
کتێبخانەی ژین – قەڵادزێ
کتێبخانەی ڕەهەند – چوارقورنە
کتێبخانەی هەژار – کەیە
کتێبخانەی شار – کەلار

کتێبخانەی ئاسمان – دەربەندیخان
پارێزگای هەڵەبجەی شەهید
کتێبخانەی هەژار موکریانی – ناوبازاڕی هەڵەبجە
پارێزگای کەرکوک
ناوەندی ڕۆشنبیری وهونەری دیالۆگ – کۆتایی جادەی کەماری
پارێزگای هەولێر
کۆشکی سیروان – تەنیشت چاخانەی مەچکە
نووسینگەی بلاق پێیک – پشت پارێزگ
دەزگای ئاسا
قەزاوناحیەکانی هەولێر
کتێبخانەی مەخمک – سەران
کتێبخانەی شەرکە – ڕواندوز
کتێبخانەی هاوژین – هەریر
کەمپانیایی بلاق پێیک بۆ دابەشکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب لەسەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستان

پرۆمۆی کتێبی خەزان

کوشتنی حەز.. دڵکەش قادر

ئەمشەو تەنیام
چاوەڕێی کاتێکم تا وەک ئەتمۆسفێرە
لەناو باوەشتا بتوەمەوە،
توانەوە چوونەوە ناو باوەشێک لە خەیاڵ
لە وجوود
لە گۆڕانەوە بۆ منداڵی و
دوورکەوتنەوەلە پیربوون
پیربوون، گۆڕانەوەیە بۆ سەر سەرەتاکانی منداڵی و
تەش بەدیار منەوە تابلۆیەک بکەشە و
میلەدییەک بستەنە و بەدەنگەکی بەرز بڵێ: دڵکەش جوانترین تابلۆیە.
دڵکەش، تابلۆیەکە لە
نەناسینینی ماندووبوون.

سلێمانیی
دڵکۆش قادر
•

مەحمـــوود ئەحمەد ئەلســـێیدی چیرۆکنـــووس و خەبـــات لە پێنـــاو کرێکـــارانی عێـراقـدا.. عەبـدوڵا ســـەمان(مەشخـــەڵ)

مەحموود ئەحمەد ئەلسێیدی چیرۆکنووس و ڕۆمانـنووس و پێشەنگی ڕۆمانی عەرەبی لە عێراق، ناوەکی دڕوشاوێیە لە ئاسمانی هوشیاربوونەوەی فیکریی و ڕۆنیسانسی ئەدەبی لەمژووی عێراقدا کە ڕۆڵکی مەزنی گێڕا لە بەرگریکردن لە کرێکاران و زەحمەتکێشان. ئەو لە واقیعی کۆمەڵگەی عێراقی لە دەیەی بیستەکان و سیێکانی سەدەی ڕابردوو ژیا کە هەمیشە لە ناکۆکیدا بوو لەگەڵ دووا کەوتوویی ژیان و گوزەرانی خەڵک و ئاستی مەعریفی خەیدا.ئەلسێید قەڵەمەکەی خستە گەڕ لەبوارەکانی ئەدەب و سیاسەتدا لە پێناو کرێکاران، بەڵام بەداخەوە مژوو بە ماوەیەک لەبیری کرد. کاتێکیش دکتەر عەلی جەواد ئەلتاهیر ئاوڕ لەم نووسەرە شۆشگێڕە دەداتەوە، ئەوسا ناوەندە ڕۆشنبیریی و ئەدەبییەکان لای لە دەکەنەوە(١) مەحموود ئەحمەد ئەلسێید، لەجەرگەی ئەو بزووتنەوە ڕۆشنگەرییەی عێراق هاتەدەڕوە کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم خەریکی هەناسەدان بووە. ئەم نووسەرە کرێکاریی و کۆمۆنیستە لە ١٤ی ئازاری ساڵی ١٩٠١ لە شاری بەغداد لەدایکبووە. سەرەتا لە کتێبخانەی مزگەوتی حەیدەرخانە لای باوکی مودەریس دەست بە خوێندنی ئایینی دەکات؛ کە ئەوکات مەلای مزگەوتی عەبدولقادر گەیلانی بوو. پاشان ئەلسێید لە قوتابخانە عوسمانییەکان دەخوێنێت و تا لەسەردەمی داگیرکاری ئینگلیزدا دەچێتە خوولێکی ئەندازیاری. ئینجا گەشتی وڵاتی هیندستان دەکات و ساڵێک لەوێ بەسەر دەبات و شارەزایی لە دەخی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی هیندستان پەیدا دەکات. مەحموود لە هیندستان بە بیرمەندی سۆشیالیستی هیندی (سوامی) ئاشنا

دەبەت و دەکەوتە ژێر کاریگەریيەوە. ساڵی ١٩٢٠ لەسەروبەندی شۆشی ١٩٢٠ی عێراق دژگۆتەوە بە عێراق تا ئەزموونی گەشتەکەی هيندستان و شۆشەکە لە ڕەمانی (جەلال خالید) بخاتە ڕوو، کە دواتر لە ساڵی ١٩٢٨ دا بەناوی دەکاتەوە. (٢)مەحموود ئەحمەد ئەلسەيد وەک هەر خوێندەوارێکی گەنجی ئەوکاتی عێراق، جگە لە بەرهەمە ئەدەبی و سياسيیەکانی خۆی؛ زمان و ئەدەبی تورکی دەخوێنێت و لەو ڕێگەيشتوە گەلێ بەرهەمی ئەدەبی ئينگليزی و ڕووسی و ئەرمەنی وەردەگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی.(٣) ساڵی ١٩٢١ يەکەمين کورتە ڕەمانی خۆی بەناو دەکاتەوە بەناوی (لەپەناو هاوسەرگيريدا) کە حوسێن ئەلڕەحاڵ گۆڕە ڕەشنبيری پێشکەوتووخوازی ئەوسەردەمە پێشکی بە دەنووسێت. بيريشمان نەچێت حوسێن ئەلڕەحاڵ و کەمەڵ گەنجەک ئەلقە ڕەشنبيريیەکانيان پێکهێنابوو؛ کە مەحموود ئەحمەد ئەلسەيد يەکێک بوو لەو ڕەشنبيرە گەنجانە.(٤) بەمجۆرە هەلومەرجی سياسی ئەوکاتی عێراق کەلەژێر پێی داگيرکاری ئينگليز و کەمپانيا بيانييەکاندا ڕەنگدەڕژ دەکرا، دەخی کرێکارانی عێراقی گەياندبووە لووتکەی خراپی و نائينسانی. ڕەشنبيرانی ئەو سەردەمە بەهەرشێوەيەک کەبيان کرابەت پشتيوانی خەبات و ناڕەزايەتی کرێکارانی عێراق بوون و تەنانەت ئامادەشبوون بکردەوە ببنە دەنگ و نوێنەری کرێکاران. مەحموود ئەحمەد ئەلسەيد لە کەمەڵەی پيشەوەران شانبەشانی محەمەد ساڵح ئەلقەزاز هەموو ژيانی دەخاتە خزمەت کرێکاران و دەبەتە جگەری سەرکی ئەو کەمەڵە کرێکاريیە.(٥) ئەو جگە لە دەقە ئەدەبييەکانی لە چيرۆک و ڕۆمان، لە وتار و نووسينە سياسيیەکانيشدا پەداگرێکی سەرسەختی کرێکارانە دژ بە سەرمايەداران.

محمـــوود ئەحمەد ئەلســـەید دوای گەڕانەوەی لە هیندســـتان لە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە وەکو (الشرق، العراق، العالم لاعربي، الاستقلال) و گۆڤارەکانی (اليقين، المصباح، الصحيفة، المعرض، الحديث، الحاصد) دەست بە نووسین دەکات و بەرهەمەکانی بلاو دەکاتەوە. ساڵی ١٩٢٠ وەکو کاتب لە وەزارەتی ناوخۆ دادەمزرێت و پاشان لەساڵی ١٩٢٣ وەک بەڕێوەبەر دەگوازرێتەوە لیوای الديوانية و دوای ئەوەش لەســـاڵی ١٩٣١ دەبێتە ســـکرتێری شارەوانییەکـــان لە وەزارەتی ناوخۆ و ئینجا لە ئازاری ساڵی ١٩٣٣ تا کۆتایی ژیانی ١٩٣٧، دەبێتە سکرتێری پەرلەمان.

بەشـــێک لە وتـــارەکەی محمـــوود ئەحمەد ئەلســـەیدی چیرکنـــووس و ڕۆمانـــووس بـــاو بکەینەوە جگری سەرکی کۆمـــەڵی پیشەوەران بوو، واتا جگری ئەڤڕاز بوو کە لە ڕۆژنامەی (العامل) ژمارە یەکی ساڵی ١٩٣٠دا بـــاوکراوەتەوە. محمـــوود ئەحمەد ئەلســـەید دەنووســـێت :(بانگەوازی یەکەمم بە هەموو کرێکاران و جووتیارانی وڵاتەکەمان؛ بە هەمـــوو ئەشکەنجەدراو و ســـتەمدیدەیەک، بە هەمـــوو ســـەربازە سەربەندەکانی مرۆڤایەتی کە لە گەورەترین جەنگدا و لە پەنـــاوی مافەکانی چینی کرێکاران و سەربەستی و بیروباوەڕی پیرۆزەکەیاندا پشتی یەکتر دەگرن، هەر ئەو بانگەوازەیە کە سەرکردەکانی ئەو چینە پێش دەیان ساڵ و ئێستاش دەیانەوێ: ئەی کرێکارانی جیهان یەکگرن!. با ئێم بانگەوازە دروشمی کرێکارانی خەشمان بێت، بەبێ جیاوازی کار و پیشەیان، با ئەوەش بزانن کە ناکۆکی و بەربەرەکانێی یەکتر لەو بەوڵاوە کە تێکیان دەشکێنێ و بەرەو دواوەیان دەبات و تا ماوەیکی

دوورودرێژ مافیان بۆفیێ دەبات، هیچی تریان لێ دەستگیر نابێت.) تا دەگات بەوەی کە دەڵێت (کرێکارانیش مافی زەریان هەیە و خاوەنی نین، و هەروا بەئاسانی بەدەستی ناهێنن. گومانی تێدا نییە ئەوانە مافی ژیانن و بەبێ دەستخستنیان مردن گەلێک باشترە. کرێکار مافی هەوای خۆیەتی هەژی هەشت سەعات کار بکات، کەچی زۆربەی کات چواردە سەعات کاری پێدەکرێ، مافی خۆیەتی بێکار نەبێ، مافی خۆیەتی مناڵەکانی لێ قوتابخانەدا فێری خوێندن و نووسین ببێ، نێک بێ نەزانی فرێبدرێتە سەر شەقامەکان، یاخود بخرێنە بەر شاگردی و لێناو کارگێ و کارخانەکاندا کاری گرانیان پێ بکرێ، مافی خۆیەتی خواردنی سوودبەخش بخوا و بەرگی باش بپۆشێ و جێگایەکی لەباری هەبێ تێیدا بحەوێتەوە، نێک وەک ئاژەڵی کەوی لێئشکەوتدا بژی، مافی خۆیەتی گەرخی یا ئێندامانی خەزانەکەی نەخۆش کەوتن، پزیشک چارەسەریان بکات و داودەرمانی پێویستیان بدرێتێ و گەر کەفتەکار بوو نەیتوانی ژیانی خۆی دابین بکات و لەسەرکار بمێنیتەوە، ئاوا چەردەیەک پارەی بدرێتێ و گەر پیری زەری بێ هێنا و چیتر بۆی نەکرا ئەرکی خۆی بەجێبێنێ و کار بکات، مووچەی خانەنشینی بدرێت بە خەزانەکەی.) تا لێ کەتایدا دەڵێت (گەر بێ و کرێکاران هاوکاری یەکتر نەکەن و کەمەڵکانیان لەسایەی ئاڵایەکی یەکگرتوودا یەک نەخەن کەڵاستر وایە ناوی یەکێتیی کەمەڵێ و نەقابەکانی کرێکارانی لێبنێین، هەرگیز بەو مافیان شاد نابن. دەبێ ئامانجیشی بەرگریکردن بێ لێ بەرژەوەندی هاوبەشی کەمەڵەی کریکاران و هەوەدان بێ بە دانانی یاسایەکی ئەوتێ تا لەسایەی ئەو سیستەمێ کەمەڵایەتییە دەرینەدا کە بەزەرملێ پێیەوی یاساکانی دەکرێت، خێیان و مافە هەواکانیان بەپێی توانا بپارێزێ و کرێکاریش سەربەست و سەربەند بژی.)(٦)

مەحموود ئەحمەد ئەلسەید لە چیرۆکانیدا ڕەبازی ڕیالیزمی گرتۆتە بەر. ئەو جگە لەوەی پێشەنگی ڕەمانی عەرەبی بوو لە عێراق، لەهەمان کاتیشدا یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی کۆ و کۆمەڵە سۆشیالیستی و پێشکەوتووخوازەکان. (٧) و کاریگەری هەبوو بەسەر سەرجەم بونیادی ڕۆشنبیری لە عێراق. ئەم خەمخۆرەی چینی کرێکاری عێراق؛ بەداخەوە لە تەمەنێکی زوو لە ١٠ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٧ لە قاهیرە بە یەکجاری دەی لەلەدان دەکەوێت و ماڵئاوایی لە ئەدەبی ڕیالیزمی سۆشیالیستی و خەمە چینایەتییەکانی کرێکارانی عێراق دەکات و هەر لەو گۆڕستانەی قاهیرە دەنێژرێت کە شاعیری عێراقی عەبدولموحسین ئەلکازمی لێنێژراوە.(٧)
مەحموود ئەحمەد ئەلسەید لەنێوان ساڵانی ١٩٢١ تا ١٩٣٥، نە کتێبی بەچاپ گەیاندووە و هەروەها ژمارەیەکی زۆر بابەتی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاوکردۆتەوە و وەرگێرانیشی هەیە لە زمانی تورکییەوە.

عەبدوڵا سەڵمان(مەشخەڵ)
ئایاری ٢٠٢٢

سەرچاوەکان :
١- ادباء منسيون من بلادي رائد الرواية العربية في العراق محمود احمد السيد بقلم د،علاء الاديب موقع الوطن ٢٣ی ئابی ٢٠١٩.
٢-اعادة طبع اول رواية عراقية لمحمود احمد السيد بقلم عبدالجبار العتابي موقع ايلاف ١٩ اب ٢٠١٧.
٣-لەو کتێبانە بەنموونە لەپێناو هاوسەرگیری ١٩٢١ و چاپنووسی

لاوازەکان ۱۹۲۲ و نسکەکان ۱۹۲۲ و قەڵەمی شکاو ۱۹۲۳ و جەلال خالید ۱۹۲۸ و پەشنگەکان ۱۹۲۹ و ..تاد.
٤-محمود احمد السيد زيادة اجتماعية – ثقافية بقلم ياسين النصير ملف ٤ موقع الناقد العراقي ١٨-١١-٢٠١٧.
٥- چینی کرێکاری عێراق نووسینی دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد و وەرگێڕانی فوئاد مەجید میسری لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی کەمەن چاپی دووەم ٢٠١٩ لاپەڕە ١٦٩.
٦-چینی کرێکاری عێراق نووسینی دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد و وەرگێڕانی فوئاد مەجید میسری لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی کەمەن چاپی دووەم ٢٠١٩ لاپەڕە ١٩٢ و ١٩٣.
٧-محمود احمد السيد رائد القص العراقي الذي انجذب الاشتراكية بقلم سماح عادل موقع كتابات ٨ ايلول ٢٠١٨.
٨-ادباء منسيون من بلادي رائد الرواية العربية في العراق محمود احمد السيد بقلم د،علاء الاديب موقع الوطن ٢٣ی ئابی ٢٠١٩.

کتێبی مەرگ و ژیان خوێندنەوەیەک بۆ شیعرەکانی کتێبی (زەوی لە قەفەزدایە)ی (فەرهاد کەریم) دا.. هەشتەنگ شێخ محەمەد

(١)

فەرهاد کەریم، نووسەر و شاعیرێکە، زمانێکی تایبەتی هەیە، شێوازێکی سوریالی بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکان دەدات، تەنانەت شێوازێکی سوریالی بۆ جیهان و ژیان دەدات!
لەم کەمەڕە شیعرەدا، بەم زمانە، ناو و بابەتگەلی جەراوجەر، دەکاتە ناوەڕۆکی شیعری. مەرگ، جیهان، ژیان، خوا، ئیمان، جەنگ، شەڕ، جوانی، باوکبوون، دایکبوون، مردن، ماکەکانی سروشت، سەگ، باڵندە، هتد.. گشت ناو و وشەکان لە زمانی فەرهاددا، دەبنە هێستە

و وێنەی شیعری و بە هەوانی دەیانهێڵێتەوە سەر کاغەز، وەک ئەوەی شیعرەکانی، لەسەر دەخی هاستەقینەی مرۆڤ و جیهان و ژیان بکاتە شایەد!
فەرهاد کەریم، گشت شیعرەکانی، لە نەو ژیاندا دەردەهێنێت، لە قووڵایی ئەزموونکەدا، کە بە هەستەکانی تا دوورترین پێنت شەدەبەتەوە و بەرز دەبێتەوە، ئەم ئەزموونە بە زمانێک بەیان دەکات، کە زادەی ئەم چەشن و چەشنە ژیانەیە کە ئەدەب و شیعر و هونەری لە دەردەکەوێت. واتا شیعرەکانی فەرهاد، لە هووی ناوەڕۆک و شەوازەوە لە ژیانەوە بەرەو ئەدەبەوە دەن، نەوەک بە پێچەوانەوە! ئەمەش بە خەی جوانی ئەقڵێک پێشان دەدات، کە ژیان بە بنەڕەتی نووسین و ئەزموونی شیعری و هونەری دەبینێت.
لە ئەدەبی کوردیدا، شاعیرمان زۆرن، کە ئەزموونی شیعریان نابەتە ئەزموونی ژیان و جیهان، بەڵکو وەک ئەزموونکەی ئەدەبی، هونەری، شیعری تایبەت و سەربەخۆ دەمێنێتەوە، یان پتر ئەزموونکە دەبێتە ئەزموونی مێژوویەکی ماددی و کەمەڵ هوداوی کەسی، تایبەتی، گشتی لە خۆ دەگرێت، بە ئەوەی هوداوەکان ببنە بەردەبازێک بە بەرزبوونەوەی خوێنەر بە ئاستێکی مەعریفی باڵاتر، واتا وەرگر لە گەڵ ئەزموونی شاعیر، لە واقیع بەرزتر ببێتەوە و بە جیهان، یان ژیان یان بە مێژوویەک بگات کە هووحی و هەمزی و مەعنەوی بێت.
بە من شیعرەکانی فەرهاد کەریم، ئەزموونکەن بە هەی توانا و وزەی زمان و دەربڕینەکانی، دەتوانن منی خوێنەر بە نەو پەڕۆیەکی هەخنەیی لە شارستانییەتدا شەڕ بکەنەوە، ئەمەش وا دەکات، بزانم فەرهاد کەریم، بە خەمکی گەورە، جدی، مرۆیی، جیهانی دەنووسێت.

(٢)
فەرهاد کەریم، لە سەرەتای کەمەڵ شیعرییەکەدا، بانگمان دەکات تا بچینە نەو زمان، چونکە لە نەو زماندا، دەتوانین لە ژیان و واتاکانی هابەنین، زمان کە هەوانی مرۆڤ، نووری خودا، پەیامی گەردوون بە وەرگرەکانی دەدات، واتا زمان لەبەرانبەر ئەو لەگەسمان دادەنێت، کە پەیوستە پەیەوە بیر لە بوون بکەینەوە و تەی بگەین و دەربڕینیشی لە بکەین!
ئەگەر بپرسین، بە زۆروور لە خوێندنەوەی ئەزموونکەی شیعریدا، بچینە نەو زمان؟ ئایا لە هەی زمانەوە، شاعیر بەرەو کۆمان دەبات؟ تەگەیشتن لە دەق؟ یان تەگەیشتن لە جیهان؟ یان لە ژیان؟ یان لەبوون؟ یان مێژوو؟
فەرهاد کەریم، زوو پەمان دەێت:
شارەوانی بەی نووسیوم

تکایە پێکەنین فەرمانڕەوا ناو دەتەنگی مرۆڤ "ل ٦"
جیهانی مرۆڤ، جیهانێکی دەتەنگە! لەم جیهانە دەتەنگدا، مرۆڤی شاعیر، نابێت پێکەنین بخاتە نێو ئەم دەتەنگییە، چونکە سەرچاوە و بنەمای ئەم دەتەنگییە، پەژارەی شارستانیەتی مرۆڤە. واتا مەژووی ماددی، مرۆڤ و سروشتی لە یەکدی جیاکردنەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی مرۆڤ و ژیان لەیەکدی جیا ببنەوە!
کەرتەکان و بوارەکانی وبەرهەنان لەعەڵاقدا فرە لایەنە لە پێشی هەمویانەوە و بەشێوەیەکی سەرەکی کەرتی نەوت و گازە کە زیاتر لە٩٠%ی کەی بواری وبەرهەنان پێکدەنێ وە کەرتی کشتوکاڵ و ئاودێری و کەرتی کانزایی بەتایبەت یەورانیەم و زیو و قەسدیر کەرتی بیناسازی و خانوبەرەش بەیەکەک لە کەرتە بەرفراوانەکان دائەنرێت پێویستە بە وبەرهەنان چونکە عەڵاق پێویستی بە بنیات نانەوەی ژێرخانەکایەتی کەشەو جەنگەکان وێرانی کردوون وە زۆر کەرتی تر هەیە بەتایبەت دەرمان و کەرەستەی جوانکاری و پیشەسازی و کیمیاویەکان و ەستن و چنین...هتد.
بودجەی دارایی و یاساکانی پێویستە بەم بودجە تایبەتە سە ساڵیە کەبە ئاگاداری و ڕێنمایی صندوقی دراوی
نێودەوڵەتی (ئای ئەم ئەف) ئەبە حکومەتی عەڵاقی ملکەچ بە لەوەو دوا بە بەرزکردنەوەی باجی گشتی لەسەر چینە بەرینەکەی جەماوەرو کەمکردنەوەی خەرجی گشتی و مووچەو هاندانی کەرتی تایبەت و پتەوکردنی بناغەی لیبەرالیەتی تازەی ئابووری سەرمایەداری و پاڵپشتیکردنی چینە دەوڵەمەندو سەرمایەدارەکان و لەخشبونیان لەزۆربەی باجەکان یان کەمکردنەوەی و قورسترکردنی باری سەرشانی گەلانی کارگەری عەڵاق و کرێکاران بە باجە جۆراو جۆرە سەپێنراوەکان بەسەریانداو خراپتر بوونی خزمەتگوزاری گشتی و تەندروستی و پەروەردەو فەرکردن و خشگوزەرانی بەهەی کەمکردنەوەی خەرجیە گشتیەکان و جێبەجێکردنی ئەو بڕگەو ماددانەی تایبەتن بەیاسای

بودجەی عێراق و گۆڕینی ئاو بودجەیەو چاپ کردنی دراوی کاغەزو کەمپیالەو سەندەق دراویەکان ئابوری عێراق بڕاو ڕووی قەیرانی گەورەو زیاتر ئاکاتەوە لە ڕێژەی دەستەوستانی دارایی چونکە یاسای عێراق ڕێی تەواوی داوە بە وەبەرهێنەکان بۆ دەستاودەستکردنی وپشک و بەندەکان لە بازاڕەکانی عێراق کە ئەمەش بۆ خۆی ڕێژەی هێاوسان زیاد ئەکات و لەوشەوە توانای کڕین لای ئەوانەی دهاتیان سنوردار و چینی کرێکاران لاواز ئەکات.

دووەم : پانتڕ سیاسیەکان

گومانی تێدا نیە گۆڕکردنی کێشە ئابوریی و ئیدارییەکانی نێوان بەغداد و هەرێم لەسەر ئاستی ڕاگەیاندن و سیاسی لەژێر بیانوی بەگژاچونەوەی گەندەڵی دارایی و دروستکردنی کێشەی لاوەکی و ڕوکەش لەنێوان دەسەڵاتدارێ نەتەوەیی بڕژوەکانی کورد لەهەرەمو دەسەڵاتی نەتەوەیی و مەزهەبیی بڕژوەبەکانی بەغداد لەژێر کاریگەری دەوڵەتە ئیمپریالیە ڕێژاواییەکان لەسەرو هەموویانەوە ئەمریکا بە دەستگرتن بەسەر سەرچاوە نەوتی و گازیەکان و وزە بەتایبەتی دوای هەڵگیرسانی شەڕی نێوان ڕوسیاو ئۆکرانیاو لەکۆتە جیهانیەکانی.

ئەم دوو دەسەڵاتە سیاسیە کە هەیە لە هەرێم و بەغداد بە هەردوکیان هەڵەکی تایەفی و بڕژوازی پێکدێنن و بەیارێ سیاسی و ئابووریەکانیان تەنها هەکارێکە بۆ گومڕاکردنی جەماوەری کارگەر و چاندنی تەوی دووبەرەکی و هەگزپەرستی و نەژادی لەنێوان پڕۆلیتاریای عەرەبی و کوردی و نەتەوەکانی تردا کە لە عێراقدا نیشتەجێن وە هەر بەیارێک کە بە ناوی گەلی عێراقەوە یان کوردەوە وەهەر بەیاڕێک کە دەری ئەکەن هیچ پەیوەندیەکی نییە بە بڕژەوەندی ئەم گەلانەوە بەڵکو بە بڕژەوەندی چینە دەوڵەمەند و وەبەرهێنەکان و دەوڵەتە ئیمپریالیە گەورەکانە و بەم شێوەیە واپیشان ئەدەن بەم جۆرە سیاسەتانیان نوێنەری ڕاستەقینەی گەلن

.

دەسەڵاتدارێ نەتەوە پەرستەکانی کورد بەش بەحاڵی خۆیان خۆ لە بڕپرسیارێتی ئیداری و ئابوریی و دارایی ئەدزنەوە بەبیانوی ئەوەی بەغداد بەشە بودجەی هەرێم لە بودجەو مووچە نانرێت بەمەش خۆیان لەبڕامبەر چینە کارگەرەکان وا پیشان ئەدەن کە ئەوان هەکاری سەرەکی بادبەختی خەڵکی بەش مەینەت نین

.

لەجەمسەری دووەم ئەوەی پەیوەستە بە بەغداوە بڕدەوام وا لە

جەماوەر ئاگەیەنن کە بودجەی عێراق و داهاتکانی بەفیڕۆ ئەدرێ بەهۆی بونی دەسەڵاتدارێ کوردەکان و سیاستە نەوتیەکەیان، ئەم خاڵەش ئاستیەکە کەس ناتوانێ نکۆڵی لێ بکات بەڵام ئەمە وەک عەرەب دەڵێ (قسەیەکی هەقە بە مەرامێکی پوچ)بەکاری دێنن
بەمە هەوڵی چەواشەکردنی ئای گشتی چینە بێش مەینەتیەکەی عەرەبی لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشور ئەدەن و بە مەبەست هەوڵی شاردنەوەی ئەو هەموو گەندەڵیە ئیداری و دارایی و نادادی و هەژاری و بێکاری و ماڵوێرانی و خراپی ئیدارەدانی خزمەتگوزاری گشتی لەو پارێزگایانە ئەدەن
.
سەرەڕای بونیادی ئیداری دەسەڵاتی هەرێم وەک هێزێکی بەرژوازی هاوبەش و بەشداریەکی بەرچاوی هەبووە لەدروست بوونی حکومەتی ئیستای عێراق وئاوەش ڕوونە کە دەسەڵاتدارانی حکومەتی ناوەندی سیاستێکی شڤێنیانەی پاپشت بە دەوڵەتانی دراوسێ پێیەو ئەکەن کە بەهاوبەشێ کوردیەکیان ڕازی نین کە سەربەخێیەکی ئیداری هەبێت لەبەر ئەم هۆیە حکومەتی ئیتیحادی یاساکانی بەو شێوەیە داشت دژی سەربەخێیی یاسایی و ڕێپەدانی لە داشتنەوەو دەستوەردانە یاسان لەلایەن ئیدارەی کوردیەوە لەکەتاییدا لەگەڵی ئەم یاسا تایبەتانەوە بودجەو ماددەکانی تایبەت بە بودجە حکومەتی ناوەند هەوە ئەدات کە هەژموونی ئیداری و سیاسی و ئابوریی خۆی بەسەر کەی پارێزگاکانی عێراق لەناویشیاندا پارێزگاکانی سەربە هەرێمی کوردستان بسەپێنێ بەبە گوەدانە بابەتی مافە دیموکراتیەکان و ڕەشنبیریەکانی گەلی کورد لەم ناوچەیە لەکاتێکدا دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی حکومەتی بەغداد هەردووکیان سەربە سیاستی ئەمریکاو ڕۆژئاواو سیاستە لیبەالیە تازەکەنی.

لەلایەک ئەبینین بودجەی عێراق بە دەیان ملیار دۆلار ئەخەمێنرێ و لە لایەکی تریش ژیانی خەڵکی بێش مەینەت و هەژاری گەلانی عێراق دەبینین بەعەرەب و کوردو نەتەوەکانی تریشەوە لەژێر باری خراپترین دۆخی ژیانکردندا دەناڵێنن و
پەویستیان بە سەرەتایترین خزمەتگوزاری سەرکێ وەک ئاو و کارەباو تەندروستی و خوێندن و خۆشگوزەرانی نیشتمانی.
بڕوودان بەهەستی نەتەوەیی تەسک و هەستی شڤێنی بەهۆی سەرهەڵدانی کۆشە ئابوری و دارایەکان هیچ نیە تەنها بیانویەک نەبە بە دزینی هێزی کاری چینی کرێکاران و داهاتی بە شوماری عێراق بە خزمەتی چینێکی دیاریکراو لە بازرگان و سەرمایەدارەکان لەسەر حسابی بەدبەختی و بێش مەینەتی چینە چەوسێنراوەکەو بەهاوبوونەوەی بێکاری

و بە هیوایی لەناو گەنجانی کوردو کچانی عێراقدا.

بەم پێیە پێویستە هیچ دەستکی لەم کۆشە ئابوریی و سیاسیەدا نیە کە لەنوانئەم دوو جەمسەرە بەرژوازیە دەسەڵاتدارەی هەرێم و بەغدادا هەیە بەکو بە پێچوانەوە ئەوان زەرەر مەندی یەکەمن لە زەربوونی باج و سومات و بە هیوایی و هەژاری کە کاریگەر بەشەویکی پێچوانە لەگەڵ کەمکەرەوە بوونی سەرمایەی سەرمایەداران لەعێراقدا ئەویش زیاد دەکاتو دەبێتە هەی ئەوەی عێراق شێلەکی تری ناڕەزایی جەماوەری بەخێیەوە ببینێ و ئاپۆیینی تشرین و تشرینیەکان دووبارە ببێتەوە و بچێتە قۆناغێکی باڵاترو تونددترەوە بەئام پرسیارە سەرەکیەکە لێرەدا ئەویە کام هێزە سیاسیە ئەتوانێ خێپیشاندانەکان و ئاپۆینێ جەماوەریە ملیۆنیەکان لە داهاتودا ئاڕاستە بکات؟
لەبەر ئەم هێشە خەباتی سیاسی و فیکری شان بەشانی خەباتی ئابوریی کەئەم چینە پێی هەڵئەستێ وەک هەموو زوڵم لێکراو و چەوساوەکانی ناوچەکە لەکارە پێشینەکانی ئەرکە سەرەکیەکەی قاڵبگرتنە لەهێزێکی مارکسیستی سیاسی ڕێکخراوی دوور لەهەموو ئاڕاستەیەفرمخوازەکانیچەپی جەماوەری و نەتەویی و کرێکاری لایەنگری سۆشیال دیموکراتەکانی جیهان و ڕێکخراوەکانی کەمەگەی مەدەنی و سەندیکا هەڵپەرستەکان بە ئەوەی بتوانێ خەباتی جەماوەری بە هیوا و پەرتەوازە کەبکاتەوە ڕێکبخات و شێلگیرانە ئاڕاستەی بکات وە هیچ نەرمیەک نەنوێنێت لەبەرامبەر ڕوخانی ئەم دەسەاتە زاڵمانەیە .

صابر . م
٢٠٢٣ / ٦ /١٠
براقی مارکسیستی کرێکاران !

زمان و ئەرکەکانی زمان لەدەقی ئەدەبیدا.. نووسینی: عەبدوڵا

سەرمان (مەشخەل)

زمان وەک پرسیەک بۆ داهێنان

هیچ گومانی تێدا نییە کە زمان کە دەتوانێت خاڵی یەکلاکەرەوە بێت لە گۆیاندنی دڵ و بۆخشینی چێژ و ئیستاتیکا بۆ خوێنەر، هەروەها پرسیی بیرکردنەوە لەسەگی زمانەوە دەتوانیت خۆی وەک داهێنان نمایش بکات و پاشان خۆی لەگەڵ تەواوی کرداری نووسیندا بگونجێنێت. ئەوەی وا دەکات پرسیی داهێنان بەرجەستە و بەووونی دەرکەوێت زمانە. زمانی هەڵی یەکلاکەرەوەی هەیە لە دڵقی ئەدەبیدا. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە هەموو ئەدیبێک یان نووسەرێک زمانی تایبەت بەخۆی هەبێت. دەگمەن ئەو نووسەرانەی کە زمانی تایبەت بە خۆیان هەیە و شێوازی نووسینیان وەک شوناس بۆ بەرهەمەکانیانەوە دیار بێت. بەیە (زمان بە کەمەڵێک شێوەی جیاواز پێناسە کراوە : وەک ئەرگانێکی دەروونی، توانایەکی مەعریفی، حاڵەتێکی دەروون، وەک سیستەمی نیشانە، هەڵکارێکی حیساباتی، وەک ئامازی پێیوەندیکردن، یان ئامازی وەسفکردنی ئەزموون و چەندانی تر. هەموو ئەم جۆرە پێناسانە تایبەتمەندیە گرنگەکانی زمان دەگرن، بەڵام هیچیان تەواو نین. (١) بەڵام کاتێک دێتە سەر دڵقی ئەدەبی و شیکردنەوەی ئەو دڵقانەی کە لە خەیاڵی ئازادانەی ئینسان بەرهەمهێنراون، ئەرکەکانی زمان بریتین لە خەستنە بەردەست و نمایش، بەرجەستەکردنەوەی پەیام یان ناوەرۆک، نیشاندانی چێژ و جوانی. هەرچی کایە کەمەڵایەتی و زانستی و ئەکادیمییەکانیشە زمان ئەرکی تایبەتتر لە ئەستۆ دەگرێت. ئامانجیش ئەوەیە زمان بتوانێت پرسیەک وەگەڕ بخات تا بەکارهێنەرانی زمان بتوانن داهێنانی نوێ پێشکەش بکەن. داهێنانێک ئازادانە لەچوارچێوەی زمان و کە نووسەر یان ئەدیب گوزارشت لەخۆی یان لە ئامانجێکی سیاسی یان کەمەڵایەتی دیاریکراو بکات. کارلێکی زمان و ژیان و کەمەڵگە دوو سەرییە و هەم زمان کاریگەری بەسەر ژیانی کەمەڵایەتییەوە هەیە و هەمیش ژیان و کلتوور و دیاردەکان کار لە زمان دەکەن و ناهێڵن زمان لە شوێنێک چەقبەستوو بێت. زمان لە کردەی نووسیندا دەکەوێتە نێو پرسیەکی ئاڵۆز و تێکچژاو. دڵقی ئەدەبی جوان و سەرکەوتوو ، بێ جوان و سەرکەوتووە کە زمان تیایدا لەئاستێکی باڵادا چالاکانە لەو پرسە ئاڵۆزدا هەبسوێت.

زمان وەک شانەی نمایشی پەیامی کەمەڵایەتی ئەدەب

زمان وەکوو بۆشکی دانەبراو لە ژیان دیمەنێکی شێواز

مژووییەکانی پەیوەندی نەوان ئینسانەکان. لە بەرانبەریانی مژووەو مرۆف لەگەڵی زمان و کەدەکانی گفتوگۆو توانیوێتی پەیوەندی نەوان خەی و هاوچەشنەکەی دروست بکات. چونکە زمان تاکە جیاوازی زیرەکی هەشمەندەکانە. جوانی زمانیش لە جوانی جیهانی ئەو دەقە ئەدەبییە دایە کە بەر خوێنەر دەکەوێت، بەیە کاتێک نووسەرێک لەگەڵی دەقەکەو و بەهەی زمانەو جیهانت لە وێران دەکات، زمان دەبەت جارێکی تر بەت و بەهەی تازەخنەو گوزارشت لەو وێرانکارییە بکات. لەم گەشەنیگایەو بوو کە تازەخنەگری بەناوبانگی مارکسیستی تازەیمەند ولیەم لە ساڵی ١٩٧٧ لەوتاری مارکسیزم و ئەدەبدا تێبینی کرد کە مارکسیزم زۆر بە کەمی بیری لە خودی زمان کردەتەو.(زمان دیارترین بواره که تیایدا جۆری تازەمزو و په یوه ندی کەمه ڵایه تی به رده وام و هه مه لایه نه تازەکی بەیاردەرانیان هەیە. وشە جگە لە دیاردەیەکی ئایدیەلۆژی هیچی تر نییە کە بە تەواوی لەناو ئۆرکی خەیدا وەک نیشاندەر ئیستیعاب دەکرێت. وشە و ئەم حاڵەتە لە ئۆرکەکەی وەک نیشاندەرێک جیا ناکرێنەو و جگە لەم ئۆرکە هیچی لە شین نابەت، کە وشە دەکاتە پاکترین و هەستیارترین ئامرازی پەیوەندی کەمەڵایەتی.)(٢) یەکێک لە ئۆرکە هەرە گرنگەکانی زمان بریتییە لە بنیاتنانی "هەمەفیلی" یان هاوهەشمەندی یان هەستکردن بە هاوبەشی لەگەڵ مرۆڤی تر. زمانێک کە نامۆیە و بە خوێنەر نامۆ بەت، مەیلی ئەوەی هەیە کە جەخت لەسەر جیاوازی نەوان نووسەر و خوێنەر بکاتەو و ناتوانێت پەیامی دەقەکە بەئاسانی بگات بە خوێنەر. بەڵای چەمسکییەو زمان تەنیا وشە نییە. کولتوورەکە، نەریتەکە، یەکخستنی کەمەگەیەکە، تەواوی مەژوویەکە کە کەمەگە دروست دەکات. هەموو ئەمانە لە زمانەکدا بەرجەستە بووە. ئەو دەڵێت (من نامۆت زیادەڕەوی لە ڕەخنەی لەکەڵینەو لە زماندا بکەم، وەک گومانیشم نییە کە زمان بەرهەمی زیرەکی مرۆڤە کە بە ئەستا زۆرترین دەستاگەیشتنە بە لەکەڵینەو. ترادیسیۆنێکی دوورەماند زمانی وەک ئاوێنەی عەقڵ ئاگرتووە.)(٣). لەڵایەکی تریشەو زمان هەر بە تەنها دەرئەنجامی گەشەکردنی هۆشیاریی نییە و بەس، بەڵکوو هۆکاری گەشەپێدانیشیەتی. بەڵای کارڵ مارکس جەخت لەسەر زمان وەک کاراکتەری کەمەڵایەتی پەیوەندیکردن دەکرێتەو و دەڵێت (زمان واقیعی ئاستەوخۆی فیکرە و هۆشیاری واقیعی عەمەلیشە نەک تەنها بە من بەڵکو بە سەرجەم خەڵکی تریش.) (٤) مەژووی زمان بە ئەندازەی مەژووی هۆشیاری مرۆڤ دەرینە. لەو ڕوانگەوی زمان وەک پێداویستییەکی ژیان هاتە ئاراوە، ڕۆڵی ئامرازێکی کەمەڵایەتی دەبینێت. لە سیاسەتی زمانەدا پەیوستە هەر کەسێک سەرمایەداری جیهانی بە مەبەستە، بیری لێبکاتەو. بیر لە زمان و ڕەگەزەکانی زمان

بکاتەوە. چونکە ڕەگەزەکانی مۆدێلە جیاوازەکانی زمان گۆڕچی لەگەڵ جیاوازبوونی بابەتەکەوە. تەوەری ئەم ئۆرک و کارانەی زمان لە ناوەوەی تەوەرەی پەیامی دەق و زماندا دەخولێتەوە. واتە دەق و خوێنەر لە گۆشەگیریی و تەنیایی وەدەرنێ و لێنو جیهانی کۆمەڵایەتیدا وەک توخمێکی کارا و بەرهەمدار و داهێنەر بەرجەستە ببێتەوە. زمان وەک نەشتەرگەرێک وایە کە لێکگەی ئامراز و هەکارە بەردەستییەکانییەوە دەتوانێت توخمە نادروست و ناڕەسەنەکانی دەق ببینێت و ڕاڤە و چارەسەری بکات. دەتوانێت ورد لە ڕێگەی ڕەخنەوە لە ئۆرکە کۆمەڵایەتییەکانی ئەدەب بکۆڵێتەوە و لەوەوە بەیار لەسەر دەق بدات و پەیوەستبوونی چینایەتی دەق دەستنیشان بکات.

زمان وەک نیشاندانی چێژ و جوانی

زمان کلیلی کردنەوەی دەرگاکانی ئەندیشە و جوانی و چێژە لە دەقی ئەدەبیدا. لێکگەی زمانەوانیی وەک خوێنەر دەتوانین پەی بە خەشی و چێژ و ئیستاتیکا و ڕەنگ و دەنگ و جووڵە و تەنانەت مانا شاراوەکانی پشت و شە و دەستواژەکانیش ببینین. زمان ئیشییەتی هەیە بە ئۆرکی کۆنتڕۆڵکردن و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و مەتیف و بەخشینی زانیاری تا بتوانێت گوزارشتکردن و زانیاری بەخشین و ڕەنماییکردن و ڕێگەچارەی دەربازبوون فەراهەم بکات. تا ئاستی نیشاندانی چێژ و ئیستاتیکا لە دەقی ئەدەبیدا باڵا بێت، خوێنەر زیاتر بە دەق ئەدەبییەوە پەیوەست دەبێت و ئەو دەقەش زیاتر دەتوانێت لە یادگەی خوێنەردا بە ماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە. نووسینی دەق لێکگەی کردەی زمانەوانییەوە بە ئەنجام دەگات و هەر زمانیش ئەو کردە زمانەوانییە شیدەکاتەوە و لایەنی جوانی و ناشرینی دەق دەستنیشان دەکات. هەر زمانێ باس لە خیاڵ دەکات و خیاڵ بەرجەستە دەکات. هەر زمانێ وێنە ئەدەبییەکان بەرجەستە دەکاتەوە و هەر زمانیش ناوەڕۆکی دەق دەگێڕێتەوە خوێنەر.

سەرچاوەکان :

(١)
A Marxist Philosophy of Language by Jean-Jacques Lecercle
Marxism Critico site published on 3-11-2012
.(https://marxismocritico.com

(٢)مقال بعنوان الماركسية و فلسفة اللغة فالنتين نيكولوفيتش فولوشينوف (ميخائيل باختين)موقع الحوار المتمدن ترجمها الى العربية عماد خالد الحطبة
https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=425811

Noam Chomsky, Language and freedom(٣)
Literature in Revolution Edited by George Abbott White and Charles Newman
.First Edition 1972 page 31

(٤)المادية التاريخية اسس الآشتراكية العلمية تآليف ف. گيبلى و م. گوفالزون نقلﻩ من الروسية احمد داود اصدار دار الجماهير ، دمشق ١٩٦٧ ص ٨٩. و كذلك ماركس و انجلس ، الموءلفات . الجزء ٣ ، ص ٢٩.

گﻩڤاری زمان و زار – ژمارﻩ ٨

گﻩڤاری زمان و زار گﻩڤارﻩکی زمانناسیی وﻩرزییﻩ…

بﻩ خوﻩندنﻩوﻩی ئﻩم گﻩڤارﻩ بﻩ ﻩﻩنووسی کوردی کلیکی ئﻩرﻩبکﻩن..

بﻩ خوﻩندنﻩوﻩی زمان زار بﻩ ﻩﻩنووسی لاتینی کلیکی وﻩرﻩبکﻩن..

شیعر/ لﻩ 1949 لﻩدایکبوو لﻩ 18/11/2018 مﻩرد.. سﻩباح ﻩنجدﻩر

بﻩﻩی جارﻩکی تر خﻩمان لﻩ خﻩمان ﻩابمﻩنین
ژیان درﻩژببﻩتﻩوﻩ
بﻩئومﻩد دانیشتین و دوور و نزیك دﻩنگمان بکاتﻩ گوﻩ
ئﻩمﻩ دووﻩی ئﻩم پیاوﻩیﻩ لﻩپﻩش گوﻩ و ئاوﻩنﻩ وﻩستاوﻩ
دﻩی ناکﻩوﻩتﻩجﻩ و بﻩملا و ئﻩولای پﻩراسووی دﻩکﻩوﻩت
* * *

هەم تاودەدەم بەرەو ئاسمان
با ببارێ
بەڵا لادەدا و وێنەی ناو کاتی مردوو
دەکاتەوە بە هۆنگ
بۆ بەهێزکردنی شیلۆ دەیانژێنێتە کۆڵانێ ووپێوە نەماوەکانی شار
شارێك لە بیرەوەریدا خوێنی ناو بریندی دەردەکەوێ
کاتژمێریش دەبەمە دواوە
ڕوخساری نوژکەرێك گەیەوە ناو یەکەم گزنگ
شان و ملی دایکی تامەزرۆیی و پەرۆشی شۆلا
لە شۆەی شیر هەوێنبوو
خوێنی ناو بریندی ناسی و تفەنگی بەئاگای درادەست
نەبووە
وێنەی ناقۆڵا و
درێی ڕووت و
پەڵەی هەڵبزێکاو و
زەینی پووکاوە
لە نزیك ڕۆگایەك دانیشتووم و هێز دەخەمەوە ئەژنەم
ڕۆژ سپێدە بدات
بە ڕوونییەکی تەواو ڕوون دەچمە ناو شار
ڕووەکی مرواری دەزەرەوە
ڕەگی دەهێنەتە ناو دەستی و گەیانی ناکەون
دەشتاییەك کە خاوەنی کلیلەکانی دنیایە
ڕوخساری گەرمی باپیرانی هەواڵ کوژراویش
دەرگای شار کلیل و قفڵی نەکەوتووە
لە سێبەری کلکی ئەژدیها داندراوە
هاتوچۆ تێیدا دەستی بە تاج
بۆ سەری کەس درۆژ ناکات
جگە لە نەریت و ڕۆوەسمی پشیلە
نامۆ و ناکام لەبەر ئاگری حەوت ماڵان
بەچکەی چاونەپشکوتووی گەرم دەکاتەوە
مۆسیقای پڕی ئاشنا نابیسترێ
ئاوی شار لۆڵ و گرانە
بەڕۆوو ناتوانێ بیخواتەوە
شیعر و نوژی هاوڕێ خاکییەکەم
دوا ڕکات لە بەرەبەیاندا ناسینە لە چاوێکی گەرمدا
ئاسۆی تێدا سوورەبێت و دەبێتە هێلانەی قەتێ
یان شکۆی ئاهەنگێکە

دڵی بۆمان دەکاتەوە و لالەی دەستی خوماران دەهێنێتە ناومان
دەستێك دەبێتە هەڵگری
هەموو ناو و میوەی درەختە بە تەمەنەکان
بە دەشتاییەکی تابڵێی ڕوون و دڵست ئادەکا
هەناسەیەك وەردەگرێ
چاوی بەرزدەکاتەوە و دەبینێ سوارێك
نهێنی ئاگرتووە و بۆ لای دێ
بۆپەروایی چووەتە ناوگیەوە و لەناو گەشەی دەژی
ئێمەین بە دەوریەوە گەرمایی گیانین
هێز دەخاتەوە ئەژنۆی و دێتەوە شار
پەیکەری ناوداران کەسمان ناناسنەوە
دەپرسن ئێوە پشتێنی کام پشتن
پێش بەرزکردنەوەی دەستی دوا ماڵئاواییان
سەرتاساو بریندیان پاراو نەکراون
خۆیان لەبیرچووەتەوە و تەماشای باڵندەیەك دەکەن
بەسەر هێلکەی بەسەرچوودا کەکەوتووە
ناوچەوانی درەوشاوەی دەبێتە دەشتاییەك کە
خاوەنی کلیلەکانی دنیایە
باڵندەیەکی هاوەڵ خراپ دێتەوە ناوی و سەرگەردان نامێنێتەوە
لە گەرمایی باڵیدا
بۆنی خۆشی قەڵەمتۆز و
گوڵدانی زەماوەند و
لەخەو هەستانی دوای هەڵگرتنەوەی گەزۆی خەون و
ڕۆژی هەستانەوە دڵیان بۆمان دەکەنەوە
دژی باڵ شەڕ ئاناگەیەنین
فڕین سڕبەرە بەسەر ڕۆیانەوە و ئاواتت دەدا
باخی میوە لە بەیانییەوە چاوەڕوانە ببیندرێ و هەڵەکان ڕوونتربن
بە تەنیا دەنکە هێلێك بشکێنە ناو
چاپەست و ئاگری حەسرەتکی کۆن خۆشکە
بە سەد هەزار زمان قسە دەکات
بابەگوڵگوڵ دایکی دووگیان بە کوڕ
کۆی لە دەمەوە لەبارچوو
شەرابکی بە تکشکاوی خەوتوو
ئەسپی خولیا یاڵی یەکپارچە بریسکەیە و بەئاگای دێنێ
دەیخاتە دڵی هەموو خاوەن پرسێك
دەرکەوتن دێت و دەبێتە خاوەنی ئاگری پاگژکراوە
ئومێد لە هەڵەکانی ئەمپەڕ و ئەوپەڕت دەژێنە

ناویەك و لە بۆنی گوڵ ناترسی
مشتێك گەنم لەبن کووپەی ماڵ دەچێنیت
زانیت چی لە بیرخۆت ببەیتەوە
چیش بەبیر خۆت بهێنیتەوە
دووریيەك وەك سادەیی گوڵت لێ دەگرێ
لەناو چاوتروکان وەرتدەگرێ و دەتباتە ماڵێك
بەختەوەری تۆدا نووستوون و تەزووێژێك لە ئاسپاردە
ژاوەتە ئەو سندووقەی ناڵە و لاوانەوەی دایکانی پاراستووە
جانتاکەت لە شانت داگرە و کەلوپەلی پێویست جیابکەرەوە
دوودڵ بەسەر پرددا مەوەستە
تکا دەکەم پەلە بکە کاتژمێر بخوێنەوە و بپەڕەوە
کیژانمان کەزیان بە ئاڵای
بە سێبەر و هەتاوی تۆوە دەنووسێنن
لە ئاواز و یەکەم تەزووی درەوشانەوەدا نقوومن
کەوان دەشکێن و تیر دەکەونە خوارێ
فەرمانێك لە باڵدا دەنگ هەڵدێنێ
لەقلەق لە هەولێر هەڵفڕە
دڵەاوکێت هەرگیز دوایی نایەت
زێد ناوکی سێوکە میوەی تر هەوێن دەکا
وەك منداڵ گەورە دەبێ و چیاش
لانەی کەروێشکی گێشتنە
دیواری ڕەش نییە
کاتێك خەریکین تەماشا دەکەین
مردن بەلاماندا تێپەڕیبوو
مانگیش لەسەر کانیی پەیام و ئیلهام خۆتووێ
وخساری جەربەزەیەکە لەسەر پەرداخی پڵی بەرزکراوە دڵتۆ دڵنگ
دڵۆپێ هەموو ئەوانە ببینێ بەر لەو مردوون
* * *
نەوای مۆزەخانە و شەمێ و مۆمی
ئسکان لە گۆڵەئەستێرەی هەمووان و
مەند و کەمدووی خەمڵین و
هێگری ئەزەلی و
تاجی ڕەنگ و شێوە گرتوو
کاتی هاتووە
دەشتاییيەك کە خاوەنی کلیلەکانی دنیایە
لە خۆی دڵنیابێ و وشە بە وشە
سەروەریی پەروەردە بکا و کۆیلان بکاتەوە

لەو ڕۆیەدا هەمویان دەناسم
چیا بە هەڵدێر کۆتایی نایە
تفەنگی دووربیندار تانەی لەسەر چاوە
ئاوازی تایبەتی نییە
ئەسپی خولیا سواری گەیاند و زەوی فراوانتر بوو

کانوونی یەکەمی 2018 هەولێر

• ئەم شیعرە لە 20/2/2019 لە چلەی حەکیم کاکەوەیس لە هەولێر، لە هۆڵی پێشەوا خوێندرایەوە.

تارمایی مەترسیدێکی تر!..
عوسمانی حاجی مارف

دەستنیشانکردنی تاوانچێتی و گەندەڵی و جەردەیی بووی واقعێتکی سەلمێندراوی حاشاهەڵنەگری دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتیە، کە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی بەخشیان نەک هیچ نکوێیەک لەم حاڵەتە قبووڵ ناکەن، بەڵکو دروشمی وەستانەوەیان لە بەرامبەر گەندەڵیدا، بەتە جێگای ئوپۆی گاتەجاری و شەرمەزاریان، چونکە ئەم چێشنە لەگەندەڵی لە پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی هەزی میلیشیادا بە دیاردەیەک پێناسە ناکرێت، بەڵکو پێکهاتەیەکە لە قەرخکردنی دەسەڵات و تاوانچێتی بەسەر سەروەت و سامانی کوردستانەوە، کە لەڕۆژکانی یەکەمی دەسەڵاتداریانەوە، بە نەخشەوپلان وسیستماتیک کاریان لەسەر کردوە. گەندەڵی بەتە حاڵەتێک، سایەی باڵادەستی بەسەر تەواوی کەمەگەدا نیشانداوە.

گەر ئەم تاوانچێتی و گەندەڵیە سیستماتیکەی کوردستان، پێناسەی دەسەڵاتی سیاسی پارتی و یەکێتی و تەواوی هاوکارانیشیان بێت، کە لەناو پەرلەمان و وەزارەتکان و بەڕێوبەرایەتیەکاندا بەناوی ئەپەزسیۆنەوە خەیان بناسێنن، بەهام بگشتی گەندەڵیان بەفەرمی ناسێندوە. هەمویان بە دامەزراوەی " دەستەی دەستپاکیشەوە" ئەم گەندەڵیان قبوڵ کردووە. بەیە گەر قبووڵی کەین ئەم گەندەڵیە لە چوارچێوەی پێکهاتەیەکدا دەناسرێتەوە، ئیتر باسکردن دەربارەی

وستانەوە لە بەرامبەر گەندەڵیدا کە پێکهاتەی دەسەاتکانە، جگە لە خەتاندن و چەواشەکاری مانایەکی تر نابەخشێت. واتە بەرگرتن بە گەندەڵی لە سایەی دەسەاتی بزوتنەوەی کوردایەتیدا بەهیچ جۆرێک ناتوانێ مانایەکی عەمەلی وەرگرێت. هەردەبێت خەدی ئەو پێکهاتەیە هەوشەنرێتەوە کە بە کۆتایهێنانی دەسەاتی پارتی و یەکێتی دەتوانرێت دەرگاکەی بکرێتەوە.

هاوکاتی ئەم تاوانچێتی و گەندەڵیە حاەتێکی تری گرنگ کە مەترسیدارترەو پێویستە لەبەرامبەریدا بەئاگاو هوشیار بین، نائارامی و ناجێگیری سیاسیە، کە بەهەمان شێوە لەیزی پێکهاتەی دەسەاتی پارتی و یەکێتیدا بەدیدەکرێت. بەو مانایەی ئایندەی سیاسی لە کوردستاندا نادیارو بێچارەنوسە. سی ساڵ زیاترە ئەم نائارامیە باڵی کێشی کێشاوە بەسەر دانیشتوانی کوردستاندا، کە هەرجارە لە جۆرو شێوازێکدا وەک تارماییەکی مەترسیدار خەی دەنوێنێت و چەندین قوربانی لەدەکەوێتەوە. بەرجەستەترین نمونەی دەرکەوتەی مەتەکەی داعش بوو کە تاڕستاش گەانەوەی چیرۆکی خولقاندنی کارەساتکانی وەک لەناوبردنی یەزیدیەکان و داگیرکاری شاری موسڵ و وێرانکردنی ئەو شارە لەدیدگەی جەنگەوە بە چەندین شێوە دەگەدرێتەوە! تاڕستاش داعشەکان لە چەند شوێنی عێراق و کوردستاندا بە ئازادی دەن و دەچن و بەیان بەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی ئەو ناوچانەی کە مەفرەزە چەکدارەکانیان کەنترەڵی دەکەن.

حاەتێکی ئەم نائارامیە، لەلایەک ملکەچی و پێشخزمەتی پارتی و یەکێتیە لەبەرامبەر دەخاڵەتی دەژانەی داستەوخۆی حکومەتکانی تورکیاو ئێران، لەلایەکی ترەوە چاوەوانیانە بە ئەو کێشمەکێشەی ووڵاتانی زلهێزی دنیاو ووڵاتانی ناوچەکە کە لە ئاستی عێراق و کوردستان و ناوچەکەدا بەدیدەچێت. گەر باسەکە زەر درێژ نەکەینەوە، چەنیەتی دامەزراندنی دەسەاتی بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی، هەر لەسەرەتاوە ئەویان بە بەندەری قەبوڵکردوو وەرگرتوە، کە بەرپرس نین لە هەر نائارامی و کارەساتێک کە لە ملی خەڵکی کوردستانەوە دەئاڵێت.

بەیە گەرسەرنجی ئەم هەواڵە بدەن کە دەڵێت: "لە چەند دەژی ڕابردودا ئاسایشی سلەمانی حەوت گەورە بەرپرسی کەمەڵەی لە زگوز دەستگیرکردوو دەستی گرتوە بەسەر تەواوی چەک و جبەخانەکانی کەمەڵەدا، وە لەسەر ڕاسپاردەی ئێرانیەکان تەواوی چەکەکانی کەمەڵە تەسلیمی چەکدارەکانی حزبوڵای عێراق کراون، کە ئێستا لە عەربەت و کەمەڵەگەی باریکە دوو بارەگایان کردەتەوە و یەکێتیش هاوکاریان

دەکات". ئەوەی جەنگای سەرنجە تا ئێستا ئەم هەواڵە لەلایەن هیچ دەزگایەکی فەرمی یەکێتی نیشتمانیەوە پشتڕاست نەکراوەتەوە، بەڵام ئەوەی وادەکات دوو دەنگبێژ لە دەوری یەکێتی بە جۆرێک قسە بکەن کارەکی لەم چەشنە، ئەو پەیوەندییە کە ئێستای لەنێوان حکومەتی عێراق و ئێران و یەکێتیدا هەیە و سەوداو مامەڵەیەکی لەم چەشنە ئەگەرەکی چاوەڕوانکراوە!

پێش هەموشتێک ئەوەی جەنگای سەرنج و نیگەرانیە و دەروازەی تارمایی مەترسیەکی تر، ئایا حزبەکانی عێراق چکارەیە لە عەرەبێت، وە یەکێتی ئەم کارە بەدەکات؟ هەڵبەتە ئەمە یەکەم جارنیەو دواجاریش نابێت لەو کردارانەی یەکێتی و بنەماڵەی تاڵەبانی بە شێوەیان بە ناو ئەم سەوداو مامەڵانەی دەیکەن، بەهەمانشێوە بنەماڵەی بارزانیش لەم بارەیەوە بە کەموکوڕی نەبون و نابن و هیچ کات بەدەی حکومەتی تورکیایان نەکردوە.

گەر لە چوارچێوەی ئەم دەخە سیاسیەی ئێستای عێراق و کوردستان، لەم جوڵە سەربازیەی حزبەکانی عێراق بەوانین، ئەوە ئەو ناچاربونە سیاسیەیە هەگەی بە یەکێتی نیشتمانی و بنەماڵەی تاڵەبانی داوە، کە هەکەوتنەکی لەم چەشنە پەسەند بکەن و پەشخزمەتی بە کەماری ئیسلامی ئێران و حکومەتی عێراق ڕەکبخەن. ئەمەش ئاکامی ئاراستەیەکە کە دابەزینی ئاستی هاوسەنگی یەکێتی نیشان ئەدات، بەوەی نفوزو هێزی سیاسیان لە پلەیەکدایە، ناچارن دەست بەرن بە کارەکی قێزەونی لەو چەشنە تا بەهەر قیمەت گەر کارەساتی گەورەش بخولقێت، گرنگ ئەوەیە هێزەکەیان لە دامان و لەناوچون بپارێزن.

بەهەموو مانایەک هەڵوەرجی سیاسی ناوچەکە بگشتی و عێراق بتایبەتی ئەوە نیشان ئەدات، قەوارەی حکومەتی هەرێم لە بەردەم هەڕەشەی بچوککردنەوەیەکی حەتمیدایە. بەیە پەویست دەکات لەم بارەیەوە چەند خاڵێک کە وابەستەی یەکێتی بەئێرانەوە گرێ ئەدات دەستنیشان بکەین.

ئەوەی ئاشکرایە هەوەی ئێران بە چەکداماڵینی هێزە ئەپزسیۆنەکان، لەو شوێنەوە سەرچاوە دگرێت کە دیەوێت دابەزینی ئەو باڵانسی لەبەرامبەر خرۆشانە جەماوەریەکاندا بەسەری هات و مەترسی بەسەر دەسەڵاتەکەی دروستکردوە، بگەڕێتەوە بە دەورانی پێش ئەو ناڕەزایەتیانەی کە لە ئاستەکی فراواندا، هەستیارترین دروشمی ئەو ناڕەزایەتیانە خواستی ڕوخاندنی کەماری ئیسلامی ڕاگەیاند. ئەوەی ئاشکرایە کەتایی کەماری ئیسلامی لەهەمانکاتدا کەتایی یەکێتی

نیشتمانی و کۆتایی هێزە میلیشیا شیعەکانی عێراقی لەدەکەوێتەوە. بەیەئم مامەڵەیەی یەکێتی و هاوکاریکردنی ئێران، وەستانەوەیە لە بڕامبەر تەواوی ناڕەزایەتیە جەماوەرییەکانی خەڵکی ئێرانـدا، لەپێناو مانەوەی دەسەڵاتە گەندەڵ و تاڵانچیەکەیدا، چونکە چارەنوسی یەکێتی بەستراوە بە چارەنوسی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە.

لایەکی تریش ئەو شاراوانیە کە لە هەڵومەرجی سیاسی ئێستای کوردستاندا، ئاستی هاوسەنگی و پێگەی یەکێتی، لەبڕامبەر پارتی و بنەماڵەی بارزانیدا لە هاتنەخوارەوەیەکی بەردەوامدایە. یەکێتی بۆئەوەی فرسەت بهێنێت، کوتەکێکی گەورە لە پارتی بسڕەوێنێت و بەکو هاوسەنگی پێگەی خۆی بەرزترکاتەوە، زیاتر و زیاتر چارەنوسی خۆی دەخاتە ناوچوارچێوەو ڕەحمەتی نەخشەکانی ئێران و هێزە میلیشیا شیعەکانی عێراقەوە. پەدەچێت بنەماڵەی تاڵەبانی تەنها ئەم دەرفەتەیان مابێت بە بەرگری لە مانەویان. یەکێتیکان پێیانوایە بەم ئاراستەیە دەتوانن بە ئاڵوگۆڕ لە قەوارەی هەرێمـدا، دەستکەوتێکی باشتریان هەبێت! بەیەوەها دەردەکەوێت ئامادەیە تەواوی هەرێم و قەوارەکەی ئادەستی هێزە شیعە میلیشیاکان و حکومەتی عێراق بکەنەوەو ببنە هاوکارو شریکە بەشی مەرکەزی کردنەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عێراق لە شارەکانی کوردستاندا، بەمجۆرەش دەسەڵاتی پارتی سنوردارو بەرتەسک کەنەوە.

ئەم گەمەو مامەڵەیەی یەکێتی چارەنوسی سیاسی خۆی پێوە گرێداوە، ویستی ئاڵوگۆڕکە لە قەوارەی هەرێم و نەخشەیەک بە چونە ناو ئایندەیەکی سیاسی جیاوازەوە، کە ئۆگری ئەوەیە ئەو نەخشانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگشتی، عێراق و کوردستان بتایبەتی پێشبینی دەکرێت، لە بڕامبەر دەورانکی ئاڵوگۆڕی تازەدا سەر هەڵبداتەوە، یەکێتیکانیش دیانەوێت پێناسەیەکی تر لە بڕیوبردنی کەمەگە لە ئاستی یەکپارچەیی عێراق بە خۆیان بدەن.

سەرەتای ئەم کارەی یەکێتی بە ڕەکەوتن لەگەڵ ئێران و هاوکاریکردنی حزبوڵای عێراق و خۆگونجاندن لەگەڵ سیاستەکانی حکومەتی عێراقدا، ئەتوانین بڵێین وەنای تارمایی مەترسیەکە، کەچەن سی ساڵ زیاترە هەکارو بەشداربوی چەندین بڕیاو کارەسات بون، ئەم ئاراستەیەی ئێستاشیان، گومانی تیانیە کە خەڵکی کوردستان بە جۆریکی ترو بە شێوازیکی تر دەخەنە ناو گێژاوو ناسەقامگیریەک، کە بڕیاو کارەساتەکانی لە ئێستاوە دەتوانین پێشبینی بکەین. هەبەتە پارتیش لە پێوەندە بە وابەستەبون بە تورکیاوە بە پاراستنی خۆی، لە ڕووی هاوبەشی هەمان نائارامی و هەمان گێژاودا دەبێت.

بۆنەو تاریکیدا هاتن!.. شیعری: عەبدوڵا سەمان(مەشخەڵ)

نامە بۆ تروسکە و جوانی
شەپۆلە شەپەڵ، شەمشەمکوێرەکان هاتن
بۆنەو تاریکیدا هاتن!
بۆنەو تووڵەگەکانی نووتەکستانی ژین هاتن
بۆ شمشێری نەزانین و بۆ فیشەکی ناوشیاری
سەری تروسکەی ئومێدی چراکانی داهاتوو ڕووناک ئەبێن
بۆنەو تووندەی تاریکی مەشک شرینەوە هاتن
هیچ کەسکیان ئامادە نین ببن بە گوڵ
ببن بە خوێن
ببن بە ڕەنگی بەهار و
ببن بە شادی ژیان و
ببن بە سەبەری جوانی
هیچ کەسکیان ئامادە نین بۆن لەناستەمی عەقیدا
ببن بە گەرانی و ئاوازیان لەبەژە
ببن بە خەندە و ژیانیان تیا شەپەدا
ببن بە خەشویستی نەوان مرۆڤ و
بەفینی باندەکانی بەشمێنەتی و ستەم و ژان.
هاتن بۆنەو تاریکیدا؛ دەم بەهاوار، مەرگهێنەر پەڵە هاتن
جوانی ژینیان لەژێر کوشی نەزانی؛ پلیشانەوە
ژنیان لە ڕەگی ئینسانی خۆی سەندەوە
داریان خستە ژێربای خوونە جوانەکان
بزە و پێکەنینەکانیان شاربەدەر کرد
پیاسەکانی ئەوارانیشیان خستە نەو تەلبەندی حەرام و حەڵای دەم ئیمام و بانگخوازەکان.
هاتن دوو هێی یەکتربە (X) وەکو نیشانەی مورتەدی
دایان بەسەر وەنە و شانە و
گەرانی و هەڵپەکە و
کاری ژن و کچ و
دایان بەسەر زانست و پێشەوفتی و

هەرچی زەوق و سەفا و ئاهەنگ هەیە
هەر بە قولابی حەرام و حەڵاڵی دەم بانگخوازەکان
ماسی خوون و ئومەدەکان ئاو دەکەن و
هەتاوەکان لە خمخانە هەڵدەکشن و
گەی زەوی باڵا پێش دەکەن
سەبرەکانی خەشنوودی و کامەرانی دەسووتێنن
گەر بتوانن ژیان یەکپارچە دەکەنە تاریکوسەڵاتی غەدر و
شیعر و سەما لە دار دەدەن
هاتن هەتا ژیان بگۆڕنەوە دووا وە
بەئاگا لەوەی باوەڕی ئەکسپایەری تاریکی
چواردە سەدەیە سووا وە

٢٠٢٣-٦-٢٨

ئەوارانە ٤١.. سەردار جاف

ئەوارەیە و
شەو دوور دوورە
فرسەخە رەیەک بە ئەفسانە بوونی ڕەح
لە نەوان من و شەهلایە
شەو خەی لە تەنهایی ئاماندووە
ناو بە ناو ون دەبە و
من و ئەو لە سەراغ و کنەین
بارگە دەپێچنەوە
تخوب دەبەزە و شار بە شار عەوداڵ
کون و کەلەبەرەکانی ئودن بە دووی شەو دەگەڕین
لە ڕەشنایا خەی لە مەناس داوین
سەر شەقام و پارک وەڕ وەین
ئەفسانەیەکە و ناخزێتە ئامێز
شەو لە تاریکیا ونبووە
گەمە قووڵەکان دەکنین
دەراندەری دووردوور
سەربانە خرمژنەکانی ئاوایی

ڕژیش لە دەمکەلەوە سەراغ و ئاخز
با پیرەگورەیشمان شەوی هەر نەدیتەوە
لە نەو پەڕەی دەفتەرەکان
حەرف حەرف شیتانە دەکەین
بە منالە بیژوەکانەوە
دەمانەوە شەو ببینینەوە
دواجار لە ڤیلا سیحراویەکە
هەندەی دی شەو بووە پەنهانی و بە شوێن پە
دەشە لە نەو نووشتەی فاچییە درزنەکانی گەڕەکی خەمان نوقم بووبە
ڕەنگە کاتە
تاریک دادە لە سینەما
لەوە هەڵکورماوە و کەس نەبە دەستی بگرە و بیهێنێتەوە
دەترسم وەک ترسکەی شەهلا
جادووگەرە
لە تەلیسمی بزواندن و نووسین و سەحرای فەناوی خەی خزاند بە
لە نەو سیحری خەیا بیهێنێتەوە
ناکرە بفڕە و
بازە بەت گوژم و شاتاوەی هەراسانمان بکا
چەپخونی لە چاونواەی خولیاکانمانا مت مت بووە
وا دەمانخوا
بە تەیمانی جوانیا گیر بووە
ئامێزکان گەرم گەرم دادەنە
دەبا ئەمەیش لە نەو خەو و جادوو لە دووی گەڕین
بەرت نادەم، جەت ناهەم و فریاد ڕەسم
خەشمدەوی خەشەویسترین کەسم

٢٠٢٣ / ٦ /٢٠

نووسینەکانی سەر دیوارەکانی

مەنفا.. شیعر : نزار قبانی.. وەرگێڕانی : پشکۆ ناکام

1
خانمەکەم
ئەم سەردەمە قبوڵ نەکراوەت
چەن بۆ باس بکەم
وەسف کردنم لە بیر کردوە..
وام ئەزانی ووشە ماڵمە
ئەوان دەرگاکەیان دزی
بنمیچەکەیان دزی
لاپەڕە سپییەکانیان لە دزین
ووشەکانیان لە دزین
چی بخەین...؟
چی بخەینەوە...؟
چەن دەربارەی خەمان
هەست دەربڕین..!
خانمەکەم.....
ئەمە داپڵۆسین ئەخەین
ئەمە خانمەکەم
ترس ئەخەینەوە
خانمەکەم ، بۆ کوێ بچین..؟
لە شەقام پێینەوە ، مەترسیە
سوار بوونی مەسعەد ، مەترسیە
ئەتەمبیل..ماتۆ..فۆکۆ
شوێنک نەماوە "نووسەر" لەی دانیشێ
چاخانەیەک بەدی ناکرێ...!
نیوەی ستەکە وا لە گۆستان
نیوەی بیرەکەکەش لە بیمارستان
""""""""""

2
خانمەکەم...:
کاتێ بەیاری کوشتنی گەرانی بژێکەی ئەدرێ
لە ئایدیای شۆش ، جی ئەمێنێ...؟
کاتێ جگەر گۆشکانی خەی ئەهاڕێ

چی لە ووشەکانی شەش ، ئەمنە ..؟
کاتە دەوڵەت لە بەنی گوێ بترسە
هەموو لەوڕەگاکانی بسووتێنە
.....چی ئەمنە..؟
کاتێ لە ڕەژهەڵاتن بترسە
و
پێی کەناریيەکان دەرهێنە. ...،
چی لە فەلسەفەی شەش ئەمنە...؟!
کاتە شەش میز بکا بەسەر
ووتەکانی پەیام بەرەکانی
چی ئەمنە...؟
چی ئەمنە...؟
"""""

3

خانمەکەم...
لەم ببورە بە چاوەکانت
شیعرەکم نەنووسی ،
مەسیقا ژەنەکە ، ژەنینی
لە بیر جووە ،
خانمەکەم چەنم خۆش بوێ
کاتە
ئاسایشی دەوڵەت
خەوەکان ئەگرێ
و
کەسانی عاشق
بە : مەنفا ئەنەرە...!!
'"""""

4

خانمەکەم.....،
جاران : دڵە بە دڵە
پیت بە پیتی
لەش و لارتم ئەخوێننەوە
جاران لە مەمکەکانتا
ئاگرم دائەگیرسان
و
لە نەوانیانا
شمشێرەکم ئەچان

بەڵام ئەو مەمکانت
لە تەلەنگی مانفا ئەچێ
خانمەکەم..
خۆشویستە تا قانەکەم...:
چۆن کردەی خۆشویستی بکەم
کە تامی سەکس
لە تامی مانفا ئەچێ.....!!
"""""

5

خانمەکەم...
چۆن بەرنگاری ئەم
سەردەمی کۆیلایەتیە
و
ئەم ڤە لە مەژینەیە
و
ئەم کوشتنە خوایە
و
ئەم زەبر و زەنگە ، بکەم...!!؟
چۆن ئەم. :
هەڵکشانە (نا) نەتەوەیە
و
ئەم بەچوونەی لەت لەتکردن
و
ئەم بارانە ئاگراویە
و
ئەم خوێن ڕشتنە ، بوستەنم...!!؟
چۆن ئەوەی تەی کەوتووین
دەربەین...!
چۆن ئەو کەسەرەی لە ناخمانایە
دەربەین...!
چۆن ئایەتی " زیکر " لەسەر لاشەمان
بخوێنین...!
ئاسایشی دەوڵەت داوامان لێ ئەکا :
پێنەکەنین...
نەگرین.....
نوتق نەکەین...
عاشق نەبین...

دەست لە لەپی دەستی ژن نەیەین
کۆممان نەبۆ
نامۆ نەنرین.....
هیچ کتێبێک نەخوێنینەوە
جگە لە هەواڵی کێش و هەوا
و
نهێنییەکانی چەشت لێنان
ئەمانە : یاسای مانفان
،،،،،،

6
خانمەکەم... :
چیبکەم گەر دایکم هاتە خوم. ؟
چیبکەم گەر قاورمەی سلەمانی
بانگی کردم ؟
و
میوەی شارباژێر گلەیی لێکردم. ؟
چیبکەم گەر سێبەری باوکم گەیاندە لام
و
وەک پەلەک کەتر
دەم پێنای بە چاوەکانی برد ؟
خانمەکەم :
کاتە خەر ەووبەوی فەرمانی
لە سەدارەدان ئەبەتەوە ،
چەن شیعرەکت پێ بڵەم
چەن پەخشانەکت پێ بڵەم
خانمەکەم.....
چەن بە ووتن
پێت بڵەم.....؟!!
،،،،،،

7
خانمەکەم ...:
کاتە خەر ەووبەوی لە سەدارە دان ئەبەتەوە
چەن مژدەی (ئازادی) بەم...!!
چەن بە خواردن ، نان بخەم ؟
خانمەکەم ،
من پیاوەک نیم ، هیچ ڕۆژە
دەرچووی هیچ باڵەکی

دەستەبات بوو بە
یان
مەیمونەکی ناو مەیمونەکانی
وەزارەتی " ھۆشنبیری " !!
.....بوو بە
خانمەکەم. :
من پیاوێک نیم لە پشت پیتەکانەوە
کەس فریو بدەم
یان
لە ناو عەبای هیچ مەلایەکا
خەم مەڕاس بدەم
خانمەکەم. :
گوێی مەیرە.....
من ئەزانم
چۆن لەسەردەمی ،، قەزەمەکانا
" گەورەیی " خەم ، ئاگرم
گوئی مەیرە.....
"""""""

8

خانمەکەم ،
گوێی مەیرە
هەر خەشم ئەوەیت
تا " تونێل " ێک لە ژێر دەریایا
دروست ئەکەم
و
کون ئەکەمە دیوارەکانی مەنفا
گوێی مەیرە ،،،
مەنفا لە دارستانەکانی کلی ھۆشا
بە مەنفا
نا ژمێرە

چۆن دەبێتە نووسەر، یان سەرەتا چی بکەین؟.. زانا ڕەزاق

لەسەرەتادا دەتوانم بڵێم هەموو شتێک لەو ئامرازانەی بەرەو پێشەوەمان دەبات ئاهەنانێک بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو بۆ ئەوەی سودەکی باشی هەبێت ، ئەو بەرنامە بۆداڕێژراوەش یانی ووردە ووردە هەواش هەواش لەسەرخۆ .

ئینجا یەکێک لەو پیشانەش کە بەرەو پێشەوەمان دەبات نووسینە ،مەبەستم ئەوەیە ئەو کەسانەی دەیانەوێ لەوە بەرەو پێشبچن و باش بن ئەوجا کە بە شێوەیەک بوو پێکەوە گرێدانی ووشە و ڕستەکان تا وای لێدێت کە نووسینەکانی باش و ڕەکو پێک بێت،ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە بەردەوام بێت لەسەری نموونەی بۆ ئەوانەی سەرەتا دەبنە نووسەر ئەوەیە کە کاتێک دەست بەنووسین دەکەیت ڕستەیەک بنوسە دواتر تا ماوەیەک چەند ڕستەیەک بنوسە دواتر زیاتر لەو بنوسە ئەوجا هەواش هەواش بێت. نموونەی تر هاوشێوەی ئەو ئەویش هەر چۆن قوتابیەک دەچێتە قوتابخانە سەرەتا فێری پیت دەکرێت دواتر ووشە دواتر ڕستە ئەوجا سەرەتا چێنەتی نووسینی جوان و باش دانەڕێژراوە بەڵام دواتر بەهەی بەردەوامی لەوش باش دەبێت یانی نووسینیش هەروایە.

تێبینی ئەمە بۆ زۆرێک پیشەو بوارەکانیتر دەبێ

2023 7 11

بۆ تابۆبوونی چەمکی ئازادی، لە کۆمەڵگەی کوردییەدا.. عومەر عادل عەبدوڵا

ناونیشانی توێژینەوەکە:

ئازادی، وەک چەمکێک لە کۆمەڵگەی کوردیدا، لە لێواری بەتابەبوون و نامۆبوون دایە، ئەمەش بەهۆی درککردنمان بەو دیاردە، هەستاوین بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەک و ئەو هەڵکارکەوتانەی بخەینەبەر تیشک لەکۆمەڵینەوە و (بە تابەبوونی چەمکی ئازادی، لە کۆمەڵگەی کوردیدا) وەک ناونیشانێک بە توێژینەوەکە هەڵبژاردووە.

گیروگرفتی توێژینەوەکە:

لە راستیدا، توێژینەوە خستەڕووی چارەسەرە، بە گرفتێک یان چەند گرفتێک و لە ئەنجامی هەوڵدان و گەڕان و لێکۆڵینەوە، چەند گرفتێکی چاوەڕوانکراومان دەتە پێشەوە. لە دیارترین گرفتێک کە کە دووچارمان بوتەوە، تازەی بابەتەکە بوو، چونکە بابەتی تازە شتی نوێ دەهێنتەوە و لە ئەنجامدا گرفتی نوێمان بۆ پەیدا دەبێت، لە هەموو ڕوویەکەوە.

هەڵبازی توێژینەوەکە:

هەڵبازی توێژینەوەکە هەڵبازی پێسنی – شیکارییە، لە هەڵگەی پێسنکردنی چەمکی ئازادییەوە، ئەو هەڵکارانەمان شیکردەتەوە، کە هەڵگەزی تابەبوونیان پێبەخشیوە.

پێشەکی:

کۆمەڵگەی کوردی، وەکو زۆرێک لە کۆمەڵگەکانی تری هەژەمۆنیاتی ناوەڕاست، لە ئەنجامی ئەو جیهانگیری هاتە ئاراوە، کۆمەڵە ئاکار و چەمک و هەڵسوکەوت، جا شیاو بێت، یان نەشیاو لە کۆمەڵگەی کوردییدا جێی خۆیان کردەوە، بۆیە تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی, بەهۆی نەگونجانی ئەو هەڵسوکەوت و ئاکارانە، لە بازنەیەکی تردا، لە دۆڕاوی کۆمەڵگەدا جێیان کردەوە، بازنەیەکی قەدەغەکراو و حەرامکراو. دیارە چەمکی تابە یەکێکە لە گرنگترین ئەو چەمکانەی، کە لە ئەنجامی کرانەوەی نووسەران و ڕووناکبیران بە ڕووی ئاسۆی فراواندا خوێنەرانی کورد ئاشنای بوون، بە تایبەتی دوای وەرگێڕانی پەرتووکی

(تەوتەم و تابە)ی فرەید کە تێدا باس لە مەژووی تابە و دروستبوونی تابە دەکات. هەروەها زیاتر ئاشنابوونی خوێنەران بە بابەتە دەروونناسی و کۆمەڵایەتییەکان، یەکێکیتر بوو، لە گرنگترین ئەو هەکارانەی کە تابە(قەدەغەکراو) ببێتە ناوەند و چەقی زۆرێک لە باسەکان.

چەمکی ئازادی:

ئازادی، یەکێکە لەو چەمکانەی زیاتر لە نێو بابەتە یاسایی و کۆمەڵناسیەکاندا خۆی دەبینێتەوە، لەبەر ئەوەی لە چوارچێوەی هەموو دەوڵەتێکدا، بە پێی یاسا بازنەی دیاری کراوە و لە نێو کۆمەڵگەشدا تاکەکان چەند بنەمایەکییان سەبارەت بە ئازادی داناوە و لەسەری هەڵوێستوون، بەڵام ئەم ئازادییە، بە پێی تێپەڕبوونی کات بەرز و نزمی تێدەکەوێت، واتا هەڵنگرە لە کۆمەڵگەیەکدا لە ڕابردوو شتانێک هەڵوێنی ئازادی بن و بەکارهێنان هەڵگرپیداو بێت، بەڵام ئێستا نائاسایی و قەدەغەکراون.

وەستان و نووسین لەسەر چەمکی ئازادی و کارکردن لەسەری، کارێکی ئاسان نییە، چونکە " ئازادی لە مێژە وەک بابەتێکی مشتومڕاوی باس دەکرێت و لە سەردەمی هاوچەرخیشدا ئازادی لە نێو هەموو گۆڕانداباس دەکرێت، بۆها و پێگەیەکی تایبەتی هەیە و هەموو نەتەوەیەک خۆی بە ئازاد و بە قازانجی دەزانێت و شانازی پێوە دەکات. هەروەها هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە کە ئەمڕۆ پرسی ئازادی گرنگترین داواکاری سەردەمی نوێیە"(فرهاد طهماسبیپور، ۱۳۹۰، ۲) و هاوڵاتیانی هەموو وڵاتێک لە چوارچێوەی هاوڵاتیبوونیاندا، دەتوانن داوای ئەو مافە سەرتاپیە دەکەن.

جا ئەگەر بمانەوێت بە یەک وشە پێسنی ئازادی بکەین، ئەوە دەڵێن: مافە، واتا مافێکە هەموو مرۆڤێک دەتوانێت دەستی پێبگات، بە جیاوازی ئاین و ڕەنگ و نەتەوە و...." بە گشتی، ئازادی دەخێکە هیچ شتێک پابەند و دەربەستی شتێکی تر و بتوانێ لە گەردووندا جێبەجێ بکرێت. لە پێوەندی لەگەڵ مرۆڤدا، ئازادی، دەخێکە کە هیچ شتێک ڕێگر نەبێت لە بەردەم ئیرادەی تاك بە گەیشتن بە ئامانجەکانی."(ئەحمەد شەبانی، ۲۰۱۰، ۱۱) نووسەر زۆر بە بەرفراوانی گشتاندنی بە ئازادی کردووە و کە ئەمەش لەگەڵ ئازادیدا یەک ناگرێتەوە و دەڵێت نەو چەندین جۆری تر هەن, یان ئەگەر لە ڕووی سیاسیەوە باسی ئازادی بکەین ئەوە دەڵێن:" ئازادی مافێکی بنچینەیە لە مافەکانی مرۆڤ و دەبێ سیستەمە سیاسیەکان، هەر لە ستەمکاری دادپەروەرەوە تا دەگاتە سیستەمی کۆماری و دیموکراسیە هاوچەرخەکان، پەرەشی چەسپاندنی ئەو مافە بن و ئەوەش گرنگترین بنەمایە لە بنەما دەستووریەکانی تیۆری هاوچەرخ."(ڕۆبەرت دال، ۲۰۱۲، ۱۳) ئەوە پێوەو ئامیازیەی کە بەرهەستی لە هاتنە کایەی ژینگەیەکی ئازاد دەکات بە هاوڵاتیانی، بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ دیاریەت ئەوەمان پێبڵێن: کەشکی دەسەڵات و هێزی لەسەر ستەم و

نادادی بنیادنراوە و ئازادیش وەک بومەلەرزەیەک وایە، کە کەشکی ستەمم دەروخێنێت.

لەبەر ئەوەی ئازادی چەمکێکی فرەهەندە و لە نێو زۆرێک لە باسکاندا، لێکۆینەوەی لەسەر کراوە، هەر بوارێک و بە سروشت زانستیانەی خۆی چەمکی ئازادی ڕوون کردۆتەوە، بە نموونە:"پوختەی چەمکی ئازادی لە ڕووی شەریعەتەوە، لە دوروبەری ڕزگاربوون لە کۆیلایەتی دەخوەتەوە"(علی بن حسین بن احمد فیقهی،١٤٣٢، ١٢) چونکە پێش هاتنی ئیسلام، لە نیمچەدوورگەی عەرەبی بازرگانی کردن بە مرۆڤەوە شتێکی ئاسایی بوو، بەڵام پاش هاتنی ئیسلام ئەم دیاردە هەوەشایەوە و لە ڕووی دینیەوە، ئەم جۆرە مامەڵەیانە قەدەغەکرا. هەروەها ئازادی " لە فەلسەفەی لاسایکارەوەدا، بریتییە لە هەبژاردنی مرۆڤ بە ئەوەی بە ئینقەست مامەڵە بکات لەگەڵ توانای جەهەشتنی کردارێک یان توانای هەبژاردنی دژ بەو کارە بکات"(م.د علاء شنون مطر،٢٠٢١، ٦)واتا مرۆڤ لە نێوان دوو هەبژاردەدا، لە نێوان ڕەشتن و مانەوەدا، کردن و نەکردندا، لە نێوان ڕاست و چەپدا، لە نێوان هەڵسان و دانیشتندا، سەربەستییەکی تەواوی هەیە و ئاوەزووی خۆیەتی هەویری خۆی دەخاتە کام تەنوورەوە.

لە سیاسەتیشدا، ئازادی وەکو مافێکی یەکلاکەرەوە باسی لێوە کراوە و هەموو مرۆڤەکان مافی بەشداری کردنییان لە پرسە سیاسیەکاندا هەیە، لەگەڵ ئەمەش هەموو گەلێک مافی ئەوەی هەیە چ دەسەڵاتێک هەلبژێرێت، بە ئەوە فەرمانەوای بکات، بەڵام لە هەندێک پەڕەوی ڕامیاریدا ئەم مافە بە هاوڵاتییان نەدراوە، بە نموونە: لە فەرمانەوای دیکتاتۆریدا، چونکە"حکومەتی دیکتاتۆری حکومەتێکی تاکەکەسییە، بە شێوەیەکی سەرکی پشت بە کۆمەڵایەتی دیکتاتۆر و ئەوەی چەژی لە وەردەگرێت لە هێز و توانا و لێهاتوویی کەسی دەبەستێت، هەر ئەویش یەکەم و کۆتا جووڵەنەرە بە هەموو لایەنەکانی دەوڵەت، بەبێ گەلانەوە بە خواستەکانی گەل"(اسعد طارش، ٢٠١٥، ٤٣) ئەم تاکەڕەوایی فەرمانەوایەتییە، کە لایەن دیکتاتۆرەکانەوە دەسپێنەرێت، جورئەکە لە قەکردنی ئازادییەکان.

لە سەرووی هەموو ئازادییەکانەوە، ئەو ئازادییەی کە زەر گرنگی پێدەدرێت و تیشکی دەخرێتە سەر، ئازادی ڕادەبینە."ئازادی بیرکردنەوە و ڕادەربڕین یەکێکە لە ئازادییە بنەڕەتییەکان لە ڕوانگە جیاوازەکانی ئایینی، فەلسەفی، کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی، یاسایی و نەودەوڵەتی و تاوتوێ و لێکۆینەوەی لەسەر کراوە و لە یاسا ناوخۆییەکان و بەڵگەنامە و پەیماننامە نودەوڵەتییەکان دامەزراوە

و پشتگیری کراوە". (سید حسین رضوانی، ۱۳۹۵، ٦٧) چونکە ئازادی ئادەمیزادەین دەرگایەکە بۆ ئەوەی بتوانین ئەزموونمان تاقی بکەینەوە و بگەومان مرۆڤ تاکو بیری ئازاد نەبێت و نەتوانێت بیروبۆچوونەکانی بۆ ئازادی دەربڕێت، ئەوە ئەستەمە بتوانێت بۆ ئازادیەکانی تر بجەنگێت و ململانێ لەگەڵ ئەو ژینگە و دەورەبکات، کە ئازادیەکانیان لێ بەرتەسک کردۆتەوە. واتا هەموو ئازادیەکانی تر، دەرهاویشتەی ئازادی ئادەمیزادەینن.

دەبێت ئەوەش بزانین، کە ئازادی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکیتر لە ئاینێکەوە بۆ ئاینێکی تر، لە
کەمەڵگەیەکەوە بۆ کەمەڵگەیەکی تر دەگۆڕێت، چونکە لە هەندێک شوێندا ئازادی ئەوەندە بەرفراوان دەبێت، هەموو کەس دەتوانێت ئەزموونی بکات، بە پێچەوانەوە، لە هەندێک شوێندا ئەوەندە بەرتەسك دەبێتەوە، تەنها کەسانێکی کەم دەتوانن ئەزموونی بکەن، کە ئەوانیش ڕەنگە خاوەن پلە و پایەیەکی بەرزی ئاین یان سیاسی و کەمەڵایەتی بن.

پرسەی بەتابەبوونی چەمکی ئازادی:

تابە" مەبەست لە سەرجەم ئەو دەربڕاوە زمانییانەن، کە دەربەینیان بۆشاییەکی ئاستەوخۆ و ئاشکاوانە، لە ڕووی کەمەڵایەتی و کلتووریەوە ڕەگ پەدراو نییە"(د. هەمن عەبدولواحید شەمس،۲۰۱۸، ۱٤۲)واتا تابە هەموو ئەو دەبەرینانە دەگرێتەوە، کە لە کەمەڵگەدا هەڵی سوورن و وتنیان دەرئەنجامی خراپی لە دەکەوێتەوە، جا ڕەنگە ئەم تابەیە لە ژێر کاریگەری هەر ئایندا بێت، یا ڕەکەوتنکی کەمەڵایەتی بێت لە نەو تاکەکانی کەمەڵەدا.

مەژووی دروستبوونی تابە زۆر دوور و درێژە و "فرەید بە باسکردنی(تابە) دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاتیرین کەمەڵەی مرۆڤ کە بە(تەوتەم) ناویان دەبات، کە(کانکان) ئەمانە لە خێزان گەورتر و لە هێز بچووکترن، ئەم تەوتەمانە سەرەتاییترین کەمەڵەی مرۆڤ بوون و خاوەنی کەمەڵەك تابۆی هەمیشەیی و کاتی بوون، کە بریتیی بوون لە کەمەڵەک حەرام کە ئەندامانی ئەو تەوتەمە نادەبایە ئەم حەرامانە(تابۆیانە) سنوور بشکێنن و بیخەنە لاوە."(پشەو عەبدوڵا،۲۰۱۳، ٤۲) لەمەوە دەگەین بەو ڕاستیەی کە تابە چەمکی کەمەڵایەتییە و لە ئەنجامی گردبوونەوەی مرۆڤکان لە دەوربەری یەکتردا ئەم چەمکە دروستبوو. تابە دەتوانێت لە بچوکترین بازنەی گردبوونەوە مرۆڤکانەوە کە خێزانە، بیتە ئاراوە، چونکە ئەو کاتە

لایەن سەرکردەکانی خزانەوە، کە دایک و باوکن، کۆمەڵێک بەیارەك لە بارەی قەدەغەکراوەکانەوە دەدرێت و بە ئەندامەکانی خوارەوەی خێزان ڕادەگەنرێت، کە ئەم وشە و هەستوسۆکەوتە بەکارهێنانیان و ئەنجامدانیان قەدەغەیە.

"لە زمانی کوردیدا، زۆربەی دەربڕاوە قەدەغەکراوەکان پەیوەندییان بە(مردن، سێکس، نەخۆشی کوشندە، کفر)ەوە هەیە، کە ناوهێنانیان بە بەوای زۆرینەی کۆمەڵی کوردی کاریگەری دەروونیی نەگتیڤانە لەسەر قسەکەر و گوێگر دروست دەکەن و تائادەیەك قەدەغەکردنی سەرتاسەی قەدەغەکراون و بەدەبینیتری هاوواتا جێگەیان پڕکراوەتەوە و زیاتر لە چەند دەربڕینێک بە هەر یەکێکیان بکادەهێنرێت"(هەمن عەبدولواحید شەمس، ۲۰۰٦، ۱۲۸)ئەم دیاردەیەکی جیهانییە و هەموو کۆمەڵگاکان بە پلەی هەستوسۆکەوتەی ژینگەی و کۆمەڵایەتی خۆیان، کۆمەڵە وشە و هەستوسۆکەوتێکیان وەك تابۆ دەستنیشان کردووە. هەروەها بوون و نەبوونی تابۆ پەیوەندی بە پێشکەوتن و دواکەوتووی نییە، بەڵکو لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا ئەم دیاردە بەدی دەکرێت، تەنها ئەوە هەیە، جیاوازی تەدەکەوێت، واتا هەنگاو تابۆیەکی ئایینی لە کۆمەڵگەیەك بوونی هەبێت و بە پێچەوانەوە، لە کۆمەڵگەیەکی تردا بوونی نەبێت.

یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی دروستبوونی تابۆ کۆمەڵگەیە و دروستبوونی تابۆ بستراوەتەوە، بە دروستبوونی کۆمەڵگە، لە ئۆگەری تیاچوونی کۆمەڵگەشدا، ڕاستەوخۆ ئەو تابۆش لە ناو دەچێت، کە کۆمەڵگە هەی هەبووە لە دروستکردن و ڕازاندنەوەی ئەو تابۆیەدا, هەروەها" هەموو کۆمەڵگەیەك لە سنووری سیستەمە کۆمەڵایەتییەکەی خۆیدا پێویستی بەبوونی کۆمەڵێك تابۆ هەیە، تا بتوانێت ئەو کێبوونەوە پێدەڵێن کۆمەڵگە بپارێزێت"(پشەو عەبدوڵا، ۲۰۱۹، ۱۵) ئەم جگە لەوەی کۆمەڵێک تابۆ هەن لە نێو هەموو کۆمەڵگاکاندا هاوبەشن, بە نموونە هەندێک لە تابۆ سێکسی و ئاینیەکان، کە دەربەینیان لە نێو زۆرێک لە کۆمەڵگاکاندا قەدەغە و ڕێگە پێنەدراوە، چونکە ئەو کۆمەڵگەیانە خاوەن دابونەریت و ئایینی هاوبەشن.

کۆتە دەتوانین بڵێن: پرسەی بە تابەبوون، بریتییە لەو پرسەی کە کە وشەیەك یان ڕستەیەکی ئاسایی و ڕێگە پێدراو، دەبێتە چەمکێکی قەدەغەکراو و نائاسایی. جا لەبەر ئەوەی پرسەی بە تابەبوون لە نێو کۆمەڵگە ڕووداوات، تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە ڕێیان هەیە لە چاندنی ئەو تابۆیە و بزوێنەری سەرەکی ئامێری

دروستکردنی تابۆن، واتا تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی، کاتێک ئەو گۆڕانکارییانە بەرگوێ دەکەوێت، بەهۆی ئاوەژووکردنی خراپی لەگەڵ ئازادیدا پێدا تێپەڕیون، ئاستەوخۆ لە بیری مرۆڤکاندا کۆمەڵێک وێنە و مانایەکی تر دەهێنێت، کە دواجار ئەم وێنە و بیرانە، خۆی لە نێو چەندین تابۆی سێکسی و ئایندا خۆی دەبینێتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی، ئەم پرسیارە هەرەمەکی و دوور لە چاودێری گۆڕانکارییە دەکات و دوای ماوەیەک درک بە پاشماوەی ئەم جۆرە پرسیارە دەکرێت، دەتوانین بڵێن: ئەم پرسیارە لەژێر کاریگەری مرۆڤدایە و لە هەماهەنگیدا مرۆڤکان درکی پێناکەن، چونکە وەک کۆشش جەستەیی و تەندروستییەکان، ئاستەوخۆ جێپەنجی خۆی دیاری بکەن، بۆکو پاش ماوەیەک و دوای تەواوبوونی پرۆسەکە و بەاوبوونەوەی بە نێو جومگەکانی کۆمەڵگەدا هەستی پێدەکرێت.

وەک هەمووان دەزانین هەمیشە لە نیوان زمان و بیردا پەیوەندیەک هەیە، بە نموونە قسەکەر قسەیەک دەر دەبڕێت، ئەو گوێگر لەگەڵ ئەو ئازموونە گەنجکراوەی هەیەتی و پێدا تێپەڕیوە لێکی دەداتەوە و لە تەرازووی بیریدا هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات،واتا" دەربڕینە زمانییەکانمان هۆگری بیرکانمانن زادە و هۆنگدانەوە و گوزارەو و دەربڕ و هۆگری ئەو تێگە (چەمک) و بیروبۆچوون و تەروانینانن کە لە هزرماندان."(د.هەمن عەبدولحەمید شەمس، ٢٠١٨، ١٣٩) بەیە کە گوێگر گوێی لە چەمکی ئازادی دەبێت، ئاستەوخۆ لە بیر و مەشکی مرۆڤدا بەشێوەیەکی پیلەکانی کۆمەڵە تایبەکی سێکسی و کۆمەڵایەتی بەدوای خۆید دەنێت.

بەگومان هەر باردودۆخە کۆمەڵاتییەکیە، کە چەمکی ئازادی بەرەو لەواری بە تابەبوون بردووە و چوارچێوەیەکی تایبەنی پێبەخشیوە، چونکە" تابۆی کۆمەڵایەتی بە پێی پێوەر و پرەنسیپەکانی دینیی و سێکسیوە داتای تایبەیی دروست دەکەن"(م. سیروان سمین احمد، ٢٠٢١، ٤٥٦)بە نموونە: کەسێک باس لە ئازادی ئافرەت یان ئافرەتی ئازاد دەکات، ئەو کەسەی کە گوێگرە، بەهۆی ئەو ئازموونە خراپەی لەگەڵ ئازادی ئافرەت هەبووە، یان هۆکە تێیان گەیاندووە، ئاستەوخۆ دوای شڵەژکردنی ئەو دەستەواژە لە ئاوەزیدا دیدگایەکی خراپی بە دروست دەبێت.

"ئەو کەرەستە و دەربڕینە زمانیانەی، ڕووی وتنیان نییە و هۆگری واتای نەشیاو و ناپەسەندن و ناوهێنانیان بەشێوەیەکی ئاستەوخۆ

بۆپەی هەندێک ئاین و کەلتوور و دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان قەدەغە و تەگە پێنەداوە، یاخود مایەی نەنگی و شەرمەزاری و بێئەدەبی و پێچەوانەی هەڵسا و ئاکارەکان پیشاندەدات، بۆیە بە دوورکەوتەوە لە وشە تابووکان و پیشاندانی خۆشت و دڕبەینی شیاو و جوان کەمێک وشەی سینەنیمی لە بەرامبەر ئەو وشانە دێنە کایەوە، کە تاڵادێک گوتن و بەکارهێنانیان تەگە پەدراوە."(سەتەم محەمەد ئەحمەد، ٢٠١٦، ٥٤) بۆیە ئەوانەی وەها پێیان وایە، کە چەمکی (ئازادی) تابۆیە و سیمایەکی تابۆیە بە باڵادا کردووە، وای بۆ ئەچن، کە ئازادی هاوواتایی هەندێک لە تابۆ سێکسی و ئاینی کۆمەڵایەتییە و کەسێک گەر بیەوێت هەرش بکاتە سەر پیرۆزییە کۆمەڵایەتی و ئاینیەکان، دێت لە ژێر ناشمالی ئازادیەوە کار بۆ مەرامەکانی دەکات. واتا وشەی ئازادی وشەیەکی سادە و تەگە پەداوە، بەڵام لە ئەو چەمکانەی خۆیان بۆ ئازادیدا هەڵواسیوە، زیاتر تەگەزی تابووەنیان پێبەخشیوە.چەند هەکارێک هەن، کە چەمکی ئازادییان بەرەو تابووەن بردووە، کە دەتوانین لە خوارەوە ئاماژەی پێبکەین:

١.تەنگەیشتن لە ئازادی:

زۆرجار تەنگەیشتمان بەرانبەر بە هەندێک چەمک و مانا، وا دەکات تەگەیشتنەکی خراپمان بەی هەبێت، نەک هەر چەمکەکان، بەڵکو ئەمە بە گفتوگۆ و پەیوەندییەکانی نێژانشمان تەواو دروستە، چونکە تەنگە گوێگر بەهەی تەنگەیشتنی لە قسەکەر, جارە تەگەیشتنەکی تری لا دروستبێت، دوور لەو مەبەستەی کە قسەکەر ویستوێتی وەک پەیامێک بە گوێگری بگەیەنێت. هەروەها هەر تەنگەیشتن لە ئازادییە، وا دەکات ئەوانەی کار لەسەر ئازادی دەکەن، بە شێوەیەکی هەڵە بەکاربهێنن.

٢.قەستنەوەی ئازادی، بە بەرژەوەندییە کەسییەکان:

کۆمەڵە کەسانێك هەن، جا لە هەر پلە و پایەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بن, هەمیشە چەمکەکان و ماناکان، بەو شێوەیە دەخەنەوو، کە سوودی بە بەرژەوەندی کەسی خۆیان هەبێت، دیارە ئازادیش وەک یەکێک لەو چەمکانە بووە بە قوربانی کۆمەڵێك بەرژەوەندی کەسی و بە پەی ویست و ئارەزووی خۆیان کاری لەسەر دەکەن.

٣.فۆبیای ئازادی:

"فۆبیا لە وشەیەکی یۆنانی وەرگیراوە، بە واتای (ترس) و گوزارشت لە کۆمەڵێک حاڵەتی تیرەر و دڵەاوکێ و ترس و دڵەاوکێ دەکات کە

پەیوەندییان بە شت و شوێن و ئەزموون و بارودۆخی تایبەتەوە هەیە."(ارثر بیل،٢٠١١، ٧). فۆبیا ترسکی ئاسایی و سادەی نیە، بەڵکو ترپکی ترسە، چونکە ترسی ئاسایی جۆرێکە لە ئامادەباشی بۆرانبەر هەرشەکان، کەچی فۆبیا ترسکی دۆخێیە و لە دۆخە تایبەتەکاندا دروست دەبێ. فۆبیای ئازادی، یەکێکە لە تێکچوونە دەگمانەکان، کە زیاتر دووچاری ئەو کەسانە دەبێت، کە ئازادی کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر بۆچوونەکانیان، بە نموونەی وەک دەسەڵاتدارەکان، بە تایبەتی ئەو دەسەڵاتدارانەی کە بناغەی دەسەڵاتەکانیان لەسەر ناهەشیاری و سەرکوتکردنی هاوڵاتیان بنیادناوە، چونکە ئازادی بۆلای ئەوانەوە وەک گەڕانەکی بۆ ئاگابوونەوە وایە، کە لە دژ و دژوونی هاوڵاتیانی ئەو وڵاتەوە هەڵدەقوڵێت.

ئەنجامی توێژینەوەکە:

لە ئەنجامدا، گرنگیشتین بۆچی, کە چەمکی ئازادی لە قۆناغی بە تابەبوونی دایە لە کۆمەڵگەی کوردی، لەبەر ئەوە هەکارانەی کە لەسەرەوە خستومانەتەوو و ئاگریش ئەم پرسیە درێژە بکێشێت، ئەوە لە داهاتوودا کاریگەرییەکان زیاتر و زەرتر دەبن.

سەرچاوە کوردییەکان:

١. پشەو عەبدوڵا، ٢٠١٣، دژوونشیکاری شیعری کوردی، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

٢. پشەو عەبدوڵا، ٢٠١٩، تابەشکەنی لە موفتی پەنجوەنی، گۆڤاری باران گۆڤارەکی وەرزی ئەدەبییە.

٣. هەمەن عەبدولواحید شەمس، ٢٠٠٦، شەواز و دەربڕین لە بەنە کۆمەڵایەتییەکاندا، نامەی ماستەر کۆلێژی پەروردە، زانکۆی کۆیە.

٤. هەمن عەبدولواحید،٢٠١٨، پەیوەندی و کارلێکی زمان و بیر(تابەی سێکسی بە نموونە) گۆڤار زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی ٢٢، ژمارە٣، کۆلێژی پەروردە زانکۆی کۆیە.

٥. ڕستەم محەمەد ئەحمەد، ٢٠١٦، سینەنیم لە زمانی کوردی ناوچەی گەرمیاندا، نامەی ماستەر، کۆیژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆ سلێمانی.

٦.م. سیروان سمین، (تابۆ لە پەندی پێشینان)دا، ٢٠٢١، مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية، مجلد:١٦، عدد:٢، زانكۆی كەركوک.

٧.ئەحمەد شابانی، ٢٠١٠، فەرهەنگی سیاسی، چاپی یەكەم، دانشگاە كردستان، سنە.

٨.ڤەبەرت دال،و:د.سمیر ئیبراهیم حەسەن، ٢٠١٢، دیموكراسی ئازادی تاك و كۆمەڵگە، دەزگای وەرگێڕانی كارە.

سەرچاوە عەرەبییەكان:

١.علي بن حسين بن احمد، ١٤٣٢ هـ مفهوم الحرية- دراسة تاصيلية-، بحث ماجستير، الرياض.

٢.م.د . علاء شنون مطر،٢٠٢١، مفهوم الحرية و الحتمية فى فكر الفلسفي اليوناني، 2021) VOL. 1 NO. 34/35 / ARCHIVES / HOME): مجلة كلية الفقه.

٣. م.د أسعد طارش عبد الرض، النظم الديكتاتورية قراءة في المضامين النظرية،مجلة تكريت للعلوم السياسية مجلة علمية دورية محكمة المجلد/3 السنة/3 العدد/6 حزيران 2016 – رمضان 1437 ISSN: 2073 _ 1140.

٤.ارثر بيل، ترجمة:عبدالحكم الخزامي،٢٠١١، فوبيا، دار الاكاديمية علوم،طبعة الاولى،قاهرة.

سەرچاوە فارسییەكان:

١. سیدحسین رضوانی، فصلنامه سیاست خارجی سال سیام، شماره 4، زمستان 5931، صص 39-51،حق آزادی بیان و مسئولیت بینالمللی كشورها در قبال آن.

٢. فرهاد طهماسبیپور, حق آزادي عقيده و وجدان، تاريخ دريافت: 1331/2/3 تاريخ پذيرش: 1331/4/22
⋆ دانشجوی دكتری((نظریهی حقوق و تاریخ دولت و حقوق»، آكادمی حقوق و علوم سیاسی دوشنبه- تاجیكستان.

ئەم توێژینەوەیە، لە ژمارە٢٣ی (گۆڤاری شارباژێر)دا بڵاوبۆتەوە.

سەسیەمەتری چیە؟.. زاهیر عەبدوڵڵا

هەنگاو زەربەمان لە نەت فلیکس فیلمی نوسەرانی ئازادی Freedom Writers ـ بینیبەت، ئەم فیلمە، فیلمێکی درامی ئەمریکییە لە ساڵی ٢٠٠٧ بەرهەم هێنراوە لە نووسین و دەرهێنانی ڕیچارد لاگرافینیز Richard LaGravenese و هیلاری سوانک Hilary Swank ڕۆڵی سەرەکی تێدا گێڕاوە. فیلمەکە ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە و باس لە شێوازی ناوازەی ئیرین گروول Erin Gruwell دەکات، کە بووە هۆی بڵاوبوونەوەی کتێبی ڕۆژنامەی نووسەرانی ئازاد، کە چەن مامۆستایەک و ١٥٠ هەرزەکار نووسینیان وەک ئامازەک بەکار هێنا بۆ گۆرینی خەیان و دەروبەریان. : فیلمکە جووهەری ئەو ئەو کتێبەیە کە ئیرین و خوێندکارەکان نووسیان.

ئیرین لە سەرەتادا بەنیازی ئەوە بووە بچێتە قوتابخانەی یاسا بۆ ئەوەی ببێتە پارێزەر نەک مامۆستا. دوای ئەوەی لە هووماڵی هەواڵەکاندا سەیری ئاژاوەییەکانی لەس ئەنجلەسی ساڵی ١٩٩٢ی کرد، بڕیاریدا پیشەکەی بگۆڕێت بۆ مامۆستایی، چونکە پێیوابوو پەروەردەکردنی خوێندکاران دەتوانێت جیاوازییەکی زیاتر دروست بکات. ئەو هەکارەکەی بوو و وتی: "من بیرم لەوە کردەوە خودایە، تا ئەو کاتەی تە بڕگری لە منداڵێک دەکەیت لە هۆڵی دادگا، شتێکە پشتر دەڵاوە. پەموایە کە شتێی ڕاستەقینە دەبە لەڕە، لە پاڵی خوێندندا ڕووبدات

بەواتای پێش ئەوەی کەسەکە کاتنەکە بکات و تە بڕگری لە بکەیت دەبا لە پاڵی خوێندندا کەسەکە دروست بکەیت، پێویستی بە دادگا نەبێت.

ڕووداوی فیلمەکە لە ساڵانی نەوەدەکاندا لە ویلایەتی کالیفۆرنیا ڕووددات، کە هێشتا هەست بە کاریگەرییەکانی ئاژاوەگێڕییەکانی ساڵی ١٩٩٢ی لەس ئەنجلەس دەکات،

لە دوای بڵاوبوونەوەی نووسەرانی ئازادی بووتە بابەتی گفتوگۆ لە دووبارە داشتنەوەی شوازەکانی وانەوتنەوەدا، بەتایبەتی لە پاڵەکاندا کە منداڵانی جەربەزە، سەرچە و مەترسیداری دەدایە ئەو شونانەی سەر بەکیشن و ئە ناوچانەی کە گروپن و بە گشتە

ناسراون،
فیلمەکە باس لەوە دەکات کە مامۆستایەکی ژن ناچاربوون لەگەڵ کۆمەڵێک خوێندکاری تووندوتیژی ئامادەیی کاربکەن کە بەردەوام ململانێیان، ئەو دامەزراوە پەروەردەییەی کە قەدریان نازانێت و هیچ نیازێکی نییە وەبەرهێنانیان تێدا بکات، پشگوێ خراون. شانگەزی خوێندکاران بە شێوەی جەراوجەر تەنها لە دژی مامۆستایەکی هەروەها گەرژی لە نێوان خوێندارانەدا، لە نێوان گروپە نەتەوەییە جیاوازەکانیشدا هەیە.
پاڵەکە لە (ئیسپانی، ئەفریقایی-ئەمریکی، ڕۆژهەڵاتی) پێکهاتووە. هیچ شتێک پێکەوە نایان بەستێتەوە.
لێرەدا دەرهێنەر نوسەری فیلمەکە و تەنانەت خاوەنی بیرۆکەکەش ئەرین گورەل پێنا دەبێنەوە بەر چەمکی سیسیە مەتری لای مەرینە، باشترین شت ئەمە کە لە چەمکی سیسیەمەتری جاکەپ مەرینە بگەین بینینی ئەو فیلمەیە.

مامۆستا وەک پارچە گڕێکی تەنکی شکاو پارچە شکاوەکانی خوێندارانی هەڵدەگرێتەوەو پێکیانەوە دەنێتەوە، سیسیەمەتری خوێندکاران بەم شێوەیە پیشان دەدات کە بەراوردیان دەکات کە (دایک و بابی مردووە، کە خزم و کەس و کاری بە کارە، کە خوشک و برای دەستگیر کراوە، چەند کەس لە پێکدادانی باندەکان کەسی نزیکی لە دەست داوە، کە لەسەر یاسا شکێنی دەستگیر کراوە؟) کە سەر بە هەمان نەتەوەیە، کە مافیان لەیەک گەڵەکە، کە لە یەک کیشوەرەوە هاتوون. سیسیەمەتر خوێندکارەکان چەند شتێکی هاوبەشیان هەیە. ئەقڵی هاوبەشیان لە دروست دەکات، دەکەونە دەزینەوە شتی هاوبەش لەگەڵ یەکتردا، پاشان دەزینەوەی جیاوازی.
ئەم بەراوردکردنەی سیسیەمەتری دەبێتە بنەما بە دروستکردنی پەیوەندی سەزداری نوێ و گەڵان بەدوای زانیاری ڕاستەقینە لە نێو منداڵانی قوتابخانەدا، کە لەوەو دەست پێدەکەن
ساتێک بە هاوکاریکردن لەسەر بابەتکانی بەرژەوەندی هاوبەش، لەوانەش نووسینی داهێنەرانە. لێرەدا کە باسی سیسیەدراما کرا، ئەی سیسیە دراما چیە؟
سیسیەدراما شێوازێکی نەرم و نیان بە کارکردن لەگەڵ تاک و گروپەکان و پشکنینی ئەو سیستەمە جیاوازانەی تێیدا دەژین و کاری تێدا دەکەن، گرنگی کاری سیسیەدراماتیک لەسەر پەیوەندییەکانی ناو تاکەکانی ناو گروپ ، پەیوەندی گروپەکان لەگەڵ گروپەکانی تردا و هەروەها نێوان گروپ و پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگایە. ئەمەش لە ڕێگەی تەکنیکە چالاک و داهێنەرکانەوە دروست دەبێت کە بەشداربووان

سەرقاڵی کارکردنی هەردوو جەستەیی و ڕۆحن. بە پێچەوانەی سایکۆدراما کە گرنگی بە تاک و کێشە ناو دەروونییەکانی دەدات، تەرکیزی سەیکۆدراما لەسەر گروپە بەگشتی.
زۆر گرنگە بزانین ئەمە چۆن سەیری یەک دەکەین، چ تێوانینەکمان بە یەکتری هەیە، چ ڕێکەوتنامان پێدەدرێت کاتێک دەچینە کۆمەڵگایەکی گەورەترەوە. هەندێک جار پێدەچێت هەمان کێس تەواو هەمان کەسایەتی خۆی وەربگرێتەوە، بەڵام بۆچی؟ ئەوە چیە کەوا دەکات مرۆڤ هەست بە دڵنیای بکات، زیاتر بیت، بەدەستهێنانات بیت یان گۆڕج و نەدیوبدی بیت لە کۆمەڵو یەکێتیەکانەدا؟ ئەم پرسیارانەیە کە بنەتە هەی سەیکۆمتری بەردەوام بەکار دەهێنرێت و پڕی پێدەدرێت.
سەیکۆمتری میتۆدێکە بە پێوانەکردنی هەموو جۆرە پێوەندیەکی کۆمەڵایەتی بەکاردێت، یەکێکە لە میتۆد و لێکۆڵینەوەکانی مرۆڤ لە بارەی کۆمەڵناسیەوە، ئەو دەیوستە ڕێگەک بدۆزێتەوە کە لێکۆڵینەوە لەو بکات کە پێوەندی نێوان خێزانێتی ڕەحمی (باشبوونی دەروونی) و سترکتوری مرۆڤی کۆمەڵایەتی چنە. ئەو خاڵە کاتێک پێناسەی سەیکۆمتری دەکات بە لێکۆڵینەوە لە گۆشەندن و ڕەکخستن لە نەو کۆمەڵە جیاوازاکاندا باسی دەکات، هەروەها چۆن تاک سەیری ڕۆڵی خۆی دەکات لەناو گروپدا. لێرەگەی سەیکۆمتریەوە مرۆڤ دەتوانێت شەوە هەیکەلی گروپەکانمان لا ئاشکرا بێت، چونکە لەدەرەوە ڕا بینینی گروپ شتەکان شاراوەن ونابینرێن. لە ژێربانی ئەو گروپانەی کە سەرهەڵدەدەن، ڕۆڵکەوتنی ئایدیەلژیانە هەیە، کە بریاردەرو ناوەند بێت، پێیامانی ژێربژێر و شارە هەن.
کرداری سەیکۆمتری بریتیە لەوەی کە بە پشت بەستن بە چ مەرج و پەوەرێکی جیاواز یەکتری هەڵدەبژێرین. ئەوەش دەتوانێت ئاگاهی وشیاری فەردی زیاد بکات بەرامبەر بەو بژاردانەی هەیدەبژێرین. ئەمە لەگەڵ هەوەستی هەڵبژاردن و تەنگی و دوێیان و جەراوجەر کاردەکەین بە ئەوەی بزانین تا چەند خەمان چالاکانە هەوەستێک دەگرینە بەر و بەرپرسیارێتی لە ژیانماندا دەگرینە ئەستە بە ئەوەی خەمان لەو قسە هەڵبەستراو و بە مانایە بەدوور بگرین کە دەڵێت "شتەکان تەنها ووددەن و من لە هیچ تێناگەم". ئەوەش تەواو ڕێک وەک فیلمەکە کە دەسەڵاتدارانی پەروەردە هیچ دەربەست نین بە گۆڕانکاری لە فیلمەکەداو دەڵێن، ئەرە خۆی هەروایەو چاک نابێت بڵێ هیچ سەرمایەگوزاریەکی تێدا ناکەن. هەروەها پێیوندی بەوەوە هەیە کە مرۆڤ جۆگایەک بدۆزێتەوە لە ناو کۆمەڵ و گروپەداو لێکۆڵینەوە لەو بکەیت و تێبەوانیت کە بە چ شتێک بەوانەوە دەمانبەستێتەوە، چۆن پێیوندیم پێیانەوە هەبێت، کە بەو شێوەیە بیرمان کردەوە نەرم و نیانیانمان زیاد دەبێت ڕۆحی گونجاندنمان

پەرە پیددەین. هەموو دەخ و هەوەستەکی هەبژاردن پەیوەستە بە "لەرە و لە ئەستادا" لەسەر پەوەرەکی دیاری کراو جەبەجە دەکرەت.
سپەکترەگرام: کاتەک بە پەی پەوەرەکان بوونی تە لەویدا هەیەو بە گویرەی پەوەرەکان دوور و نزیکیت لە سەنتەرەوە کە سەرکەردەی لەیە، سەرکردە وات لەی دەکات کە بەگە بەهەنیتەوە لەوەی کە چەند لە ناوەندی گروپەوە نزیکیت. بە پەی ئەو پیوەرانە.
لەکەگرام: وجودی تە پەیوەستە بەوەی لەچ گروپەکدا هەیت.



هەوەندی سیاسیی هەرەمی کوردستان لە پەیوەندیدا بە

خەباتی چینایەتییەوە.. موئەیەد ئەحمەد

خەباتی سەربەخۆی چینایەتی کرێکاران بە چ مانایەک؟

بە شیوەیەکی گشتی، هێزەندی سیاسی هەم لە هەرێمی کوردستان و هەم لە سەرتاسەری عێراقدا، لەدەرەوەی کاریگەری و دەخالەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ستەملێکراون بەیەوە ئەچێ، چونکە جومگە سەرکییەکانی ژیانی سیاسی کۆمەڵگە و دەسەڵاتداریەتی و دەوڵەتبەیوبردن و ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانیش، قۆرغکراوی دەستی حزب و هێزە بورژوا ئیسلامی و قەومی و نیولیبرالەکانن. ئەمش هۆنگدانەوەی پلەیەکی دیاریکراوە لە هاوسەنگی هێز لەنیوان چینەکان کە لە بەرژەوەندی بورژوازی و ژێمەکەیە لە ئیستادا، و هێروهها نیشاندەری دوورخستنەوەی چینی کرێکار لەم داینامیزمە سیاسییانەی کۆمەڵگە، بەزەبری سەرکوت و کاریگەری ئایدیۆلۆژی و سیاسی ناسیونالیزم و ئیسلامیزم و نیولیبرالیزم لە سەر ئەم چینە و خەباتی.

بەڵام ئەو واقیعە بەو مانایە نییە کە چینی کرێکار و تەیژە چەوساوەکان، دەستبەرداری خەباتی ئابووری و سیاسییان بووبن، و یان بورژوازی دەستبەرداری چینی کرێکار بووبێت، و سیاسەت و ئایدیۆلۆژی خۆی بەدوور لێیان و تەنها لەناو چواردیواری کۆشمەکۆشکانی دەروونی کەمپی بورژوازی و هێوت و هێزسیاسییەکانیدا قەتیس بکات.

کرێکاران و تەیژە نەدار و زەحمەکێشکان لە عێراقدا، بەهەرێمی کوردستانیشەوە، وەک هەر وڵاتێکی سەرمایەداری دیکەی جیهان، هەمیشە لەناو سیاسەت و داینامیزمی کۆشمەکۆشی چینایەتیدان، چونکە، لە لایەک، خەیان سەرقاڵی خەباتی ئابووری و سیاسیین بە باشترکردنی ژیانیان و هەلومەرجی کاریان و بەدەستهێنانی بژێویەکی باشتر، وهێروهها بە پتەوکردنی ڕێزی خەباتیان و بەئاکامگەیاندنی ئامانجی سیاسییان، و لە لایەکی ترەوە، بورژوازی ئێیانهێنەتە ناو بازنەی سیاست و هێوەندە سیاسییەکانەوە.

ئەوە ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرە کە نەینەرانی سیاسی و فیکری بورژوازی و ژێمەی ئەم چینە هەردەم کارئەکات لەسەر چینی کریکار و زەحمەتکێشان، و خەریکی مشغوڵکردنیانە بەکاری سیاسییەوە، بەڵام بە جێبەجێکردنی ئامانجە سیاسی و ستراتیژیەکانی خۆی وەک چینی

دەسەڵاتدار. لە بارودۆخی ئاسایی و نەرمال و جەنگیریی تێژایی دەسەڵاتی بورژوازیدا، ئەو بەووونی بەدیئەکرێت کە چەن نوێنەرانی بورژوازی لە هەوڵی بەشداریپێکردنی کرێکاراندان لە پرۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردنەکان، ڕێفراندۆمەکان، و یان سەرقاڵی ئەندامگیرین لە نیوانیاندا و پێوەستکردنیان بە حزب و تەشکیلاتی و فیکری و سیاسییە جەراوجەرەکانی خۆیانەوە. ئەمە جگە لەوەی کە سوپا و هێزە چەکدارەکانی دەسەڵات بەپلەی سەرەکی لە تێژە جەراوجەرەکانی پرۆلیتاریا پێکهاتوون، و سەربازەکان لە ژێر فەرمانی ئەفسەر و ئەبەر و دەستوودایرەی ژیم و چینی سەرمایەداراندان، و لەکاتی کەشمەکەش و جەنگی دەوڵەتییدا یان شەر و پێکدادانی نیوان لایەنگانی بورژوازیدا، ئەو هەر پرۆلیتاریا و زەحمەتکەشان و چەوساوەکانن کە بە پلەی سەرەکی ئاپێچ ئەکرین بە ناو دەزەخی جەنگ، هەر ئەوانیشن کە زەربەی کارەساتە ئینسانی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی بورژاوزی لە فەرمی جەنگدا ئەشکەنێتەوە بەسەریاندا.

لەناو ئەم بارودۆخ و هەوڵەندانەدا و بەشیوەی جەراوجەر خەبات و کەشمەکەشی جەماوەری کریکاران و چەوساوەکان بەووی شکاندنەوەی باری قورسی هەوڵەندە سیاسی و سەربازی و کۆلتوریەکان بەسەریاندا، بەردەوام، بەڵام، لە هەمانکاتدا ئەو واقعییە کە چینی کرێکار و تێژە کۆمەڵایەتییەکانی؛ زەحمەتکەشان، ژنانی کرێکار و ستەملێکراو، گەنجانی بێکار، هەر لەسەرتاوە لەژێر ئەفی مەجبوریی ئابووریدان و پێویستیانە ژیانی ڕۆژانەیان بەڕێبکەن. هەر بەم پێیەش لە ژێر ئەفی مالکیەتی ئیحتیکاری سەرمایە و دەوڵەتدان بەسەر سەرچاوەکانی بژێوی ماددی ئینسانەکان و پرۆسەی کار و ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا، و وەک کێلەی هاوچەرخ و دیلکراوی سیستمی سەرمایەداری دژە ناو هەوەندی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و کەشمەکەشە جەراوجەرەکانی کۆمەڵگەوە.

سیاسەت و ترادسیۆن و پراتیکی سیاسی، کۆلتور و فیکر و ئایدیا و موراڵەکان و بەهاکان هەر لەسەرتاوە مەرکەی چینایەتییان لەخۆگرتووە، و جیاناکرێنەوە لەم دابەشبوونەی کۆمەڵگە بە دارا و نەدار، پرۆلیاریا و بورژوازی، و دابەشن لە ستراکچەری ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە و پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی. هەر بۆیە مەرکی چینەکان و خەباتی چینایەتی سەبەری خۆی ئەکەشە بەسەر پانتایی هەوەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژی و کۆلتوری کۆمەڵگەدا، و هەردەم ئەم مەرکە چینایەتییە دووبار بەرهەم ئەهێنرێتەوە.

هەر لەم ڕاستایەشدا، ئەو ئاشکرایە کە چینی کرێکار و تێژە کۆمەڵایەتییە ستەملێکراوەکان، بەتەنیا نین و لە بەشایدا ناژین،

بەکو لەناو کۆمەڵگەدان و لەناو فۆرماسیۆنکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سوپەرستراکچەرکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و حقوقی و کولتوریدان، و بە بەردەوام لە لکەوتدان لەگەڵ چین و تێژکانی تری کۆمەڵگە لە بورژوازی و وردە بورژوازی. هەر وەک لینین ئاماژەی پێداوە دیوارکی ئاسن نییە لە کۆمەڵگەدا لە نێوان چینکاندا، هەروەها، مارکس لە پەرتووکی "ئایدیۆلۆژی ئەڵمانی" دا ئەڵێ: "بیروباوەڕە زاڵەکانی ناو کۆمەڵگە بیر و باوەڕکانی چینی دەسەڵاتدارە"، وە ئەنگەزیش جەخت لەسەر خەباتی تیوری وەک لایەنکی خەباتی چینایەتی سەربەخۆی کرێکاران ئەکات.
کاتێک باس لە بەرجەستەبوونی خەباتی سەربەخۆی چینایەتی کریکاران ئەکەین، باس لە پرسەی سەرهەڵدان و چوونەپێشەوەی ئەم خەباتە ئەکەین، واتە باس لە پرسەندنی ئەکەین لە دەروونی هەموو ئەو دینامیزم و کەشمەکەشە سیاسی و ئابووری و فیکریانە و ئەو ڕێکەوتە چیانیەتیانەدا لەسەر ئاستی کۆمەڵگە، و هەر بوونیش باس لە ڕەچاوکردنیان ئەکەین لە بەرنامە و ئەجیندە و پراتیکی کۆمۆنیستیدا. هەر بۆیە جەختکردن لەسەر ئەو ئەرکە بنەڕەتییە کۆمۆنیستییە کە مەسەلەی گرنگ بە چینی کریکار و ئینسانی زەحمەتکەش بۆئاکامگەیاندنی سەربەخۆیی سیاسی چینایەتییەتی و بەرەوپێشبردنیەتی بەدژی سەرمایە و سەرمایەداری، وەک گشتێک و کۆمەڵگەیەک، و وەک سیستم و سترکچەرکی ئابووری – کۆمەڵایەتی، سیاسی و فیکری و بە ئاڕاستەی ڕزگاربوونی کۆتایی لە کۆتوبەندی سیستمی چینایەتی کۆمەڵگە.
بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی ئەم چینە هەردەم لە هەوڵی بەدەستهێنانی ئەم سەربەخۆییە چینایەتییەی کرێکاران و زەحمەتکەشاندایە، بەڵام ئەنجامدانی ئەم ستراتیژە لە سەر شڤامکی ڕاست و قیرتاوکراو بەرەوپێش ناچیت، بەکو بە هەڵەند و هەوڵندکی هەمەلایەنەی پێ لە کەشمەکەش بەرەوپێش ئەچیت.
ئاشکرایە سیاسەت و پراتیکی سەربەخۆی چینایەتی کرێکاران و نەداران بە دیماگۆجی و هستەی شۆڕشگەڕانەی دوور لە بزووتنەوەی کرێکاری و خەباتی زەحمەتکەشان بەدینایەت، بەکو لەناو جەرگەی ئەم بزووتنەوە و خەباتەدا و لە ململانێ بەووی ئایدیۆلۆژی و تیۆری و سیاسەت و پراتیکی چینکانی تردا بەدیدەت. هەربەم پێیش ئەنجامدانی ئەم سەربەخۆییە وەڵامی چینایەتی کرێکارانە بە کێشە ماکرۆکانی خەباتی چینایەتی و مەسەلە سەرکییەکانی کۆمەڵگە و چارەنوسی لە هەموو وەرچەرخان و پێچوپەناکانی پرسە و هەوڵندی خەباتی چینایەتیدا. ئەمانەش هەمووی یانی ئەنجامدانی ئەم سەربەخۆییە چینایەتییە خەی لە خۆیدا مۆژوویکی زیندووی نەپچڕاو و گشسەندووی پکهێنابێ.

ئایدیۆلۆژی بورژوازی و خەباتی سەربەخۆی کرێکاران

بورژوازی و وردە بورژوازی، و هەروەها ڕۆشنبیرانیان، بە هەزار و یەک شێوە، لەهەوڵی ڕاگرتنن بۆ کریستاڵیزەبوونی ئەم سەربەخۆیی سیاسی – چینایەتی و فیکرییەی کرێکاران لە ڕاگەی جەراوجەرەوە لەوانە: پروپاگەندە و هەنانەوەی بۆبیانوی پوچ و فەرمانی تیری ئاماژ و سەرگۆڕکەر بۆناوی بەرگری لە تاک، بەناو بۆ بۆکارهێنانی تیری تاکگەرایی بورژوازی کە لەسەر ئەنتی-تەزی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگە و پچراندنی تاک و کۆمەڵگە لە یەکتر داڕێژراوە، ڕەتکردنەوەی هەبوونی چینەکان و کێشمەکێشی چینایەتی، جەگرتنەوەی چین بۆ ملتیتیود (حەشامات)ی سەروو چینایەتی، پروپاگەندەی نەبوونی شتێک بۆناوی گەرانکاری سۆشیالیستی و ئایدیاڵی کۆمۆنیستی، و گاڵتەجاری بۆ ئەجیندەی گەورەی کۆمەڵایەتی و گەڕانکاری شۆشگێڕانەی سەرجەم ستەرکچەری کۆمەڵگە و سیستەم، و هەر لەم ڕاستایەشدا، پاکانە بۆ هەر شتێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی دابەڕاو لە ناوەڕۆکە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکەی، لەوانە پیاهەڵخواندان و ستایشی ئایدیۆلۆژی ناسیونالیزم، سۆکیولاریزمی بورژوازی، نیو لیبرالیزم، دیمکراسی بورژوازی و پەرلمانی، سیاسەت لەسەر بنەمای شوناس و دەوڵەتی مەدەنی، ئەم سەرباری ئایدیۆلۆژی کۆنەپەرستانە و دیلهێنەرانەی دینی و ئیسلامیزم.

هەر لەم بارەیشەوە بەرخستنی پروپاگەندەی ژهراوی بەدژی ڕۆکخرابووەنی حزبیی پرۆلیتاریا بەبیانوی ڕاگەگرتن لە دووبارەنەبوونەوەی ئەزمونی دکتاتۆریەتی ستالینیزم و ماویزم و سەرمایەداری دەوڵەتیی سۆفیەت، و بەمجۆرەش هەوڵ و تەقەلا بۆ بەبەشکردنی کرێکاران و ئینسانی چەوساوە و ستەملێکراوی کۆمەڵگە لە دەستاگەیشتنیان بۆ ئامانجی حزبی و ڕۆکخراویی خەباتی سەربەخۆی خەیان، و ئەمانەش بۆ ئاوەژی شەقام و شار و کارگە و خەبەندگاکان چۆبن بۆ هەمبازی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و پراتیکی حزب و هێزکانی چینی دەسەڵاتدار و یاریکردن بە ژیان و چارەنوسی چەوساکان و سەرجەم کۆمەڵگاوە.

ناکامییەکانی ژەمی بۆرژا ناسیونالیستی کورد و مەسەلە زیندووەکانی خەباتی چینایەتی

ڕەخنەی ڕادیکاڵ و شۆرشگێڕانە لە سەرجەم بارودۆخی سیاسی کوردستان و دۆرخستنی ناکۆکییە بنچارەسەرکانی ژەمی بورژا ناسیونالیستی کوردی و هەردوو حزبی دەسەڵاتدار، و ناکامییەکانی قۆناڕی سیاسی و ژەمە گەندەڵ و سەرکوتگەرە میلیشیایەکەی، هەروەها ڕیسواکردنی هاوپەیمانیی ئیسلامی سیاسی و ناسیونالیزم لەم ژەمەدا، و ڕەلی دژە

شەرشی هەزەکانی ئۆپۆزسیۆنی دەرون- ڕژێمی نیولیبرال و قەومی، و ڕێسواکردنی پڕۆپاگەندەی کۆنەپەرستانەی قەوارەی هەرێمی کوردستان و ڕژێمەکەی و هەردوو حزبی دەسەڵاتدار (پارتی) و (یەکگرتی) بەهەزە ئیمپریالیستەکان و دەوڵەتە سەرکوتگەرەکانی ناوچەکەو، هەموو ئەمانەت کار و ئەرکێکی گرنگن لە ئاستای خستنەڕووی ناکۆکییەکانی هێزەندی سیاسی ئەم قەوارەیە و دژایەتیی لە بەرامبەر بەرژەوەندی زەربەی دانیشتوانی هەرێمدا.

بەڵام باسکردنی ئەمانەت بەبێ دەستنیشانکردنی گۆڕەپانی دژەکە و کۆشەی ئاسۆیی کۆمەڵگەی کوردستان کە وێڕای مەدانەوەیە بۆ کۆشکانی بەردەم هێزەندی بەرەوپێشچوونی خەباتی چینایەتی کرێکاران و نەداران، تەنها ئەبێتە خولانەوە لە بازنەی ڕەخنەگری لە هەمان ئەو واقعەی کە هەیە و ئەو هێزەندە سیاسییەی کە زاڵە لە کوردستاندا، بۆ واتایەکی تر ئەبێتە گیرانبەدوای چارەسەر بۆ باری ناهەمواری کۆمەڵگە لە دەرەوەی خەباتی چینی کریکار و تێڕەی زەحمەتکێشکان و بەرەوپێشچوونی خەباتی چینایەتی سەربەخۆیان.

دەرچوون لەو بارودۆخە نائاسایی و کارەساتبارەی کە کۆمەڵگەی کوردستان دەرگیریبووە بۆ خەی مەسەلەیەکی چینایەتییە و زیاتر لەهەر کات ئەنجامدانی ئەم وەڵام و ڕێگەچارە چینایەتییە بوونە پەداویستیەکی ئەمرۆ و پێویست بوونەوە بۆ وەڵام بە ڕێگریەکانی بەردەم پێشڕەوی خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و نەداران. هەر کەسێکی ئازادیخواز و بۆ پەرەشی یەکسانی و عەدالەتخوازی و هەر کرێکاریکی کۆمۆنیست و ئازادیخواز کە بۆ دوای فەراهەمهێنانی ئاوگۆڕی شۆڕشگێڕانە و پێشکەوتنخوازنەوەیە لە هەرەمدا ناکرێ خەی لەم فاکتە چینایەتییە بەدووربگرێ. وەڵام بۆ کۆشکانی کۆمەڵگەی کوردستان گرێدراوەتەوە بۆ وەڵام بۆ کۆشە و بەربەستەکانی بەرەوپێشچوونی خەباتی چینایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان، و ژنانی کریکار و ستەملێکراو، و گەنجانی بێکار و ئازدیخواز.

هەموو تێیفی (سپێکترەمی) بزووتنەوە و حزب و ڕێوتە بورژوا ناسیونالیستەکان بە ڕادیکاڵ و مەدەنیانەوە، بە سێکیولار و دینیانەوە، لە دەسەڵاتدا بن یا لە ئۆپۆزسیۆن، هەردەم ئەم فاکتە چینایەتییە بە هەزار و یەک شیوە پەردەپۆش ئەکەن، و بە سروشتی لەناو پراتیک و سیاسەت و تیۆری بورژوا ناسیونالیزم و ئایدیاڵەکانی و ئامانجەکانیدا بەدوای چارەسەری ناکامیەکانی دەسەڵاتی ناسیونالیزمدان و ئیتر پاساو بۆ دوژمنکاریەکانی بورژا ناسیونالیزم و ڕژێمەکەی ئەکەن لە بەرامبەر ئینسانی کرێکار و چەوساوەی کۆمەڵگەدا.

مەسەلەی نەتەوەیی کورد و خەباتی چینایەتی کرێکاران

لێرەدا من ناچمە سەر باسی مەسەلەی قەومی لە کوردستان و شێوەی چارەسەری ئەم مەسەلەیە وەک کێشەیەکی سەرەکی کۆمەڵگە و کاریگەریی لەسەر شکاندنەوەی پارسەنگی هێزی چینایەتی بەڵای ناسیونالیزم لە هەرێمدا، و ناچمە سەر لێدوانی ئاوەی کە بزووتنەوەی سۆشیالیستی کرێکاری چ ستراتیژێک ئاگرتەبەر بۆ چارەسەریی، چونکە ئەمە باس و خواسێکی تر هەڵئاگرێ، بەڵام لێرەدا زەرورە بەکورتی ئاماژە بەوە بدەم کە لە بەرامبەر کێشەی قەومیی کوردییدا کە لە پرەسەیەکی مێژووییدا شکڵی گرتووە، ستراتیژی پرۆلیتاریای سۆشیالیست لە بەرامبەر ستراتیژی بورژوا ناسیونالیستی هەم مەرکەز و هەم هەرەمدایە و وەک دوو لایەنی بورژوازی یەک سیستەمی چینایەتی سەرمایەداری ئایانناسە، کە بریتیین لە بورژا ناسیونالیستی کوردی و بورژوا ناسیونالیستی عەرەبی، و لەسەربنەمای پاراستنی بەرژەوەندی خەباتی چینایەتی و ئامانجی سۆشیالیستی و ئینتەرناسیونالیستی چینی کرێکار لە سەرتاسەری عەراقدا بەدوای چارەسەری ئەم مەسەلەیە، هەر ئەمەش کە ئەتوانێ ببێگە بکاتەوە تا دانیشتوانی هەرێم ئازادانە بریاربدەن لەسەر جۆری ئەو نیزامە سیاسییەی کە ئایانەوێت لە کوردستاندا بەرقەرار بێت، لە ناو عیراقدا بێت یا لە دەرەوەی.

تێزی دیموکراسی کۆنفیدراڵی ئەجڵان هەر چەندە چوارچێوەی مەدەلی کلاسیکی بورژا ناسیونالیستی کوردی بە پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بەجۆرێک تێپەڕاندووە، بەڵام لە دوا شیکردنەوەدا ئەم تێزەش هەر لە چوارچێوەی ئاسای نەتەوەیی و تیوری سەرووچینایەتیدایە و کارەکی بەسەر وڵانانی ستراکچەری چینایەتی دژبەیەکی کۆمەڵگاکانەوە نیە هەر بۆیەیش کۆتە بەرامبەر ستراتیژی چینایەتی پرۆلیتاریای سۆشیالسیت بۆ چارەسەری کێشەی قەومی.

هێواستی بەشێک لە کریکاران و زەحمەتکێشان، لە پێوەند بە بودجەوە

دەستپاتی بورژوا ناسیونالیستی کورد و دوو حزبە میلیشیایەکەی بەگرتنەبەری سیاسەتی سەرمایەداری نیولیبرالی ئابووری، و فراوانکردنەوەی هەرچی زیاتری گەندەڵی و تاڵانی، و بەرخستنی پرۆژەی شکستخواردوی بونیاتنانی "ئابووری نەتەوەیی" و دەستبەرداربوون لە پێشکێشکردنی خزمەتگوزاری گشتیی تەندروستی و خوێندن و خزمەتگوزاریەکانی تر، پشتی چینی کرێکار و نەداران و گەنجانی کچ و کوڕی بێکاریان شکاندوە. ئەمە سەرباری ئاوەی کە دەستپاتی و هێرشکانی، سەرکوتیان ئێکەن، و ئاپەرین و

خەپیشاندانەکانیان بە وەحشیانە دادەمرکێنێنەوە، و موچەکانی کرێکاران و کارمەندان ئەبڕن، و هەوڵوتەقەڵاکانیان بە خۆڕکخستن و سەندیکا پێکهێنان قەدەغە ئەکەن، و فشاری ئابووری لەسەر جەماوەری بەرینی دانیشتوان تابڕت تونددوتیژتر ئەکەنەوە بە چەندەها باجوخەراج، و بەرزکردنەوەی نرخی بەنزین و نەوت و چەندین فشاری ئابووری تر، ژیانیان هەرچی سەختترئەکەن، کەچی هەشتا هەموو کەمپی بورژوازی بەهەمان ئاسە و تیەری و سیاسەتی بورژوازی ناسیونالسیتی و ناسیونال ئیسلامی دێنەسەر باسی چارەسەرکردن. هەربۆیە ئەوانیش، واتە بورژوازی و نێنەرانی سیاسی ئەم چینە، ئەو ڕاستییە ئەسەلمێننەوە کە لە دیدگای بەرژەوەندی چینایەتی خۆیانەوە سەیری کێشەکانی کەمەگەی کوردستان و چارەسەریان ئەکەن.
شانبەشانی سەرهەڵدانی جموجووڵی کرێکاران و کارمەندانی بەشەکانی تری عێراق، لە کاتی ململانێی لایەنە سیاسیێکان و پەرلەمانتارەکانیان لەسەر بوجە و دابەشکردنی، کرێکاران و کارمەندانی هەرێم جارێکی تر هاتنەوە دەنگ لەسەر مووچە بەاوەکانیان، و هەروەها بێکاران و لاوان و جەماوەری ناڕازی لە دەسەڵاتی هەرێم کەوتنەوە دەربەینی بێزاریان بەدژی هەژاری و بیکاری و گەندەڵی.
لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم شەپۆلە لە بێزاری و تووڕەیی جەماوەر لە هەرێم شکێیگرت، بەڵام چێشنی زۆربەی جارەکانی تر، هەم تێبلیغی ژەهراوی ناسیونالیستانە و ناوچەگەریانەی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار (پارتی و یەکێتی)، و هەروەها پڕوپاگەندەی هەڵخەڵتێنەرانەی بەرژوا ئەپزسیۆنی چێشنی (نەوەی نوێ) و (حزبە ئیسلامیێکان)، و لەسەرووی هەموشیانەوە بەهەکاری پڕژوبەاوی ێزەکانی خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان، نەگەیا بە بزوتنەوەیەکی جەماوەری کاریگەر.
ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبدەم لیرەدا، ئاستی ئەم بێزاری و تووڕەیە بە شێوەیێک بوو کە، وەک جارانی پێشوو، بەشێک لە کرێکاران و کارمەندان و بەهەژارکراوان بەووڕەیی باسیان لە کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ناسیونالیستی کوردە بە سەر ژیان و بژێوی و چارەنوسیانەوە، و داواکاری ئەوەن کە دابەشکردنی موچە، و تەنانەت بەشی بودجەش بە خزمەتگوزاریێکان، ڕاستەوخۆ لە لایەن حکومەتی ناوەندییەوە بیت، و ئەمە جگە لە کەمەڵ داوکاریکی تر کە مانا کرداریێکەی کەمکردنەوەی دەور و نەخشی سیاسی هەرێمە وەک حکومەتێکی فیدرال.
لە واقعدا، ئەم دیاردەیە شێوەی ناڕەزایەتی دەربەینی بەشێکی کرێکاران و بەهەژارکراوانی هەرێمی کوردستانە کە ئەیانەوێت هەر

چۆن بەت هەندی لە ئازاری برسێتی و نەداری و بیکاریان کەمبکەنەوە، دیارە پاش بەئەمیدیان لە فەرزکردنی هەر ڕیفورمێک بەسەر دەسەاتدا لە هەرەم. لەم نەوەدا (یەکێتی) بەشکی ئەم ناڕازایەتیانەی لە قاڵبەدا بە بەرژەوەندیەکانی خۆی و کەشمەکەشکانی لەگەڵ (پارتی)دا بەنام ئەمە هەموو چیرۆکێکە نیە چونکە ناڕازایەتیەکان فراونترن لەوەی ئاوا ئامبکرێن. لە ئاستیدا، ئەم جۆرە ناڕازایەتی دەربڕین و داواکارایانە شێوەیکی دیاریکراوی دەخاڵەتکردنی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشیانە لە دەرەوەی بازنەی کاریگەریی ئایدیۆلۆژی ناسیۆنالیزم، هەروەها گەیانە بەدوای وەنام لە دیدگای سەربەخۆی چینایەتی خۆیانەوە.
لە کۆتاییدا، ئەبینین کە دوو وەنامی چینایەتی جیاواز ئەدرێتەوە بە ڕیگەی دەرچوون لە بارەدۆخی ناهەمواری کوردستان، وەنامی پرۆلیتاریا و وەنامی بورژوازی. ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبدەم ئەوەیە کە وەنامی بەشیک لە چینی کرێکاران و نەداران و زەحمەتکێشان هەشتا نەیتوانیوە هەوەستی چینایەتی خۆی بە دوور لە هەردوو کەمپی بورژوازی، واتە دەسەاتی هەرەم و ناوەند نمایش بکات. ئەویش لە بەر ئەوەی هەشتا چاوەنیی هەیە لە بورژا ئیسلامی و قەومی دەسەاتدار لە عێراق کە یارمەتی بدات لە بەرامبەر ناسیونالیزمی کورددا. ئەمە لە کاتێکدا کە چینی کرێکار و تەژە کەمەایەتیەکانی، بەر لەهەر شتێک پێویستیان بە یەکخستنی ڕیزەکانی خەباتی خۆیانە لە کوردستان و هەم لەسەر ئاستی عیراق بە ئاسەی چینایەتی و ستراتیژ و سیاسەتی سەربەخۆی خۆیانەوە، و بەدیهێنانی هاوخەباتی یەکگرتوویان بە ڕزگابوون لە سیستمی سەرمایەداری و ژەمەکەی هەم لە هەرەمی کوردستان و هەم لە عێراقدا، و هەنگاونان بەرەو بونیاتنانی کەمەگەیەکی بە چین و ئازاد و یەکسان.

۲/۷/۲۰۲۳

کاتی هاتووە، دەستەکان ببن بە

تیشک.. ڕۆگار شێخانی

وەرگێڕی خۆشەویستی: تەرجەمەی ئەدەبی سوێدی بۆ زمانی بێگانە ـــ ئەکادیمیای سوێدی ۲۰۱۸

ـ کاتی هاتووە، دەستەکان ببن بە تیشک ـ ئەمە دوادێڕی شیعری (کۆتا) ی دەشاد عەبدوڵایە لە دیوانی ـ **کات زۆرە، بەڵام چی لە کات بکەم** ـ کە لە سەردەمی پەتای کۆرۆنادا بە یادی ـ پاول سێلان ـ ـەوە (۱۹۲۰ ـ ۱۹۷۰) نووسیوێتی.

پاول سێلانیش شیعرێکی بەم ناوەوە هەیە، کە شیعرێکی خۆشەویستییە و بە ئینگلیزی باخمانی نووسیوە. باخمان لە نەمسا لە دایک بووبوو. باوکی ئەندامێکی چالاکی نازییەکان بوو، سێلان پێش پەناهەندەیەکی جووی ڕوومانیا بوو. باخمان لە ڤیێنا دەژیا، لەوە بەشی فەلسەفەی دەخوێند و خەریکی نووسینی دکتەرانامەکەی بوو لەسەر هایدگەر و هەر لە کۆگەی ئەویشەوە سێلان ئاشنای فیکری هایدگەر دەبێت و دەست بە خوێندنەوەی بەرهەمانی دەکات و پاشان دەبن بە هاوڕێی یەکتر.

من ئەم دەقەم (**کاتی هاتووە، دەستەکان ببن بە تیشک**) کردووە بە ناونیشانی بژاردەی شیعرەکانی دەشاد عەبدوڵا بە سوێدی و شیعرەکەیشم وەک دوا شیعری بژاردەکە داناوە. واتە، بژاردەکە بە هەمان دەقشیعر دەست پێ دەکات و کۆتایی دێت.

ناونانی بژاردەکە بەم ناوەوە ـ **کاتی هاتووە، دەستەکان ببن بە تیشک** ـ لای من هەڵەندی ئەدەبی، زمانەوانی و سیاسی هەیە.

سەرنجی وشەی کات Tid لەسەر بەرگی کتێبەکە بدە، کە بە تیپی گەورە نووسیومە، بەڵام بە هێنووسی ستاندارد بە تیپی بچووک دەنووسرێ. لەڕدا کات وەک شتێکی ئەبستراکت نامێنێت و ئەم (کات) ـە ئەبستراکتە نییە کە ئەمە لە ناویدا دەژین. نا، لەڕدا کات دەبێت بە بوونەوەرێکی زیندوو و هاڵی دەبێت. کتێبەکە هەر لە سەرەتاوە سەرنجی خوێنەر بە وشەی کات ڕادەکێشێت.

ئەم بەبوونەوەرکردنەی شتی ئەبستراکتی وەک کات، لە شیعردا زۆر باوە و زۆر شاعیر وایان کردووە. پاول سێلانیش، کە دەشاد شیعرەکەی بە یادی ئەوەوە نووسیوە، لە زۆربەی شیعرەکانیدا وای کردووە، کە هەم دەشاد عەبدوڵا و هەم منیش زۆر بەم شاعیرە سەختە سەرسامین.

کات لای سەلان، کاتی سەردەم و ڕووداوەکانی جەنگی دووەمی جیهانییە، کە لەناویدا دایکی و نزیکەی پێنجا میلیۆن مرۆڤی تر کوژران، یان لەبرسان مردن. ئینسان لەناو کاتێکدا دەژیا، کە هەمیشە مرۆڤی دەکوشت. دڵشاد عەبدوڵا یش، هەم شیعرەکە و هەم دیوانەکەیشی ـ **کات زۆرە، بەڵام چی لە کات بکەم** ـ لە سەردەمی پێتای کۆنادا، نووسیوە، کە ئەم سەردەمەی پێتاکە زێتر لە شەش میلیۆن مرۆڤی کوشت. نووسیەم: شەش میلیۆن مرۆڤی کوشت، چونکە لە سەردەمی پێتاکەدا، شەی مرۆڤ بوو لەگەڵ کات، کە لە ئێنجامدا مرۆڤ سەرکەوت.

ناونانی کتێبەکە بە سوێدی بەم ناوەوە، (**کاتی هاتوو، دەستەکان ببن بە تیشک**) وەرگێڕانەوە و دیالێگیشە لەگەڵ دیوانی ـ **کات زۆرە، بەڵام چی لە کات بکەم** ـ ی دڵشاد عەبدوڵا. دیالێگە لەبارەی ڕووداوەکانی سەردەممان. ئەم سەردەمە زۆر ناخۆش و تاریکەی ئێستا لەناویدا دەژین، کە لە زۆر ڕووەوە لە سەردەمی چاخەکانی ناوەڕاست و سەردەمی جەنگەکانی جیهانی دەچێ. مەترسی جەنگی جیهانی، کارەساتی سروشتی، گرانی و برسێتی زۆر زیادیان کردووە. مرۆڤ زۆر لەم دەخانە نیگەرانە و کاریگەریی دەروونی و ئابووریەیان لەسەر مرۆڤ هەیە. بۆیە پەموایە ئێستا ـ **کاتی هاتوو، دەستەکان ببن بە تیشک** ـ و ئەم نیگەرانی و تاریکییەی جیهانی داپۆشیوە، ڕوونا بکەنەوە.

ڕزگار شێخانی ـ سوێد

-_____

وشە و بەرپرسیارێتی.. شوان حەسەن

ئەمن زمانزان و زماننناسنیم، هەشتا لە هێنووس و خاوەندی دنیایەک هەڵەم هەیە. بەشکی بە کەم خەمی خەم دگەڵتەوە و بەشکیش بە ئەو پەرشوبڵاویەی زماننناسان دگەڵتەوە کە کەک و هاوڕانین. بەڵام زەر گرنگی بە زانستی (مەعریفە) زمان دەدەم، حەز بە بەدواچوون دکەم، کارێکی هەزریە و چێژی لە وەردگرم و لێیەوە فێردەبم، بکارهێنانی وشە بە بەرپرسیاریەتیکی گرنگ دزانم.
گرنگی بەوە دەدەم لایەنە مرۆڤایەتیەکی نکەمە قوربانی نەتەوایەتیەکەی. مرۆڤم پە لەسەرەوەی نەتەوە، حزب و ئایدلۆژیادا هەیە(ئاینیش لە لای من هەر دچێتە خانەی ئایدلۆژیا) لەبەر ئەوەی دەمەوێت بابەتەکە بکەمە گشتی، ئاگەرنا ئەوەی ئەمە زەربەی کات، نگەیشتنە قەناغە نەتەوایەتیەکە، بەکو کوردایەتیەکی ماوە بسەرچووە. زانیاریە مێژوویەکان پەمان دەڵێن، کە ئەو کوردایەتیە تەنها لە جگەڵەکە لەگەڵ وشەی" عروبە" کوتنە فەرهەنگی ئەمە، هەڵگرانی گواستنەوەی ئەو بیرکەیە، گروپی (کاژیک) یان پە دگوترێت، ڕاستە لە ڕووی سیاسیەوە کاریگەریان زەر کەم بووە، لە خەباتی سیاسی و چەکداری لە ناو پارتی دیموکراتدا دەتونەوە، بەڵام لە ڕووی ئەدبیەوە توانیووانە، یاری بە هەست و سۆزی زەرنە بکەن.
دکرێت بە تگەیشتن لە کوردایەتی سیرکی ئەو دوو کەسایەتیە بکەن (ساطع الحصري) بە ژمارەیە یەک و (عبدالله عبدالدائم) ئەوانە بیروڕای تورک و نازیەکانیان گواستەوە ناو بەشکی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئەوان پێیان ڕاستتر بوو بگوترێت (نیشتیمانی عەرەب) ئەقیەتی یەک نەتەوە ویەک ئاین بە ئامرازکی گرنگ دادنا بە دروستبوونی یەکگرتنەوەی عەرەب.
بەشک لە نووسەر و سیاسیەکانی کوردیش ئەو ژهرێان خستە ناو هزری شەقامی کوردی، ماوەیەک نیازیان وابوو لە هگەی ئاینی زەردشتیەوە کورد ڕزگار بکەن، خێان لەو خاڵە سەرکی و گرنگە لادەدا، کە ئاینەکان بگشی لە خاڵە سەرکیەکان لەک نزیکن و لە ووردەکاریەکان لەک جیادەنەوە، بیانووی زەر لاواز و سزداریان

دەهنانەوە،گوایە ئاین ئامرازێکی زۆر گرنگە بۆ یەکگرتن، لەبەر ئەوەی عەرەب، فارس و تورک سوودیان لە وەرگرتووە، کەواتە ئەمەش دەکرێت سوود لە ئایینەکەی خەمان وەرگرین. سەبارەت بە زمانیش تەوانینان زۆر تواندەوانیە، هەر وشەیەک، مادام کوردی بێت، دەبێت لە فەوتاندن ڕزگاری بکەین. پەویست ناکە لە زمانیتر بیخوازین(دەتواندرێت لەرە ئەقڵانیەتی جیاوازی نەوان نەتەوایەتی و کوردایەتی بۆزەقی ببیندرێت، سەیری نەتەوە زیندووەکان بکە، کەمتر کێشەیان لەگەڵ وشەکە هەیە، وشەکە بەس لە ڕووی فەنەتیکەوە دەسکاری دەکەن، بەڵام کار لەسەر تێگەیشتنەکەی دەکەن، کەچی هەتا ئێستاش لای ئەمە ئیش لەسەر ڕووتکردنەوەی وشەکە دەکەن) زۆر جار دەبن بە ڕێگری پێشکەوتنیش لە پێناو مانەوەی زمانە خۆشکیەکە، لە کاتێکدا هەموو زمانێک لەگەڵ پێشکەوتنی ،کەمێک وشەی لە ناو دەچێت و بەخێشی هەندێک وشە لەناوی دەبات. ئەوە پەیوەندی بە مان و نەمانی نەتەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە پێشکەوتنیەوە هەیە.لەڕووی مرۆڤدەستی و ئاژەڵدەستی.

بەهەی ئەوەی ئەمن بە خەم ئەو تەوانینە زۆر بە مەترسیدار دەبینم، کەمێک خراپتریش دەبینم بڕێک لە نووسەرانی کورد شێی شار و کێان دەکەن، مادام لە شارێکی ئەوان وادەگوترێت، کەواتە پەویست ناکات سوود لە ناوچەکانیتر وەرگرێت، چونکە بەخەیاڵی ئەو، ئەو لە ناوەندە دەژی، لە کاتێکدا ئەمە یەکەکین لە نەتەوە هەرە بە ناوەندەکان.

جارێک برادەرێک شیعرێکی خوێندەوە، بە وشەیەک هەرچی جوانی هەیە لەناو شیعرەکە ڕەشبەوە لە پێش چاوم، لە جیاتی ناشیرین وشەی (قەزم) ی دانابوو، گوتم:" بۆ قەزم؟" گوتی:" ئەمە بە وشەی ناشیرین وشەی قەزم بەکاردەهێنین. گوتم:" ئەوە کێن؟ وشەی قەزم واتە (کورتباڵا) کورتباڵاش پرسیەکی سروشتیە، کورت و درێژی مرۆڤیش ، لە ڕووی مرۆڤایەتیەوە ناکرێت بچێتە خانەی ناشیرینی، کورد یەک دنیا وشەی هەیە بەس بۆ ناشیرینی، ناشیرینەکە لەو شوێنە دەست پەدەکات، کە ئەمە مرۆڤەکان لەسەر ڕوخسار و جەستە ناشیرین بکەین، زمان لە لوکاڵی دەرکە و بەدوای وشەدا بگەڕێ، بیانووش بۆ هێنانەوە، لەبەر ئەوەی خەڵکی شارەکەی ئەوە وادەڵێن". بەداخەوە شیعرەکەی هەر بەاوکردەوە و وشەی قەزمەکەشی هەر بەکارهێنا، چونکە ڕەوایەتی لە شارەکەی خۆیەوە وەردەگرێت، ئەو بۆیاریداوە کار لەسەر ئەوە بکات کە ئەوان جیاوازن و وەهمێکی بۆ دروستبووە، کە ئەوان سەرچاوەی مەعریفە و شۆشن. ئەمن ئەو ڕستەیەم ئاگەر شوێنیشی نەبێتەوە هەر دەیڵێم" گەورەترین کێشەی یەکنەبوونی کورد، لەوە دەست پێدەکات، خاڵە جیاوازییەکانی پێ گرنگترە لە خاڵە

هاوبەشەکان، بە بڕدەوامیشی کاری بۆ دەکات، لە هەموو بوارەکەوە، لە زمان، لە خواردن، لە داب و نەریت،... ئەگەر بڕیاری بسڵمێنی هەر بەڵایەوە گرنگ نییە، چونکە لە ناو خەڵکی جیاوازەکان خۆی بە بەختەوەرتر دەزانێت. سەیرەکە لەوەیە ناوەناوەش لێت دەپرسێت، ئەرێ ئەمە بە نابین بە نەتەوە؟

بەیەکەوە نووسینێک دەخوێنمەوە، زۆر بە تاقەت دەبم کە وشەیەکی نەشیاو ببینم. هەندێک جار دەکرێت بیانووێک بە مێژووەکەی بهێنمەوە، بەڵام کە دووبارە چاپدەکرێتەوە، دەکرێت ئاست بکرێتەوە. مەرج نییە نووسەر دژ بێت، بەڵام هەندێک جار لەگەڵ زەمەن و زمانی باو دەڕوات، بەیەکگرنگی مرۆڤ ئاگاداری لایەنە مرۆڤایەتیەکەی وشەکە بێت.

(مارک تووین) کەیەکێک لە نەمانوسە ناودارەکانی ئەمریکا و جیهانە، لە هەردوو نەمانی سەرکەشیەکانی تەم سوتەر و تەواوکەرەکەی "سەرکەشیەکانی هاکلبەری فین،

(٢١٩) وشەی نەشیاو بۆ ئەستا، بەڵام باو و نەگەپێدراو بۆ ئەو کات بەکار دەهێنرێت کە ببوورن ناچارم لەرە بکاری بهێنم، ئەویش وشەی (نیگرۆ- Negro)ە ، بەڵام دەنگە ناڕازیەکان ناچاریانکردن لە چاپە نوێیەکە، لە جیاتی ئەو وشەیە نەگەزپەرستییە بگۆڕێ پەویستی هەستەکە، وشەی (کەیلە) و (نەشپەست) یان بۆ دابنێن. لە ئەدەبی گەلان نموونە زۆرە، بەڵام دەنگەکی بەهێزیش هەیە بۆ ئاستکردنەوەی ئەو هەڵەیانە. بەیە چەند نموونەیەک لە نووسینەکانی نووسەرەکانی خەمان دەهێنمەوە. تایبەت بەو وشەیە، کە هەتا ئێستاش بەکاری دەهێنن. زۆر بە ناشیرنتریش، وشەیەکی زۆر ناپەک و نامرۆڤانەیان داهێناوە، ئەویش وشەی" قوەشە" هەتا ئێستا لە لایەن چەند نووسەرێکی دیاریش بەکارهاتووە و بەکاریش دێت.

پێشەو کە یەکێکە لە خەمخۆرانی زمانی کوردی، کەچی ئەو وشەیە بەکاردەهێنێت.

لە شیعری " لەبەر دەرگە" دێت"

کات لەژێرباڵی ئاسماندا
خۆریکە باوەشک دەدات
شۆڕ ـــــ قوڕە ڕەشکی کپە
دەرگەکەتم لە بکەوە
شتێک نییە شیرینتربێ
لە خشپەی پە وچرپەی چپە

سەیری ئەو شیعرە ناسک و جوانە بکە، کەچی" شۆڕ قوڕەشکی کپە" جوانییەکە ووشک دەکاتەوە، کاتی خۆی بیانووی ئەوەم بە دەهێناوە، دەمگوت:" لەبەر ئەوەی شیعرەکە کۆنە، بۆیە تاڕادەیەک ئاساییە"

بەڕام ڕاستیەکەی ئەو " تاڕادەیەک ئاسایی" م لەبەر ئەوە دەگوتەوە چونکە بە سنوور خۆشم دەوێت، بەڕام لەو ساڵانەی دوایش چاپیکردەوە و ئەو وشەی هەر ڕاست نەکردەوە(کەی بەرهەمکانیم لە لایە، کە بەڕزامەندی خۆی چاپکرایتەوە ٢٠٠٥) لەبەر ئەوەی پێشەو، بەسەرچاوەیەکی گرنگی زمانیش دادەنرێت، ئەگەر قسە لەسەر مەعریفەی وشەکە نەکرێت، ئەوە زۆر ئاسایی خەڵکانێکیش بین بە شیاو و ناگەپێدراوی بزانن، هیوادارم ئەو شیعرە جوانە چیتر نەکاتە قوربانی ئەو وشەیە، وشەیەک وەک سووکایەتی بە مرۆڤ، لە دەرفەتێک ڕاستی بکاتەوە.
لە یەکێک لە گەڕانەوەکانم بە نیشتمان،کەمێک وەرگەڕانی مامۆستا (عەزیز گەردی) م کەی ، ڕاستیەکەی ئامانجی سەرەکیم بەهەڵزکردن و دووڵەمەندکردنی کوردیەکەم بوو، لە یەکێک لە کتێبەکان بەناوی (هەقایەتی بۆغدایی) هەر لە چیرۆکی یەکەم بەناوی (سوڵتان نەسیم) لە لاپەڕە ٦ دەڵێت:

- پیاویژگە، سەیرکە ئەم دوو دەنگە؛ سپی و ڕەش، چەند جوان لێک دەن!!

پێی گوتم:

- مانای وایە تۆ ئەشقی قوولەشێک بووی!

ئەمن زۆر جار کە ڕووبەڕووی ئەو کێشە زمانیە دەبمەوە، زۆربەی کات ئەو وەڵامەم وەرگرتیتەوە" چۆن هەیە؟ کورد هەروا دەڵێت" یاخود ناوچەکەی خۆی زۆر بەلاوە گرنگە دەڵێت" ئەمە وا دەڵێن" وەڵامی منیش هەر ئەوەبوو:" لەوە دەگەم تێش کوردی، بەڕام تۆ نووسەری، دەبێت زمانت جیاواز بێت لەگەڵ زمانی بازاڕ" مامۆستا عەزیز گەردی دەیتوانی بنووسێت" مانای وایە تۆ ئەشقی کەسێکی ڕەشپێست بووی!"
لە پێشمەرگایەتی هاوڕێیەکی عەرەبم هەبوو، زۆر لێک نزیکبووین، بە ناو(یوسف) لە یوگسلافایی کۆن گەڕابووە کوردستان، لەبەر ئەوەی بڕشی نەتەوە و کێشەکانی خوێندبوو، سەرنجێکی زۆر جوانی هەبوو، لەو کاتانەی باسی کێشەیەکی کوردمان دەکرد، دەیگوت:" بەداخەوە ئەوەی زیاتر گرنگی پێدەدرێت، لایەنە تیئوریەکەیە، لایەنی هەست فەرامۆش دەکرێت، بۆیە بە من گرنگە لێت بپرسم و لێت بگەم هەستی تۆ چۆن سەبارەت بەو پرسە) بۆیە ئەمنیش هەر ڕستەی یوسفی هاوڕێم دەهێنەوە، کە وشەیەک بە کاردەهێنین بۆرانبەر هەر گروپێک، نەتەوە، ئایین، ڕەگەز... پێویستە ڕەچاوی هەستی ئەوان بکەین،

ئایە ئەوان ئەو وشیان پێ خۆش و گونجاوە؟ ئەگەر وەڵامەکەیان " نەخێر" بێت ئەوە دەبێت لابدرێت. ئاخر هەندێک وشە، ئەو هەموو لێکدانەوەی ناوێت، سەیرم پێ دێت هەتا ئێستاش، بۆشک لە نووسەران وشەی " خاچپەرست" بە کاردەهێنن لە جیاتی" خاچهەڵگران" ، کە جیاوازییەکیان بە زەقی دیارە.
دلاوەر قەرداغی مانگی لەسویدی وەرگێڕایە، بەناوی (دکتەر گلاس) لە لاپەڕە ٩٧ ئەوها نووسرایە" وەنەی سێ کەللەسەر بوو کە تاادەیەک لەیەک دەچوون-: کەللەسەری ئورانگوتانگ(*) ێک ، قولەڕەشکی ئەستەالی و ئیمانوێل کانت" با ئەوەش بڵێم لە سویدیەکەش نووسرایە" نێگرێکی ئوسترالی" بەڵام لەگەڵ ئەوەش دەکرا، هەڵەی نووسەر دووبارە نەکرێتەوە، ئەوە پەیوەندی بە دەستپاکیەوە نییە، بەڵکو وشەیەکی نامرۆڤانەیە، وەک چۆن ئەوەی (مارک تووین) ڕاستکراوە دەکرا ئەویش هەڵەکەی نووسەر ڕاست بکاتەوە و لە پەراوێز ئاماژە بە ناشیاوی وشەکە بدات، نەک بێت ئەویش وشەی " قولەڕەش" بە کاربهێنت، ئەو ڕەمانە لە (١٩٠٥) نووسراوە لە سوید زۆر درەنگ دەست بە لادانی ئەو وشەیە کرد، بە بیرم دێت چەند ساڵێک بەر لە ئێستا جارێک لە شیرینیان هەیە خۆ و ڕەنگەکی قاوەیی تاریکی هەیە، پێیان دەگوت(Negerboll – تۆپی نێگر) لەبەر ئەوەی ڕەشپێستەکان پێیان وشەیەکی جوان نەبوو، گۆیان بە (Chokladboll – تۆپی شوکلات) سەیری گوگلم کرد(٢٠١٥) ی دامێ.
ئەمن دەزانم پشۆ، گەردی و قەرداغی ئازاری مرووڵەیەکیش نادەن، بەڵام هەڵبژاردنی ئەو وشەیان ڕەشپێستەکان ئازار دەدات.
بە ئەوەی نووسینەکەم، تووشی دووبارە بوون و وەسی نەبێت، هەر هەندە دەمم ئەو جارە وشانە، کە دەکەونە ناو بازاڕ ، پاش ئەوەی بە فیلتەری نووسەرەکاندا دەڕوات و بەکاری دەهێنن، بەرهەمەکی وەک ئەوەی (ئاز کەریم) ی لێدەردەچێت، کە مرۆڤ شەرم دەکات گوێ لێ بگرێت
ریتا، ێیتا
تێ پێستەشی
تێ قولەڕەشی
قەدبارێکی
قەیناکێ
مەگەر لە ئەدەبی ڕەگەزپەرستەکان، گەرانی ئەوها هەبێت، ئاخر دەبێت تێ ئەوهاشی " قەیناکێ" سووکایەتی پێکردن لەوە زیاتر.

ئەستاش نازانم چۆن وشەی (قژنیگرە) کەوتە ناو زمانی کوردی (قژم نیگرە دەکەم، قژی نیگرەبوو،…) لە کاتێکدا سەرچاوەی وشەکە ئیسپانیە و هەڵگری روحیەتێکی هەڵگەڕپەرستیە، ئەمە وشەیەکی زۆر جوانمان هەیە، ئاویش(قژلوول- پرچلوول) ە، داکەکی لە خەمان ناکەم، بەڵام باوەڕناکەم بەکارهێنانی کەمەڵەک وشە و دەستەواژەی هەڵە، پەیوەندی بە هەڵگەڕپەرستی، بریندارکردنی و سووکایەتیکردن بێت، بەرانبەر بە ئاوانیتر، بەڵام مانەوەکەی زیاتر پەیوەستە بەوە کە، دەسەاتە سیاسی، ئادەبی و کەمەایەتیەکەمان لە گەڵان دەترسێن، هەڵگرن بە ئاوەی نەویەکی جیاواز لەوان دروست نەبێت.
بەو تەوانیە کەمەی کە هەمە، لە هەمانی (جارەکیتر هاوسەرگیری ناکەم) کە شەش ساڵی زیاتر خایەند، کارەکی زەرم لەسەر ئەو وشە، چەمک، دەستەواژە، …کرد.
دەزانم هەزەکی گەورە دژی ئەو گەڵانکاریيە، بەرانبەر بە زمان و شێوازی بیرکردنەوە بەگشتی، بەڵام …
بە ئاوەی بە هەڵە تەم نەگەن، ئادەبی ئەمە دەیان شیعر و پەخشانی جوانی تێدایە، وەک هاوسەزیيەک لەگەڵ گەلانیتر، بەڵام کەمەڵەک وشە هەیە، گرنگە لە فەرهەنگ بسەدرێتەوە و منداڵەکانمان فێری وشەی مرۆڤدۆستی ، ئازادۆستی و ژینگەدۆستی بکەین.
داوای لێبووردن، لە هەشپەستەکان دەکەم کە ناچاربووم، ئەو وشانە بەکاربهێنم

کتێبی فەلسەفی ئازادی لەپەچینەوەی دەشاد کاوانی چاپ و بڵاو دەکرێتەوە

کتێبی ئازادی لەپەچینەوە، لە فەلسەفەی ژان پۆڵ سارتردا، کتێبێکی سێت لاپەڕەیی هەڵخڕیی فەلسەفییە، شەشەمین کتێبی چاپکراوی نووسەر و هەڵخڕگر دەشاد کاوانییە، لە ماوەیەکی زۆر نزیکدا، لە دووتوێی

بەرگێکی قەشەنگدا دەکەوێتە بەردیدی خوێنەران.
ئەم کتێبە، شیکاری و ڕاڤەکردن و ڕەخنەگرتنە لە هەندێک لە فەرم و دیدگا و بۆچوونەکانی ژان پۆل سارتەری گەورە فەیلەسووفی جیهان، بەتایبەتی لە کتێبی بوونگەرایی جۆرەکە لە مرۆڤگەرایی. سەبارەت بە ڕوئیا و بینینی بە ئۆگزستانسیالیستی و چەمکەکانی بوون و خودا، ئازادی، لێپێچینەوە و بەرپرسیارییەتی هەنەهەندراو، نەرمە ئەخلاقییەکانی پەیوەست بە سەربەستی و نا سەربەستی، لە دیارکردنی هەبژاردە ئەخلاقییەکانی مرۆڤ باسکراوە.
دڵشادکاوانی سەبارەت بە لایەنە ڕەخنەییەکەی کتێبەکە ڕایگەیاند: لە کتێبەکەمدا، خاڵم خستەتە سەر هاودژییەکانی بۆچوونەکانی ژان پۆل سارتەر لە بوونگەرایی ڕۆژئاوایی و پێشیمنابوونەوەی لە ڕوانینەکانی پێشووتری.
هەروەها گووتی: وەک چۆن سارتەر هەر جارە ڕەهاگەراییەکی پێشوەختە دیاریکراو ڕەتدەکاتەوە، کارەکانی سارتەر تێگەیشتنەکی کۆتایی یەکلاکەرەوە لە بوونگەراییمان بە دابین ناکەن. بوونی فرە بۆچوونی ئایدیاڵیزی سەبارەت بە بوونگەرایی، لەوانەش پووچەڵکردنەوەی ئەم بۆچوونانە لەلایەن سارتەرەوە کتێبخوێنان هان دەدات بە بانگەوازکردن بە ئیرادەی ئازادبوون. ئەمەش مانایەکی تری ئازادییە کە لە کتێبەکە باسی دەکەین.
دیدە ڕەخنەییەکەی کتێبی ئازادی لێپێچینەوە، لەسەر هەرسە پایەکانی ڕەخنەگری سارتەر ڕەخنەی مارکسیست و کەمۆنیستەکان، ڕەخنەی ئایینی مەسیحی کاسۆلیکەکان، ڕەخنەی دیاردەناسیی. ڕاڤەی بە کراوە و جارێکی دیکە خراوەتە بەر ڕەخنە.
لە کتێبی ئازادی لێپێچینەوە گەڕان بەدوای مانای بوونی مرۆڤ لەم جیهانەدا- بە واتایەکی تر، ڕاستی بوونی مرۆڤ، خراوەتە بەر باس. بەتایبەتی لێکدانەوەکان و ڕەخنەکانی سارتەر، لە کتێبەکانیدا بە مەرگی خودا لە دروستکردنی مرۆڤی باڵا لای فریدیش نیچە. جارێکی دیکە بە زمانی کوردی و بە خوێنەری کوردی لەم کتێبەدا لێکدراونەتەوە.
کتێبی ئازادی لێپێچینەوەدا لە پاڵ وتارە فەلسەفییەکیدا چەمکە زانستی و فەلسەفییەکانی بە سی یەک پەڕاوێز لێکدانەتەوە و پانزە کتێبی بە زمانەکانی عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی وەک سەرچاوە، بۆچوونەکانی پێ پشت ڕاست کراونەتەوە.

لە کناری ئەوەنەوە بۆ کناری ئەوەن.. سەلام عەبدوڵا

بەم بەیانیە ئەم شیعرەم بیرهاتەوە:
(ئەوەنە شیتە بگە بگارم..با سەری بیەم لە قەوم و کارم)
خاڵ رەشید کە دەکاتە برای(حوسێن)ی دراوسێم، پێشی کۆچیدوایی، سەرەتا بە رووبەکی خۆشەوە و پاشان ئەو کێپەە شیعرە بە هەرە بەمی چێی، کە لێی بووەوە، نازانم چۆن پێکەنینەکەی بزربوو، لەگەل هەرەکەی چاوی پێ فرمێسك بوو.
پلەی گەرمی هاوینی گەرمەسیر، ئارەق لە بەرد دەردەهێنێت، چین چین ئارەقە دەکەیەن و لەولایشەوە کارەبا وەك ترافیکی لێهاتووە، ماڵەکانمان دەبەتە بە کووڕە. لەڕاستیدا کۆانەکەمان لەم کاتە وەك شەقامەکانی کناری شارەکانی ئەمانیایە، هاتووچووی لێدەبڕێ، بێجگە لە هاواری(مای فلتەر)و دەنگی بێندگێی میوەفرشە گەڕەکەکان(ئەو ڕۆژە بەدەنگ هاواری شوتی بەشەرتی چەقۆ، چوومە دەرەوە. شووتییەکم هەلبژادر و وتم بۆزەحمەت بیشکێنە، کەچی فرۆشیارەکە وتی: چەقۆم پێ نیە!) ئیتر منیش تەریقم نەکردەوە.
نزیکەی 18 ساڵە کاك حوسێن دراوسێمە، گەرچی لەناو خێزانێکی گەورە ژیا، بەڵام هاوسەر و منانی نەبوو. پیاوێکی سوورکەەی بەخێ، هێمن، بۆەی و قسەلەووو بوو. هەندێ جار گوم لێ دەبوو کە کەسێکی توەیە، منیش ئەو خەسلەتەی تا دوا ڕۆژی ژیانی لێیم نەبینی. گەرچی رووی خۆشی پیشان دەدا، وەلێ مرۆڤ هەستی دەکرد لەبەرامبەر کەسێکی دڕشکاو راوەستاوە، خەمباری لێ دەباری، تاقەتی کێشمەکێش و هەراوهوریا و جەنجاڵی نەبوو، وەك بڵێی دەستی شەردووە لە ململانی، خۆیی بە رتمی بێتام و وەەسئامۆزی ڕۆژگار داوە: سەەای کات بەسەربردن لەگەل پەزەکەی، ماڵئاوایی لە ژیان کردبوو پێش ئەوەی ماڵئاوایی ئەبەدی بکات.
من ئەو کاتە هەمنی و لەسەرخۆیەکەی و ڕێزداریم بۆ دەرکەوت، کاتێ یەکەم جار بەشەو دەنگی بێندگێ بۆ بانگی چاوەوان نەکراو بۆ نویژ لە مزکەوتەکەوە بەرزبووەوە، خەوحەرامبووم و بە توێیەوە چووم بۆ ناو مزکەوتەکە و پێیانم وت: دەنگی بێندگێیەکە زۆر بەرزە، کەمی بکەنەوە. سێ کەس نوێژیان دەکرد، لەناویاندا کاك حوسێن لە

نویژەکەی بووەوە، لای لێکردمەوە و بە دەنگێکی هێمن وتی: باشە بەسەرچاو.
چەندە سەرەنجم دەدا، جیاوازییەکی گەورەم دەبینی لە نێوان ئەم و زۆرێك لە دانیشتوانی ئاواییەکە، ئەوارن زۆربەیان لەلای دوکانەکانی ئاواییەکە کێدەبنەوە، بە دەمەتەقەی بێبایەخ و دووبارەکراو، بوختان و هەندێ جاریش خەریك شێخی و دەمەقاڵی کاتەکانیان بەسەر دەبەن. دنیا بەسەر یەکەوە بێخێ، ئاگایان لێ نیە(وە من چە؟ موشکیلەی من نیە…خودا خاسی کەد…خودا کەریمە. ئینشەڵا…)
بەم دواییانە دەمبینی حوسێن لە پشت ماڵیانەوە بە گڕچانێکەوە شێدەبووەوە بۆ گەوڕی پەزەکانی کە تێدا چەند سەر مەڕێکی بەخێودەکرد و هەر بە خێیشی شوانیانی دەکرد تا بوون بە 40 سەر مەڕ، ئەوە نەبێت بەیناوبەین برازایەکی هاوکاری دەکرد. حوسێن ئەم کارەی نەکرد لەبەر هەژاری، بەپێچەوانەکە کرێکارێکی خانەنشینی بوو و توانای دارایی باش بوو.
بەیانییەکی سەیرە، لە بەیانیانی زۆژەکانی تر ناچێت، جووڵەیەکی نائاسایی شەقامەکەی گرتووە.

- هیچ بووە؟
- کاك حوسێن کێچی دوایی کردووە!
- چۆن؟
- بەڵێ، ئەم بەیانیە پەزەکانی دیار نەماون و لەوە ترساوە دزرابن، ئیتر بە تەمەنی 72 ساڵیدا بە گڕچانەکەی و شەلەشەلەوە لە کناری ئەوەن تا یاڵەکانی میلکان، بەدوایان گەڕاوە و نەیانیدۆزیوەتەوە.
خاوەن پەزەکانیتر لە خوار ئاوایی و کەسوکارەکەی هەستیان بە دیارنەمانی کرد و نەیانزانی چی لێهاتووە و لە کوێیە. ئیتر ئەمانیش بەدوای گەڕاون. لە دواییدا بە مردوویی لە کناری ئاوەکە دۆزیانەوە.
چ سەفەرێکی سەخت و چارەڕەشی بەسەر برد: پاش دیپۆرتی زۆرەملێی ساڵی 1975 لە کناری ئەوەنەوە بۆ شاری سامەڵا، بە خانەنشینی گەڕایەوە بۆ ئەوەی ئیمڕۆ بە تەنهایی لە باوەشی ئەوەن سەربنێتەوە. تەرمەکەی هەر لە نزیك ئەو شوێنە دۆزرایەوە کە پێشی 48 نیشتەجی بوو.
کێچکردوو لە سامەڵا وەك کرێکارێك لە کۆمپانیای دەرمان کاری دەکرد. کاتێ خانەنشین کرا، گەڕایەوە بۆ میلکان، بۆ ئەو

شوێنە کە دێی پێدەکرایەوە. گەرچی تەنهایی لێدەچڕا، بەدەگمەن دەچوو بۆ ناو شار، هەر پێویستی پێنەمابوو. ئەو18 ساڵە هەر لە خوار ئاوایی ژیانی بەسەر برد، وای دەزانی لەناو بەهەشتە، ئەگەر لێی دوور بکەوێتەوە، ون دەبێت یان ژیان کۆتایی پێدێت، لەوانەیشە جارە پەرچە کرداری دەروونی ناخی بێت لەبەرامبەر دیپۆرتکردنی زۆرەملێی یان ترسی هەبێت لەوەی بە دوورکەوتنی، هاژە و سێبەری دارەکانی ئێوەن لەدەستدەدا.

دوا هەواڵی ئەم شەو: مەڵەکان بەخێیان گەیانەوە.

- ئەی بەخێر نەیەنەوە…دە وەرە لەداخاندا شەق مەبە…بەنەعلەت بن…خۆزیا دزرابان یان گورگ سەرتاپایانی شەلوپەت بکردبا… تازە کار لە کار ترازاوە و جەنابیان بە باعە باعەوە گەیاونەتەوە…ئەبینن چۆن ئەم سەگ بابانە چونە خوێنی حوسێن. ئاخر بۆچی هاتونەتەوە؟ خێرە؟ ملیان بشکێنن و بڕۆن گەشتەی خێیان بکەن…هاتنەوەیان پوشک ناهێنێ. ئەڕێ ئێوە مەی عەجولی واتان بینیوە؟

ئیمشەو شەوێنەکەی لەبان زەوی گڕی بە ژێر زەوی، جیاوازییەکەشیان هێندە زۆر نیە…ڕۆژگارەکانی لە جیهانێکی نامێ و پڕ ژان و تەنهایی، خاڵی لە سۆز و دڵنەوایی و بایەخدان بەسەر برد…18 ساڵ لە دراوسێتیمان بە قەت نیوەی ئەم نووسینە لەگەل یەکتر قسەمان نەکرد.

ئەوەتا ئێستا ئەو ڕێی و ئاگای لە دنیا نەماوە و منیش گەرچی لەگەلی برادەریم نەبوو یان بە جارێك پێکەوە چایەکمان نەخواردەوەێ، خەوم لێبڕاوەو بیر لە ژیانی غەریب و تایبەتی ئەو دەکەمەوە: بەتەنیا ژیا و بەتەنیا ملی ڕێگای گرتەبەر و ڕۆی،

ماڵیئاوا و یادی بەخێر.

سەلام عەبدوڵا

بیرەوەرییەکانی فەقێیەکی گوندی-69.. شەمای بارەوانی

بەشی(٦٩)

وا حیساب کە ئەو خەڵکە هەموو بزنن

یەکەم وتارم لە بادینان و لە دێی(دەربەسان)ی بچووک بوو.
بیرمە ساڵی یەکەمی فەقێیاتیمان بوو، نزیکەی مانگێک ئاوا ڕەیشتینە فەقێیاتی، یەکسەر ڕەمەزان هات. مەلاکان و ئیدارەی قوتابخانەی ئایینی(محەمەدیە)گوتیان بڕۆنەوە تا دوای جەژن.
کە هاتمەوە، بە سەردانێک ڕەیشتمە ماڵی باپیرم لەو دێیەی دەربەسان.
لەوێ بە نۆژ ڕەیشتم بە مزگەوتی دێیەکە. موختاری دێ(مام ئیبراهیم زێباری)کە منی بینی، گوتی: خودێ فەقێی بچیک مەچ مەڵا نینێ و لازم تو خوتبەی بەمە بدەی. گوتم بلا.
هەرچەندە لەو بەیاری وتاردانەم زۆر دوودڵ بووم. ترسێکی زۆرم هەبوو لەوەی نەوەک نەتوانم وتارەکە بدەم.
ئاخر من تازە ڕەیشتبوومە فەقێیاتی و پێشووتر هیچ جارێک وتارم نەدابوو و نەڕەیشتبوومە سەرمینبەر.
تازەش قسەم بە موختاردابوو و دەبوا هەر وتارەکەیان بە بدەم.
بەهەرحاڵ، بە ئامادەکردنی وتارەکە گوێم لە وتارێکی مەلا(شەرزاد عەبدوڵوەهاب)گرت بە ناونیشانی(تەوبە) ڕێک ئەو وتارەم لەکاتی گوێگرتنەکە هەمووی لای خەم لەسەر وەرقەیەک نووسیبووە و دووسێ جار بە تەنها وەک بەیەت لەسەر مینبەرم و خەڵکێکی زۆر ئامادەی وتارەکەمن، دووبارەم دەکردەوە. ئایەت و ڕیوایەت و قسەکانی مەلاشەرزادم هەمووی باش باش ئەزبەرکرد و خەم باش بە وتارەکە ئامادەکرد.
ڕۆژی جومعە هات و ڕەیشتمە مزگەوت، بەرلەوەی بڕۆمە سەرمینبەر، دەم سەدوبیستی لەدەدا و ترسێکی بێئەندازە هەموو بوونی داگرتبووم و لە دڵی خەم هەر قسەم بەخەم دەگوت و بە خەمم دەگوت: باشە هەی فەریکەفەقێی نەزان، تۆ جارێ قول و فول لەکتری جیاناکەیتەوە، بۆچی خەت تووشی ئەو بابەتی وتاردانە کرد؟
بەخوا ئەوەندە لەبەردەم ئەو هەموو خەڵکەی ئابووت دەچەت و وتارەکەت پێ تەواو نابەت.
کاتی وتاردانە هات و بەسەر مینبەرەکە کەوتم. لە بڵایە

خاڵم(زرار)هاتبوو بەردەمم و لەسەرەتای وتارەکە تا کۆتایی، دیقەتم دا، لە تەقی سەرم تا بنی پێیەکانم هەمووی سەیردەکرد.
جا خاڵم چەند تەنزاوی و شۆخ کەمدیێ.
ترسی بەردەم ئەو خڵکە هەمووی لەلایەک، هی خاڵشم بە تەنها لەلایەک.
لە دڵی خۆم دەمگوت: بەوخوایە یەک هەڵە بکەم، خاڵم بە تەعلیق و شۆخیێکانی دەمکات بە فیلم.
سەرتان نەێشێنم، بە هەزارحاڵ تا ئێنەلحەمدەکەم کرد.
هەستم کرد دەم و گەروم وشک دەبێت و چاوەکانم تاریک دادێن و سەرم دەسووڵێت.
ئای خوایە من چی بکەم؟ وەڵاهی ئەوەی لێی دەترسام ئێستا ڕووداوات و ئابڕووم دەچێت.
زمانم کەوتە تەتەڵە و هەردووک قاچەکانیشم وەک بی ناو ئاو دەلەرزین. چ لەرزینەک، دەتگوت سەما دەکەم. هاهاها.
دەمگوت هەر ئێستا لە هۆش خۆم دەچم و دەکەوم.
بەو مانگی ڕەمەزانەی خەریکبوو هاوارکەم و بڵێم: خەڵکینە ئاوم بە بەنن، خەڵکە کاکە من خنکام.
وتارەکەم نزیکەی نیوسەعاتی خایاند. تا دەدەقەی سەرەتا بە هەزار تکا و بەو ڕەزاڵەتی و ترس و سەما و شتە قەتاندم. دواتر هەدی هەدی ترسەکەم نەما و زاڵ بووم.
ئینجا گەروم بووەوە و کەوتمە لاساییکردنەوەی مەلاشەرزاد و دەستم کرد بە شیەشیە و خڕگوشین و قسەی زل.
دواتر کە وتارەکە تەواوبوو و ڕەیشتمەوە ماڵی باپیرم، خاڵم دەستی کرد بە شۆخیکردن و پێکەنین و تەعلیقلەدان و گوتی: وەڵاهی دەمگوت ئێستا دەبوورێتەوە. کوڕە تە ڕەنگت لە ڕوو نەمابوو لە ترسان.
ئەوە قاچەکانت بە وا دەلەرزێن؟ دەتگوت ڕەقس دەکەیت. وای پێ دەگوتم و قاقای دەکەشا.

دواتر کە ڕەیشمەوە بە حوجرە، ئەوبەسەرهاتەم بە فەقێکان دەگێڕایەوە و هەمووان پێدەکەنین. دەمگوت: بەخوا هەر یەکەم لەحزە زەحمەتە، دواتر زۆر ئاسان دەبێت.
گەر فەقێیەک لێیپرسیبام: چۆن بتوانم خۆم کۆنترۆڵ بکەم و نەترسم لە کاتی وتاردانێ؟
دەمگوت: یەک شت بکە. وا حیساب بکە ئەو خڵکە هەمووی بزنن. ئەوکاتە هیچ ترسەکت لا نامێنێت. من هەر وادەکەم.
کە وام دەگوت، دەبوو بە قاقا.

لە دەیەکەمان، دەی(بارەوان) زەرجار دەیشتمە چایی و دارەکم لە شەوەی مایک لە عەرد دەچەقاند و عەلەساس ئەوە مایکی مزگەوتە و یەک دنیا خەکیش لەبەردەمم ئامادەن و من وا خەریکم وتاریان بە دەدەم.
بەو شەوازە پەقەم دەکرد.
یەکەم وتار کە باسم کرد، ئاوا بە ترس و لەرزەوە دەستم پە کرد.
دواتر لەی ەاهاتم و ماوەی چەندین ساە و لەچەندین دە و دەقەر و شوەنی جیاوازی وەک: دەقەری کەندیناوە، دەقەری کەرکووک، دەقەری خەشناوان و بلباسان و لای شەقلاوە، دەقەری کەیە، دەقەری بادینان و دهەک، لەناو سەنتەری شاری هەولەریش لە چەندین مزگەوت وتارم دا و خەکەکی زەر ئامادەی مزگەوتەکە و وتارەکە دەبوون و هەر فشەشم پە دەهات و زەر سەرکەوتووانە وتارم دەدا.

”من ەاستیی ەوونـاکیم لـە تیشکدا”.. ەزگار شەخانی

ئەوارەی 26/10/2007 ، لە کتەبخانەی کوردی لە ستەکهەلم، دەشاد عەبدولڵا کەمەەک شیعری بە کوردی ئەم شارە خوەندەوە. من بەم چەند دەەەی خوارەوە، باسی شیعر و ئەزموونی ئەوم کرد.

دەکرە تەگەیشتن و شیکردنەوەی شیعرەک، لە خوەنەرەکەوە بە یەکەکی تر جودا بەت و ئەم هەموو تەگەیشتن و شیکردنەوانەیش جودابن لە هی شاعیر. بەیە ەەگە بە خەم دەدەم، بە نزیکبوونەوە لە فەزا و مەتودی نووسینی دەشاد، لەسەر قەسیدەی ”شەوەکانی ئامیتا بەدرەژایی بابل”، کە ئەمساە چاپی کردووە، بوەستم و زەر بە کورتی و بە چەی ئاماژە بە لایەنەکی گەش و باشی شیعرەکە بکەم. ئەویش گەانەوەیە بە مەژوو. مەژوویەکی زەر کەن. نزیکەی 600 ساە پەش لەدایکبوون، سەردەمی حکومەانی ”نەبوخەزنەسیری دووەم” و هەرش و پەلامارەکانی بە سەر سوریا، فەلەستین و میسر. لە هەمان سەردەمدا، دروستکردن و نوکردنەوەی ”بابل”، کە لەم واقیعە سەختەدا جگەی ئەشق و جوانییش هەبوو. ئەم ئەشق و جوانییەیە، ئەمە دەشادی شاعری، نزیکەی 2600 ساە بەناو کەانەکانی مەژوودا گەیاندەتە ”بابل” و لەوە لە چاوی ئەوەوە، شتە وردەکانی ئەو سەردەم دەبینین و بە دەنگی ئەویش

گومان لە گرانییەکانی ئەشق دەبێت.
ئەوەندەی من بزانم و ئاگام لێی بێت، پێشتر چاوی شیعری نوێی کوردی تا ئەو بڕی نەکردووە.

لەم شیعرەدا دوعا و نزا هەیە بۆ "مەردۆک"ی شای خوداکانی بابل و شا "شەمش". شیعرەکە بە قەڵەمی هەش نووسراوە، بەڵام، لە سپێتی نێوان دێڕەکاندا شیعرێکی تر هەیە، جوولانەوە و وێنەی تیایە، چاو نایانبینێت، بەڵام هەستیان پێدەکرێ.
"من ئاستی ووناکیم لە تیشکدا
بەچاوی کوڕەوە تەماشای چیم دەکەن؟
بوکی دەریام لە خەیاڵی هەر یەکیکتاندا." ل52/
من وەک خوێنەر، لەم سێ دێڕەدا وێنە و جولانەوەی جوانیان تێدا دەبینم. کە دەڵێ: "من ئاستی ووناکیم لە تیشکدا" ئەمە دەربڕینێکی تەواو سوفیانەیە و "بووکی دەریا"یش یەکسەر زەینم بۆ ئەفسانەی "ئەفرۆدیت"ی خواوەندی خۆشەویستی دەبا، ئەو دەمەی "ئەفرۆدیت" وەکو بووکێکی جوان لە کەفوکوڵی دەریا لەدایک بوو.
نووسینی شیعری مۆژوویی، لەبەر چەند هۆیەک کارێکی زۆر سەختە. هەنگە یەکێکیان ئەوە بێت، هەتا دوورتر بەرەو ئاسوی مۆژوو بڕین، ئەوا کەسەکان، ووداو و شوێنەکان زۆتر تێکەڵی ئەفسانە دەبن و سنووورەکانیان کاڵدەبنەوە. لێرەدا تێگەیشتنی شاعیر و مۆژوونووس جیادەبێتەوە. مۆژوونووس سەرگەردانی ئەوەیە رووداوەکان، کات و شوێنەکان وەکو خۆیان بنووسێتەوە و وەسفیان بکات.، تەنانەت ئەگەر بڕی بکرێ لە ئاووهەوای ئەو سەردەمیش دەپچڕێتەوە. بەڵام ئەم تێگەیشتنە، لە دنیای داهێنای ئەدەبی و هونەریدا زۆر بایەخیان نییە. ئەوە تەنیا نووسەر و هونەرمەندانن دەتوانن لە سەفەری وا دا سەردەمێکی کۆنکریتی میژوویی، لە گۆشەیەکی تریەوە ببینن و لەگەڵ خۆیاندا بهێنێتەوە ئێستامان. سەرسام نابین، ئەگەر لە سەفەری وا دا، ببینین مناڕەی بابل دەجوولێ. سەرسام نابین ئەگەر ببینین شاعیر لە باخچە هەڵواسراوەکەدا، لە بەر سێبەری دار زەیتونێک لە نێوان حامڵەابی و نەبوخەزنەسێردا دانیشتووە و باسی هەڵەشەی ئەمڕۆی تورکیا بکەن. ئەمانە و دروستکردنی "کەس"ی تر و ووداوی تریش، لە دنیای ئەدەب و هونەردا جێگەیان دەبێتەوە.
لەاستیدا سەختیی نووسینی شیعری مۆژوویی لێرەوە دەسپێدەکات. چۆن دتوانرێت لە فۆرمێکی هونەریدا مۆژوو بهێنرێتەڕ ئێستامان، کە هەش و سپی نەبێت، بەکو هەنگین بێت؟
با ئەم چەند دێڕە، هەوڵدانێک بێت لە نزیکبوونەوە و تێگەیشتن لە فەزای شیعری دشاد عەبدوڵا، کە 30 ساڵ زێترە

دەنووسێت. سی ساڵیش زیاتره لەناو کۆی خەباتی کوردایەتییە. لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوودا، ئەو دەمەی کە کۆمەڵگەی کوردەواری، شەڕکی کولتووری، سیاسی و سەربازی لە دژیدا دەکرا، ئەو دەم زۆر سەخت بوو بۆ نووسەران، هاوسەنگی لە نێوان ئەدەب و سیاسەتدا ڕابگرن. ڕەنگە زۆر سەخت بێت نووسەرێک بدزیتەوە، کە شیعری بۆ ئایدیۆلۆژیا، بۆ حیزب، بۆ سەرکردە، بۆ جەنگاوەر نەنووسیبێت. ئەم ئەزموونەی خۆمان و ئەزموونی ئەدەبیی ئەوروپایش، بەتایبەتی لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانی و شەڕی ساردیشدا، ڕاستییەکی سادەمان پێدەڵێت. ئەویش ئەوەیە: کە بۆ نووسەر زۆر سەختە هاوسەنگی لە نێوان ئەدەب و سیاسەتدا ڕابگرێت و ماڵی شیعر وێران نەکات.
بەڵام، لە ئەزموونی نووسەرایەتی دڵشاد دا ئەوەمان بۆ ڕوون و ئاشکرایە کە ئەو، ئەو هاوسەنگییەی ڕاگرتووە و ماڵی شیعری ئاوەدان کردووە.
لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەنگە ئەوە زۆر گرنگ نەبێت، کە شاعیر چ کارەیە و لەکوێ و چۆن دەژی، ئەوەی کەگرنگە ئەوەیە کە چی بەرهەمدێنێت. چونکە لە ئاکامدا، هەر بەرهەمەکان دەمێننەوە و لە ئەوانەوە دەگەڕێنەوە بۆ شاعیر و سەردەمەکەی.
من ئەزموونی دڵشاد وا دەبینم، کە بە زمانی ناخ دەدوێت. ئێمە گوێمان لێیەتی، زمانێکی چەند هێمن و لەسەرخۆیە، وەک کە خۆیشی کەسێکی هێمن و لەسەرخۆیە. گوێمان لێیە بەم زمانە هێمنەی ناخ، باسی ئەو شتە وردانە و ئەو جووڵانەوانە بکات، کە ئێمە هەندجار دەیانبینین و هەستیان پێدەکەین، بەڵام ناتوانین باسیان بکەین.

٢٦/١٠/ ٢٠٠٧ ستۆکهۆلم

مەرگ گرانیی دێزەخە.. بەختیار محەمەد

مەرگ سێبەری مانگی ئوخسارەکانە
مەرگ گرانییەکە لە دێزەخ
ژیان حەقیقەتکە
لەناو زیندانەکان و

لەناو شۆنەوارە ونبووەکان
هەموومان بەشکین
لە جنسی قەلەەشکە و
بەشکیشین لە جنسی کۆتری سپی.
خواش دەرەقەتی مەرگ نایێ
ئەو دەسەاتکە لە ئەزەەوە
جەستە دەمرێ
ڕۆح دەچێتە ناو باخچەی وشەکان
ئازادی چەند جوانە،
کە بەسەر مەرگ سەردەکەوێ!
لە کوێ؟ لە دڵی جەنگاوەرێك.
لەناو گۆڕدا مەرگ هەیە
خواش هەمیشە دەچێتە ئەوێ
ئەوە ئاسمان نییە کە ماڵی خوایە،
بەکو گۆەێ ماڵی ئەو.
مەرگ وەك چپس
ساەکان دەخوا.
مەرگ هەژارانی
خۆشتر دەوێ لە دەوەەمەندان
مەسیح وای گوت.
فریشتە و مەرگ لە ئەزەلەوە دەستن
مەسیح کە لە گۆڕدا هەستایەوە
وای گوت.
هەموو پێغەمبەرەکانیش دەڵێن:
فریشتە و مەرگ دەستن،
نەك شەیتان و مرۆ
لە بەهەشتی خاپوورکراوی عەدەن.

بەختیار محەمەد

نان گۆستانی ورگە.. فەرهاد کەریم

ویژدان چەتە ناو سەرم، ورگی مرۆڤم پێ کردووە لە پیاسە، لە ناو ورگی مرۆڤ مەگری، گوو دەبارێ بە گریان، دەمی پێە لە چەقۆی شەڕ، ئاشتی ئاودەست، برسی مردن و تینوە خوێن، سەری ئەشکەوت پڕلە ترس، دڕزەخ و بەهەشتی بێ چراو شەوە زەنگ چاو، لە ناو با و باوەڕ شکاوەو مردووە، دەست و پێی درێژ بووە، پێشبڕکێیەکی قڕە مردن، ژیان لە ناو ورگیدا روخاوە خراپ،
ژیان لە ناو ورگیدا بریندار
لە ناو ورگیدا مردووە ژیان ..
دەستی درێژ بووە بێ ورگی
بێ ورگی پێی درێژ بووە
ورگی پێ سەری بووە
سەری بێتە ورگ
ورگی مرۆڤ لە مەیدانی جەنگ دەچێت لە گۆرستانکی خاپور، جەنگ گۆرستانیش وێران دەکا،
ورگی مرۆڤ گۆڕی ناو گۆرستانی وێرانی دوای جەنگە،
گۆڕت لە ناو ورگتدایە چ وێرانەیەکە ورگت، لە ناو ورگت وەرە دەرێ پێش مردنت خێت مەنێژە، دەستەکانت کورت کەوە بێ سەر دێت، هەنگاو بنێ بێ ویژدان لە ناو ورگت وەرە دەرێ، برسیبە بێ ژیان، ناو ورگت مردنە، ورگ پەناگە نیە هەتاوی سوتانە سێبەری ژەهر، دەست بە ورگی کەس وەمەنێ بێ وەستان، دەوخێ ورگ وەک مرۆڤی جەنگەکان، دەدڕێ ورگە مرۆڤ،
بە لای خوارەوەێ مەڕێ تەپە وەک باران، بەردە ڕەق،
مردن هەر مردنە لە ئاوەدانی ورگبێ یا لە چۆڵی ژیان،
لە دەرەوەی ورگ باران تەڵی کردووم، ئازاری زۆرم کێشا تا برسی نەبم،
بێ ئاوەدانی ورگ نووزانەوە و بچووک و سێبەر،
گوو- مان کردە هزر، هەمیشە وتوومە بارانیش ببارێ ژیان لە گوو پاک نابتەوە،
هاتوومە دەرەوە لە ورگ
نە شیعرکی تەڕ دەنووسم
نە پێکەنین دەخەمە سەر زمانم
ڕووم لە مرۆڤە ئەو مرۆڤەی دژە ورگە

ئاوێنەیەکی ڕووتە مرۆڤی ئەمڕۆ دەستی درێژە و هەنگاوی خێرا بۆ ورگ مەرگە
لە گەڵ مەرگی خۆیدا دەڕواو پێدەکەنێ
پێکەنینی بە مردن دێ لە ناو ورگیدا دەمرێ
لە مردن ناگا پێدەکەنێ، لە پێکەنین ناگا دەمرێ
ڕوونە ئاوێنەیە هزری ورگن، دەخواو دەیی و دەمرێ

حەمیدەفەندی، شیعر و شۆش.. یاسین برایم

(65) ساڵ بەر لە ئەمڕۆ، شیعرێك لە گۆڤاری هەتاو، لە ژێرناوی (میرم با بەس بۆ1)، بە قەڵەمی گەنجێکی برادەستی بە ناوی (حەمید حوسێن مەلا سیدەکانی2) بڵاوکراوەتەوە. شیعرەکە (16) دێڕە. هەنگە ئەم شیعرە لە خەیاڵ و زمانی کەسمان نەبێت و شیعرێکە و لەنێو گۆڤارێکی کوردی بە تاقانەیی ماوەتەوە. بە کوردییکی جوان و هەوان نووسراوە، سادە وەك دڵی ئەو مرۆڤە. لەنێونیشانی شیعرەکە ئەمە دیارە، ئاستەی میر (پاشا و گەورەی وڵات) کراوە. وەك نزایێکە و داواکارێکە لە شێوەی شیرەت، تێیدا باس لە زوڵم و گرتن و کوشتن و تاوان و چەوساندنەوەی میللەتی کوردی هەژار دەکات. لە ڕگەی پەیڤەوە، دیوێکی ناشیرینی دەسەاتی ئەو سەردەمە دەخاتە ڕوو. شیعرەکە چەند هەفتەیێك پاش ڕووخانی ڕژێمی پاشاییەتی نووسراوە. بەشی زۆری شاعیرانی ئەوکات شیعریان بۆ ئەو ڕۆژە نووسیوە و هەستی خێیان دەربڕیووە. بە نەمانی ڕژیمی پاشایەتی و هەڵهاتنی خێری ئازادیی (عەبدولکەریم قاسم)یان لە قەڵەم داوە. ئەو شیعرەش هەنگدانەوەی ئەو ڕووداوە هەشەیە، کە تێیدا کەتایی بە ڕژێمی پاشایاتی دێت. بیری زۆربەیان وابوو ئیدی لەمەودوا، وڵات بەرەو خۆشی و ئازادی و ئارامی و یەکسانی و کەشوهەوایێکی سیاسی و کاتی بەدەست دەهێت و خەڵکی عێراق دەحەسێتەوە؛ وەڵ دەسەاتی دوای ئەویش، لەسەر هەمان ڕچکەی جاران ڕۆیشت و بگرە هەشتر و خۆناویتر و ماوڕانیتر دەرچوو. لەم شیعرە گلەیی دەکرێ و هەخنە دەگرێ لە (بەگ)ێکی نەخوێندەوار، دەبێتە ئەندامی پەڵەمانی عێراق، هەنگە ئەم بەگە هەرکوردی خۆمان و دەڤەری خاوەن شیعرەکە بێ. لە دوای

دروستبووني دەولەتي عێراق، بەشي زۆري كەسانى دەستێيشتوو و ئاغا و بەگ و شێخ و سەرۆك خێل و عەشيرەت، دەكرانە ئەندامى پەڵەمان. ئەم دياردە و كولتووره ناشيرين و نەخوازراوە، لەسەردەمى ئێستەش بەرەوەى هەيە. لەم شيعره سێ كەسى دەسەڵاتدار ناويان هاتووە. كەسێك وەك مەليك، مەبەستى مەليك فەيسەڵى دووەمە3. پاشايەكى بچكێ و نەزان و ساويلكە و بێدەسەڵات. (وەسى4)، خاڵى پاشا و (نووري سەعيد5)ى سەركوەزيرانى ئەوكاتەى ژێمى عێراق. هەخنەى تووندیان لێ دەگرێت و لەكاتێكدا ئەو سێ كەسە لە ژيان نەماوون. شيعرێكى سادەيە و هى گەنجێكى كوردپەروەرە، بوێرانە دەئاخڤێ و حەقگێ و ڕاست و جوان و پێ هەڵوێست. دواتر دەچێتە بەرەى گەلە چەوساوەكەى و بە (قەڵەم و تفەنگ) و سەنگەر لە دژى زوڵم و داگيركارى و ناحەزانى كورد دەگرێت، تا دەمرێت ئەم سەنگەرە جوان و پيرۆزە چێ ناكات و بگرە پيرۆزتر و پتەوتريش دەكات، تا چێك بە دوژمنان دادەنێت. ڕاستييەكەى. هەڵوێستى جوانى ئەم شيعرە لە كار و كردەوەى ئەو مرۆڤە هەنگيداوەتەوە. تا ژينئاوايى، لەبەرەى گەلە چەوساوەكەى دەبێت. ئەو نەبوو بە شاعير و خاوەنى ديوان. نەبوو بە شاعيرى ژێم و دەسەڵاتداران و دەربار و ديوانى ئەوان گەرم بكات. ئەو ڕاستگێ بووە لە گەڵ خودى خۆى، كە نەيتوانيوە ئەسپى خۆى لە مەيدانى شيعر تاوبدات، وازى هێناوە. چيديكەى نەنوسيووە و چ ڕاستە و وشە و دەڵەى شيعرێكى ئەو، ناچێتە نێو چ گۆڤار و ڕۆژنامەيەك. لە چ كۆڕێك شيعر ناخوێنێتەوە و كەس بە شاعير ناينارسێت و هەر ئەم شيعرەى لە گۆڤارى هەتاو بەرچاو دەكەوێت، بەهرە و ئيلهام و هەتاوى شيعرى ئەويش بێ هەميشە ئاوا دەبێت.

" من لە نزيكەوە ئاگادارى ژيان و كار و چالاكييەكانى ئەوم، بەس ئەو شيعرەيەى نووسيوە و چ شيعرێكى ديكەى نييە، ئەوكات من لە پاڵى يەكەمى ناوەندى بووم لە ڕواندز لە ساڵەكانى 1959 و 1961، پێشتر ئەويش لە ڕواندز بوو و شيعرەكەشم خوێندووتەوە و منيش ئەوكات شيعرم دەنووسى و ئيستاش هەمە، بەس لەگەڵ هەڵگيرسانى شۆشى ئەيلوول، مامۆستا بووە پێشمەرگە و چ شيعر و نووسين و شتى ديكەى نييە و دابڕا و چووە شاخ، بەس كەسێكى ڕاشنبير و شارەزا و فەرماندەيێكى لێهاتوو و ئازا بوو ئەوە لاى خەڵك ئاشكرايە.6"
ئەو مامۆستا كوردستانييەى نەبوو بە شاعير، وەڵێ بووە نموونەيێكى جوان، شۆشگێڕێكى بوێر و ناسراو و پێ سەروەريى و بەرخودانى مەزن. بێ بەدەستهێنانى ماف و ئازادى و داد و يەكسانى، بەرگرى لە خاكە ژيردەستەو ميللەتە چەوساوەكەى دەكات. ژيانێكى سادە و خاكيى و بەهادار هەدەبژێرێت. لە شۆشدا، وەكوو شۆشگێڕێك و

پەروەردەکاریکی پر هەوەست و دڵسۆز و نەوەیەکی چاونەترس و سەربڵند وەك هەگبورد پەروەردە دەکات. فەرماندەیەك دەبێتە ڕێچەکشکێن بۆ خەبات و قوربانیی و بەدەستهێنانی ئازادی و ڕزگاری و مافە هەواکانی گەلی کورد.
شیعرەکە، بۆ جوانی یار و خۆشەویستی و ژوان نییە. بۆ نیشتیمانیکە، ئەو وەك ئاشقێکی وەفادار، لە پێناوی قوربانیی دەدات. ئەو دەبێتە هێگری شاخ و لووتکە و بەرد و کانیاو و ئەشکەوت و گرد و نهالەکان، دەیکاتە ژوانی هەمیشەیی. ئەشق لە پێناو نیشتمان و ئازادی. وەك هەمن هاواردەکا:

ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردەنی پڕ خاڵ نیم
ئاشقی کۆو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن7
ئاشقی نانە هەقە و شەشکی ماندوو و هەوای ئازادی و هەڵوتکەکان دەبێت و باوەشی گەرمی نیشتمان بەرنادات. ئەو نەبوو بە شاعیر، بوو بە شەشگەرێك لە چەشنی گیفارا.

میرم با بەس بێ کاری زەرداری
کردەوەی پیس و ئیشی بەدکاری
بەسە واز بێنە لە پیاوی هەژار
هەش و ووت مەبە بێ سوخرەو بێگار
نەماوە دەوری کوشتن و برین
ڕێگری و چەتە یاخێ مان دزین
بەسە واز بێنە تۆ لە خوێن مژی
پیاوت مەنێرە، گا جووت بکوژی
گەر تۆ ئیسلامی بەخێت دەیی میر
چۆن هەرش ئەبەی بۆمای فەقیر
گەر پیاوی چاکی خاوەنی ئایین
چۆن حەق وەرئەگرێ تۆ لە مەش هەنگوین
بەگم لە پیشەت بەسە وەرە خوار
تەش ووخای ئەمجا لەگەڵ ئیستعمار
ئەو ڕۆژە شکا، پشتی ئێوەی بەگ
نوری و وەسیان ڕاکێشا وەك سەگ
جارێکی دیکە تۆ بە چاوانت
نابینیتەوە جێگەی جارانت
هەر لەبەر ئەوەی سەرمایەداری
دوژمنی کورد و چینی هەژاری
یا لەبەر ئەوەی لەسەر سنوری
جاسوسی بکەیت لەبۆ مام نوری

کەی ئەبێ نائب، نەخـــــــــوێندەوار بێ
هەر ئاغا و بەگ و پیاوی زۆردار بێ
خاوەن دەهات و چـــــەك و دینار بێ
لەبێ حکومەتی، وەك خـــــزمەتکاربێ
ئا بەم شێوەیە، مەلیك بێی نووسی
بیکەرە نائب، ئەی خـــــــــــــاڵە وەسی
قوڵت بەســـــــــــــــــــەری نامە گیراوە
بێ کوڵ دەر ئەچی لەم بەند و باوە
هەموو دەزانن، دەســـــــتەی جمهوری
نائیبەتی تۆو پیلانی نـــــــــــــــــــــــوری

یاسین برایم _ ڕواندز

-_____

پەراوێز و سەرچاوەکان.

1. گۆڤاری هەتاو، ژمارە (144). 30/11/1958، ساڵی پێنجەم.
2. حەمید حوسێن حەمەد (حەمیدەفەندی) (1934_2023), دەرچووی پەیمانگەی مامۆستایانی هەولێر، لە گوندی دڵزیان دەبێتە مامۆستا و دواتر دەبێتە بەڕێوەبەری قوتابخانەی سیدەکان؛ لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆشی ئەیلوول دەبێتە پێشمەرگە و چەندان پلەی جەراوجەر دەبڕێت و تا دەبێتە وەزیری پێشمەرگە. زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و فارسی باش زانییوە. فەرماندەیەکی دیار و کەسێکی کوردپەروەر بووە.
3. مەلیـــك فەیســـەڵی دووەم (1935_1958)، تەمـــەن 23 ســـاڵ. کەمئەزموون و بێدەسەڵات.
4. عەبدولئیلاهی وەسی (1909_1958) خاڵی مەلێك فەیسەڵی دووەم بـــوو، زۆر خـــراپ و زوڵمکـــار بـــوو، دواتـــر گرتیـــان و لـــە گۆڕەپانیکی شاری بەغدا هەڵیانواسی و دواتر پارچەپارچەیان کرد.
5. نـــووری ســـەعید (1888_1958) لـــە (1030_1958) ســـەرۆکوەزیرانی عێراق بوو بە ماوەی 28 ساڵ حوکمی کرد و 14 جار بووە سەرۆکوەزیران و لە کودەتایەکەی 14ی تەمووز بە جلی ژنان گیرا و کوشتیان.
6. فەرزندە ئەفەندی حوسین، 1945، سیدەکان، خانەنشین بە پلەی بەڕێوەبەری گشتیی، هەولێر، 7/3/2023.

7. دیوانی هەمن موکریانی، شیعری کوردم ئەمن، بەهاری 2708، ل89.

▪ لە ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە(6490)، 27/3/2023 بلاوکراوەتەوە.

چەنیەتی بەرنگاربوونەوە و کۆتاییهێنان بە تیرۆر لە کوردستان.. نادر عەبدولحەمید

تیرۆری هونەرمەندی لاو (خواناس وریا) لە چەمچەماڵ لە ئەواڕی (٢١-٦-٢٠٢٣)، باسگەلێکی گەرمی بەدوای خۆیدا هێنا بۆتایبەت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبوک و میدیای ئینتەرنێتی جێراوجێر.
بەو پێیەی کە بکوژ دوای دەستگیرکردنی ڕایگەیاندبوو کە ئەو کارەی بۆیە ئەنجامداوە چونکە جیاوازی بیروڕایان هەبووە لەسەر ئایین و ئیسلام، لێرەوە لە لایەن کەسانی سەربە ئیسلامی سیاسی و کۆنەپەرست و دژە ئازادی بیروڕا، ئەم تاوانە جۆگەی دەستخۆشانە و لە لایەن کەسانی ئازادیخواز و ئاتەئیست و کۆمۆنیست و سێکیولار و ئینساندۆستەوە جۆگەی نەفرەت و سەرکۆنەکردن بووە.
یەکەمین پەرچەکردارێک، کە بینرا بریتی بوو لە ڕیسواکاری ئەم تاوانە و لایەنگرانی تاوانەکە، و ئەو فکر و جیهانبینیی و ئەو بانگەوازخوازە ئایینیانەی کە بزوێنەر و هاندەری بکوژ بوون بە ئەنجامدانی.
ئەم هەڵمەتە فکری و فەرهەنگی و میدیایی و سیاسییە بەجیا لە هاوکێ جێراوجێرەکانی، بە سەرکۆنەکردن و پاشکۆپکردنی بەرەی کۆنەپەرستی و دژە ئازادی و ئیسلامی سیاسی، نەک هەر کارێکی پێویست بوو، بەڵکو بەردەوامبوونیشی هەر پێویستە، بەڵام ئەم چوونە جەنگی فکری و میدیایی و فەرهەنگییە، کە بەزەری ئاتەئیست و سێکیولارەکان پێی هەڵدەستن، بەتەنها کافی نییە.
دیارە زۆرکێش چوونەتەسەر بواری یاسا، نەک هەر بە سزادانی ئەم تاوانکارە، بەڵکو بە بەرگریکردن لە ئازادی بیروڕا لەسەر ئاستی

کۆمەڵگە لە ڕەگەی جیاجیاکردنی ئەو یاسایانەی کە ئازادی بیروڕا دەربڕینیان دەستبەر کردووە، لەگەڵ دانانی یاسای پێشەوتر کە هەم ئازادییەکی بەرفراوانتر بگرێتەخۆی بە هاوڵاتیان، وە هەم سنووردارێیەکانی بانگەوازخوازان و ئیسلامی سیاسیش بکات.
ئەمەش سەری کێشاوە بە ڕەخنە لە حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتدارانی هەردوو زەنی زەرد و سەوزی هەرێمەکە، کە بۆچی ئەو یاسایانە تەنها مەرەکەبی سەر کاغەزن؟ بۆچی بەپێی هەمان ئەو یاسانەی کە لە ئاراداان، سنورێک بە دەستدرێژیەکانی ئەم بەرە کۆنەپەرستییەی ئیسلامی سیاسی و بانگەوازخوازانی ئایینی دانانرێت، کە ڕەژانە و بە ئاشکرا جگە لە سوکایەتی بە کەرامەتی ژنان و ئازادیخوازان و ئەوانەی پێچەوانەی ئەوان بیردەکەنەوە، بانگەوازی تووندوتیژی و کوشتوبڕیش دەکەن بەدژیان؟
لەڕەوە هاوبەرژەوەندی حکومەت و دەسەڵاتدارانی هەرێمەکە، بەم بەرە کۆنەپەرستییەوە خراوەتەوو، وە ئومێد بە حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتداران خراوەتەلاوە بە سنوردارکردنەوە و کۆتاییهێنان بە دەستدرێژی بەسەر ئازادییەکان و تیرۆری ئازادیخوازان و دژبەرانی ئیسلامی سیاسی، و ئەو ئاکامگیرییە هاتەپێش کە ئەوە ڕەکخراو بوون و یەکگرتنە، بە هەنانەدی بەرەیەکی بەرگریکاری جەماوەریی، لە کەسانی ئازادیخواز و ڕەکخراوە سیاسی و جەماوەریی و پیشەییەکان کە دەتوانە بڕووی ئەم بەرە کۆنەپەرستییەدا بووەستێتەوە، و دەستکەتای بکات لە دەستدرێژی و ئینجامدانی تیرۆر، وە حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتدارانی هەردوو زەنەکەش ناچار بە پەیڕەوی کردن لە یاسا بکات.

بابزانین لە ڕوانگەیەکی ماتریالیستییەوە ڕەگا چارەی کۆتاییهێنان بە تیرۆر، چییە؟
ئینجامدانی تیرۆری جەستەیی وەیا مەعنەوی لە کەمەڵگەدا، هەم دەتوانرێت لە ڕەگەی ڕەکخراوە سیاسییەکان و دامودەزگای سیخوڕی و ئاسایشی سەربە دەسەڵاتەکەوە ئینجام بدرێت، وە هەم لە ڕەگەی تاکەکەسەکەوە کە سەربە هیچ حزب و ڕەکخراوێک نەبێت، و بە هیچ دەزگا و حزب و دەسەڵاتەکیش ئەم کارەی ئینجام نەدابێت، بەڵکو لای وابێت کە ئەم کردەیە وەفاداربوونە بە بڕەها و بیروباوەکانی خۆی، وەک لەم تیرۆرەی چەمچەماڵدا وا دەردەکەوێت.
ئەمەش بەو مانایە نییە کە ئەم کردەیەکی تاکە کەسیی دابڕاوە، بەڵکو لەم حاڵەتشدا هەر کردەیەکی کەمایەتی سیاسییە و لە ڕەگەی ئەم تاکە کەسەوە جیاجیا کراوە، تاکە کەس لەڕەدا نوێنەرایەتی شتێکی ماددی و بابەتی کەمایەتییانە دەکات، بە

ئەوەی خەڵکی هۆشیار بێت بەم نوێنەرایەتییە، یان لە دژەوەی ئیرادەی خەڵکی کراوە بنوێنەر، ئەمە ئەو شتەیە کە پاڵنەر و بزوێنەریەتی بە ئینجامدانی ئەم کردەیە، کە تاوانێ و خەشی تیایدا دەبێتە قوربانی.

پێویستکردنەوەی ئەم دیاردەیە و سنوردارکردنی تەنها بە لێکدانەوەی کەشەی دەرونی و شەخسیەتی، یان پەروەردەیی ژینگەیەکی بەرتەسکی وەک خانەوادە و گەڕانەوە بۆ گرۆگۆڵکانی تافی منالی و لاوێتیی تاکە کەس، ناتوانێت جەوهەری ئەم دیاردەیە بە تەواوی دەرخات، گەرچی دەشێ ئەمانەش بەشێک بن، بەڵام کرێک و ناوەڕۆکی دیاردەکە پێک ناهێنن.
تیرۆر بەرهەمی دیدگا و جیهان بینیەکە کە زاڵە بەسەر کۆمەڵگەدا، جا چ جیهانبینیەکی فەلسەفی، نەتەوەیی وەیا ئایینی بێت، کە ئینسان لە منداڵیەوە تا گۆڕ و باغ دەبێت پێی هەڵقن دەکرێت، و دەکرێتە بەها و پیرۆزیەکانی، کە دەبە خەی و کەسانی تریش لە پێناویدا بکاتە قوربانی.
تیرۆر هەڵقوڵاوی ڕەبازێکی فکری و سیاسییە، وەک چۆن جەنگ بەردوامی سیاسەتە بەشێوەیەکی توندوتیژ، تیرۆریش بەهەمانشێوە بەردەوامی سیاسەت و ڕەبازێکی سیاسییە، شێوازێکی عەمەلییە تا ئەو جۆرە لە فکر و سیاسەت بادەست و زاڵ بێت بەسەر کۆمەڵگەدا، یان ئەگەر زاڵبوونەکەی لە ژێر مەترسیدا بێت، بەم کردە تیرۆرییە هەوڵبدرێت بادەستییەکەی وەلانەخرێت.
منداڵێک کە لە سێ دەیەی ڕابردووی کۆمەڵگەی کوردستاندا چاوی بەجیهان هەڵناوە، لە بارودۆخێکدا گۆڕە بووە کە ڕەژانە نێک هەر لە ماڵەوە دەمکوتکردن و سەرکوتکردنی بینیوە، بەکو لەدەرەوەی چواردیواری ماڵەوەش بینیویەتی توندوتیژی و دەستبردن بۆ چەک بە یەکلاکردنەوەی هەر کەشەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی، تیرۆری سیاسی و کوشتنی دیلەکانی شەڕ لە جەنگی ناوخۆدا، … نەریتێکی ئاسایی و بەربڵاوی حزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی و بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی بووە، هەروەها بەردوامیش گوێبستی وتاری نوێژی جومعە و بانگەوازخوازان بووە کە چۆن دنیای موسوڵمانانیان داوە کە نابێت هیچ ڕەخنە و قسەیەک لەسەر ئیسلام قبوڵ بکرێت و دەبە زێر بەتوندی دژایەتی بکەن و ڕەی لێبگرن و نەهێڵن دووبارە ببێتەوە، ئیتر ئەو کەسە بەبە ئەوەی بەخەی بزانێت، دەبێتە هەڵگری هەمان ئەو نەریتە ڕیشەدارە، کەسانی تر دەکاتە قوربانی و خەشی دەبێتە یەکەک لە قوربانیانی.
بەڵام بۆچی وەک زێر نەریتی ڕیشەدارتر کە ئێستا لە ئارادا نەماون، ئەم نەریتە کۆن و بە کۆک نابە و ناپوکتەوە؟ لەسەرەوە ئاماژەمان

بوو داوە کە چۆن بەرژەوەندی حکومەت و دەسەڵاتدارانی هەرێمەکە لەگەڵ بەرەی کۆنەپەرستی و سەرکوتی ئازادی و دەمکوتکردنی هەر دەنگێکی ناڕازیدایە، نەک هەر ئاوەش، بەڵکو خەی دامودەزگایەکی تەکخراوە لە ئاسایش و میلیشیای پێشمەرگەیی و دەزگای سیخوڕی، بە تووندوتیژی نواندن بەدژی جەماوەری ئازادیخواز و زەحمەتکێشی هەرێمەکە.
سەیرکەن، نەک هەر، هەردوو حزبی دەسەڵاتدار، کەبەکەیانە لەسەر کێشکردنی فەان سەلەفی و بانگەوازخواز و شێخ و خاوەن تەکیە و مەلای مزگەوت، و هاوپەیمانی لەگەڵ ئەم و ئەو حزبی ئیسلامی، بەڵکو حزبی ئۆپۆزیسیۆنی لیبڕاڵ قەومیی (نەوەی نوێ)ش لەم مەیدانەدا، زۆر لەو حزبانەی دەسەڵاتدار جەدیتر خەریکی ئەم کەبەکەیە و کەناڵی ئاسمانیشی بە کردووەتەوە! ئەمەش لە دوا ئەنجامدا گۆشە پەدەری ئەو ژینگە کۆنەپەرستییە کە سوکایەتی کردن بە کەرامەتی ئازادیخوازان و ژنان و فتوای تووندوتیژی بەدژیان لە مینبەر و میدیاکانیانەوە پەرە پەدەدات و هەشکۆژی ژنان و دەستبردن بە تیرۆری ئازادیخوازان و دژبەرانی فکری و سیاسی لەناو کەمەگەدا دەکاتە کارەکی ئاسایی.
لەڕەدا پرسیارەکی تریش دێتە ئاراوە کە بۆچی ئەو حزبانە، بە دەسەڵاتدار و بە ئۆپۆزیسیۆنیانەوە، ئەم هەگیان گرتەبەر و نایانەوێت هەگەی لایەنگری لە بەرەی ئازادیخواز و جەماوەری زەحمەتکێش بگرنەبەر دژی ئەو بەرە کۆنەپەرستییەی کە ئێستا هاوبەرژەوەند و هاوپەیمانیانن؟ دەوترێ کە بەرپرسانی حزبی و حکومی، عەقڵیەتێکی دواکەوتووی شاخ و عەشایەری و بنەماهەیی و ئایینیان هەیە.
ئەمە ئەگەر بە هەواڵەت بە حزبەکانی دەسەڵات مەعقول بێتە پێش چاو، بەڵام ناتوانێت لەکدانەوەیەک بێت بە ئۆپۆزیسیۆنەکی ناسیونالیبڕاڵ، کە مەڕووی شاخ و عەشایەر و بنەماهەی نیە، کەچی ناشیەوێت وەک ئۆپۆزیسیۆنەک ئەمە بکاتە خاهەکی لاوازی دەسەڵات لە دژایەتی کردنیدا بەی، بۆچوونەوە، وەک ئاماژەمان پێداوە کەبەکێش دەکات بە کێشکردنی ئەم بەرە کۆنەپەرستییە ئیسلامییە بەڵای خەی.
بەیە ئەمە سیاسەت و هەبازەکی ئاگاهانە و هەقواوی بەرژەوەندی چینایەتی؛ ئابووری و سیاسی واقعییە، کە لە لایەن حزبەکانی دەسەڵاتەوە هەم بە دامودەزگای داپڵۆسێنەر و سەرکوتگەر بەرگری لە دەکەن، هەم بە هاوپەیمانەتی و سازشکاریان لەگەڵ بەرەی کۆنەپەرستی ئیسلامی، و هەم بە "عەقڵیەتی شاخ" و هێزی حزبی و بنەماهەیی و عەشایەریش، وە لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی لیبڕاڵیشەوە بە عەقڵیەتی

مەدەرنی بورژوازیانەی شاری.
ئەم واقعیەتە کاتێک بەووونی دەردەکەوێت کە سەرنج بدەینە کەمەگەی کوردستان، دەبینین دوو کەرت بووە. لایەکی ئەم کەمەگەیە کەمینەیەکی دەسەلاتداری خاوەن حکومەتی هەرەم و خاوەن پشک لە حکومەتی ناوەندیە، خاوەن ملیشیا و دادگا و ئاسایش و دەزگای سیخوڕی و میدیایەکی زۆبەلاح و مەنەپەلکەری بازرگانی و زەویوزار و پڕۆژە ئابووریەکان و خاوەن ملیار و ملیۆنەها دۆلار، خاوەن هاوبەرژەوەندیە لەگەڵ دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە و وڵاتانی ئیمپریالیستی ئەمریکا و ئەوروپا.
لایەکیش زوربەی هەرە زەری جەماوەری خەڵکی کوردستانی عێراق، کە بێکاری و هەژاری داسەپاوە بەسەریاندا و بەدەست کەمی خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکانی ژیانی وەک ئاو و کارەبا، داودەرمان و خەستەخانە، خوێندن و خوێندنگا و خراپی هێگاوبانکاوە دەناڵێنن، و نەک موچە کلکوگوڵ بەڵکانیان دوادەکەوێت و ساڵانە چەند موچەیەکیان لە دەبەدەرە، بێکەس و منااڵکانیشیان دەبە خێوان ئامادە بکەن تا ئەو (٣٢) ملیار دۆلارەی کە حکومەتی هەرەم قەرزدارە، وەک باجی سەر ژیان و ئایندەیان تەحەمولی بکەن، کە ساڵ بە ساڵیش قەرزەکە بە سود و فایدە و زیاتر و زیاتر دەبێت.
لەبەرامبەر ئەم بارودۆخەشدا وەنەبێ خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و ئازادیخوازان بەدەنگ و دەستەوستان بووبن، بێکەس هەمیشە لە ناڕەزایەتی دەربڕین و مانگرتن و خۆپێشاندان و ئاپۆڕەیندا بوون، و نەک هەر وەڵامی خواستەکانیشیان نەدراوەتەوە، بێکەس بە ئاگر و ئاسنیش ناڕەزایەتیەکانیان سەرکوتکراوە، هێرشەکانیان و چاڵاکوانیشیان لە دەسگیرکراوە، بە ڕۆژنامەنوسان و نوسەرانی ئازادیخوازیشەوە.
لەڕاوە بەرتەسککردنەوەی ئازادی ڕۆژنامەگەری و دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنوسان و میدیاکاران بەشێکی ئەم کێشمەکێشە چینایەتییەیە کە دەسەاتی بورژوا قەومی فەرمانڕەوا لە ڕێگەیەوە دەیەوێت لە قاڵبی بدات و بە سەرکوتکراوی ئایبگرێت و نەهێڵێ بتەقێتەوە بەڕوویدا وەک ئاپۆڕین و شۆڕش.
نەک هەر ئەمش بێکەس کێشمەکێشی حزبەکانی ڕووتی ئیسلامی سیاسی و ئۆپۆزیسیۆنی ناسیونالی لیبراڵ بڕوویاندا، لە لایەنگیدا لەسەر چۆنیەتی بەهرەبەرداری و دەستبەسەراگرتنی ناڕەزایەتییە کەمایەتیەکان و شۆپڕشی خۆپێشاندان و ئاپۆڕینی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و لاوانی کچ و کوڕی بێکار و بە ئایندەکراوە، تا بەجۆرێک ئاراستەبکرێت کە لایەک دوور بخرێتەوە لەوەی گشت ئەم

سیستمی ئابووری – کۆمەڵایەتییە و دامەزراوە سیاسییەکەی لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێم بپارێزێت لە لافاوی نەفرەتی جەماوەری ئاپۆیوو، وە لە لایەکی تریشەوە لە ڕێگەی سواربوونی شەپۆلی ناڕازایەتییەکانەوە بتوانن نزیک هەر وەک "بزووتنەوەی گەلان" پشکێشیان بکەوێت لە دەسپێکاتدا، بێگومان بۆنیازن تەواوی دامودەزگای سەروو ئیرادەی ئەم جەماوەرە، لە پەرلەمان و حکومەت بگرنە دەست خۆیان.
بەڵام پایەی مادی و کۆمەڵایەتی ئەم داسپاوییەی کۆنەپەرستی و سەرکوتگەرییە بەسەر ئەم هەرەمەدا، ئەم کەرتبوون و ناکۆکییە چینایەتییەیە. مانەوەی فکر و ئایدیا و نەریتی دواکەوتوانەی سەدەکانی ناوەدوو، پایەکی مادی کۆمەڵایەتی؛ دەربەگایەتی و کۆیلایەتی و عەشایەری ئەوتەی نەماوە کە لەسەری بوەستێت و دووبارە بەرهەمی بهێنێتەوە، ئەمانە بۆیە ماونەتەوە، چونکە بەرژەوەندی چینی دارای کوردستان، مانەوەی دەسەڵاتە بورژوا قەومییە ئیسلامییەکەی لەم هەرەمە، و هاوئاهەنگییەکەشی لەگەڵ ستراتیژی بورژوا ئیمپیریالی جیهانی و دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە، پێویستی پێیانە کە بەردەوام دووبارە بەرهەم بهێندرێنەوە.
بەم پێیە ئەو ژینگەیەی کە تیرۆر دەتوانێت تیایدا دڕێژە بەخۆی بدات ئەم واقعە چینایەتییە سیاسییەیە لە کوردستان، بۆیە لە ڕوانگەی مارکسیزم و بەرژەوەندی چینی کرێکارەوە، خەبات بۆ سنوردارکردن و کۆتاییهێنان بە تیرۆر و توندوتیژی، وەک پرەنسیپ و ستراتیژ، بەستراوەتەوە بە نەهێشتنی ئەو ژینگەیە کە سەرمایەداری و دەسەڵاتی بورژوا قەومییە.
واتا گرێخواردووە بە سەروساماندان بە خەباتی چینی کرێکار و زەحمەتکێش دژ بە چینی بورژوازی و دەسەڵاتکەی، گرێخواردووە بە ئاسەدارکردنی ئەم خەباتە بە گرتنەدەستی دەسەڵات و دامەزراندنی حکومەتی کرێکاری، کە ئامانج بە دەوری خۆی وەڕێخستن، بەهێزکردن و ڕێکخراوکردنی بزووتنەوەیەکی سۆشیالیستی بەهێز دەخوازێت لە دەروونی ئەم کۆمەڵگە سەرمایەداریەی کوردستان، کە لێکهەڵپێکراو بێت بە چینی کرێکار و ڕێکخراو و سەندیکا و یەکێتییە کرێکارییەکان و ڕێکخراوی فەمینیستی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش و لاوان و گەنجانی سۆشیالیست و یەکانگیریش بێتەوە لەگەڵ هەمان بزووتنەوە لە سەراسەری عێراقدا.
گرتنەبەری ئەم ستراتیژە کۆمنیستییەیە، کە دەبێتە پاشکشکردن بە نفوز و هێژمووونی فکری و سیاسی و عەملی بزووتنەوە جەراوجەرەکانی بورژوازی؛ چ ئیسلامی سیاسی کۆنەپەرست و تیرۆریزمەکەی، چ ناسیونالیزمی دەسەڵاتدار و سەرکوتگەرییەکەی، چ

لیبرالیزمی قۆمی ئۆپۆزیسیۆن و یەکەمە پوچکەی. وە بگشتی بارودۆخێک لە کۆمەڵگەدا دەتە ئاراوە کە ئەو بزووتنەوە بورژوازیانە و حکومەت و دەسەڵات و حزب و گروپ و دەستجاتکانیان پاڵپشتوو دەکات، تا نەتوانن دەستدرێژی بکەنسەر ماف و کەرامەتی خەڵک و تیرۆر ئەنجام بدەن.

کۆتایی حوزەیرانی ۲۰۲۳

میدیای کوردی و کێشەکانی دونیا.. نەژاد عزیز سورمێ

لەوەتەی هەیە ، بە گەڵک هۆ و ئەگەر ، لە پێشەوەیان ئەو زوڵم و ستەمەی بەدرێژایی مێژوو لەسەر خاکی خۆی لە کورد کراوە ، ڕۆژنامەگەریی کوردی هاوڕێی لایەنەکانی دی هەمیشە کەوتووەتە سەنگەری بەرگری و بەرەنگاربوونەوە ، بۆیە بەو چەشنە هەرگیز بۆی نەخساوە لەو ئاستەدا بێ یا بووبێت بەو سەرچاوە و ئاوهەدڕەی ڕووبار و جۆگەی لێ بووبێتەوە و خوێنەر ، پاشانیش گوێگر و لە دوایشدا بینەری تێرکردبێ و پێویستی باخەربوونی لە پێشهاتەکانی دونیای بۆ فەراهەم کردبێ ، بەو ڕادەیەی ناچاری چاو لەدەری نەکردبێ و لە گەڵان بە دوای ڕاستیدا لە دەرگای تری نەخواستبێ… ئەم حاڵەتەیش تا پێش ڕاپەڕین و دەستپێکردنی ئەزموونی ئەم بەشەی کوردستان (لەگەڵ هەهەندە پاشقەبڕەکانیشی) هەنگە پاساوێکی هەبووبێ ، بەڵام دوای تێپەڕینی هەموو ئەو ساڵانە کە خۆی لە سێ دەیە دەدا ، هیچ پاساوێك دیارە بەدەرد ناخوا ، بەتایبەتیش لەکاتێکدا هەیەکانی گەیاندن و پێکڕاگەیشتن بەڕادەیەك پێشکەوتوون و لە پەرەسەندندان دونیایان کردووەتەوە گوندە دەپازدە ماڵیەکەی جاران…

ئێستا ڕۆژنامەنووسانی کورد و میدیای کوردی هیچ پاساوێکیان نەماوە ، لەوەی بەهەندگرتنی شایان و بەڕوانین و جیهانبینی کوردی و کوردستانی لە پێشهات و ڕووداوەکانی دونیا بڕوانن…
مەبەستیش لێرەدا ئەوەیە ؛ ڕۆژنامەنووسی کورد ئەمڕۆ لەگەڵ

هەوتەکەدا بن و گۆشەگیر نەمێننەوە و لە ڕاست کێشە و پێشهاتەکانی دونیا ، بەتایبەتی کێشە هەڵایساوە هەنووکەییەکان قسەی خۆیان هەبێ کە جگە لە باخەبەرکردنی وەرگری کوردی لەو کێشانە ، هیچ ئیایەکی کوردیش لەم نێوانەدا پێك دێنێ کە لە نێوەندەکانی میدیای دیاری جیهان حسابی بۆ بکرێ ببێ بە سەرچاوە بۆ میدیای باوەڕپێکراو بەتایبەتیش لەو هەیانەی ڕۆژانە بەو (بەرامبەر)ـەوە پەیوەستن ، بەنموونە کێشەیەکی وەك کێشەی سودان ، یان ململانێی ژێراوژێری ئەورووپا و ئەمریکا ، یاخود مەسەلەی پێکهاتنی ، یا دمگۆی پێکهێنانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی فراوان ، یاکێشە ئابووریيە جۆراوجۆرەکان یا ئەوانەی پەیوەندییان بەژینگەوە هەیە (کە زۆر گرینگە و میدیای ئێمە لە سەرەقەڵەم زیاتری پێدا نەهێناوە) لە کاتێکدا بە پێی هەندێ ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوەی سەنتەری باوەڕپێکراوی دونیا ئەوەندەی مەترسی لەسەر جوگرافیای ژیانی ئێمە هەیە هەنگە زیاتر بێت لە شوێنی دیکە …
یاخود مەسەلا نموونەی ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی وڵاتێکی وەکو ژاپۆن و لە ڕووی هەستانەوە و پەرەسەندن و کێبەرکێی پیشەسازی و ئابووری لەسەر ئاستی دونیادا… یا تاقیکردنەوەی چین و هەندێ وڵاتی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و تاد .. کە ڕۆژانە و وەکات کەناڵەکانی دونیا بایەخی پێ دەدەن و بووە بە بەشێك لەو ڕووونییەی بۆ خوێنەر و گوێگر و بینەرانی فەراهەم دەکەن .

هەموو ئەو کێشە و مەسەلە و پێشهاتانە و زۆری دیکەش کە لە دونیادا ڕوودەدەن یا پێشبینی دەکرێن ڕوو بدەن ، چاو دەدەینێ میدیای کوردی نەك نەیداونەتەبەر ڕۆناهی بەکو وەك پێویست بە هەندیشی نەگرتوون کە ڕێگە ڕوونتر بکاتەوە و کەسی کورد لە ئاگاداربوونی لە ڕووداوەکانی دونیا بەرپێی خۆی باشتر ببینێ…

میدیای کوردی ، بۆ نەوەی ئەمڕۆ کە زۆربەیان زمانی دیکە نازانن (بەتایبەتی لێرە لە خواروووی کوردستان) ، پرسی دروستکردنی هاوسەنگی نێوان مەسەلە ناوخۆیی و کێشەکانی دەرەوە لە بەرامبەر دادەنرێ… سەردەمی گۆشەگیری بەسەرچوو… ئەگەر بمانەوێ نەوەی تازە بەڕاستی بەبیری هەستانەوە و ئەوەی بە ئینتیما ناوی دێ و هەروەها بنیاتنانەوە تەیار بکەین.
لەهەموو دونیا ئەمڕۆ ئەوپەڕگیری لە هیچ بوارێکدا هیچی لێ هەناکڕێ و ئەو کاردانەوەیشی نەماوە کە جاران بەچەشنە هەڵوەست وەرگرتنێك تەماشا دەکرا…
سەردەمی ئەمڕۆ ، سەردەمی بەشداری و هاوبەشیکردن و ڕوانینە…

لە پەراوێزگرتنی کێشەکانی دونیا و لەسەر ڕانەوەستان و بایەخ پێنەدانی بەشایيەکی هەستپێکراوی لە میدیای کوردی دروست کردووە ، بە جۆرێك مەترسی ناوخۆیایەتی بەکەناڵە ئاسمانییکانیشەوە پێ بزر نەکراوە.
چونکە میدیا ، هەر میدیایەك بە ئامادەیی پەیامنێر یا کامێرای دەرەوە جوگرافیاوە بەو ئاسانییە ناتوانێ خوێنەر و بینەر بخاتە سەر ڕاستەشەقامی باوەڕ پێ کردن و جێی متمانە ئەگەر لانی کەمی ڕاستی ڕووداوەکانی تێدا نەبێ ..
هەقە ڕووناکبیر و ڕۆژنامەنووسان لە ڕوانین و جیهانبینیاندا بە زۆر هێ کە لە مووقەفشان ون نییە بەو ئاراستە و ئامانجە لەپێش خەڵکی دیکەدا بن...

کاتێک دەمامکی "کوردایەتی" دەکەوێ!.. عەبدوڵا ساڵح

دوای پتر لە سێ دەیە لە دەسەاتی "کوردایەتی"، ئێوەتا بەرهەمی ئەم دەسەاتە، کە حزبەکانی ئەم بزووتنەوەیە پیادەیان کردووە، زۆر بەئاشکرا لە کوردستانی عەراق بەدی دەکرێ. ئەمڕۆ لە هەر سوچێکی ئەم سەرزەمینەی ناوی هەرەمی کوردستانی عەراق، جگە لە ڕق و بێزاری و نەفرەت لە دەسەات، شتێکی تر نابیستی، ڕق و توڕەبوونێکی پێنگخواردوو لە ئاگری هەر تەقینەوەیەکدا ئەم تەخت و تاراجە دەکاتە تەزی بانان.
دەستواژە سواوەکانی وەک (کوردایەتی- نیشتمان – خوێنی شەهیدان – کوردبوون – کوردستان یان نەمان …هتد) لە بازاڕی سیاسەتدا ئەمڕۆ لە کوردستان پولێک ناکەن، بەپێچەوانەوە بەرهەمی ئەم هاتوهوریایە بە ئاقارێک گەیشتوە کە بادانەوە بەرەو دەسەاتی مەرکەزی لە بەغدا بەتە ئاوات و مەرامی بەشێکی بەرچاو لەم کەمەگایەدا و هەر هەنگاوێک بەو ئاقارە جێگای پشوازیە! ئێوتا لە ڕاپرسیەکدا کە (دەزگای ستاندەر بە توێژینەوە و پەڕپێدان) پێی هەستاوە لەژێر ناوی (ڕاپرسیەك دەربارەی دەخی هەرێم و ئایندەی هەبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان) کە پتر لە نە هەزار کەس بەشداری تێدا کردوە لەوەامی پرسیارێک دەربارەی ڕادەستکردنی نەوتی هەرێم بە بەغدا کە

ئایا لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانە؟ لە سەدا حەفتاو نۆ (٧٩%) بە بڕوا وایە داوەتەوە(١).
ئەم خەی بەرهەمی ئەو نائومێدییە کە لە "کوردایەتی" پاشکەوت بووە و باڵی کێشاوە بەسەر کەمەڵگایەکی چەند ملیۆنی کە تا دوێنێ بەشکی بەرچاوی فریوی شیعاری (کوردستان بەهەشتی زەمین – بەردی وەک گەوهەر – زەڕێیەک خاکی وەتەن نادەم بەقەسری قەیسەری – ئەی کوردینە با دەست لەناو دەست کەین هەموو …هتد) شیعارگەلێک کە ئێستا بەتە مایەی گاڵتەجاری.
ئەمە بەئاشکرا و زەر بەووونی ئەو دەمامکە لە ڕووی "کوردایەتی" لاکەوتووە و ڕووە ڕاستەقینەی دزێوکەی دەرکەوتووە کە جگە لە برسێتی، ماوەرانی، خەفەکردنی دەنگی ئازاد، زیندان و ئێشکەنجە، بەتاڵانبردنی سەروەت و سامان، نەخێشی، نەخوێندەواری، بەبێشبوون لە هەموو خێشیکی ژیان … چی تری لێپاشکەوت نەبوو!
ئەوەتا ئێستا و لەژێر سایەی ئەم دەسەڵاتی کوردایەتییە، بەاوبونەوە و مامەڵە بە مادە هۆشبەرەکان بەتە دیاردەیەکی ڕۆژانە، برسێتی و بێکاری بەڕکی سەدان هەزار کەسی گرتووە بەتایبەتی گەنجان و بێناچاری ڕۆگای مەرگ بەرەو هەندەران دەگرنەبەر تا لەم بارودۆخە دەرباز بن، دیاردەی سواڵ کردن، لەشفرۆشی، دزین، ڕفاندن، کوشتنوبڕین لەنێو ئەندامنی یەک خەزاندا، باوک ڕۆکانی خەی دەکوژێ، برا برا دەکوژێ، بەمتمانەیی بە دەزگای دادوەری وای کردوە خەڵک پەنا بەرێتە بەر توانای خەی بە تەڵە سەندن، ئەم جگە لە قوربانیانی ڕۆگاوبان کە دەکرێ وەک شەڵکی بەردەوام، بەردەنگ، هەژمار بکرێ، خە دیاردەی ژنکوشتن لەسەر "شەرەف" دەمکە کوردستانی بردەتە چەپەڵی لیستی ئەو وەاتانەی ژن تیایاندا دەچەوسێتەوە و دەکوژرێ ئەویش تەنیا بەتاوانی ژن بوون!
ئەم دەسەڵاتە بەجۆرێک بەتە جۆی نەفرەتی جەماوەر تەنانەت کارەباشکانیشی، ئەگەر هەبن، بەگومانەوە سەیردەکرێن.
یەکێک لە دیاردە سەیر و سەمەرەکانی ئەم کوردستانە، مووچە دابەشکردنە، کە بەتە مەسەلەیەکی سیاسی و جۆرێک لە یاری چاوشارکێ! مووچە خەر بەداخەوە کراوە بە "کێشەی مووچەکەی و وایلەکراوە ڕۆژ و سەعات بژمێرێ لە چاوەوانی لیستی مووچە و دابەشکردنی کە ئەویش لەژێر پاساوی نەبوونی پارەی کاش، هەندە جار، لەنیوەی ڕێدا دەوەستێ و کەمەڵێک نائومێدی بەدوای خێدا دێنە و دەسەڵاتیش بەشەرمانە شانخاڵی دەکاتەوە لە ئاقاریدا!
لەنەو ئەم هەموو داخ و دەردە، لایەنێک بەناوی ئەپۆزسیۆنەوە شان و قۆڵ ئادوشێنە و وادە و بەڵێنی بەدیهێنانی خەونی (کوردستان دەکەینە بەهەشت) بەجەماوەر دەدا و هەمان ڕێی (بزوتنەوەی گەران)

دەبینە کاتێک لە ئاپۆینی (شوباتی ٢٠١١)دا سواری شەپۆلی ناڕازایەتی خەڵک بوو و بەقازانجی دەستات شکستی پەهەنا و خامۆشی کرد، ئەم مەدلۆلە لە (نەوەی نوێدا) دەردەکەوێ. ئیسلامییەکان و حیزبەکانیشیان بەجۆرێک لای جەماوەر بە سید و ئیعتبار بوون کەتازە نە شیعاری (ئیسلام هەڵگرە چارەیە و نە ترسی قەبر و قیامەتیش) نایخوا.
کوردستان و خەروبارەکەی ئەمڕۆ بە مشتێک سەرمایەدارە کە لەژێر سایەی ئەم دەستاتەدا هەڵتەقیون، ئەوەتا (تەری هەوای گەرمیان) لە یەکێک لە ئاپارتمێنگیەکانیدا بەساوی کردەتوە دەڵێ: لە کوردستان سەزدە (١٣) ملیاردێر و دە هەزار (١٠٠٠٠) ملیۆنێر هەیە!! ئەمە خەی نیشانەیەکی زەق و بەئەملا و ئەولایە کە قوتبی بوونەوەی چینایەتی (polarization – جەمسەرگیری) لەم کەمەڵگایەدا دەردەخا، لە لایەک ڕیزی ملیۆنی کرێکاران و زەحمەتکێشان و هەژاران و مووچەخۆران و گەنجانی بێکار، لە لاکەی تری کەمایەتییەکی سەرمایەدار، هەوە ئاستەقینەکەی ئەم کوردایەتییە بەرگریە لە سەروەت و سامان و پارێزگاری یە لەم کەمایەتییە، ئەمە لە کوردستان ژیان و خەشبژەوی بە ئەوانیە پارەیان لەبەردەستە و بەس، هەر بۆیە بەبێ جیاکردنەوەی ڕیزی سەربەخۆی ئەو چەند ملیۆن کەسە لەڕیزی ئەم کەمایەتییە ناکرێ باس لە ئاوگەی ڕیشەیی بکرێ لە کوردستاندا.
ئەمە لە کوردستاندا زۆر بەئاشکرا بەرژەوەندی دوو چین لە ئارادایە – سەرمایەدار و کرێکار، ئەم دەستاتە لە هیچ ئامرازێک نەپرینگاوەتەوە و هەموو هەڵگایەکی گرتەتە بەر، وەک چاوچنۆکترین توژاڵ، لەپەناو دابینکردنی بەرژەوەندی سەرمایەداران، کەمەڵگا زۆر بەئاشکرا ئەم سیاستە ئابوریە نیولیبرالیزمە کە دەستات پیادەی دەکا لە کوردستاندا تاقیکردەتەوە، نەمانی کەرتی گشتی و ئادەستکردنی هەموو سێکتەرەکانی بەکەرتی تایبەتی وەک، خوێندن، تەندروستی، کارەبا، ئاو، بەشی زۆری خزمەتگوزاریێکان دەرئەنجامەکەشی ئەم نەهامەتییەی لە پاشکەوت بووە.
ئەمڕۆ هیچ کونج و کەلەبەرێک نەماوە لەم کەمەڵگایەدا مەرکی چینایەتی پێوە نەبێ، بۆیە بەرژەوەندی زۆرینەی ئەو جەماوەرە بەستراوەتەوە بە بەرژەوەندی چینی کرێکار و زەحمەتکێش، بەستراوەتەوە بە گەردانی خەباتیان بە ئاسای سوشیالیزمەوە، هیچ هەڵگایەکی کە بە بەدیهەنای ئازادی و خەشبژەوە و یەکسانی لەئارادا نەماوە، ئەمە تاکە هەڵگایە لەبەردەم ئەم کەمەڵگایەدا بە دەربازبوون لەم نەهامتییە و دابینکردنی ژیانێکی شایستە بە مرۆڤ.
-.-.-.-

(١) سایتی شار پرەس ٦-٦-٢٠٢٣.

مەنسوور حیکمەت و شەشی ژن ژیان ئازادی.. وەرگیرانی: کاوە عومەر

دیمانەی سیما بەهاری لەگەڵ حەمید تەقوایی
وەرگیرانی:کاوە عومەر
بۆ پشتبەستن بە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ کەناڵی جەدید کەکراوەتەوە

لە ١٣ تیری ساڵی ١٣٨١، هاوتای ٤ی تەممووزی ٢٠٠٢، دەی پێ لە خۆشویستی مەنسوور حیکمەت، ئەو دەی کە بە مرۆڤایەتی لێیدەدا و خوونی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسانی لەخێدا پەروەردە دەکرد، بەهەی نەخشی شۆرشێنجوە لە لەدانی کەوت.
مەنسور حیکمەت، تیۆریستێکی گۆڕەی مارکسیست و شەشگەڵێکی گۆڕە، کەسێک بووە کە بە درێژایی ژیانی سیاسی خێی بە دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی یەکسان و جیهانێکی باشتر کاری دەکرد، واتە لە شەشی ١٣٥٧وە کە چووەتە ناو سیاسەتەوە. ئەمە شەشەکی ژنانە، شەشی ژن ژیان ئازاد لە ئاراداید. وە ئەوە مەنسور حیکمەت بوو کە ٢١ ساڵ لەمەوبەر ڕایگەیاند کە شەشی داهاتووی ئێران بە ئۆگرێکی زەردەوە شەشی ژنان دەبەت.
ئەمە لە بەرنامەی گفتوگۆداین لەگەڵ حەمید تەقوایی کە هاوڕێ و هاوڕێیەکی نزیکی مەنسور حیکمەت بووە، دەماوەت باس لە کاریگەرییەکانی مەنسوور حیکمەت لەسەر شەشی ئێستا و میتد و ڕوانگەی بە پرسە سیاسییەکان بکەین.
حەمید تەقوایی، پرسیاری یەکەمم ئەوەیە، ئایا دەتوانین شوێنپێی مەنسوور حیکمەت لە شەشی ژنان، ژیانی ئازادیدا ببینین؟ کام نیشانە؟
حەمید تەقوای:ی بە بەچوونی من مەنسوور حیکمەت دەکرە بە نەخشە داڕێژەری شەشی ژن لژیان ئازادی هەژمار بکرەت. مەنسوور حیکمەت پێگەیەکی بەرچاوی لە بزووتنەوەی کۆمەنیستی و لە بزووتنەوەی

کرێکاریدا هەیە، کە هیوادارم ئەمەش بە هەمان شێوە قسەی لەسەر بکەین. بەڵام ئەوەی ئێوە وەک ئاماژەگەر و وەک مژدەبەخش و بەڵێندەر و وەک دامەزرێنەری شەش بە هەمان شێوە گرنگ و سەرنجڕاکێشە. ئێستا کە شەشی ژنان سەری بەرزکردۆتەوە، نەک هەر لەرێ و لەوێ شوێنپێ و کاریگەرییەکانی مەنسوور حیکمەت دەبینین، بەڵکو ڕوحی شەشەکە، بەڵای من، وەدیهێنانی ئێوە ئایندەیە کە مەنسوور حیکمەت لە مەشکیدا بوو و پێشکەشی کرد بە کەمەگا. باست لێوە کرد کە مەنسور حیکمەت ٢١ ساڵ لەمەوبەر پێشبینی ئێوەی کردبووە کە شەشی داهاتوو لە ئێراندا ژنانە دەبێت. ئەمڕۆ هەموو جیهان ڕاپەڕینی ئێستای ئێران بە شەشی ژنان ناودەبەن. یەکەمین شەشی ژن لە مێژوودا. ئەمەش لەلایەن مەنسور حیکمەتەوە بە دیدگای قووڵی خۆی، بە شیکارێ دروستەکەی، زیاتر لە دوو دەیە پێش ئێستا ڕاگەیەندرا. وە دەبینین ئەمڕۆ بەدی هاتووە.
ڕاگەیاندنی بەچوونی مەنسوور حیکمەت سەبارەت بە شەشی ژنان لە حیزبەکەماندا گەڵا بە دامەزراوەیەک بە ناوی شەشی ژنان، کە تا ئەمڕۆش بە بەردەوامی کار دەکات و ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە داشتن و ئامادەکاری سیاسی کەمڵایەتی شەشی ئێستادا.
بەڵام کاریگەریی بەچوون و سیاسەتەکانی مەنسوور حکمەت تەنیا سنووردار نییە بەمەوە. مەنسوور حیکمەت بزووتنەوەی شەشگەڵانە، بزووتنەوەی جەماوەری بە ڕووخاندنی کەماری ئیسلامی بە تاکە ڕێگای ڕزگارکردنی کەمەگە زانی. دوای ڕاپەڕینی ١٨ی تیری ١٣٧٨ لە وتارێکدا ڕایگەیاند کە بزووتنەوەیەکی جەماوەری دەست دەکات بە ڕووخاندنی کەماری ئیسلامی و ئەم بزووتنەوەیە تا ئەمڕۆش خاڵی بەرزی زێری هەبووە کە بەداخەوە مەنسوور حیکمەت لە ژیاندا نەمابوو بە ئەوەی ئەوانە ببینێت. لە ساڵی ١٣٨٨ و دە ساڵ دوای ڕاپەڕینی ١٨ی تیر بینیمان کە بزووتنەوەی ڕووخاندن سەری بەرزکردەوە، لە ساڵی ١٣٩٦، لە ساڵی ١٣٩٨ و ئەمڕۆش ئەم بزووتنەوەیە لەگەڵ شەشی ژن ژیان ئازادی گەیشتۆتە خاڵێکی بەرزی نوێ. هەموو ئەمانە ئەوە دەردەخەن کە ئێوە ستراتیژ و هێڵ و ئاسۆیەی کە مەنسوور حیکمەت وەک بزووتنەوەیەکی جەماوەری بە ڕووخاندنی کەماری ئیسلامی دانابوو خاڵی زێر بەرزی هەیە و ڕاستیەکی هەنووکەیی ئەمڕۆیە.
جگە لەوەش ئەمڕۆ خێک ڕایدەگەیەنن کە هەموومان پێکەوەین و دیارە لە بزووتنەوەی دژی سزای لەسەردان ئەمە بووتە دروشم و هاشتاگی جەماوەری. ئارگومێنتی مەنسوور حیکمەت ئەوە بوو کە ئێوە شەشی لە ئێراندا ڕووداتسیمایەکی جەماوەریی دەبێت و چین و توێژە گۆڕەکانی کەمەگاش تێیدا بەشدار دەبن و ئەم جەماوەرە گۆڕیە تەنیا لەژێر یەک ئاڵادا، لەژێر ئاڵای شەشگەڵانەی چینی کرێکاردا،

لەپناو لە ناوبردنی ستەم و جیاکاری.وە سەرکوتدا هەدستەت و سەردەکەوت. ئەمە ئەمە دەبینین کە ئەو شەشەی لە دەوری دروشمی ژن ژیان ئازادی دەستیپەکردووە و خەلک کوردی و بەلووچ و ئازەری و ئازادی و یەکسانی دەخوازنەوە، لە ئاستیدا لەگەل ئەوەدا دەگونجەت کە مەنسور حیکمەت تیریسەنەکەی بوو خەباتکارو مزگەنی دەری بوو. بە درۆزایی تەمەنی سیاسی خۆی هەویدا بە بەنجام گەیاندنی و حیزبەکی دامەزراند کە تا ئەمەش ئەم ئاماژەی هەگرتووە.
خاڵەکی زۆر هەیە. وەک نموونەیەکی دیکە بزووتنەوەی دژی سزای لەسەدارەدان لەبەرچاو بگرن. ئەوە مەنسور حیکمەت بوو بە یەکەمجار ئایگەیاند کە لەسەدارەدان کوشتنی دەوڵەتیە و لەسەر بنەمای ئەمەش چالاکیی بەرفراوان و بەدواداچوون لە حیزبەکەماندا دژی سزای لەسەدارەدان دەستیپەکرد، لە کاتێکدا زۆرێک لە هەڵسەکانی ئەپۆزسیۆن تەنانەت دژی سزای لەسەدارەدان نەبوون و هەندەکیان لەسەدارەدانی هەڵسە دژە شەشەکانیان بە هەگەل پەدراو لەقەڵەم ئەدا. ئەمە دەبینین کەمەگەل ئایدگیەنەت کە سزای لەسەدارەدان دەبەت بە هەر تاوانێک قەدەغە بکرەت، ئەبەت هەبوشتەوە. باشە ئەمە قسەی مەنسور حیکمەتە، کە لە سەدارەدان بە هەر هەکارێک و لە ژێر هەر ناونیشانێکدا سزایەکی نامرۆڤانە، کوشتنی بە ئەنقەستی دەوەتە و پەویستە قەدەغە بکرەت.
یان گریمان باسکردنی ئازادی بە کەت و مەرج، کە مەنسوور حیکمەت پەداگری لەسەر کرد و گرنگی و پەویستییەکەی هوونکردەوە، ئەمە دەبینین ئەم داواکارییە بنچینەییە لە لەدوانی جەراوجەردا وروژنراوە، بە نموونە لە جاڵنامەی ٢٠ی هەکخراوەکەدا. پەشتر هیچ هەڵ و لایەنێکی سیاسی ئای نەگەیاندبوو و تەنانەت تا ئەمەش مەرجی وەک پیرەزی ئایینی یان نەتەوەیی- نیشتمانی و هتد وەک بەرتەسککردنەوە بە ئازادیەکان دەخرەنەوو.
یان گریمان مەنسوور حیکمەت لە مەیدانی خەباتی ژناندا قووەترین هەخنەی لە ئاپارتایدی جێندەری و حیجاب و هەڵسەی تەکدەرانە و نامرۆڤانەی ئایین لە بەمافی ژنان و هتد وروژاندووە.
هەروەها مەنسوور حیکمەت دژی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی نەک تەنیا لە ئێران، بەڵکو لە ناوچەکە و جیهاندا وەستایەوە و سروشتی نامرۆڤانە و قێزونانەی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی بە جیهان ناساند. ئەوە مەنسوور حیکمەت بوو کە ئایگەیاند کە بزووتنەوەیەکی دژە ئایینی لە ئێراندا لە ژێر پەستی کەمەگادا دەگوزەرەت و ئەمە دەبینین ئەم بزووتنەوەیە سەری بەرز کردوەتەوە و خۆی نیشان دەدات.
لە هەر حاڵەتێکدا ئەم نموونانە کەم نین. لایەنێکی دیکە هەڵسەی مەنسوور حیکمەتە لە بزووتنەوەی کرێکاری و لە بزووتنەوەی

کەمەنیستیدا کە باسکی وردە.
سیما بەهاری: بەڵێ، بە دڵنیاییەوە ئەم پرسە بە هەمان شێوە چارەسەر دەکەین. بەڵام لێرەدا باشە باسی ڕەبازی مانسوور حیکمەت بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بکەین. تە باسی هەندێک شتت کرد، بەڵام بە گشتی دەماڵەت بزانین مانسوور حیکمەت چۆن سەیری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دەکرد. بینیومانە کە زۆر جار ڕووتە چەپەکان کاتێک باس لە بزووتنەوەکان دەکەن تەنها چینی کرێکار لە بەرچاو دەگرن، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە دەوری ئەو پرسانەی کە تۆ وەک نموونە باست کرد، پرسی حیجاب، پرسی لە سێدارەدان و هتد.. هتد. لە ڕوانگەی هەندێک هێزی چەپەوە، بزووتنەوەی پڕاوێزی باس دەکرێن. ئەمە دەماڵەت بزانین مانسور حکمەت چۆن سەیری ئەم بزووتنەوە و بزوتنەوانە دەکات.
حەمید تەقایی: مانسوور حیکمەت چەمکی بنەڕەتیی بزووتنەوەکانی لە دوو ئاستدا بەرزکردەوە، و وەڵامی ڕوونی دایەوە نەک تەنها لە ڕووی تیۆرییەوە، بەڵکو بە کردەیی، و لە ڕووی ئەوەی کە دەبێ چی بکرێت، کە تا ئێستاش ئاڵای ڕێنمایی حزبەکەمانە.
لە ئاستێکدا مانسوور حیکمەت جەختی لە بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان کردەوە و ڕایگەیاند کە ئەم بزووتنەوە لە دەوری جیاکاری، لە دەوری بەمافیەکان، لە دەوری مەسەلە ڕاستەقینەکانی خەڵک و داخوازییە ڕەواکانی خەڵک پێکدێن و هەر بۆیە ئەمەش کەمانیستین. جەختیشی لەوە کردەوە کە لە ڕەگەی ئەم بزووتنەوانەوە دەبێت کە بە کەمەگەوە ببەسترێتەوە و دژی سیستمی سەرمایەداری و حوکمڕانی بوەستێت. پەیوستە چالاکانە بڕشداریان تێدا بکەین و بەهێزیان بکەین و منسجیمیان بکەین و ڕادیکاڵیان بکەین و ڕێکیان بخەین و بیانگەیەنینە سەرکەوتن.
ئەمە لە ئێراندا زۆر جوانەوە لە ئارادایە. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان، بزووتنەوەی دژە ئایینی، بزووتنەوەی دادگاییکردن، بزووتنەوەی گەنجان، بزووتنەوەی مامۆستایان و دواجار بزووتنەوەی کرێکاری کە لە دوو دەیەی ڕابردووەدا بە تایبەتی بە مانگرتن و جەماوەری لە پێشڕەنگی خەباتکان بووە ناڕەزایەتی دەربڕین. ئەمانە ئەو بزووتنەوانەن کە مانسوور حیکمەت شیکاری و هەڵسەنگاندنی بۆ کرد، هاوکێدا سنوور و لاوازییەکانیان لابەبات و یەکگرتووتر و ڕێکخراوتریان بکات.
سەبارەت بەو شێوازەی کە پرسیارت لێکرد، میتەدی مانسور حیکمەت بڕشداری کارا بوو لە هەر بزووتنەوەیەک کە داوای ماف بکات، ئاویش دژە جیاکارییە، ئاوێش مرۆڤدۆستانەیە و هەر بەیەش حزبی کەمانیستی کرێکاری، ئەو حیزبەی کە مانسوور حیکمەت دامەزراندووە و ڕابەری

بوون بوارەکانی دامەزراوە جەماوەرەکان، کەمپەینەکان و چەندین کۆسپایەتی لە دەی ئەم بزووتنەوانەدا پاڵیان پێوانراوە بە پشتەوە. لەمافی منداڵانەوە بیگرە منداڵان یەکەمن و منداڵان لە پشتەوەن کە سەرتا لە لایەن مەنسوور حیکمەتەوە دامەزران و ئۆویش پلاتفۆرمی بە نووسی و ڕێکیخست ، تا داکۆکی لە مافی پەنابەران و پەکهەنانی فیدراسیۆنی پەنابەرانەوە تا دەگاتە کۆمیتەی دژ بەڵەسەردادان و دژ بە بەردباران ، کە لە درێژەی چالاکییەکانی حیزبدا پەکهەنرا و ئەمڕۆش حزبی ئەمەیە، لە بوارە جیاجیاکاندا بەشدارە و لە هەر کۆبیەک ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتیانە هەبن، حیزبەکەمان چالاکانە ئامادەیە. ڕێکیان دەخات. سەکۆیەک و ئاڵایەکیان پێدەبەخشێت و زمان و وتەبێژی ئۆوانە. هەموو ئەمانە دەرئەنجامی میتۆدی مەنسوور حیکمەت و تێڕوانینی ئۆون بە بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان.
لە ئاستێکی تردا مەنسوور حیکمەت ماماڵە لەگەڵ بزووتنەوە چینایەتییەکان دەکات و لە ڕاستیدا تیۆری بزووتنەوەی خەباتی چینایەتی پێشنیار دەکات. دەشێت، حزبەکان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە کەمەڵگاوە نییە، بەڵکو لە دەی بزووتنەوەی تایبەتدا پەکهاتوون و پەیوەندییان لەگەڵ کەمەڵگەدا هەیە. بە ڕوونی سێ بزووتنەوە لە هەلومەرجی سیاسی ئێراندا دەناسێنێت، کە تا ئەمڕۆش دەتوانین چالاکییەکانیان ببینین: بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی ئێران و لایەنگرانی حکومەتەکانی ڕژئاوا کەشاخواز و کەماریخوازەکان بەشێکن لێیان. دووەم: بزووتنەوەی ئیسلامی نەتەوەیی کە دووی خوردادییەکان و ئیفڕمخوازانی حکومەت بەشێکن لێی و دواجاریش بزووتنەوەی کەمۆنیزمی کرێکاری کە مەنسوور حکمەت تیۆریست و ڕێبەر و ڕێکخەری ئەو بزووتنەوەیە بوو. ئەمە ئەم سێ بزووتنەوەی چینایەتییەمان هەیە و کارلێکەکانی کەمەڵگا لە ڕەگەی بەشداری یان هەڵوەست یان چالاکیی ئەم بزووتنەوە چینایەتیانە ڕوونەدەن. لە بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی لایەنگری ڕژئاوادا زۆر لایەن هەن. بزووتنەوەی ئایینی نەتەوەیی هەز و حیزب و ڕووخساری خۆی هەیە. و بزووتنەوەی کەمۆنیزمی کرێکاریش هەروا. ئەم حیزبانە بە دەستوردان لەو بزووتنەوە کەمەڵایەتیانەی کە من ناساندم، لە ڕاستیدا هەوڵ دەدەن کاریگەری لەسەر کەمەڵگا دروست بکەن و ڕۆڵی خۆیان بگێڕن.
مەنسوور حیکمەت بە ناساندنی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی و بزووتنەوەی چینایەتی لە هەردوو لایەنەوە هەنگاوێکی گەورەی بە بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی کەمۆنیستی نا. ئەو بزووتنەوکانی بە کەمەڵگا ناساند و نیشانی دا کە ئەم بزووتنەوەیانە لە کۆی نەخشەی سیاسی ئێراندا هەڵکەوتوون و هەڵوەستیان چییە. پەیوەندی ئەمانە چییە و چۆن ڕەگەی ڕزگارکردنی کەمەڵگا و ڕزگارکردنی کەمەڵگا لەم

نەوەندەدا و چ ڕێگایەک پەیڕەو بکرێت.
ئەم تیۆرە کە من ناوی دەبەم بە تیۆری بزووتنەوەی خەباتی چینایەتی و بە بۆچوونی من زیادکردنکە بە مارکسیزم، یەکێکە لەسەرمایە سیاسییە تیۆرییەکانی حیزبەکەمان، کە لەسەر بنەمای ئەو تیۆرییە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا پێشکەوتووین لەو ٢١ ساڵەی دوای لەدەستدانی مەنسور حیکمەت ئەم تیۆری و بۆچوونانە ڕێنوێنی ئێمە بوون.
سیما بەهاری: بە دڵنیاییەوە پەیوستە لە بەرنامە جیاوازەکاندا بە جیا هەر لایەنێک لەو لایەنانەی کە ئێستا باست کرد باس بکرێت. بەڵام لەم بەشەی گفتوگۆکەماندا با زیاتر سەرنج بخەینە سەر تەوانینی مەنسوور حیکمەت بە بزووتنەوەی کرێکاری. با بزانین چۆن ئەم بزووتنەوەیەی هەڵسەنگاندووە و تەوانینی چی بوو و چی دەگووت.
حەمید تەقوایی: تەواوی فەلسەفە و دیدگای سیاسیی مەنسوور حیکمەت بە قووڵی ئەوە بوو کە کرێکاران، چینی کرێکار دەتوانێت نێک هەر زگار کەری خەڵکەت بێت بەڵکو هەموو کەمەڵگای مرۆڤایەتی بێت. ڕزگارکەر لە هەموو ئەو هەڵاواردن و نایەکسانی وئەو بە مافیانەی کە نێک هەر لە ئێران بەڵکو لە جیهاندا بەربڵاوە.
ئەوەندەی پەیوەندی بە ئێرانەوە هەیە. مەنسوور حیکمەت حیزبی کەمەنیستی کرێکاریی ئێرانی دامەزراند کە ئێرکێکی بریتی بوو لە ڕووخاندنی کەماری ئیسلامی و دامەزراندنی سیستەمێکی سۆسیالیستی لە ئێراندا. لە شەشی دژ بە کەماری ئیسلامیدا، ئارگومێنتی مەنسوور حیکمەت ئەوە بوو کە چینی کرێکار پێشەنگ و نوێنەری جەماوەری مەزنی خەڵکی ئێرانە لە خەباتی دژی کەماری ئیسلامیدا. نوێنەری زۆرینە کە دواتر بزووتنەوەی داگیرکاری لە ڕێژەوا بە لە ٩٩٪ بانگی کرد. (بەداخەوە مەنسور حیکمەت بە بینینی ئێم بزووتنەوەی ٩٩٪یە لە لە ناومانداوە). بەڵام مەنسور حیکمەت لەو بۆچوونە بوو کە ئێم لەسەدا ٩٩یە لە ڕاستیدا هاوڕێی پەتانسێلی چینی کرێکارن و چینی کرێکار دەتوانێت هەموو کەمەڵگا لە هەڵاواردنی چینایەتی ڕزگار بکات، بە مەرجێک پابەند بێت بە تیۆری، بە بیرکەکان، بە سیاستە شۆشگێڕانەکانی چینەکەی خۆیەوە، واتە سۆسیالیزم، پشت بەو سۆسیالیزمە ببەستێت کە مارکس ئاماژەگری بووە و بیکاتە ڕێبەری خۆی. کاتێک مەنسوور حیکمەت باسی بەشداری لە بزووتنەوە جۆراوجۆرەکانی دژ بە هەڵاواردن دەکرد، ئامانجی ئەوە بوو کە سیاسەت و چارەسەری چینایەتیی کۆمۆنیستەکانی ئەو بزووتنەوەیە بخاتە ناو دڵی کەمەڵگا و چالاکوانان بە ڕێخۆشکەری قووڵی مارکسیستی لە دژی هەر جۆرە هەڵاواردن و بەمافییەک ئامادەبکات .
لە ناساندنی بەرنامەی دنیایەکی باشتردا، کە یەکێکە لە دەستکەوتەکانی مەنسوور حیکمەتە، ئاگەیندراوە کە ڕیشەی هەموو

هەڵواردن و نایەکسانی و بەماڤی و هەژاری بەربڵاو کە لە هەندێ جیاجیاکاندا هەیە، سیستەمی سەرمایەداریە. مەسەلەکانی وەک نەبوونی ماڤەکانی ژنان یان هەژموونی ئایین هەنگاو بەقەد مژوو کان بن، بەڵام ئەمانە ئاگەر ئاو بابەتانە بوروژێنەرن، هەگی سەرمایەداریی سەردەمی ئەمڕیە. بە نمونە ئیسلامی سیاسی ئیتر هەگ و ڕیشەکانی هەزەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و شانشینی قاجاروسەفەویەکاندا نیە، بەکو لە سەرمایەداری سەدەی بیستەم و بیست و یەکدایە کە بە پاراستنی هەژموونی خڕی پەویستی بە ئایین هەیە. هەموو ئەمانە لە ڕوانگەی مانسوور حیکمەتەوە ئاوە دەردەخن کە چینی کرێکار دەتوانێت ئاڵای ڕزگارکردنی هەموو کەمەگا لە هەموو هەڵواردن و نادادپەروەریەکان بەدەستەوە بگرێت. وەک پشەوای هەموو جەماوەری خەڵک لە ژێر هەلومەرجی جیاکاری و چەوساندنەوەدا، پەویستە لە مەیدان دەربکەوێت و کەمەگا ئازاد بکات. تەرکیزی ئەم کارە بە بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسییە. بەچوونی مانسوور حیکمەت ئاوە بوو کە بە دەسەڵاتی ئەم جەماوەرە بە بشەی خەڵکە دەکرێت و دەبێت شەڵش ەڵک بخات و دەسەڵاتی سیاسی لە دەستی چینی دەسەڵاتدار دەربهێنێت و بە ادەستی خودی خەڵک کات. بە حکومەتی شوراکان. باسکی تری گرنگی مانسوور حیکمەت کە لەم ماوە کورتەدا کاتمان نییە باسی بکەین، گرنگیی ئەنجومەنەکان و ەڵی ئەنجومەنەکان بوو هەم وەک ئەرگانی خەباتکارو و چ وەک پایەی حکومەتی داهاتوو. مانسوور حیکمەت لایەنگرەکی زەر پەداگری ئەنجومەنەکان و بزووتنەوەی شورا بوو، تیەریزەی کرد و کردی بە هاوەنی کردار و خەبات و چالاکی، بەتایبەتی لە بزووتنەوەی کرێکاریدا.
هەموو ئەمانە بە بەوای من پەگەی یەکلاکەرەوەی چینی کرێکار لە کەمەگا وبە ڕزگاری کەمەگا و گەیشتن بە سیستەمەکی سۆسیالیستی و کەمەگایەکی ئینسانی و ئازاد و یەکسان نیشان دەدەن.
سیما بەهاری: پرسیارەکی تەرم هەیە کە دەگەڕێتەوە بە میتەدی مانسوور حیکمەت. هاوەیەکی گەنجم کە تازە ئاشنای سیاسەت و کاروباری سیاسی و هتد بووە، بانگهەشتم کرد بە ئاوەی بەتە ناو حیزب. پەشنیارم بە کرد کە گوە لەو قسوباسەی مانوسر حیکمەت بگریت لە ژێر ناونیشانی ئەمە حزبی ئاوەیدا بگرێت دوای دوو سێ هەڤ تەلەفونی کرد و وتی زەر کاری تەکردووە و زەر سەرنجاکەش بووە کە مانسوور حیکمەت ئاوەندە لە دەی مرۆڤەوە نزیکە و هەست دەکەیت بیری هەموو مرۆڤەکان دەخونێتەوە. میتەدی مانسور حیکمەت لە مامەڵەکردن لەگەڵ دیاردەکاندا زەر سەرنجاکەش بوو بۆی. تایبەتمەندییەکانی ئەم شەوازە چین کە بە بەوای هاوەکەمان لە دەی خەڵک نزیک

دەبێتەوە؟
حەمید تەقوایی: لە ناوەندی میتۆدی مانسوور حیکمەتدا ئینسان دەستپێکی قۆناغەیە. ئینسان دەستپێک تەنیا هەر وەک لایەنگری بە ئازادی و ڕزگاری و خۆشگوزەرانی مرۆڤەکان ، بەڵکو باوەڕبوونە بە ئارزووی ئینسانی و ئارزووی دەی ئینسانەکان، و ئەوەی مرۆڤ دەتوانن هەستن و ئەم جیهانە سەروخوارە بگۆڕێت. لە هەردوو لایەنەوە مرۆڤ لە بیرکردنەوەی مانسوور حیکمەتدا پێگەیەکی بنەڕەتی هەیە. ئەو بوو کە ڕایدگەیاند کە بنەمای سۆسیالیزم ئینسانە، هەروەها دەیگوت سۆسیالیزم بزووتنەوەیەک بۆ گۆڕاندنەوەی ئیرادەیە بە ئینسان، خۆیشی لەسەر ئەو بنەمایە هەڵسوکەوتی کرد و لەسەر ئەو بنەمایە حزبێکی بنیاتنا و لەسەر ئەو بنەمایە مامەڵەی لەگەڵ پێشهات و دیاردەکاندا کرد. دەی مانسوور حیکمەت بە ئینسانەکان لەدەدات. لەم وتارەی ئەمە حیزب ئەوێدا دەبینیت چۆن ئارزووی مرۆڤەکان، چۆن هیوا و خەونی مۆژووییی مرۆڤەکان بە بەدیهێنانی یەکسانی، بە گەیشتن بە ئازادی، بە گەیشتن بە کۆمەڵگایەک کە هەمووان چێژ لە نیعمەتەکانی ژیان وەربگرن و چینەکان وجیاکاری چینایەتی تێدا نەبێت .لە کایەی کۆمانیزمەکدایە کە مانسوور حیکمەت لەم وتارەدا وێنای دەکات. ئەمەش هەکارێکە بۆ ئەوەی کۆمانیزمی مانسوور حیکمەت ڕەگەی خۆی بە ناو دەی خەڵک بدەزێتەوە. لەم وتارەدا مانسوور حیکمەت دەمەوێت باسی دەی کۆمانیزم بکەم. بە قووڵترین بۆچوون و گفتوگۆ زۆر لەسەر مشکی کۆمانیزم قسەی کردبوو و نووسیبووی، بەڵام لەم وتارەدا کە یەکەم وتاری ئاشکرا بوو، باسی ناخی کۆمانیزمی کرد، واتە لەسەر ئەو ئینسان دەستێ قووڵەی کە پێکهێنەری بنەمای هەموو تیۆری و بۆچوونە کۆمانیست و مارکسیستەکان پێکدەهێنێت.
لە دەی کۆمانیزمدا ئینسان دەستپێکی قووڵە. مانسوور حیکمەت دەڵێ ئەگەرزنجیری پێستی هەر کەسێکی ڕاستگۆ و دادپەروەر ڕابکێشیت، بەڵشەفیکیکی توندڕەو دەدزیتەوە. هەموو مرۆڤێک دەیەوێت یەکسان بێت لەگەڵ ئەوانی تر، پێویستە خەباتخشی و مرۆڤدۆستی مرۆڤەکان بە گریمانەی وەربگیرێت و ئەم مرۆڤدۆستیە لە ژێر ناسنامەی دەستکرد و ساختەی نەتەوەیی و ئایینی و نەتەوەیی و هتددا نەژراون. مانسور حیکمەت دەڵێ، پێویستە ئەو توخمانە لابەرێن و دەی خەڵک بە یەکەوە ببەستێتەوە.
ئەمە میحوەری بیرکردنەوە و سیاسەتی مانسوور حیکمەتە. بە بۆچوونی خۆی ئەمە دەی کۆمانیزمە. لە وتاری حیزبەکەتدا مانسور حیکمەت لە دەوە قسە دەکات. ئەمەش لە تیۆرییەکانی و لە قووڵترین باس و شیکارییە ئابووریەکانیدا، لە ڕەخنەی سەرمایەداریی جیهانیدا، لە

گۆڕانی شۆڕشگێڕی تیرۆریستی کە لە دوای ١١ی سێپتەمبەرەوە پەرەی سەند، لە ڕووخانی ئیسلامی سیاسیدا، لە ڕووخانی سیاسەتی خۆپارێزیدا، دەبینیت ، هتد.
بە هەر حاڵەتێکدا کەمتەرخەمی مەنسور حیکمەت دەتوانێت لەگەڵ هەموو مرۆڤێکی وەک خۆی دیگوت شریف و دادپەروەردا پەیوەندی بکات وبانگەوازیان بکات بۆ خەبات بۆ ڕزگاری مرۆڤایەتی و پێوستبوون بۆ بزووتنەوە و حزبی کەمتەرخەمی مەنسوور حیکمەتەوە. ئەمە ئەو حیزبەیە کە بەڕاستی ئامادەی ڕزگاری مرۆڤی بدەستەوەیە و لە هەموو چالاکیەکانیدا، ئەو هەڵە و سیاسەت و ئاسۆیەی کە دەیخاتە پێشەوە، هاندەری ڕزگاریکردنی هەموو مرۆڤە بە سەربەرز و ئازادەکانە کە دنیایەکی باشتریان دەوێت.

٢٨ی جونی ٢٠٢٣، ٧ی تیری ١٤٠٢

وەهمی داهێنان.. بەختیار محەمەد

هەندێك خوێنەری ناخوێنەری درێزن (سادە) هەن، کە نووسەر (شاعیر) دووچاری وەهم دەکەن: وەهمی داهێنەرایەتیی و خۆبەزلزانیی و خودپەسەندیی لەئادەبەدەر. ئەم جۆرە خوێنەرە تەنها ستایش دەکا و موجامەلەی درێزنانەی کەمەڵایەتی – کە لە کەمەڵگەی ئێمەدا زۆر باوە – دەگوازێتەوە بۆ ناو دنیای ئەدەب و نووسین و لە پێوەندی نێوان خۆی و دەق و نووسەردا بەکاری دەهێنێ و پێوەی دەکا.

ئەم جۆرە خوێنەرە ستایشکەرە هەرگیز ناتوانێ و نازانێ بە نووسەر و شاعیر بڵێ ئەمەت نەرێنییە و سەرنج و تێبینی و ڕەخنەی ڕاستگۆیانەی پێ ببەخشێ؛ بەڵکو هەردەم ستایشی دەکا و دەستخۆشی لێ دەکا و بە شان و باڵی خۆی و دەقەکانیدا هەڵدەدا؛ ئەمەش نووسەر و شاعیر دووچاری وەهمی زۆری لەخۆازی بوون و خۆبەزلزانیی و داهێنەرایەتی دەکا. هەربۆیەشە نووسەری ئێمە – بەگشتی – ڕەخنە قبووڵ ناکا، بەڵکو شەیدای موجامەلە و ستایشە (زۆر بە ئاسانیش وشەی داهێنان و

داهێنەری بێ بەکار دەهێندرێ).

ڕاستییەکەی ئەم جۆرە خوێنەر و نووسەرە، بە هۆی ئەو پێوەندییە ڕۆشنبیرییە ناتەندروستەی لەگەڵ یەکتردا هەیانە، هەمان خووی پێوەندی کۆمەڵایەتی تەقلیدیی ناو کۆمەڵگەی ئێمە بێ ناو دنیای ئەدەب و شیعر و ڕۆشنبیرییش دەگوازنەوە و لەوێش بە هەمان پێوەر و بە هەمان شێوە پێوەندی برادەرایەتی و خاتر خاترانە و تەنانەت خزم خزمێنەش لەگەڵ یەکتر بەکار دەهێنن و لەسەر ئەم بنەمایەش ستایشی دەق و بەرهەمەکانی یەکتر دەکەن، بۆیە زۆر بە دەگمەن نەبێ تێبینی و سەرنج و ڕەخنە لە هەمبەر دەقەکان نابینی و نابیستی، جگە لە ستایش و دەستخۆشی لێکردن نەبێ؛ ئەمەش – وەك تازە ئاماژەمان پێ کرد – بەرهەمی ئەو خووە کۆمەڵایەتییەیە (کە لەناو دنیای ڕۆشنبیریی ئێمەشدا زاڵ و باڵادەستە)؛ ئەو خووەی، کەڵ بە تەواوی دژی هەموو ڕەخنە و ئازادی و کرانەوەیەکە… ئێ خۆ لەخۆرایی نییە، کە دەنگی ڕەخنە لە دنیای ئەدەب و ڕۆشنبیریی ئێمەدا زۆر کزە و ڕەخنەگریش یەکجار کەمن. هەبەت من باسی ڕەخنەگری ڕاپۆرتنووسی ڕۆژنامەنووس ناکەم، بەڵکو باسی ڕەخنەگری ئەکادیمی و زانستیی بواری ئەدەب و هونەر… دەکەم.

بەختیار محەمەد

لێسێری سانەوێ.. نۆوزاد بێندی

بۆیانیی چەند کش ومات و ڕۆمانسی بێ ،
نیوەڕۆ دێ و پەی ئێکا لێ ژاوێ ژاو و ..دوکێڵ و ..لێ تێپ و تێز و لێ هەتاو ..
گیرفان چەند پڕ بێ لێ پارە ،
ڕۆژێ دێ ، بۆتاڵ و دەاو ..
شێو چەند درێژ و هەمن و شاعیریی بێ ،
ڕۆژ دێ و پەی ئێکا لێ ئیش و کار .. بگرێ و بڕدێ ..هات و هاوار ..

باران چەند لەزمە و بەخۆ بێ ،
دوای خۆی ووشکایی دەتەوێ ..
بەهار چەندین گوڵی تازەیش بخاتە ناو بازاڕەوە ،
هاوین هەر دێ .. هەردەم و یەک بە یەکیان
ووشک ئەکا و هەڵئاوەرێنێ ..ئەکا بە پووش ..ئەسووتێنێ ..
منایەمان چەندە جوان و پڕ لە یاری و پێکەنین بێ ،
گۆرەیی دێ و پەی ئەکا لە بەزاری و ناشیرینی و خەم و گریان ..
چاومان چەندە گەش و ڕوون بێ ..
ماسولکەمان ، چەند بەهێز بن ..
لاوازیی خۆی بە ماتداون .. لە سەنگەر و بەسدایێ ..
ئاشتی چەندە بەردەوام بێ ، جەنگێک هەر لەی ئەباتەوێ ..
هەموو تەریەک ، برسێتی لە سوچێکا یەخەی ئەگرێ و گیرفانی بێ
ئەتەکێنێ ..
کەشک ، تەز و خڕ دایئەپۆشێ و ..
بەیەکانی کاڵ ئەبنەوێ و..
چرچ و لۆچی و درز و قەیش ،
پیربوون ئەخەنە ڕوخساری ..
هەرچی سەرکەوتنێ هەیە ، نوشوستیەک ، چاوەڕێیەتی بیخات و بیکا بە
یاد و یادگاریی ..
سوپاکان .. دەزگای سیخوڕی .. تانک و فڕۆکە و ڕۆکێتی ناوکی و ژەر
دەریاییەکان ..
هەر هەمووپان ،
ڕزین لە قاوخانەیەک ، کەپەکیان پێ ئەخواتەوێ ..کوپێ ژەهر ..کوپێ
مردن …
پێکەنین چەند پێ قاقا بێ ،
ناکرێ خاوەنی بەقا بێ ،
کپی و گریان و دەتوندی ،
وەک ڕاخەرەکانی زستان ،
ئەیپێچێتەوە لە پێا ..
تەنانەت هاکا ڕۆشنایی
ئەو خەڵە گەرم و ڕوناکە ،
ڕۆژە بێا ……

⋆ ⋆ ⋆

چارەمان ، دادپەروەرییە ..
بە ئەوەی هەموو کەس بتوانێ لە منداڵیدا ،
خۆش بژی ..تێر پێ بکەنێ ..

بۆ ئەوەی کەشک و کەمپانیا و پارە و داهاتوو ،
تاپۆ نەبێ لەسەر کوێی میر و وەزیر ..
بۆ ئەوەی بەهار بەواتە خۆشی هەموو ماڵێکەوە ..
بۆ ئەوەی باران بگاتە هەموو شوێنێ ..
پێکەنین بگاتە سارای هەموو لێوێ ..
دینار بگاتە گیرفانی هەموو کەسێ …
نان و دەرمان ، بۆن بە هەموو ئەدرەسێ ..

⋆ ⋆ ⋆
ئاخر ئەمە کێی ڕەوایە ،
چەند بازرگانێکی فێڵباز ،
چەند سیاسییەکی دڕین ،
هیوا و دینار و داهاتووی
میللەتێ بە خەیان ببەن ؟
باران و نان و گیرفانی
میللەتێ هەر لە خەیان و
ماڵ و منااڵیان مارە کەن ؟

⋆ ⋆ ⋆
ئەگینا دنیا سەرتاپای ،
خۆشکە .. تارماییەکە ..
چیرۆکێکی ناتەواوە ..
سەاو و ماڵئاواییەکە ..

ـــۆنەکە ، وەنەی هەیسەم تەعەتی هاوڕێی زانکەم ، دۆنە لە شاری بەغداد کەچی دوایی کرد ـــــ

شیعر/ نیشتمان.. کەمار

لە دارستانێکدا دەژیم
نەئاژەڵم، نەجندۆکە، نەئینسانم
ئەوندە بیرم بە دەکا،
لەوەتی هەم، پەتووکێک وەکوو لانک دەملاوێنە
خامەیکیش جێستەولەشم بەبەدەکا

ودمی ژینم دەنەخشێنە
مەکەی گوڵێکی یەخسیری گۆڕاوم
جیاوازی زەل و زۆ نازانن
خاکی خەمدیتەی لەمژینم
چەواشەی دەستی دارستانم
ڕووگەی هەزاران ئاوات وتاسەم
ئەمن قیبلەم،
ببووژێنەوەی هەست وسۆزوهەناسەم
نە ئاژەڵم ، نە جندەکە، نە ئینسانم
کەچی خەم
دیلی دەوزەی تووک و تاریکیم
ماد و کاردۆ بۆتە پێناسەم
ئەمن زەدم ،خاکم ، نیشتمانم

(کەمار)هەولێر

ئەو هەکارانە چین دەبنە هەی سەرکەوتن؟.. زانا ئیزاق

سەرەتا کەسانی لێهاتوو ئەو کەسانە ئیژگارێک لەو ئاستە نەبوون بەڵام دواتر بەهەو پێسەیەک قەناغ بەقەناغ گەیشتوونەتە ئەو ئاستە ،هەروەکو چەن منالێک بەچەندین قەناغ دەبەتە پێگەیشتوو.

بنەڕەتی لێهاتووش بریتیە لەو شتانە و ئامرازانەی کە مرۆڤکانی لە بواری جیاوازکاندا گەیاندەتە ئەو ئاستە ،یانی ئەو مرۆڤ شتانکی بەکارهێناوە یان چەندین ئیی بەکارهێناوە بە ئەوەی بگاتە ئەو ئاستە و لێهاتوویی و توانایی بەرەو پێش ببات

بەیە ئەو کەسانە پێویستە زیاتر لەسەر ئەو شتانە بنوسن ، بنەڕەت و ئامرازکان باس بکەن، یان پرسیار لەو کەسانەی لێهاتوویان باشە بکەن, پرسیارکەشیان کە چەن ئاوا لێهاتوویت پەرەپێدا یان چ ئامرازانکیان بەکارهێنا لەکەتاییدا یەک نموونە لەسەر ئەوە بهێنینەوە.

قوتابییەک نمرەی نزیکەی شەستە بەس وا سەیری دەکەی نمرەی نەوەد بەت بەڵام ئەو جارە کەسانە زیاتر بەتگەیشتنەوە دەخوێنن و هەندەکجاریش بە تاقیکردنەوە بەتایبەت بابەتە کۆمەڵایەتیەکان ئای خێیان لەگەڵ ئەو تەگەیشتنانە بە پرسیارکان دەنووسن ئەمش بە داهاتووی بە باشە چونکە ئاوا پێدەگەینت

زانا ڕەزاق

2023 7 5

مەترسیدارترین چەک (بیدەچی و زەندیقبوون).. أحمد عفيفي

(تەمەتی بیدەچی و زەندیقبوون ترسناکترین چەکە لە دژی هەر کەسیک کە عەقڵی بەکاربهێنێت!)
وەرگێڕانی : حەسەن ئازانی
سەرچاوە: الحوار المتمدن

تەمەتی بیدەچیەتی، زەندیق بوون، هەرتەقبوون، بێدینیی و گومڕایی ئامادەیە بە هەر کەسێک کە عەقڵی بەکاربهێنێت!
ترسناکترین چەک، لە سەدەکانی پێش زایینگریی، لەوانەیە لە وەڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا هەتاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، تەمەتی بیدەچیەتی و زەندیق بوون، ئەو چەکە ترسناکە دینیە بوو کە دوژمنانی ڕاستی و لەجیک لە دژی زانایان و بیرمەندان، لە هەموو کات و شوێنکدا، بەکاریان دەهێنا! ئەو زاناو بیرمەندانەی کە هەوێیان دەدا تەوی گومان و دەرەنجام و شیکردنەوەو ڕاڤەکرن و بە بەڵگە کردن و ژیریێش بچنن لە نێو ئەو کۆمەڵگایانەی کە لە گۆشکردندان! ئەو چەکە ترسناکە لە ژێر سایەی زاناو پیاوانی دینی و پاپاکانی تاریکیدا گۆشەی کردووەو هەربێش ئەو کۆمەڵگایانەی بە چەندین سەدە لە دواکەوتوویی و نەزانی وتاریکیدا هەشتەوە!
تەمەتی بیدەچیەتی و زەندیق بوون، بە کافرکرنی زانایان و دانایان و ژێرو بیرمەندانی هەمیشەو بە بەردەوامی، لە کاتی ئێستاو ڕابردووشدا، بە ئامانج گرتووە. لە ڕاستیدا ئامانجی ئەوئاراستەیە

لە هزری بە زندیق کردن و کافراندن بریتیبووە لە هەشتنەوەی کەمەگا لە دواکەوتوویی و نەزانی و چەقبەستوویدا! هەروەها لە پەناو دەستبەسەردا گرتنی هەیکانی داهێنان دا بووە لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە دایان ناون لە ئیزی بیدعەو داهێنانی خراپ و هەروەها مافە مرۆییەکانشیان لە زەوتکردوون! ئیتر ئاراستەی دووەم کە بریتیبووە لە ئاراستەی زانست و پشکنەوتن و داهێنان وای لێهاتووە نەتوانێت بەرەنگاری بەربەستەکان و سەردەمی باو ببێتەوەو ئەمەش پاڵی بە ئاراستەی ڕاستی و بیرەندانداناوە ووەو دواوە پاشکشە بکەن! ئیترلێرەوە بەرەو سەدە تونددوو ڕەقەکان و بەرەو ئاراستەی سەرکوتی ئازادی بیرکردنەوە هەنگاو نراوەو پاڵی پەونراوە بەرەو ناوجەرگەی سەدەی حەوتەمی زایینیەوە!
زووربەی بەیارو فەتواکان لە دژی نەوەی یەکەمی زاناو بیرەندانداندا بوون ، ئەو کات زانا و بیرەند تەنها ئەو کەسانەی گرتتەوە کە لە بواری ئایینی و فیقهو وتاربێژیدا کاریان کردووەو زانا بەو کەسانە گوتراوە کە تێکست و دەقە ئایینیەکان دەگماو بەستووەکانیان لەبەرکردووەو لەو بوارەدا خەیان خەریک کردووە، ئەو تێکست و نووسینانەی کە ڕەنگ لەو پاشماوەو هەڵکەڵەراوانە دەچن کە هەی چاخەکانی پێش مێژوون!
دەبە کە لە ئەمە ڕازی و خواریزمی و کەندی و فارابی و بیرونی و ئیبنوسیناو ئیبنوهەیسەم نەناسێت؟ ئەدی باشە دەبە کە لە ئەمە ناوی غەزالی و ئیبن و ڕوشدو عەسقەلانی و سەهرەوەردی و ئیبن و حەیان ونەوەوی و ئیبنوموقەفەع و تەبەری نەبیستبێ؟
ئەدی باشە کەس دەبە هەبە ئەو لافیتانەی نەخوەندبێتەوەو نەدیتبێ کە خوەندنگاو پەیمانگاو ناوەندە زانستی و وێژەییەکان هەیان واسیون و ناوی خەیان ناوە بە ناوی کەواکیبی و موتەنەبی و بەشار بن بەرد و لیسان الدین خەتیب و ئیبنولفاریز و جاحیزو موجریتی و ئەلمیعەیی و ئیبن و توفەیل و توسی و ئیبن و بەتوتە و ئیبن و ماجەو ئیبن و خەلدون و سابتی بن قورە و تەوحیدی) یەوە ؟ یان ناوی ئەو زاناو بیرەندانەیان لەسەر بووەو لافیتەکانیش ناوی ئەوانیان لەسەرنووسراوەو ناوی ئەو شوێنانەش بە ناوی ئەو زاناو بیرەندو فەیلەسوفانەوە بووە!
بەهام جۆگەی داخە کە هەتا ئێستاش نازانین کە ئەو زاناو بیرەندە دیارو باوانە زنجیرەیەک لە بەیارو حوکمی بە زندیق کردن و وبەکافرکردنیان لە دژ دەرکراوە، ئەو بەیاری بە کافرکردن و بە زیندەقی کردنانە هەمان شێوەو ناوەڕۆکی دادگاکانی پشکنین (محاکم التفتیش.INQUISITION) یان هەبووە کە زاناو بیرەندی وەک گالیلە، کەپەرنیکس، نیوتن، دیکارت، ڤۆلتێریان پێ بە زیندەق کردووەو

کافراندوویانن! هەروەها خوەندنەوەی نووسراوو کتێبکانیشیان حەرام کراوە و تا ئەوپەڕیش ئەو زاناو بیرمەندانە سوکایەتییان پێکراوە و هاوەدوونراون و ئەشکەنجەش دراون!
جا بۆیە هیچ جیاوازییەک نیە لە نەوانی ئەو بریارو حوکمە ستەمکارانەو نادادپەروەرانە لەگەڵ ئەو حوکمە تونددڕەویەو بە ئارەزووی کە هەرلەخەوە خەڵکی بەلادا دەبردوو هانی خەڵکی دەدا کە هەستن و وەخە کەون تاکو تێبڕی بکوژن، یان بچن هەڵلاج لە خاچ بدەن، یان برێن ئەبو عەلای میعەڕی بخەنە زیندانەوە، یان برێن خوینی ئیبن و حەیان بەژن یان ئیبن و مەنمەر دەربەدەربکەن و کتێبکانی غەزالی و ئیبن و ڕوشد و ئەسفەهانی بسووتێنن! ئینجا هەر بەوشێوە نەوەستان، بەڵک و بەنە سەر بەکافرکردن و بە زەندیقکردنی فارابی و ڕازی و ئیبن و سیناو کەندی و غەزالیش.
هەروەها دەنگە ئەمە ئەو زانیاریمان نەبێ کە سەرهەوردی کوژرا وەو ئەوانیش کوشتویانە، هەروەها ئەندامەکانی لەشی ئیبنوموقەفع یان بڕین وهەشتا گیانی لەبەردا مابوو کە لەبەرچاوی خەی برژاندیانن و لەبەردەمیان دانان تا لەیان بخوات پێش ئەوەی کە گیانی لە ئەنجامی پیسترین و بەوەنترین ئەشکەنجە بە تەواوی دەرچێت! هەروەها جەعد بن درهەم یان سەربڕی و (ئەحمەد بن نەسری) شیان سەر بڕی و دوایی سەرکەیان هەڵواسی وبە کەڵانداندا دەیان گەڕا، هەروەها چوونە سەرلیسانول دین بن خەتیب و خنکاندیان و دوای ئەوەش لاشەکەیان سوتاند، ئینجا هاتن ئیبن فاریزیان کافراند و بە بیدعەچی و زەندیق ناساندیان و دەستیان کرد بەهاوەڕوونانی و لە هیچ کات و شوێنێک نەیان دەهشت بەجەمێت!
زەر ڕەی تەدەچێت کە خەڵک بە گشتی ئەوە نەزانن کە چیان دەربارەی فەیلەسوف و بیرمەندو پزیشک و زانای وەک ئیبنوسینا گوتووەو کردووە! هەروەها ئەوەش نازانن کە ئیبنولقیم لە کتێبی إغاثة اللهفان دا بە ئیبنو سینا دەڵێت: " ئیبنوسینا ئیمام و پێشەوای بیدینەکانە کە باوەڕیان نیە بە اللە و بە مەلائیکەتەکانی و بە پێغەمبەرەکانی وبە هەژی دواییش" هەروەها ئەلکەشمیری لە کتێبی فیض الباري دا بە ئیبنوسینا دەڵێت:" ئیبنوسینا کەسێکی بیدین و بیدعەچی و زەندیق وقومۆتیە! لە لایەکی تریشەوە ئەلشێخ سالح ئەلفەوزان بە ئیبوسینا دەڵێت:" ئیبنوسینا کەسێکی باتینیەوفەیلەسووفێکی بەباوەڕو بیدینە"
دیسان خەڵک ئەوەش نازانن کە چیان گوتووە دەربارەی فەیلەسوف و بیرمەندو پزیشکی بەناوبانگی مەژوو ئەبوبەکری ڕازی! ئەوەتە ئیبنولقیم لە کتێبی إغاثة اللهفان دا دەربارەی ئەبوبەکری ڕازی دەڵێت:" ڕازی مەجوسی و ئاگرپەرستەو کەسێکی گومڕاو لادەرەو لە

لایداوە". هەروەها لە کتێبی شذرات الذهب دا إبن العماد دەربارەی فارابی دەڵێت:" تەواوی زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی کە فارابی کافرو زندیقە". هەروەها دەربارەی محمد بن موسا ئەلخواریزمی دەڵێن:" جا با زانستەکانی خواریزمی ئاست و دروستیش بن، بەڵام زانستەکانی شەریعتی ئیسلامی سەربەخۆن لە خواریزمی و لە کەسانی تریش. واتە زانستی ئەو شتێکەو هی شەریعەتیش شتێکی تری سەربەخۆیە".
هەروەها دەربارەی عومرو بن بەحرول جاحیز گوتوویانە:" ئەو کەسێکی زانست گەیشتوی خراپە، باوەڕدارێکی خراپە، بیدعەچی و زندیقەو گومانایی ئەو پێویستە بە جاحیزەوە". یان ئەوتە خەتیب لە سنەدەکەی خۆیدا بە جاحیز دەڵێت:" جاحیز کەسێکی زندیق و بیدعەچی و درۆزنە لەگەڵ اللە و لە گەڵ نێرراوو پێغەمبەری اللە و هەروەها لەگەڵ خەڵکیشدا". دەربارەی ئیبنول هەیسەم کەمتریان نەگوتووە ، ئەوتە بەویش دەڵێن:" ئیبن ولهەیسەم یەکێک بووە لە مولحیدو بەباوەڕەکان کە لە دینی ئیسلام لایداوەو دەرچووە، ئەویش هەر وەک فەیلەسوفەکانی تری هاوشێوەی خۆی کەسێکی گەمژەو زندیق و کافرو بیدعەچی بووە!"
ئینجا هاتوون دەربارەی أبي العلاء أحمد بن عبداللە المعري دەڵێن :" ئەلمیعەرەی یەکێک بووە لە زندیق و بیدعەچیە بەناوبانگەکان، ئەوتە لە شعرەکانیدا زندیق بوون و بیدعەچیەتی خۆی دەیسەلمێنێت و دەری دەخات کە فەی بەسەر دینەوە نەماوە". لەسەر نصیر الدین الطسی دەڵێن و گوتراوە کە :" نەسیر کەسێکە کە پشتی کافرو موشریک و زندیق و بیدعەچیەکانە".
هەروەها دەربارەی محمد بن عبداللە بن بطوطة گوتوویانە:" ئیبنول بەتوتە کەسێکە موشریکێکی بەباوەڕی درۆزنە". لەولاوە دەستیان کردووە بە جنەودان بە یعقب بن الاسحاق الکندی و پێیان گوتووە:" کۆنەدی کەسێکی زندیق و بیدعەچی و گومانایە". هەر بەیەش کۆنەدی دەربارەی ئەوان درێغی نەکردووەو لە بەرامبەردا پێیان دەڵێت:" ئەوانە لە بەرامبەر ئاستی و حەقیقەتدا نامێن و ئەگەریسش تاجی حەقیقەت و ئاستییان بکەیتەسەر شایستەی نابن وئەوان بەیە دوژمنایەتی فەلسەفەو زانست دەکەن چونکە لە شوێن و کورسیەکانیان دەترسن کە لەدەستی بدەن و ئەوانە دەستیان کردووە بە بازرگانی کردن بە دینەوەو هیچ پێوەندیشیان بە خواپەرستی و ئایینەوە نیەو تەنها بازرگانن و بەس"
ئیبنول بەتوتە پێی وابوو هەبوونی زانست و زانیاری بە شتەکان وات لەدەکات زانست و زانیاریت دەربارەی خودا زیاتر بێت و زانینیشت دەربارەی یەکتاپەرستی و زانستی چاکەخوازی ئووو لەزیادبوون دەکات و زانستیش سوودبەخشە! هەروەها ئیبنول بەتوتە پیی وابوو کە هەوەدان

و کۆشش بۆ گەیشتن بە ڕاستی و حەقیقەت مەبەست و نیەتی هەموو پێغەمبەران بووە و هەموو نەڕاوانیش هەر ئەو مەبەستیان هەبووە. گەیشتن بە حەقیقەت و ڕاستی تەنها مەبەست و کاری فەیلەسوفەکان نەبووە و هەر بۆیەش نابێت وای لێکبدەینەوە کە فەلسەفە کارێکی دژە ئایینییە و کوفرە ، ئەمەش پێچەوانەی ویستی بازرگانانی ئایین و خوداپەرستیە!

جا با ئێستا بڕین ئەو زاناو بیرمەندو فەیلەسوفانە بناسین و بزانین ئەوانە کێبوون؟ با بڕین و بزانین ئەوانە چیان پێشکەش بە جیهان و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کردووە، با بزانین ئەوانە چیان گوتووە دەربارەی حەقیقەت و ڕاستی و عەقڵ ؟ ئینجا دوای ئەوەش دەبڕ بزانین کە بۆ کارەیان چ نەگبەتی و دەردەسەرییەکیان بەسەر ژیاندا هاتووە!

یەکەم: ئیبن ڕوشد: (١١٢٦-١١٩٨ز). ئیبن ڕوشد ناوی محمد بن ئەحمەد بن محمد بن ڕوشدی ئەندەلوسیە! ئیبن ڕوشد خوێندنی فیقهو ئسوڵی دینی تەواو کردووەو دوایيش زانستی پزیشکی وبیرکاری وفەلسەفەی خوێندووە، چەندین ساڵیش لە قورتوبەو ئیشبیلیە کاری دادوەری کردووە. ئیبنو ڕوشد لە ژێر سایەو دەسەڵاتی دەوڵەتی الموحدون دا گەورە بووە، کە پادشاکەیان ئەوکات بریتیبووە لە یوسف یعقوب المنصور بن عبد المومن، پادشاش لە ژێر کاریگەریی و داخوازی ڕای گشتیدا فەرمانیکردووە بە دوورخستنەوەی ئیبن ڕوشد بۆ ئەلیسانە لە نزیکی غەرناتە ئینجا دوای ئەوەش بەرەو وەڵاتی مەغریبیان ڕاوناوە. ئیبن ڕوشد لە لایەن پیاوانی دینی و دەزگای دینییەوە زۆر سوکایەتی پێکراوەو تا کار گەیشتە ئەوەی کە دەستیان کردووە بە سوتاندنی نووسراوو کتێبەکانی ئەو زاناو بیرمەندە! ئیبن ڕوشد، لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا لە شاری مەڕاکیش لە مەغریب کۆچی دوایی کردووەو دوایيش لاشەکەی گواستراوەتەوە بۆ شاری قورتوبە. هەر کە ئیبن ڕوشد کۆچی دوایی کرد موریدو خوێندکارەکانیشی بەاوەیان لێکردو لە یەکتر دابڕان و ئینجا ئەلمەنسور یەعقوبی پاشا مەسومەکی دەوڵەتی دەرکرد کە ئیتر نابێ لەمەودوا کەس بە فەلسەفەوە خەریک بکات و خوێندنی فەلسەفەی لە وەڵاتدا تەحریم و یاساغ کرد!

دووەم : فارابی: (٨٧٠- ٩٥٠ ز). فارابی ناوی تەواوی بریتیە لە ئەبو نەسر محمد بن محمد بن ئوزلاغ بن تەرخان، لە شاری فارابی کە شارێکی تورکانە لە دایک بووە. فاراب شارێکە لە وەڵاتی تورکان لە ناوچەی خوراسان و لە ڕاستیدا بە Alpharabyus ئەلفارابیوس ناسراوە. ئینجا بەرەو عێراق ڕۆیشتووە بۆ ئەوەی خوێندنی باڵا تەواو بکات، هەر لەوێدا فەلسەفەو مەنتیق وخوێندنی پزیشکیی تەواو کردووە لەسەر دەستی دوکتۆرێکی مەسیحی بە ناوی یوحەنا بن حیلان،

هەروەها زانستەکانی زمانی عەرەبی و مەسیقاشی هەر لەو خویندووە!
ئیترفاابی لە عەراقەوە بەرەو شام و میسر رۆیشتووەو لە شامدا و لە شاری حەلەب چووتە کۆشکی سەیفول دەولە. لەوێدا لە شاری حەلەب شوێن و پێگەیەکی زۆر بەرزو دیاری لە نێو زانایان و ئەدیبان و فەیلەسوفاندا داگیرکردووە، هەروەها فاابی هەوێیدا بیسڵمێنێت کە هیچ جیاوازییەک نیە لە نێوانی فەلسەفەی یۆنانی و بیرووباوەڕی شیعەتی ئیسلامیدا! بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت ئەو شکستی هێنا لەو کارەیدا، هەر بەیەش الذهبی لە کتێبی في سير الاعلام دەرباری فاابی دەڵێت:" فاابی خاوەنی چەندین کتێبی بەناوبانگەو هەر کەسکیش پێنا بەو کتێبانە بەرێت ئەوا هەم گومڕابووەو هەمیش بە دەرچوو لە دین دادەنرێت، جگەی باسە کە چارنووسی ئیبنو سیناش هەروا دەرچوو.
دیسان ئەوێتە ئیبن عیماد لە کتێبی شذرات الذهب دا دەرباڕەی فاابی دەڵێت:" فاابی لە هەموو زانایان و بیرمەندان زیاتر زەندیق و بیدعەچیە" هەتا غەزالی لە کتێبەکەیدا بە ناوی المنقذ من الضلال دا دەرباڕەی فاابی دەڵێت:" هیچ گومان نیەو نەماوە لە کافربوونی فاابی و ئیبن سینا". تەمەتەکەش بریتیبوو لەوەی کە فاابی دانی نەدەنا بە تۆژی قیامەت و هەروەها فاابی زیندووبوونەوەی پێ شتێکی ڕاست نەبووە!. یان فاابی دەیگووت وەی وابووە کە خودا تەنها شتە گشتی و گەردوونیەکنی مەبەستەو ئاگادارەو هەقی بەسەر شتە تایبەتی و بچوکەکانەوە نیە! فاابی دیسان پێی وابووە کە گەردوون نە درووستکراوەو نە درووستیش دەکرێت بەک و گەردوونیش هەر وەکو خوا ئەزەلییەو هەر هەبووە !
سەیەم: الكندي: ئەلکەندی (٨١١-٨٦٦ ز). ناوی تەواوی ئەلکەندی بریتیە لە يعقوب بن إسحاق بن الصباح بن عمران بن إسماعيل بن محمد بن الاشعث الكندي و تۆڕەکی و بنەچەکەی دەگەڕێتەوە سەر پادشاکانی کەندەو بە بنەچە سەر بە نەتەوەی عەرەبە و هەر لەبەر ئەوەش نازناوی فەیلەسوفی عەرەبیان لێناوە!
ئەلکەندی لە نێو وڵاتانی ڕۆژئاواییدا بە ئەلکەندوس Al Kindus ناسراوە. ڕۆژمەندی باشی لە لای مەئمون وموعتەسەم و واسیق بەدەست هێناوەو جگەو پێگەی لە لای ئەوان بەرز بووەتەوە، بەڵام بە هەی ئەوەی کە کەندی ڕۆبازی موعتەزیلەی هەبژاردووە بەیە بە دەستی متوکیلەوە زۆر ئەش و ئازاری چەشتووەو متوکیل فەرمانی دەرکردووە کە لیی بدرێت و دەست بەسەر تەواوی نووسراوو کتێبەکانی دا بگیرێت! ئەلکەندی تەمەتی زەندیق بوون و بیدعەچیەتی درایەپاڵ و ئەویش بەرەنگاری لەخەی دەکردو دەیگوت دوژمنانی فەلسەفە خەڵکی گەمژەو مەشک پووچ و نەزان و بازرگانانی دینن!

چوارەم : الجاحظ: جاحیز(٧٦٧ – ٨٦٨ ز). ناوی تەواوی جاحیز بریتیە لە عمرو بن محبوب الكناني الليثي كە بە جاحیز ناوی دەرکردووە. یەکێک بووە لە گەورە ئەدیبانی ئەدەب و وێژە. جاحیز زۆرترین تەمەنی خۆی لە شاری بەسرەی عێراق بەسربردووەو بۆرەو بەغداش چووە لە سەر بانگهێشتی ئەلمەئمون و لەوە لە دیوانی پەیامەکانی دایمەزراندووەو کردوویەتی بە سەرۆکی ئەو شوێنە! بەڵام هەر دوای سێ ساڵ لەو پیشەو شوێنەی لابراو ئەویش بە خەلیفە مەئمون هەر بە دەسەزی مایەوە! جاحیز بەرهەمێکی زۆری لە کتێب و نووسراو هەبووە، لە سەروی ٢٠٠ دوو سەد کتێبەوە هەر کتێبی هەبووە، جا هەروەک و ئیبنول عەمید دەربارەی جاحیز دەڵێت :" جاحیز لە پێشدا عەقڵ و ژیری فێربووە ئینجا ئەدەب و وێژە"
لە کتێبە بەناوبانگ و دیارەکانی بریتین لە الحیوان، البیان و التبیین، البخلاء و کتێبی الحیوان بریتیە لە حەوت بەش . جاحیز لە کتێبی الحیوان دا باسی سرووشت و هێرس و کەوتی ئاژەڵ دەکات ، هەروەها هەر لەو کتێبەدا لایەنەکانی زانست و تاقیکردنەوەکان و تایبەتمەندیەکانی پیشانداوە، ئینجا ڕووی کردەتە سرووشت و پێڕەوی لە مەنهەجی گومان و دوودڵی دروست کردن کردووە، هەروەها لە لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونەکانی دا پێڕەوی لە F-Bacon کردووە، ئینجا دەنیایینشی داوە لە دروستی و ڕاستی دەرەنجام و بۆگەکان، وە لەو ڕووەوە پێش دیکارت R Descartes کەوتووەوگەیشتە ئەو بڕوایەی کە قورئان ڕووێداوە و دروستکراوە ، لەبەر ئەوەی قورئانیش شتێکە لە شتەکانی دەوروبەرمان! لەو بارەوە خەلیفە مەئمونیش باوەڕی بەو بۆچوونەی جاحیز هەبووە. جاحیز لە یەکێک لە کتێبەکانیدا بە ناوی خلق القران دا ئەو بابەتە بە باشی ڕوون دەکاتەوەو قسەی لەسەر دەکات و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە تەواوی ئەهلی سوننەو ئیسلام بە کەمەڵ لە جاحیز وەخەبکەون و دەستیان کرد هاوارو نەڕە کە قورئان دروست نەکراوەو دەستکرد نیەو ئینجا هاتن لە تەڕەی ئەوەدا جاحیزیان خستە لیستی بەدینەکان وزەندیقەکان و بیدعەچیەکان و کافراندیشیان!
پێنجەم : بشار بن برد: (٧١٠ – ٧٨٤ ز) . بەشار بن بڕد ناوی تەواوی بریتیە لە بشار بن برد بن يرجوخ العقيلي و ڕەچەک و بنەچەکی لە (توخارستان)ەوە هاتووە کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای ڕوباری جەیحونەوە. بەشار بن بڕد لە نەو خێڵی بەنو عوقەیل دا گەورە بووەو جیاوازیش بووە لەگەڵ ئەو عەرەبە بەدەویە چادر نشینانەی کە لە دەوروبەری بەسرەدا نیشتەجێ بوون و لە نەویاندا زمانەکی پاراوو قسەکردنی باش فێربووە. بەشار بە کوێری لە دایک بووەو هیچی نەبینیوە! هەر بۆیش لە هەنراوەکانیدا شتێکی بە شتێکی

ترلەکچواندووە! بەشار بەجۆرێک هەنراوەکانی دادەڕژێت کە خەڵکی تر بە دووچاوەوە ناتوانن وا دایان بڕێژن. بەشار لەو ووەوە لە هەموویان شاعیرتر و پێشکەوتووترە! لە هەموو دەرگاکانی و بەشەکانی شیعری داوەو تێیدا سوارچاکێکی شارەزا بووە، بەشار بە شیعری گاڵتە ئامێزو تەنزو غەزەل و هەجو ناوی دەرکردووە، بەشار بن بڕد تەماتی زەندیق و بیدعەچی و بێدینی درایە پاڵ و هەر بۆیەش خەلیفە مەهدی فەرمانی کرد لێی بدەن و بەشاریش لە ژێر ئەشکەنجەو قامچی و لێداندا بەرگەی نەگرت و مرد و لاشەکەشیان لە شاری بەسرە بەخاک سپارد! بەشار بن بڕد کەسێکی زەندیق و پۆیولیستی خاوەن ئەتەریتەی جەماوەری بووە.
بەشار بن بڕد لە یەکێک لە هەنراوەکانیدا دەڵێت:
تێبینی: من هەر بە شێوەی هەنراوەی کوردی هۆنم داوە هەنراوەکەی بەشاربن بڕد بکەمە کوردی بە کێش و قافیەی کوردیەوە بە ئاوەی بهەشتم ماناو ناوەڕۆکی هەنراوەکەی بەشار تێک بچێت .(ح، ە)

لە باوکە ئادەم ، باشترە ئیبلیس ...با لاتان ڕوون بێت، گەڵەی هیچ و پیس
توخمی ئەو ئاگرە، هی ئادەم خۆڵە...ئاگرهەربڕزەو، خەڵیش وەک دەڵێ!
زەوی تاریکەو، ئاگریش هەر ڕووناک ..ئاوریان پەرستووە، بە کەمێ و تاک

دیسان بەشار بن بڕد بە تەنزو گاڵتەجاڕیەوە دەربارەی نوژدەڵێت:

من کاتێک دەچمە، نوژلە گێ هەموان...پێکەنینم دێت ، کە دەنن شادمان
کاتێک هەموویان، دەچنە سەر ئەژنە .....من دادەنیشم، بە ورتەو ڕۆڵە
هەر کاتێک سەریان، برد بەرەو سوجدە... من دادەنیشم ، بە شەرم و پەردە!
بە خەبەریشم ، لە سەاوی ئیمام... بە ژمارە چەند بووە، بە خوا بە ئاگام

شەشەم : أبو علاء المعري: (٩٧٩ – ١٠٥٨ ز). أحمد بن عبدالله بن سلەمان المعري، لە موعەرەت ئەلنوعمان لە وەاتی شام لە دایکبووە. میعەڕەی هەر کە گەیشتە تەمەنی چوار ساڵی تووشی نەخۆشی ئاوەڵە بوو، بەو هۆیشەوە هەردووک چاوی لەدەست دان و کوێربوو. بەڵام ئەو کوێرە نەیتوانی ئەو بوستەنەت کە لە ڕۆگەی کتێبەکانیەوە ئەو فرە چەشنیە پیشان بدا لە گەڵ ئەو تواناو زانینە زۆرەی ئەو هەیبوو

دەربارەی زانست کە لەودەمەدا هاوشێوەی ئەو کەم بوون!
وا باوبوو کە میعجزەی زانایەکی وەک دەریا وابوو، هەروەها دەگوترا کە لە شعرکانیدا کاریگەریی شەوازی موتەنەبی لەسەر بووە! ئەو ئاستە باڵاو بەهرەیەی لەو کتێبانەدا دەرکەوت کە لە دوایدا نووسینی پاش ئەوەی کە گەیشتووە بە ئەلمیعجزە. لەوانە کتێبی اللزومیات و کتێبی رسالة الغفران. بەڵام کاتێک کە خەڵکی مردنی دایکیان پێدا زۆر کاری تێکراو ئەمەش زیاتر پاڵی پێوەنا کە بەیاری ئەوە بدات لە خەڵک دووربکەوێتەوە و بە دوورەپەرێزی و دوور لە خەڵک بژیت. وەک دەگوترێت لەو کاتەوە کە دایکی مردووە ئیتر لە ئەشکەوتێکدا ژیاوە و خەی لەسەر کەمخواردن هەڵناوە و ئیترنە گەشتی ئاژەڵی خواردووە و نە هەڵکەو شیریشی خواردووە! ئا لەرەوە نازناوی بارمتەی زیندانی بەدەست هەڵناوە! بە واتای کۆری و ماڵەوە دێت!
لە کتێبە هەرە بەناوبانگەکانی ئەلمیعەری بریتیە لە کتێبی اللزومیات، ئەو لەو کتێبەیدا توانی خەی لەکێت و بەندی باوەڵی دین ڕزگار بکاو لەی بکتە دەر و هەروەها خەی گواستەوە بە ئاستێکی باڵاتر! کتێبێکی بەناوبانگی تریشی هەیە بە ناوی رسالة الغفران. ئەو کتێبەی بە شەوازێکی زۆر جوان نووسیوە و کردووشیەتی بە دیاری بە پیاویک بە ناوی علی بن منصور الحلبي! لەو کتێبەدا ئەو شاعیرە زەندیقانەی خستوونەتە ڕوو کە ئەو لەیان خۆشبووە، ئاوی ئەو کتێبەش هەر لەو لەخۆشبوونەوە هاتووە! هەروەها ئەوانەی کە بە بەهەشت بەرزکراونەتەوە، زۆرکێش لە هاوچەرخەکانی بە زەندیقیان حساب کردووە، هیچ باوەڕێکی ئیسلامیی نیە کە ئەو گاڵتەی پێنەکردبێت! بەیە ئەمە هیچمان لەبەردەم دانیە بەجگە لەوەی کە بەیەن ئەو کەسێکی بە گومانی گەورە بووە ! ئەبو عەلاء ئەلمیعەری باوەڕی بە یەکتا پەرستی هەبووە بەڵام خودای ئەو هیچ نەبووە بەجگە لە چارەنووسێکی نادیار، هەروەها ئەو لائەنگری بیرکەی سرووش و هاتنە خوارەوەی وەحی خودایی نەبووە، بەیە بەڵای ئەوەوە دین دروستکراوی دەستی مرۆڤ خەیاتی! هەر بەیەش ئەو هەمیشە هەڕشی دەکردە سەر ئەو کەسانەی کە ئیرادەی خەڵکیان بە بەرژەوەندی خیان بەکار دەهێناو وایان لەخەڵک دەکرد کە باوەڕ بە خورافات بهێنن تاکو ئەوان بتوانن دەست بە دەسەڵات و پارەوە بگرن!
ئەبوتا المعري لە کتێبی اللزومیات دا دەڵێت:
غرووړ مەیلی بەڵای گەندەیدایە هەمیشە .....یەکسانە بە چەواشەکاری هەرچی دینیشە
ئەگەر لە خەڵکانی سەر بە دینە و پرسیوە ...بە لەکچوون ئەوەی کەڵکیان خستووە گەیوە
لە ڕەی لەجیک و عەقڵەوە ناکۆن ئیدانە ....لەبە شکاندنی عەقڵ بە

درێ و دڵسۆزیانەی

حسێنی منصور حەڵاج: (٨٥٨ – ٩٢٢ ز). لە نێو کوردا بە حەڵاجی ناسراوە . حەڵاج ناوی تەواوی بریتیە لە : الحسین بن منصور بن محمی، نازناوەکەی بریتی بووە لە حەڵاجی کوڵی موغیس، حەڵاج فێڵەسوفێکی عیرفانی بووە، هەندێک لە مێژوونووسان دەیخەنە نێزی ئوکەسانەوە کە شتی پەنهان و نادیاریان زانیوە هەست پێکردووە و خوا ناسیش بووە، هەندێکی تر لە مێژوونووسان حەڵاجیان خستۆتە نێزی زندیق و بێدینەکانەوە. باپیری حەڵاج کەسێکی مەجوسی ئاگر پەرست بووە دوایی بووەتە موسڵمان، لە سەرەتادا لە شاری البیضاء بووە لە وڵاتی فارس، بەڵام لە شاری واسیت لە عێراق گۆڕە بووە دوایی زیاتر بە شاری بەسرە.
حەڵاج هەندێک شتی لە باس دەکەن و دەگێڕنەوە کە بە کاری موجیزە حیساب دەکرێن. ئەوەتە الذهبي لە کتێبێکیدا بە ناوی "العبر في خبر من غبر" دا دەربارەی حەڵاج دەڵێت:" حەڵاج یاوەرو هاوڕێی تەستەری و جونەد وئەبو حوسێنی نووری بووە و ئەوانیش ئابڕان و پشتوایانی عیرفانی و سۆفیگەریی بوون ، ئەوان هەندێ لەگەڵ خوادا تێکەڵ بوون کە خەیان و خودایان تێکەڵ بەیەک کردووە وەک یەک شت بینیویانە" ئینجا حەڵاج بڕۆ هیندوستان زیاتر و لەوێش سیحرو جادووی خوێندو بەو هەیشەوە تووشی حاڵەتێک بوو کە شەیتان بەسەریدا زاڵبوو، ئیتر ئیمان و باوەڕی ئایینی لە لا نەما. بیروباوەڕی ئایینیی حەڵاج گەیشتە ئەو ئاستەی کە ئیتر حەڵاج باوەڕی بە یەکبوونی بوون هەبوو(وحدة الوجود). ئەو پێی وابوو مرۆڤ لە خودی خوادا تێکەڵ بووە! حەڵاج شاعیرێکی بەتواناو شکۆمەند بووە لە شیعرکانیدا باوەڕی سۆفیگەریی و عیرفانی خۆی ڕوونکردۆتەوە و پەیوەندی خۆشی لەگەڵ خوادا نیشانداوە.
بە نموونە ئەوەتە لە شیعرێکیدا پەیوەندی خۆی لەگەڵ خوادا نیشان دەدا:
حەڵاج دەڵێت:
منم کە خەشم دۆست و ئەوی کە خەشیشم دۆست منم
هەردووکمان دوو گیانین و شوێنیشمان یەکە منم !

لە شوێنێکی تردا حەڵاج دەڵێت:

هەر کە منت بینی، وا دابنێ ئەو دەبینی
کاتێکیش ئەو دەبینی، تۆ پێکەوەن دەبینی

دەگوترێت بەیەک حەڵاج بەو ناوەوە بانگکراوە چونکا توانای ئەوی

هەبووە کە زانیویتی چی هەیە و چی دەگوزەرێت لە ناو دنیادا! دەبێ هەلاج توانیویەتی ناوبانگ و هەناوی قسە دڕبڕنە و لەی تێبگات و شی بکاتەوە، وەک چۆن هەلاج کە لەکە شەی دەکاو ناوبووک و باشیکەی دەردەنێت! کاتێک زانیاری دەربارەی هەلاج بە خەلیفە ئەلموقتەدیر گەیشت و پێیان گوت کە هەلاج چ کارێکە و چۆن بیر دەکاتەوە، ئەویش فەرمانی کرد بە ئەبا ئەلحەسەن علی بن احمد ئەلەاسیبی کە بەرپرسی کۆکردنەوەی باج و خەراجی ناوچەی ئەهواز بووو تاکو هەلاجی بە پێلبەستوو بکات و بیهێنێت بە بەغدا! ئەویش فەرمانی خەلیفەی تەواو بەجێ گەیاندو هەلاجی لەگەڵ کۆمەکیدا گەرت و هەردووکیانی بە پێلبەستوویی لە سالی ٣١٠ی کۆچیدا گەیاندە بەغدا. لەوێ لە بەغدا خەلیفە فەرمانی کرد کە هەلاج بە قەدی دارێکەوە هەڵواسن وەک ئەوەی لە خاچ بدرێت و ئینجا دوایی خستیە زیندانەوە بە ماوەی هەشت ساڵ و دوایش ئەنجوومەنێکی دادوەری و فەقێکانی بۆ ئامادەکردو لەو دادگایەدا ئینجا خەڵکیان لەسەر کردە شاهیدو بەو هەیشەوە بە تۆمەتی زەندیق بوون و بیدعەچیەتی و گومڕایی و لە دین دەرچوون ئەنجومەنی دادوریەکەو فەقێکان بەیاریان دا کە بیکوژن و خوێنی حەڵاڵ کرا. ئینجا بە جێبەجێکردنی فەرمانی کوشتنەکەی دایانە دەست نازوک، بەرپرسی پۆلیسی ئەوکات، ئینجا لەوە لە لایەن ئەشکەنجە دەرانەوە هەزار قەمچی لێدراو ئینجا هەرچوار پۆلیان برین و سەریشیان لیکردەوەو دواییش هەشتا ئەوەندە لەشی کە پۆلوپێی پەونەمابوو هەر دەجولاو گیانی تێدا دەهات و دەچوو کە فەتیان دایە ناو ئاگرەوەو سوتاندیان!

هەشتەم: إبن الراوندي (٨٢٥ – ٩١١ ز). ئیبن ڕاوندی ناوی تەواوی بریتیە لە احمد بن يحيى بن إسحاق ابو الحسن الراوندي .. ناوی ڕاوندی لە ناوی یەکێک لە دەهاتەکانی ئیسفەهانەوە هاتووە. ئیبن ڕاوندی فەیلەسوفێکی خاوەن نفوس و جێ ئیعتیبارو بڕوام بە بەدین ناسرابوو، لە گەڵ کۆمەڵێک لە زانایانی کەلام وئیلاهیات دانیشتن و دیبەیت و مونازەرەی کردووە، ڕاوندی کەسیکی تایبەت و بەوەنەو بە توانابوو، ڕەبازی تایبەت بەخۆی هەبوو لە ڕووی باوەڕی ئایینیەوە، وەک و ئەوەی کە لە کتێبەکانیانەوە هاتووەو لەی باس دەکەن یەکێک لە بەچوونەکانی بریتی بووە لە توانەوەو سەرهەڵدانەوەی ڕوحی خودا لە ئیمامەکاندا (ڕابەران و پێشەوایانی ئایینی). ڕاوندی لە سەدەی سێهەمی کۆچیدا یەکیک بووە لە کەسە ناودارو بەهێزەکانی گروپ و ڕەبازی موعتەزیلە، لەو بارەوە ڕاوندی دەستی کردووە بە نووسینی کتێب لە دوای کتێب بە ڕەبازی موعتەزیلە تاکو بتوانن بەرەنگاری لە خۆیان و لە ڕەبازەکەشیان بکەن، بڕوام لە دواییدا لێیان جیابەوەو دەستی کرد بە ڕەخنە لێگرتن لە موعتەزیلەو بەرنامەو ڕەبازەکەیان

ودەستی کرد بە وەڵامدانەوەیان، وە لەو بارەوە بە ناوبانگترین کتێب کە لە وەڵامی موعتەزیلەکاندا نووسیوویەتی بریتیبووە لە کتێبی فضیحة المعتزیلة. لەو بارەوە ئیبن عیماد ئەلحەنبەلی خاوەنی کتێبی شذرات الذهب دەڵێت:" باوکی ئاوندی کەسێکی بە تەمەن جولەکە بووە هەر بەیانیش شت لەسەر ئیسلام هەڵدەداتەوە، هەر دەربارەی ئاوندی ئەوەتە ئیبن کسیر دەبێژێت:" ئاوندی یەکێکە لە زەندیق و بێدینە هەرە بەناوبانگ و گەورەکان" .
هەر بەیانیش لە لایەن سوپاتانەوە داواکراوە و ئەویش لە ترسان بارەو ئیران ئایکردووەو بەی دەرچووە. لە ئیران لە شاری ئەهواز پەنای بە ئیبن لاوی بردووە کە کەسێکی جولەکە بووە! لەو ماوەیەی کە لە لای ئیبن لاوی بوو کتێبێکی بە نووسی بە ناوی الدامغ للقران، کە بە مانای نەفرەتکردنی قورئان دێت.لەوەوە ناوی لێنا کە بەهەی ئەو کتێبەوە بوو کە قورئانە ئەو حاڵی بوو مەردەبراوە! لەو بارەوە دەربارەی ئیبن ئاوندی ئیبن حەجەری عەسقەلانی دەڵێت:" ئیبن ئاوندی زەندیق و بێباوەڕو کافرێکی گەورەو بەناوبانگە، یەکەم جار یەکێک بوو لە کەس بەناوبانگەکانی ڕێبازی موعتەزیلەو دواییش ئووی کردە بێدینی و بوو بە زەندیق"
دەگوترێت کە ئیبن ئاوندی کەسێکی هەتا بڕێی زیرەک و بیرتیژ بووەو خاوەنی بەهەزو ژیرانە بووە، هەر بەیانیش ئیبوعەلاء ئەلمیعری لە کتێبی رسالة الغفران دا دەربارەی ئاوندی دەڵێت:" من بیستووم کەسێک دەیگووت ئاوندی خەڵکی بەدەورووبەیە کە چاکەکانی کورت دەکەنەوە" یەکێک لە کتێبە هەرە مەترسیدارەکانی بە ئیسلامیەکان بریتی بووە لە کتێبی الزمرد. ئاوندی لەو کتێبەیدا بۆری ئەوەی هەبووە کە ڕەک و ڕاستەوخۆ لە پایەکانی ئیسلام بدات و لە یەکە لە هەرە پایە گەورەو بنچینەکانی ئیسلامی دا کە پێغەمبرایەتیە!
ئاوندی باوەڕی بە پێغەمبرایەتی و وەحی نەبووە و هەرچی دەربارەی موعجیزاتی پێغەمبەر باس دەکرێت ئەو پێی درۆ بووە! ئینکاری موعجیزەی قورئانیشی کردووە. ئاوندی بە باشی ئاوونی کردۆتەوە کە قورئان و شەریعەتی ئیسلام لەگەڵ عەقڵ و مەتیق نایانەوەو دژایەتیان لەگەڵ لەجیک هەیە! ئاوندی لە چەند کتێبکیدا بە ناوی فضیحة المعتزیلة ، التاج، الزمرد و هەروەها لە نعت الحکمة و قضیب الذهب و الدامغ دا بە باشی هەرش دەکاتە سەر شەریعەت و بە ناڕاستی دادەنێت. بە داخەوە نەیان هەستووە هیچ کام لەو کتێبانە بەمەنن و بگەنە دەست خوێندەوارانی ئێستا. ئیسلام هەموو ئەوانەشی سوتاندووە!
ئەوەی کە ئیمە دەربارەی ئاوندی دەیزانین هەر ئەوەیە کە وەختی خۆی شێخە گەورە ئیسلامیەکان لەسەریان نووسیوەو وەڵامیان داوەتەوە بەڵام نەیان هەشتووە نووسینەکانی ئەو بەدەستمان بگەن!! ئاوندی

لە ژێر سایەو بەزەیی مالیک بن تەق دا مردووە لە نەوانی ڕەقەو بەغدا. دەشگوترێت کە لە لایەن یەکیک لە سوڵتانەکانی ئەودەمەوە لە خاچ دراوە! بەڵام ئیبن کەسیر لە کتێبەکەیدا بە ناوی البداية و النهاية دا دەڵێت " ڕاوندی لە ئەهوازدا مردووە لە لای ئیبن لاوی کە وەختێ خەڵیفە ڕای کردووەو پەنای بە ئیبن لاوی بردووە لە شاری ئەهواز"
ناوی تەواوی ڕازی بریتیە لە : محمد بن زكريا الرازي. ابوبكر الرازى. یەکێک بووە لە بەناوبانگترین و دیارترین و داهێنەرترین پزیشکەکانی ئەوسەردەم و هەروەها یەکیک بووە لە فەیلووسوفە بەناوبانگەکانی ئەو سەردەم. خاڵکی ڕەی بووەو هەر بە ناوی ئەو ناوچەیشەوە ئەو نازناوەی وەرگرتووە کە هەم تەدا لەدایک بووەو تێیدا گەورە بووەو هەر لەو ناوچەیشدا خوێندوویەتی و لە دوای تەمەنی ٣٠ سی ساڵیەوە بڕۆ بەغدا ڕەیشتووەو لە سەرەتای تەمەنیدا شەیدای گەرانی و مەسیقا بووەو هەر منداڵیش بووە کە هەنراوەی داناوە، دوایی زۆری نەبردووە کە وازی لەو کارە هەناوەو ڕوی کردەتە بواری پزیشکیی و فەلسەفە! ئینجا بووە بە بەڵێوەبەری نەخۆشخانەی ڕەی و دواییش سەرکایەتی پزیشکەکانی نەخۆشخانەی عەزدی لە بەغدا وەرگرت.
ڕازی یەکێک بووە لە زانا دیارو گەورەکانی خوێندنگای مەدرن لە بواری پزیشکیدا. ئاوارەبووە بۆ بەغداو لەوێش دەستی بەخوێندن کردووە لەسەر دەستی پزیشکێکی مەسیحی بەناوی حونین بن ئیسحاق. ڕازی لەگەڵ خوێندنی پزیشکیدا خۆشی خەریکردووە بە خوێندنی فەلەکناسی و بیرکاری و هەروەها ناوبانگێکی باشیشی هەبووە لە بواری موسیقاداو یەکێکیش بووە لە تیەریستەکانی بواری مەسیقاداو تەواوی ئەوانەی کە لەدوای ئەو بوون ستایشی بیردۆزەکانی ئەویان کردووە کە لە بواری مەسیقادا هەیبوون! سەرباری ئەوەی ڕازی خۆی زۆر بە فەلسەفە تەرخان کردووەو ئەو پێی وابووە کە دەروون یان نەفس دەبێ بابەتی یەکەمین بێت و کە پەیوەندی هەیە لە نەوانی دەروون و جەستەدا. هەروەها ئەوەی کە لە نەفس و دەروونداە دێت و دەچێت و بوونی هەیە لە نموونەی هەست و بیر لە لە ڕاڤێت و دیوی دەرەوەی جەستەدا خۆی نیشان دەدات، هەر بۆیش لە سەر پزیشک پێویستە کە لە لەکەینەوەو بەدواداچوونەکانی دا خۆی قەتیس نەکات تەنها بە بابەت و لایەنی جەستەوەو نابەت هەر جەستەی لە لا یەکەمین بێت، بەڵک و دەبێ لە هەمان کاتدا پزیشکیکی دەروونی و ڕوحییش بێ .
لە گرنگترین نووسراوو کتێبەکانی ڕازی بریتین لە: الاسرار(نهێنیەکان) کە G Garmana وەری گێڕاوەتە سەر لاتینی و بووە بە سەرچاوەیەکی سەرەکی وگرنگی بواری کیمیا، هەروەها کتێبی المنصوري

کە بە ناوی ئەمیری ڕەی یەوە ناوی لە کتێبەکە ناوە کە ناوی بریتیبووە لە محمد بن اسحاق بن احمد بن اسد السامانی بووە، هەروەها کتێبی (الفصول في الطب)یشی نووسیوە، ئینجا باسی کتێبی نووسیوە لە ژێر ناوی بەردو گورچیلەو میزەدان، هەروەها کتێبی (تقسیم العلل، و المدخل الی الطب، و منافع الغذیة و دفع مضارها) و لەگەڵ چەندین کتێب و نوسراوی تریش.
هەروەها ڕازی چەندین نامیلکەو بابەتیشی نووسیوە بە نموونە : کتێبی الجدري و الحصبة، کە بە یەکەک لە کتێبە باشەکانی بواری پزیشکی دادەنرێت کە بۆچەندین زمانی زیندووی جیهانی وەرگێڕراوە و ناو و ناوبانگێکی باشیشی بە ڕازی پەیدا کردووە، بەڵام یەکەک لە کتێبە هەرە بەناوبانگەکان لە دیارەکانی بریتیە لە کتێبی الحاوی فی الطب، ئەو کتێبە هەموو ئەو بابەت و بابەتانەی لەخۆ گرتووە کە ئەوکات زانستی پزیشکی سریانی و عەرەبی پێی گەیشتووە. جگەی باسکە فراج بن سالم الاسرائیلی لە ساڵی ١٢٧٩ی زائینی ئەو کتێبەی بە لاتینی وەرگێڕاوە.
لە لایەکی ترەوە ڕازی یەکەک بووە لە گەورە زەندیقەکانی ئیسلام، کە پێی وابووە اللە دروستکەری چاکەیەو باشە لە خواویەو شەیتانیش دروستکەری کاری خراپەیە و خراپە هەر لە شەیتانەویە! بیروباوەڕی مەسنەوی فارسی کەن! هەروەها گوتراوە کە پێنج شت ئەزەلی و هەر دەمێنن لەوانە اللە، شەیتان، زەمان و کات، بۆشایی و نەبوون، و ڕووح و گیان. ڕازی پێکهاتەیەکی پێکهێناوە لە نەوانی ڕەبازەکانی سابیئەو دەهریەو فەلسەفەو بڕاهیمەی هیندیەکان. هەروەها ڕازی کتێبی لەسەر باتڵ بوون و ناڕاستیی پێغەمبڕایەتی نووسیوە و هەروەها کتێبیشی لەسەر باتڵ بوون و ناڕاستی ڕەژی قیامەت و ڕەژی دوایی نووسیوە. ئەمەش وای کردووە کە زاناو پشەواو ڕابەرانی ئایینی لە خۆی تووڕە بکات و بە کافرو زەندیق و بێدین ناوزەدی بکەن!
دەیەم: التوحیدی: (٩٢٣ – ١٠٢٣ز). ناوی تەواوی تەوحیدی بریتیە لە علی بن محمد بن العباس التوحیدی ابو حیان. دەگوترێ بەیە ئەو نازناوەی لینراوە چونکە باوکی جارە خورمایەکی فرۆستوە کە ناوی تەوحیدی بووە! یان ئەوەتە کاتێک تەوحیدی لە نەو گروپی موعتەزیلەدا بووە سەربە ئەهلی دادپەروەری و تەوحید بووە هەر بۆیەش ئەو نازناوەی بەسەردا بڕاوە. تەوحیدی فەیلەسوف و کەسێکی موعتەزیلەی عەیفانی بووە. لە نیشابوور لە دایک بووە، بەڵام زووربەی ژیانی لە بەغدا بەسەر بردووە، لەوە لە بەغدا لەسەر دەستی زاناو شێخە بەناوبانگەکانی ئەوە زانستەکانی فیقهو نەحوی خوێندووەو هەروەها زانستی مەتیق و زمانیشی تەواو خوێندووە.

ئەبو حەیانی تەوحیدی چەندین کتێبی بەناوبانگی نووسیوە لەوانە کتێبی المقابسات کە بریتیە لە بیرەوری و هی ئەو کاتانەی نووسیوە کە لەگەڵ ئەدیب و بیرمەندو کەسانی بەناوبانگدا دانیشتووە! لە دوای ئەوە کتێبی الامتاع والموانسی نووسیوە کە بریتیە چەند بابەتێک کە ابا عبد الحسین بن احمد بن سعدان وەزیری سەمسامی دەوڵەتی بۆیهی لە ماوەی ٣٧ شەودا قسەی لێسەر کردوون و دوایش لە کتێبێکدا هەموو قسەوباسکانی ئەو ماوەیەی کەکردوونەتەوە! کتێبی تریشی نووسیوە بەناوی رسالة في علم الكتابة، هەروەها ئەم کتێبانەشی نووسیوە بە نموونە : کتێبی بصائر القدماء، سرائر الحكماء، کتێبی الاشارات الالاهية لانفاس الروحية، رسالة في الاخبار الصوفية، كتاب رياض العارفين، ورسالة في الامامة، هەروەها کتێبی الهوامل و الشوامل.

جێگەی داخە کە تەوحیدی لە کۆتایی تەمەنیدا کتێبەکانی سووتاندن، کە لەشیان پرسیوە بۆچی وای کردووە ئەو گوتوویەتی :" کوێکی خەشویست و هاوڕێیەکی خەشویست و هاوڕێکی نزیک و شونکەوتوویەکی ژیر و سەرکردەیەکی تەوبەکارم لەدەستداوە" بۆیە بەمن زەر سەخت بوو کە لە دوای خەم بۆجێی بهێڵم بە کەسانێک تا دەستکاریی بکەن و گەمەی پێبکەن و کەسایەتی و شەرەف و ناموسم لەکەدار بکەن! وە من چۆن بە کەسانیکی بۆجێی بهێڵم کە هاوسێیەتیم کردوون بە ماوەی ٢٠ بیست ساڵان و لە هەموو ئەو ماوەیەدا من مافی ئەوەم نەبووە کە خەشویستی و هاوسەرگیریی لەگەڵ یەکێک لەوانە بکەم و لە لایەن کەسیشیانەوە نەپارێزراوم، هەروەها چەندین جاران لە نەیاندا ناچارکراوم کە گیاوگەڵ بخەم لە بیابانەکاندا سەرباری ئەوەی کە کەسیکی بەناوبانگیش بووم. وە بەخەبەدوورگرتن لە فەزیحە لە لایەن کەسان و لە لایەن گشتیشەوە وە بە فرشتنی دین و پیاوەتیش! ئەو کەسیکی موعتەزیلە بوو لە سەر ڕێبازی جاحیز و لەگەڵ ئەوەی کە مەیلەکیشی بەلای سەفیگەریەتیدا هەبوو. ئیتر تەوحیدی بە زەندیق ناسراو لەوبارەشەوە دەربارەی تەوحیدی ئیبن و جەوزی دەڵێت:" زەندیقەکانی نەو ئیسلام سێ کەسن کە بریتین لە ئیبن و ڕاوەندی و تەوحیدی و ئەلمیعەیی."

یازدەیەم: ابن سينا:(٩٨٤ – ١٠٣٧ز). ئیبن سینا ناوی تەواوی بریتیە لە الحسين بن عبدالله بن الحسن بن على بن سينا، لە دوای ڕازی ئیبن سینا بەناوبانگترینە لە مێژووی پزیشکیی عەرەبیدا. ڕازی لە پێش ئیبن سیناوە بووە لە بواری پزیشکییداو ئیبن سیناش لە پێش ڕازی یەوە بووە لە بواری فەلسەفەدا. لە ڕاستیدا ئیبن سینا سیفاتی پزیشکیی و فەیلەسوفیی و فیقهیی و شاعیریی تێدا هەبووە. ئیبن سینا لە وڵاتانی ئەڕۆئاوایيدا بە Avicenne ناسراوە، لە ئەفیشنە کە

یەکەکە لە دێهاتەکانی بوخارایە لە دایک بووە، باوکیشی لە بەڵخ بووە دوایی ڕووی کردەتە بوخارا. لە بوخارادا کاری ئاسنو وەری پارچووپووی کردووە!
لە بوخارادا باوکی ئیبن سینا دەنگڕەت بە خوێندن و قورئان تەواو دەکاو دوایش ئاشنایی پەیدا دەکات لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامی و ئایین و دوایش دەست دەکات بە خوێندنی زانستە سرووشتیەکان و پشتی سرووشت و بیرکاری و مەتیق، ئینجا لەسەر دەستی پزیشکێکی مەسیحی بە ناوی عیسا بن یەحیا هونەرو وانەی پزیشکی خوێندووەو فەر بووە! شەیدای فەلسەفە بووەو خەی بە فەلسەفەی میتافیزیکی پشتی سرووشتەوە خەریک کردووە و هەروەها کتێبەکەی ئەرستەی خوێندووەو سوودیشی لە کتێبەکەی فارابی دەربارەی ئەودیوی سرووشت وەرگرتووەو کە تێیدا زانستەکەی ئەرستەی ڕوونکردەتەوە! لەڕەدا ئەوەی کە بەووی ئیبن سینادا داخرابوو کرایەوە، لەو بارەوە ئیبن سینا ڕێبازێکی فەلسەفیانەی لە یەکتاپەرستیدا دامەزراند کە ویستی ئیسلام و بەچوونەکانی ئەرستە لێک نزیک بکاتەوە.
لە کتێبە بەناو بانگەکانی ئیبن سینا بریتین لە کتێبی الشفاء کە مەبەستی چاککردنەوەی دەروون و گیان بووە لە نەخۆشیەکان و هەڵەکان. ئیبن سینا گرنگی بە چارەسەرکردنی دەروونی و ڕوحیی داوە هەروەک و چۆن کە گرنگی بە چارەسەری جەستەیی داوە. هەروەها کتێبی النجات کە ئاویشتە بریتیە لە کورتەی کتێبی الشفاء. وە بەناوبانگترین کتێبی لە بواری پزیشکیدا بریتیە لە کتێبی القانون کە پوختەی بیروڕای پزیشکیانەی ئیبن سینا یە لەوانەش بەرهەمەکانی یونانی و عەرەب! ئەو کتێبە لە سەدەی دوازدەی زایینیدا بە زمانی لاتینی وەرگێڕاو لە سەدەی پازدەهەمیشدا شازدە جار چاپکرایەوە! هەروەها هەتا کۆتایەکانی سەدەی حەڤدەیەم ئەو کتێبە وانەیەکی فەربوون بوە لە زانکۆکانی ئەوروپادا.
ئیبن سینا هەمان پێناسیب و بنەمای فارابی هەبووە ک لە پێش خۆیدا بووە و کە گوتوویەتی جیهان ئەزەلیەو هەر هەبووەو دروست نەکراوە، هەروەها گوتوویەتی و پێی وابووە کە اللە لە شتە گەردوونی و گشتیەکان ئاگادارەو گوە بە شتە بچووک و تایبەتمەندیەکان نادات و لای گرنگ و یەکەمین نین. ئەو پێی وا نەبووە کە جەستە لە گەڵ ڕوح لە کاتی قیامەتەدا زیندوو دەبێتەوە! هەر بۆیش غەزالی لە کتێبەکەیدا بە ناوی المنقذ من الضلال دا ئیبن سینای کافراندووەو بە زەندیقی کردووە، ئیبن کەسیر لە کتێبەکەیدا بە ناوی البدایە و النهایە دا هەمان شی غەزالی پشتڕاست کردەتەوە! هەروەها ئیبن عماد لە کتێبی شذرات الذهب دا دەڵێت :" کتێبەکەی ئیبن سینا بە ناوی الشفاء فەلسەفەیەکی لە خۆگرتووە کە دژەکی ئایینی بە تەت

ناکرێتەوە" هەروەها شێخی ئیسلام ئیبن و تەیمیە پشت ڕاستی ئەوەی کردۆتەوە کە ئیبن سینا سەر بە ڕەبازی ئیسماعیلی باتینیی بووە کە ئەوانیش نە لە موسڵمانان و نە لە ئایینی جولەکانن و نە مەسیحیشن، هەروەها دیسان دەربارەی ئیبن سینا لە شوێنکی تردا ئیبن تەیمیە دەڵێت:"کەسانی خەیاڵ و وەهمن وهەر ئەوانەشن کە دەڵێن پێغەمبەران دەربارەی خوا زانیاریان پێداوین هەروەها دەربارەی ڕۆژی قیامەت وهەروەها دەربارەی بەهەشت و دۆزەخ و مەلائیکەتیش ئەمەش لەگەڵ بابەتکەدا ناگونجێت! بەڵک و بە شێوەیەک قسەیان لەگەڵ کراوە کە لە خەیاڵ و وەهم نزیکە لە بەچوون و دیدی خەیانەوە لەوەشەوە سەرچاوە دەگرێت.
ئیبن سیناو پەیکەی پەیان وایە خودا جەستەیکی گەورەیە و جەستەش دەگەڵتەوە بە سزاو بەختەوەریەکی بەرجەستە.ئیبن سینا لەو بارەوە و لەسەر ئەو بنچینەیە یاسایکی بە داناون و ئەو یاسایەی کە ئاماژەی پێداوە لە کتێبەکیدا بەناوی الاضحویة. ئەوانە دەڵێن پێغەمبەران بەو دەربەینانە مەبەستیان ڕاڤێت و دیوی دەرەوەیە و مەبەستیشیان ئەوە بووە کە جەماوەر لەیەوە ئەو ڕاڤێتانە تێبگات! جا ئەگەر ئەو ڕاڤێتانە لە خەیدا درەو دەڵەسەو تۆهەات بن ئەوا بە بەرژەوەندی یەو بەس. ئینجا کێن ئەوانەی کە دەڵێن:" پێغەمبەر ڕاستی دەزانێت بەڵام پێچەوانەکەی نیشانداوە لە پێناوی بەرژەوەندیدا؟ تەشیاندا هەیە کە دەڵێت:" پێغەمبەر ڕاستیی نەزانیوە وەک ئەوەی کە فەیلەسوفان زانیویانە! هەر بەیەش ئەوانە فەیلەسوفەکی تەواو پێگەیشتویان بەلاوە باشترە لە پێغەمبەرێک..هەروەک فارابی و موبەشیر فاتک و ئەوانەی ترتیش فەیلەسوفیان پێ باشترە لە پێغەمبەر!
شازدەیەم: عومر الخیام (١٠٤٨ – ١١٣١ ز). ناوی تەواوی بریتیە لە عمر بن ابراهیم غیاث الدین ئەبو الفتح. عومەر الخیام خەڵکی نیشابورە. شاعیر و فەیلەسدوفە، هەروەها زانایەکی بەناوبانگی بواری فەلسەفەو بیرکاریی و فەلەکناسی و زمان و فیقهو مێژووە. زووربەی هەنراوەکانی خەیام بە چواردەوری مەیی و خۆشویستیدا دەخولێنەوە.
ئەوەتە خەیام دەربارەی بەهەشت دەڵێت:

بیستوومە بەهەشتە هەیە حەری تێدا
ڕووباری شەرابی پاکی دەڕوا پێدا!
من لەبەر مەی و یارە پیاکەم چ دەبێ؟
دەستکەوتکە هەر یەکن بە هەردووک دێدا
چوارینەکانی خەیام ….وەرگێڕانی هەژار موکریانی

هەروەها ئاوەتە خەیام ووە دەکاتە خوداو قسەی لەگەڵ دەکات ودەڵێت:

دنیایە لە کۆدە بە گوناهکی نیە
کەس بە هەڵە نەژیاوە لەسەر ئاو زەویە
من کردە خەراپەم تووشکەی
جیاوازی لە نێوان من و تۆدا خوایە چیە؟
چوارینەکانی خەیام .....وەرگێڕانی هەژار موکریانی

خەیام دیسان پرسیار دەکاو دەڵێت:
کە لە هاتندا پرسی پێ کرا
خە لە مردندا هەر بەزەر برا
نامەرد هەی ساقی شەڕابە تەکە
بە دنیای تاریک هەر مەبە چرا
چوارینەکانی خەیام .....وەرگێڕانی شێخ سەلام
حەقدەیەم: إبن عربي (١١٦٥ -١٢٤١ز). ناوی تەواوی ئیبن عەرەبی بریتیە لە محمد بن علی بن محمد الحاتمي الطائي، المرسي الاندلسي محي الدين ابوبكر ناسراو بە ئیبن عەرەبی"بە بە ئامازی ناساندنە ئاویش بە جیاکردنەوەیەتی لە دادوەر ئەبوبەکربن عەرەبی"یە . ئیبن عەرەبی لە شاری المرسی لە ئەندەلوس لە دایک بووە لە تەمەنی لاویەتیدا ڕەیشتووە بە شاری ئیشبیلیەو لەوێدا دەستی بە خوێندن کردووە، دوایی گواستوویەتیەوە بە قورتوبە. لە شاری قورتوبەدا دەستی کردووە بە خوێندنی زانستەکانی قورئان و زانستەکانی فیقهو حەدیس. ئینجا ئیتر ئیبن عەرەبی بەرەو ڕێبازی بیروباوەڕی (زاهیری) کە ڕێبازی ئیبن حەزم بووە ڕووی وەرگێڕاوە و.
لەوە لە قورتوبە ئیبن عەرەبی پەیوەندی کردووە بە زاناکانی ئەودەڤرەوە لە نموونەی ئەبی ئەلوەلید بن ڕوشد و ئەبی ئەلقاسم بن بشکوال وچەندین زانای تر. ئیتر لەڕەوە بیروڕای خەڵک جیاوز بوو سەبارەت بەو بابەتە و خەڵک هەبووە ئیبن عەرەبی یان بە وەلی و پیاوچاک و لەخوا ترس و کەسێکی نوورانی زانیوەو خەڵکیش هەبووە بە بێدین و کەسێکی ماریق و ناپاک و زەندیقیان زانیوەو حیسابی کافریان بۆ کردووە. دەگونجێت بۆچوون و بینینی ئەوانە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێ کە ئیبن عەرەبی ڕەنگە بە ڕواڵەت هەندێک زیادەڕەوی کردبێ کە لادانی گەیاندبێ لە شەریعەتی ئیسلامیدا. ئیبن عەرەبی یەکیکە لەو کەسانەی کە پێی وابووە و گوتوویەتی :" خوداو سرووشت هەر یەک شتن و گەردوونی مادەو مەقیش هیچ شتێک نین بەچگە لە دەرکەوتنی ڕووکارو جەوهەری خودی خوداوەند."
دەگوترێت ئیبن عەرەبی لەسەروی ٤٠٠ چوارسەد کتێبی نووسیوە لە

بەناوبانگترینیان بریتین لە " الفتوحات المكية، فصوص الحكمة، مفتاح السعادة، محاضرة الابرار و مسامرة الاخيار". کتێبی (فصوص الحكمة)ی لە شاری دیمشق نووسیوە بە ١١ ساڵ پێش مردنی. مەبەستی ئیبن عەرەبی بەو کارەی بریتی بووە لەوەی کە ژیان و مژووی ئەو پێغەمبەرانەی کە ناویان لە قورئاندا هاتووە بخاتەوو لەبەر ڕۆشنایی عەقیدەو بیروباوەڕی یەکتاپەرستی، ئەو کارەی ئیبن عەرەبی یەکسان بووە لە گەڵ کتێبی پیرۆزدا یەکیان گرتۆتەوە. ئیبن عەرەبی لەو کتێبانەیدا هەستاوە بە ڕوونکردنەوەی ڕێبازەکەی خۆی کە بریتیبووە لە ڕێبازی وحدة الوجود) واتە یەکیەتی بوون. ئەم ڕێبازە بریتیە لە تێکەڵکردنی خودایەتی و مرۆڤ و کردنیان بە یەک شت. هەروەک چۆن ئاو تێکەڵ بە مەی دەکرێت و بەجۆرێک کە ناتوانرێت لێک جیا بکرێنەوە. ئەو عەقیدەو باوەڕە هەر ئەو شتە بوو کە وەختی خۆی پێش ئیبن عەرەبی هەڵاج لەسەری بووەو ڕایگەیاندبوو!
چەواردەیەم : إبن عفيفي : (١٩٧٤- … ز) . بریتیە لە ئەحمەد عەفیفی، کەسێکی بەتواناو ڕەمان نووسکی خاوەن بەهرەی باڵایە، کەسێکی زۆر زیرەک و بە دین و هەرتەقییە. ئەو دەستی بە تروسکەیەک لە ڕووناکیەوە گرتووە لە جیهانێکی عەرەبی وادا کە تاریکی باڵی بەسەردا کێشاوە!

https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=348245

پەیوەندی نێوان ماهاتما گاندی و تێستێی.. ئەرکەان عەبدوڵا

کاتێک سەیری مژووی مرۆڤ مەزنەکانی جیهان دەکەین، هەمیشە خەمان لەبەردەم دوو کەسایەتی مەزندا دەبینینەوە، کە ڕەیان لە بواری فیکری هومانیستی و ناتوندوتیژیدا هەبووە، ئەوانیش نووسەری ناوداری روسیا و جیهان « لیۆ تێستێی» کە ساڵی 1828 لەدایک بووە و ساڵی 1910 کۆچی دواییکردووە. ئەو تەنها ئەدیب و ڕۆمانووسکی ناودار نەبووە، بەڵکو بیرمەند و فەیلەسوفکی مەزن بووە، تەنها لە بواری ئەدەبدا نا، بەڵکو لە بواری فیکر و فەلسەفەشدا ڕۆڵی هەبووە، وەکو یەکێک لە باوکەکانی فیکری هومانیستی و فکری

ناتوندتیژی دادنرێت.
لە بڕامبەریشدا «ماهاتما گاندی» کە ساڵی 1868 لەدایک بووە و لە ساڵی 1948 دا لە لایەن هیندوویەکی تووندڕەوە بە ناوی «گودز» تیرۆر کرا، کە نەک تەنها سەرکردەیەکی سیاسی مەزن بوو، بگرێ ئاوێش بە یەکێک لە باوکە مەزنەکانی فیکری ناتوندوتیژی دادنرێت. هەر یەکێشیان لە کات و شوێنێکی تەواو جیاواز بوون. هیچ کاتێک نەمدەزانی ئەم دوو کەسایەتییە پەیوەندیی تایبەتییان هەبووە. لە ماوەی پێشوودا وتارێکی نووسەر و ڕۆخنەگری عیراقی د. زیاء نافیعم خوێندەوە باسی پەیوەندی و نامەگۆڕینەوەی نێوان تێستەی و گاندی دەکات. لە نێوان هەردووکیاندا چەندین نامە هەبووە. تێیدا باسی بابەتی فیکریی و سیاسییان کردووە. وەکو لە نامەکانیشدا دەردەکەوێت، گاندی زۆر سەرسامی فیکری تێستەی بووە.

لێوانبەت بپرسین ئاخۆ چ شتێک ئەم دوو کەسایەتییەی پێکەوە بەستەتەوە، تێستەیەکی روسی، کە خۆریکی نووسین و ئەدەب بووە، لەرووی فیکریشەوە، باوەڕی تەواوەتی بە مەسیحیەت و پەیامی پیرۆزی مەسیح بووە، لەکاتێکدا گاندی بە هەزاران کیلۆمەتر لێوەی دوور بووە، لە ڕووی ئاینیشەوە دوو ئایینی جیاواز بوون، گاندییەکی هیندۆسی و تێستەیەکی مەسیحی، بەڵام خۆشەویستیی و ئاشتیخوازیی و دژایەتییکردنی تووندوتیژی، دەبنە پردێکی پتەو بۆ بەستنەوەی ئەم دوو کەسایەتییە مەزنە.

نامەگۆڕینەوە
یەکەمین نامەی نێوان ئەم دوو کەسایەتییە دەگەڕێتەوە بۆ ئۆکتۆبەری ساڵی 1909، ئەوەی جەنگی سەرنجە لە کۆتایی نامەکەیدا گاندی بۆی نووسیوە: (خزمەتکاری گوڵایەتان)ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، گاندی چەند لەژێر کاریگەریی و سەرسامی فیکری ناتوندتیژی و هومانیستی تێستەیدا بووە. پاشان تێستەی لە هەمان مانگدا وەڵامی نامەکەی دەداتەوە. نامەی دووەمیش لە 4 ئەپریلی 1910 بووە، لە 25 ئایاریشدا وەڵامی دەداتەوە. دواین نامەش لە نێوانیاندا، لە 15 ئاب گاندی نامەی بۆ دەنووسێت و لە 7 ئەیلولیش تێستەی وەڵامی دەداتەوە.

کتێبی شانشینی خودا لە ناختانداێ

گاندی زۆر سەرسام بووە بە کتێبی «شانشینی خودا لە ناختانداێ» ئەم کتێبە زیاتر دەچێتە قاڵبی فیکریی و فەلسەفییەوە، تێیدا تێستەی باس لە گرنگی چەمکی ناتوندوتیژیی دەکات و داواش دەکات لە

ڕەگەی دانوستان و دیالۆگەوە کۆشکان چارەسەر بکرێن و زۆر دژی شەڕ و ناگرزیی و بیری توندوتیژیش دەوستێتەوە. ئەم کتێبەش پاش ئەزموونکی 30 ساڵە لۆگۆ فیکری مەسیحی لەدایکبووە، کتێبەکە بە یەکەمجار ساڵی 1894 لە ئەڵمانیا چاپ و بڵاوکرایەوە، چونکە لە ڕوسیا حکومەت ئەم کتێبەی قەدەغە کردبوو، نەیهێشت لە ڕوسیا بڵاوبێتەوە، هەرچەندە لەم کتێبەدا تەستەی باسی فیکری ئاشتیی و ناتوندوتیژی دەکات و داوای دیالۆگ و دانوستان دەکات بۆ چارەسەرکردنی کۆشکان، بەڵام حکومەتی ئۆسای ڕوسیا دژی بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە دەوستێتەوە.
ئەم کتێبە زۆر بە قووڵی ناخی گاندی گەنجی هەژاندووە، بەتایبەتی ئەو کاتەی لە باشووری ئەفریقا دەبێت. گاندی سوودەکی زۆری لە تەوانینە فیکریی و فەلسەفیەکانی تەستەی وەرگرتووە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە فیکری ئاشتیخوازیی و ناتوندوتیژیی و دژایەتییکردنی شەڕ و ناگرزییەوە هەیە.
خۆشویستی، تاکە شەریعەتی ژیانە

لە 7 ئەیلولی 1910 دا تەستەی لە نامەیەکدا کە بە گاندی نووسیوە دەڵێت:

(خۆشویستی، تاکە شەریعەتی ژیانە و مەزنترینیشیانە، ئەم شەریعەتەش هەموو حەکیمەکانی جیهان لەسەری ڕێکەوتوون باوەڕیشیان پێیەتی، پەموایە جوانترین فەرمی ئەم شەریعەتەش لەلایەن مەسیحەوە هاتووە، هەموو مرۆڤکی عاقڵیش ئەوە دەزانێت کە مومارەسەکردنی توندوتیژیی لۆگۆ خۆشویستیدا نایەتەوە، خۆشویستیش بنەمایەکی بنەڕەتی ژیانە.)

ئەوەی مایەی سەرنجە گاندی هەندە بە تەستەی سەرسام بووە، کاتێک لە باشووری ئەفریقا بووە، لە ساڵی 1910 بە 1913 ئەشرامێکی بناوی تەستەییەوە ناوە. ئەشرام،، گوندێکی سەربەخۆییە کە تێیدا خەڵکی ئازادن و هەموویان پێکەوە بەشوێکی ئازادانە دەژین و کار دەکەن و پەدویستییەکانیان بەرهەم دەهێنن بەخۆیان، ئەشرام سیستمێکی کۆمەڵایەتییە کە لە کۆنەوە لە هیندستان هەبووە و بەشکی گرنگیشە لە ئایینی هیندەسی و نەریتی عیرفانی گەردوونیی هیندستان.
گاندی لە ڕەگەی فیکری ناتوندوتیژییەوە توانی گەورەترین شەڕش لە دژی بەهێزترین زلهێزی جیهانی بەرپابکات بکات لە سەدەی بیستەمدا، ئەویش بەریتانیا بوو. کاتێک گاندی شەڕشی دەستپێکرد، چ خێی چ هاوەڵکانی، خاوەنی هیچ هێزێکی سەربازیی و دارایی نەبوون، بەڵام توانییان لە ڕەگەی فیکری ناتوندوتیژییەوە، مەزنترین سوپا دروست

بکەن و لە رێگەی ئەم چەکە مەزنەشەوە بتوانن بەسەر سوپای پڕ چەک و تەکنەلۆژیتانیادا سەربکەون و وڵاتی مەزنی هیندستانیش رزگار بکەن.
بەدنیاییەوە چ تێستەی چ گاندی دوو کەسایەتی مەزنن لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، تێستەی تەنها ئەدیب و نووسەرێکی ئاسایی نەبوو، بگرە داهێنەرێکی مەزن بووە لە بواری رەمان نووسیندا، بەتایبەتی هەردوو رەمانە ناودارەکە (جەنگ و ئاشتی)، (ئانا کارنینا) لەهەمانکاتیشدا ئەو باوکێکی مەزنی فیکری هومانیستی روسیا و جیهانیشە، ئەو لەکاتێکدا لە روسیادا داوای مرۆڤدۆستیی و دژایەتی فیکری توندوتیژیی و شۆڕشگێڕی کردووە، کە فیکری شۆڕشگێڕی و توندوتیژی هەموو روسیا و جیهانی گرتبەوە.

گاندیش بەهەمانشێوە لەکاتێکدا داوای ئاشتیی و فیکری ناتوندوتیژی دەکرد، کە فیکری توندوتیژیی و تێکدەرەوە و جەنگ باڵی بەسەر هیندستان و جیهاندا کێشابوو، لەکۆتایشدا هەرخۆشی بوو بە شەهیدی ئەو رێگە پیرۆزە، بەناو لەپاش خۆی بووە بە رابەر و مامۆستایەکی مەزنی فیکری ناتوندوتیژی، کە زۆر گەلانی تر توانییان لەرێگەی فیکری ئەوەوە رزگاریان بێت لەپێش هەموویانەوە رێشپێستەکانی ئەمریکا و باشووری ئەفریقا.

سەرچاوە:
www.almothaqaf.com
أ.د. ضياء نافع.غاندي و تولستوي.

رۆشنبیر لە تەی شۆش و پرسیاری رۆشنبیریدا.. سەلاح جەلال

پەیوەندی (شۆش و رۆشنبیر) نهێنیەکی دوانی بەر جێستە دەکات وەك هەنگ و کوڕە، ئایا رۆشنبیر چی شوناس و ڕۆڵ و کاریگەری و بڕهەمهێنانی لەسەر شۆش هەیە؟ چۆن سیاسی و رۆشنبیری جیا بکەینەوە؟ کامەیە ستراتیژ و پەیام و ئەرکەکانیان؟ پەیوەندی و

پانتاییەکانی کارکردن؟
پەیوەندی ڕۆشنبیر و سیاسی لە هەمو کاتێکدا ئایدیالیزیە، دورخستنەوەی ڕوشنبیرە لە بیری پارێزگاری لە بون و ژینگە و ڕای گشتی و هێزی ڕەمزی و شوێکانی شوناس و مێژو دەسەلات و سەربەستی و ماف و پەیوەندی و ئەوانی تر. لای (ئیدوارد سەعید) گەی هیچ شۆشکی سەرکی لە مێژوی نوێدا بە بێ ڕۆشنبیر دانا گیرسێت، بگرە بەدایك و باوکی شۆشکانی دێزانێت، زۆر لە تێوریستەکان ڕۆشنبیر بە چینێکی نوێ دێزانن توانای گۆڕانی ریشەیی هەیە لە فەزای داهێنان و گۆڕاندا، بەرهەمهێنان لە پانتایی بەتاڵدا دەکەن و پێنجەرەی نوێ دەکەنەوە. ئەمەیش لای (غرامشی) ریشەی گرت، شۆشیش مانای گۆڕان، لابردنی سیستەمی باوو هێنانە کایەی سیستەمی نوێ، مانای کردنەوەی دەرگا و پێنجەرەی نوێ، گۆڕینی زمان لە جوینەوەوە بەداهێنان، کار کردن بە خستنە سەر و داهێنانی نوێ.
شۆش لەهۆشیاریەوە دروست دەبێت، لە ڕەی میدیا و بواری ڕۆشنبیری گشتی (پزیشك، مامۆستا، پیاوانی ئاینی، پیشەیەکان، ڕۆژنامەنوس، نوسەران، ڕەکخراوە جەماوەریەکان توێژکان، تاد... هەر دەستەیەکی ڕۆشنبیری کاری خۆی دەکات.
شۆش ڕەگ و ریشاڵی بە مەعریفە ئاو دەدرێت، ئەویش بەرهەمهێنانی دەستەی ڕۆشنبیرانە، لەو ئەرکەی خۆیەوە بە هۆشیاری نێتوایەتی، ئایا چۆن گۆڕانکاری دەکات؟ کامەیە ئاراستە و خاڵی وەرچەرخان؟ مانا و واتا و دەستەواژەکانی چین؟ ئەو پێنجەرە و دەرگایانەی دەیانکاتەوە چی ڕۆشنایەك دەبەخشن؟ ڕۆشنبیر لەزەریای پرسیار و گومانداید ئەمش کارکردنە لە ناو فیکردا، روبەڕو بونەوەی دژە لەکچونەکان، هەمو ئەوانەی ناچنە ناو تۆی بیرکردنەوەی بیرکەرەوە، کارکردنە بە بەرهەمهێنانی مەعریفە.
ئەمانەش جگەی تۆمان و دو دێن، لە ناو گەردەلولی گۆڕانکاریەکاندا گەڕمان دەکات، لە درخستنی پرسیار و ڕەنگدانەوەی، ئەوانی تر دەخاتە بەر پرسەی ئەگەرەکان و سەرسومان و گومان و دو دڵی و ڕارایی فەزای روانین دەگرێتەوە، کەسی پرسیارکەر مەترسی لەبەرجەستەکردنی پرسیارەکانیدا هەیە، چارسەری بارو دۆخ چۆن دەکرێت، ئەوە کاری کێیە؟ کام چین و توێژە ئەو شۆشە دەکەن؟ کامەیە جیاوازی چینایەتی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاو گۆڕ و خستنە سەر؟ دەربارەی شۆش و پەلینکاری لە نێوان شۆشی نێتوەیی و چینایەتیدا؟ کام ململانێ و دژە فیکر و روانینێك جیاوازی دەردەخات و لەچی چاوگەیەکی ئەم سەردەمەوە هەڵدەقوڵن؟ ئایا ئاستی درخستنی جیاکاری فیکر و مەعریفەیە. باری سیاسی شۆش و مانگرتن و دژە وەستانە، هەوڵدانی هێشی ئەوانی ترە بە شەرش و نزیك بونەوە لە

جوڵاندنی جەماوەری دەستە و گروپە جۆراوجۆرەکانە؟
ئایا چۆن بیر بکەینەوە؟ کام شێوە بکەین؟ چی تیۆرێکی جێگرەوەمان هەیە؟ ئەوانە دەتوانن هەشیاری شێوە بنوسنەوە و لە بەردەم ناونیشانەکانی شێوەدا بوەستن بۆ روانین و جیهانبینی و پێدراوو ئەو ئەرکانەی هەیان گرتووە؟ یان گۆڕەوەی رووداوی شێوەن و پرسیارەکانی مەعریفە بۆناو پانتاییەکانی ئەو هەڵانەدا دەگۆڕتەوە، ئەمەیان کێو لاە کردووە.
شێوەش مانای چیە؟ جگە لە گۆڕانکاری جێگرتنەوەی مەعریفە باوەکان و تیۆری مەعریفی لە بواری فیکر و ئازادی و سەربەستی و کۆمەڵایەتی و شارستانی لەناو کۆمەڵگادا.
دیکارت گوتی: من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم، دایەڵەگۆکی کردەوە بە فیکر، بە ڕوانینە جیاوازەکان بو بۆتێکی بۆ کۆتایی لە مێژووی فەلسەفەدا. شێوەش بو لە فیکرو ڕوانیندا، تێکشکاندنی سیستەم باوەکانی خوێن رشتنە لە شێوەداو کەسی بەرهەمهێن بۆبە بەشداری شێوەش بۆ بیری پە شێوەش دەکات.
لەگەوگای مەعریفەدا چۆن زمان بکەینەوە؟ ڕاپێین لە پاشخانێکی فیکری بۆ هەڵوێە زمینەیێکی فیکری هەیو کپ ناکرێتەوە.
شێوەش مانای پە بونەوەی بۆتاییەکان و گۆینی باو و لە کێك کەوتووەو وزە لە دینامیکیەتی هەڵکی مەعریفییەوە وەردەگرێت، خوێندنەوەی بۆ بەهاکان کردووە؟ بۆ دارشتنی سیستەم و جیهانبینێکی نوێ. گۆینی ئەم سیستەمانەش بۆبیرمەند دەکرێت، کەشی لەگۆ فیکری خۆیدا هەیو بۆ فیکرەکەی ئەمە و ئەوان دەگۆڕێت و نوسینەکانی زەرینە ملکەچ دەکات.
هەشیاری گۆانکاری زۆر گرنگە لایەنی چاك و خراپی هەیە، ئەگەر لەفیکری بەرهەمهێنەوە سەرچاوە نەگرێت دەبێتە کارەسات.
ئەمە لە ڕوی زانست و فەلسەفەوە پێویستیمان بۆو پرسیارانە هەیە کێو لاەمان دەکەن، چی هەیە لە زانستەکان و فەلسەفە و چۆن بیر بکەینەوەو دەست پێبکەین؟ یان دەبێت خوێندنەوەیك بکەین و پانتایە مەعریفیەکانمان پێ بکەینەوە؟
شایەنی باسیشە چیرۆکە ڕیالیزمییەکانی منداڵان، تەنیا لە بابەتگەلێک پێکنەهاتوون کە پەیوەندییان بە ژیانی ڕاستیی مرۆڤ و کۆمەڵایەتییەکانەوە یا پاڵەوان و کارەکتەرەکانیان هەبێت، یا دەبێت تەنیا مرۆڤبن، ئەمە مەرجێکی سنووردار نییە. بەڵکوو هەندێک جار ڕووداوەکان کە نووسەرانی وێژەی ڕیالیزمی منداڵان، بە نووسینی چیرۆک بە منداڵان، پەنا بە فەنتازیا وێژەییەکان و بە شێوازە هونەرییە ڕەمزییەکان بەرن. وەک بەکارهێنانی ئاژەڵ و باڵندە و ڕووەک یان شتە بێ گیانەکان، وەک هەمایەک لە بری مرۆڤەکان و کەشتی و پرسە ڕاستییەکان و خەسڵەتە جوان وناشیرینەکانیان، کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، گوزارشت لە مەبەستەکانیان دەکەن. بە نموونە: گورگ هەمای دندەیی چاونەترسییە، ڕووی هەمای فێڵبازی و زەرزانییە، شێر هەمای زۆرداریی، چەقۆ هەمای چەسپیی، سەگ هەمای بێ ئەمەکیی، کوندپێوو هەمای دانایی، مێ هەمای بێ دەسەڵاتیی، مار هەمای بەدکاریی،.....هتد.
پاڵەوانی لە توانابەدەریش، تەنیا لە چیرۆکە ئەندێشەیی و فەلکلۆری و لە چیرۆکە وێنەدارەکاندا ناژین. لە هەموو شوێنەکانی ژیانی ڕۆژانەی دەوروبارمان هەن.

سەرهەڵدانی وێژەی ریالیزمی لە وێژەی منداڵاندا، ڕەنگە لە بنەڕەتدا وەرچەرخان و شۆڕشێک بێت، لە دژی لافاوی زاڵبوونی چیرۆکە ئەفسانەییەکان و داستانەکان و ئەو چیرۆکانەی بابەتەکانیان، بە دەوری شا و شازادەکان و میر و میرزادەکان یان بە دەوری جنۆکە، دەوودرنج، مەنەموووکە، ڕموووزن، لەژەند، شەو، شومقار، ئەژدیها، جادەگەران، چەرخوفەلەکی ئەفسووناوی، شتی پەوپووچ، دەعبای سەیری خەیاڵیدا دەسووڕێنەوە. بانگەوازەکە بۆ گۆڕینی ئەو چیرۆکانە، بۆ چیرۆکە ڕاستییانەی کە بابەتەکانیان بە دەوری خۆکی ئاسایی و چینە میللییەکاندا دەسووڕێنەوە. باس لەو بابەتانە دەکەن، کە لە ژیانی ڕۆژانەی ڕاستی و ڕووداوە بەردەوامەکانی ئێستا وەرگیراون. ئەوەی کە زیاتر ئەم بزووتنەوە ریالیزمییەی شیرینتر و بەهێزتر کردووە، بوونی ڕەخنەی وێژەیی لە ناوەڕۆکی لەو چیرۆکە فۆلکلۆری و ئەفسانەیی و داستانەکانە، کە بەشێکی زۆریان بە ئەم سەردەمە ناگونجێن و مەبەست و بایەخیان کاڵبوونەتەوە. بەڵێ بەشێکی زۆری نووسەرانی وێژەی منداڵانی ئەم سەردەمە، پێیانوایە، کە ئەتەرناتیڤی ئەو چیرۆکانە، چیرۆکی ریالیزمییە بۆ منداڵان. کە لەگەڵ ڕووتی ژیانی ئەم سەردەمەدا گونجاون و بۆها و پرەنسیپی بەرزیان لەخۆگرتوون. نواندنی ژیان و ژینگەی منداڵان وەکو چۆن لە ڕاستیدا هەن. منداڵان دەتوانن بە ئاسانی لێیان تێبگەن. بەشێکی زۆری ئەو چیرۆکە ریالیزمییانەی، ڕەنگدانەوە و کاریگەریی ئەرێنییان لەسەر کەسایەتی منداڵان هەیە یا دەبێت. بە پێچەوانەی بەشێکی زۆری ئەو چیرۆکە ئەفسانەییانەوە، کە ڕەنگە کاریگەریی نەرێنی و ڕەنگدانەوەی خراپیان لە ژیانی ئەمڕۆ و داهاتوویاندا هەبێت. وەک پشتبەستن بە میتافەر و چارەسەری نەبینراو، مەیلی تۆندوتیژی و شڵەژانگێزی، تەم و مژ، ئاڵۆزی و خەیاڵڵەسی تێیاندا. لەوانەشە تەواوین و تێگەیشتنەکانی منداڵان بە ڕاستییەکان بشێوێنن. لە کاتێکدا کە چیرۆکە ریالیزمییەکان بەشداری لە ئامادەکردنی منداڵان بە ژیان دەکەن و یارمەتییان دەدەن کە بە ڕاستییەکان ئاشنابن و بیانگونجێنن بە تێکەڵبوون لەگەڵ کۆمەڵگاکەیاندا.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە هەڵەی ڕاست و چەپ بەسەر چیرۆکە فۆلکلۆری و ئەفسانەیی و داستان و چیرۆکە میللییەکانماندا بە منداڵان بهێنین. کە بەشێکن لە سامانە کلتووری وێژەیی نەتەوەییمان و شانازییان پێوەدەکەین. بگومان وێژەی تازەی کوردیمانن. لەسەر پرۆگرامای وێژەی

کلاسیکی کوردیمان چنراوە.
چیرۆکی ریالیزمی گرنگترین جۆرە لە جۆرەکانی چیرۆکی منداڵان. هەموو رەهەندە پڕوردەیی و فۆرکاری و نیشتمانی و کومەڵایەتی و زمانی و ڕووشتی لەخۆدەگرێت.

زمان و خەیاڵ دوو ڕەگەزی گرنگن، لە ڕەگەزەکانی چیرۆکی ریالیزمی. زمان وەک کەرەستەیەکی دەربڕین و گوزارشتکردن و داشتن. خەیاڵیش دەبێتە رشتەی بەیەکەوە بەستنی ڕووداوەکان و پێوەندیی نێوان کارەکتەرەکانی چیرۆکەکان.
لە وێژەی منداڵانی کورد دا، نموونەی چیرۆکی ریالیزمیمان زۆرە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە چیرۆکنووسانی منداڵانی کوردمان، درکیان بە گرنگی ئەم جۆرە چیرۆکە لە وێژەی منداڵاندا کردووە.
چیرۆکی ریالیزمی بە هەموو قەناغە تەمەنییەکانی منداڵی دەگونجێت. بە مەرجێک توانا و زمان و فۆربوون و وەرگرتن و ئارەزووەکان و سایکۆلۆژی قەناغانی ئەو تەمەنە منداڵییە لەبەرچاو بگیرێن، کە چیرۆکە ریالیزمییەکانیان بۆ دەنووسرێن. بەڵام زیاتر بۆ دوا قەناغی منداڵی و سەرەتای هەرزەکاری گونجاوترە. کە حەزدەکەن دەربارەی ژیانی دەوروبەریان و سروشت و ئاژەڵان و زانیاریی جیاوازتر بزانن.
یەکێک لە گەورەترین بەهاکانی چیرۆکی ریالیزمی بۆ منداڵان، ئەوەیە کە زۆرێک لە چیرۆکە ریالیزمییەکان، ڕەگەز بە منداڵان دەدەن کە کارەکتەرەکانی هاوتەمەنی خەیان بناسن کە ئارەزوو و کەشی هاوشێوەیان هەیە. منداڵان زۆر حەز بە خوێندنەوە دەربارەی کەسانێک دەکەن، کە بتوانن لەیان تێبگەن و لە کەسایەتی خەیانەوە نزیکبنەوە.
چیرۆکی ریالیزمی بە منداڵان، هەڵکارێکی گرنگە بۆ بەرفراوانکردنی ئاسۆی ئەندیشە و بیر و هزری منداڵان، بە فۆربوون و بە نوێخوازی و بە داهێنان.
پێویستە ئەوەش بزانین، مەرج نییە کە هەموو چیرۆکێکی ریالیزمی نووسراو، گونجاوبێت بۆ منداڵان. پێویستە نووسەرانی چیرۆکی ریالیزمی بۆ منداڵان، لە گواستنەوەی ڕووداو تووند و تیژی و کەلەقی و لەخۆبایبوون و لە کارەساتی ئازاردەر و کۆتایی تراژیدیای تاڵ و لە بەهیوای و لە ڕەشبینی دوورببێنەوە. چونکە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی خراپیان لەسەر دەروونی منداڵان دەبێت. پێویستە لە شێوازی ئامۆژگاری وشک و پەندەری و ڕێنمایی تەقلیدی

ئاسایش نەبن. کە منداڵان وەرست و بەزار دەکەن و هیچ چەژ و خۆشییەکیان لەوەرناگرن.
لە کاتی نووسینی ئەم باباتەمدا، چەند چیرۆکێکی ریالیزمی چەند چیرۆکنووسێکی ناسراوی کوردمان لە بواری نووسینی چیرۆکی منداڵان خوێندەوە. بەداخەوە کە پێن لە هەڵەی زۆق و لە وشەی نەشیاوی وەک: دزی، درۆ، فێڵ، ساختە،..هتد. من پێموایە، بەکارهێنانی ئەم جۆرە وشەگەلە لە چیرۆکی ریالیزمی منداڵان نابجێن.
پێویستیشە کەتایی چیرۆکە ریالیزمییەکان بە منداڵان، بە کەتاییەکی تراژیدیا و بە ناخۆشی و ڕەشبینی و بە هیوای و شکستی کەتاییان نەیێن. بەکەو بە خۆشی و شادی و بە سەرکەوتن و هیوا و گەشبینی و گەیشتن بە ئامانج کەتاییان بێت.
ڕزا شوان
نەرویج: ۲۰۲۳

ماشی سپی.. شیعری دەکەش قادر

ماشی من تۆ
کە هەموو ڕۆژێ لە خەیاڵما چڕە دەکەی
ستڕانی من تۆی
کە هەموو چرکەیەک دەمخەیتەوە سەما و
لە تەنیایی تاقەتپووکێنم دادەبەی
ئەی سروودی نەوتراوی سەر زمانی من
تۆ چ مەعشەرێکی کە لە دەریای مندا شتانە سەما دەکەی
جوانی سپیپۆشیم
ئاوازێک بوو
لەسەر ستێج سەمای باڵیەمان دەکرد
بە میلادیەک قوربان پیرۆز دەکەین و
تەوافی دڵی یەکڕی دەکەین
چ شتیەکی پایزانەیە دڵی تۆ
لە حەوشەی پشتەوەی خانەقای مەوڵا
ماچبارانی یەکتر دەکەین

تووند ڕاموسانی هەنگوینی شەومان دەبینەوە نەو
پێکە شەڕابی سەر سینە و
کاڵیەکان تەخ دەکەین و
سپیەکان مەر دەکەین.
سلێمانیی
دڵکۆش قادر

زێرکا مەرینە و سایکۆدراما.. چاوپێکەوتن.. وەرگێڕانی: زاهیر عەبدوڵڵا

زێرکا مەرینە باس لە جۆرەکانی تیۆری و تەکنیکی سایکۆدراما دەکات، هەروەها باس لە ژیان و کارەکانی دەکات لەگەڵ هاوسەرە کۆچکردووەکەی جاکۆب مەرینە.

ڤیکتەر یالۆم لە ساڵی ٢٠٠٤ دا ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ زێرکا مەرینە ئەنجامی داوە، لە ماڵپەڕی تایبەتی سایکۆ تراپی بە زمانی ئینگلیزی بۆی بۆتەوە و پاشان زانکۆی ستۆکهۆڵم بە هەندێک گۆڕانکاری لە تەکنیکی چاوپێکەوتنەکدا وەریانگێڕاوەتە سەر زمانی سویدی، چونکە کاتێک باسی جاکۆب مەرینە دەکرێت ناتوانین باسی پاڵ پشت و خوێندکارە هەرە بلیمەتەکەی ئەو نەکرێت کە زێرکایە.

زێرکا تۆمان مەرینە (Zerka Toeman Moreno) لە ١٣ ی حوزەیرانی ساڵی ١٩١٧ لە هەڤەندا لەدایکبووە ولە ئەیلولی ٢٠١٦ لە ئەمریکا مردووە. هاوکار و هاوسەری جاکۆب مەرینەی دامەزرێنەری میتۆدی سایکۆدراما بووە. دوای هاوژینەکەی بەردەوامی بە پەیمانگەکەی ئەودا.

زەرکا تەمان مەرینۆ
ڤیکتەر یالەم ، دەروونناس و هونەرمەندی سانفرانسیسکۆ هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا، کاریکاتۆریست و دەروونشزان، تراپیست چارەسەرکاری دەرونی بەهۆی هونەرەوە، نیشتەجێی سانفرانسیسکۆ، ئێستا خۆی و خەزانەکەی سەرقاڵی بەڕێوەبردنی سایتی سایکۆتراپیین ئەم چاو پێکەوتنە لەگەڵ زاری سویدیەوە وەرگێڕاوەتە سەر زاری کوردی، بۆ بەراوردکردن لەگەڵ چاوپێکەوتنە کە بە ئینگلیزی سازکراوە، هەندێک گۆڕانکاری تەکنیکی تێدایە، بەنموونە کە دووپرسیار لەیەک دەچن، یاخود یەک وەڵامدانەوە کراوە بە وەڵامی دوو پرسیار.
لە ساڵی ١٩٣١ کە زەرکا تەمەنی چواردە ساڵ بوو، لەگەڵ دایک و باوکی ڕوویان لە لەندەن کرد، لەوێ خوێندنی ئامادەیی تەواو کرد و دواتر هونەر و دیزاینی جلوبەرگی خوێند. لە ساڵی ١٩٣٩ بە یەکەمجار زەریای ئەتڵەسی بڕزاند و لەگەڵ هەندێک هاوڕێی خەزانەکەی گەیشتە ئەمریکا. زەرکا خوشکێکی هەبوو کە دوچاری نەخۆشی دەرونی ببوو. لە ساڵی ١٩٤١ توانی خوشکە گەورەکەی لە بەلجیکا بباتە نیویۆرک، بۆ ئەوەی بەدوای چارەسەری نەخۆشیی دەروونیەکانی خوشکەکەیدا بگەڕێت.
ساڵێک دوایچاوپێکەوتنی مەرینۆ پەیمانگای سەیکۆتریان لە پارک ئڤینۆ لە شاری نیویۆرک و لە ساڵی ١٩٤٢دا پەیمانگای سایکۆدراماتیکیان لە نیویۆرک دامەزراند.
لە ساڵی ١٩٤٧ دەستیان بە دەرکردنی گۆڤاری سایکۆتراپی (لە سەرەتادا ناوی سەسیاتری) کرد، کە تایبەت بوو بە زانستە کۆمەڵایەتیەکان، کۆمەڵناسی، سایکۆدراما و سەسیۆمەتری. زەرکا بۆ ماوەی زیاتر لە سی ساڵ هاوبەشی ژیان هاو داهێنەری جێی ئەم مەرینۆ بوو تا ساڵی ١٩٧٤.
مەرینۆ لە دوای مردنی دکتۆر مەرینۆ، بۆ ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵ بەردەوام بوو لە ڕاهێنان و فێرکردنی تیۆری و میتۆدی سایکۆدرا،

هاهێنانی بۆ سایکۆدراماتیکستەکان دەکرد و وارکشۆپی لە سەرانسەری جیهاندا دەکردووە.
بیرکردنەوە لە پشت بەرهەمهێنانەوەی بۆشکانی ئەم چاوپێکەوتنە ئاوێنەیە کە ڕۆژنامەنووس ڤیکتەر یالۆم، نزیکەی هیچ لە بارەی سایکۆدراما نازانێت، ئاوڕش وا دەکات زەرکا مارینێ بۆ شاوێیکی زۆر دەکراوە و ئاسان بۆ تێگەیشتن وەڵام بداتەوە. ئەم فۆرمەی پرسیار و وەڵامەش سەرنج ڕاکێش و لە گفتوگۆیەکی ئاسایی و تەروانین بۆ ژیان دەچێت، زیاتر لە کۆسایەتیان نزیک دەبیتەوە.
منیش حەزم کرد ئەم چاوپێکەوتنە وەربگۆڕمە سەر زمانی کوردی و هاوبەشی بکەم لەگەڵ خوێنەرانی کورد زمان.

(بەم باس مەکە پیشانم بدە)

ڤیکتەر یالۆم: تۆ قژشەنگ دەردەکەوێت، بەڕاستی تەمەنت ٨٣ ساڵە؟
زەرکا مارینێ: مانگی داهاتوو. ١٣ی حوزەیران. دەبم بە ٨٣ ساڵ، بیرمە کاتێک تەمەنم ٨ ساڵ بوو، بیرم لێوە دەکردەوە "لە ١٣ی حوزەیران کاتێک تەمەنم دەبێتە ١٣ ساڵ، ئایا پیر نابم؟"
ڤیکتەر یالۆم: زۆر دڵخۆشم کە تۆ لەرێیت و ڕازی بووییت بۆ ئەمەو خوێنەرانمان باسی و ژیان و کارکردنت لە سایکۆدرامادا بکەیت، کە سەرەتادا لەلایەن هاوسەرە کۆچکردووەکەتەوە، جاکوب مارینێ دامەزراوە. سەختە باوەڕ بکەیت کە تەمەنت ٨٣ ساڵە؛ تۆ زۆر پەی لە ژیان. زۆر شتت لە خۆتدا هەشتۆتەوە.
زەرکا مارینێ: سوپاس. منیش دڵخۆشم کە لەرەم. هەمیشە حەزم لە قسەکردنە لەسەر کارەکانم.
ڤیکتەر یالۆم: وە ژیانی خۆشت.
زەرکا مارینێ: ژیانی خۆشم، ئەو دوانە تەکەڵاون.
ڤیکتەر یالۆم: باشترین جێگا لەوەی دەست پێ بکەین ئاوێیە بڵێین، پەم بۆ سایکۆ دراما چییە؟
زەرکا مارینێ: ئاسانترین ڕێگا بۆ تێگەیشتن لە سایکۆدراما ئاوێیە کە بیرکردنەوێیە لەوەی "عەقڵ لە جووڵەدا ــ لە کرداردا" یە. لەبری ئاوەی باسی نیگەرانیەکانین بکەن، دڵێین "پەم مەڵێ، نیشانم بدە!" نیشاندان واتە ماماڵەکردن لە ناوەوە" واتە نواندنی، بەو شێوێیە دەتوانیت پیشانم بدەیت کە خەمی تۆ چییە. باسی ئاوە بکە چی نیگەرانت دەکات، ئاوە کورترین ڕێگایە بۆ وەسفکردنی.
ڤیکتەر یالۆم: ئامانجی سایکۆ دراما چییە؟
زەرکا مارینێ: ژیان سنوردارکردنی خۆی بەرهەم دەهێنێت، زۆرێک لە ئەمە ناتوانین بۆ ئاسوودەیی مامەڵەگەڵ ئەمانە بکەین. پەت

دەڵێم بۆچی. ئەم بانگەشەی ئاوە دەکەین گرنگترین شتی مرۆڤ سپێنتانێتی / العفوية و داهێنانە، هیچ هۆشبیریەک نیە کە جڕخت لە سپێنتانێت و داهێنانی تاکەکان بکاتەوە. ئەمەی سایکۆدراماتیک جڕخت لەسەر سپێنتانیتی و داهێنان دەکەینەوە، منداڵانیش پشکی شێریان هەیە ، بەڵام لە هۆچکەی ژیانیاندا ئەم داهێنان وسپێنتانێتیەی منداڵان دەشێوێت و سەرکوت دەکرێت کاتێک گەورە دەبن. ئەمەی مرۆڤ ئەمرۆ باوەڕمان بەوە هەیە کە منداڵان فێر بکەین کە کۆنترۆڵی جوڵەی خۆیان بکەن و زیرەک بن، فێرکردنی منداڵان هێز بە عەقڵ و زیرەکی دادەنێت، بەڵام سپێنتانێتیمان بیرچێتەوە. خەڵکانێکی زۆرهەشمەند هەیە، بەڵام تا بڕێکی خراپ و دەستە پاچن لەبەرامبەر داهێناو سپێنتانێتی (العفوية)، سپێنتانێتییان لاوازە. منداڵان کە نوێنەرایەتی سپێنتانێتی (العفویە) ئەمە دەکەن. کە بڵێ " بڕۆ "! بڕۆ ژیان. ویستی ژیان، هاوار بۆ خۆشی ژیان بکات. ئۆگرسۆرنج لە منداڵێکی بچووک بدەیت، تێبینی ئاوە دەکەیت کە پڕە لە ژیان. بەڵام ئەمە هێگریەیان لەدەکەین لە هەراوهورییاکردن، چڕپڕە لەدان، پێکەنین هەرچەندە ئەمە شێوازی ژیانی خۆیانە. بەڵام ئەمە زۆر باش لەم شتە تێناگەین. دەماوەت بۆ شۆیەفتار بکەن خۆیان بگونجێن وەک مرۆڤ باشکانی دنیا، بۆیە ئاوەی دەبێت بیکەین و هاوڕێکی زۆر دەدەین لەگەڵ تەمەنماندا بۆ لەسەندنەوەی ئاو مافە سەرەتایەی "خەمان"

ڤیکتۆر یالۆم: سایکۆ دراما دەتوانێت یارمەتی دەربێت لەوەدا؟

زۆرکا مۆرینۆ: بەڵێ سایکۆ دراما یارمەتیدەرمانە کە بۆ شێوازێکی نوێ گوزارشت لە خەمان بکەین. بۆ شێوازێک کە ژیان بۆزەری هێگەی پێ نادات، دەتوانیت بڕێیت ئەمە لە دوو جیهاندا دۆزینەوە، دۆزانی ئەمە لە جیهانی واقیعدا دۆزین، لە جیهانی واقیعی بابەتییدا. من و تۆ دەتوانین کەک بین کە لەرین، ڕاستە؟ بەڵام تۆ جیهانێکی ترت هەیە، منیش جیهانێکی ترم هەیە کە نابینرێت. سایکۆدراما ئاو جیهانی تر دەکاتە دیار.

ڤیکتۆر یالۆم: بۆ چ ئامانجێک؟

زۆرکا مۆرینۆ: بۆ ئاوەی ببین بۆ کەسێکی کامڵتر، بۆ ئاوەی بەرهەمدارتر بین، بۆ ئاوەی کەسایەتیەکی یەکگرتوومان و پتەومان هەبێت، ئەمە باوەڕمان بەکەسایەتی یەکگرتوو هەیە.

ڤیکتۆر یالۆم: چۆن ئەم کارە دەکەیت؟ چۆن سایکۆ دراما بەکار دەهێنن؟ سایکۆدراما چ ستڕکتورێکی هەیە؟

زۆرکا مۆرینۆ: باشە، سەرەتا دەماوەت بڵێم کە تەنها وەک جۆرێک لە چارەسەری دەروونی بەکارناهێنرێت. ئاوە تەنها یەک جۆری بەکارهێنانە. هێنگە تۆ بزانی هێگەیەکی زۆر بەسوود بۆ بەکارهێنانی

سایکۆدراما لە [illegible]گۆڕاندایە. ئەوش ئەمڕۆ لە بواری پەروەردەدا، لە کارگێڕیدا، لە زۆر بواردا بەکاردەهێنرێت. لە بنەڕەتدا لە سایکۆدراماوە هاتووە. بەڕاستی سەرچاوەکەی عەقڵی خەڵکە، هەر [illegible]ک لە ژیانتدا بگێڕیت؛ ئەمە لاوەوە دەست پێدەکەین.

ڤیکتۆر یالۆم: چۆن ئەم کارە دەکەیت؟

سایکۆدراما ڕوونکراوە
زەرکا مەرینۆ: باشە با بڵێین کەسێک دێت و دەڵێت "کێشەیەکی ترسناکم هەیە، هاوسەرەکەم دەخوا تووە، لەم دەدات، قومار دەکات و نابەرپرسیارە و خەڵکی چاک ناکات". دەڵێکی خراپ لە دەوروبەرمە. "چی بکەم؟ ناتوانم جیا ببمەوە، من کاسۆلیکم. لە کڵێسا فێڵ دەدرەمەوە دەرەوە، و بە تەواوی گۆشەگیر دەبم. چی بکەم؟" باشە ئەوە کێشەیەکی زۆر گەورەیە، زۆر جدییە. – منیش پێی دەڵێم: نیشانم بدە مەردەکەت چۆنە، بەو پێیەی ئەو لەرە نییە، ئایا ئەو ئەهات بە ئەرە؟ "نا، [illegible]نگە نییەت بە ئەرە. ئەو باوەڕی بە هیچ کام لەم شتانە نییە." بەیە دەبێت هەڵسەنگاندن بکەم: چی دەتوانم بکەم بۆشدارم بە خۆشگوزەرانی ئەم ژنە؟ ئایا شتێک هەیە لەم پەیوەندییەدا کە هەشتا بەردەوام بێت، یان نا؟ بەداخەوە پەیوەندیەکیی تەندروست و پتەویان نییە، بەڕاستی [illegible]نگە ناچار بم یارمەتی بدەم، بە ئەوەی ئەقڵی لەدەست نەدات، ژیری بهێڵیتەوە. یان بیەوێت لەو ژیانە بمێنێتەوە
ڤیکتۆر یالۆم: بە عاقڵی بمێنێتەوە، یان لەو ژیانەدا بمێنرەوە؟
زەرکا مەرینۆ بەدنیایی. بەیە، من بەم شێوەیە دەست پێدەکەم: "من لەرە هاوسەرەکەتم لا نییە؛ تەنها شتێک کە هەمبەت تەوانینی تەیە بە هاوسەرەکەت." بە لەوەش لەوانیە ئەو تەوانینە شەواو بێت و تەواو نەبێت، بەڕاستی تاکە تێگەیشتنێک کە لای من هەبێت ئەوەیە. ئەوە ئەو کەسەیە کە لەگەیدا دەژی. بەیە دواتر داوای لەدەکەم [illegible]کان پێچەوانە بکاتەوە و ببێتە هاوسەری ([illegible]ی پیاوەکە ببینێت). بەزەری وایان لەدەکەم لەسەر کورسییەکی جیاواز دابنیشن، بە ئەوەی جەستەشی بە هەمان شێوە بجوڵێنێت، ئەوە گرنگە. چونکە ئەمە تەنها لە سەر و مەشکیاندا کار ناکەین. بەکو ئەمە دەمانەوێت هەموو جەستە بەکاربهێنین؛ ئەمە ئەکتەرین. ئەمە دەڵێین مرۆڤ ئیمرۆقیستەری شانەی ژیانە. بە پێچەوانەی شانە، تەکستێکی نوسراو نییە؛ من سیناریەم نییە. دەبێت لەکاتی کاردن و ئیمرۆقیسشوندا مامەڵە بکەین ڕاستە وخۆ کارلیکردنمان هەبێت، لەرە و لە ئێستادا. هەرچییەک لە نەوانماندا هەبێت.
ڤیکتۆر یالۆم: وە هاوسەرە کەچکردووەکەت مەرینۆ، کە دامەزرێنەری

سایکۆدراما یە، ئەو چەمکی " لێرە و لە ئێستادا" ی داهێنا؟
زەرکا مەرینە: بەڵێ ڕاستە. ئەو، ئەو زاراوەیەی داهێنا و دواتر زۆر کەسی دیکە بەکاریان هێنا، لەوانە فرێدریک سالەمان پێرڵز و تیۆری گێستاڵتەکەی، ئیرڤین یالۆم و بوونگەرایيەکان.
ڤیکتۆر یالۆم: بەڵێ، دەستەواژەکە بەردەوام لەگوزارشت کردن لەدەمی کات و ساتی ئەزموونە کارلێکیەکانی مرۆڤ.
زەرکا مەرینە: دواتر چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو ژنە دەکەم وەک ئەوەی مەردەکەی بێت، (خەی دەخاتە بەرگی هاوسەرەکەیەوە). لەو پرسەی کارکردنەدا ئەم ژنە شتی زیاتر فێر دەبێت دەربارەی هاوسەرەکەی، وەک لەوەی پێشتر دەیزانی، زۆر لە واقیعی پیاوەکەی نزیک دەبێتەوە.
ڤیکتۆر یالۆم: ئەوە چۆنە؟
زەرکا مەرینە: ڤیتگنشتاین لە شوێنێکدا دەڵێ " بە ئەوەی دەربارەی خۆت بزانیت، دەبێت لە دەرەوە هەنگاو بۆ خود بنێیت". کەواتە ئەوەی کە دەیکات ئەوەیە، لە ڕێگەی هاوسەرەکەیدا، هەست بە خەی دەکات. لەی دەپرسم چ کەمایەسیەک و چەوتیەک لە نەوانیاندا هەیە ؟ من بیستوومە ژنەکەت چی دەڵێت. ئێستا حەز دەکەم بزانم ڕای تۆ چییە." ئێستا زانیاریت دەست دەکەوێت و کە چۆن کارلێکردنیان هەبێت لەگەڵ یەکتر.
ڤیکتۆر یالۆم: کەواتە ژنەکە ڕەگەی هاوسەرەکەی خەی دەبینێت و قسە لەگەڵ خەی دەکاتەوە (لەبەرگی پیاوەکەوە قسە لەگەڵ خەی دەکات)؟
زەرکا مەرینە: لە کۆتاییدا، لەوانەیە. ئەگەر کەسێکی تر بەردەست بێت بۆ ئەوەی ببێتە ئەکتەر، ئەوا ئەمە ئەو کەسە دەهێنین ئەگەر نا، ئەوا خەی ڕەگەی خەی بەرامبەرەکەشی دەبینێت. هەردوو ڕەگەکە دەگۆڕێت، هەندێک جار، لەگەڵ بەردەوامبوونی ئەمەدا، ڕەنگە من ڕەگەی ئەو ببینم و و ئەویش ڕەگەی مەردەکە بگرێتە ئەستۆ.
ڤیکتۆر یالۆم: ئایا ئەمە یارمەتی دەدات لە تێگەیشتن و هاوسەزی لەگەڵ هاوسەرەکەی؟
زەرکا مەرینە: با زیاتر ڕوونی بکەمەوە کە ئەمە ماماڵە لەگەڵ چی دەکەین. ئەمە ماماڵە لەگەڵ دوو کەس دەکەین بەناو بە سێ یەک، ژن و مەرد و پەیوەندی نێوانیان، یەکەی سێیەم پەیوەندیەکەیانە. ئەمە وا دائەنێین کە ناتوانرێت ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر دەروونێک هەبێت، تەنها لە ڕێگەی پەیوەندییەکی بەرچاوەوە نەبێت. ئەوەی ئەمە مەمەڵەی لەگەڵ دەکەین، تەنها لە پەیوەندییەکە ناکۆینەوە، بەڵکو هەوڵ دەدەین چاکی بکەینەوە. پرسیارە چارنووس سازەکە ئەوەیە، ئایا ئەم پەیوەندییە دەتوانرێت چاک بکرێتەوە یان نا؟. هەروەها ئاگاری ئەوە هەیە کاتێک ڕەگەی مەردەکەی دەبینێت، لە ناکاو زۆر شتی بۆ کەشف دەبێت وشت فێر دەبێت، بۆ شێوازێکی نوێ مەردەکەی دەناسێت و دەبینێت. ئەگەر چی پشوتریش ئاگاداری ژیانی ڕابووردووی

مەردەکشی بووبەت و چۆن بە منداڵی ئازار دراوە، لەبەر ئەوەی کە لایەنێکی نوێی مەردەکی کشف دەکات و هەستی پێ دەکات، لایەنە مرۆییەکی مەردەکی دەبینێت دەدروشتەوە. لەبەر ئەوەی بە شیوەیەکی نوێ دەیبینێت و هەستی پێدەکات، کە دەگەیتەوە ئەی خۆی و ناچار شەوازی پەیوەندیەکانی لەگەیدا بگات، ئەوەی ئەمە لەردا باسی دەکەین گەینی ڕەفتارکانە نەک تەوانینی مەعریفی، پەمان وانییە تەگەیشتنە فیکرییەکان ئەوەندە چارسەر بن.

ڤیکتەر یالەم: نەک تەوانینەکی مەعریفی بە خۆی.

زەرکا مەرینە: نەک بە خۆی، پەویستە لەگەڵ بەشەکی هەست و سۆزەکان پەیوەست بکرێ، سایکەدراما مامەڵە لەگەڵ هەردووکی دەکات. خەڵک زەرجار بە تەگەیشتن بەکاری دەهێنن. پەم وایە ئەوە تەنها نیوەی کارەکەیە. من ئەوەندە خەمی ئەوەم نییە کە لەرە سەرەوە چی ڕووەدات (ئاماژە بە کەللەسەری خۆی دەکات) چونکە ئەوەی لەردا بەرەو سەرەوە دەڕوات ئەوەیە…

ڤیکتەر یالەم: ئەگەر بە جەستەت ، یان بە هەست و سۆز ئەزموون بکەیت ئەوا هەزی زەر زیاتر دەبەت.؟

زەرکا مەرینە: بە نموونە کاتێک ئەو ژنە لەرە دادەنیشت، دەەم "چۆن دادەنیشیت؟ بە جەستەت نیشانم بدە کە چۆن دادەنیشیت." وە لەوانەیە بە لەسەر لا دابنیشێ، بە جۆرێک کەسی بەرامبەری ەت بکاتەوە. یان لەوانەیە زەر لە نزیکەوە دانیشتبەت چونکە دەیەوەت پەیوەندی لەگەیدا دروست بکاتەوە. بەیە هەموو جۆرە زانیارییەک بەدەست دەهێنیت، تەنها بە ئەنجامدانی گەینی ەەکان، ەەنگە ئەستا یان دواتر ئەگەری ئەوە هەبەت کە من لە ەاستیدا بتوانم پیاوەکەی بیبینم. دەزانی بابەتکی نووسی ناوی لەنا "Psychodrama and the Psychopathology of Interpersonal Relationships" سایکەدراما و سایکەپاتەلەژی لە پەیوەندی نەوان کەسەکان، کە تەیدا خۆی وەک ناوبژیوانێک لە نەوان ژن و مەرددا بەکارهێناوە. ئەو بە دەستپێکردنی کارەکەی ژن و پیاوەکەی بەجیا دەبینی، سەرەتا هەردووکیانی پێکەوە نادەبینی، پێکەوە دانیشاون و مامەڵەیان لەگەڵ بکات، هەر یەکەیان گلەییان لە ئەوی تر هەبوو. ئەوە شەوازێکی تەواو نوێ بوو بە بەردەوام بوون. فرەید هەرگیز ئەو کارەکەی نەکردووە، تاکەکانی بەرامبەر بەیەکتر شی نەکردەتەوە، بەڵکو تەنها لە پەیوەندی بە ژیانی خەیانەوە.

ڤیکتەر یالەم: دکتەر مەرینە پێکەوە نایانبینێ؟

زەرکا مەرینە: هەشتا نا. ژنەکەی بە مەردەکە لەکدەایەوە، مەردیش بە ژنەکە.

ڤیکتۆر یالۆم: بۆگومان بۆ مۆدێرنیتی خۆیان.
زۆرکا مۆرینۆ: بۆگومان. هۆردووکیان لۆو پێوەندییەدا کاریان دەکرد. هەندێک جار کەناڵێکی نوێی نوێوان ئۆو کەسانەدا دروست دەکرد. هەندێک جار ئۆوە بۆ ڕوونی دەبینرا ئۆو کەناڵە بوو کە بۆاستیان پێویستیان پێیەتی، بۆ ئۆوەی هۆردووکیان هەست بۆ عەقڵێکی تەندروست بکەن، جیا نەبنەوە. وۆ دواتر لۆوانیە ئۆو شتە بۆرهەم هاتبێت کە ئێمە پێمان دەگوت divorce catharsis "کاتارسیسی جیابوونەوە" و ئۆوش بیرکەیەکی نوێ بوو.
ڤیکتۆر یالۆم: ئایا هیچ شتێکی کردووە کە لە چارسێری دەرووونی نۆریتی بچێت؟
زۆرکا مۆرینۆ: دەستی کرد بۆ فۆدانی ئۆو ڕیو ڕەسمە نۆریتیانە. لە کۆتاییدا پۆڕەی بۆ سایکۆدراما دا و خستیە ناوپێوەندی کارلێکی کەساکانەوە
ڤیکتۆر یالۆم: ئایا مۆرینۆ هۆروۆها سایکۆ ئۆنالیزی (شیکاری دەرووونی) خوێندبوو؟
زۆرکا مۆرینۆ: نەخێر. دژێ شیکاری بوو. باوۆڕی بۆ مۆدێلی کارکردنی فرۆید نەبوو. پێشینەی فرۆید بایۆلۆجی بوو. مۆرینۆ دێگوت ئیلهامی لە ئاینە گۆورکانی جیهان وۆرگرتووە. فرۆید کەسێکی بۆدین بوو. بۆەتام مۆرینۆ نا. مۆرینۆ دێگوت لۆوانگەی گێشکردنی تاک و ڕۆگەزی مرۆڤەوە، گێشسەندنی قسەکردن زۆر درەنگ کەوت، مرۆڤ فێری گاگۆڵکە کردن دەبێت، فێری دانیشتن دەبێت، فێری ڕۆیشتن دەبێت، هەموو ئێمانە فێر دەبێت ئۆوجا فێری قسەکردن دەبێت. تە پێش ئۆوەی فێری قسەکردن بیت نزیکەی دووتا سێ ساڵ بۆچێی بۆ جێستەو کارلێکردن ژیاویت لەگۆڵ دەوروبەرت.

ڤیکتۆر یالۆم: بۆجێستە؟
(سۆیرکرنی ئایندە و دوو ژیانی ـــ زێدە واقیع. Surplus Reality)

زۆرکا مۆرینۆ: لەگۆڵ جێستە، بۆ جێستە و لە تەکنۆلۆژیا بوون و کارلێککردن لەگۆڵ
کەسانی دیکە. ئێمە لە ساتۆوەختی لۆدایکبوونەوە پێویستین بۆ خۆک ولێ کارلێککرداین لەگۆڵ کەسانی تر. دیارێ ئۆوە کاریگەری لەسەر ئێمە هەیە. بۆ ڕووبۆووی ڕاستییەکان ببینەوە. خۆک درێ دەکەن وشکان دەتوانن درێ بکەن. سۆیری تیڤی بکەن، گوێ لە سیاسەتمەداران بگرن، لە زاریانەوە درێ دەبارێت … ئاستێکی نەسەنتر هەیە، لە ژێر "ئاستی زمان"ەوە و ئۆوە ئاستی کردار و کارلێککردنە. بۆیە درامای هۆنبژارد، بۆەتام نۆک درامای ئاسایی و نۆریتی نا، بۆکو فۆرمێکی

نوێی دراما ـــ دراماى ئیمپرۆڤیسەیشن. کە ئەمش شێوازی ژیانمانە.
نازانم تۆ ئەو کتێبەمت بینیوە، لە وێدا نووسراوە کە جارێک یەکێک
لە نەخۆشەکانم پێی وتم
دەزانم سایکۆدراما چییە؟ دووجار ژیانێ، ئەم دەستاواژەیە زۆر قورس
و سەرنجڕاکێشە، تۆ لەژیاندا ژیانێکی خۆت هەیەو لە سایکۆدرامادا
ژیانێکی تر.
ڤیکتۆر یالۆم: ساڵی ٢٠٠٤ دیسان کارتان لەسەر ئەو پرسە کردووە و
کتێبێکتان بەناو کردووە بە ناوی "Surplus reality and the art of
Hegalin". ناونیشانێکی زۆر سەرنج ڕاکێش، وەک ای پێزبایم، بۆ
چۆن پێناسەی "Surplus reality دەکەن؟
(Surplus reality ـ بۆژگاری جەماو، زیدە واقیع ، ئەوەی لە
ئیستادا لەپشت و لەبەردەمماندا لە ڕووە، سەیرکردنی ئایندە لە
بۆبینیندا، خەونەکان هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە. هەروەها the
art of Hegalin ـ واتە بەکارهێنانی هونەر بە چارەسەر کردنی
نەخۆشی، جا هەر جۆرێکی هونەری بێت. زاهیر)
زەرکا مارینە: دەزانم بەڕاو چ ئاستێک دەبێت؟. ئەوەی ئەم ژنە
دەیکرد ئەوبوو کە دەچووە ناو واقعی هاوسەرەکەیەوە، ئەوە)
بۆژگاری جەماو، زیدە واقیع ـــ Surplus reality ـ بۆ گەیشتن
تەکنیکێکی surplus reality ـــ ە ، زیدە واقیع یان ژیانی بەجەماو،
یان سەیرکیدنی ئایندەیە – ئەوە واقیعەکە یان بۆن ئاستێکە
لەدەرەوەی ژیانی بۆژانماوەیە، ژیانێکە دیار نییە و واقعەکە
نەبیراوە بەڵام زۆر ئاستەقینەیە و پێیوەندی بەژیانی ئەمەوە هەیە
و مامەڵەی لەگەڵ دەکەین. ئەو ژیانەش دەتوانرێت ئەفسانە یان
چیرۆکێکی دروست کراو بێت، یاخود ژیانی تۆ بێت وەک ئەوەی تۆ حەزت
لێیە. فیلمە کۆنەکەی The Secret Life of Walter Mitty ژیانی
نهێنی والتەر مێتی، خەی سایکۆ دراما بوو، کەواتە ئەمە هەوەی چی
دەدەین، چی لە کاتارسیسدا جوهەرییە؟ باشە ئەمە باوەڕمان بەو
دیمەنانە هەیە، ئەو کارلەکانە، ئەو واقیعانەی کە ژیانمان پڕگەی
پێ نەداوین ئەزموونی بکەین و بیبینین، بەڵام ئەمە دەبێت هەمیشە
هەست بەو ژیانە نەبینراوە بکەین، . من عادەتەن ئەوە ناو دەنێم "
تەنها ئۆگەرەکان". بیر لە ووشەی ئەو هەموو (تەنها جارێک)
لەژیانمدا بکەرەوە، " تەنها ئۆگەر"کان بکەرەوە لە ژیانتدا کە
نەتکردووە. بزانە چەند بۆکی زۆر وزە و کات بەفیڕۆ دەدەیت؟.
ڤیکتۆر یالۆم: بەدنیایی وزەو کاتکی زۆر خەرج دەکەیت.
زەرکا مارینە: بۆکی زۆر گەورە، تەنها لەسەرئەو ئۆگەرانەی کە
نەتکردووە، لەسەر ئەم " تەنها ئۆگەر" انە، مەشکەت دەبات بە
شوێنکی تر، ئەو پێوەندیە تەلەفونیانەی کە نەتکردووە، یان ئەو

ئەو پەیوەندییە تەلەفونییانەی کە کردووتەو لەوەدا بیردەکەیتەوە ، ئەگەر ئەو پەیوەندیە تەلەفونییەم نەکردبا، ئەو نامانەی دەبوو وەڵامیان بدابایتەوە، ئەو ئیمەیلانەی کە دەبوو بمانردایە، ئەمانە هەگریت لەدەکەن لەو کارانەی کە دەتووت لە ژیانی ڕۆژانەدا بیکەیت لەڕ و ئێستادا.
هەر چەمکی "لەڕ و ئێستا"، بوو کە جاکەب مارلەن کە دایهێنا، لە پاشاندا هەرچەندە لەو کاتەوە لەلایەن زۆر کەسی دیکەوە وەک پەرز و یالەم و بوونگرایەکان بەکارهێنراوە.
ڤیکتەر یالەم: ئایا سایکەدراما دەتوانێت دەربارەی هەر شتێک بێت؟
زەرکا مارینە: (بەپێکەنینەوە) بەڵێ، دەتوانین نزیکیی هەموو لایەنەکانی ژیان وەربگرین بە فۆرمی سایکەدراما. هەوڵەکە بە دەزینەوەی خێت بە شێوەیەکی نوێ و لە کایەی نوێدا. بە ئەوەی سپۆنتانی و داهێنەر بیت بە شێوەیەک کە پێشتر نەبووبیت. هەروەها هەگایەکە بە چاککردنەوە و کامڵ بوونی "خود". دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بە لەکەینەوە لەوەی کە چەن حەزت دەکرد منداڵیت یان هەرزەکاریت یان تەنانەت ژیانی پیشەیی خێت بگەڕێت. هەنگێ هەمیشە کار نەکات. زەرجار بیر لە سایکەدراما دەکەمەوە پەم وایە مامۆستا لەگەڵ لەوارەکانی ژیان دەکەین. ئەمە بیرکەیەکی نوییە کە ئێستا تازە بەدەستی دەنم.
ڤیکتەر یالەم: بیرکەی نوێت هەیە دوای شەست ساڵ کارکردن.
زەرکا مارینە: بەڵێ، شتێکی سەرنج ڕاکێشە، بەردەوام بیرکەی نوێ دێتە ئاراوە، داهێنان بەوشوەیەیە. وەک پرەنسیپێکی دووانەیی /جمک کاردەکات. سپۆنتانێتی spontaneity وەک وەڵامێکی نوێ بە دەخێکی کەن پێناسە دەکرێت، یان وەڵامێکی گونجاو بە دەخێکی نوێ. داهێنان شتێک دروست دەکات کە پێشتر نەبووە. بە نموونە بیل گەیتس وەربگرە. لە هەگەی ویندۆزەوە جیهانێکی تەواو نوێی دروست کرد کە پێشتر بوونی نەبووە! تەواوی بیرکەی ئەوەی کە "شتەکان ناگەڕێن" لەم دنیایەدا قسەی بەمانایە! کە دەیتوانی ٢٠ ساڵ لەمەوبەر خەون بە ئینتەرنێتەوە ببینێت؟ مەسەلەکە لەڕدا شتێکی داهێنرانەیە – کەسێک شتێکی تەواو نوێ دروست دەکات، ئەوە چەند گرنگە بە جیهان، بەردەوام شتەکان وا دروست دەبن.
ڤیکتەر یالەم: کەواتە، باس لە دروستکردنی ژیان دەکەین.
زەرکا مارینە: پەیستە ژیانمان دروست بکەینەوە.

(دیدارو خۆشویستی دکتەر مارینە)

ڤیکتەر یالەم: حەز دەکەم کەمێک زیاتر دەربارەی ژیانت ببیستم. چەن

چاوت جاکەب مەرینەکەوت ؟
زەرکا مەرینە: من لە ئەوروپاوە خوشکە گەورە دەروون ناساغەکەم هێنایە لای ئەو بۆ ئەوەی چارەسەری بکرێت.
ڤیکتەر یالەم: تۆلە ئەوروپاوە ئەو ڕێگا دوورودرێژەت گرتەبەر، خوشکەکەت هێنا بۆ ئەوەی چارەسەری بۆ بکرێت؟ ئەوە چۆن بوو؟
زەرکا مەرینە: لە ئینگلتەرەوە یەکەمجار بۆ تەنیا هاتم بۆئێرە، ، دوای ڕاگەیاندنی جەنگی جیهانی دووەم بوو، ئەوکات تەمەنم ٢٢ ساڵ بوو. هیچم لە بارەی مەرێنە و سایکۆدراما نەدەزانی. هونەر و دەروونناسی خوێندبووم.
خوشکەکەم لە تەمەنی ١٩ ساڵیدا تووشی بارگرژی دەروونی ببوو، بەیار بوو ببمە هونەرمەند، دیزاینەری کەوالیس وجلوبەرگ، بۆتایبەتی جلکی شانۆ و نواندن. دەزانی لەندەن شوێنکی نایاب و ناوازەیە بۆ شانۆ. پاشان خوشکەکەم بۆ شوێکی نائومێدانە تووشی نەخۆشی دەروونی هات، بیرم کردەوە و بۆ خەمم وت "ئەه، دەبێت بەشیوەیەکی بابەتیانە سەیری ئەم شتە بکەم" و دەستم کرد بۆ خوێندنی دەروونناسی. بەڵام هیچ کام لە دەروونناسی کلاسیک فەری نەکردم کە دەخی خوشکەکەم چۆنە وە هەستم کرد و تێگەیشتم کە شتێکی هەڵە هەیە. من لە ڕاستیدا لە خوشکەکەم زەر باش تێدەگەیشتم. بۆ قسەکردن ، لای خوشکەکەم هیچ پەیوەندیەک و تێکەڵاویەک دروست نابێت، مومکین نییە، لەڕدا شتێک هەیە، بەڵام کاتێک مەرینەم ناسی ئەو تێکەڵاویە دروست بووئەو شیانە دروست بوو.
ڤیکتەر یالەم: وە چۆن مەرێنەت ناسی؟
زەرکا مەرینە: شەڵگیرسا. خوشکەکەم لە بالجیکا دەژیا، ماڵەکیان لە سنوری ئەڵمانیاوە ٢٥ کیلەمەتر دوور بوو، شوێنکیان زەر مەترسیداربوو.
ڤیکتەر یالەم: شوێنکیان باش نەبووە کە تیا بمێنێوە؟
زەرکا مەرینە: مەتریسیداربوو. بەڵام من هاتمە ئەم وڵاتە. بە دایکم و باوکمم گوت: با بڕۆم، ڕەنگە بتوانم خوشکەکەم ڕزگار بکەم. ئەو تاقە خوشکەم پێنج ساڵ لە من گەورەتر بوو، شەڵکۆش تا دەهات تەشەنەی دەسێند هەموو ناوچەکەی گرتەوە، دواجار توانیم هەندێک پارەکە کۆبکەمەوە، لە ساڵی ١٩٤١دا هاتمە سەر ئەم خاکە.خوشکەکەیشم بەستی لە بڕابوو تا دەهات باری دەرونی خراپتر دەبوو، پێویستی بە چاودێری بوو لە نەخۆشخانە بیخەوێنین. بیرکەی خۆکوشتنیش ڕۆژ نەبوو بیری لە نەکاتەوە. منداڵێکی بچووکیشیان هەبوو کە دەبێت کەسێک ئاگاداری بێت. بۆیە زاواکەم خانەیەکی بۆخۆکرانی بۆ کوڕە بچووکەکە دەزیەوە، منیش نەخۆشخانەیەکم بۆ خوشکم دەزیەوە.
ڤیکتەر یالەم: ئەمە چ شوێنێک؟

زەرکا مارینە: لە بیکەن، نیویارک. نزیکەی ٦٠ میل لە باکووری شاری نیویارکەوە دوورە لەسەر ڕووبارى هادسەن
ڤیکتەر یالەم: ئەمە ئەو شوێنەیە کە ئێستاش لێی دەژیت؟
زەرکا مارینە: بەڵێ، ئێستاش لێرە دەژیم. بە خوێندکارەکانم دەڵێم "ژیانم حیکایەتێکی سەیرە، وەک پەنابەرێکی بچووکی بێدەسەڵات هاتووەتە ئێرە، بەهەی نەخشی خوشکەکەمەوە ئاسودە نەبوو، هاتووم بۆ ئێرە بۆ ئەوەی ژیانێکی نوێ بۆ خۆشکەکەم بدەزمەو، کەچی. ژیانێکی نوێم بۆ خۆم دەزیوەو. دەزانی عیبرەتەکە چی بوو؟ ئەوە بوو
لەم تەمەنەدا بۆخۆم دەڵێم زەرکا، بۆ بەدوای هیچدا مەگەڕێ بۆ خۆت مەگەڕێ. بەڵکو بەدوای یارمەتیدانی کەسانی تردا بگەڕێ، لەوە ڕا خۆشبەختی بەدەست دەهێنیت. وانیەکی گەورەبوو بۆ من. بەڵاستی بوو بۆ بنەمای ژیانم؛ خۆشبەختی من لەوەوە سەرچاوە دەگرێت
ڤیکتەر یالەم: خۆشبەختی تۆ لەوەوە سەرچاوە دەگرێ؟
زەرکا مارینە: من زۆرلە ژیانم ڕازیم. تا زیاتر بژیم، جۆهەری ژیان بەدەست دێنم، ئەمە لە جیهانێکی گەمژەییدا دەژین، با ڕاستی بڵێین بۆ تەواوی شێتانە! لە گەنجیدا بەم و ئەو تووڕە دەبووم. ئێستا، هەرچەندە جیهان شێتانە بێت، هەست بۆ باشی دەکەم. من ئەوەی لە توانامدا بێت دەیکەم، لەوەدا زۆر باشم، چی لەوە دڵخۆشتر هەیە؟ بەهەر حاڵ مارینە بەهرەی منی دەزیوە.

(لە وەاتی بەلجیکاوە بۆ شاری نیویارک)

ڤیکتەر یالەم: بەهرەی تۆ بۆ؟
زەرکا مارینە: کاتێک تەندروستی خوشکەکەم باشتر بوو، ، مارینە بۆ کارەکانی خۆی منی تاقیکردەوە و کردمی بۆ خوێندکاری خۆی، لە شاری بیکەن لە نیۆرک ژیام و وەک سکرتێری تایبەتی ئەو کارم دەکرد، دەرماڵێکی بۆ پێشنیاز کردم و منیش قبوڵم کرد، بەڵام پێمووت دەمەوێت کارت بۆ بکەم لەبری ئەوە، چونکە تایپچییەکی خراپبووم، من هەمیشە حەزم کردووە لەگەڵ نوسەران و داهێنەران کار بکەم، ئەویش وتی باشە، بەیە لەبەر دەرماڵەکە و خوێندنەکەم لای ئەو دەستم بەکارکردن کرد. جەنگ تا دەهات پڕی دەسەند و پیاوان دەچوون بۆ سەربازی. پەیمانگایەکی تایبەت بۆخۆی لە نیۆرک کردەوە، منیش بووم بە یاریدەدەری توێژەرەوەی کارەکانیی و لە نیۆرک ژیام،
ڤیکتەر یالەم: لە شاری نیویارک؟
زەرکا مارینە: لە پارک ئڤینیو یەک گۆڕەک لە ویستگەی ناوەندی شارەکەوە دوور بوو، هەفتەی پێنج ڕۆژ هاتوو چم دەکرد، پاشان

داوای لێکردم لێ بڕم و لێ بیکەن بژیم، چونکە لەوە پێویستی بە یارمەتییە.
خوشکەکەم سالی دواتر منداڵی دووەمی بوو، جارێکی تر نەخۆش کەوتەوە. دە ڕۆژ دوای لەدایکبوونی منداڵی دووەمی، گەڕاوینەوە بۆ بیکەن. ئێستا دوو منداڵ هەیە کە دەبوو ئاگاداریان بم. کەواتە، هەموو ژیانم ئاگاداری کەسێک بووم، دەزانی؟ ئیتر پێویست ناکات ئەوە بکەم. بیهێنە بڕچاوت، ئێستا نزیکەی ٨٣ ساڵم و تەنها شتێک کە دەبێت ئاگاداریم بم، خەمم. ئایا ئەوە شتێکی نایاب نییە؟

(هەموو شتە چەوتەکانم کرد)

ڤیکتەر یالەم: کە ناوبت مرۆڤ بیکات ، All the Shalt Nots
زەرکا مەرینە: بەهەر حاڵ دواجار بووم بە هاوسەری، ئەو کاتە هاوسەرگیری کردبوو و منداڵکیشی لە ژنی پێشووی هەبوو. وە بەو پێیەی دانپێدانان بە ڕۆح باش، هەموو کارە هەڵەکانم کرد. هەموو ئەو کارانەم کرد کە کچێکی جووڵەکێیکی جوان و چینی ناوەند نایکات. " the Shalt Nots " پێیوەندیکردن لەگەڵ پیاوێک کە باوکی منداڵەکە، کە هاوسەرگیری کردووە. دەخێکی زۆر ئاڵۆز بوو، ئەو ئامادەنەبوو وازم لە بهێنێت. تەنانەت کاتێک هاوەمدا جیابمەوە، ئەو وتی ناتوانم، بەهەرشوێنەکیش بچیت شوێنت دەکەوم.
ڤیکتەر یالەم: ئەو عاشقی تە بوو؟
زەرکا مەرینە: بەتەواوی، پێت دەڵێم کاتێک بە یەکەمجار یەکترمان بینی چی ووت. کاتێک بە یەکەمجار چوینە ئۆفیسەکێیەوە بۆ ئەوەی خوشکەکەم وەک نەخۆشێک لای ئەو داخڵ بکەین ، لە پشت مێزەکەوە دانیشتبوو، هەر کە چاوی پێمان کەوت لە پشت مێزەکەوە هەستاو و هەردوو باڵی کردەوەو وتی "Yeeesssss!" بڕۆن.
پێم وابوو ئەمە سەیرترین سڵاوە کە تا ئێستا بیستبێتم.
بڕۆام ئەو ساتەم زۆر باش لەبیرە، تەنانەت ڕەنگی کراسەکەیم لەبیرە سەیرم کرد و بیرم کردەوە: ئەو ئاشنا دەردەکەوێت. من ئەم پیاوە دەناسم!" و دەنگی ناوەوەم وتی: "تە وەک خوشکەکەت شێتی، پێشتر هەرگیز نەچووبێتە بیکەن!
تە دەچیتە ناو مژووی منەوە، و ناچیتە ناو سایکەدراما، هەرچەندە هەمووی بەیەکەوە بەستراوەتەوە-ئایا ئەوە ئەوەیە کە تە دەتەوێت؟
دەزانی چی؟ دواتر پێی وتم کە بیری لەوە کردەتەوە "ئەمە ئەو کچێیە" کە بەدواید دەگەڕا، ئەو بەدوای muse میوز ــ ێکدا دەگەڕا، من بووم بە میوزی ئەو.
ڤیکتەر یالەم: مەبەستت چییە؟

زەرکا مەرینە: میوز، خوداوەندەکی ئیلهام بەخشینە. تۆ دەزانی میوزەکان؟ میوزی موسیک و سەما. ئەو بەدریژایی ژیانی بەدوای میوزدا گەڕاوە. میوز دەبێت بە ئیلهام بەخشی ئەو. ئەوەی کە ئاسایی نەبوو ئەوەبوومن ئەو کات تەمنم ٢٤ سا بوو، باوەڕم نەبوو بەوەی کە خوەندەوارەکی باشم، هەندەک سەرنجی سەرپیانەم لەسەر ڕووداوەکانی جیهان هەبوو، " ئەو دەیگوت چیت وت؟ دوبارەی دەکەیتەوە؟ ئەوە زەر گرنگە" منیش دوبارەم دەکردەوە و پێی دەوتم زەر چاکە وەرە، دەچووینە لای ئامۆری تایپکردن و، چەندەها لاپەڕەمان لە خەیاڵ و فەنتازیاکانی ڕەش دەکردەوە. داوا لە کچە گەنجەکان ناکەم کە هەتا هەتایە پەیوەست بن بە کەسانێک کە تێبینی سەرپێی بە ئاگایی هەبێت بەڵکو ببن بە ئیلهام بەخشیکی گەورە.
ڤیکتۆریالەم: وا دەکات زەر هەست بە گرنگی خۆت بکەیت.
زەرکا مەرینە: من هەرگیز کەسێکم نەبووە بەو شیوەیە گوەم لە بگرێت، کە هەست بکەم کەسێکی گرنگم. من چوارهەمین کەسی خەزانەکەمان بووم، دایکم هەمیشە مژوڵی ئەوە بوو بیرلەوە بکەینەوە کە ئەمە کەسێکی گرنگین.
ڤیکتۆر یالەم: ئایا یەکسەر سەرنجی ڕاکێشایت؟
زەرکا مەرینە: بە ڕەهایی، بەتایبەتی عەقڵی، بە ئەو کەسانەی کە لەدەورو پشتی بوون کەسێکی زەر سەرنج ڕاکێش بوو، زەریش خۆش مەشرەبیش بوو. هەڵبەت لایەنی نەرێنیشی هەبوو، ئایا هەموومان لایەنی خراپمان نییە؟ بەڵام لایەنە نەرێنیەکان ووردە ووردە پیی ئاشنا دەبین وا نییە؟

(لاپەڕەی تاریکی دکتۆر مەرینە)

ڤیکتۆر یالەم: هەندە لەو شتە شتایەتی و خەبەزلزانییەی چین کە کردوویەتی، وک خۆت دەڵێیت لایەنی تاریکی ئەون ؟
زەرکا مەرینە: لایەنی تاریکی. پەم وابوو وزەیەکی زەری بەفیڕە داوە لە بەرەنگاربوونەوە، بە نموونە دژی فرێدیەکان ، بەڵام بەشێکی پاڵنەر بوو، لەوکاتەدا هەمووان فرێدی بوون، بەجۆرێک هەرکەس دژی فرێد بووبێت، دوژمن بووە یان بەزراو. بەڵام لەگەڵ ئەوشدا بیرکەکانیان لە دەدزی بەناوی خەیانەوە بەاویان دەکردەوە بە بە ئەوەی ئەو شەرەفە بەو بەدەن کە ئەو خاوەنێتی و سەرچاوەکە دەستنیشان بکەن کە ئەو بوو، وە تا ئەمڕۆش هەروا ڕووەدات. ئەوەش ئازاری دەداو و تووڕەی کرد. دەکرا ئەو وزەو کاتانە بە شتی باشتر بەکاربهێنرێت. بەڵام ئەویش بەو شێوەیە بوو. هەندەک لە نیگەرانییەکانی ڕەوا بوو، بەڵام هەندەک شتی لە مەشکی خۆیدا گەورە

دەکرد، چونکە پشتگیرییەکی زۆر کەمی هەبوو. دەیتوانی تووڕەیی خۆی لەدەست بدات کاتێک هەستی دەکرد بۆاستی کەس گوێی لێناگرێت. گوڵم لە چەند وانەیەکی گرت و تێبینیم کرد لەسەرو تێگەیشتنی خۆکەوە قسە دەکات.
من کاتێک بە یەکەمجار بینیم کە لێگەڕێ نەخۆشە دەروونییەکان کاردەکات، تێگەیشتم لەو کاتەدا کەس چالاکانە وەکو ئەو لێگەڕێ نەخۆشە دەروونییەکان کاری نەدەکرد. من باسی سەرەتای ساڵانی چلەکان دەکەم. وە بیرمە لە دڵی خۆمدا بیرم لەوە دەکردەوە "هەرگیز ناتوانم ببمە دەرهێنەر. هەرگیز ئەوەندە نازانم، هەرگیز ئەوەندە زیرەک نابم.

ڤیکتەر یالەم: دەرهێنەرێکی سایکۆدراما؟
زیرکا مەرینە: بۆچی، هەرگیز من پێم وا نەبوو بتوانم ببمە دەرهێنەری سایکۆدراما، بۆنام دەتوانم ببم بە ئەکتەری چارەسەری و وەرگێڕی جاکۆب. پەیامەکانی پەویستی بە لێکدانەوە هەبوو بۆ ئەوەی خۆیک تێبگەن. بیرم لەوە دەکردەوە ئەو پەیامەکی گرنگی هەیە بۆنام ناگاتە خۆیک. ئەوەی من نووسیومە خۆیک زیاتر بە قەناعەت پێکەری دەزانن. شێوازی نووسینەکانی، چۆن، تووندو تۆڵ و سەخت بوو، زۆر بارگاویکراوە، زۆر جۆرمانیی بوو هەموو ئستێیکی بارگاوییە بە بیرکەر.
ڤیکتەر یالەم: کەواتە تۆ بیرکەکانی ئەوت وەردەگێڕا بە فۆرمێک کە خۆیک باشتر لێی تێبگەن.
زۆرکا مەرینە: بۆچی وە تا زیاتر فێر دەبووم و دەچووم ناو کارەکەوە، خوێندنەوەی کتێبەکانی ئەو ئاسانتردەبوو.

ڤیکتەر یالەم: زیاتر خۆشت بە کاری دەرهێنانەوە خەریک دەکرد
زۆرکا مەرینە: زیاتر بەشداریم کرد و تا ساڵی ١٩٤٩ هاوسەرگیریمان کرد.
ڤیکتەر یالەم: هەموو ئەو کاتە هەر خۆشت دەویست؟
زۆرکا مەرینە: دەزانیت زۆر جار بیرم لەوە کردەتەوە، من نێک هەر خۆشم دەویست، بۆچی عاشقی بووم، جایاوازی هەیە، دەمپەرست، هەستی خۆشەویستی عیشق دوو شتی جیاوازن، . ئۆژێک پێی وتم: "پەیوەندیکەمان تا ئادیەکی زۆر لەسەر ئیمان بنیات نراوە: باوەڕ بە یەکتر." وە پەموایە ئەوە ڕاست بوو.
بڕیە دەستم کرد بە فێربوونی شێوازەکە. حەوت ساڵ شاگردی بووم. وە ئەوەش ئەوەیە کە لە ئۆژانی کێندا هەبووە کاتێک دەچوویتە لای وەستایەک، وەک هونەرمەندێک. حەوت ساڵ خوێندن بوو.

ڤیکتەر یالەم: بەڕاستی؟ ئەو حەوتە لە چیرۆکە هاتووە؟
زەرکا مارینە: نازانم. بەڵام تۆ دەچووییت و لانیکەم حەوت ساڵ شاگردیت دەکرد پێش ئەوەی ببیتە هونەرمەندێکی ڕاستەقینە.
ڤیکتەر یالەم: ئەوە تا ڕادەیەک پەیوەندی بەو شتەوە هەیە کە زەر کەس بە بەدەستهێنانی دکتۆرا پیویستی بەو کاتە دەبێت.
زەرکا مارینە: ئەوە ڕاستە.
ڤیکتەر یالەم: دوای ئەوەی ئەوێت دەستکەوت، لانیکەم ئەوا دەست دەکەیت بە فڕبوونی کەمێک دەربارەی چارەسەرکردن.
زەرکا مارینە: بەڵێ، لەگەڵ ڕەچاوکردنی کارەکەدا دەخۆشتر دەبووم، . ئەوەی لە سایکەدرامادا سەرنجی ڕاکێشام، تێکەڵکردنی زانست و هونەر بوو. ئەوە بوو لەو بارەوە من زەرم حەز لە دەکرد.
ڤیکتەر یالەم: هونەرەکەی ئاشکرایە ، ئەی زانست لە کوێدایە؟.
زەرکا مارینە: ئە، زەر شتی تەکنیکی هەیە بە فڕبوون، بەگومان میتەد، تیەری و بیرکەکان.
ڤیکتەر یالەم: وە ئێستا لە خوێندکارەکەوە بووییتە دەرهێنەر.
زەرکا مارینە: فڕبووون بەو شێوەیە سەزداریانە وپەیڕەوکردنی ڕێگایەکی ئاوا تایبەت، ژیانی منی کردووە بە گشتکی نایاب.
ڤیکتەر یالەم: سوپاس بە ئەوەی ڕێگەت دا بە من و بە هەموو ئەوانەی ئەم دەخوێننەوە، خولیا و وزەی تە بە ژیان و کارەکەت بەاو بەتەوە.
زەرکا مارینە: سوپاس منیش چێژم لی وەرگرت.

تراژیدیای ئیلاهی "خواناس".. ئاسۆ کەمال

کوشتنی "خواناس" گەنجکی کرکاری شانکاری ئازادیخواز بە دەستی "هەرش کەریم" گەنجکی موچخۆری چەکداری تونڊو جارکی تر کەمڕەگەی کوردستان دەخاتە بەردەم پرسیارکی سەرکی کە ئایا ئەم کەمڕەگەیە گیردەی چ دەخکی مەرگبار و کارساتاویە؟! ئەمە تراژیدیایکی ئایینی سەرمایەیە کە کوردستان تیایدا دەژی و "خواناس" و "هەرش" ئکتەرە قوربانیە ڕاستەقینەکانی بوون.
ئەو گەنجە بکوژە ئەندامی حزبکی ئیسلامی نیە، کە لە ڕێگەی

تیرڕۆ وەک سانی نوێدەکانی سەدەی ڕابردوو ئەم کارەی بە حزبەکەی کردبێ تا بگەنە دەسەڵات. ئەو ئەندامی هەڵبژێری چەکداری یەکێتی نیشتمانی کوردستانە. لەوانەشە لەو خوتبانەدا بەشداری کردبێ کە عەبدول لەتیفی سەلافی لەسەر بانگەشتی پاڤڵ تاڵەبانی بە هەڵبژێرکانی یەکێتی دەوترێ و فەری ئایدیۆلۆژی گوڵایەنی دینی بێ "سەرەک" دەکردن.
کەمەڵگەی کوردستان لەسایەی سیستمی حوکمڕانی یەکێتی و پارتیەوە پڕ لەم بانگخواز و گروپی ئیسلامی جۆراوجۆری موچەخۆری ئەم دەسەڵات، کە کەلتور و یاسا و ژیانی کەمەڵایەتی قانگ داوە. کارساتی وەک کوشتنی خواناس دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە کەسانی ئازادیخواز و گەنجانێکی ئەم کەمەڵگەیە، کە ڕەخنەگری ئەم دواکەوتوییەن، لەسەر بیروڕای جیاواز و ڕەزنەگرتن لەو کەلتور و شەریعەتە دینیە گیانیان پارێزراو نیە و دەکوژرێن.
دەبێ ئەم کوشتنە پرسیار لەسەر سیستمی دەسەڵاتدارێتی لە کوردستان دروست بکا کە بۆچی و لە پەناو چیدا گەنجی تووندڕەوی ئیسلامی بەرهەم دەهێنێ و کەمەڵگەی کوردستانی بە دوکەڵی دین خنکاندوە.!
ئەم چەکدارەی یەکێتی، بکوژەکەی "خواناس"، موچەکەی بە هەزار حاڵ لە هەزی ٧٠ وەرگرێ. پاڤڵ تاڵەبانی لە جێگای خراکی گیانی لەیەگەی کەسانی وەک عەبدول لەتیفەوە مشتک ئامۆژگاری سەلافی پێ بەخشیون کە ئەگەر گەنجی کرێکار و هەژاری وەک خەیان بکوژن و سەرکوت بکەن، ئەوا ئەو دنیای بەهەشتیان بە مسۆگەردەکا و لە دنیای دەزەخی ئەمەشی ڕزگاریان دەکا. ئەمە بەرهەمهێنانی کەسایەتی و ژیانی ئینسانی کرێکار و هەژارێ بە کەمترین تێچون، تاکو بنەماڵە دەسەڵاتدارێ سەرمایەدارەکانی تاڵەبانی و بارزانی و دەستوپێوەندەکانیان بتوانن لە داهاتی نەوتی کوردستان زەرتترین کەڵکەکی سەرمایە بکەن.
پرسەی کەڵکەبونی خەڵای سەرمایەی داهاتی نەوت، کە لەلای یەکێتی و پارتی ٩٥٪ داهاتی کوردستان پێک دەهێنێ ، پێویستی بە دەخێکی سیاسی تووندوتیژ و هەڵومەرجێکی کۆیلایەتی کەمەلایەتی هەیە، کە خێکی کرێکار وزەحمەتکێش بە کەمترین موچە و خزمەتگوزاری ڕازی بن ئاستی چاوەڕوانینان لە ژیان مەسرەفکردن و خۆشگوزەرانی نەبێ و مل کەچ بن. ئەمە سیاسەتی گونجاوە بە کەڵکەکەی سەرمایە لە زەربەی دووەمی نەوتیەکانی خەلیجدا. هەرچەن سعودیە لە چەند دەیەیەکدا لەیگا بڕوودان بە وەها بیزمەوە کەڵکەیەکی سەرمایەی گەورەی دابینکرد. وە ئەستا کە پێویستی بە بردنە سەری توانایی مەسرەفکردنی ناوخۆ هەیە ئەم سیاسەتی پەردان بەم وەها بیزمەی کەم کردەتەوە و کەلتوری کرانەوەی بازاڕ و تەرفیهی کەمەڵایەتی گرتەبەر. لە کوردستانیش

لە ئستادا یەکێتی و پارتی دژانن کە توندوتیژی دینی خزمەت بەم توندوتیژیە سیاسی و میلیشیایی دکات تاکو بتوانن بە خرایی و بە ناڕەزایەتی جماوەری کەمکەی سەرمایە بکەن، هەربۆیە بەشێک لە بودجەی خۆیان خستۆتە خزمەت پشتیوانی ئەم گروپە جراوجۆرە سەلەفی و تاریقەتی دینی و دیوەخانکانیانەوە تاکو جماوەری ناڕازی بە دەسەڵات دەستەمۆ و نامۆ بکەن. ئەمە پیشەسازی دروستکردنی هاوڵاتی ترساو و ملکەچ و ڕازی یە، کە بەهۆی ناسنامەی دین و بنەماڵە و حزبەوە ناسنامەی چینایەتی خۆی و هاوچینەکانی نزانێ و شوێنی هاوچینەکانی بکا، لە جیاتی یەکگرتنی لەگەڵ هاوچینەکانیدا دژی دەخکی سەختی ژیان و گوزەرانی کە دەسەڵاتدارانی سەرمایەدار لە کوردستان بەسەر خەڵکدا سەپاندویانە.
دروستکردنی پشتێنەی ئاسایشی ئەم دەسەڵاتە هەڵە چەکدارە پیشەیی حزبیەکان و عەشیرەتە چەکدارەکان و گروپە دینیەکانە بە دابینکردنی ملکەچی و لایەنگری بە دوو بنەماڵەی تاڵەبانی و بارزانی دەسەڵاتدارە. لە کاتێکدا ئەم دو حزبە ناسیونالیستیە فشەلیان هێناوە لە دروستکردنی وڵاتێک و ملکەچیەکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە ئیدارەکەیان، جارەها ناسنامەی تری عەشیرەتی و خێڵەکی و دینی و ئیسلامیان زیندوکردۆتەوە لە پێناو دروستکردنی ئەم وڵاتە و لەیالیتیدا. دژگای دینی و گروپەکانیان لەم سیستمەدا دەتوانە ناسنامەی دینی بە دانیشتوانی کوردستان دروست بکەن و ئەو ئایدیۆلۆژیە دینیە پڕە پۆ بدەن کە دەسەڵات بە ترساندن و ملکەچی پێکردنی هاوڵاتیان پێویستی پێیەتی. بودجە و داهاتی نەوت بەشێکی لەم دژگا و گروپە دینیانەدا سەرف دەکرێ تاکو بتوانن پشتیوانیەکی کەمایەتی و ئاسایشی دەسەڵات دابین بکەن. یەکێتی لە پشبەکەی فراوانکردنی بازنەی ئەم کۆنەپەرستیە کەمایەتی و سیاسیدایە لەگەڵ پارتی و بەم پێیە ئیمتیازات بۆ گروپە دینیانە دەدات کە ئەم وڵاتەی لە نێو خێڵکی دینیدا بە پێیەدادەکەن. هەربۆیە ئەم توندوتیژیە دینیە بەشێک لە بەرنامە و سیاسەتی یەکێتی و پارتی یە بە لە قاڵبدانی ژیانی کەمایەتی و زۆینی ئینسانی کریکار و هەژاری کوردستان کە بە پاراستنی دەسەڵاتیان پیادەی دەکەن.
ئەم سیاسەتە سەدام حسین و حزبی بەعس لە ساڵانی ٨٠ کانی سەدەی بیست و لە کاتی شەڕی عێراق و ئێراندا وەک سیاسەتی حەملەی ئیمانی بە پشبەکە لەگەڵ نفوزی شیعەگرایی کەماری ئیسلامی ئێران و لە پێناو پێیداکردنەوەی پگەی کەمایەتی لەلای هاوڵاتی عێراقی دەستی پێکرد. لەم بڕەو دانە بە گروپ و تاریقەتە دینیەکان و دروستکردنەوەی عەشیرەتە چەکدارەکان و فۆجەکانی خەفیفە و بچەندین شەوازی تر کەمەگەی مەدەنی عێراقیان پێ هەوەشاندەوە.

کارساتی دروستبونی گروپە تیرۆریستیەکان و شیعی و سونە و خنکاندنی دەخی کۆمەڵایەتی لە لایەن شەریعەت و کەلتوری ئیسلامیەوە لە ڕوخانی سەدامەوە تا ئێستا بەردەوامی ئەو پرسەی هەوشاندنەوەی بنەماکانی کۆمەڵگە و هاوڵاتی بوون و ژیانی کۆمەڵایەتیە. یەکێتی و پارتی وەک دوو بنەماڵەی دەسەڵاتدار سیستمی دەسەڵاتداریتی بنەماڵەیی و عەشیرەتیان، کە هیچ کام لە بنەماکانی دەوڵەت و کۆمەڵگەی سەرمایەداری سەردەمیشی تێدا نەبوو، بونە میراتگری شەرعی و درێژەپێدەری هەمان سیاسەتی بەعس بە بەئاییەنی کردنەوەی کۆمەڵگە و زەمینەسازکردن بۆ گەشەی ئیسلامی سیاسی و دابەشکردنی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکیش لە ڕیگەی دروستکردنەوەی عەشیرەت و دیوەخان و گروپە سەلەفی و هتد..
لە سایەی ئەم سیستمە ئابوری و سیاسیەی مۆنۆپۆلی بنەماڵەیی و دیکتاتۆری میلیشیایەوە بە سەپاندنی ئەم هەلومەرجی بێکاری و بە موچەیی و هەژاریەش بەسەر جەماوەری کرێکار و زەحمەتکیشی کوردستان پۆیست بە دەخێکی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و فەرهەنگیە، کە ڕێگە لە ناسەزایەتی بە ڕووی دەسەڵاتداراندا بگرێ و ملکەچی و بە ئومیدی ئەم خەڵکە چەوساوەیە زیاتر بکا. دین دەتوانێ لەم پشتویە کۆمەڵایەتیەدا دەوری هەشبەرێک بگێڕێ کە خەڵکی کرێکار و هەژار بە بەرگەگرتنی ئەم دەخە پۆیستیەتی .
ئەم پرسەی هەوشاندنەوەی کۆمەڵگەیە هیچ زیانێکی بە پرسەی کەڵەکەی سەرمایە لە کاتی بەعس و لە ٣٠ ساڵی ڕابردووی یەکێتی و پارتیشدا نەگەیاندوە، بەڵکو ئەمە خێی بەشکە لە پێداویستیەکانی ئەم پرسەیەی کەڵەکەی خەرای سەرمایەیە لە دەستی کۆمایەتیەکی بنەماڵەیدا و بەبەشکردنی زەربەی دانیشتوانێ لە داهات و تانانەت کار و بژێویش. مەدلەی دەوڵەتی ترانس ناشنالی عەراق و کوردستاندا خێی بەشەوەی کۆنترۆڵی سەرمایەی نەوتی و بازرگانی لەلایەن ئەم ئیدارە و دەسەڵاتە بچوکە چەکدارانەوە دامەزراوە . هەربۆیە سەرۆکای هەر ئیدعایەکی ئەمریکا و ڕۆژئاواش بەرمابەر بە پیشێلکردنی مافی مرۆڤ لە عەراقدا هەیانە ڕاستیەکەی ئەوەیە ئەم نەخشە داڕێژرانەی ئەم مەدلەلە نوێیەی دەوڵەتی عەراق هیچ کێشەیکیان لەگەڵ پرسەی هەوشانەوەی بنەماکانی ژیانی ئینسان و مافەکانی هاوڵاتیاندا نیە. ئێران و تورکیاش لەم گەمە لەدا باشترین ڕاوە ماسیان کردوە و دەیکەن.
ئێستا کۆمەڵگەی کوردستان لەبەردەم ئەم ڕاستیەدایە کە دەسەڵاتداران بەرەو لەواری کارەسات و مەترسی گەورەتر پاڵیان پێوەناوە کەوک باقی بەشەکانی تری عەراق کوشتنی گەنجانی ئازادیخواز کە دژ بە دابونەریتی دواکەوتوانەن و خوازیاری ئازادی

ادربین و هونەر و ستایل و مەدەلی ژیانی مەدەرنن بوتە دیاردە. لەسایەی ئەم سیستەمە دەسەلاتدارێتیەی هەزە جەراوجەرەکانی بورژوازی عیراق و کوردستاندا ئەم پرسیەی هەوەشانەوەی بنەماکانی ژیانەکی کەمایەتی و ئارامی ئینسانی درژەی هەیە.
ئەم کوشتنەی خواناس پەویستە وەبەوی ناسزایەتی جەماوەری ببیتەوە دژ بەو گروپ و بانگخوازانەی کە دەسەلات لە ێیگەی دەزگا و گروپە دینیەکانەوە هەموو دەنگەکی ئازادی وەک خواناسی لە کەمەگەی کوردستاندا پە خنکاندوە.
بەهام ئەم ناسزایەتیانە ناتوانن بەتەنیا بە سپاردنی بکوژەکە بە دەستی یاسا سەرکەوتن بەدەست بهێنن، چونکە ئەم دەخەی دەسەلات و هاوپەیمانی نەوان تەندوتیژی میلیشیایی و دینی دروستی کردوە چەندین قوربانی تری لەدەکەوێتەوە.
هەربەیە بە هەویستگرتن بەرامبەر بە کارەساتی کوشتنی "خواناس" ئەمە لەلایەن خەلکی کرێکار و هەژاری کوردستان هیچ ڕێگایەکی چارەسەرکی بنەڕەتی تر لەبەردەمدا نیە جگە لە ڕەتکردنەوەی سەرچاوەی ئەم کارەساتانە و لابردنی ئەو ناکۆکیانەی بە ناوی دین و عەشیرەت و حزبەوە کە دەسەلاتداران لە ناو ئەم خەلکەدا دروستیان کردوە.
خەلکی کرێکار و ئازادیخوازی کوردستان بە پاراستنی ژیان و مافەکانی پەویستی بە دروستکردنی ێیکخراوی جەراوجەرە بە بەرگری کردن لە خەیان لەبەرامبەر ئەم دەسەلاتە ملیشیا ێیکخراوە و دامودەزگا دینی و فەرهەنگیەکاندا، کە تەندوتیژی سیاسی و دینیان لە کوردستاندا سەپاندوە. لەم خەباتەدا پەویستە ئەو سنوارنەی ئەم دەسەلاتە ێیزەکانی خەلکی کرێکار و زەحمەتکەشی پە جیاکردنەوە بەناوی کافر و ئیلحاد، عەشرەت و بنەماڵە، یەکەتی و پارتی و ئیسلامی، ئەمانە هەمووی وەک بەربەستەک ببینین کە دەبە لایبەرین، تاکو بتوانین هەزی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکەشی کوردستان لە پێناو مافی ژیان و ئازادی و دابینکردنی ژیانی ئینسانی یەکگرتووبن دژ بە دەسەلاتداران وسیستەمە چەوسێنەرەکەیان.

ح□س□ن زیر□ک و دانپ□دانان..
م□ولود ئیبراهیم ح□س□ن

پ□ش□کی ...

هون□رم□ند ح□س□ن زیر□ک .. چ و□ک هون□رم□ند□کی گ□رانیب□ژ و چ و□ک شاعیر□کی خاون ش□عرو شیعری گ□رانی ؛ چ و□ک ک□سای□تی□کی ن□و ک□م□گ□و چ و□ک مر□ڤ□کی کورد .. ز□ر □ووی ه□ی□ ب□ ل□ک□□ین□و□و ب□ دوا داچوون !

ل□ □ووی هون□ری□و□ و□ک ئاواز دان□رو ز□ری ئاواز ، و□ک د□نگ و د□نگ□کی تایب□ت و ک□نس□رتی و ئاواز □□نگ تاوسیی ، و□ک گوتن .. گوتنی ز□رو پ□ هون□رو پ□ د□نگی جیا جیا و ز□ر گوتن و ب□رد□وام گوتن ! من خ□م ل□ هون□رم□ندی کورد مام□ستا باکووریم بیستوو□ ، گوتووی□تی □ وا □□کک□وت من ح□س□ن زیر□ک ل□ ب□غداو□ ب□ ک□رکوک پ□ک□و□ ب□ قیتار هاتین□و□ ، من عودم پ□ بوو زیر□ک گ□رانی د□گوت و منیش عودم ب□ ل□د□دا ، ل□ ب□ غداو□ تا ک□رکوک ب□رد□وام زیر□ک گ□رانی گوت و منیش عودم ل□دا ، تا گ□یشتین□ ک□رکوک ب□رد□وام بووین ، خ□□ک و□ک ک□ور□ ه□نگ د□وریان دابووین)(□). □□ □□□ □□□□□□□ □□□□□□□ □□□□□□□□□ □□□□□□□ □□□□□□□ □ □□□□□ □□□ □ □□□□□□□ □□□□□□□ □□□□□□□□ □ □□□□□□□□□□ □□ □□□ □□□□□ □□□□□□□□□ : (□□ □□ □□□ □□□□□□□ □□□□□□□ □ □□□□□□□□□ □□□□□□ □□□□□□□ □□□□□□ □□ □□□□□ □□□□□□□ □□□□□□□□ □□□□□ □□□□□□□□□ □□ □□□□□□□□□□ □ □□□□ □□ □□□□□ □□□□□□□□(□□) □□□□□ □□□□□□ □□□□□□ !!)(٢)

ه□رو□ها (دکت□ر مح□م□د سدیق موفتی زاد□) ل□ پ□ش□کی کتبی (چریک□ی کوردستان) ل□ باسی زیر□ک د□نووس□ □ کاک زیر□ک ، ب□ ب□ ک□سب و ک□شش ، چ□ند هون□ر□ ت□دا ک□بوو□ت□و□ ، ک□ ک□متر ل□ ک□سانی خو□ن□واریش دا ، ئ□و هون□ران□ ک□ بوون□ت□و□ ، هون□ری ب□ست□ دان□ری ، د□نگ خ□شی ، قس□زانی ، کاک زیر□ک ه□رو□ها ک□ هون□رم□ند□کی پای□ ب□رزی کورد□ ، ز□ر قس□ خ□ش و خو□ن گ□رم ود□س و د□ باز□ و ل□ د□ستای□تی دا ، □است و دروست□ و گ□ل□ نیشتمان ویست و □□گ□ز پ□رو□ر□ ،) (ل١-٢)

ل□ بار□ی شاعیری□تی زیر□ک نا ب□ (چریک□ی کوردستان) ب□ ک□م س□یر بک□ین ، چ□ن ل□ و□دا زیر□ک ژیانی خ□ی ل□ س□ر□تاو□ تا سا□ی ١٩٥٨ و گ□□ان□و□ی ب□ ئیران ب□ شیعر نووسیوت□و□ ، ب□ شیعری □□وان و پ□ هون□رو پ□ ل□ جوانی□کانی شیعر ؛ جگ□ ل□ شیعری گ□رانی□کانی ، ک□

زۆر بەی هەرە زۆری شیعری خەیاتی و شیعرە فۆلکۆریەکانیشی یەکخستووەو جوانتی کردوون ، ئەوش زانراوەکە زیرەک دەستەو نەست و یەکسەر شعرو ئاوازی بە دەهات و جوانیشی بە دەهات ، هەموو ئەو گۆرانیانەی لە پە گوتوویەتی و تۆمار کراون ..گۆرانی سۆرکەوتوو و نەمرن !

زیرەک وەک کەسایەتیەک .. زۆر بە توانا لە چەند ڕووەکەوە پەویستە لەکۆڵینەوەی لە سەر بکرێ ، کەسایەتی هونەری ، کەسایەتی ئەدەبی ، کەسایەتی کۆمەڵایەتی ، کەسایەتی نەتەوەیی ، کەسایەتی چینایەتی ، کەسایەتی سیاسی و کەسایەتی ژندەستی و عاشقی و زۆر سفەتی وەک دەسبەاوی و ئازایەتی و بە وەفایی و خەش مەجلیسی و ....تا دوایی !

دانپەدانان ..

دانپەدانان .. دوو جۆری هەیە ، یەکیان ئەوەیە کەسەک بە زۆر دانپەدانانی پەبکرێ ! دووەمان ئەوەیە کە ئەو کەسە بە خواستی خۆی دانپەدانان بکات ، ئەمە لێرە مەبەستمان لە دانپەدانانی زیرەکە بە خواستی خۆی ، لەوانەی کە کردوویەتی و بەسەری هاتووەو پەیکراوە !

دانپەدانان لە ڕووی دەروونناسیەوە ، واتای ئەوە دەدات کە ئەوکەسە کارەکی کردووە یان پەیان کردووە ، ئەستا خۆی ئەم کارانەی بەدەنیەو وەک بارەکی گران لە نەو دەدا بووە بگرێ و دەیەوێ خۆی لەم بارو گرێیە ڕزگار بکات .

لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە ، کەسی دانپەداناو لە لەمەی خەڵک و تیرو توانجی کۆمەڵگە ناترسە و باسی بەسەرهاتەکانی خۆی دەکات و شەرم ناکات !

دانپەدان چیە ؟ گۆرانەوەی کارەکە کە کۆمەڵگە بە عەیب و شەرمی دەزانە و کەسەک لە ڕابردوو دا کردوویەتی یان پەی کراوەو هەموو کەس دەیانەوێ ئەم جۆرە کارانە بشارنەوەو نایانەوێ خەڵک بیانزانە ! بەڵام ؛ دانپەنەر خۆی دەیانگەیتەوەو چ لە بەردەم کۆمەڵگە چ لە بیرەوەریەکانی دا ! وەک ئەوەی(جان جاک ڕۆسۆ) بە یەکەم جار کردوویەتی ! کەچی جان جاک ڕۆسۆ چوار ساڵ پاش مەرگی خۆی ساڵی(١٧٨٢)کتێبە کەی دانپەدانانی بەاو کرایەوە ، کەچی زیرەک لە ساڵە ١٩٦٦ بەاوی کردەوە و هەشتا لە ژیاندا بوو، بە هەی ئەو کیتابەش (ساواک) فەرمانی گرتنی بە دەرکردوو ناچار هەڵات و هاتە کوردستانی ئەو دەمەی سەر بە عەراق ، واتە لەسەر ئەو کتێبەی کە بەشکی دانپەدانانکانی بەاو کراوەتەوە ، ناچار بوو ماڵ و ئیران بجێ بهێڵێ !

دانپەدانان .. سفەتێکە زۆر کەم مرۆڤکان دەتوانن دان بەوە دابنێن کە دژی ڕەوشتی کۆمەڵایەتی دژی یاسا و دژی ئایین و دژی نەتەوە کردوویانە و وەک نەنگیەک حسێب دەکرێ و کۆمەڵگە بە سووک سێیری ئەو

